کۆماری  تورکیا زانکـۆی ماردین ئورتوکلو
ئەنستیتوت  زمانی زیندوو لە تورکیا
بەشی زمان و چاندی کوردی

# ئەدەبیاتی ئەنفال لە گۆڤارە کوردیەکانی ناوچەی گەرمیاندا  ١٩٩٢- ٢٠١٢

ئەو نامەیە  پێشکەش بە  زانکۆی ماردین ئورتوکلو - ئەنستیتوت زمانی زیندوو لە تورکیا- بەشی زمان و ئەدەبی کوردی بەشێکە لە  پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی  پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا

لە لایەن قوتابی
سەیوان عومەر ئەحمد
بەکالۆریۆس – زانکۆی سلێمانی- سلێمانی- هەرێمی کوردستانی عێراق  ٢٠١٣

بە سەرپەرشتی
پ .د. رەفیق سلێمان

ماردین، ٢٠١٦

## ڕاپۆرتی لیژنەی گفتوگۆکردن:

ئێمە ئەندامانی لیژنەی تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە، کە بە ناونیشانی( **ئەدەبیاتی ئەنفال لە گۆڤارە کوردیەکانی ناوچەی گەرمیان دا** ) یە ، قوتابی ( **سەیوان عومەر ئەحمەد** )مان تاقیکردەوەو گفتوگۆمان لەگەڵیدا کرد لە بارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری نامەکە بڕیارماندا ، کە شایانی ئەوەیە بە پلەی (                    ) بڕوانامەی ماجستێری لە ئەدەبی کوردی (                    ) دا بدرێتێ.

ئیمزا:
ناو: Yrd. Doç. Dr. Mustafa Öztürk
سەرۆك
بەروار: ٣٠ / ٣ / ٢٠١٦

ئیمزا:
ناو: Ramazan Pertev
ئەندام:
بەروار: ٣٠ / ٣ / ٢٠١٦

ئیمزا:
ناو : Doç . Dr. Refik Sulaiman
سەرپەرشت و ئەندام:
بەروار: ٣٠ / ٣ / ٢٠١٦

ئەم نامەیە لە زانکۆی ماردین ئەرتکلو، لای بەڕێوەبەری ئەنستیتوت زمانی زیندوو لە تورکیا پەسەندکرا.

ئیمزا:
ناو : Yrd.Doç. Dr. Mustafa Öztürk
سەرۆکی ئەنستیتوت زمانی زیندوو لە تورکیا
بەروار: ٣٠ / ٣ / ٢٠١٦

# پێشکەش نامە

⋆ پێشکەشە بە : دایکم .

⋆ پێشکەشە بە: ڕۆحی پاك و پەپولەیی ١٨٢ هەزار ئەنفالكراو.

## سوپاس نامە

* سوپاسی بێپایانی خوای گەورە دەکەم کە هێزو تواناى پێبەخشیم ئەم لێکۆڵینەوە تەواو بکەم.

* زۆر سوپاسی مامۆستاو سەرپەرشتکاری بەڕێزم (پ.د. رەفیق سلێمان) دەکەم، کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ئەم لێکۆڵینەوەی گرتە ئەستۆی خۆی، هاوکاری کردم لە تەواوکردنی لێکۆڵینەوەکە.

* زۆر سوپاسی (د. ئومێد شێخ ڕەحیم ) دەکەم ، کە وەك سەرپەرشتیاری دووەم لە کوردستان ، بە تێبینی و ڕێنماییەکانی ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە تەواو کردنی نامەکەم.

* سوپاسی د، ئارامی حەمەی مینا دەکەم ، کە بە تێبینیەکانی هاوکاری کردم.

* سوپاسی نوسەرو ڕۆژنامەنووس ( تەها سلێمان ) دەکەم کە بەسەرچاوەو تێبینی هاوکاری کردم.

* سوپاسی بەڕێزان ( د. ئومێد بەرزان برزۆ ، ساڵەح هەلاج ) دەکەم ، کە لە پێدانی سەرچاوە هاوکاریان کردم.

* سوپاسی کتێبخانەی گشتی کەلار و بەرێز ( مامۆستا حەکیم ) بەڕێوەبەری کتێبخانە گشتیەکانی گەرمیان دەکەم ، بە داین کردنی سەرچاوە.

* زۆر سوپاسی مامۆستایان و بەڕێزان ( محمد عومەر"زاری" ، سۆلاڤ عبدالسلام ، وەفا عبدالواحد ، شنە محمد ) دەکەم کە بە تایپ کردن ، هاوکاریان کردم و دەستیان هەبوو لە تەواو کردنی لێکۆڵینەوە کەم.

* سوپاسی مامۆستا ( ڕزگار حاجی حەمید ) دەکەم کە بە پێدانی بەشێك لە نەخشەکان هاوکاری کردم .

* زۆر سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە دەستیان هەبوو لە هاوکاریکردنم بۆ تەواو کردنی ماوەی خوێندن و ماستەرنامەکەم.

* زۆر سوپاسی بێ پایانم بۆ سەرجەم مامۆستایانی زانکۆی ماردین ئەرتکلو، بەتایبەت مامۆستایانی بەشی زمانی کوردی.

# پوختەی توێژینەوەکە


ئـەم توێژینەوەیـە بەناونیشـانی ( ئـەدەبیاتی ئـەنفال لـە گۆڤـارە کوردیـەکانی ناوچـەی گـەرمیان )ە، کـە توێژینـەوەیـەکی شـیکاری وەسـفیەو لـە پێشـەکی و چـوار بـەش و ئـەنجام پێـك دێـت کـە (٩) گۆڤـارو (٥٧)ژمـارەی گۆڤارەکـان لـە بیسـت سـاڵی ڕابـردوودا واتـە لـە نێـوان ( ١٩٩٢- ٢٠١٢) کراوەتـە نموونـە بـۆ توێژینەوەکـە ، لـە بەشـی یەکـەم دا باسـی ئـەدەب و مێـژوی ڕژنامەنوسـی ناوچـەی گـەرمیان و ڕەوشـی ڕۆژنامەنوس و پیشـەی ڕۆژنامەنوسـی دوای ڕاپـەڕین کـراوە، دیسان هـەر لەبەشـی یەکەمـدا وەك زەمینـەی توێژینەوەکـە باسـی ناوچـەی گـەرمیان و هەڵکەوتـەو مێـژوی ناوچـەکانی دەڤەرەکـە کـراوەو بەشـێك لـە ئاسـەوارەکان و لایەنـە پرشـنگدارەکانی خراوەتـە ڕوو ، لـە هـەمان بەشـدا دا باسـی ئـەنفال و کۆمـەڵکوژی بەگشـتی کـراوەو دواتـر ئـەنفالی کـوردو چـۆنێتی ئـەنفالکردن و قۆنـاغ و بـەرواری کـاتی کۆمەڵکوژیەکـەو ئاسەوارە کۆمەلایەتی و ئابوریـەکانی دوای تاوانەکە کـراوە ، لەگـەڵ باسکردنی ڕەگ و ڕیشـەکانی وشـەی ( ئـــەنفال ) چـــۆنێتی شـــەرعیەت پێـــدان و جێبـــەجێکردنی لەســـەر میللـــەتی کـــورد ، دواتـــر باســـی جینۆسایدمانکردوەو پەیوەندیەکانی نێوان ئەنفال جینۆسایدمان ڕونکردۆتەوە .
لەبەشی دووەم دا باسی ئەو شـیعرانەمان کـردوە کـە تایبـەت بـۆ ئـەنفال نوسـراون لـە گۆڤارەکـانی ناوچـەی گەرمیاندا، کە چەمك و زمان و وێنـەی بەشـێك لـە هەڵبەسـتەکانمان ڕونکردۆتـەوەو بەنمونـەو داتـاو باسـی نـاوەڕۆك و مەبەسـتەکانی هەڵبەسـتەکانمان کـردوە. لەبـەر ئـەوەی هەڵبەسـتەکان لـە قۆنـاغی نوێگـەری و ئـەدەبیاتی هاوچـەرخ دا نوسـراون ، بۆیـە باسـی نوێگـەری و قۆناغـەکانی نوێکردنـەوەی هەڵبەستیشـمان کـردوە. لەبەشـی سێیەمیشـدا پەخشـان و چەشـنەکانی پەخشـان خراوەتـەڕوو، لەگـەڵ کورتـە چـیرۆك و چـیرۆك و نـاوەڕۆك و مەسـەتەکانی چیرۆکی هونـەری و چـیرۆك لـە پرۆسـەی ڕۆژنامەنوسـی و دواتـر گۆڤارەکانی ناوچەی گەرمیان دا، لەگەڵ باسکردنی بنیادی هونەری و نموونەی چیرۆکەکان.
لەبەشی چوارمدا باسی چەشنە ئەدەبی و ژانرە ڕۆژنامەنوسیەکانم کـردوەو هـەموو هونـەرە سـەرەکیەکانی کـاری ڕۆژنامەنوسـیم خسـتۆتە پێشـچاوو ، لـە تەوەرەکانـدا ڕەگوڕیشـەکانی هونـەرە ڕۆژنامەنوسـیەکانم شیکردۆتەوە، لە هەمان بەشدا دوو جۆر لیست و ئامارم دروست کـردوە تایبـەت بـە توێژینەوەکە، لیسـتی یەکەم پێکدێت بابەتە ئەدەبی و هونەرەکانی پەخشان و ڕۆژنامەنوسی ، لەگەڵ دەستنیشـان کردنـی جـۆری بابەتەکان و ژمارەی گۆڤارەکان، لیستی دووەمیشیان پێکدێت لـە دەستنیشـان کردنـی نـاوی ئـەو بابەتانـەی کە تایبەت بە جینۆسایدو ئەنفال نوسراون لەگەڵ ئاماژەکردن بـەناوی نوسـەری بابـەت و ژمـارەی گۆڤـارو لاپەڕەی بابەتەکان.
لـە لێکۆڵینەوەکەمـدا گەیشـتوم بـەو بڕوایـەی کـە جگـە لـەوەی ئـەنفال کـردەوەو تـاوانێکی بـە ئەنقەسـتی دژبەمرۆڤایەتی و گەلی کورد بـوو کـە لـە سـاڵی هەشتاوهەشـتی سـەدەی ڕابـردودا بـە هەشـت قۆنـاغی یـەك لـەدوای یـەك ڕژێمـی بـەعس و سـەدام بەرامبـەر بەخـەڵکی کوردسـتانی باشـور لـە نـاو عێراقـی عەرەبیـدا ئەنجامی داو بوە هۆی کوشتن و زیندە بەچاڵکردنی هـەزاران کـەس. بـەڵام ئـەو کۆمـەڵکوژی و قڕکردنـەش بـووە هـۆی وروژانـدنی ویـژدانی ئـەدیبان و نوسـەران و ڕۆژنامەنوسـان و لـە ڕێگـەی گۆڤارەکـانی ناوچـەی گەرمیانـەوە تـوانرا چـەندین دیـدارو گێڕانـەوەو بەسـەرهات و چـیرۆك و تراژیـدیاکانی نـاو ئـەنفال

بەدیکۆمێنت بکرێت و لە چوارچێوەی ئەدەب دا لە ڕوو پەڕی گۆڤارەکانی ناوچەکەدا بخرێتەڕوو، بۆیە ڕۆژنامەنوسان و بلاّوکراوەو گۆڤارەکانی گەرمیان ئەرکی سەرشانی خۆیان بە پێی توانای خۆیان جێبەجێکردوە لە گەیاندنی دەنگی ئەنفال و بەزیندو هێشتنەوەی ڕوداوەکانی ناو ئەنفال.

. توێژینەوەکە بە ئەنجام و ڕاسپاردەو داتاو بیبلیۆگرافیا کۆتایی پێدێت. پوختەی توێژینەوەکە بە هەر سێ زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و تورکی خراوەتە ڕوو.

## ناوەرۆک


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی | ١ |
| بەشی یەکەم: دەڤەری گەرمیان و مێژووی ڕۆژنامەنوسی و کۆمەڵکوژی لە ناوچەکەدا | ٧-٧٦ |
| تەوەری یەکەم: چەمکی ئەدەب و مێژووی رۆژنامەنوسی لە ناوچەی گەرمیان دا | ٧ |
| ١-١: ئەدەب و خوێندنەوەیەکی تری تەرزو شەپۆلەکانی | ٧ |
| ١-٢ :ڕۆژنامەنووسی لە ناوچەی گەرمیاندا | ٨ |
| ١-٣: مێژوی ڕۆژنامەگەری ناوچەی گەرمیان | ١٠ |
| تەوەری دووەم : هەڵکەوتەی ناوچەیی و مێژووی گەرمیان | ٢٨ |
| ١- ٢-١:کورتەیەك لە مێژووی ناوچەی گەرمیان | ٢٨ |
| ١-٢-٢: دەڤەری گەرمیان | ٢٩ |
| ا ) کەلار | ٣١ |
| ب) کفری | ٣٥ |
| پ) خانەقین | ٣٨ |
| تەوەری سێ یەم: ئایدۆلۆژیەتی بەعس و سڕینەوەی کورد لەژێر ناوی ( ئەنفال ) دا | ٤٠ |
| ١-٣-١: کورتەیەك لەسەر ئەنفال و کۆمەڵکوژی | ٤٠ |
| ١-٣-٢: ئەنفال لە ڕوی زاراوەو زمان و چەمکەوە | ٤٢ |
| ١-٣-٣: مەبەستی سورەتی ئەنفال و ناوی ئەنفال | ٤٣ |
| ١-٣-٤: بەکورتی قۆناغەکانی ئەنفال و ئەنفالی سێی گەرمیان | ٤٧ |
| ١-٣-٥: کورد لە ڕوانگەی بەعسیزمەوە | ٥٢ |
| ١-٣-٦: ڕۆڵی جاش و بزووتنەوەی چەکداری کوردی لە شاڵاوەکانی ئەنفال دا | ٦٠ |
| ١- ٣-٧: پەیـوەنـدی نیـوان ئــەنــفال و جیـنـۆساید | ٦٦ |
| ١-٣-٨: کردەوەکانی جینۆساید لە کوردستان | ٧٠ |
| ١-٣- ٩: پەیوەندی کورد بەجینۆسایدەوە | ٧٢ |
| ١ -٣-١٠: دانپێدانانی نێو دەوڵەتی بە ئەنفال وەك جینۆساید | ٧٤ |
| بەشی دووەم: هەڵبەستی ئەنفال لە گۆڤارە کوردیەکانی ناوچەی گەرمیان دا | ٧٧-١٣٩ |
| تەوەری یەکەم : ڕۆڵی گۆڤارەکان لە بلاوکردنەوەی هەڵبەستی ئەنفال دا | ٧٧ |
| ٢- ١:هەڵبەست | ٧٧ |
| ٢-٢: زمانی هەڵبەست | ٧٩ |
| ٢- ٣: وێنەی هەڵبەست | ٨٠ |
| ٢- ٤: پێناسەی وێنەی هەڵبەست | ٨٣ |

| | |
|---|---|
| ٢–٥ : لە نێوان هەڵبەست و مۆسیقادا | ٨٣ |
| ٢– ٦: شرۆڤەی نموونەی هەڵبەستی ئەنفال لە گۆڤارەکان دا | ٨٥ |
| تەوەری دووەم: ناوەڕۆك و مەبەستەکانی هەڵبەستی ئەنفال لە گۆڤارەکان و بەرهەمی هەڵبەستڤانەکانی ناوچەی گەرمیاندا | ١٠٧ |
| ٢–٢–١ : هەڵبەست وەك پەیامی ئەنفال | ١٠٧ |
| ٢–٢–٢ : ناوەڕۆکی هەڵبەستەکان | ١٠٨ |
| ٢–٢–٣: مەبەستی هەڵبەستەکان | ١١٣ |
| ٢–٢–٤: ئەنفال ، لە هەڵبەستەکانی هەڵبەستڤانانی ناوچەی گەرمیان دا | ١١٤ |
| تەوەری سێیەم: نوێگەری و سەرەتای سەرهەڵدانی نوێگەری لە هەڵبەستی کوردی دا | ١٣٠ |
| ٢–٣–١: نوێگەری لە هەڵبەستی کوردیدا | ١٣٠ |
| ا– نوێکردنەوەو دەستپێکی نوێگەری | ١٣٠ |
| ب– کفری و ڕوانگە ، هەنگاوێك لەسەر ڕێگەی نوێگەری | ١٣٢ |
| بەشی سێ یەم: پەخشانی ئەدەبی ئەنفال لە گۆڤارەکان دا | ١٤٠–٢٠٥ |
| تەوەری یەکەم : چەمك و ناوەڕۆك و جۆرەکانی پەخشان | ١٤٠ |
| ٣–١–١: پەخشان | ١٤٠ |
| ٣–١–٢: چەمکی پەخشان | ١٤٠ |
| ا– جۆرەکانی پەخشانی کوردی | ١٤٢ |
| ت– جیاوازی نێوان شیعرو پەخشان | ١٤٣ |
| ٣–١–٣:  پەخشانی کوردی لەڕووی ڕوخسارەوە | ١٤٣ |
| ٣–١–٤: ناوەڕۆکی دەقی پەخشانی کوردی | ١٤٥ |
| ٣–١–٥: نموونەی پەخشان لە گۆڤارەکاندا | ١٤٨ |
| ٣–١–٦: ناوەڕۆك و مەبەستەکانی پەخشان لە گۆڤارەکاندا: | ١٥٢ |
| تەوەری دووەم:چیرۆك و سەرهەڵدان و قۆناغەکانی وپەیوەندی بە ڕۆژنامەنوسی کوردیەوە | ١٥٤ |
| ٣–٢–١: کورتە چیرۆك | ١٥٤ |
| ٣–٢–٢ : چیرۆك | ١٥٦ |
| ٣–٢–٣: بنیادی چیرۆکی هونەری | ١٥٧ |
| ٣–٢–٤: قۆناغەکانی چیرۆکی کوردی | ١٥٨ |
| ٣–٢–٥: چیرۆك لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا | ١٥٩ |
| ٣–٢–٦: هونەری نوسینی چیرۆك لە تراژیدیای ئەنفالدا | ١٦١ |
| ٣– ٢–٧: مەبەستەکانی چیرۆك لە گۆڤارەکانی گەرمیان دا | ١٦٤ |

| | |
|---|---|
| ٣- ٢-٨: نموونەی چیرۆکی ئەنفال لە گۆڤارە کوردیەکان دا | ١٦٥ |
| ٣-٢-٩: نمونەی چیرۆکی ئەنفال بەقەڵەمی نوسەرە گەرمیانیەکان | ١٦٧ |
| ا- ئەو سەنگەرەی ناوی حەمە سەعید بوو | ١٦٩ |
| ب- عەزیزو مستەفا لە ناو پاسێکدا | ١٧١ |
| ٣- ٢-١٠: گێڕانەوە | ١٧٣ |
| ٣-٢-١١: نموونەی گێڕانەوە لە گۆڤارەکان دا | ١٧٥ |
| ٣-٢-١٢: ڕۆمان | ١٨١ |
| ٣-٢-١٣: وەرگێڕان | ١٨٥ |
| ٣-٢-١٤: دیکۆمێنت | ١٨٩ |
| ٣-٢-١٥: لێکۆڵینەوە | ١٩٠ |
| ٣-٢-١٦: وەرزش | ١٩٢ |
| ٣- ٢-١٧: چەند گوزارشتێکی تر | ١٩٢ |
| تەوەری سێیەم : کاریگەری ئەنفال لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری و ڕەنگدانەوەی لە گۆڤارەکاندا | ١٩٦ |
| ٣-٣-١: پێناسەی پەندو قسەی نەستەق | ١٩٦ |
| ٣-٣-٢: ئەدەبی زارەکی و بەیت لە ئەدەبی فۆلکلۆریدا | ١٩٧ |
| ٣- ٣-٣: توخمەکانی ئەدەبی زارەکی | ١٩٨ |
| بەشی چوارەم: ڕەنگدانەوەی ئەنفال لە هونەرەکانی ڕۆژنامەنوسی گۆڤارە کوردیەکانی ناوچەی گەرمیان دا | ٢٠٦-٢٨٩ |
| تەوەری یەکەم: هونەرە ڕۆژنامەنوسیەکان و ڕەنگدانەوەیان لە گۆڤارەکانی گەرمیان دا | ٢٠٦ |
| ٤-١-١: چەمکی ڕۆژنامەنوسی | ٢٠٦ |
| ٤-١-٢: پەیوەندی نێوان ئەدەب و ڕۆژنامەنووسی | ٢٠٧ |
| ٤-١-٣: مانشێت یان سەر دێڕ | ٢١٠ |
| ٤- ١-٤: لید | ٢١٢ |
| ٤-١-٥: هەواڵ | ٢١٣ |
| ٤- ١-٦: سەروتار | ٢١٦ |
| ٤- ١-٧: وتار | ٢١٩ |
| ٤- ١-٨: ڕیپۆرتاژ | ٢٢٥ |
| ٤-١-٩: هەپەیڤینی ڕۆژنامەنووسی | ٢٢٧ |
| ٤- ١-١٠: گۆشە یان ستون | ٢٣٤ |
| ٤-١-١١: ریکلام | ٢٣٥ |
| تەوەری دووەم : دیزاین و دەرهێنانی ڕۆژنامەنوسی لە گۆڤارەکانی گەرمیان دا | ٢٣٧ |

| | |
|---|---|
| ٤-٢-١ : وێنە | ٢٣٧ |
| ٤-٢-٢: کاریکاتێر | ٢٣٨ |
| ٤-٢-٣: چاپخانەو دەرکەوتنی چاپخانە | ٢٤٠ |
| ٤- ٢-٤: تایپۆگرافیاو پۆلێنسازی ئەدەبیات وهونەرە ڕۆژنامەنوسیەکان لە گۆڤارەکان دا | ٢٤٣ |
| ا ) گۆڤاری گۆڤار | ٢٤٣ |
| ب) گۆڤاری ورێزا | ٢٤٥ |
| پ) گۆڤاری هەشتاوهەشت | ٢٤٨ |
| ت) گۆڤاری ئەنفال | ٢٥٠ |
| ج) گۆڤاری ناسنامە | ٢٥٦ |
| چ) گۆڤاری گیرفان | ٢٥٨ |
| ح) گۆڤاری داستان | ٢٦٠ |
| خ) گۆڤاری کەلار | ٢٦٠ |
| د) گۆڤاری شێروانە | ٢٦١ |
| تەوەری سێیەم: نەخشە پێویستەکان و لیستی بابەتە ئەدەبی و ڕۆژنامەنوسیەکان لە گۆڤارەکانی گەرمیان دا | ٢٦٣ |
| ٤-٣-١: لیستی بابەتە ئەدەبیەکان و ئەو بابەتانەی کە تایبەت بە ئەنفال و جینۆساید نوسراون | ٢٦٣ |
| ا) لیستی بابەتەکانی تایبەت بە کۆمەڵکوژی | ٢٦٣ |
| ب) لیستی بابەتە ئەدەبی و ڕۆژنامەنوسیەکان لە گۆڤارەکان دا | ٢٧١ |
| خ) نەخشە پێویستیەکان | ٢٧٦ |
| ئەنجام | ٢٨١ |
| پێشنیارو ڕاسپاردە | ٢٨٧ |
| سەرچاوەکان | ٢٩٠-٣٠٠ |
| پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی عەرەبی | أ |
| پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی تورکی | i |
| پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی | B-A |

## پێشەکی :

ئەنفال ... تراژیدیاو زامێکی قوڵی جەستەی کۆمەڵگای کوردیە، لە پرۆسەی ئەنفالدا زۆر ڕوداوو حاڵـەتی سـەرنج ڕاکێش ڕویانداوە، زۆر دیمەنی دڵتـەزێن و کارەساتباراوی بینـران کـە لـە مێـژوی مرۆڤایەتیـدا بـێ وێنـە بـوون، بـە دڵنیایشەوە لە دیوی ناوەوەی ئەنفالیشدا زۆر شتی تری شاراوە هەن کە بەشێکیان لەگـەڵ گولەبارانکردنـدا خرانـە ژێر خۆڵەوە، زۆر دیمەن و ڕوداوی تر هەن هێشتا پەیمان پێنەبردووە.

ئەوەی تا ئێستا لەبارەی چارەنوسی ئەنفالەکانەوە زانیومانە ، ئازاری دەرونی و تینوو برسـی کردنیـان بـە دەیـان جۆری کوشتن و زیندە بەچاڵکردن و دەیان شێوازی درندانەی لە ناوبردن کە حیکایەتی هەرکامیان دەهـێنێ دەیـان لێکۆڵینەوەی لە بارەوە بکرێت.

گەرمیان واتە مەڵبەندی ئەنفال و تراژیدیا... واتە ئەو شوێنەی ڕژێمی بەعس هەناسەی لێ بڕیبوو، بـە ئـاگرو ئاسـن خاکەکەی و خەڵکەکەی پاکتاو گولەباران و ڕاپێچ دەکـرد، گـەرمیان واتـە ناوچـەیەکی پـڕ قوربـانی و مەرگەسـات و شانۆی تاوان و زوڵم و لە هەمان کاتیشدا بەرەنگاری و قارەمانی ، ئەنفال و گەرمیان پـڕە لـە چـیرۆك و گێڕانـەوەو واقعی تاڵ ، دەبێـت ئـەدیبان و نوسـەران دەسـت و پەنجـە نـەرم بکـەن لەگـەڵ ڕوداوەکـانی گـەرمیان دا، چـونکە زەخیرەو پێداویستی چەندین ڕۆمان و شاکاری ئەدەبی تێدایـە، ئەگەرچـی لـە ڕابـردودا وەك پێویسـت کـار لەسـەر کۆژانەکانی ئەنفال و گەرمیان نەکراوە، ئەوەشی کراوە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێت، تەنانەت ئەوانەشی کە لـە بواری ئەنفال دا کار دەکەن وەك نوسەر یـان لێکۆڵـەرو هەڵبەسـتڤان هـەر بـەژمارەی پەنجـە دیـارن، ئەمـەش کـەم تەرخەمی توێژی نوسـەرانی گـەرمیان دەردەخـات بەرامبـەر پرسـێکی بـێ وێنـەو تـاوانێکی لەبیرنـەکراوو زوڵمێکـی بەناحەق کراوی سەر نەخشەی ناوچەی گەرمیان.

لە گەرمیاندا ئەگەرچی ڕۆژنامەو گۆڤارێکی کەم دەرچوون و بابەتەکانیان بڵاوکردۆتـەوە ، بـەڵام بـە پێـی قـەبارەی خۆیـان خـەمی ئـەنفالیان هـەڵگرتوەو کاریـان لەسـەر لایەنـە جیاجیاکـانی پرسـەکە کـردوە، لـە دوای ڕاپـەڕین و سەرهەڵدانی تەوژمی ڕۆژنامەگەریەوە کەم ڕۆژنامەو گۆڤار لەگەرمیاندا دەبینین کە کاری لەسـەر ئـەنفال نـەکردبێت یان هەرنیە یان تاك و تەرا، ئەگینا تـەواوی بڵاوکراوەکـان چـەند لاپەڕەیـەکیان بـۆ ئـەنفال و کۆمـەڵکوژی تـەرخان کردوە، بەتایبەتی لە ساڵ یادو بۆنە تایبەتەکانی ئەنفال و بنەماڵەو کەسایەتیە ئەنفالکراوەکان، یان کـاتی دادگـای و بۆنەکانی تایبەت بە ڕژێمی بەعس و چواردەورەکەی. لـە ڕۆژنامـەو گۆڤارەکانـدا هـەموو چەشـنەکانی ئـەدەبی و هونەرەکانی ڕۆژنامەنوسی ڕەنگیان داوەتەوەو بونە هۆی جوڵەپێکردن و ناساندن و بە ئاگاهێنانـەوەی دام ودەزگـا پەیوەندی دارەکانی خزمـەت بـە کەسـوکارە دەربازبوەکـان و ناوەنـدە ئـەکادیمی و نێودەوڵەتیـەکان ، لـە هـەمان کاتتدا بون بە سەکۆیەکی ئەرشیفی بۆ پاراستنی بەڵگە نامەو گێڕانەوەو چـیرۆکەکانی نـاو ئـەنفال، بۆیـە دەتـوانین بڵێن ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنوسانی دەڤەری گـەرمیان بـە ئـەرکی ڕۆژنامـەوانی و ئـەخلاقی خۆیـان هەسـتاون و دەسـتی باڵایان هەبووە لە ڕنگ ڕێژکردنی هەنگاوە پۆزەتیڤیەکان.

گۆڤارەکانی ناوچەی گەرمیانیش وەك بەشێك لە پرۆسەی ڕۆژنامەنوسی دەڤەرەکەو ستافەکانیان کە بەشێکیان خاوەن کەسی ئەنفالکراون یان لە گەڵ خەم و ژانی ئەنفالدا گەورەبوون ، هەرزوو هەستیان بە بەرپرسیاریتی ڕۆژنامەوانی کردو لەو ڕوانگەوە چەندین بابەتیان بڵاوکردەوە، وای لێهات گۆڤاری تایبەت مەند بە ئەنفال هاتەکایەوەو ئەو گۆڤارانە جگە لە زمانی کوردی بەزمانەکانی تریش بابەتیان لەسەر ئەنفال بلاو دەکردەوەو لە ڕێگەی ژانرە ڕۆژنامەوانی و چەمکەکانی ئەدەبەوە خەمەکانی ئەنفالیان بردە بەشێك لە ماڵ و ناوچەو دەڤەرەکانی کوردستان و عێراق و چەندین نوسەری بەتوانایان بەشداری پێکرد لە نوسینی تراژیدیای ئەنفالداو چەندین هەڤپەیڤینیان لەگەڵ بیرمەندو کەسایەتیە کاریگەرەکان و نوسەراندا ئەنجام داو دەیان بەڵگەنامەیان بڵاوکردەوە، کە لە کۆی (٥٧) ژمارەی بڵاوکراوەی (٩) گۆڤاری گەرمیان چەندین بابەت لە چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنوسیەکان بڵاوکراونەتەوە، ئەوەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە ئەنفال خەمێکی نەبڕاوەی تاك بەتاکی گەرمیان و گەرمیانیەکانە.

لەم توێژینەوەدا وێڕای ئاستەنگەکان، ویستومە لە چوارە بەش و (١٢) تەوەر دا ئەوەی لە سەر ئەدەبیاتە لە (٩) گۆڤاری ناوچەی گەرمیاندا ڕون بکەمەوەو ئاماژەی پێ بکەم، ئەوەشی لەسەر ئەدەبیاتی ئەنفالە لەو گۆڤارانەدا جیابکەمەوەو شرۆڤە بۆ بەشێکی بکەم. واتە کاری سەرەکی توێژینەوەکە دەرخستنی ئەدەبی ئەنفالە لە گۆڤارەکاندا وەك نمونەیەك بۆ ڕۆڵی گۆڤارەکانی دەڤەری گەرمیان لە بڵاوکردەوەی ئەدەبیاتی ئەنفال و هەم کاریگەری پرۆسەی ڕۆژنامەنووسی لە دەڤەرەکە لە ڕێیی ئەدەبەوە بۆ خزمەتی کەیسی ئەنفالی کورد لە ناوچەکە ، چونکە پرۆسەی بەدناوی ئەنفال ئەوەندە گەورەیە دەتوانرێت لە ڕێیی ئەدەبەوە گریانی منالێك ، چاوەڕوانی دایکێك ، ئێسك و پروسکی ئەنفالکراوێك لە بیابانەکانی سەماوە دیسان بە گێڕانەوەیەکی سادە یان بە تەکنیکێکی ئەدەبی و زمانێکی ئەدەبی گوزارشتی لێ بکرێتەوە، جگە لە گەرمیانیەکان تاکی کورد بەگشتی خەمساردەو هەستی نەجوڵاوە بۆ بەجیهانی کردنی لەناوبردن و سڕینەوەی (١٨٢)هەزار مرۆڤی کوردی بێتاوان، دەبینین تیاچوونی (١٥٠٠) مرۆڤی ئەڵمانی لای گۆنتەرگراس دەبێتە دێوە زمەو تا ڕۆمانەکەی نەنوسێ لەو ئازارە ویژدانیە قوتاری نابێت، بەڵام لای مرۆڤی کورد واناکەوێتەوە. جگە لە چەند هەوڵێکی کەم ئەویش لە دوو توێی چەند کورتە چیرۆك و ڕۆمانێکدا چیترمان نەکردوە بۆ ناساندنی ئەنفال و ئەو کۆستە گەورەیەی لە یادەوەری کوردا شوێنێکی زۆرو پانتاییەکی فراوانی لە ئێستەوە بۆ داهاتووش داگیرکردووە.

(حەسەن جاف) لە ڕۆمانی (گۆرستانی لم) دا و لەسەر زاری منالێکی ڕزگاربوو لەو کارەساتەوە، ئەو تراژیدیا گەورەیەمان بۆ باس دەکات (ئەحمەد محمد ئیسماعیل) لە ڕۆمانی (بەهاری ڕەش)دا ئەتمۆسفیری قەڵاو زیندانەکانی نوگرەسەلمان، هاوارو هەڵای ژن ومنداڵ وپیرەمێردی گەرمیانمان بۆ دەکاتە هەوێنی ڕۆمانێکی قەبارە بچوك، ئەنفال تەرکیزی لەسەر ناوچەی گەرمیان بوو، گەرمیانی مەکۆی شۆڕشی کوردو قوربانیدان بەگەرمیانی خاکی ڕەش و زێڕی ڕەش وخوێنی گەش.

ئەوەی کراوە بۆ ئـەنفال تـەنها خـودی گەرمیانیـەکان و هەنـدێك لێرەولـەوێ بـوون ، چـونکە لەچـاوی گۆڤارەکـانی گەرمیانەوە ئەو وێنەیە دەبینین ، گۆڤارەکان و ڕۆژنامەنوسەکانی دەڤەرەکە هەر ئەوەنـدەیان توانیـوە ئەرکـەکانی خۆیان بەجێ بهێنن و نەهێڵن ئەنفال کاڵ بێتەوەو بە گوزارشتی ئەدەبی جوان هەمیشە ئەنفال بلاوێننەوە.

لەبەر ئەوەی زەمەنی دەرچوونی ئەو گۆڤارانە لە زەمەنی ئەدەبیاتی نوێ و هاوچەرخ دا لـەدایك بـوون ، بۆیـە ئـەو بەرهەمانەشی کە تیایدا بلاوبونەوە لە نوێگەریەوە سەرچاوەیان گرتووەو بە فۆرم و تـەکنیکی نوێگـەری نەخشـیان بۆ کێشراوە، بۆیە بەپێویستمان زانی لـە لێکۆڵینەوەکـەدا باسـی نوێگـەری و چـەمك و مێـژووی نوێگـەری بکـەین ، دیسان لەبەر ئەوەی گۆڤار هەمیشە سەکۆیەك بوە بۆ بلاوکردنەوەی ئەدەب و لقەکانی، بۆیـە بـە پێویسـتمان زانـی چەمکی ڕۆژنامەنوسی بەگشتی و مێژووی ڕۆژنامەنوسی لە دەڤەری گەرمیاندا ڕون بکەینـەوە و دواتـر بڕۆینـە سـەر باسکردنی هەڵبەست و چەشنەکانی پەخشان و هونـەرە ڕۆژنامەنوسـیەکان ، واتـە بـە تایبـەت لەسـەر هەڵبەسـت و پەخشان کارم کردوە ، چی پەخشانی هونەری یان پەخشان وەك دارشتنی ڕۆژنامـەوانی و هونـەرەکانی و ئەوانـەی کە دەچنە چوارچێوەی پەخشانەوە.

## – هۆی هەڵبژاردنی بابەتی لێکۆڵینەوەکە:

ئەنفال مەرگی خێراو هەم لەسـەر خـۆو تراژیـدیاو زامـی نەتەوەیەکـەو ئێمـەی گـەرمیانیش پشـکی شـێرمان لـەو قوربـانی و ئـەنفالکردن و نەهامەتیـە جۆربەجۆرانـەی دەسـتی بـەعس بەرکـەوتووە، لـەدوای ڕاپەڕینیشـەوە کـارو پیشەی ڕۆژنامەوانی لە دەڤەری گەرمیان دا چووە قۆناغێکی ترەوەو توانی بە ئازادانە کار لەسەر ڕوداوەکان بکات و نوسەرانی دەڤەرەکەی لـە دەوری خۆیـان کۆکردبـوەوە، لـە نێـوان سـالأنی (١٩٩٢ بـۆ ٢٠١٢) چـەندین ڕۆژنامـەو گۆڤار بلاوکرانەوە، لە نێوان ئەو زەمەنەدا لەگەرمیانی قولأیی ئەنفال چەندین گۆڤارو گۆڤاری تایبـەت بـە ئـەنفال و جینۆساید دەرچوون، ئێمە وەك نموونە (٩) گۆڤارمان دەستنیشان کردوە بۆ ئەوەی بزانین تا چەند ئـەم گۆڤارانـە لە ڕوی ئەدەبیاتەوە خەمەکانی ئەنفالیان کردوەتـە وەزیفـەی خۆیـان، بـۆ ئـەوەی بـزانین تاچـەند ئـەو ڕۆژنامەیـەو سـتافەکەی خزمـەتی زامـی نەتەوەیـەك و برینـی قـوڵی کەسـوکاری ئـەنفالکراوەکانیان لـە ڕێـی ژانـرە ئـەدەبی و ڕۆژنامەنوسیەکانەوە کردوەو تا چەند توانیویانە پرسی ئـەنفالی کـورد بـەدیکۆمێنت و ئەرشـیف بکـات. وەك چـۆن ئەدەب ئاوێنەی ژیانی خەڵکە، ئایە توانیوتەی لە ڕێیی ڕۆژنامەگەریەوە ئەنفال وێنا بکات.

## – بەش و تەوەرەکانی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکی و (٤) بەش و ( ١٢ ) تەوەرو ئەنجام پێك دێت، بەشی یەکەمی لە (٣) تەوەر پێـك دێت و بەگشتی باسی ئەدەب و تەرزو لقەکانی ئەدەب و ناوچەی گەرمیان و شارەکانی " کەلار وکفـری و خانـەقین " دەکات ، لەگەڵ باسی ئەنفال و جینۆسایدو چۆنێتی پراکتیزەکردن و کاریگەریەکانی و مێـژووی سـەرهەڵدانیان ، بەشی دووەمیش پێکهاتووە لە (٣) تەوەرو باسی هەڵبەست و قوناغی نوێگەری و هەڵبەستەکانی ئـەنفال دەکـات ،

لەگەڵ شیکردنەوەو دەرخستنی وێنەو ماناو دەلالەتەکانی دەقەکەکانی تایبەت بە بابەتەکە ، بەشی سێیەمیش لە (٣) تەوەردا باسی ئەدەبیات و چەشنە ئەدەبیەکان دەکات ، واتە پەخشان و چیرۆك و ڕەهەندەکانی تری پەیوەست بە ئەدەب ، لە بەشی چوارەمدا (٣) تەوەر خراوەتە ڕوو کە باسی تەواوی چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنوسیەکان بەنمونەوە باسکراوەو تەکنیك و هونەرو دەرهێنانە ڕۆژنامەنوسیەکانی گۆڤارەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوەکە ڕونکراوەتەوە، لەگەڵ لیستی بابەتە ئەدەبی و ڕۆژنامەوانیەکان و جیاکردنەوەی ئەو بابەتانەی تایبەتن بە ئەنفال و کۆمەڵکوژی و بە جیاکردنەوەی چەشنەکانی ، لە گەڵ لیستی ناوو ناونیشانی بابەتە ئەدەبیەکانی ئەنفال و ژمارەی گۆڤارو لاپەڕەو ناوی نوسەرەکانیان خراوەتە ڕوو.

## – مەبەستی لێکۆڵینەوەکە :

مەبەستمە ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە ڕوونی بکاتەوە، ئێمەی کورد بە هەمووچین و توێژەکانەوە ئەرکی سەرشانمانە خزمەتی پرسی ئەنفال و ڕەهەندەکانی جینۆسایدی کورد بکەین و هیچ نەبێت لایەنەکانی ئەنفالی گەرمیان بخەینەوە هزری نەوەکانی ئایندەمان، بۆیە دەمانەوێت بە گەڕان بەنێو لاپەڕەکانی (٩) لە گۆڤارەکانی ناوچەی گەرمیاندا بایەخی پرسی ئەنفال لە ئەجندای ئەو گۆڤارانەدا پەی پێ ببەین و بزانین لەماوەی تەواوی تەمەنی ئەو گۆڤارانە تاچەند گرنگی بە قڕکردن و جینۆسایدی کورد داوە. لەڕێی ئەدەبیاتەوە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ئەنفال لەناوچەی گەرمیان دا بخەینەوە بەرباس و ئامادەکردن بۆ لێکۆڵینەوەو سەرنج ڕاکێشانی تاکی کورد بۆ تراژیدیاکانی نەتەوەکەمان..لە هەمان کاتتدا پێوانەکردنێکی ئەدەبی و ڕۆژنامەنوسیانە لە مەڕ بابەتەکە، لەبەشەکانی تری لێکۆڵینەوەکەدا سەرەتای سەرهەڵدان و ئامانج و مەبەستەکانی بەعس و لێکەوتەکانی قڕکردن و ئیبادەکردنی کورد لە ژێر ناوی ئەنفالدا بخەینە بەرباس و پەیوەستی کەین بە خەمی گۆڤارەکانەوە لە بابەتەکەدا.

## – پرسیارو گریمانەی لێکۆڵینەوە:

ئەم لێکۆڵینەوە بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارانەدا دەگەڕێت: ئەنفال چیەو ڕەگوڕیشەکانی لەکوێوە هاتووە ؟، پەیوەندی ئەنفال بە جینۆسایدەوە چیە ؟ بیرو ئایدۆلۆژیای بەعس لە چیەوە سەرچاوەی گرتوەو بۆ سڕینەوەی نەتەوەکانی غەیرە عەرەب؟، کاریگەریەکانی ئەنفال چی بوو ؟ ، ئەنفال پەیوەندی چیە بە ئەدەبیاتەوە؟ ، ئەی بەکاری ڕۆژنامەنوسیەوە؟ پرۆسەی ڕۆژنامەنوسی لە ناوچەی گەرمیان دا چۆن چەکەرەی کردو لە نێو گۆڤارەکاندا چۆن ئەنفال وێنا کراوە؟ ، ئەنفال لەنێو ئەدەبیات و ئەدەبیاتیش لە ڕوبەڕە ئەدەبی و ڕۆژنامەنوسیەکانی گۆڤارەکانی گەرمیاندا چۆن باسکراوە، لە نێو گۆڤارەکاندا شیعرو پەخشان و میتۆدە ڕۆژنامەنوسیەکان چیان پێشکەش بە پرسی ئەنفال و ژیانی دوای ئەنفال کردوە؟ هەڵبەست و پەخشان و تراژیدیاو ڕوداوەکانی ناو ئەنفال چۆن ڕەنگیان داوەتەوە لە ئەدەب و چەشنەکانی ئەدەبدا؟.... هتد.

## – سنوری لێکۆڵینەوە:

دەستنیشانکردنی سنوری لێکۆڵینەوەکە کۆی (بابەتە ئەدەبیەکانی تایبەت بە ئەنفال و جینۆسایدکردن و کۆمەڵکوژیە لە (٥٧) ژمارەی (٩) گۆڤاری ناوچەی گەرمیاندا لە نێوان ساڵانی (١٩٩٢–٢٠١٢) ، واتە بیست ساڵ زەمەنی توێژینەوەکەیە ) دیارە گەرمیان لە ڕووی سنوری ئیداری ئێستاوە کە لێکۆڵینەوەکەی تێدا ئەنجام دەدەین ، واتە گەرمیان بە واتاوی " کەلار – کفری – خانەقین"و ناوچەکانی چوار دەوری سەر بە گەرمیان، لە هەمان کاتدا لە چوارچێوەی چەند تەوەرێکدا بایەخی کاری ڕۆژنامەنووسی و ئامانج و ئەنجامی ئەنفال لەچوارچێوەی سنوری لێکۆڵینەوەکەدا دەخەینەوە بەرباس و سەرنج و شرۆڤەکردنەوە.

## – گرنگی لێکۆڵینەوەکە:

گرنگی ئەم لێکۆڵینەوە لەوەدا دەردەکەوێت ، کە بۆیەکەم جارە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیاتی ئەنفال لە پرۆسەی ڕۆژنامەنوسی و گۆڤارەکانی ناوچەی گەرمیان دا ئەنجام بدرێت و ڕەهەندو لایەنەکانی دەڤەری گەرمیان و پیشەی ڕۆژنامەنوسی و پرسی ئەنفال و جینۆساید لە چاوی ئەدەبەوە بخرێتە ژێر وردبینی لێکۆڵینەوەو شرۆڤەی بابەتیانەی بۆ بکرێت.

## – گرفتەکانی لێکۆڵینەوە :

لەکاتی ئەنجام دانی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا زۆر لەمپەرو گیروگرفت هاتە ڕێگەمان و دەستی بەستینەوە لە زیاتر فراوانکردنی ، لێرەدا و لەم چەند خاڵەدا دەیخەمە پێشچاو.

١– ناوچەی گەرمیان بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و دەستوەردانی سیاسی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق سنورەکەی تا ڕادەیەك جێگیر نیەو بەپێی زەمەن گۆڕانکاری تیاکراوە ، واتە زەمەنێك گەرمیان بریتی بوە لە کەرکوك و ناوچەکانی تر ، جارێکی تریش چەمچەماڵ و دەربەندیخان بە گەرمیان ئەژمارکراوە بە کەلارو کفری و خانەقینیشەوە ، بەڵام لە دوای ڕاپەڕینەوەو هێدی هێدی ئەو سنورانە لە ڕوی یەکەی ئیداریەوە بەرەو جێگیر بوون ڕۆیشتوە ، واتە بە هۆی ئەو گرفتەوە ئێمە ناچاربووین ناوچەی گەرمیان بە پراکتیکی وەك یەکە ئیداریەکەی ئێستای سەیربکەین و خشتەکانی لێکۆڵینەوەکەی لەسەر بینا بکەین. واتە ئیدارەی گەرمیانی ئێستا کە وەك پارێزگا مامەڵەی ئیداری لەگەڵ دەکرێت و بریتیە لە ناوچەکانی " کفری – کەلار – خانەقین" بەسەرجەم ناحیەو گوندەکانەوە.

٢– ناوچەی گەرمیان لە ڕوی سەرچاوەوە زۆر هەژارە ، ئەو کتێبانەی کە لە سەر ئەنفال نوسراون ، بەشی هەرەزۆری باس لە گێڕانەوەی تاوانەکەو دیداری ڕوداوەکانی ناو ئەنفال و زەمینەی تاوانەکە دەکات، بە دەگمەن کتێبێك دەبینین شرۆڤەی ئەدەبیانەی کۆژانەکانی ئەنفال بکات.لەگەڵ ئەوەشدا بەزەحمەت ئەو کتێبانەمان دەست دەکەوت کە بۆ بەشێك لە تەوەرەکانی بەشی یەکەم بەسود بوون.

٣- گرفتی هەرە سەرکی ، دەست نەکەوتنی تەواوی گۆڤارەکانی ناوچەی گەرمیان بوو ، کە ئەو گۆڤارانە لە زەمەنی دەرچونیاندا تیراژیان زۆر کەم بوەو لە کتێبخانەی گشتی و شوێنە گشتیەکاندا دەست نەدەکەوتن، بەهۆی ئەوەی لە کاتی بلاوبونەوەیاندا سیستەمی دابەشکردنیان بە پێی پێویست نەبووە، یان گرفتێکی تر ئەوەبوو بەشێك لە بلاوکراوەکان ڕەگەزی ڕژنامەنوسیان دەیار نەبوو ، واتە جارێك وەك ڕۆژنامەو جارێك وەك گۆڤار بلاو بونەتەوە، یان بەشێکی تریان ژمارەیەك یان دوو ژمارەیان بلاوکردۆتەوەو دواتر وەستاوە، لە هەمووی گرنگتر کەمتر چەشنە ڕۆژنامەنوسی و ئەدەبیەکان دەستنیشان کرابوو، واتە لە لاپەڕەی گۆڤارێك دا بابەتێك بلاوبوەتەوە پارچەیەکە نەخاوەنی دیارەو نەجۆری ، کە ئەوەش ناچاری کردین لە دەستنیشانکردنی جۆرەکانی بابەتە ئەدەبیەکان بە ( هی دیکە ) ناویان ببەین لەو لیستەی کە ئامادەمان کردوە.

٤- لە سالانی ڕابردودا لە ناوەندە ئەکادیمی و مەعریفی و ڕۆژنامەوانیەکانی دەڤەرەکەدا هیچ خەباتێکی زانستی ئەدەبی نەکراوەو بەدی ناکرێت لەمەڕ بابەتەکەمان بۆ ئەوەی وەك سەرچاوە سودی لێ ببینین، بۆیە ئەم لێکۆڵینەوە وەك یەکەم لێکۆڵینەوەی زانستی لە سنوری ناوچەی گەرمیان دا بێ گیروگرفت و کەموکورتی نابێت.

٥- نەبونی سەرچاوە بەزمانەکانی تر وەك پێویست، ئەگەریش هەبوبێت هەر زۆر کەم بوەو بەردەست نەکەوتووە.ئەوەش گرفتێکی تری بەجیهانی نەبوونی کەیسی تاوان و جینۆسایدی گەلی کوردە، نەتوانراوە لە ڕێی وەرگێڕانی پەرتوکەکانەوە دەنگی کورد بگەیەنرێت بەجیهان.

## - کەرەستەکانی لێکۆڵینەوە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە بابەت و لاپەڕەکوردیەکانی (٩) گۆڤاری ناوچەی گەرمیان و (٥٧)ژمارەو (٦٢٢٧)لاپەڕەی گۆڤارەکانی ( گۆڤار ، داستان ، ئەنفال ، هەشتاوهەشت، گیرفان ، ناسنامە ، وریزا ، کەلار ، شێروانە) وەك کەرەستەی سەرکی و سەرچاوەکانی تایبەت بە ئەنفال وئەنفالی گەرمیان و چەمکی ڕۆژنامەنوسی کردۆتە زەخیرەو کەرەستەی پراکتیکی خۆی ، ئەمە جگە لە پەرتوك و ڕۆژنامەو گۆڤارو سایتی ئەلیکترۆنی و بەسەرکردنەوەو ئەنجام دانی هەڤپەیڤین، کە بۆ یەکلا کردنەوەی بابەتەکانی ئەم نامەیە سودیان لێ وەرگیراوە.

لە ڕووە تیۆریەکەیشەوە کاریگەری تاوانی ئەنفال و کۆمەلکوژی لە چەشنە ئەدەبی وژانرە ڕۆژنامەنوسیەکانی ناو ئەو گۆڤارانەدا کاری لەسەر کراوەو بابەتەکانی تری هاوپێچ و تایبەت بە ئەدەب و ئەنفال بە هەند وەرگیراوە.

## - ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ڕێبازی شیکاری وەسفی یە ، واتە ڕۆلی گۆڤارە دەستنیشان کراوەکانی ناوچەی گەرمیان پیشان دەدات لە بەرەو پێشبردنی پرسی ئەنفال و لەبیر نەرکرنی خەمەکانی ئەنفال لە رووی ئەدەبیات و ژانرە ڕۆژنامەنوسیەکانەوە.

بەشی یەکەم

# دەڤەری گەرمیان و مێژووی ڕۆژنامەنوسی و کۆمەڵکوژی لە ناوچەکەدا

تەوەری یەکەم: چەمکی ئەدەب و مێژووی رۆژنامەنوسی لە ناوچەی گەرمیان دا

تەوەری دووەم : هەڵکەوتەو مێژووی ناوچەیی و مێژووی گەرمیان

تەوەری سێیەم: ئایدۆلۆژیەتی بەعس و سڕینەوەی کورد لەژێر ناوی ( ئەنفال ) دا

# تەوەری یەکەم: چەمکی ئەدەب و مێژووی رۆژنامەنوسی لە ناوچەی گەرمیان دا

## ١-١: ئەدەب و خوێندنەوەیەکی تری تەرزو شەپۆلەکانی:

ئەدەب ئەو پانتاییەیە کە بەهۆیەوە هەستە تەواو و شاراوەکان گوزارشتیان لێ دەکرێت ، مێژووش لەبەردەم ئەدەبدا ئەو جیهانە پڕ لەزانیارییەیە کە دەبێتە سەرچاوەیەکی باش و کەرەستەیەکی زۆر دەخاتە بەردەم ئەدەب، هەروەها ئەدەب بەگشتی و (شیعر و پەخشان) دوو هۆکاری گرنگە کە واقیعی رامیاری و کۆمەلأیەتی و رۆشنبیری هەر کۆمەڵگایەك نیشان دەدات ، واتە ئەو بوارە گرنگەیە کە لەڕێگایەوە دەتوانرێت لایەنی مێژوویی ڕووداوەکان و سەروەریی و ئاستەکانی تری وەك ڕۆشنبیری و سەرکەوتن و نوشستی هەر کۆمەڵگایەك دیاری بکات ، کەزۆرجار مەرگەسات و کارەساتی گەورەو بابەتی گەورەو زیندوو دەوروژێنێت کە جێگای مشتومڕو قسەلێکردنە ، بەو پێیەی کە پێناسەیەی (ئەدەب) لەلای هەر میللەتێك بێت بریتییە لە: ( ئاوێنەیەکە ڕووبەڕووی گەل بەتاك و کۆمەڵەوە ئەوەستێ و چی لەناو ئەو گەلەدا هەبێت دەردەکەوێ ) ، لێرەوە ئەرکی سەرەکی ئەدەب بریتییە لەو گوێزانەوەیەی واقیع و بابەتی واقیع بۆ ناو سنوریی پەڕەکان و گوێزانەوەی بابەتی سەر پەڕکانیش بۆ ناو سنوریی لێوەرگرتنی خوێنەر و وەرگر کە بەدیویی دووەمی دەقی ئەدەبی ناودەبرێت .

بابەتی ئەنفال و هاتنی بۆناو ئەدەب کارێکی لەخۆوەنەبووە، بەڵکو بەرئەنجامی ئەو واقیعە ڕامیارییەبووە کەهەبووە لەناوچەکەدا، دیارە لەبەردەم خولقاندنی کارەساتێکی لەو شێوەیەدا زمان و هەستەکان دەکەونە گوزارشت و گێڕانەوەی کارەساتەکە بەو دیوەدا کەلەواقیعی نووسەرو شاعیردا بەرجەستە بووە، لێرەوە ئەنفال وەك بابەتێك و کارەساتێکی گەورە کە دژی مرۆڤی کورد کراوە دەبێتە بابەت و بیرێك کەوەك دەزوویەك لەبەردەستی نوسەرو شاعیردا وەهایە تاوەك چنینی ئەو ئارەزووەیان بهێنێتەکایەوە ، لەبەرامبەر تاوانی ئەنفالدا هەرچییەك بکرێت کەمە ، کەم بەو مانایەی کەهیچ کتێب و مۆسیقاو شیعرو چیرۆك و شانۆ و ڕۆمانێك جێگای هەڵوەرینی ڕۆحی ئەو هەموو ئینسانەی کورد ناگرێتەوە، من دەزانم زریکەی منداڵ، قیژەی ژن ،ئاهوحەسرەتی پیرەمێرد، ئەمانە نانووسرێنەوەو ڕەسم ناکرێن و بەهیچ ئامێرێك ناژەنرێت ، بەڵام لەم نێوەندەدا ڕۆشنبیران و شاعیرانی کورد بەچەندین بەرهەم و بابەت گوزارشتیان لەنەهامەتی و مەزڵومییەتی میللەتی کورد لەو تاوانەدا کرد، کەم هەیە لەتاکی کورد هەستی لەناخەوە بەرامبەر بەو ڕووداوانە نەوروژابێت ،بەڵام ئاشکرایە کەشاعیران بەهەستەوەرترن و زیاتر هەست بەجەوهەریی ڕووداوەکان دەکەن ، بۆیە شاعیرانی کورد بەشێکیان بەرهەمی شیعریان هەیە کە گوزارشت لەو مەرگەسات و کۆمەڵکوژییە دەکەن ، هەروەها شانبەشانی هونەریی شیعر هونەریی پەخشانیش ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لەناو ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردیدا ، وەزۆرن ئەو قەڵەمانەی کەتوانیویانە ڕووداوە تراژیدییەکانی کورد لەم ڕێگایانەوە دەرببڕن. چونکە ئەدەب بەگشتی پانتاییەکی لە ژیانی هەر یەکێکمانی لە گۆمەڵگا داگیر کردوەو ئێمەی خستۆتە ژێر کاریگەری خۆیەوە، بەو مانایەی ئەدەب لەگەڵ

دەستپێکی ژیانی مرۆڤ دا هاتوەتە کایەوەو دروست بوە، بەلاَم رەنگە لە لقەکانیدا پاش و پێش هەبوبێت و بەشێك زوترو بەشیك کەمتر دەرکەوتوبێت لە روی کات و زەمەنەوە، واتە ئەدە بە هەردوو لقەکەیەوە گوزارشتێکی جوانی ژیانی ئادەمیزاد پێك دەهێنن و لە پێناوی ژیانێکی شایستەدا مرۆڤ ئاراستە دەکەن ، پەخشان وەك لقێکی ئەدەب و هونەرەکانی رۆژنامەنوسی و کاری رۆژنامەنوسی وەك بەشێك لە پەخشان ، هەمیشە جوانیەکانی ژیانی خستۆتە پێش چاو لەگەلَ پێویستیەکانی بەرەو شایستەبونی ژیان جموجولَیان بە مرۆڤ کردوە، بۆیە گەلانی جیهان لە مێژە بایەخی کاری رۆژنامەنوسیان بۆ دەرکەوتوەو هەمیشە بەشێکی خەلَك کردویانە بە پیشەو حەزی تایبەتی خۆیان ، گەلی کوردیش وەك گەلانی تر بێبەش نەبوە لەو هونەرەو هەرزوو بەچاوتێبڕینی گەلانی تر رۆلَی هەبوە لە کاری رۆژنامەنوسی و دەرکردنی رۆژنامەدا ، ئەگەر بۆ مێژوی رۆژنامەگەری کوردی بگەڕێینەوەو بلَێین : کۆتایەکانی سەدەی نۆزدە ژانی لە دایك بونی یەکەم رۆژنامەی کوردیان بەخۆوە بینی و ( کوردستان)ی دایکیان پێشکەشی خوێنەری کورد کرد، ئەوا دەتوانین بلَێن سەدەی بیستەمیش بە هەموو هەلَکشان و داکشان و گورجی و شۆڕپەکیشی سەدەی ڕابون و خزمەتی رۆژنامەگەری کوردی بووە بە کوردو کوردستان ، چونکە هەر لەگەلَ سەرەتای سەدەکە رۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکان بەدوای یەکدا ریزیان بەست لە شارەکانی وەکو ئیستانبولَ و بەغداو شام و رەواندزو هەولێرو سلێمانی و ... هی تر ، باوەشیان بۆ دەیان گۆڤارو رۆژنامەی بایەخدار کردەوە، رۆشنبیرانی کورد لە رێی ئەو کەنالاَنەوە کەوتنە خەباتی سیاسی و دیبلۆماسی و مافەکانی نەتەوەو خواستەکان.

بۆیە هەر لە دەرکردنی یەکەم رۆژنامەی کوردی لە قاهیرە هەتا ئێستا لێشاوێك لە بلاَوکراوەو رۆژنامەو گۆڤارو هیتری کوردی دوای رۆلَبینینی خۆیان چونەتە ژێر دەواری ئەرشیفەوە، لە ناوچەی گەرمیانیش دا وەك بەشێك لە کوردستانی باشور، ئەگەرچی مێژوەکەیشی ئەوەندە دێرین نەبێت بەلاَم بە قەبارەی خۆی رۆلَی هەبوە لە نەخشی کارو پیشەی رۆژنامەنوسی و گەشەپێدانی ئەدەبیات و چەمکەکانی، لێرەدا راگوزەرێك دەکەین بە مێژوی رۆژنامەنوسی کوردی و دواتر دەرۆینە سەر مێژوی رۆژنامەگەری ناوچەی گەرمیان و بەتایبەت رۆژهەلاَتی گەرمیان هەتا ئەو زەمەنەی کە بۆ کۆتا کاتی ئەو توێژینەوەیە دەستنیشانمان کردوە.

## ١-٢: رۆژنامەنووسی لە ناوچەی گەرمیاندا:

پرۆسەی رۆژنامەنووسی لە ناوچەی گەرمیاندا مێژویەکی دێرینی هەیە ، دەتوانین مێژوەکەی بگەڕێنینەوە بۆ سەرەتاو ناوەڕاستی سالاَنی چلەکانی سەدەی رابردوو کە لە رۆژنامەی (باسەر)ەو بلاَوکراوەی (شیلان)ەوە دەست پێدەکات و ئیدی لەو قۆناغەوە بەردی بناغەی ئەدەبیاتێکی نوێ و گەشەی ئەدەبی هاوتەریب لەگەلَ ژیانی خەلَك دا دامەزراو بووە دایکی بزاڤی رۆژنامەنوسی لە دەڤەرەکە، هەتا راپەڕین تاك و تەرا جولَەی رۆژنامەنوسی لە گەرمیان دانەبڕاوە، وێڕای ئەو نەهامەتیانەی کە بەسەر ناوچەکەدا هاتوە لە مالَوێرانی و راگواستن و ئەنفالکردن بەلاَم کارو پیشەی رۆژنامەنوسی بەردەوامی هەبووە ، بۆیە لە دوای راپەرینی سالَی

(١٩٩١) و ئازادبونی کوردستان و ناوچەکانی گەرمیان ، خەڵکی ناوچەکە کەڵکیان لە ئازادی وەرگرت و هێدی هێدی لە هەوڵی خوێندنەوەو خۆ ڕۆشنبیر کردندا بون.

لە دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٣) یاسای چاپەمەنی هەرێمی کوردستان پەسەند کرد، کارکردن لەبواری ڕاگەیاندن بەگشتی و بەتایبەتی ڕۆژنامەنوسی پەرەی سەندو ئاواتە لەمێژینەیەکانی ڕۆژنامەنوسان هاتەدی ، بەوەی کە لە مادەی دووەمدا هاتووە ( چاودێری – الرقابە – لە هەرێمدا ناخرێتە سەر چاپەمەنی، هەر هاوڵاتیەکیش سەربەستە لە دەرکردنی هەرچاپەمەنیەکدا بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە) بەم پێیەش هەر کەس و گروپ و لایەنێك دەتوانێت، ڕۆژنامە یان گۆڤارو بڵاوکراوەی تایبەت بەخۆی هەبێت[١]

چەندین ڕۆژنامەنوسی بەتونا لە ناوچەکە بە گشتی سەریان هەڵداو چەندین دەزگاو دامەزراوی ڕۆژنامەوانی و میدیای لە ناوچەکە هاتنە کایەوە ، هەرچەندە لەو ماوەیەدا کاری ڕۆژنامەنوسی بە ڕێرەوە شایستەکەی خۆیدا تێنەدەپەڕی و ڕۆژنامەنوسان ئەکادیمی و شارەزای زۆریان نەبوو لەبوارەکەدا واتە ئیتیك و ژانرە ڕۆژنامەوانیەکان کەمتر ڕەنگیان دابووەوە ئەوەش پەیوەندی بە تازەکرانەوەو ئەو نیمچە ئازادیەوە بووە کە بەڕوی ناوچەکەدا کرابووەوە، هەتا نزیکی ساڵی (٢٠٠٣) و ڕو خاندنی ڕژێمی بەعس ، چەندین ڕۆژنامەنوس کە بەشێکیان وەك پەیامنێر کاریان دەکرد لە مەیدانەکەدا بوون.

بەڵام دوای ڕوخانی سەدام تەوژمێکی گەورەی ڕۆژنامەوانی لە گەرمیاندا پەیدابوو، ئەوەش پەیوەندی بەوەوە هەبوو کە ئیتر خەڵك ناترسێ و دەتوانێ پەیڕەوی حەزوخولیاکانی خۆی بکات . بۆیە چەندین ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەی تایبەت چاپ و بڵاو دەبونەوەو خزمەتی ڕۆشنبیری و زانیاریان بە دەڤەرەکە کرد، ئەمە جگە لە دام و دەزگا فەرمیەکانی حکومەت و حزبەکانیش کە دەستگیرۆی چەندین کەسیان دەکرد بۆ ئەوەی دەربکەون و کاربکەن لەبواری ڕۆژنامەنوسی و میدیایدا ، هەرچەندە چاپخانە لە ناوچەکەدا نەبوەو ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە بەزۆری لە شارەکانی تری کوردستان چاپ ئەکران ، کە ئەوەش نەبوە هۆی خاوبونەوەی تەوژمەکە، ئەگەرچی بەهۆی ئەو تراژیدیایانەی کە بەسەر میللەتی کوردو بەتایبەتی ناوچەی گەرمیاندا هاتووە ئەوەش ڕەنگدانەوەی تەواوی هەبوە لە زۆربەی کایەکانی ژیان و بەتایبەت پرۆسەی ڕۆژنامەگەریشدا ، واتە لە کۆتای نەوەدەکاندا گۆڤارو ڕۆژنامەنوسی تایبەتمەند بە ئەنفال پەیدابوو ، دوای سەدەی نوێ دیسان ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنوسی تایبەتمەند لە ناوچەی گەرمیاندا پەیدابوو ، بۆیە ناوچەی گەرمیان شانازیەکی دیاری هەیە لە بواری ڕاگەیاندندا ، کە لەماوەیەکی زەمەنی کورتدا خزمەتێکی بەرچاویان بە دەڤەرەکە کردوە.

لە ئاستی کوردستانی باشوریش ئەتوانین بڵێین لەدوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان ڕێگە بە ڕۆژنامەوانی کوردی ئاوەڵا بوو بۆ زیاتر پەیوەندی کردن بە جەماوەرەوە بونی ژمارەیەك ڕۆژنامەو کەناڵی ڕادیۆو تەلەفزیۆنی

---

[١] - سۆزان عوسمان عارف ، ڕاگواستن و بەعەرەبکردنی کەرکوك، گۆڤاری هەشتاوهەشت، ژمارە ( ٤ ) ی هاوینی ٢٠٠٥ ، لا ٩٣

ناوخۆو تەنانەت ئیستا بوونی کەناڵە ئاسمانییەکانی کوردی ئەو ڕاستییە جێگیر دەکەن ، هەڵدانەوەی لاپەڕەی هەرکامێك لە ڕۆژنامەکانی دوای ڕاپەڕین بەڕونی ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە گرنگییەکی زۆریان بە بڵاوکردنەوەی ئەو ڕوداوو کارەسات و لیستانەوە داوە کە لە بابەت چەکی کۆمەڵکوژوو کیمیایی و تاوانی جینۆساید لە پەلاماری ئەنفالەکاندا بەکار هاتوە نەوەك هەر پیشاندانێکی ڕووتی کارەساتەکان بەتەنیا لە پاڵیدا داوای دادگای کردنی ئەنجامدەران وهێنانەوەی بەڵگەی بەندەکانی جاڕنامەی گەردونی مافی مرۆڤ و بڕیارەکانی ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان وەك پاڵپشتێك بۆ مەبەستی ووروژاندنی هەستی خەڵك لەڕوی سایکۆلۆژیاوەو خستنە ڕووی کارەساتەکان بۆ بەرچاوی ڕای گشتی جیهانی و دروست کردنی ڕای گشتی لە کۆمەڵداو ڕق ئەستورکردنی خەڵك لەبەرامبەر تاوانەکانی ڕژیمدا . لەڕوی هونەرەکانی ڕۆژنامەوانییەوە دەتوانین بڵێین وەك ( مانشێت ) ی سەرەکی یان (سەروتار) یان(وتار) هەواڵەکان جێگەیان گرتوە ، هەروەها سوود لەچەندین (وێنەی ڕۆژنامەوانی) وەرگیراوە بۆ گەورەکردنەوەو تەقاندنەوەی ناخی خوێنەر تەنانەت ڕۆژنامەنوسی حیزبی ئەوەندە ڕۆڵی گێڕاوە چەندین مانگرتن و ڕێپێوانی هێمنانەی بۆ بەردەم بارەگای نوسینگەی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان و (un) ڕێکخستوەو لەوروژاندن ویەکخستنی چین و توێژەکانی کۆمەڵدا سەرقافڵەبووە.[1]

## ١-٣: مێژووی ڕۆژنامەگەری ناوچەی گەرمیان:

کاتێك شاکر فەتاح لە بەرواری (١٥-١١-١٩٤١) بووەتە بەڕێوەبەری ناحیەی قادرکەرەم، یەکێك لەو پرۆژانەی لە ناوچەکەدا بیری لێ کردۆتەوە دەرکردنی ڕۆژنامەیەك بوو بەناوی ( باسەرە) کە ناوی زنێیەکی گەورەی ناوچەکەیە. لە (٢٥-٦-١٩٤٢) یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەکەی دەرکردووە تاکو ڕۆژی (٢٣-١١-١٩٤٢) بیست و چوار ژمارەی لێ دەرچووە. ڕۆژنامەکە بە دەست نوسراوەتەوەو هەفتەی دوو جار بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لە ژمارە (٢٣ ی ڕۆژی ٩-١١-١٩٤٢) ەوە ڕۆژنامەکە بووەتە هەفتەی جارێك، ڕۆژنامەی باسەرە بە زمانی کوردی لە کاتی دەرچوونیدا لە خوێندنگای گوندی قادرکەرەمدا هەڵدەواسرا قەبارەی ڕۆژنامەکە بەپێی پێوانەکردنی ژمارە (٢٤) ی دەستنوسی (٣٤×٤٥ سم) ە.[2]

ماوەی ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی (١٩٣٩- ١٩٤٥) بەتایبەتی کۆتاییەکانی جەنگی دووەم، واتە ئەو دەمانەیە کە ڕێکخراو و حیزبێکی سیاسی وەك ( حیزبی هیوا ) بەتەوای لەم ناوچەیەدا دەرکەوت و لایەنگر و ئەندامی کارای خۆی هەبوو لەهەمان کاتدا بەشێوازێکی فراوان سنوری چالاکییەکانی خۆی لێرەشەوە دەست پێکردووە، لەم بارەیەشەوە یەکێك لە چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوە حزبییە ئەوە بووە کە لە سنوری گەرمیان و شاری کفری ئەو دەمانەدا و بەتایبەتی لە گوندی ( زەرداو) دا وەك هەریەك لە ( مستەفا نەریمان و شێخ عەتای تاڵەبانی و د. موکەڕەم ) باسیان لێوە کردووە، بڵاوکراوەیەکیان هەبووە بەناوی ( شیلان) ەوە، لە ماوەی ساڵانی

---

[1] – د. هیمدادی حوسێن ، ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیاتی نوێی کوردی ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی ٢٠٠٨ ، لا ٢٤٠

[2] – بەهادین ئەحمەد محمد – شاکر فەتاح ڕۆژنامەنوسی کورد– گۆڤاری کەرکوك ٣٠ – ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٠٦ لا ١٤٦

(١٩٤٤–١٩٤٥) و بە نهێنی (شێخ عەتای تاڵەبانی) بەخۆی وەك باڵی ( هیوای ئازاد) لە ڕیزەکانی حزبی هیواداو بە ئامێری چاپ بڵاوی کردووەتەوە، بەڵام نەزانراوە چەند ژمارەی لێ دەرچووە. بەڵام لەسەرچاوەی تردا مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نێوان ساڵانی (١٩٤٢– ١٩٤٣) لەلایەن (مستەفا نەریمان) و چەند کەسێکی ترەوە سەرۆکایەتی دەکرا. [1] دواتر بلاوکراوەیەکی تر بەناوی ( دەنگی داس) هەبوو ، کە بڵاوکراوەیەکی حزبی شیوعی عێراق بووە و لە ناحیەی ( قادر کەرەم) بڵاوکرایەوە، کە ئەو دەمە بەدەستنوس و بە قەبارەی ( ١٦) لاپەڕەی بچووك بە زمانی کوردی بڵاودەکرایەوە، ژمارەیەکی لە مانگی تشرینی یەکەمی (١٩٤٧) بەسەرپەرشتی خوا لێخۆشبوو ( حسن البرزنجی) بڵاوبۆتەوە تاوەك مانگی ئازاری ساڵی (١٩٤٩) بەردەوام بووە و پاشان لەکار وەستاوە. [2]

لە ساڵی (١٩٥١) دا ڕێکخراوی جووتیارانی سەر بە حزبی شیوعی عێراق لە ئاوایی ( بانی خێڵان) و ناوچەی مەیدان و وارماوە واتە ( زەڕایەن) ی ئێستا بڵاوکراوەی ( دەنگی داس) یان بڵاوکردووەتەوە کە بەسەریەکەوە ناوبەناو تا ساڵی (١٩٥٥) بەردەوام بووەو بەسەرپەرشتی ( مەلا ئەحمەدی بانیخێڵانی و حەسەنی مەلا عبدولکریم) بەلام نەزانراوە هەردوو بلاو کراوەکە لە بنەڕەتدا هەر یەك بلاوکراوەبوون یان جیاوازبوون ، یان هەر یەك بلاوکراوەن و دوای وەستانی لە ساڵی (١٩٤٩) و دیسان دەستپێکردنەوەی لە ساڵی (١٩٥١) دا بوەتە دەسپێکی مێژویەکی نوێ و لەسەرچاوەکان و لای لێکۆڵەران وەك دەستپێك ئاماژەی بۆکراوە ، بەلام ئەگەر وردبینەوە نزیکایەتی هەیەو سالأنی دەرچونی هەر دوو بلاوکراوەی ( داس) دوابەدوای یەکترن ، لە هەمان کاتدا لە هەردووکیاندا کەسێك بەناوی ( حەسەن) سەرپەرشتی کردوە، ئەمەش ئەمانگەیەنێتە ئەو بروایەی کە پێدەچێت هەر یەك بلاوکراوەی (داس ) هەبوبێت، بەلام بەرواری دەرچون بلاوکردنەوەکەی ساغ نەبوبێتەوە.

دواترو لە شاری خانەقیندا دوای بەرپابوونی شۆڕشی (١٤)ی گەلاوێژ لە ساڵی (١٩٥٨) لەم ماوەیە بەدواوە بڵاوکراوەیەك بەناوی گۆڤاری (خەباتی قوتابیان– **نضال الطلبة**) وە کە تەنها یەك ژمارەی بە زمانی عەرەبی لێ بڵاوبۆتەوە لەلایان یەکێتی قوتابیانی سەر بە حیزبی شیوعی عێراقەوە دەرچووەو ناوەڕۆکی گۆڤارەکە زیاتر مۆرکێکی ئەدەبی–ڕوناکبیری گشتی پێوە دیاربووە.[3] ، هەر لە هەمان ساڵدا (١٩٥٨) لە شاری خانەقیندا بڵاوکراوەیەکی ڕێکخراوی یەکێتی قوتابییانی کوردستان سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بەناوی ( پرشنگ) لەلایەن چەند قوتابییەکی وەك (جلال عبداللە ئاغای باجەڵان– حەسەن جاف– قادر ڕەحیم تاڵەبانی) وە دەرچووە تەنها یەك ژمارەی لێ دەرچووە.

---

[1] - حەسەن بارام ، فەرهەنگی ڕۆژنامەگەری کوردستان و عێراق ١٨١٦–٢٠٠٠ ، چاپخانەی ڕەهەند–چاپی یەکەم ٢٠١٢ ، لا ١٣٩

[2] - هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لا ١٥٩

[3] - ئەحمەد باوەڕ ، گۆڤاری خەباتی قوتابیان لە خانەقین ١٩٥٨، گۆڤاری ڕامان–ژمارە (٢٠٤)، چاپخانەی خانی – دهۆك ٢٠١٤، ل ١٢٥

دواتر له ساڵی (١٩٦١) دا هەریەك له ئەحمەد ڕەجەب زەنگەنە و ابرهیم باجەڵان بڵاوكراوەیەكیان بەناوی (الخریر) واتە (هاژە) وە لە (١٤) لاپەڕەداو تەنها (٣) ژمارەیان بە زمانی عەرەبی لێ بڵاوكراوەتەوە.[١] دوساڵ پاشترو لە ساڵی (١٩٦٢ یان ١٩٦٣) ڕۆژنامەیەك بەناوی (لادێ) ئەگەرچی ناوی ڕۆژنامەبوو، بەلأم هەفتانە سێ دانەی لێ بلأوكرابووەوەو بەسەرجەم نزیكەی (٥٠-٦٠) ژمارەیەكی لەلایەن فەرهاد شاكەلیەوە بلأودەكرایەوە. دوای وەستانی (لادێ)، هەمان كەس لە ساڵی (١٩٦٣ دا) ، گۆڤارێكی دەستنوسی بلأوكردۆتەوە بەناوی (بەهار)ەوەو نزیكەی (٣ بۆ ٤) ژمارەی لێ بلأوكرایەوە.[٢]

دوای سێ ساڵ هەر لە شاری خانەقیندا بەتایبەتی لە كانونی دووەمی (١٩٦٤) ەوە یەكێتی قوتابیانی سەر بە حزبی شیوعی گۆڤارێكیان بەناوی ( **كفاح الطلبة**)ەوە واتە (تێكۆشانی قوتابییان)ەوە بە (١٢) لاپەڕەی تەواو بە هەردوو زمانی عەرەبی و كوردی دەركردووە. ئەوانەشی كە ڕۆڵی سەرەكییان هەبووە (حسن الله وەخش– ابراهیم باجەڵان– عەزیز محمد شەریف– محمد عمر سلێمان زەهاوی ) بوون. بەسەر یەكەوە (٤) ژمارەی لێ دەركراو هەر ژمارەی نزیكەی ٤٠–٥٠ دانەی لێ بڵاوكراوەتەوە.

پاشان لە نێوان ساڵانی (١٩٦٥–١٩٦٦) بڵاوكراوەیەكی تری دەستنوس كە تەنها دوو ژمارەی بە (١٦) لاپەڕەی تەواو دووبارە لە خانەقیندا بەناوی ( **الثقافة**) وە لێ بڵاوكراوتەوەو لە ژێریشیدا بە زمانی كوردی نوسراوە ( تێگەیشتن ) كە لەلایەن هەریەك لە (جلال زەنگابادی — ابراهیم باجەڵان– وەلید جەعفەر و زەینەب تۆفیق) ەوە بە زمانی عەرەبی دەرچووە.[٣]

لە نێوان ساڵانی (١٩٦٧– ١٩٦٨) بڵاوكراوەیەكی دەستنوس بەناوی (بەرزنجە) وە لەشاری كفری دا بڵاوكردۆتەوە و بەزۆری بریتی بووە لە بڵاوكراوەیەكی ڕوناكبیری و بەسەریەكەوە تەنها (١٥) ژمارەی لێ دەركراوە. ئەوانەش كەنوسین و بابەتی خۆیانیان تێدا بڵاوكردۆتەوە (ئەحمەد شاكەلی و لەتیف هەڵمەت و فەرهاد شاكەلی) بوون. [٤]

هەر لە هەمان ماوەشدا لە نێوان ساڵانی (١٩٦٦– ١٩٦٧) دا لە گوندی ( دێبنە )ی نزیك بە كەلاری ئەمڕۆ بڵاوكراوەیەكی دەستنوسی بە هەردوو زمانی كوردی و عەرەبی بەناوی ( هەللولیا) وە بڵاوبوەتەوە، تێكڕای ژمارەی لاپەڕەكانی (٤– ٨) لاپەڕەی ناوەندی بوون و بەسەر یەكەوە نزیكەی (٨) ژمارەی دەستنوسی لێ

---

[١] - ئەحمەد باوەڕ ، كورتەیەك سەبارەت بەگەشەكردن و سەرهەڵدانی رۆژنامەوانی كوردی لەگەرمیاندا (١٩٤٠–١٩٧٠) ، گۆڤاری گیرفان ، ژمارە ٢ ، ساڵی ٢٠٠٦ ، ل ١٠١

[٢] - ئەحمەد محمد ناسر (ئەحمەد باوەر) ، مێژوی ڕۆژنامەوانیی كوردی لە ڕۆژهەلأتی گەرمیان (١٩٣٩–١٩٧٢)، گۆڤاری ئەكادیمیای كوردی– ژمارە (٢٧)،چاپخانەی حاجی هاشم–هەولێر ٢٠١٣ ، ل ٣١٩

[٣] - ئەحمەد باوەڕ ، كورتەیەك سەبارەت بەگەشەكردن و سەرهەڵدانی رۆژنامەوانی كوردی لەگەرمیاندا (١٩٤٠–١٩٧٠) ، گۆڤاری گیرفان ، ژمارە ٢ ، ساڵی ٢٠٠٦ ، ل ١٠٢

[٤] - حەسەن بارام ، فەرهەنگی ڕۆژنامەگەری كوردستان و عێراق ١٨١٦–٢٠٠٠ ، چاپخانەی ڕەهەند–چاپی یەكەم ٢٠١٢ ، لا ٣٠٨

دەرچوو. ئەوانەش تێیاندا دەی نوسی (ئەمجەد شاکەلی و شێخ محمدی شێخ ئەحمەد شاکەلی بوون)، ناوەکەشی لە ڕۆمانێکی یابانییەوە وەرگیراوە بە واتای بەخێرهاتن دێت.[1]

لە سنوری کەلاردا لە ساڵی (١٩٦٨) دا بڵاوکراوەیەکی تری ڕووناکبیری بەناوی ( شەپۆلەکان) ەوە بەدەستنوس کە تەنها دوو ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە و بە زۆری بە دەست خەتی ( سیروان حاجی ئەمین) نوسراوەتەوە، کە ژمارەیەکی تەنها ١٥ دانەی لێ دەرچووە. ئەوانەش کە بابەتیان تێدا بڵاوکردووەتەوە ( فەرهاد شاکەلی و غازی فەیسەڵ محمد داماو) بوون.[2]

پاشتر لە ساڵی (١٩٦٩) هەر لە شاری کفریدا بڵاوکراوەیەکی وێژەیی ڕووناکبیری بەناوی ( باوەشاسوار) ەوە کە تەنها یەك ژمارەی لێ دەرکراوە لەلایەن ( فەرهاد شاکەلی و لەتیف هەڵمەت و کەنعان محمد )ەوە بڵاوکراوەتەوە.[3] دواتر لە ساڵی (١٩٧٠) شدا فەرهاد شاکەلی بڵاوکراوەیەکی تری بەناوی ( گیڤارا) وە بڵاوکردووەتەوە.[4] لە هەمان ساڵدا واتە لەساڵی (١٩٦٩) دا فەرهاد شاکەلی لە شاری کفریدا لە دواناوەندی کفری یەك بڵاوکراوەی سەر دیواری ( نشرە جداریە) ی بڵاوکردووەتەوە بەناوی (جیکۆر) [5] هەر لەو ساڵەدا بڵاوکراوەی ( الکواکب) کە بڵاوکراوەیەکی سەردیوار بووە و ژمارەیەکی لە ساڵی (١٩٦٩) لە شاری کفری لەلایەن ( محمد ساڵح تۆفیق) ەوە لە دواناوەندی کفری بڵاوکراوەتەوە کە بە زمانی عەرەبی دەرچووە، تەنها دوو ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە.[6]

لە درێژەی ڕەوتە ڕۆژنامەنوسیەکەی ناوچەی گەرمیانداو دوای بەدوای هەموو ئەمانە لە ساڵی (١٩٧٢) دا لە ( ناوەندی کەلاری کۆن )ی ئەوکاتە ، بەسەرپەرشتی مامۆستا (ناصیح غەفور ئاخجەلەری) کە مامۆستای زمانی عەرەبی بووە، دوو بڵاوکراوەی سەر دیوار(نشرە جداریە) وەك چالاکی قوتابخانەکە بڵاوکراوەتەوە بەناوەکانی ( تیشك) بە زمانی کوردی و دوەمیشیان ناوی ( المعرفە ) بووە بەزمانی عەرەبی.[7]

دواتر ڕۆژی (١٤-٧-١٩٧١) گروپ یان تەوژمێکی نوێی ئەدەبی بەناوی (گرووپی کەرکوك کفری) دامەزرا کە قەلەمەکانیان ڕەنگڕێژی گۆڤارو بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەمەی کردبوو، کە لەم ئەدیبانە پێك هاتبوون ( لەتیف هەڵمەت، لەتیف حامد، فەرهاد شاکەلی، ئەحمەد شاکەلی.

---

[1] - حەسەن بارام ، فەرهەنگی ڕۆژنامەگەری کوردستان و عێراق ١٨١٦-٢٠٠٠ ، چاپخانەی ڕەهەند-چاپی یەکەم ٢٠١٢ ، ل ٣٠٣

[2] - ئەحمەد باوەڕ ، کورتەیەك سەبارەت بەگەشەکردن و سەرهەڵدانی رۆژنامەوانی کوردی لەگەرمیاندا (١٩٤٠-١٩٧٠) ، گۆڤاری گیرفان ، ژمارە ٢ ، ساڵی ٢٠٠٦ ، ل ١٠٥

[3] - حەسەن بارام ، فەرهەنگی ڕۆژنامەگەری کوردستان و عێراق ١٨١٦-٢٠٠٠ ، چاپخانەی ڕەهەند-چاپی یەکەم ٢٠١٢ ، لا ٣٢٧

[4] - ئەحمەد باوەڕ ، کورتەیەك سەبارەت بەگەشەکردن و سەرهەڵدانی رۆژنامەوانی کوردی لەگەرمیاندا (١٩٤٠-١٩٧٠) ، گۆڤاری گیرفان ، ژمارە ٢ ، ساڵی ٢٠٠٦ ، ل ١٠٥

[5] - هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٠٥

[6] - حەسەن بارام ، فەرهەنگی ڕۆژنامەگەری کوردستان و عێراق ١٨١٦-٢٠٠٠ ، چاپخانەی ڕەهەند-چاپی یەکەم ٢٠١٢ ، ل ٣٢٧

[7] - ئەحمەد محمد ناسر (ئەحمەد باوەڕ) ، مێژوی ڕۆژنامەوانیی کوردی لە ڕۆژهەلاتی گەرمیان (١٩٣٩-١٩٧٢)، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی- ژمارە (٢٧)،چاپخانەی حاجی هاشم-هەولێر ٢٠١٣ ، ل ٣٢٥

له دوای سالآنی حەفتاکانەوە تا سالّی (١٩٨٤) سەردەمێکی متبون و وەستان ئەبینین لە ڕەوشی دەرکردنی ڕۆژنامەو گۆڤارو بلآوکراوە لە دەڤەرەکە، پاشترو سالّی (١٩٨٤/١٩٨٥) کۆمەڵە خوێندکارێکی گوندەکانی ( دێنە ، سەیدە ، شاکەل ) مانگنامەیەکی ئەدەبی و کۆمەلآیەتیان دەردەکرد بەناوی ( سێبەر ) کە لە گوندی دێنە دەردەکرا ، سەرنوسەرەکەی ناوی نەبەز بەرزنجی ( عیسا چیایی ) ئێستا، سکرتێری نوسینی ( ئاسۆ).. ( ئەحمەد شاکەلی ) بوو[1]

جگە لە بلآوکراوەی ( سێبەر ) هەتا ڕاپەرین هیچ بلآوکراوەیەکمان بەرچاو نەکەوت لە کاتی پشکنین و گەڕان بە نێو سەرچاوەکاندا. بەلآم دوای ڕاپەڕین بارودۆخێکی زۆرتایبەت بۆ کاری ڕژنامەنوسی لەکوردستان و بەتایبەت گەرمیان هاتە کایەوە، ئەگەرچی لە سالآنی سەرەتای ڕاپەڕین دا بەهۆی هەژاری و کەمدەرامەتی ناوچەی گەرمیان نەتوانرا ڕۆژنامەو بلآوکراوەی هەبێت ، هەتا (١٩٩٢/٢/١٩) ژمارە (٠) و تاقە ژمارەی (هاواری گەرمیان) بە دوو ڕەنگی ڕەش و سپی و قەبارەی (٣٠×٤٠) ، بە چوار لاپەڕەو تیراژی (٣٠٠٠) دانە دەرچوو ، ڕۆژنامەکە ناوی کەسی لەسەر نەبوو بەناوی ( دەستەیەك لە ئاوارەکانی گەرمیانەوە بلآوکرایەوە) کە ئەوەش لە ژمارە ( ١ )ی گۆڤاری گۆڤار دا ( شوان داودی ) لە لاپەڕە (٤٩) ئاماژەی پێ دەکات.

لێرەدا لەبەر ئەوەی زەمەنی ڕۆژنامەکان لە دوای ڕاپەڕینەوە ئەوەندە کۆن نیە دەکرێت زانیاری زیاترو ورد تر بخەینە ڕوو ، بۆیە هەر ڕۆژنامەو گۆڤارێك لە ژێرناوی خۆیدا تیشك دەخەینە سەری ، بەم شێوەیە...

-- میلکان : یەکەم بلآوکراوەی کوردیە کە لە سالّی ١٩٩١ لە کەلار و گەرمیان لە لایەن لقی خانەقینی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان بە هەردو زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە ، ژمارە سێی لە سەرەتای مانگی تەموزی ١٩٩١ بلآوکراوەتەوە. وەك ستاف ناوی کەسی لەسەر نیەو بە (١٢) لاپەڕەی ڕەش و سپی بلآوکراوەتەوە ، بەهۆی ئەوەی خانەقین لە ژێر دەستی حکومەتی عێراق (سەدام) بووەو ئازادی ڕۆژنامەگەری و بلآوکراوە نەبووە ، ئیشوکارەکانی ڕۆژنامەکە بەزۆری لەکەلار ئەنجام دەدرا.

- پەیامی ئازادی : بلآوکراوەیەکی حزبیەو لەلایەن حزبی سۆسیالیستی کوردستان/ عێراق لقی پارێزگای دیالەوە ، لە سالّی ١٩٩١ بە هەشت لاپەڕەی ڕەش و سپی قەبارە بچوك ، بەزمانی کوردی دەرچووە.

- تیشك: گۆڤارێکی ڕۆشنبیری و کۆمەلآیەتیە، هەموو مانگێك لەلایەن قوتابی ( عادل مەلا سالّح)ەوە دەرچووە، ژمارە (٤)ی لە سالّی ١٩٩٤ بلآوکراوەتەوە کە بە دەست نوسراوەتەوە ، ستافەکەی بەم شێوەیە - بەڕێوبەرو سەرنووسەری : عاد مەلا سالّح ، دەستەی نوسەران ( عادل نازێی ، ئەرسەلان محمد ڕۆستەم ).

- وەرزش و گەرمیان : بلآوکراوەیەکی وەرزشیە ، یانەی وەرزشی شێروانە مانگی دوو جار دەریکردووە، ژمارە (٣)ی لە ١٨-٤-١٩٩٦ بە چوار لاپەڕەوە دەرچووە، ئەم بلآوکراوەیە ستافەکەی بەم شێوەیە بووە ، سەرنووسەر

[1] - عیسا چیایی ، سێبەر ، گۆڤاری گیرفان ، ژمار ( ٩ ) ی سالّی ٢٠٠٨ ، لا ٦٠

: حەسەن عەلی سەلیم ، بەڕێوەبەری نووسین: عەدالـەت عەبدولاّ ، سەرپەرشتیاری هونەری : خـەلیل ڕەفعەت ، بلاّوکراوەکە بە زمانی کوردی و عەرەبی لە کەلارو گەرمیان بلاّوبوەتەوە.

– کەلّیار: ڕۆژنامەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیری زانستی گشتی خوێندکاریە لە پـەیمانگای تـەکنیکی کـەلار دەرچـووە، ژمارە ( سفر )ی لە ٨–٤–١٩٩٦ بە دوو لاپەڕەی قەبارە بچوك بلاّوکراوەتـەوە، ژمـارە (١)ی لـە هـەمان سالّدا بـە شەش لاپەڕەی قەبارە گەورە بلاّوکراوەتەوە، ئەم ڕۆژنامەیە ناوی ستاف لەسەر نەبووە.

– فەرتەنە: مانگنامەیەکی ڕەخن ئامێزی خوێندکاری بووە ، ژمارەیەك لە خوێنـدکارانی ناحیـەی ڕزگـاری سـەر بـە قەزای کەلار بە دەست نووس دەریـان کـردووە، ژمـارە (١)ی لـە تشـرینی دووەمـی سـالّی ١٩٩٦ دا دەرچـووە بـە چوارده پەڕەوە، ئـەم بلاّوکراوەیـە لەلایـەن ئـەم دەسـتە خوێنـدکارەوە دەرچـووە ، لەوانـە ( حەسـەن ئەحمـەد ، مەحمود سالّح ، خەلەف غەفور ، عزەت عەلی ، ئارام قادر).([1])

– ڕۆژنامـەی گـەرمیان: ڕۆژنامەیـەکی ڕۆشـنبیری گشـتی خوێنـدکاری بـووە لەلایـەن ڕاگەیانـدنی لقـی گـەرمیانی کۆمەڵـەی خوێنـدکارای کوردسـتانەوە دەرکرا. ژمـارە (١) ی لـە (١٢–٤–١٩٩٧) دەرچـووە. دەسـتەی نوسـەرانی ڕۆژنامەکە پێکهاتبوون لە ( شیلان محمـد و ئیسماعیل نەجمـەدین و عیمـاد محمـد و جـوان ئەحمـەد )، تـەنها دوو ژمارەی لیّ دەرچوو، دواتر لەکارکەوتووە. [2]

– ژینـی نـویّ : بلاّوکراوەیـەك بـووە یەکـەم ژمـارەی (سـفر) لـە (١–١–١٩٩٧) دەرچـووە ، لەسـەری نووسـراوە سالانەیە، بە دەستنووس نووسراوەتەوە و قەبارەی لاپەڕەی (A4) و بریتی بووە لـە (٦) لاپـەڕەی ڕەش و سـپی و چـەند خوێنـدکارێکی شـاری کفـری بـەهاوکاری کۆمەڵـەی خوێنـدکاران دەریـان کـردووە ، ئـەم بلاّوکراوەیـە لـە ژمارەکانی دواتردا بوەتە مانگانە و (سامان کریم) بوەتە سەرنووسـەری ، کـۆی (١٤) ژمـارەی لـیّ دەرچـووە و دوا ژمارەی (١٤) لە مانگی (٦)ی سالّی (١٩٩٧) دەرچووە. بابەتەکانی بە گشتی بریتی بوون لە بەرهـەمی خوێنـدکار، نووسینی پـەروەردەیی و هەنـدێك گرنگیشـی بـە هـەوالّی ناوچـەکە داوە، چاوپێکەوتنیشـی تیـادا بلاّوکراوەتـەوە و لاپەڕەو بەشی تایبەتیشی هەبوە تەرخانکراوە بۆ بابەتە ئەدەبی و هونەرییەکان و وەرزش.

دوای ژمارەی (١٤) ئیتر ئەو بلاّوکراوەیـە لـە فـۆرمی گۆڤـار و بەهـەمان نـاو بلاّوکراوەتـەوە و یەکـەم ژمـارەی وەك گۆڤار کە ژمارە (١) بووە لە مانگی (٨)ی سالّی (١٩٩٨) دەرچـووە ، قـەبارەی بچـوکی نیـو (A4) بـوە بـە (٢٠ ) لاپەڕەی چاپ بلاّوکراوەتەوە، لە ژمارەکانی دواتردا قەبارەکەی بوەتـە (A4)ی تـەواو. لـەژمارە (٤)ەوە ناوەکـەی گۆڕاوە و بوەتە (باوەشاسوار) و مانگانە بلاّوکراوەتەوەو ( هیوا عـەلی ) بەڕێوەبـەری نوسـینی بـووە ، دوا ژمـارەی واتـا ژمـارە (٦) لەسـەرەتای سـالّی (٢٠٠٠)دا بلاّوکراوەتـەوە ، بـەهۆی نـەبوونی هاوکـاریی مادیـەوە لەدەرچـوون وەسـتاوە ، بابەتـەکانی گشـتی بـوون، گرنگـی زۆری بـە بابەتـە ڕۆشـنبیرییەکان داوە و ڕەگـەزەکانی کـاری

[1] - سەباح عەلی جاف ، ببیلیۆگرافیای ڕۆژنامەنوسی کوردی لە کەلار ١٩٩١–٢٠١١ ، گۆڤاری شیکار –ژمارە (١٣) ، سالّی چوارەم – بەهاری ٢٠١٦، ل ١٢٨–١٢٩

[2] - حەسەن بارام ، فەرهەنگی ڕۆژنامەگەری کوردستان و عێراق ١٨١٦–٢٠٠٠ ، چاپخانەی ڕەهەند–چاپی یەکەم ٢٠١٢ ، ل ٤٩٤

ڕۆژنامەنووسی تیادا پەیڕەوکراوەو بەشی تایبەتی بە چاوپێکەوتن و ریپۆرتاژ و بەدواداچوون هەبوە ، گرنگیشی بە لایەنی ئەدەبی و کەلتوری و وەرزشیش داوە. لەژمارەکانی دواییدا گۆڤارەکە ئاستی باشتر بووەو قەڵەمە دیارەکانی ناوچەکەش نووسینیان تیادا بڵاوکردوەتەوە، بەئاستێکی باشیش لەسنوری گەرمیاندا خوێنەری هەبوە.

– گۆڤاری گۆڤار : گۆڤارێکی سیاسی – ڕۆشنبیری گشتییە، ژمارە (١) ی لە کانوونی دووەمی (١٩٩٨) دەرچووە، گۆڤاری گۆڤار تەنیا چوار ژمارەی لیّ دەرچوو ، لە گەرمیان و بەتایبەت لە کەلاردا بڵاوبووەتەوە. ژمارە (٣ و ٤) ی بەیەکەوە چاپ و بڵاو بووەتەوە کە سەرنووسەرەکەی (سەردار عەبدوڵا) و دەستەی نوسەران: (لوقمان خەیاڵی – مەجید ساڵەح – تەها سلێمان – عەدالەت عەبدوڵا)بوون.

– تۆژەر : گۆڤارێکی وەرزانەی ڕوناکبیری، زانستی ، گشتی یە ، پەیمانگای تەکنیکی کەلار بەزمانی کوردی و عەرەبی دەریدەکرد، کە ژمارە(١)ی لە هاوینی ساڵی (١٩٩٨) بڵاوبوەتەوەو تەنها یەك ژمارەی لیّ دەرچووە. خاوەنی ئیمتیازی : یونس ژاڵەیی و ، سەرنووسەر: ئەحمەد باوەڕ بووە، ئەم گۆڤارە زیاتر زانستی بووە.

–– پرشنگی نویّ : گۆڤارێکی ڕۆشنبیری مانگانەی گشتیە کۆمەڵێك خوێندکار لە ناحیەی ڕزگاری ( سمود ) دەریدەکەن، ژمارە ( سفر ) ی لە کانونی یەکەمی ١٩٩٨ بە بیست لاپەڕەی ڕەش و سپی و بە دەست نوسراوەتەوە. تەنها یەك ژمارەی لیّ دەرچووە ، ستافەکەیشی بەم شێوەیە ، سەرنووسەر : مەریوان حەسەن قادر ، جێگری سەرنووسەر: محمود سالّح قادر ، بەڕێوەبەری نووسین: حەسەن ئەحمەد محمد ، دەستەی نوسەران ( عومەر ئەحمەد ، ئەیاد ئەحمەد ، هەژار ئیبراهیم ، دیاری ئەسعەد ، ئیبراهیم سدیق ، دیار عەلی ) .

– سۆز : بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری گشتی مانگانەیە – بەرنامەی باخچەی ئێزگە لە دەنگی یەکگرتوو ڕادیۆی کەلار دەریدەکرد ، ژمارە (١) ی لە شێوەی گۆڤارێکی گیرفانیدا بووە لە دوو توێی (٤٠) لاپەڕەدا لە یەکی کانوونی دووەمی ١٩٩٩ دەرچووە ، کە هاوکات بوو بە مانگی پیرۆزی ڕەمەزان و سەری ساڵی تازەی زاینی. ستافەکەیشی کارمەندانی ڕادیۆی یەکگرتوو بون ، وەك ( عاد حسین قادر ، فەریق محمد ، والی محمد ). سۆز پێنج ژمارەی لیّ بڵاوکراوەتەوە.

پێنووس ( پێنوس): بڵاوکراوەیەکی گشتی مانگانە بووە ، لە ژمارە (٩)یدا نووسراوە بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری گشتی یە ، لقی کەرکوکی – یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان دەریدەکات ، ژمارە (١) ی لە سەرەتای تەموزی ١٩٩٩ دەرچووە بە قەبارەی بچوك و بە (١٢) لاپەڕەی ڕەش و سپی. ستافەکەیشی بەم شێوەیە ، سەرپەرشتیار: محمد عەزیز ، دەستەی نووسەران ( ئارام حەسەن ، کاراوان عەلی ، ئازاد عوسمان). ئەم مانگنامەیە چەندین گۆڕانکاری بەسەر ستافەکەیدا هاتووەو تێکرا (١٤) ژمارەی لیّ بڵاوکراوەتەوەو کۆتا ژمارەی لە ئازاری ٢٠٠١ دەرچووە.([١])

[١] - سەباح عەلی جاف ، بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەنوسی کوردی لە کەلار ١٩٩١–٢٠١١ ، گۆڤاری شیکار –ژمارە (١٣) ، ساڵی چوارەم – بەهاری ٢٠١٦، ل ١٣١

– گۆڤاری ئەنفال : ئەم گۆڤارە تەنیا حەوت ژمارەی لێ دەرچووە لە ساڵی (٢٠٠٠) ژمارە یەکی چاپکراوە. گۆڤارێکی لێکۆڵینەوە دیکۆمێنتییەو وەزارەتی ڕۆشنبیری دەریدەکرد ، ستافەکەی بەم شێوەیە بوو ، (خاوەنی ئیمتیاز: وەزارەتی ڕۆشنبیری، سەرنووسەر: دلشاد تالەبانی، جێگری سەرنووسەر: د.مارف عومەر گوڵ، سکرتیری نووسین: مجید سالەح، دەستەی نوسەران: لەتیف فاتیح فەرەج، عەدالەت عەبدوڵا، عارف قوربانی، تەها سلێمان. سەرپەرشیاری بەشی ئینگلیزی: محەمەد حەمەساڵەح، سەرپەرشتیاری بەشی عەرەبی: شەهاب قەرەلووسی).

– داستان : بلاوکراوەیەکی مانگانەی گشتی یە – لقی کفری ڕێکخراوی خوێندکاران و لاوانی دیموکراسیخوازان دەریان دەکرد، کە ژمارە ( ١ ) ی لە ساڵی (٢٠٠٠) بلاوبوتەوە.ئەم بلاو کراوەیە ( – ) ژمارەی لێ بلاوبوەتەوە ، سەرنووسەرەکەی ناوی ( بەهادین ئەحمەد ) دەستەی نوسەران : ( فوئاد عەدنان ، زانا کەمال ، کارزان شهاب ، ئەژدەر محمد).

– گۆڤاری شەم : گۆڤارێکی وەرزی ڕۆشنبیریی گشتیی بووە.(ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان/ سەنتەری کفری) دەری کردووە.(ئاری عوسمان خەیات) سەرنووسەری بووە، ژمارە (سفر)ی لە ئەیلولی ساڵی (٢٠٠٠) دەرچووە ، دوا ژمارەی کە ژمارە (٥) بوو، لە پاییزی (٢٠٠٢) دەرچووە.

– لە ساڵی ٢٠٠١ گۆڤارێك بەزمانی عەرەبی بەناوی ( الافق )دا دەرچوو، ئەم گۆڤارە وەرزی و وێژەیی و ڕۆشنبیری گشتی بووەپەیمانگای مامۆستایانی خانەقین لە خانەقین دەریان دەکرد [1]

– پژمە : گۆڤارێکی کاریکاتێری واقیعی هەمەڕەنگە ، لە سەر بەرگی ژمارە (٢)ی نووسراوە هەرکات ئارەزومان هەبوو دەریدەکەین ، کە لەلایەن ژمارەیەك لە قوتابیانی پەیمانگای تەکنیکی کەلارەوە بلاوکراوەتەوە، ئەم بلاوکراوەیە لە ساڵی ٢٠٠٢ بە هەشت لاپەڕەی قەبارە بچوك و بە ڕەش و سپی و بە شێوەیەکی تەنزو گاڵتە ئامێز بلاو کراوەتەوە ، خاوەنی ئیمتیازی پەیمانگای تەکنیکی کەلار بووەو دەستەی نوسەرانیشی ئەم کەسانە بوون ( چۆمان جەمال ، زانیار سەلاح ، دەروێش فەرەج ، دلشاد یوسف ، ڕێبوار لەتیف ، حەسەن ڕەزا ) ئەم بلاوکراوەیە بەدەست نوسراوەنەوەو دواتر بلاو کراوەتەوە.[2]

– خۆر نەوازان : یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی خۆر نەوازان لە(٢٠٠٣/٩/٢٣) لەشاری کفری دەرچووە بەقەبارەی (A4) و بەتیراژی (٣٠٠_٤٠٠) دانەی لێ چاپکراوەو بریتی بوو لەهەشت لاپەڕە، یەکەم ستاف کەکاریان تێدا کردووەبریتی بوون لە: ( سەڵاح گەرمیانی، سامان کەریم، هیوا محەمەد، ئاری عوسمان خەیات، شنۆ ئیقبال) چوار ژمارەی بەم قەبارەیەلێ دەر چوو، ئەم چوار ژمارەەی وەکو ستاف کاریان کردوە ، واتە خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر و جێگری سەرنووسەر نەبووە، تا مۆڵەتی یاسایی وەر نەگرت. لەژمارە(٥) ەوەقەبارەکەی

[1] - ئومێد شێخ ڕەحیم ، کاری ڕۆژنامەنوسی لە خانەقین ، گۆڤاری ورێزار –ژمارە (٢–٣)، ساڵی ٢٠٠٦ ، ل ١٠٠

[2] - سەباح عەلی جاف ، ببیلیۆگرافیای ڕۆژنامەنوسی کوردی لە کەلار ١٩٩١–٢٠١١ ، گۆڤاری شیکار –ژمارە (١٣) ، ساڵی چوارەم – بەهاری ٢٠١٦، ل ١٣٢

گـەورەکراوەو کـرا بـە(A3) و لەڕیکـەوتی (٢٩ /٢٠٠٣/١٢) مۆڵـەتی وەزارەتـی ڕۆشـنبیریی حکومـەتی هـەرێمی کوردستانی وەرگرت.

خۆرنـەوازان پاشـکۆو ژمـارەی تایبـەتی هـەبوو، پاشـکۆی خۆرنـەوازانی عـەرەبی کـەمانگی جارێـك و بـەدوو لاپەڕەدەردەچوو، دواتر کرا بەچوار لاپەڕە، ئەم پاشکۆیەبەسەرپەرشتی (سوهێل خورشید و ساهیر عـەلی جاسـم، عبدولموتـەلیف رەفعـەت)بـوو، دواتـر لـەژمارە بیسـتەوەبوو بەهەشـت لاپـەڕە و نـاوی نـرا (صـدی گـەرمیان) کەستافەکەی بریتیی بوون لە(ڕەحیم حەمید، سوهێل خورشید، سـاهیر عـەلی جاسـم، ئیسـماعیل جـاغ)، کـەبریتی بوو لەهەشت لاپەڕە و بەشێوەیەکی مانگانە دەردەچوو، ئەم پاشـکۆیە(٢٧) ژمـارەی لـێ دەرچـوە و دواتـر لەبـەر چەند هۆکارێك ڕاوەستا.

تایبەت بەتاوانی (ئەنفال) لەیادی تاوانەکـەداو لـە(١٤ /٤)دا ژمارەیـەکی تایبـەت بـەو بۆنەیـەوە دەرکـردوە. دواتـر پاشکۆی (حەمەداماو)ی دەرکردوە کە ئەم پاشکۆیە لەیادی چلەی (محەمـەد دامـاو) دا دەردەچـوو بـە(٤) لاپـەڕە.

ڕۆژنامەی خۆرنەوازان پاشـکۆی مۆنـدالی هـەبوو، بەبۆنـەی یارییـەکانی جـامی جیهـانی ئـەڵمانیاوە بـۆ تـۆپی پـێ، خۆرنەوازان پاشکۆیەکی ڕۆژانەی تایبەتی(٨) لاپەڕەیی دەردەکرد بەقەبارەی (A4) بەناوی (مۆنـدیالی ئـەڵمانیا). کەبەدرێـژایی ڕۆژانـی ئـەو مۆندیالـە دەردەچـوو و یەکـەم پاشـکۆی ڕۆژانـەی وەرزشـییە لەگەرمیانـدا، سـتاف ئـەم پاشکۆیەبریتی بوون لـە(دلاوەر نـوری، سـەڵاح هـەولێری، ڕیبـەر عـەباس، قـادر قـەرەداغی، سـەرکەوت پەرێشـان، سەرتیپ وەلی، دانا ڕزگار، دارا عاسی)

پاشکۆیەکی تری هەبوو بەناوی ( کاریکاتێر ): سێ ژمـارەی لـێ دەرچـووەو ستافەکەیشـی بـریتی بـوون لـە(ڕزگـار عەزیز، زانا کەمال، دڵشاد ئیبراهیم).

-- گەرمیان : مانگنامەیەکی ڕۆشنبیری گشتیە ، مەڵبەنـدی ١١ ی گـەرمیانی ( ی،ن،ك) دەریـدەکرد ، ژمـارە ( سـفر)ی لـە ٩-٣-٢٠٠٣ لـە کـەلار دەرچـووە، لاپـەڕەکانی ڕەش و سـپی و سـەوز بـووە ، خـاوەنی ئیمتیـازی : مەڵبەندی ١١ ی گـەرمیانی یـەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان بـووە ، سەرنووسـەر : ڕزگـار حـاجی حەمیـد ، جێگـری سەرنووسەر : سەلام عەلی ، بەڕێوەبەری نووسین : سەلام کەریم.

- پـەیامی لاوان ( پـەیامی گـەنج) : ئـەم بڵاوکراوەیـە لەلایـەن ناوچـەی ڕزگـاری و لقـی گـەرمیانی یـەکێتی لاوانـی دیموکراتی لە کوردستانی عێراق دەرکراوە، ژمارە ( سفر )ی لە مانگی تـەموزی ٢٠٠٣ دەرچـووە بـە (٨) لاپـەڕەی ڕەش و سپی ، سەرپەرشتیاری بڵاوکراوەکە لە سەرەتاوە تـا کۆتـایی ( بـەهادین کـەمال ) بـووە، دەسـتەی کـاری بریتی بووە لە ( سیروان سەعید ، نەوزاد فوئاد ، غازی شکور ) ، ژمارە (٦)ی پیامی لاوان لە ئابی ٢٠٠٤ بـە چـوار لاپەڕەی قەبارە بچوك بڵاوکراوەتەوە، لە ژمارە (٨) ی دا لە ١٥-١٠-٢٠٠٨ بە ڕەنگاوڕەنگی و بە هەشت لاپەڕەوە دەرچووە.

- بزە : گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی زانستی کاریکاتێریە ، لەلایەن ژمارەیەك خوێندکاری پەیمانگای تەکنیکی کەلارەوە دەرچووە، لەبەرگی ژمارە یەك و دوودا نوسراوە ( بزە ، گۆڤارێکی کاریکاتێری زانستی کۆمەڵایەتیە )

ژماره (سفر)ی له سەرەتایی ساڵی ٢٠٠٣ بە هەشت لاپەڕەی قەبارە بچووك بە ڕەش و سپی بڵاوکراوەتەوە ، بابەتەکانی زیاتر لەسەر ڕەوشتی خوێندن بوەو کە بە تەنز ئاماژەو باسی لێوە کراوە ، ستافەکەی بەم شێوەیە بووە ، خاوەنی ئیمتیاز: کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان– کۆمیتەی پەیمانگاکان ، سەرنووسەر: دلاوەر حەمە شەریف ، دەستەی نووسەران : ( هەڵگورد حەمید ، جۆزیف کەلاری ، شارا عەبدوالکریم ، سامان محمد ، جەبار سەمین ) کاریکاتێریست : مامۆستا لوقمان حەمە کەریم ، بزە چوار ژمارەی لێ بلاّو کراوەتەوە.

– زیپان : گۆڤارێکی ڕۆشنبیری کۆکراوەیە، لقی کەلاری – بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیری گەلاوێژ بەزمانی عەرەبی بڵاوی کردۆتەوە ، ژمارە ( سفر)ی لە ساڵی ٢٠٠٤ بە قەبارەی بچوك بە (٢٣) لاپەڕەی ڕەش و سپی دەری کردووە ، ئەم گۆڤارە لە ژمارە سەرەتاییەکانیدا بابەتەکانی بە زمانی عەرەبی لە سایتەکانی ئینتەرنێتەوە وەرگیراوە، گۆڤاری زیپان ژمارە (١٠) ی لە پایزی ٢٠١١ بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بە (٤٠) لاپەڕەوە بە بەرگێکی ڕەش و سپی یەوە بڵاوکراوەتەوە، ( سەرپەرشتیاری گۆڤارەکە : ئەحمەد خۆشنوس و بەڕێوەبەری جێبەجیکار: ئاسۆ وەهاب )ە.([1])

– گۆڤاری هەشتاوهەشت: وەرزە گۆڤارێکی ڕۆشنبیرییەو ساڵی یەکەمی لە بەهاری (٢٠٠٤) ژمارە یەکی چاپ و بڵاو بووەتەوە، ناوەکە گوزارشت لە ساڵی هەشتاوهەشت دەکات کە گەلی کوردستانی عێراق بە دەستی ڕژێمی بەعس و سەدام ئەنفالٚ کرا ، لە ژمارە یەکدا ستاف و دەستەی گۆڤارەکە بەم شێوەیەیە: (خاوەنی ئیمتیاز: مەحمود سەنگاوی، سەرنوسەر: سالار مەحمود، دەستەی نووسەران: ئەحمەد باوەڕ، تەها سلێمان، ڕزگار حاجی حەمید، سەلام عەلی) بەلاّم لە ژمارەکانی تردا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

– ڕۆژنامەی خەڵك : ڕۆژنامەیەکی ئەهلی ئازادبوەو لە گەرمیان دەردەچوو، لە ساڵی (٢٠٠٤) دا، کە ستافەکەی پێکهاتبون لە(عەلی ئەحمەد کەریم خاوەنی ئیمتیاز، تەها سلێمان سەرنووسەر، هۆشیار عەبدولعەزیز سکرتێری نووسین، سەردار ڕەحیم، کامەران تەیب، کامەران یاروەیس، سەهەند عەبدوڵا، سالەح عەلی، هیوا محەمەد دەستەی نووسران بوونە). ئەمەڕۆژنامەکەلەچەند ژمارەکەدا مانگانەبوو و تێپەڕی و دوایی لاپەڕەیەکی عەرەبی بۆ زیادکرا و نەجم ڕەحمان وارانی بووەبەرپرسی ئەو لاپەڕەیە، لە ساڵانی دواتریدا ئەم ڕژنامەیە بوە (٢٠) لاپەڕەو مانگی دووجار بلاّودەبوەوە.

– ڕژنامەی کەنار : ئەم ڕۆژنامەیە یەکەم ژمارەی لە(٢٠٠٤/٧/١٥) بەچوار لاپەڕەو بەقەبارەی (A4) و بە تیراژی (١٠٠٠) دانەی ڕەش و سپی دەرچووە ، خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر: بێستون ژاڵەیی، بەڕیوبەری نوسوین: فەریق حەمەسالح، بەڕیوبەری کارگێری و دارایی: والی محەمەد. ستاف نووسەران: دڵشاد ئەنوەر، عادل حوسێن، سوعاد حاتەم، دلێر عەبدوڵ ڕەحمان، پەیمان ئەمین، حەمید عەلی، هەردی مەهدی، هێمن بابان.

[1] - سەباح عەلی جاف ، ببیلیۆگرافیای ڕۆژنامەنوسی کوردی لە کەلار ١٩٩١–٢٠١١ ، گۆڤاری شیکار –ژمارە (١٣) ، ساڵی چوارەم – بەهاری ٢٠١٦، ل١٣٣– ١٣٤– ١٣٩

پاشکۆیەکی هەبوو بەناوی (کەناری ژن) کە بەچوار لاپەڕەی قەبارە(A3) یەکەم ژمارەی لەشوباتی (٢٠٠٦) دەرچووە کە بە سەرپەرشتیاری سوعاد حاتەم و ستاف نووسەران: پەیمان ئەمین، چنوور بەرزنجی، بووە.
پەیامنێرەکان: (هێمن بابان – کفری) ، (ئاری سایەحان – خانەقی)، (سالم حەمەسالەح – هەڵەبجەی شەهید)، (سەرحەد یوسف – ڕانیە)، (هەردی مەهدی – سلێمانی)، (عیماد نازم – دوون)، (فاتمەحاتەم – بەغداد)، (جوتیار کەریم – باوەنوور)، ( هۆگر غەریب – هەولێر)، (ئازاد حەسەن – ڕزگاری).
– داینەمۆ: مانگنامەیەکی ناوچەیی گەرمیان بوو خاوەنی ئیمتیازو سەرنوسەری ڕێبین تەها بوو، کاوە ئەحمەد بەڕێوبەری نوسین، و دەستەی نوسەرانیش: ئەرکان محەمەد رەشید و محەمەد ئەمین و دیاری ئەسعەد (١٣) ژمارەی بە (١٢) لاپەڕەوە لێ دەرچوو ، لە کۆتایی (٢٠٠٤) یەکەم ژمارەی بڵاوکرایەوە
–– ئەفراندن : بڵاوکراوەیەکی ڕەخنەیی مانگانەیە، بەشی رۆشنبیری لقی گەرمیانی یەکگرتووی قوتابیان سەرپەرشتی دەکات ، ژمارە (سفر)ی لە ١–٤–٢٠٠٤ بەچوار لاپەرەی رەش و سپی دەرچووە. دواین ژمارەیشی کە ژمارە (١٤) ەیە لە تەموزی ٢٠٠٥ بە شەش لاپەڕەی قەبارە بچوك بە ڕەنگی ڕەش و سپی بڵاوکراوەتەوە، ستافەکەی بەردەوام گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لە ژمارە (٦) یدا ستافەکەی بەم شێوەیە بووە ( سەرنووسەر : حەمید عەلی ، بەڕێوەبەری نووسین : سەردار سالّح ، سیامەند سەلام ).
– هەنگاو : بڵاوکراوەیەکی زانستی ڕۆشنبیری گشتی یە ، پەیمانگای تەکنیکی کەلار– بەشی ڤێتێرنەری ئامادەی دەکات، ژمارە (٠–١)ی لە ئازاری ٢٠٠٤ بە بیست لاپەڕەی قەبارە بچووك بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی دەرچووەو بڵاوبوەتەوە، خاوەنی ئیمتیازی : بەشی ڤێتێرنەری ، سەرنووسەر: د.عەلا حسێن، دەستەی نوسەران( والی خالد، کاوان کەریم ، مقداد کاکە عەبدوڵا ، شێروان حەمە ئەمین، باوە ڕەسولّ) ، ڕاوێژکارانی بڵاوکراوەکە (د. مەحمود حەسەن ، د. سەردار محمد). ژمارە (٢)ە بڵاوکراوەی هەناگاو بە بیست پەڕە و بە ڕەنگی شین و پەمەیی دەرچووە.([1])
– دەربەندیخان : ڕۆژنامەیەکی ئەهلی ئازادە، کۆمەڵێك گەنجی سەربەخۆ دەریان کردوە مانگی جارێك لە قەزای دەربەندیخان، بە (٨ ) لاپەڕەی ڕەش و سپی و بە قەبارەی گەورەی ڕۆژنامە، ژمارە(٨)ی کە لە بەردەستە لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٥ بڵاوکراوەتەوە، ستافەکەی بەم شێوەیە، خاوەنی ئیمتیاز: خالد عەلی قادر، سەرنوسەر: ڕاستی ئەحمەد، بەڕێوەبەری نووسین و نەخشەساز: محمد عەبدوڵا، دەستەی نوسەران ( کاوە عەلی ، هنا محمد ، بەختیار پیرك).
– نەعلەشۆ: پاشکۆیەکی کۆمیدی ڕۆژنامەی (داینەمۆ) بوو بە هەشت لاپەڕەوە لە ساڵی (٢٠٠٥) دو ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە.

[1] - سەباح عەلی جاف ، بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەنوسی کوردی لە کەلار ١٩٩١–٢٠١١ ، گۆڤاری شیکار –ژمارە (١٣) ، ساڵی چوارەم – بەهاری ٢٠١٦، ل ١٣٥- ١٣٦

– پەیامی خوێندکار: ڕژنامەیەکی مانگانەبووە لەگەرمیان لە ساڵی (٢٠٠٥) دەرچووە، لەسەر ڕۆژنامەکە نوسراوە " مانگنامەیەکی خوێندکاری ئازادە، کۆمەڵێك خوێندکاری سەربەخۆ لەگەرمیان دەری دەکەن" خاوەنی ئیمتیازی: کاوە ئەحمەد و سەرنوسەری: گەرمیان حەمەخان بووە، دەستەی نوسەرانیش بریتی بون لە (محمد ئەمین ، شاهۆ عەبدولا ،عەباس ئەنوەر ، ماریا کەمال ،سۆما عەبدولا ، ئاکۆ ئەحمەد، دەشتی ئەنوەر ).

– گەرمیانی وەرزشی : ڕۆژنامەیەکی وەرزشی مانگانەیە: کۆمەڵێك وەرزشکار لە گەرمیان دەریان کردووە، ژمارە (سفر)ی لە ١٥–٨–٢٠٠٥ بە چوار لاپەڕەی قەبارە گەورە بەڕەنگی ڕەش و سپی دەرچووە، خاوەنی ئیمتیاز : کاوە ئەحمەد شەریف ، سەرنووسەر : ئەرکان محمد ڕەشید، دەستەی نوسەران ( فەتاح والی شاواز ، ئەسعەد ئەحمەد، ڕەنجدەر عەلی ، دەشتی ئەنوەر ، هەڵۆ مەحمود).

– نەسیم : بلاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری ، پەروەردەییە، کۆمەڵێك قوتابی مانگانە لە گەرمیان دەری دەکەن ، یەکەم ژمارەی لە ساڵی ٢٠٠٥ بلاو بووەتەوە. ستاف و هەیکەلی بەڕێوەبردنی بەم شێوەیەیە، خاوەنی ئیمتیازی ئەم بلاوکراوەیە: ناوەندی گەرمیانی ڕێکخراوی قوتابیانی کوردستان، سەرنووسەر: هاوکار خۆشناو ، بەڕێوەبری نووسین : ئەرکان دارا ، ستاف کارا : سەردەشت محمد ، بێخاڵ خالید). دوا ژمارەی نەسیم کە ژمارە (٢٣)یە لە شوباتی ٢٠١٢ بلاوکراوەتەوە بەشێوەیەکی ڕەنگاو ڕەنگ و بە ١٦ لاپەڕەوە.([١])

– شێروانە: کە گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتیی بوو سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار ساڵی (٢٠٠٥) دەری دەکرد ، شەش ژمارەی لێ چاپکراوە. خاوەنی ئیمتیازی: سەلام عەلی محەمەد، سەرنووسەری: کاروان یاروەیس، دەستەی نووسەرانی: (سالار مەحمود، عەبدوڵا حسێن، گوڵاڵەعەزیز، جەمال ئەکبەر، ئەرکان محەمەد)بوو .

– ڕۆژنامەی زەنگ : ژمارەسفر ی لە(٢٩/ ٩ / ٢٠٠٥) لەشاری کفری بەهەشت لاپەڕەی (A3) دەرچووەو بەڕەش و سپی و لەسەری نووسراوە: دوو هەفتەجارێك دەردەچێت، بەشێوەیەکی کاتی مانگانەیەو تیراژی ١٠٠٠ جانەی لێ ڕاکێشراوە.

سەرنووسەرەکەی (خالید عەبدولکەریم حەمەلاو) بووەو ئەنجوومەتی بەڕێوەبردنەکەی بریتی بوون لە: فاتیح سەلام، سامان کەریم، هیوا هەلی، هەروەها دەستەیەك ڕاوێژکاری هەبووە، کەبریتی بوون لە: لەتیف هەڵمەت، عەلی حسێن سالەح، شکور محەمەد حەیدەر، سالار ئیسماعیل سەمین، فازی محەمەد تالیب.

لە ژمارەیەکەوە دەبێتە نیو مانگی و بە (١٢) لاپەڕەی ڕەش و سپی دەردەچێت. لە ژمارەسێی ڕۆژنامەکەوە مۆڵەتی یاسایی لەوەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێم وەردەگرێت و سامان گەرمیانی دەبێتە خاوەن ئیمتیازی. هەتا ژمارە(٢٧) بەتیراژی( ١٥٠٠) دانەبە(٢٠) لاپەڕەو بەدوو ڕەنگ، دوو هەفتەجارێك دەرچووە.

لە(٣٠ /٢٠٠٦/١١) و دوای تێپەڕبوونی بەسەر (٣٧) ژمارەیدا ، زەنگ وەك یەکەمین هەفتەنامەی سەربەخۆ لەمێژوو ڕۆژنامەوانیی گەرمیاندا دەبێتە هەفتانە.

---

[١] سەباح عەلی جاف ، ببیلیۆگرافیای ڕۆژنامەنوسی کوردی لە کەلار ١٩٩١–٢٠١١ ، گۆڤاری شیکار –ژمارە (١٣) ، ساڵی چوارەم – بەهاری ٢٠١٦، ل ١٤٢

له ژماره (٣٠)ەوه ستافەکەی فراوان دەبیت بەم شێوەیە: خاوەنی ئیمتیاز: سامان گەرمیانی، سەرنووسەر سامان کەریم، جێگری سەرنووسەر، فاتیح سەلام، بەڕیوبەری نووسین: عەدنان سەعید حسێن، ستافەکیشی لەم ڕۆژنامەنووسانە پێکهاتووە: (تابان شێخ عەبدوڵا گەرمیانی، شەیما جەلال، یاسین ئاشوور، بێستون سەلام، مەریوان حەسەن، شەیما جەمال، نیشتمان جەمیل، هیوا نوری، ڕیناس نوری، شیرین شەوکەت، سازگار عەدنەن، عەباس ئەنوەر، ڕاز عەبدوڵا پاڵانی) ، هەروەها ستاف ڕاوێژکارانی بەم شێوەیەیە: ڕاوێژکاری پەروەردەیی: عەلی حسێن ساڵەح، ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی: شکور محەمەد حەیدەر، ڕاوێژکاری یاسایی: چیمەن سەعید.

ئەم ڕۆژنامەیە پاشکۆیەکی عەرەبی دەردەکرد بەناوی (الناقوس) کەژمارە سفر ی لە(٢٠٠٥/١٢/٢٠) بەچوار ژمارەی ڕەش و سپی و بەدوو هەفتەجارێك دەرچووە، ستافەکەشی بەم شێوەیەبووە: سەرپەرشتیاری گشتی: عەبدولموتەلیب ڕەفعەت سەرحەد، ستاف نووسەران: قەیس قەرەداغی و نەجلا قادر هادی، الناقوس (٢٣) ژمارەی لێ دەرچووە.کۆی ژمارەکانی رۆژنامەی زەنگ (١٤١) ژمارەبوو.

– ئایندەی گەرمیان : ڕۆژنامەیەکی سیاسی، کۆمەلایەتی گشتیە ، مەڵبەندی ١١ ی گەرمیانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەری کردووە. ژمارە ( سفر)ی لە ٢٥-٦-٢٠٠٥ بە (٨) لاپەڕەی ڕەش و سپی لە کەلار دەرچووە. خاوەنی ئیمتیازی: مەڵبەندی ١١ ی گەرمیانی یەکێتی نیشتمانی بووە، سەرنووسەر: مەجید ساڵەح ، جێگری سەرنووسەر: ڕزگار حاجی حەمید، بەڕێوەبەری نووسین: ئاسۆ وەهاب، لە ژمارەکانیدا گۆڕانکاری لە ستافەکەیدا ڕوویداوە، ئەم ڕۆژنامەیە دوو پاشکۆی دەرکردوە بە ناوەکانی " ژن پارێزی : کە تایبەت بووە بە ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، لەگەڵ پاشکۆی " ١٤-٤ : کە تایبەت بووە بە یادی تاوانی ئەنفال لە ٢٢ی نیسانی ٢٠١٠، ئایندەی گەرمیان نزیکەی (٦٠) ژمارەی لێ چاپ و بلاو کراوەتەوە ، لە ژمارە (٢٠) یدا کە بە هەشت لاپەڕە دەرچووە ، لە مانشێتی سەرەکی دا دەڵێت: ئەنفال لە فیستیڤاڵی سینەمایی ئەسینا بەشداری دەکات، هەروەها لە ژمارە (٥١)یدا بە مانشێتێکی گەورە نوسیویەتی ( زانکۆی گەرمیان لە ئەولەویەتی کارەکانی لیستی کوردستانیە. ئەم ڕۆژنامەیە بەهەشت لاپەڕە بلاو بوتەوە کە لاپەرەکانی سەرەتاو کۆتایی ڕەنگاو ڕەنگ بووە.

– خۆرنەوازان یەکەم هەفتەنامەی ئازادە لەمێژووی گەرمیان ، بۆ یەکەم جار لەگەرمیاندا بووەهەفتەنامەو یەکەمین ژمارەی هەفتەنامەبوونی لە(٢٠٠٦/١١/٣٠) دەرکرد کە سایزەکەی بە(٨) لاپەڕە(٣٣×٤٧) بوو. کۆی ژمارەکانی ڕۆژنامەی خۆرنەوازان (١٠٩) ژمارەبوو.

دوا ستافیشی بەم شێوەیە بوو: خاوەنی ئیمتیاز: سەڵاحەدین عەبدولواحید، سەرنووسەر: سەڵاح گەرمیانی، جێگری سەرنووسەر: هیوا محەمەد و هاشم سالەح، بەڕیوبەری نووسین: ئاری عوسمان خەیات، ستاف نووسەران: هێمن بابان و پشتیوان حسێن و قادر قەرەداغی، ڕاوێژکاری یاسایی: بەهادین ئەحمەد)

جێی ئاماژە بۆ کردنە ئەم ڕۆژنامەیە لەچاپخانەی ڕەنج چاپدەکرێت نووسینگەی سەرەکی لەکفرییە، تەنیشت بینیای نوێی کتێبخانەی گشتی کفری.

– گۆڤـاری گیرفـان: وەرزە گۆڤـارێکی ڕۆشـنبیریی قـەبارە بچـوکی سـەربەخۆیە، کۆمـەڵێك ڕووناکبیر لەگـەرمیان دەریدەکەن. لەیەکەم ژمارەی داو لە لاپەڕەی سەرەتادا نووسراوە: ژمارەسفری ساڵی یەکەم، واتە ئاماژە بـەڕۆژ و مانگ و ساڵێکی دیاریکراو نەدراوە ، بەڵام لە دووەم ژمارەی دا کـە ژمـارە (١) ە نوسـراوە سـاڵی دووەم (٢٠٠٦) ، کە واتە ئەم گۆڤارە ساڵی (٢٠٠٥ ) لە گەرمیان دەرچووە.

خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەری ئەم گۆڤارە(مەلا تەحسین گەرمیانی)یە، بەڕێوبەری نووسین (ئومێد بەرزان برزۆ)یەدەستەی نووسەران (ئیبراهیم سدیق، سامان کەریم، شیلان مەجید ڕۆژبەیانی.)

– گۆڤـاری کـوردەمێر : گۆڤـارێکی زانسـتیی سـاڵانەیە، لەمێـژووی شـوێنەوار و کەلـەپوری کوردسـتان دەدوێـت، کەبەڕیوبەرایـەتی شـوێنەواری گـەرمیان دەریـان دەکـردو ژمـارە(١)ی کـوردەمێر لەتشـرینی (٢٠٠٦) دەرچـووە بـەتیراژی (٥٠٠) دانـەو لەچـاپخانەی ڕاز بەچـاپیان گەیانـدووە، خـاوەنی ئیمتیـازی ئـەم گۆڤـارە(شـێخ محەمـەد شاکەلی)یـەو سەرنووسـەرەکەی (کـەمال نـوری مـەعروف)ەو بەڕیوبـەری نووسینیشـی (حەسـەن عـەلی سـەلیم)ەو دەستەی نووسەرانیش پێکهاتوون لە(محەمەد مەردان شـوکر محەمـەد حەیـدەر) هـەروەها سـێ ڕاوێـژکاری هەیـە، ئەوانیش بریتین لە(جەمال عەبدول و عەبدوڵا قەرەداغی و سەعید شاکەلی)، شـەهلا نـامق هەستاوەبەنەخشەسـازی بەرگ و تاهیر زاهیـدیش نەخشەسـازی بابەتـەکانی نـاوەوەی بـۆ کـردووەو هەڵـەبڕیش حەسـەن عەبدولکـەریم پێـی هەستاوەو ژمارەی لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارەپێکهاتووەلە(١١٦) لاپەڕە.

– ڕۆژنامەی شێخ لەنگەر: شـێخ لەنگـەر لـە گونـدی شـێخ لەنگـەری ناوچـەی گەرمیانـدا لـە مـانگی چـواری سـاڵی (٢٠٠٦) دا، کۆمەڵێك گەنج دەریان دەکـرد، کەڕۆژنامەیـەکی مانگانەیـەو بـەتیراژی (٥٠٠)دانـە و خـاوەنی ئیمتیـازی (سـەڵاح خورشـید)ەلـەژمارەکانی (١ و ٢ و ٣)دا (محەمـەد سـابر) سەرنووسـەر بـووەو جێگـری سەرنووسـەریش (مامۆستا ئومێد بەرزان) بـووە. دواتـر گۆڕانکـاری بەسـەر ئـەم سـتافەدا کـراوەو بەهـەمان خـاوەنی ئیمتیـاز بـەڵام سەرنووسـەرەکەی بـوە بـە (ئومێـد شـێخ لەنگـەری)ی و ستافەکەشـی پێکهاتووەلـە(سـیروان نـامیق و سـەیوان زەماوەنگەیی)هەروەها ڕاوێژکاری یاسـایی (خـەبات ڕەشـید و ئاریـان سـالح)ە ، ئـەم ڕۆژنامەیـە (٢٢) ژمـارەی لـێ دەرچوە تا ئێستا ، (١٦) ژمارەی بەناوی شێخ لەنگەرو دواتر ناوەکەی گۆڕاوە بـۆ (سـۆراخ) ، زیـاتر بایـەخی دەدا بە کاروباری گوندەکان و کێشەی هاوڵاتیان.

– چـرای بـاوەنوور (چـرا): بڵاوکراوەیـەکی مانگانـەی ڕۆشـنبیری کۆمەڵایـەتی سـەربەخۆیە، کۆمـەڵێك گـەنج لـە ناحیـەی بـاوەنوور ( پێبـاز) دەریدەکـەن ، ژمـارە (سـفر)ی لـە ئـەیلولی ٢٠٠٦ بەچـوار لاپـەڕەی ڕەش و سـپی بڵاوکراوەتەوە. ستافەکەی بەم شێوەیە بووە: خـاوەنی ئیمتیـازی و بەڕێوەبـەری نووسـین: عـەتا محمد ، جێگـری سەرنووسەر : شۆڕش مەحمود ، سەرپەرشتیاری چاپ : عەبدوڵا ڕەشید ، دەستەی هاواکاران ( لێزان عەلی ، بـاوان حەمە سالح )، ژمارە (١٥)ی چرا لە ئازاری ٢٠٠٩ بە هەشـت لاپـەڕەی قـەبارە گـەورە بـە بـەرگێکی ڕەنگـاو ڕەنـگ

بڵاوکراوەتەوە کە لەسەری نوسراوە ( بڵاوکراوەیەکی مانگانەی گشتی سەربەخۆیە لە باوەنوور دەردەچێت). ئەم بڵاوکراوەیەش وەك زۆربەی ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانی تری ناوچەی گەرمیان گۆڕان بەسەر ستافەکەیدا هاتووە.([1])

– ڕۆژنامەی گەرمیانی ئەمڕۆ: ئەم ڕۆژنامەیە لەسەرەتادا (١٧) ژمارەی بەناوی (بەرو شار)ەوەدەرچووە... بەرەوشار لەلایەن کۆمەڵێك گەنجی دوای پرۆسەی ئازادسی عێراق بەشێوەیەکی پچڕپڕ دەردەکرا و چەند جارێك نووسەر و ستافەکەی گۆڕاوە، سەرنووسەری ڕۆژنامەکە (لاوان ئەحمەد) بووەو بەڕێوبەری نووسینەکەشی (ساڵح میروەیس)بوو، دواتر ناوی رۆژنامەکە بۆ (گەرمیانی ئەمڕۆ) گۆڕدرا، کە خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەکە ( شێخ محمد شاکەلی بوو. ئەم ڕۆژنامەیە لە ساڵی (٢٠٠٦) دا دەرچوو ، کۆی گشتی ژمارەکانی (٩٢) ژمارەیە، دواتر بە هەمان ناوەوە گۆڕدرا بۆ گۆڤار و هەتا ئێستا (٣) ژمارەی لێ دەرچوەو بەردەوامە.

گەرمیانی ئەمڕۆ سەرەتا بە تیراژی (٥٠٠)دانەو بەقەبارەی (١٢) لاپەڕە (A3) مانگانەوەك ڕۆژنامەیەکی ئەهلیی ئازاد دەردەچێت و لەسەرجەم شار و شارۆچکەکانی گەرمیاندا بەپێی پێویست بڵاودەبوەوە.

– وریـزا : گۆڤارێکی وەرزی ڕوناکبیری و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی گشتییە، کۆمەڵێك ڕۆژنامەنووس لە شاری خانەقین دەریان کردوە، یەکەم ژمارەی لە بەهاری ساڵی (٢٠٠٦) چاپ و بڵاو بووەتەوە. ئەم گۆڤارە تەنها (٦) ژمارەی لێ چاپ بووە، ستافەکەی بریتی بوون لە ( خاوەنی ئیمتیاز : فازیل کەریم ئەحمەد، سەرنوسەر: جەمال ئەکبەر ، ستاف بەڕێوەبردن : شەماڵ ئەحمەد ، ئەمین ساڵح، سەرحەد حسێن، جەلال الیاسی ، زانیار جەمال).

ڕژنامەی خانەقی : ڕۆژنامەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیری گشتییە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لەشاری خانەقی دەردەچوو، یەکەم ژمارەی لە(٢٠٠٧/١٢/١١) بەهەشت لاپەڕە دەرچووە، کەدوو لاپەڕەیان بەزمانی کوردی و شەش لاپەڕەیان بەزمانی عەرەبی بووە، لەژمارە(٤) بەدواوە بەچاپی ڕەنگاوڕەنگ دەرچووە، خاوەنی ئیمتیازی ئەم ڕۆنامەیە مەڵبەندی ڕیکخستنی (١٢) خانەقییە، لەژمارە(١ – ١٢) سەرنووسەرەکەی (پشتیوان ئەحمەد) بووەو جێگری سەرنووسەرەکەی (ئیبراهیم باجەڵان) و بەڕیوبەری نووسین (عەزیز یاوەر) بووە بەڵام لەژمارە(١٤) بەدواوەسەرنووسەر(ئیبراهیم باجەڵان) و جێگری سەرنووسەر(جەمال ئەکبەر) و دەستەی نووسەران (جەبار عەلی ، حەسەن هەیاس، عەباس مەحمود، حەبی فەرەج) بوون.

ئەم ڕۆژنامەیەتا ئێستا (٢٧) ژمارەی بەتیراژی (١٠٠٠) دانە لێ دەرچووەو بەهەشت لاپەڕەی ڕەنگاوڕەنگ بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستان و خواروو بڵاودەکرێتەوە.

– چاو : گۆڤارێکی مانگانەی ڕۆشنبیری گشتی ئازادە، لەگەرمیان دەرچووە ، ژمارە (١)ی لە نیسانی ٢٠٠٨بە بەرگێکی ڕەنگاوڕەنگەوە بە (٦٤) لاپەڕەی ڕەنگاوڕەنگ و ڕەش و سپیەوە بڵاوبوەتەوە . ستافەکەی بەم شێوەیە– خاوەنی ئیمتیاز: عومەر شەریف ، سەرنووسەر: ئارام ئیکرام، بەڕێوەبەری نووسین: هێمن بابان ڕەحیم

---

[1] - سەباح عەلی جاف ، بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەنوسی کوردی لە کەلار ١٩٩١–٢٠١١ ، گۆڤاری شیکار –ژمارە (١٣) ، ساڵی چوارەم – بەهاری ٢٠١٦، ل ١٤٥

، ئەم گۆڤارە زیاتر بایەخی بە ڕەوشی سیاسی کوردستان و ناوچەکە داوەو نزیکەی (٤٠) ژمارەی لێ چاپ و بڵاوکراوەتەوە لەگەرمیان.

– ڕۆژنامەی گەرمیان پۆست : ئەم ڕۆژنامەیە لە حوزەیرانی ساڵی (٢٠٠٩) دا یەکەم ژمارەی لە گەرمیان دەرچووە، بەقەبارەی ( A3) بە (١٢) لاپەڕە کە سەرەتاو کۆتای ڕەنگاوڕەنگەو لاپەڕەکانی ناوەوەی ڕەش و سپیە بەتیراژی (١٠٠٠) دانە لەسەرەتاوە دەرچوو ، دواتر تیراژو لاپەڕەکانی فراوان بوو ، چەندین جار کۆی بابەتەکان و لاپەڕەکانی تایبەت کردوە بە ( ئەنفال و جینۆساید) ، دوو پاشکۆی تایبەت بە ئەنفال دەرکردوە بە ناوەکانی ( تراژیدیا ، ملەسورە)، ستافی ڕژنامەی گەرمیان پۆست بەم شێوەیەبوو ( خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەر : سەیوان عومەر ، هەتا ژمارە (٤)ی جێگری سەرنوسەر:حسێن عەزیز و بەڕێوەبەری نوسین : کاوەگەرمیانی و هاوکارانی : هەردی مەحمود و ڕۆژان موستەفا بووە، بەڵام لەوە بەدوا گۆڕان هاتوە بەسەر ستافەکەیدا و تەنها خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەر وە خۆی ماوەتەوە، ڕۆژنامەکە (١٠٠) ژمارەی لێ دەرچووە هەتا ئێستا.

– تەما : بڵاوکراوەیەکی گشتی سەربەخۆیە، دەستەیەك فێرخوازی زانکۆ هەموو (٧)ی مانگێك دەریدەکەن، ژمارە (١)ی لە ٧–٢–٢٠٠٩ بە هەشت لاپەڕەی ڕەش و سپی بڵاویان کردۆتەوە، ئەم بڵاوکراوەیە لە کۆلێژی پەروەردەو پەروەردەی بنەڕەتی کەلارو ئادابی خانەقین بڵاوکراوەتەوە. ئەم بڵاوکراوەیە (٨) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، ستافەکەی بەم شێوەیە هاتووە ( خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەر: دلاوەر نوری، جێگری سەرنووسەر:دڵشاد جەلال کارێزی، بەڕێوەبەری نووسین: محمد حەسەن، دیزاین ك زیاد کەریم ، هاوکارانی بڵاوکراوەکە: ڕێبەر عەباس و سەلاح هەولێری بوو. ئەم بڵاوکراوەیەش وەك زۆربەی بڵاوکراوەکانی ناوچەی گەرمیان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.([1])

– گۆڤاری بانە ڕۆژ ، کە گۆڤارێکی ڕۆشبیری گشتیە و چەند ژمارەیەکی لەلایەن کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەلایەتی کەرکوك ، نوسینگەکانی کفری و کەلارەوە دەرچوون لە ساڵی ٢٠٠٩ و ٢٠١٠ دا ، کە خاوەنی ئیمتیازی: سەلاح الدین مەجید ، سەرنووسەر: لەتیف هەڵمەت ، جێگری سەرنووسەر: شکور حەمەی هەیەر ، بەڕێوەبەری نوسین: ڕەحیم حەمید عەبدوالکریم: جێگری بەڕێوەبەری نوسین: ساڵەح هەلاج، ڕاوێژکاران (شێخ سەعید شاکەلی ، عەبدوالمجید زەنگەنە، ئیبراهیم کوێخا ، چیمەن سەعید جەعفەر ، سەلاح گەرمیانی).

– داکۆکی: گۆڤارێکی تایبەت بە تاوانی ئەنفال و جینۆسایدی کورد بوو کە لە ١٤–٤–٢٠١٠ بە سی و شەش لاپەرەوە بلاوکرایەوە، خاوەنی ئیمتیازی : کۆمەڵەی داکۆکی لە ماف و قوربانیانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان لەگەرمیان ، سەرنووسەر: هاوریچ پێشڕەو ، جێگری سەرنووسەر: شوان محمد ڕۆستەم. ئەم گۆڤارە تەنها یەك ژمارەی لێ دەرچوو.

---

[1] - سەباح عەلی جاف ، ببیلیۆگرافیای ڕۆژنامەنوسی کوردی لە کەلار ١٩٩١–٢٠١١ ، گۆڤاری شیکار –ژمارە (١٣) ، ساڵی چوارەم – بەهاری ٢٠١٦، ل١٤٩

– نانۆ ریکلام: گۆڤارێکی وەرزییە، تەکنەلۆژیای نانۆ دەریدەکات ، تاکە گۆڤاری تایبەتە بە ڕیکلام لە گەرمیان، ژمارە(سفر)ی لەزستانی ٢٠١١ بەڕەنگاوڕەنگی بە بیست لاپەڕەوە دەرچووە. خاوەنی ئیمتیازی: نەبەرد خالد، سەرنووسەر: سەیوان ئەمین، بەڕێوەبەری کارگێڕی، هێمن ئەحمەد.([1])

لە دوای ڕاپەڕین هەتا ساڵی ٢٠١٢ نزیکەی (٧٠) ڕۆژنامەو گۆڤارو بلاّوکراوە لە ناوچەکانی گەرمیان دەرچوون، بەشێکی زۆریان لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردوەو هەندێکی تریشیان ئەم بلاّوکراوانەبوون ( خەمسەگی– پێنجەم ٢٠٠٠ ، شکۆفە ٢٠٠٤ ، کۆست ٢٠٠٥، نەسیم ٢٠٠٥ ، وەرزشکاران ٢٠٠٦ ، مودەریس ٢٠٠٦، ئاتیە ٢٠٠٦ ، بارین ٢٠٠٧ ، ڕازی گەنج ٢٠٠٧ ، ڕوانگە ٢٠٠٨ ، کەلاری ٢٠٠٨ ، هاوبەش ٢٠٠٨، ڕاساڵ ٢٠٠٨ ، کۆنفرانس گەرمیان ٢٠٠٩ ، سروشت ٢٠٠٩ ، هەفتەنامەی بەمۆ ٢٠٠٩، هەتاو ٢٠١٠ ، ڕووناکی ٢٠١٠، داری خلە ٢٠١٠ ، مەودا ٢٠١٠ ، زانست ٢٠١٠ ، هاتووچۆ ٢٠١٠ ، لاو ٢٠١١).

دوای ڕاپەڕین و بەتایبەت دواساتەکانی سەدەی ڕابردوو لە ناوچەی گەرمیان دا گۆڤاری تایبەتمەند هاتە کایەوە ، تایبەت بە بابەتێکی گرنگ و تایبەت بەگەرمیانیەکان، واتە ڕۆشنبیرانی کورد هەر زوو هەستیان بە بەرپرسیارێتی سەر شانیان کردوو ، توانیان لە ڕێگەی گۆڤارو بلاّوکردنەوەوە قەڵەمەکان لە دەوری ناوچەکە کۆبکەنەوەو خەمەکانی خەڵکە بەشمەینەتەکەی بگەیەنن و نەهێڵن خەمەکان بڕواتە مێژووەوە بەبێ هەڵوەستە لەسەرکردن، بۆیە ڕۆژنامەنووسی تایبەتمەند بە ئەنفال و کۆمەڵکوژی لە ناوچەی گەرمیان و دەرەوەی گەرمیانیش تێگەیشتن لەوەی کە لە ڕێی ڕۆژنامەو گۆڤارەوە قسە لەسەر ئەنفال بکرێت و چونکە هەموان دەیانزانی تاوانی ئەنفال کە ڕژێمی بەعس لە ساڵی (١٩٨٨) دا لە کوردستانی عێراق ئەنجامی دا یەکێکە لە گرنگترین نمونەکانی جینۆساید لە سەدەی بیستەمدا ، ئەو شاڵاوەی کە بڕیاربوو دژی تێکۆشەران و پێشمەرگە کوردەکان ئەنجام بدرێت، سەر ئەنجام بووە مایەی مەرگی هەزاران هاوڵاتی لەکورستاندا، هەربۆیە هەردوو تاوانی ئەنفال و کیمیاباران ، بونە مایەی ئەوەی بوارێکی دیکە لەبەردەم ڕۆژنامەنووسی کوردی بکاتەوە، بەمەبەستی ئەوەی سەرجەم بابەتەکان تەرخان بکرێت بۆ جینۆساید کردنی گەلی کورد.

ڕۆژنامەنووسی ئەم بوارە جەخت دەکەنەوە لە سەر یادەوەری تاوانی ئەنفال و کیمیاباران، دادگایی کردنی ئەنجام دەرانی ، دیدار لەگەڵ کەس و کارو شەهید و ئەنفالکراوەکان، مێژووی ئەنفال و ئەنفال لە ئیسلامدا، بەرپرسیارێتی یاسایی لەمەر هەردوو تاوانەکە، کاریگەری ئەو تاوانانە لەسەر ئاستی جیهانی و نێو دەوڵەتی ، ناوی شەهیدو ئەنفالکراوەکان ، بەڵگە نامەکان ، کاریگەریەکانیان لەسەر نەوەی ئێستا، پرۆسەی ئەنفالکردنی کورد ، بەجینۆساید کردنی هەردوو تاوانەکە، بلاّوکردنەوەی وێنەی کارەسات و...هتد، کە بەشێکی بابەتەکان توێژینەوەی دەرچوونی خوێندکاران لەزانکۆو پەیمانگاکان و لەخۆ دەگرێت ، گرنگی ئەمجۆرە ڕۆژنامەنووسیە ئەوەیە ، ئەم تاوانانە لە ناو ڕۆژنامەنوسیدا دەخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوەو لەبارەیانەوە دەدوێت و گرنگی زۆر

[1] - سەباح عەلی جاف ، ببیلیۆگرافیای ڕۆژنامەنوسی کوردی لە کەلار ١٩٩١–٢٠١١ ، گۆڤاری شیکار –ژمارە (١٣) ، ساڵی چوارەم – بەهاری ٢٠١٦، ل ١٥٤

بەلایەنی مەیدانی دەدەن، ئەوەی تێبینی دەکرێت بەشێکی زۆری ڕۆژنامەنووسی ئەم بوارە سالأنەیەو لـە سـالْڕۆژی کارەسـاتەکان دەردەچـن، ئەمـە جگـە لـەوەی هەنـدێکیان تیراژیـان کەمـە، هۆکـاری ئەمـەش بـۆ لایـەنی دارایـی دەگەڕێتەوە ، چونکە یارمەتی دارایی ڕاستەوخۆ لە لایـەن حکومـەتی هـەرێم یـان دەزگـا پەیوەندیـدارەکان کەمـە، هەروەك بەشێکی زۆریان سۆز بەسەریاندا زالە، هۆکارەکەی ئەمەش بۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە ، ئەوانـەی کـار دەکـەن لەم جۆرە ڕۆژنامەنووسیە کەسـوکاری ئـەنفال و کیمیابـارانن. [1] لـە کـاری ڕۆژنامەنوسـیی و ڕاگـەیانن و سـەرجەم کایەکانی تـری تایبـەت بـە ئـەنفال و جینۆسـاید، کەسوکارو بـەجێماوانی ئـەنفال لـە هـەموو توێـژەکانی تـر زیـاتر دڵسۆزی پرسەکەبوون ، ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە برینەکە ڕاستەوخۆ بە خۆیانەوەیە.

١ – محمد کەریم ئەحمەد، ڕۆژنامەنووسی کوردی تایبەتمەند– لیکۆڵینەوە، سلێمانی ٢٠١٠، ل ٩٣

# تەوەری دووەم : هەڵکەوتەی ناوچەیی و مێژووی گەرمیان

## ١-٢-١: کورتەیەك لە مێژووی گەرمیان:

گەرمیان کەوتووەتە خوراوترین سنوری باشووری کوردستان و هاوسنوری عێراقە، لەسەرەتای هاتنی ناوی ئەم ناوچەیە، لە سەردەمی گۆتییەکانەوەبەناوچەی گەرم ناسراوە، لەکۆندا بەم ناوچەیەو بە کەرکوکیشەوە وتراوە(گەرمەکان) واتە ناوچەی گەرم، لە قۆناغە لە شکرکێشەکانی (فارس ، ئیسلام، مەغۆل، عوسمانی ، تەتەر)یەکانیشدا چەندین بنەماڵەی ئەو نەتەوانە لەم ناوچەدا نیشتەجێ بوونە، بۆیە لەکۆندا هێڵی لەشکر کێشی شەڕانگێزییەکان بوە بۆ داگیرکردنی (ئارابخا) واتا کەرکوك و هەرێمەکانی تری وەك(قارس و هەولێر و نەینەوا) بەپێچەوانەشەوە، بۆیە بۆمان دەردەکەوێت ئەم ناوچەیە لەمێژەوە خەڵکی تێدا ژیاوە، هەروەها شارەکانی دەڤەری گەرمیان لەکۆنەوە خاوەنی شارستانیەتی گەورەبوونە، زانای بەناوبانگ (تۆفیق وەهبی بەگ) دەڵێت: سیستەمی دەسەڵاتی مەسیحییەکان و وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان (ئەوانەی کوردی مەترانی تێدابوو) دابەش کردووە بەسەر چەند هەرێمێکدا، یەکێ لەو هەرێمانە(هەرێمی باگرمێ) یە واتە گەرمیان کەسنوورەکەی لەباکوورەوە زنجیرە چیاکانی هەورامانەو لەباشوورەوە چیای حەمرینە، ڕۆژهەڵاتی ڕووباری سیروانەو ڕۆئاوای زێی بچوکە. ئەم هەرێمە هەردوو لیوای سلێمانی هەولێر دەگرێتەوە جگە لەپشدەر، ناوەندی باگرمیش شاری (کرخ سلوخ – کەرکوك) بووە. دیارە دەشتی باگرمی ، لەگەرمیانی کوردییەوە هاتووە واتە ناوچە گەرمەکان بەرامبەر وشەی زۆزان واتە ناوچەساردەکان، کە لەوشەی دژبەیەکدا بەدی دەکرێن (گەرمەسێر – سەردەسێر). بەڵام لەسەردەمی ئێستا گۆڕانی بەسەر هاتووەو ڕووبەری گەرمیان بچووك کراوەتەوەتەنیا بۆ چەند ناوچەیەك، شوێنەوارە دێرینەکانی ئەم ناوچەیە ئەوە ئەسەلمێنن کەلە زۆر کۆنەوە مرۆڤی تێدا ژیاوە. بەڵام زۆرێك لەو شوێنەوارانە ناسەلمێنرێن کی چ سەردەمێك و چ فەرمانڕەوایەك بوونە، چونکە هەڵکەوتەی جوگرافیای گەرمیان وا هەڵکەوتووە، هەمیشە جێگەی مشتومڕی داگیرکاری و تاڵانی وێرانی بووە. حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق و بەتایبەت حزبی بەعس هەر بەوەوە نەوەستاون نەخشەی کارگێڕی پارێزگای کەرکوك تێك بدەن و لەبەر یەك هەڵیبووەشێننەوەو بچوکی بکەنەوەو ناوەکەی بگۆڕن ولەگشت ناوچەکانیدا پاکتاوی ڕەگەزی بکەن، ناوی شەقام و گەڕەك و خوێندنگاکان و دێهاتەکان بگۆڕن بۆعەرەبی، فەرمانبەر و کرێکارانی کورد لەکۆمپانیای نەوتی کەرکوك و هەموو دام و دەزگاکانی تری حکومەت دەر بکەن، ڕشبگیری و قەتڵ و عام و ئەنفال و کیمیابارن بکەن، بەڵکو هەر لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عیارقەوە پارێزگای کەرکوك بەهۆی دەوڵەمەندی و هەبوونی زێڕی ڕەش و بەپیت و بەرەکەتی زەوی و زارەکەی و سەروەت و سامانی سەر خاك و ژێر خاکەکەی جێی تەماح و چاوتێبڕین بووە، حکومەتی بەعس لەچرکەساتی هاتنەسەر حوکمیدا، وێڕای چەندین کێشەی جۆراوجۆر و تەنگەشەی سیاسی و ئاڵۆزی دۆخەکەو ئامادەی چەندین قەیرانن دێژەی سێکوچکەی( ترحيل، تبعيس، تعريب) دا ڕاگواستنی

کوردان لەزێدی باوباپرانی و هێنانی عەرەب بۆ جێگاکەیان، بۆ ئەوەی دیموگرافی ئەو ناوچە کورد نیشینانە بگۆڕدرێ و ڕێژەی نەتەوەی کورد کەم بکاتەوە، لەژێر بیانوی لاوازی جیاجیادا، درێژەی ئەو پلانە ڕەگەزپەرستیەدا، بەتایبەت لەو ناوچانەی کەگرنگی ستراتیژی هەیە لەڕووی ئابووریەوە لەلایەك و کەم کردنەوەی پانتایی جوگرافی لەلایەکی ترەوە[1]

کێشەی نەتەوەی و مەزهەبییەکانی ناوچەکانی تری خواروی عێراق و ناوڕاست و نا ئارامی ڕەوشی سیاسی و تەقینەوەو نەبوونی خزمەتگوزاری، هەلێکی وای ڕەخساندووە کە کۆچ کردن بەرەو هەرێمی کوردستان و بەتایبەت شاری کەلار لەگەشەکردندا بێت، جیا لەبوارەکانی و جێبەجێکردنی مادی(١٤٠) ئەم ناوچانە وەك خۆی بەهەڵپەستراوی مایەوە، هەر بۆیە بە فەرمانی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاردرا بەگواستنەوەی ئیدارەی گەرمیان لەقەزای دەربەندیخانەوەبۆ قەزای کەلار لەبەرواری (٢٠٠٧/٢/٢٥) دا ناوچەی گەرمیان پێشتر لەسەر پارێزگای سلێمانی بوو ، بەشە بوودجەکەی لەو پارێزگایە دیاری کرا، بەڵام بەبڕیاری (٢٢٤٢) ئەنجومەنی وەزیارن لە(٢٠٠٦/٨/٦) هەموو دەسەڵاتە یاسایی و ئیداری و دارایی پارێزگای پێدراو بوو بەیەکەمین ئیدارەی سەربەخۆ لەحکومەتی هەرێمی کوردستان.

## ١-٢-٢: دەڤەری گەرمیان:

لەسەردەمی هاتنی سوپای ئیسلام بۆ ئەم ناوچە، چەندین فەرماندەی ئەو سوپایە لەم ناوچەیەدا جێگیر بوونە، لەسەردەمی لەشکرکێشی تەتەرەکانیش دا هۆزی (پیاوات) کە پاشتر بە (بەیات) ناسراون و هۆزێکن لە (تەتەر) کە پاشتر ئەوانیش بە (تاتران) ناسران لەم ناوچە ماونەتەوە.

لەسەرەتای داگیرکاری عوسمانییەکانەوە لە لایەن سوڵتان موڕادی عوسمانییەوە بەشێك لەو هێزەی بەغدایان داگیرکرد بەسەرۆکایەتی (هەڵۆبەگی وانی) کە لە هەندێك سەرچاوەدا بە (هێلا بەگ) یان (هێلاو) هاتوو، تەنانەت سوڵتانی عوسمانی بە (دای وانلی) واتە (خاڵە وانی) ناوی هێناوە، وەکو مێژوو دەڵێت: بەشێك لەو سوپایە لە کوردانی ناوچەی وان بوون لە نێوان بەغدا و کوردستاندا جێگیر کردوە، وەکو هێڵێکی جیاکراوە. ئەو هێزانە پاشتر بەناوی (وەنداوی) واتە (وانییەکان) ناسراون. بەهۆی ئەوەی کە بەشێك بوون لە هێزی حکومەتی عوسمانی تورك نەژاد، بەشێك لەو بنەماڵە خۆیان بە تورك یان تورکمان ناسیوەتەوە بەناوی (وەنداوی) خۆیان لە نەتەوەی کورد جیاکردوەتەوە و لەو سەردەمەوە هەمیشە لەگەڵ سیاسەتی تورکدا بوونە.

جگە لەو پێکهاتە نەتەوەییە جیایەی گەرمیان، جیاوازی هەندێك ئاین و مەزهەبی جیاشی تێدا دروست بووە، وەك و شیعە و سونە و کاکەیی، گەرچی بەهۆی ڕوداوە سیاسییەکانەوە هەندێك لەو نەتەوانە وەکو جولەکە و فارس ئێستا لەم ناوچە نەماون، دەستی بەعەرەب کردن لەسەرەتای دروست بوونی دەوڵەتی عێراقی عەرەبەوە گەیشتووەتە ناوچەی گەرمیان، دەوڵەتی عێراقی هەرکاتێك بۆیان لوابێت عەرەبی هاوردەیان تێدا نیشتەجێ

[1] - رزگار حاجی حمید ، کەلار مێژویەکی دێرین و جوگرافیای شارێکی زیندوو، چاپخانەی یاد ، چاپی یەکەم ٢٠١٥ ، لا ٨٦

کردووه، و هاوکاری زۆری ئەو عەرەبانەیان کردووه هەمیشە بە بڕو بیانو بوونە لە کوردانی ئەم دەڤەرە، تا ناوچەکانی خۆیان بۆ عەرەبەکان بەجێ بهێڵن. بەڵام ڕۆڵەکانی کورد لە زۆر کۆنەوە پارێزەر و پاسەوانی هەمیشەیی ئەم دەرگایەی کوردستان بوونە.

کێشە و ململانێکانی ئەم ناوچە قوربانی و خەباتێکی سەختی مێژووی کوردستانە. دەبینین هەر لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە تا دەگاتە ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق سیاسەتی ڕاگواستن و بەتورك کردن و بە عەرەب کردن و سوتماك و کیمیاباران و ئەنفالکردن بەشی سەرەکی کارەساتی دڵتەزێنی ناوچەکەکە بوونە، هۆزی (هەمەوەند) لە نێوان قاجاری و عوسمانیدا توشی چەندین کارەسات هاتوون، هۆزی جاف و سەرۆکەکانیانیش بە هەمان شێوە، هۆزی (گێژ) ، (پاڵانی) ، (زرگوز) ، (داودە) ، (کاکەیی) ، (باجەڵان) ، (جاف) ، (سورەمیری) ، (زەنگەنە) . بەشێکی ئەم هۆزانە زیاتر کەوتونەتە ناچەکانی خوارووی شارەکانی (کفری) و (خورماتوو) و (کەلار) و (خانەقی) کەم تیرە و کوردی گەرمیان هەن بەر شاڵاوی پاکتاوی ڕەگەزی نەکەوتبن لە لایەن داگیرکەرانەوە.

لە ڕووی (جیۆپۆلەتیك)ەوە ئەم دەڤەرە ناوچەیەکی چارەنووس ساز بووە بۆ هەر هێزێك دەستی بەسەردا گردبێت وەکو(دڵی زەوی).

هەڵکەوتەی جوگرافیای گەرمیان لە خوارووەوە " زنجیرە شاخەکانی حەمرین، هێڵێکی جیاکەرەوەیە لەنێوان عێراقی عەرەب و کوردستاندا. لە سەرەوە زنجیرە شاخەکانی (سەگرمە و زەردیاوا)یە. دیسان هێڵێکی جیاکەرەوەی گەرمیان و کوێستانە. کەشوهەوای ساردی و گەرمی دیاری دەکات.

لەڕووی سروشتییەوە لەوەڕگای باشی هەیە، خاوەنی فراوانترین زەوی دەشتەکانیەتی بۆ ئاژەڵداری و هەموو بەروبومێکی دانەوێڵە، هەرچەند ئەم سنورە پشت بە بارانی سروشتی دەبەستێت، بەڵام ناوچەیەکی گرنە بۆ لەوەڕگاو ئاژەڵداری، ناوچەیەکی گەرمە، هاوینێکی گەرم و زستانێکی مامناوەندی هەیە. سەرەڕای جۆگەکانی ڕوباری سیروان کە ناوچەیەکی بەرفراوانی کشتواڵی وەرزی و باخ و بێستانە، لە کۆندا شوێنی پاوەنی لەوەڕگای وڵاخە بەرزەکانی ساسانی و پاشاکانی تری ئێران زەمین بووە، وەکو لە ناوچەی قۆرەتووی خانەقی تائێستاش شوێنێکی تایبەت هەیە پێی دەوترێت (حەوش کوڕو) واتە حەوشەی ئاژەڵە بەرزەکان[1]

ناوچەی گەرمیان خاوەنی کلتور و فەرهەنگێکی زیندووی مێژووی وێژەی کوردیە، بەهۆی نیشتەجێبوونی زۆرێك لە هۆزەکانی ئەم دەڤەرە شارستانی و بیناسازی و مەدرەسەی ئاینی ڕۆڵی زۆری بینییوە لە باری شارستانی ناوچەکە، گەرچی زیارت خەڵکی ناوچەکە گرنگیان بە ئاژەڵداری داوە، بەڵام گوند نەبووە گەر مزگەوێتکی تێدا نەبووبێت، کە مەلاو فەقێ زۆری پێگەیاندووە، بەتایبەتی مەدرەسەی میرنیشنی زەنگەنەی ناوچەی قادرکەرەم ساڵانی (١٦٥٠) زاینی کە بوونەتە هۆی بوژاندنەوەی زمانی نووسین و خوێندن لە شارەکانی کەرکوك و خورماتوو

[1] - سالح هەلاج ، چەردەیەکی مێژووی دەڤەری گەرمیان ، چاپخانەی گەنج، چاپی یەکەم ٢٠١١، لا ٩-١٧

و کفری و خانەقی. کە شار و خاوەنی کاروانسەرای بازرگانی گەورە بوونە. لـە ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوای ناوچـەکە بـە ناوچەیەدا گوزەریان کـردوە. بـاس و خواسـی هونـەر و ئـەدەب لـەو کـاروان سـەرایانەدا گـوێگرتن لـە فەرهـەنگ و کلتوری یەکتر سودیان لێ وەرگتووە.

گەرچی ئەم دەڤەرە وەك هەموو ناوچەکانی تری کوردستان دەیان کارەساتی جەنگ و لەشکرکێشی و مـاڵ وێرانـی خەڵکی ناوچەکە بەر چەمۆڵەی ڕەش کەوتووە.

لەگەل ئەویشدا هونەری و گۆرانی و مەقامـە ڕەسـەنەکانی( قـەتار ، ئەڵاوەیسـی، خاوکـەر، ئـای ئـای، خورشـیدی، هۆرە) کە موڵکی رەسەنی نەتەوەی کوردن، لەم ناوچەیەوە سەری هەڵداوە، لـەو تێکسـت و بـەیت و بـالۆرەی لـەو گۆرانی و مەقامانەدا خوێنراونەتەوە، کە هەمووی شیعری بەرز و باڵا دەستی وێژەی کوردین.

مێژووی وێژەی نوسین ئەوەی مابێتەوە، لە کەشکۆڵی زاناکانی دەڤەرەکە دوای ئـەو هـەموو کارەسـاتانەی بەسـەر خەڵکی ناوچـەکەدا هـاتووە، تـاکو ئێسـتا خـەرمانێك مێـژووی پـڕ سـەروەری و شـیعرە داسـتانەکان، یادگاریـەکانی شاعیرانیەتی.

سەرەڕای سەدان حیکایەتی بەر ئاگردان کە هەرەیك لە ڕووداو و بەسەرهات و قسەی نەسـتەق و پەنـدی پێشـینانن کە هەریەکەیان تام و چێژێکی بەرز و باڵای وێژەی کوردین[١]

## ا ) قەزای کەلار:

شاری کەلار یەکێکـە لەقـەزا گـەورەکانی هـەرێمی کوردسـتان، ڕۆژ بـەڕۆژ لـەفراوان بووندایـە هـەر لەسـەردەمی بەقەزابوونیەوەبەشـێکی گـرنگ لەناوچـەی گـەرمیان پێکـدەهێنێت، ناوەنـدی ئیـدارەی گەرمیانـە. بـوونی ڕووبـاری سیروان کەبەتەنیشـت کـەلاردا تـێ دەپـەڕێت و بـوونی زەوی و زارێکـی فـراوان و جوڵەیـەکی گـەورەی ئـابووری و بازرگـان و پێگەیـەکی جـوگرافی گـرنگ کەتـەنها (٣٥ کـم) دوورە لەمـەرزی پـەروێزخانی نێودەولەتییـەوە، جیـا لەوەچـەند مـەرزێکی تـر، هـەروەها( ١٨٠ کـم) دوورە لەپایتـەختی عێراقـەوە، نزیکـە لـەپارێزگاکانی (سـلێمانی ، کەرکوك، بەعقوبە) و تـا ڕادەیـەك هـەمان دووریـان هەیـە[٢] هـەروەها دەکەوێتـە سـەر هێڵـی (٣٥) درێـژی (٣٨) و (١٢٠) م لە ئاستی ڕێکی ڕوی دەریـاوە بـەرزە، شـوێنی کـەلاریش لـە دەڤـەری گـەرمیان دا بـەم شـێوەیەیە، ئـاوی ڕوبـاری سـیروان دەکەوێتـە ڕۆژهـەڵاتی کـەلارو ناحیـەی سـەرقەڵاو کفـری دەکەونـە ڕۆژ ئاوایـەوە، کوڵـەجۆی زەنگابادیش و قەزای خانەقینیش باشی کەلار پێك دەهێنن، لە باکوریشەوە سنوری قەزای دەربەنـدیخان لـە خـڕی ( دەرەدۆێنەوە دەست پێ دەکات).[٣]

---

١ - سالّح هەلاج ، چەردەیەکی مێژووی دەڤەری گەرمیان ، چاپخانەی گەنج، چاپی یەکەم ٢٠١١، ٣٠–٣١

٢ - رزگار حاجی حمید ، کەلار مێژویەکی دێرین و جوگرافیای شارێکی زیندوو، چاپخانەی یاد ، چاپی یەکەم ٢٠١٥ ، لا ٢٩٦

٣ - سوارە حەسەن باجەلأن ، مێژووی کەلار ، چاپخانەی چوارچرا ، چاپی یەکەم سلێمانی ٢٠١١، لا ٣٣

سەبارەت بەناوی کەلار کۆمەڵێك بۆچون هەیە، لەوانە کەلار لە ( کەلا–رێ) هاتووە کە ماناکەی ئەو گوندەی کە لە ڕێگای سەرەکیەوە دوورە ، یان بە مانای ( کەڵ–یار) دێت کە بە واتای ( شوێنی ئاسکەکان) دێت[1] ڕایەکی تر هەیە دەڵێت ووشەی کەلار لە زمانی عەرەبیدا بە واتای ( کەلاوە) واتە ( وێرانە ) دێت، ئەمەش ئاماژەیە بەکاول بون و وێران بوونی ئەم ناوچەیە چەند جارێك و لە چەند سەردەمێك دا ، هەروەها بە گوتەی ( عەبدولا حەسەن قادر ) کە شارەزایە لە مێژوی ناوچەکە ( کەلار) لە وشەی ( کەلاوە ) وە هاتوە ، ئەو پێی وایە لە کۆنداو لەنێو خودی خەڵکی دەڤەری گەرمیان دا بە( کەلاوە) وتویانە ( کەلار)ە.[2]

کەلار بریتی بوو لە (٢٥٠) ماڵێك و مەرکەزی بەگزادەکانی جاف بووەو لە ساڵی (١٩٤٤) داو لەسەردەمی حکومەتی پاشایەتی دا ، چەند جارێك حکومەت هەوڵی دا کەلار بکاتە ناحیە، بەڵام بەگزادەکان ڕازی نەبوون و ناحیە برایە سەرقەڵا کە لە نێوان کفری و کەلاردابوو.

کەلار لەمێژە ئاوەدان بووە، بەڵگەی زۆر هەن سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن، سەرەتا بە ناحیە لە قەڵای شێروانەبووە، مەڵبەندی ناحیەکەش سەرتا لەبنگرد بووە بەرامەر قەڵای شێروانە. بنگردیش لەوەوە هاتووە کەلەبن گردی قەڵای شێروانەدا بووە. ئەم ناحیەیە( قەڵای شێروانە) مێژوویەکی دێرینی هەیە، تاکو ناوڕاستی سییەکان بەبنگرد بووە. دواتر لەبەر بەرفراوانی و دووری لەگوندەکانی ناوەندی ناحیەکە، گواستراوەتەوەبۆ گوندی سەرقەڵا. تاکو ساڵی (١٩٧٥) ناوی شێروانەبووە، دواتر کەقەزای کەلار دەخرێتە سەر پارێزگای سلێمانی، ماوەیەك دەمێنێتەوەو دەخرێتە سەر قەزای کفری. ئیدی ناوی ناحیەی شێروانە نامێنێ و لە(١٩٧٥/١١/٦) ناحیەی سەرەقەڵا بەمەرسومی کۆماری دەکرێتە ناحیەو گوندەکانی ناحیەی شێروانەی بەسەردا دابەش دەکرێت، پێشتریش لەکۆتایی شەستەکاندا گوندی جەبارەی لێدابڕا و کرایە ناحیە. لەکۆتایی شوباتی (١٩٧٠) دا بەبڕیاری حکومەتی عێراق کرایە قەزا و ناوی (کەلار) ی لێنرا. سەر بەپارێزگای کەرکوك بوو، کەئەمەش بەهۆی ڕەگەز پەرستی حکومەتی بەعسەوەبووە، کە لەو کاتەدا حکومڕانی عێراقی کردووە، لەبەر ئەوەی ناوی شێروانە بەناوی فارسی لەقەڵەم داوە، قەزاکەش ناوی کەلاری وەرگرت، لەوکاتەدا مەڵبەندی قەزاکە لەبنگرد بوو، کەشێروانەو بنگرد تەنیا (٢ کم) لەکەلارەوە دوور بوون، وە لەئێستادا سێ گەڕەکی کۆنی شارەکەن. زۆربەی دام و دەزگا حکومییەکان، بەتایبەت کۆنەکان لەو گەڕەکانەن، ڕەنگە هۆکارێکی تری ناوەکە بگەڕێتەوە ئەوەی کەناحیەیەکی تر بەو ناوەوە هەبووە، بەناوی ناحیەی بنگرد، وە لەپارێزگای سلێمانی ناوی شێروانەش لەقەڵای دێرینی شێورانەوەوەرگیراوە. هەرچەندە نوسەر مێژووی بەقەزابوونی ساڵی ١٩٧٤ ی نوسیوە، کەڕاستییەکەی و مەرسومی کۆمارییەکەی کەلەسەرەوە ئاماژەی پێکرا ئیدی بەدرێژایی مێژووی کەلار و شێروانەدا زۆر بەڵگەمان خستەڕو کەناحیەی شێروانە پێش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا و پێکهێنانی یەکەم حکومەت و دابەشبوونی کارگێڕی لیوا و قەزا و ناحیەکاندا. لەبیستەکانی سەدەی ڕابردوودا

[1] - د. بەهرۆز جاف ، گۆڤاری کۆچ– ژمارە ٣ ،هاوینی ٢٠١٥، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی ، لا ١١٣

[2] - سوارە حەسەن باجەلان ، مێژووی کەلار ، چاپخانەی چوارچرا ، چاپی یەکەم سلێمانی ٢٠١١، لا١٤

ناحیەی شێروانە هاتە کایەوەو زۆربەی گوندەکانی کفری لەخۆ گرتووەو ناوەندی ناحیەکەش لەناو قەڵای شێرانەدا بووە. دواتیش دەبێتە قەزا و لەهەردوو نایەی شێروانەو پێباز پێك دێت. کەواتەبەپێی مەرسومێکی کۆماری ژمارە (١٣٧) بەپێکهێنانی قەزای کەلار لە٢٨ (/١٩٧٠/٢) لەلایەن سەرۆك کۆماری عێراقەوە لەپارێزگای کەرکوك و هەردوو ناحیەی شێروانە و پێباز دەکەوێتە سنوری ئیدارەی ئەم قەزایەوە، ئەمەش پێچەوانەی ئەو ڕایانەیە کەبڵاوکراونەتەوە گوایە کەلار لەدوای ڕێکەوتننامەی (١١)ی ئازارەوە بوەتە قەزا، لەکاتێکدا بڕیاری دەرچوونی وەك لەمەرسوومی کۆماریدا هاتووە، (٢/٢٨ وە، نەك ٣/١١) واتەمانگی شوباتە نەك ئازار.

کەلار لەماوەیەکی کورتدا گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆوەبینیوە، بەئێستاشەوە تادێت لەهەموو ڕوویەکەوی گەشەدەکات و دەبێتە باوانی ئەوانەی کەماوەیەکی کورتیش تێیدا نیشتەجێ دەبن بەبێ ئەوەی هەست بەنامۆیی بکەن، جیا لەوەی وەك جوڵەیەکی بەردەوام بەدی دەکرێت لەتەواوی کایە جیاجیاکاندا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری سیاسی و ئابوری و کارگێڕی و هەڵکەوتە جوگرافییەکەی، یەکەم قایمقامی قەزای کەلاریش (جەلال بیلال کانەبی) بووەکەخەڵکی هەولێر بوو[١]

تا دێت ئەمشارە لەگەشەکردندایەو بەخێرایی ڕێژەی دانیشتوان پتر دەبێت ، بەپێی قۆناغەکانی سەردەم و کاریگەری و بزاوتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و جوگرافی و کارگێڕییەکان، گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆوەبینییوە. لەگەڵ ئەوش ڕەوشی سیاسی عیراق و کوردستان ڕۆڵی گەشیان هەبووە، لەفراوان بوون و گەشەکردنی ئەم شارەدا، دواجار پێگەو هەڵکەوتە جوگرافییەکەی و فاکتەری کارگێری و خزمەتگوزارییەکان گەر لەئاستی پێداویستییەکانی سەردمیشدا نەبووبێت، حاشا هەڵنەگرە گەر بەراوردی بکەین لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەردا جیاوازی بەرچاو بەدی دەکرێت. بەتایبت لەو قۆناغەدا هیچ خزمەتگوزارییەك بۆ گوندەکان نەبووە بەپێچەوانەشەوە ئابلۆقەی جیاواز و فشاری جۆربەجۆر و ئۆپراسیۆنی هێز و داپڵۆسین و سەرکەوتکردن و چەوسانەوەهەمیشەئامادەیی هەبووە. ئەمانە ڕیگەخۆشکەر و خاڵی سەرەکی بوون کەگوندنیشینان کۆچ بکەن بۆ شار، ئەم ڕەوشە درێژەی هەبووەتا ڕووخاندن و سوتماککردنی گوندەکان و دواتریش ئەنفال کردن و زیندەبەچاڵکردن و بێ سەروشوێن کردن. ئەوانەی کەلەژێر چنگی بەعس ڕزگاریان بوو، بەناچاری لەم شارەدا و لەئۆردوگا زۆرەملێکان نیشتەجێ کران.دواتریش دوای ڕاپەڕین و ڕزگارکردنی ئەو ناوچانەو وەدەرنانی دەزگا سیخوڕی و سەرکوتکەرەکانی بەعس، کەلار ئارامی وئاسایش و هیچ نەبێت ئەو جۆرەچەوسانەوانەی کەمتر تێدا بەدی دەکرا، بۆیە جارێکی تر بووە باوانی ئەو شار و شارۆچکانەی کەلەژێر دەسەڵاتی بەعسدا بوون، هەمدیسان کەلار توشی گرفتی ئیداری بوویەوە بەدامەزراندنی پارێزگای کەرکوك، لەسەر بڕیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەپارێزگای سلێمانی جیاکرایەوەو خرایەسەر پارێزگای کەرکوك، ئەمانە دوای پرۆسەی ئازادی و ڕوخاندنی حکومەتی بەعس پارێزگای کەرکوك هەڵوەشێنرایەوە، ئیداری گەرمیان جێی گرتەوە بۆ ئەو قەزایانەی

---

[١] - رزگار حاجی حمید ، کەلار مێژویەکی دێرین و جوگرافیای شارێکی زیندوو، چاپخانەی یاد ، چاپی یەکەم ٢٠١٥ ، ل ٤٨

کەبەدرێژایی مێـژوو تـا ناوراسـتی حـەفتاکان لەسـەر پاریزگـای کـەرکوك بـوون، دواتـریش بـەبریارێکی ئەنجومـەنی وەزیران ئیدارەی گەرمیان گوازرایەوە بۆ شاری کەلار، ئیدی لەو چرکەوە تاکو ئیستا ناوەندی ئیـدارەی گەرمیانـە، ئەمەش خاڵێکی پۆزەتیف و ڕەنگدانەوەی زۆری هەبوو لەمێژووی کەلاردا و تائێسـتاش مامەڵـەی پارێزگـای لەگـەڵ دەکرێت[1]

پێگەی شاری کەلار هۆکارێکی ڕاسـتەوخۆی لەسـەر گەشەسـەندنی دانیشـتوان هەبووەبەئێستاشـەوە، بەتایبـەتی لەبورەکانی بازرگانی و پیشەسازی کەدەکەوێتە نێوان شارەکانی بەغداد و دیالەو سلێمانی و کـەرکوك بەیەکیانـەوە دەبەستێتەوە، هەروەها نزیکە لەئێران بەهۆی مـەرزی (پـەروێزخان و پشـتەو مونزریـە)ەوە، کـەبزاوتێکی ئـابووری کەم وێنەی دروستکردووە.

ئـەو زیادبوونـەی دانیشـتوانی شـارەی کـەلار لـەو سـاڵانەی کـەنا سورشـتی بـووە چـەندین کێشـەی کۆمەڵایـەتی و ئابووری و دیموگرافی لێکەوتەوە. ئێستاش لەشارەکەدا دیارەو دیارترینیان کێشەی نیشتەجێبوونە[2]

لە دوای ڕاپەڕینیشەوە تەوژمێکی ڕۆشنبیری و میدیای و ڕۆژنامەوانی لەکەلار سـەری هەڵـداو گۆڤـارو بڵاوکـراوەو ئیزگەو تەلەفزیۆن دامەزرا، بۆ نمونە یەکەم گۆڤـار کـە گۆڤـاری گۆڤـاربوو لـە (١٩٩٨) دا ، یەکـەم ئێزگـە ( ڕادیـۆ) دەنگی گەرمیان بوو لە (١-٦-١٩٩٣) دا دامەزرا و دواتر ڕادیۆی ئازادی لە (٢١-٦-١٩٩٥) دامـەزرا و لـە ٢٢-٧-١٩٩٧ یش ئێزگەی یەکگرتوو دەستی بـە کـارکرد. پەخشـی تەلـەفزیۆنی لۆکـالیش هاتـە کایـەوە وەك تەلـەفزیۆنی کەلار (لە ١٩-٥-١٩٩٧) دامەزرا...هتد.

لـە سـاڵی (١٩٥٨) تـا سـاڵانی شەسـتەکان زەوی و زارو دێهاتـەکانی گـەرمیان بـە پێـی سیسـتەمی ئـەو دەمـەی موڵکداری ، بـەڕێوەبردنی بـە دەسـت بـەگزادەکانی جافـەوەبوە، ئـەوان بـە پێـی عورفێـك یـان شـێوە یاسـاییەکی نەنوسـراو موڵکانـەیان وەرگـرت، بـەگزادە جافـەکانی کـەلار، تایبەتمەنـدی و خەسـڵەتەکانی چـینی بـاڵای ئەرستۆکراتیان پێوە دیاربوو، لە هەمان کاتیشدا لە هاوچینەکانی خۆیان جیاوازبوون، ئەمان کراوەتربـوون و هـانی خـەڵکیان دەدا بـۆ فێربـوون و خوێنـدن، بەشێکیشـیان لـە بزوتنـەوەی فەرهـەنگی و کوردایـەتی دا بەشـداربوون، خوێنرێژ نەبوون، هەوڵیان دەدا لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەسەڵاتیانەوە پرۆژەی ئـاوەدانی و خزمـەتگوزاری لەلایـەن حکومەتەوە لەناوچەکەدا جێبەجێ بکەن[3] بۆ نموونە بە هەوڵی محمد بـەگی جـاف سـاڵی (١٩٣١) قوتابخانەیـەکی سەرەتای لە کەلار کرایەوە، لە ساڵانی شەستەکاندا دەورێکی پرشنگداریان هەبوە لە ناوچەکەدا.

هەتا ڕاپەڕین کەلار لە ژێر ستەمی ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکان و بەعسدا بوو.

[1] - رزگار حاجی حمید ، کەلار مێژویەکی دێرین و جوگرافیای شارێکی زیندوو، چاپخانەی یاد ، چاپی یەکەم ٢٠١٥ ، ل ٥٠

[2] - هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٩٦

[3] - محمد شاکەلی ، قەزای کفری.. شارەدێی کەلار لە پەنجاکانداو پاسەکەی حاجی ، چاپخانەی کارۆ،٢٠١٢ کەرکوك، لا ١٧٤

### – یەکێك لە ئاسەوارە مێژوویەکانی کەلار:

قەلأی شێروانە بینایەکی چوارگۆشەی سێ نهۆمە، بە خشتی سورو قشلَ و گەچ دروستکراوە، بەرزی بینـای قەلأکـە (١٢–٢٠) مەترو ڕوبەرەکەشی (٤٠٠) مەتر دوجایە، شێوەو تەرزی بیناسازی قەلأکە لە باڵەخانەکانی شـاری سـنەی سـەردەمی ئەردەلأنەکانـەوە نزیکـە، دروسـتکردنی قەلأکـە زیـاتر لـە (٨) سـاڵی خایانـدوە، بـە پێـی سەرچـاوە مێژوویەکان ئەم قەلأیە ساڵی (١٨٦٦) لە لایەن حەمە پاشای جـاف دروسـت کـراوە[1] چـەندین ئاسـەوار و شـوێنی دێرین لە کەلاردا هەن وەکو جۆگەی گاوری (کارێز) و گردی گـردە گۆزینـەو ، شـوێنەواری قـەلأی پاشـا لـە گونـدی تازەدێ کە (١٦) کیلۆمەتر لەکەلارەوە دورە.

### ب) کفری :

ئەم قەزایە کەوتوەتە لای ڕۆژهەلأتی پارێزگای کەرکوك کە هاو سـنورە لـە سـەروی ڕۆژهەلأتیـەوە بـە پارێزگـای سلێمانیەوە، لە خواروی ڕۆژهەلأتەوە پارێزگای دیالەیە، سنوری ئـەم قەزایـە لـە ڕۆژهەلأتـەوە ڕوبـاری دیالەیـە، لـە باشوری ڕۆژ ئاوایەوە لیوای بەغدایە[2] ڕوبەری قەزای کفری تا چلەکانی سـەدەی ڕابـردوو (٥٢٧٥ کـم٢) بـووە، کـە دەکاتە(٢١١٠٠٠٠ دۆنم). دەکەوێتە نێوان هەردوو هێلی درێژی (٣٦–٤٤ ، ٢٩–٤٥)ـ ڕۆژهـەڵاتی هێلـی گرینیچ، لـە ڕۆژهەڵاتی هێلی (دەرەدوێن) لای باکوورەوە، کە دەکەوێـە نزیك بانیخێڵـان و تـا خـاڵی بـڕینی زینـجیرە چیاکانی حـەمرین بـە ڕووبـاری سـیروان. بـە مانایـەکی تـر، ڕووبـاری سـیروان سـنوری ڕۆژهـەڵاتی ئـەم قەزایەیـە، سـنوری باکوریشی زنجیرە چیاکانی قەرەداغە( گوڵان و زەردە) تا دەگاتە گوندی (بانی مۆد). سنوری ڕۆژئاواشی ڕووبـاری (ئاوەسپی)یە، کە لە سەرچاوەی دامێنی چیای (ئـاخ داغ)ەوە هـەڵ دەقوڵێـت، تـا دەگاتـە خـاڵی بـڕینی ڕووبـاری ناوبراو، بۆ بەرزاییەکانی مازۆح لە خاڵی خۆرنەوازان، ئەم ناوانەش سـنوری قەزاکەیـە، لەگـەل هەریـەك لـە ناحیـەی (سەنگاو) و (قادر کەرەم)، هەر لە خاڵی خۆرنەوازانیشەوە بۆ چـیای (حـەمرین) سـنوری درێـژ دەبێتـەوە، سـنوری باشوریشی زنجیرە چیاکانی حەمرین بوو[3]

کفری بەیەکێك لە شارە کۆنەکان دەژمێردرێت لە مێژووداو ، مێژوی دروسـت بـوونی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی ساسانیەکان ، بونی هەندێ شـوێنی ساسـانیەکان لـە ناوچـەی ( اسـکی کفـری) بەڵگـەی ئـەو ڕاسـتیەن ، ناوچـەی ئەسکی کفریش (١٢ کم) لە قەزاکەوە دورەو گردێکی کۆنی لێیـە، بـەهۆی شـەڕوو بلأوبونـەوەی پـەتاوە خەڵکەکـە ناچاربوون ئەو ناوچەیە چۆڵ بکەن و لـەو شـوێنەی ئێسـتا دروسـتی بکـەن کـە گـەڕەکی ( عجم)یـش بـە بنچـینەی شارەکە دادەنرێت[4]

---

[1] - محمد شاکەلی ، قەزای کفری.. شارەدێی کەلار لە پەنجاکانداو پاسەکەی حاجی ، چاپخانەی کارۆ،٢٠١٢ کەرکوك، ل ١٣٧–١٣٨

[2] - حسین اسماعیل خان دەلۆ، ناوچەی کفری لەنێوان ساڵانی ١٩١٤–١٩٤٥، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ، چاپی دووەم هەولێر ، ل٣٦

[3] - سهیل خورشید عزیز ، مێژووی ناوچەی کفری لە کۆنەوە تا ساڵی ١٩٥٨ ، چاپخانەی یاد، چاپی یەکەم ٢٠١٣ ، ل ٨٣

[4] - سەید هاشم سەید ئەحمەد سەید محمد ، یاداشتەکانم لە کفری دا – چاپی یەکەم ٢٠٠١– چاپخانەی ئاسا– ل ٨

سەبارەت بەناوی کفری هەندێك دەڵێن لە (کفر)ی عەرەبییەوە هاتووە، کە بەعەرەبی مانای ( دارگەز) دەبەخشێت، چونکە لە کۆندا ئەو جۆرە دارانە لە کفریدا زۆربوون ، هەندێکیش دەڵێن( کفر بەمانای قیر یان بەردە خەڵوز دێت) کە لە دێر زەمانەوە کانەکانیان لە دەوروپشتی کفریدا دۆزراوەتەوە[1] هەروەها شاری کفری لە سەردەمی عوسمانیەکاندا پێ دەوترا ( صلاحیە)، ئەم شارە لە ڕابردودا گەورەترین قەزای پارێزگای کەرکوك بووە، لە باکورەوە زنجیرە چیای باوەشاسوارو لە ڕۆژهەلاتەوە زنجیرە چیای ( ناصالح ) لە باشورەوە دەشتاییەکی فراوان و لە ڕۆژئاواوە دەشتایی سنوری ناوچەکەن.

ئاو هەوای کفری لە هاویندا وشك و گەرمە و هەندێك جار لەمانگی تەموز و ئاب دا پلەی گەرما دەگاتە (٤٦) پلەی سەدی و لە زستاندا ئاوو هەوای ساردەو زۆرجار دەگاتە پلەی بەستن و لە پایزدا هەوای فێنکەو زۆرجار ڕەشەباو تەپ و تۆز هەیە و لە بەهاریشدا ئاو هەوای تەواو فێنك و خۆشە.

کفری لە ڕوی جوگرافیەوە ناوەندی پشوی ئەو کاروانیانە بووە کە لە نێوان بەغداو سلێمانی دا هاتوچۆیان کردوە، بۆیە دەبینین دەیان خان ( کاروان سەرا)ی تێدا دروست کراوە، بەناوبانگ ترینیشیان خانی ( مجید پاشا) بووە.

لە ڕوی سیاسیشەوە لەبەر ئەوەی ناوچەیەکی ستراتیژی بووە بۆیە چەندین شەری تێدا بەرپابووە لە نێوان هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و فارسی چونکە خاکێکی گرنگ بووە بۆ دەست بەسەراگرتنی باکور، بەناوبانگترین ئەو شەرانەش ئەو شەرەبووە کە لەنێوان والی عوسمانی ( عەلی پاشا) و ( سلێمان پاشا) ی باباندا ڕوی داوە لە ساڵی (١٧٦٠ز) داو پاشای بابانی ناچار بووە بۆ ئێران هەڵبێت. هەروەها یەکێکی تر لەو ڕاپەڕینە مەزنانەی کە شاری کفری و خەڵکەکەی شانازی پێوە دەکەن شۆڕشی ( ئیبراهیم خانی دەلۆ)یە کە توانیان شارەکە لە ژێر دەستەلاتی ئینگلیزەکان دەربهێنن [2] ئەم شارە گەلێکی تر داستان و نەبەردی بەخۆیەوە بینیوە لە مێژودا لەوانە ( شەری ئاوباریك لە (٥)ی نیسانی ١٩٣١ دا، شەری قاتەکانی کفری لە (١٩٦٣) ، خۆپیشاندانی قوتابیانی کفری لە ساڵی (١٩٧٧) ، سەری کفری و سەرقەلا لە ساڵی (١٩٩١) ، هەر وەها داستان و شەڕەکانی ئۆمەربل و چەندانی دیکەش [3] کە لە مێژوی ناوچەکەو کفریدا بە شانازییەوە تەماشا دەکرێت.

هەر لەسەرەتای هاتنی سوپای بریتانیا بۆ ناوچەکە خەڵکی شاری کفری ڕۆڵیان هەبووە لەکارگێڕی لیوای کەرکوکدا، هەر لەو کاتەدا پلانەکانی نوێل لەهەنگاوی یەکەمدا لەساڵی (١٩١٩) دامەزراندنی ئەنجومەنێکی کارگێڕی بوو لەکەرکوکدا، ئەرکی ئەو ئەنجومەنە هاوکاری فەرمانڕەوایانی سیاسی بریتانیا بوو لەناوچەکەدا. ئەنجومەنەکە لە(١٢) ئەندام پێك هاتبوون بەم شێوەیە: (٦) ئەندامی نوێنەری کورد بوون، (٣) ئەندامی نوێنەری تورکمان بوون، عەرەب و جولەکەو مەسیح هەر یەك تەنیا (١) ئەندام نوێنەریان هەبووە، لەو شەش

---

[1] - حسین اسماعیل خان دەلۆ، ناوچەی کفری لەنێوان سالآنی ١٩١٤–١٩٤٥، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ، چاپی دووەم هەولێر ، لا ٢١

[2] - سەید هاشم سەید ئەحمەد سەید محمد ، یاداشتەکانم لە کفری دا – چاپی یەکەم ٢٠٠١– چاپخانەی ئاسا– لا ٨،١١،١٣

[3] - سۆران نەدار ، کفری و نویگەری ، چاپخانەی ڕەهەند–سلێمانی ، چاپی یەکەم ٢٠١١ ، لا ١١٨

ئەندامەی کورددا سیانیان خەڵکی ناوچەی کفری بوون کەبریتی بون لە(جەمیل بەگ بابان دانیشتووی کنگربان ، سەید عومەر ئاغا دانیشتووی کفری، رەزا بەگ فەتاح بەگی جاف دانیشتوی کەلار بوو).

لەپاش دامەزراندنی ئەنجومەنی نوێنەران لەعێراقدا، هەندێك لە کەسایەتی و سەرۆك هۆزەکانی ناوچەی کفری کاندیدکران بۆ ئەنجومەن وەکو (جەمیل بەگی بابان (١٨٨٨-١٩٤٦) ، محەمەد بەگگی جاف ، محەمەد سەعید مەنداوی، داود بەگ (١٨٩٢ -١٩٦٦) ، محەمەد حاجی نەعمان، مەحمود بەگی بابان و هیدایەت حاجی محەمەد دەلۆ.... هتد. کەدەنگی زۆریان بەدەست هێناوەو بونەتەئەندامی ئەنجومەنەکە.

کفری لەسەردەمی دەوڵەتی عێراقدا زۆر لەپیاوانی شارەکەی پلەی وەزیریان وەرگرتووەبەتایبەتی لەسەردەمی مەلیکدا.. هەر بۆیەش بەشاری وەرزیران ناوی دەرکردووە(عومەر نەزمی) بۆ چەند جارێك پۆستی وەرزیری وەرگرتووە. هەروەها (وەمیز جەمال عومەر نەزمی) کەکورد بووەو خەڵکی کفری بووە، چەند جارێك پۆستی وەزیری وەرگتووە، هەروەها (مەحمود بەگی بابان) و (ئەحمەد موختار بابان) دواین سەرۆك وەزیرانی سەردەمی پاشایەتی بووە. بنەماڵەی بابانییەکان دوای تێکچوونی میرنیشینەکەیان لەکفری جێگیر بوونەو کێڵگەو باخەکانیان تا ئێستا بەو ناوەوەماوە، و هەروەها لەسەردەمی کۆماریدا (موکەرەم تاڵەبانی) وەزیری ئاودێری و (ئومێد مدحد موبارەك) وەزیری تەندروستی بوونە، و لەحکومەتی هەرێمی کوردستانیش (شێخ محەمەد شاکەل، عوسمانی حاجی مەحمود، ساڵەح دەلۆ ، ئاسۆس نەجیب گەرمیانی) پۆستی وەزیریان وەرگرتووە[1]

لەناو شاری کفری و دەوروبەریدا ژمارەیەك شاعیر و ئەدیب هەبوون کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی ڕۆشنبیری و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری خەڵکی ناوچەکە هەبووە، کەئەم ناوانە بەشێکن لەو شاعیر ئەو ئەدیبانەی شاری کفری و دەوروبەری:

خەلیل منەوەر ، خەتاپۆش ، محەمەد شوکری قەرەداغی ، قەمەر ، شاکەلی ، نوحی ، موخلیس ، غالب ، پشکۆ ، عەبداڵ ، سەقەمی و حاجی برایمی شاتری و میرزا شەفیع و مەلا حەمدون و چەندانی تر، کەئەمانەلەسەردەم و ڕۆژاری کۆندا ڕۆلیان بینییوەبۆ ڕۆشنکردنەوەی خەڵکی ناوچەکە.

لەکفری دا لەساڵەکانی سییەکاندا ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی لەشاری کفری دەفرۆشرا، لەلایەن حاج مستەفا قایمقامی کفرییەوە.

لە مێژوی نوێشدا چەندین شاعیرو چیرۆك نووس هەلکەوتون و تا ئێستاش بەردەوامن وەکو ( عەتای مەلا ستار ، مەلا نەجم ، ئاری عسمان خەیات و نیشتمان بێنەوا...هتد.

(١٩٣٠ - ١٩٣١ز) یانەی ڕۆشنبیری لەکفری دامەزرا و لەنێو شاری کفری دیوەخان و کتێبخانەی ماڵی سەیدەکان و بابانەکان ڕۆلیان هەبووە بۆ پەرەپێدان و برەودان بەجوڵانەوەی ڕۆشنبیری خەڵکی شارەکە، ئەمانە زەخیرەیەکی مێژوویی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بوون.

---

[1] - لاوان ئەحمەد ، شاری کفری لە مێژوودا ، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال ، ساڵی ٢٠١٣ ، لا ٤٤ ، ٤٥

بۆ سەردەمی شیعری تازەگەری سەرەتا گۆرانی شاعیر و شێخ نوری شێخ سالەح هەوڵیاندا ڕێچکەشکێنی بواری شیعری ئازاد و نوێگەر بن کەلەسلێمانی و هەولێر و کەرکوك چووزەرەیان کرد و سەردەمی ڕوانگە شێرکۆ بێکەس ڕابەرایەتی دەکرد شێخ ئەحەد شاکەلی سەر بەگروپی سلێمانی بوو.

لەسەرەتای ساڵانی حەفتاکانەوەلەتیف هەڵمەت و فەرهاد (ئەنوەر) شاکەلی دوو کەسی دیاری ئەو بزاو تەشیعری و ڕۆشنبیر و ئەدەبییەبوون، هەروەها ئەنوەر شاکەلی و کەنعان مەدحەت سەر بەو قوتابخانەیەبوون کەبە(نوێخوازی کفری) ناوزەند دەکرێ ، بەدوای خۆیاندا جوڵانەوەی شیعریان لەکفری و ناوچەکەدا بەهێزتر و بەپێز تر و ئەکتیڤتر کردوەکەژمارەیەکی زۆر شاعیر و نوسەر و ڕوناکبیر و چیرۆکنووس و ڕۆژنامەنووس لەشاری کفریدا دەرکەوتن کەلەبواری شیعردا مەهاباد قەرەداغی زۆر بەباشی دەردەوتووە [1]

لە ڕابردودا کفری بەناوبانگ بووە بە کارو پیشەی گۆزەچێتی و قایە چێتی و بەرگدروون و هەروەها نانەوایی و ئاسنگەری و چەخماخچێتی و خومچی ( یان بەنرەنگکەر)، هەروەها دەوڵەمەندە بە سامانە کانزایی و سروشتیەکانی وەك " نەوت ، قیر (خەڵوزی بەردین ، یۆرانیۆم ، بەردو گەچ ، گۆگرد ، بەناوبانگیشە بە تەپۆلکە دەستکردەکان و کارێزو گۆڕستانەکان و قەیسەری و سەرای کفری و بەنداوی باوەشاسوار[2]

## ج) شاری خانەقین:

گەرچی ئاماژە بە سەرەتای دروستکردنی نەدراوە، بەڵام بەشێك بووە لە نیشتمانی کۆنی گۆتی و لۆلۆیەکان، پاش ئەوەی گۆتییەکان دەوڵەتی ئەکەدییان لەناوبرد، ناوچەی خانەقی کەرتێك بووە بە قەڵەمڕەوی گۆتییەکان، ئەم کەرتە لە کەناراوەکانی ڕووباری سیروانەوە تا ناوچەکانی پشتکۆ و کرماشان، لەسەردەمی داگیرکاری گریکییەکاندا بە (ئەرتەمیتا) ناوی هاتووە، کە زاراوەیەکی یۆنانییە، لەسەردەمی عوسمانییەکاناد شاری خانەی سنجاق بووە بەرامبەر بە پارێزگای ئیسا، فەرمانڕەوایەك بووە بەناوی (باجەڵان) قەڵەم ڕەوییان واتە(سنجاقی باجەڵان) لە چیاکانی حەمرینەوە دەستی پێدەکات تا ناوچەی زەهاو. لەملایشەوە تا پشتکۆ و کرماشان. ئەگەر چاوێك بەو شوێنەوارانەدا بخشێنین کە لەم ناوچەیەدا هەیە وەك بەردە کۆنەکەی ناو شاری خانەقی یان شوێنەوارەکانی گوندی (شێرەوەند) ئەم ناوە لەوەوە هاتووە (خورشیدی پروێز پاشای ئێران زەمین) کاتێك هەست دەکات شێرۆی کوڕی دۆستایەتی لەگەڵ ژنەکەیدا دەکات، شێرۆی لەم ناوچەیەدا بەند کردوە، وەکو دەڵێت: شێروەند (شیربەند) واتە شیرۆی تێدا بەند کراوە. یان شوێنەواری (حەوش کوڕو) کە تاکو ئێستاش بەشێك لەو خانوبەرانەی هەرماوە، تەپەی (گاوڕ) کە دەکەوێتە نزیك گوندی (کانی ماسی) و بە دەیان شوێنەواری دیکە.

[1] - لاوان ئەحمەد ، شاری کفری لە مێژوودا ، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال ، ساڵی ٢٠١٣ ، ل ٤٠ ، ٤١، ٤٢

[2] – صلاح الدین عبدالحمید عبدالله ، شاری کفری لە تەرازوی ڕەسەنایەتی و شارستانییەتیدا، چاپخانەی ڕەهەند– سلێمانی ، چاپی دووەم ٢٠١٢ ، ل ٢٢–٣٣

سەرەڕای ئەوەیش هێڵی بازرگانی نێوان شام و کرماشان بووە و پاشان بەغداش کە دروست کراوە، ئەو بزوتنەوە بازرگانی و کاروان سەرایانەی زۆرتر بووە.

ناوەندی شاری خانەقین (٨٠٣٣٦)کەسە کە ٩٠٪ کوردەو ٨٪عەرەب و ٢٪ تورکمان و نزیکی (٩٥) گوندی لەسەرە، قەزایەکە دوریەکەی لە بەغداوە لە ڕێگای قیرتاو (١٥٩) کم،و لە باقعوبەوە (١٠٨)کم، گەڕەکە دێرینەکانی ئەم شارە بریتیە ( جامع،عەبدولا بەگ، حەمیدیە، سالح بەگ، هاشمیە، عیسی، مەلا خدر).

لای عەرەبەکان خانقین بە ( السواد) ناسراوە ، واتە شاری فرە سەوزایی و دەکەوێتە سەر ڕێگای هەمەدان — بەغداد، و دوری لە قەسری شیرین ( ١٥)کم ، مێژوی ئەم شارە ئەگەڕێتەوە بۆ پێش ئیسلام، ئەم شارە خاوەن کۆپری دێرینی گەورەیە کە لەسەر ئاوی ئەلوەن دامەزراوە.

ناوی خانەقین پێکهاتوە لە دوو وشە ( خانە) واتای ( خان یان خانو)ە، ( قین) بە مانای ڕق، ئەویش لەبەر ئەوەی کیسرا شای فارس فەرمانی داوە بە زیندانی کردنی ( نعمان بن المنزر) و لەوکاتەدا ناوی شارەکە نراوە بە خانەقین ، واتە ( بەندینخانەی ڕق لێ بووەکان).

ئەم شارە دیمەنەکای گەشەکردن و بونی مزگەوت و تەکیەو خوێندنگا زۆرەو دانیشاوانی ئەم شارە بە سێ زمان قسە ئەکەن، هەموو هۆزەکانی ئەم شارە کوردن . وەکو ( باجەلان ، زەهاوی ، جاف، ئەرکەوازی، دەلۆ،سورەمەیری) لەم شارە پالأوگەی نەوت هەیە بەناوی (المجوله) واتە بانمیل[1]

---

[1] - عادل مەحمود ، خانەقی و مێژونوسەکانی عەرەب، گۆڤاری ورێزا ، ژمارە ٥و٦،زستانی ٢٠٠٩، ل ٣١

## تەوەری سێیەم: ئایدۆلۆژیەتی بەعس و سڕینەوەی کورد لەژێر ناوی ( ئەنفال ) دا

### ١-٣-١: کورتەیەك لەسەر ئەنفال و کۆمەڵکوژی :

ئەنفال زاراوەیـەکی عەرەبیـە بـە مانـای (غەنیمـە، تـاڵانی کـردن، ڕوتکردنـەوە، ... هتـد) بـە هەشـت قۆنـاغی هەڵمەتی سەربازی و هێزی عێراق لە سـاڵی (١٩٨٨) ئەنجامـدراو تێیـدا بـە ئەنقەسـت و بەشـێوەیەکی پـلان بـۆ دا ڕێژراو (١٠٠) هەزار بۆ (١٨٢) هەزار کەس کـوژران ، لـە کـاتی شـاڵاوەکانی ئەنفالـدا سـوپای عێـراق بـە بـەردەوامی چەکی کیمیاوی بەکار دەهێنا لە دژی کوردەکـان ، قوربانیـانی ئـەنفال بریتـی بـوون لـە ژن و منـاڵ و پـیرو گـەنج، ئەمانە بـۆ ئـەوە ئـەنفال کـران چـونکە کـورد بـوون و لـە سـەر سـەروماڵی خۆیـان ئـەژیان، پـاش لێکۆڵینـەوەکانی ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ لە ساڵانی (١٩٩٢-١٩٩٣) ئەنفالی وەك جینۆساید ئەژمار کرد.[١]

هەر چەندە هەتا ئێستا ئامارێکی دەقیق و ورد لەبەردەست دا نیە بۆ ئەوەی بزانرێت بەتەواوی چـەند هـەزار کـورد بـەر شـاڵاوانەکانی ئـەنفال کـەوتوون، هـەتا ئێسـتا هـەمووان دەڵـێین(١٨٢) هـەزار کـەس ئـەنفالکراوە " بـەڵام سەرچاوەیەك بە ڕۆژنامەی هەولاتی ڕاگەیاندووە کە ( نزار خەزرەجی ) بە حکومەتی دانیمارکی ووتوە(کـە ژمـارەی ئەو کوردانەی لە ساڵی (١٩٨٨) دا شوێن بزر کراوون،( ١٨٢ ) هەزار کەس نیە ، بەڵکو ٢٥٠ هەزار کەسە" [٢]

دیارە ئەنفال و جینۆساید وەکو تاوان دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی پەیدابونی مرۆڤەکان، مێژوونوسان وای بۆ دەچـن کـە لـە سـەدەی نۆزدەهـەم زیـاتر لـە ٢٥٠ ملیـۆن کـەس قوربـانی جینۆسـاید بـوون ئـەویش بـەراورد بـە ژمـارەی دانیشتوانی ئەوکات کە لەیەك ملیار تێپەڕ نەدەبوو، یاسای قەدەغەکردن و سـزادانی جینۆسـاید لـە سـاڵی (١٩٤٨) کە لە (١٩) مادە پێکهاتووە لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە داڕێژراوە[٣] لە گشت خاڵەکانی دا پێناسە کـراوەو بـە ئامانجی وێرانکردن و لەناوبردنی سـەرجەم یـان بەشـێکی نەتەوەیـەك یـان کەمایەتیـەك، ڕەگـەزێك، یـان گروپێکـی کۆمەڵایەتی و ئاینی ئەنجام بدرێت بەشێوەیەکی عەمدی و نەخشە بۆ کێشراو[٤]

جینۆساید لە دوای ڕوداوەکـانی جـەنگی جیهـانی دووەم و بـەهۆی ئـەو کوشـتن و بڕینـە زۆرەی جولەکـەکان لـە سەرانسـەری جیهـان ڕوبـەڕوی بونـەوە، تیـۆریزەکردنی کۆمەڵـە چـەمکێك وەك ئـەرکێکی ئەخلاقیانـەو هـەوڵێکی بونیاتنەرانەی تەندروست بۆ ناسین و ڕاڤەکردنی ئەو ڕوداوانە هاتە کایەوە کە دیارترینیان چەمکی جینۆساید بـوو، زاراوەی کوشتنی بەکۆمەڵ کە ئاماژەیەکە بۆ ووشەی ( genocide )کە لە بنەڕەتدا وشەیەکی (گریکـی-لاتینیـە) لە دوو بەش پێکهاتووە یەکەمیان(genus )ی یۆنانیە واتە کۆمەڵێك یـان گـروپ، دووەمیـان (caeder)ی لاتینیـە واتای گوشتن و فەوتان دێت[٥]

---

[١] – کاروان محمد تەیب، گۆڤاری عەرعەر،ژمارە ( ٤ ) ، چاپخانەی کوردستان، ساڵی چوارەم ٢٠٠٩ لا ٢٦٩-٢٧٠

[٢] - عەبدوڵا کەریم مەحمود، ڕەشەبای ژەهرو ئەنفال، بەرگی دووەم- چاپی دووەم، چاپخانەی پیرەمێرد، ساڵی ٢٠٠٩ ل ١١

[٣] – سەنار شێرکۆی، گۆڤاری ئاشتی ژمارە(٨) ٢٠١٣ ل٣

[٤] - د. سالار باسیرە، جینۆساید، چاپخانەی کەمال، چاپی یەکەم ئازاری ٢٠١٣ ل٢٣

[٥] – گۆران شێخ مستەفا، کاریگەرە ئابوریەکانی جینۆساید لە گەرمیان،چاپخانەی هێڵ ، ساڵی ٢٠١٠ ل ٢٤

لە جینۆسایدەکانی پێشوودا وەك (هۆلۆکۆست،جینۆسایدی ئەرمەنەکان لە لایەن تورکە عوسمانیەکانەوە، جینۆساید لە ڕواندا) ژمارەی کوژراوەکان زۆربون، ئەو ژمارە زۆرە بۆخۆی یارمەتی دەربوو بۆ ئەوەی ئەوە نیشان بدات کە کوشت و بڕ لە سەر بنەمای ئاینی یان ئەتنیکی بووە، بەڵام هەر چۆنێك بێت کوردەکان لە ئۆپراسیۆنی ئەنفالدا زۆریان لی کوژراو جینۆسایدیش بە ژمارە دیاری ناکریٚ و ناناسرێت، بەڵکو مەبەست لە جینۆساید لەناوبردنی گروپێك بە تەواوی یان بە شێکیەتی هەرچۆنێك بێت ئەو ژمارەیەی کە لە ئەنفالدا لە ناو بران بە پێی بە ڵگەکان ئەوە نیشان ئەدات کە کوردەکان کراون بە ئامانج ئەویش بە هۆی ئەوەی لە ڕووی ئەتنیکی یەوە کوردبوون[1]

ئەگەر زیاتر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی جینۆساید لە جیهاندا، ئەوە مێژووی جینۆسایدو لەناوبردنی بە کۆمەڵەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە مێژوویەکی کۆنی هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ پێش زایین، واتە لە ساڵی (١٢ پ.ز) دا بابلیەکان قەسابخانەیەکی کۆمەڵکوژیان بۆ ئاشوریەکان نایەوە، ژمارەیەکی زۆریان کوشتن و قڕکران و شارەکەشیان وێرانکرا، هەروەها (ئەبو موزنەسری) پاشای کلدانی لە ساڵی (٥٩٦ پ.ز) دا شاری یەهودیای وێرانکرد، مەغۆلیەکانیش بەسەرکردایەتی (هۆلاکۆ) هێرشیان کردە سەر تمداد، تەرو وشکیان بەیەکەوە سوتاندا و ژێرخانی شاستانی و ڕۆشنبیری ئەو وڵاتەیان خاپور کردوو لە ماوەی چل ڕۆژ هەشتا هەزار کەسیان قەتلۆعام کرد ، هەروەها لە ساڵی (١٩١٥) پاکتاو کردنی ڕەگەزی ڕۆمانیەکان لە بولگاریا بەڵگەی جینۆسایدن[2]. بۆیە کردەی جینۆساید کردەیەکی تازە نیەو بە درێژی مێژوو دوبارە بوەتەوە.

سەرۆکی عێراق لە(٢٩ی مارتی ساڵی ١٩٨٧ تا ٢٣ی نیسانی ١٩٨٩) هەمان دەسەڵاتی تاکڕەوی خۆی بەخشی بە(عەلی حەسەن مەجید)ی ئامۆزای، بۆ ئەوەی بتوانیٚ بەپێی بەرنامەو نەخشەیەکی ورد، بەپاڵپشتی فەیلەقی (یەك و پێنج)ی سوپای نیزامی عێراق و بەڕێوبەرایەتی (ئیستخباراتی عەسکەری و ئەمنی عامە، و فەوجەکانی دیفاع و وەتەنی و گەلەجاشەکان و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای عەسکەری و سیاسەتی جینۆساید بتوانێت چارەسەری کێشەی کورد بکات، چۆنی بوێت کوشتن وبڕین و بیٚ سەروشوێن کردنی مرۆڤی کورد لەکوردستاندا ئەنجام بدات.[3]

دواجار ئەنفال ترۆپکی جەنگە درێژخایەنەکانی نێوان ڕژێمی عێراق و کورد بوو ، بەڵام دڵڕەقی و درندەی بیٚ ئەندازەی ڕژێمی عێراق تا ماوەیەکی زۆر دور لە دیدگای کۆمەڵگای نێودەوڵەتی مایەوە، گرنگترین تاوان هەردوو ( پرۆسەی ئەنفال ) و ( کیمیا بارانکردنی هەڵەبجە ) بوو لە ئازاری (١٩٨٨) دا [4]

[1] – کاروان محمد تەیب، گۆڤاری عەرعەر،ژمارە ٤ ، چاپخانەی کوردستان، ساڵی چوارەم ٢٠٠٩ لا ٢٦٩–٢٧٠

[2] – مومتاز حەیدەری ، جینۆسایدی کورد لە خەزێنەی (k 21) دا، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٣ ل٤٦٣

[3] - عەبدولاَ کەریم محمود ، ڕەشەبای ژەهرو ئەنفال ، بەرگی یەکەم– چاپی یەکەم ، ساڵی ٢٠٠٢، لا ٣١

[4] - مایکڵ لیزنبێرگ ، و. کارزان محمد ، ئەنفال لە کوردستانی عێراق ، چاپخانەی یاد ، سلێمانی ٢٠١٣ ، لا ١٧

هەر لە ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال و قڕکردنی کوردەوە لە ساڵی (١٩٨٨)ەوە گەلی کوردو چی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بە هیوای کەسوکارەکانیان بوون بەڵام لە دوای ساڵی( ٢٠٠٣) و ڕوخاندنی بەعسەوە دەرکەوت کە چیتر چاوەڕانی بەسەو کەسێك نەما لە چاوەڕوانیدا بێت بەو مانایەی کە باوەڕی وابێت ئەنفالەکان لە ژیاندا ماون یان نا، پێم وابێت هەر لە ڕۆژانی سەرەتای پرۆسەی ئازاد کردنی عێراقەوە هەموکەسوکاری ئەنفالکراوەکان و هەمومالێك دڵنیابوون کەسوکارەکانیان نەماون...![1]

بۆیە دوای ئەو دڵنیابونە گەنجێکی پاشماوەی ئەنفال دەڵێت:(ئەنفال ئەو تاوانە گەورەیەیە گە زۆربەمانی پیرکرد) پیربوون بە بۆچونی ئەو گەنجە پیربونێکی دەرونیە نەك پیربونێك کە لە ئەنجامی بەسەرچونی تەمەنەوە یەخەت بگرێت، ئەنفال ئەوەی بردی بردی ئەوەیش کە بە ڕێکەوت یان بەهەر هۆیەك لەو مەرگەساتە ڕزگاری بوو توشی جۆرێکی تر لەنائومێدی بوو، ڕزگاربوان لەگەڵ ژیانێکدا بە ڕێکەوتن کە ئازارەکانی هیچی ئەوتۆی لە گەڵ ئازارەکانی ئەنفالدا کەمتر نەبوو[2]

## ١-٣-٢: ئەنفال لە ڕوی زاراوەو زمان و چەمکەوە:

ئەنفال، واتە دەسکەوت ( غەنیمە ) ، لە پێش هاتنی ئاینی ئیسلام دا عەرەبەکان وشەی ( ئەنفال ) یان بە واتای تالآنی جەنگ بەکار هێناوە ، مەبەستیش لە جەنگ شەڕکردن و شکاندنی دوژمن و گرتنی دیل و دەستخستنی سامان و ماڵ بووە .

ئەنفال ووشەیەکی سەرومڕ عەرەبیەو بێگومان پێش هاتنی ئیسلام لەناو عەرەبی دەوار نشین و خێڵی کۆچەری و دەوار نشینی عەرەبیدا بڕاوە، وشەکە زۆرتر پەیوەندی بە تێڕوانینی جەنگ و جەنگێن و دەستکەوتەکانی جەنگاوەری جەنگەوە هەیە ، وشەیەکە بۆ هاندانی جەنگاوەر لە جەنگدا ، لە ڕێگەی (هەڵمەت و دەستکەوتەوە ڕزکاوە ( ئەنفال ) لە قورئاندا بۆ حەلآلکردنی جەنگی ( فتوحات ) و کوشتنی خێڵە بە ئیسلام نەبوەکان و ئەقوامی غەیرە عەرەب و دەست بەسەراگرتنی سەروماڵیان بەکار هاتووە.

ئەنفال ووشەیەکی عەرەبی کۆنە چاوگەکەی ( نفل)ە ، (نفل)یش واتە: دەستکەوت بەخشین ، بەخشین لە دەستی کەسێك .

زۆر ناوداری مێژووی ئیسلامیش هەن ، لەوانە ابن الولیع ، محمد کوڕی عەمر ، موسەنا ، یونس و ئەحمەدی کوڕی ئیسحاق ... هتد ) لە خەڵکانی پێش خۆیانی بە چەند بەرەبابێك دەگێڕنەوە، کە ( ئەنفال) بریتی بوو لە : کۆیلەی نێرو مێ ، دیل و کەلوپەل ، تیرو ڕم ، شمشێر ، ئەسپ و ماین ...هتد ) هەشن دەڵێن : ئەنفال ئەو سامان و سەروەت و ماڵەیە کە موسڵمان بە زەبری هێز لە بت پەرستەکانیان سەندووە.

---

[1] – عارف قوربانی ، لەبارەی گۆڕی بە کۆمەڵی منداڵە ئەنفالکراوەکانەوە، چاپخانەی هێڵ ٢٠١٠ ل٤٦-٤٧

[2] – دلێر کەریم، خوێندنەوەیەکی تر بۆ ئەنفال، چاپخانەی هێڵ ساڵی ٢٠١٠ ل ١٩

ئەنفال واتای زیادە دەستکەوت دەگەیەنێت، واتە پێناسەی دەستکەوت ئەو ماڵ و سامانیە کە بەشەڕ لە موشریکەکان دەسەندرێت، واتە لە ڕوانگەی ئاینی ئیسلامەوە بەو ماڵ و سامان و دارایی و ئاژەڵ و چەك و زەخیرانە دەگوترێت کە جەنگاوەرانی موسڵمانان دەستیان دەکەوێت.[١]

پێی دەچێت دەستەواژەی ئەنفال لە ئاستە پاینەکانی عەقڵییەتدا، لە لۆچە تاریکەکانی سایکلۆژییەتی ئینسانەکاندا، چالاکی خۆی ون نەکردبێت " هەموو ڕووداوێکی دەرەکی ئەم هاندەرە نووستووە، سەر لە نوێ ببووژێنێتەوە ! بۆیە دەبینین لە چلەکانی سەدەی ڕابردووش، دەستەواژەی "فەرهوود"ە جارێکی دی، کە بە مەبەستی تاڵانکردن و زەوتکردنی ماڵومولکی ئەوی دیکەیە، جارێکی دی لە عێراقدا بەکاردێت. هەروەکو مێژوونووسان ئاماژەی بۆ دەکەن و دەڵێن، دەستەواژەی "فەرهوود" لە "فر" و "یەهوود"ەوە هاتووە، واتە " هەڵاتنی جوولەکە"، ئاماژە بۆ ئەو سەردەمە دەکات کاتێك جوولەکەکانی عێراق، وڵات بە جێدەهێڵن و دەگەڕێنەوە بۆ ئیسرائیل، ئیتر هێرشکردن و بە تاڵانبردن و زەوتکردنی ماڵومولکی ئەویتر دەبێتە کارێکی ڕەوا.

جگە لەوەی کە دەستەواژەی فەرهوود هەمان چەمکی ئەنفالمان بۆ ڕوون دەکاتەوە و جارێکی دیش لە ساڵی (١٩٦٣) بە فراوانی لە زەمانی حەرەس قەومییەکان، دووبارە دەکرێتەوە و دێتەوە سەر زار. ( کاتێك مێژوونووسان لە بارەی ئەنفالەوە دەیانەویت لێکۆڵینەوە بکەن، بە پێویست دەزانرێت بگەڕێنەوە بۆ ئەو ساڵانە).

سووتاندن و بەتاڵانبرنی و دەرکردنی ئینسانی کورد لە سەر خاکی خۆی، یەکێك بووە لە ئامانجەکانی فەرهوود.

بەڵام دەبینین، دەستەواژەی ئەنفال جارێکی دی، لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دێتەوە سەر گۆڕەپانی عەسکەریی و دوای هەزار و چوار سەد ساڵ زیاتر ئەم دەستەواژەیە قبوڵ دەکرێت و دەبێتە ناونیشانی رستێك لە ئۆپێراسیۆن و هەڵمەتی سەربازیی لە پێناو قڕکردن و سڕینەوە ڕەگەزی کورد " بە پێی بەرنامەیەکی ئامادەکراو کە چەندین قۆناغیش لە خۆی دەگرت، بەرپادەکرێت. لێرە بە قەد ئەوەی کردارەکە گرینگە، هەندەش لێکۆڵینەوە لەو عەقڵییەتەی کە چەمکی تاڵانکردن و قڕکردنی ئەویتر گرینگیی خۆی هەیە و دەبێتە جێی لێوردبوونەوە.[٢]

## ١-٣-٣: مەبەستی سورەتی ئەنفال و ناوی ئەنفال:

کاتێك ئاینی ئیسلام لە نیمچەدورگەی عەرەبی بڵاودەبێتەوە گۆرانکاری دیتە کایەوە ئاینی ئیسلام وەکو سەرجەم شتەکانی تر یاسا و ڕێسایەك بۆ ئەنفال دادەنێت ، سەرەتای دەرکەوتنی وشەکەو بەکارهێنانی لە ئاینی ئیسلامدا دەگەڕیتەوە بۆ شەڕی بەدری گەورە کەلە لە ڕۆژی ١٧ی ڕەمەزانی ساڵی دووەمی کۆچیدا بەرامبەر بەساڵی(٦٢٣)ز لەنێوان بێ باوەڕان و پەیرەوانی ئاینی ئیسلامدا ڕوویدا، شیخ محمد حسێنی دەڵێت (خوای گەورە دەستکەوتەکانی جەنگی بەدری بە ئەنفال ناوبردوە چونکە زیادەیەك بوو کە خوا بەخشییە موسڵمانان، لەکاتێکدا

---

[١] - سەرکەوت شەریف ئیسماعیل ، گۆڤاری هەشتاو هەشت ، ژمارە ٥ و ٦ ، چاپخانەو ئۆفیسی قانع، سلێمانی ساڵی ٢٠٠٦ ، لاپەرە ٦ و ٧

[٢] – ئەحمەدی مەلا ، ئەنفال ، ماڵپەڕی دەنگەکان http://www.dengekan.info/dengekan/genoside/9809.html

لەرووی شوێن وکاتەوە لەجێگایەکدا دادەبەزێت، کە ڕەوایەتی تێدابێت بە دەستکەوتی بەجێماوی جەنگ دژی کافران دەبینین بەغەنیمە ناودەبریت ، سەرەتاکانی دەرکەوتن و بەکارهێنانی (ئەنفال)لەسەدەی بیستەمدا بێ هیچ پێشەکی و بەرایی یەك دەگەڕێتەوە بۆ پەلامارەکانی ئەنفال کە حکومەتی عێراقی دژی کوردو بۆ لەناوبردنی کورد بەکاری هێناوە، عارف قوربانی دەڵیت(هەرچەندە وشەی (ئەنفال)ناوی سورەتێکە لە قورئانی پیرۆزداو هەزاروچوارسەد ساڵە ناوی هاتووەتە ناوانەوە بەلاّم تاکاتی پەلامارەکانی ئەنفال جگە لە مامۆستایانی ئاینی و قورئان خوێنەکان و ئەوانەی خەریکی توێژینەوەی ئیسلامی بوون، کەسمان ئاشنانەبوین بە وشەی ئەنفال، بەلاّم لە ساڵی (١٩٨٨)ەوە کەئەنجامدەرانی پەلاماری کورد قڕان، ناوی کردەوە سەربازییەکەیان نا (ئەنفال) ئیتر لەو کاتەوە بوو بە (ئەنفال) وشەیەکەو لەسەر زارماندایە ، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەنفال زاراوەیەکی تەواو نامۆ بووە بە فەرهەنگ و زمانی کوردی .

لەنوسەرانی وەك (کەنعان مەکیە) دەڵیت (ئەنفال ڕووداوێك نیە لە ئاسمانەوە کەوتبێتە خوارەوە بەڵکو مێژوویەکی دورودرێژی مامەڵەکردنی دڵڕەقانەی بەعس بوو لەگەڵ گەلی کورد کە دەکرێت بیبەستینەوە بە ڕێکەوتننامەی جەزائیری ساڵی( ١٩٧٥) ز ،ەوە تەنانەت کۆنتریش' لەدوای ساڵی ١٩٨٨ ەوە و پەلاماری ئەنفالەوە (وشەی ئەنفال چووە ناو فەرهەنگی زمانی کوردی یەوە و لەگەڵیدا بەردەوام (ئازار ئەشکەنجە، مەرگ، تۆقین، قڕکردن لەبرسامردن، لە تینواخنکان، لە نەخۆشیدا مردن، گورگان خوارد بوون و سەگ خوارد بوون) دێتەوە یادی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بەتایبەتی و کوردی باشوری کوردستان بە گشتی. [1]

**هەروەها توێژەری گەورەی بواری ڕاڤەکردنی قورئان (ناصری صوبحانی)لەمەر وشەی ئەنفال دەڵێت:-**

(( ئەنفال: بریتییە لەو شتە خۆڕ سکانەی کە موڵکییەت هەڵناگرن ، واتە مافی گشتییەو هەموو کەس مافی تێدا هەیە ، وەك کانەکان، ئاو ،ئاگر ،لەوەڕگاکان ،بەبەڵگەی ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت (قل الانفال لله)..نافەرموێت (وللرسول)، بەڵکو فەرمویەتی (ولرسول) واتە تەنها موڵکی خودایەو پێغەمبەریش وەکو پێشەوای موسڵمانان سەرپەرشتیارە بەسەریەوە.

لێرەوە دەردەکەوێ کە ڕای جیاواز هەیە سەبارەت بەناساندنی وشەی ئەنفال ،بەلاّم ئەتوانین بڵێین ئەنفال بەو ماڵ و ئاژەڵ و زەخیرانە دەوترێ کەجەنگاوەرانی موسڵمان لەشەڕدا لەبێ بڕوایان بەدەستی دەهێنن، بەلاّم ئەگەر چاوێك بخشێنین بەقورئانی پیرۆزدا (ئەنفال) ناوی سورەتی هەشتەمە لەقورئانی پیرۆزو یەکەم ئایەتی سورەتەکەش لەبارەی ئەنفالەوەیەکە دەفەرموێت:

---

[1] - هیوا ئەنوەر زەندی ، گۆران نەصرالدین، هۆکارەکانی قوربانیانی ئەنفال لە گەرمیان، چاپخانەی یاد، چاپی یەکەم ٢٠١٤، لاپەڕە ٩و١٠

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**(( يسئلونك عن ألانفال قل ألانفال لله و الرسول فالتقوا الله واصلحوا ذات بينكم ))**

واتە/ پرسیارت لێدەکەن سەبارەت بە (ئەنفال) بڵێ تايبەتە بەخواو پێغەمبەرەکەی، دابەزینی ئەم سورەتە بۆ پێغەمبەری ئیسلام محمد (د.خ) لەپاش جەنگی (بەدر)بووە کە لەساڵی (٢)کۆچیدا ڕوویدابوو ، لە ئەنجامی ئەو جەنگەدا پێغەمبەرو یاوەرانی بەسەر بێباوەڕاندا سەرکەوتن و دەستکەوتی زۆریشیان بەدەستکەوت ، هۆکاری دابەزینی ئەم سورەتە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی بۆچوونی موسڵمانان لەسەر دابەشکردنی دەستکەوتەکانی پاش جەنگ.[1]

ئەنفال وەکو زاراوەیەکی قورئانی بەم شێوەیە پێناسە کراوە : ( هي الاموال المأخوذة من الكفار قهر القتال) لەم پێناسەیەوە سێ ئەنجامان دەست دەکەوێت :

ئەنفال ( اموال )ە، واتە شتومەك هەر وەکو لە هەمان سورەتی ( الانفال ) دا خوای گەورە پێناسەی دەکات بە ئایەتی ( و اعلموا انما غنمتم من شى ) چونکە ( شي و ) بە شتومەك دەوترێت .

( من الكفار ) واتە لە بێ باوەڕانی جەنگاوەر .

(قهر بقتال) : شتومەکەکان شتی بەجێماوی مەیدانی جەنگە نەك ماڵ و نێولادێ ، شارەکان ئەم شتومەکەی مەیدانی جەنگیش کە پێی دەوترێت ( غنمیە )

واتە دەست کەوت لە پێش ئیسلامدا و لە ئایەتەکانی پێشوودا ڕێگە نەدراوە بەکەس هەڵیانبگرێتەوە .

هۆی نازڵبوونی سوورەتی ئەنفال لە ئەنجامی ئەو دەستکەوتانە بوو کە لە شەڕی (بەدر ساڵی ٦٢٤ی . ز ) بەدەستیان هێنا ناکۆکی کەوتە نێوان موسڵمانەکان چونکە موسڵمانەکان بوون بە سێ بەشەوە بەشێکیان دەیانگووت ئێمە دوژمنمان ڕاو ناوە دەبێ دەستکەوتەکە بۆئێمە بێت ، بەشی دووم دەیانگووت ئێمە دەستکەوتەکەمان کۆکردۆتەوە دەبێ بۆ ئێمە بێت بەشی سێیەم دەیانگووت لەکاتی جەنگەکە ئێمە پارێزگاریمان لە پێغەمبەر (د.خ) کردووە دەبێ بۆ ئێمە بێت.[2]

کەواتە ئەنفال وشەیەکی عەرەبییە و لەکۆنەوە بوونی هەبووە لەنێو فەرهەنگ و کەلتوری عەرەبدا، دواتر وەکو ناوی سورەتێك لەقورئانی پیرۆزدا دابەزیوە بۆپێغەمبەر(د.خ)، مەبەست لێی کەلوپەل وشتومەك دەگرێتەوە نەك مرۆڤ ، بەڵام بەکارهێنانی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بۆ کەلتوری عەرەب دەگەڕێتەوە نەك بۆ قورئانی پیرۆز، بۆیە دوای تێپەڕ بوونی سەدان ساڵ بەسەر دابەزینی سورەتی ئەنفالدا جارێکی دی ئەم وشەیە لەکات و شوێنێکی جیاوازدا و لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بۆ شەرعییەتدان بەو کارە قێزەونەی ویستی بەناوی (ئەنفال)ەوە کەناوی

---

[1] - سەردار محمود ، ئەنفال و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبی کوردیدا، چاپخانەی یاد، چاپی یەکەم ٢٠١٤، ل ١٥و١٦

[2] - شۆرش احمد گەرمیانی ، ئەنفالی کوردان وکیمیابارانکردنی هەڵەبجە، چاپی یەکەم ٢٠١٣، لا ١٩

یەکێك لەسورەتەکانی قورئـانی پـیرۆزە، وای نیشـان بـدات کـەمیراتگرو شـوێنگری ئـاینی ئیسـلامن و گـەلی کـورد لەبەرچاوی دونیای ئیسلامی بەکافرو غـەیرەدین بچـوێنێت، بۆئـەوەی کوشـتنی خـەڵکی گونـدەکان حـەڵاڵ بکـات و سەروەت و سامانی ئەو خەڵکە کوردەش کەبـەر شـاڵاوی ئـەنفال دەکـەوتن لەلایـەن سـوپای عێـراق و بـەکرێگیراوە کوردەکانـەوە بـەتاڵان ببرێـت.[١] ، بۆیـە ئـەنفال پلانێکـی سەرتاسـەری بـوو بـۆ کۆتایهێنـان بـە کێشـەی کـورد، قوربانیانی ئەنفال لەناو بران تەنها لەبەر ئەوەی کورد بوون و لەو ناوچانەدا دەژیان کە لە لایـەن ڕژێمـی بەعسـەوە بە " ناوچەی قەدەغەکراو" ناو دەبران. [٢] لێرەوە ڕۆشن دەبێتەوە کە بەعس چەمکە دینیـەکانی ئیسـغلال کـردوە بۆ بەرژەوەندی خۆی، چونکە چەمکە دینیەکان باگگراوەندێکی ئیلاهیان هەیەو موقەدەسن و ناتوانرێت بە ئاسـانی پەنجەی لەگەڵا نەرم بکرێت، لە گەڵ ئەوەشدا کۆی جڤات بە ئاسانی قبوڵی ئەکات و توانـای ڕوبـەڕویان نابێـت، لـە ڕوی سیاسیشــەوە باشــترین پاســاو دەبێــت بــۆ شــاردنەوەی تاوانــەکان یــاخود شــەرعیەت پێــدانی تاوانــەکانی، بەمانایەکی دی خۆ حەشاردان لە پاڵ دین دا، یاخود خۆ پۆشین بە پۆشاکی دین، باشترین هەلە کـە بـەکاربهێنرێت بۆ جـوانکردنی کـارە دزێوەکـان، چـونکە ئـەوکات مـاف بەکـەس نادرێـت بتخانـە بازنـەی لێپێچـینەوەو گومانـەوە، تەنانەت قسەشی لەسەر نابێت بکرێت، بۆیە دواجار بەعس توانی ئـەنفال لـە سـیاقی خـۆی بترازێنێـت و ئیسـتغلالی بکات بۆ مەبەستێکی قێزەون، ئەویش کافرکردنی کوردو دواتر شەرعیەتی لـەناوبردنیان بۆخـۆی ببـات و بـەجۆرێك لە جۆرەکان باوەڕ بە چواردەوریش بهێنێت کە نەك کارەکەی تەواو مرۆییە بەڵکو ( پیرۆز ) دینیشە[٣]

بۆ ناسینی ئەنفال وەك ڕەفتارێکی نامرۆڤانەو درندانە، ئەم پێناسەیەی ڕێکخـراوی ( mew ) دەخەینـە ڕوو کـە دەڵێت : ( ئەنفال ، ناوێکە بۆ زنجیرەیەك هێرش و پەلاماری چڕوپڕی سەربازی کە سەرجەم هەشـت پـەلاماربوو لـە شەش ناوچەی جوگرافیی جیاوازدا بەڕێوە چوو ، فەرماندەی گشتی عەمەلیاتەکە لـە دەسـتی نوسـینگەی بـاکوری ڕێکخراوی حیزبی بەعسدا بوو کە بنکەی لە شاری کەرکوك بوو ، لە مارتی (١٩٨٧) بە دواوە لە لایـەن عـەلی حسـن مەجید ەوە سەرۆکایەتی دەکرا ) ، ئـەنفال پرۆسـەیەك بـوو بـۆ قڕکردنـی کـورد لـە هـەرێمی کوردسـتان ، لەسـەر بنچینەی کوردبونیـان ، بـۆ شـێواندن و تێکـدانی دیمۆگرافیـایی دانیشـتوان و سروشـتی ناوچـەکان، لـەم بارەیـەوە ئەلمەجید، کاتێك کۆرپەیەکی ساوای کورد دەستگیر دەکات و بە دەبابەیەکی دەداو دەیکوژێ، هاوار دەکـاو دەڵـێ " ئابەم شێوەیە ڕیشەکێشتان دەکەم کوردینە " [٤]

---

١ - سەردار محمود، ئەنفال و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبی کوردیدا، چاپخانەی یاد، چاپی یەکەم ٢٠١٤، ل ١٥و١٦

٢ - شۆڕش محمد حسێن، ئەنفال پرسی قوربانی،چاپخانەی پیرەمێرد ٢٠١٤، لا ٥٨

٣ - سالم سعید بێستانی . ئەنفال وەك چەمکێکی قورئانی ، گۆڤاری کۆچ– ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٨ ، ل ١٧

٤ - یوسف دزەیی ، ئەنفال– کارەسات_ ئەنجام و ڕەهەندەکانی، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١١، لا ٢٩

## ١-٣-٤: بەکورتی قۆناغەکانی ئەنفال و ناوچە ئەنفالکراوەکان:

### ا ) ئەنفال لەیەکەم قۆناغ دا:

قۆناغی یەکەمی پرۆسەی ئەنفال لە (٢/٢٣ تاکو ١٩٨٨/٣/١٨)، لە هەندێك سەرچاوەدا (١٩٨٨/٢/٢١) کاتی دەستپێکردنی قۆناغی یەکی ئەنفال دەست نیشان کراوە، ئەم هێرشە بەیەکەم قۆناغی پەلامارەکانی ئەنفال دادەنرێت کە ڕژێم لەم هێرشەدا توانایەکی سەربازی و دارای و ڕاگەیاندنی زۆر گەورەی بۆ تەرخان کردبوو بۆ ئەوەی لەم هێرشەدا سەرکەوتوبێت و بتوانێت لە قۆناغ و ناوچەکانی تردا سەربکەوێت[1] ، ئەم قۆناغەی شالاوی ئەنفال تایبەت بوو بە هێرشی فراوان و بەربلاو بۆ سەر بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە سنوری قەزاو ناحییەکانی (دوکان ،بنگرد،چوارتا،قەلاچۆلان،سەرچنار،سورداش) کە سەربە پارێزگای سلێمانییە.[2]

### ب) پرۆسەی ئەنفال لە دووەم قۆناغ دا:

قۆناغی دووەمی پرۆسەی ئەنفال (لە٣/٢٢ تا ١٩٨٨/٤/١) ، دیارە ڕژێمی عێراق زۆر بەداخ و قین لە دڵ بو بەرانبەر ناوچەی قەرەداغ ، ئەنفالی دوو تۆرەی ناوچەکانی (قەرەداغ،بازیان،دەربەندیخان) بوو حکومەتی عێراق شارۆچکەی قەرەداغی لە ساڵی (١٩٨٧)ەوە چۆڵ کردبوو، خەڵکەکەی گواسترابونەوە بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێ ڕیسواکراوەکان خەڵکی ئەم دەڤەرە زەبری کوشندەیان بەرژێم گەیاندبوو لە ساڵانی ڕابردوو بۆیە هەر دوایی ئەنفالی یەك بە شەش ڕۆژ واتا لە ٣/٢٢ ڕژێمی بەعس گوندی (سێوسینان)ی بە خەستی دایە بەر ڕوکێتی کیمایی ئەو هێرشە بە دەست پێیکی قۆناغی دووەمی ئەنفال.[3]

### پ) قۆناغی سێ و سوتماکی سەراپای گەرمیان:

قۆناغی سێیەمی ئەنفال لە (٤/٧ تا ١٩٨٨/٤/٢٠) ئەنجام درا، ئەم قۆناغە بە بۆنەی یادی جەژنی دامەزراندنی حزبی بەعسی فاشی دەستی پێکرد ، ئەو هێرشە بە فراوانترین هێرش دادەنرێت کە گەورەترین زیانی بەخشیوە بە خەڵکی کوردستان.

ئەنفال هەموو کوردستانی گرتەوە، بەلاّم ئەم تراژیدیایە زیاتر بەجەستەی گەرمیاندا شۆڕبووەوە، پرۆسەی تەعریب و تەبعیس و تەهجیر نەیتوانی گەرمیان لێکهەڵوەشێنێتەوە ، چونکە گەرمیان قەلایەکی بەرگری بوو لەبەردەم سوپای بەعسدا، هەر لەبەر ئەوەش بوو ڕێژەی ئەنفال کراوەکانی گەرمیان بێسنورە، کەم گوندو خانەوادە هەیە کە سەراپا خانەوادەکەی یان چەند ئەندامێکیان بێسەرو شوێن نەکرابێت.

---

[1] – زانا فەقێ محمد، جینۆساید لە باشوری کوردستان(ئەنفالی گەرمیان وەك نموونە) چابخانەی یاد ٢٠١٢ ل٢٥

[2] – د. ئەحمەد شەریف عەلی ، ئەنفال لە ڕۆمانی کوردیدا، لێکۆلینەوە ٢٠١٠ ل٥٥

[3] – هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧

ڕژێمی بەعس بە نەخشەیەکی وردو چڕوپڕی عەسکەری لەسەر بەرنامەیەکی داڕێژراو لە کۆمەڵێك ناوچە بەچڕی بازنەیەکی عەسکەریان بەچواردەوری گەرمیاندا دروستکرد،لەبەر نزیکی گەرمیان لە بیرە نەوتەکانی کەرکوك و تکریت و دیالە کە مەڵبەندی سەرەکی مۆڵبونی هێزی دەسەلاَت بوو، لەبەر ئەوەی بەعس گەرمیانی بە مەڵبەندێکی پڕ مەترسی دادەنا، تیپەکانی پێشمەرگەی گەرمیان زۆر چالاك بوون گورزی کوشندەیان لە قولاَی دەسەلاَتی ڕژێم دەدا، لە ئەنفالی سێدا هێزی پێشمەرگە بەهۆی بەرگری کردنیان لە ئەنفالی یەکدا زۆر ماندووببون، بۆیە لە ئەنفالی سێ دا هەلومەرجەکان لە بەرژەوەندی ڕژێمی بەعس دا بوو، دڕندانە پرۆسەی ئەنفال ١٠٠٪ لە گەرمیاندا جێبەجێ کرد، ژمارەیەکی زۆر کەم بە ڕێکەوت قوتار بوون، زۆربەی گەرمیانیەکان لە ژن و پیاو منداڵ و پیر، کەوتنە ناو تۆڕی دۆزەخی ئەنفالچیەکانەوە، ژمارەیەکی زۆر لە گوندەکانی گەرمیان ئەنفال و سوتماککران، چەند مەفرەزەیەك پێشمەرگە وەك پارتیزان تا ڕاپەڕین گەرمیانیان چۆڵنەکرد، سوپای بەعس سەراپا گەرمیانی وێران کرد، هەموو بنەماکانی ژیانی مرۆڤ و زیندەوەری لە ڕەگەوە تیا هەڵکەند[1]

لەو هێرش و پەلامارەدا بۆ سەر ناوچەکانی (چەمچەماڵ،سەنگاو،قادرکەرەم،دووز خورماتوو،کفری،کەلار،پێباز،تیلەکۆ) سەر بە پارێزگاکانی کەرکوك،سلێمانی،دیالە بوون.

لەو هێرش و پەلامارەدا کە زیاتر لە (٥٠٠)پێنج سەد گوندی گرتەوە لەگەڵ چوار ناحییە، ئەنفالی سێ گەورەترین زیانی بە خەڵکی کوردستان گەیاند لە بەر فراوانی ناوچەکەو زۆری دانیشتوانی ئەو ناوچەیەو کەمتر دەربازبوونی خەڵك لەو پەلامارە لە دەستی سوپای ڕژێم کە زیاتر لە ٪٨٠ خەڵکی ئەو ناوچەیە دەسگیر کران و ڕەوانەی دۆزەخ و گۆڕخانەی مەرگ یان زیندانی نوگرەسەلمان کران لە بەر فراوانی ناوچەکە ڕژێم سێ پلانی دانا بۆ ئەنجام گەیاندنی ئەو پرۆسەیە ...

١- پلانی پەلاماری دووزخورماتوو: لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٧ دا هێزەکانی سوپای داگیرکەر لەگەڵ فەوجەکانی جاش لە دووزەوە بەرو گەرمیان پێشڕەویانکرد بۆ سێ قۆڵ، هێرشی یەکەم بۆ سەر باشووری ڕۆژهەلاَتی شاری نەوجول و بەرەو چەمی ئاوەسپی ، هێرشی دووەم هێزێکی یەکجار گەورەو زەبەلاح بوو بەرەو ڕۆژهەلاَت بۆ گوندەکانی (وارانی ژوورو و خواروو) زیاتر لە سەد(١٠٠)کەسیان لێدەسگیر کردن کە زۆر بەیان ژن و منداڵ بوون، گوندەکانیان سووتاند و بە بلدۆزەر تەختی زەویانکردن .هێرشی سێیەم بۆ سەر گوندی تازە شار بوو زۆربەی زۆری خەڵکەکە خۆیان دا بە دەست جاشەکانەوە گوایە دەیانپارێزن کەچی هەر لە وێ ژن و پیاویان لە یەکتر جیا کردەوەو سەرنگۆمیانکردن.

٢-پلانی هێرشکردنە سەر قادر کەرەم و باکووری گەرمیان، ئەو هێرشەیان لە ١٩٨٨/٤/٩ دا دەستپێکرد لە کەکووك و چەمچەماڵ و لەیلانەوە پێشڕەویانکرد بەرەو قادر کەرەم. ئەو هێرشە بەسەر پەرشتی عەمیدی هێزی تایبەت (قوات خاصە باریق عبداللـە حنتـە)بوو پەلامارەکە ڕۆژی ٤/١٠ گەیشتە قادر کەرەم و سەرجەم

[1] – عەبدوڵا کەریم مەحمود، ڕەشەبای ژەهرو ئەنفال ، بەرگی یەکەم– چاپی دووەم ، چاپخانەی پیرەمێرد، ساڵی ٢٠٠٩ ل ١٦

گوندەکانیان خاپوور کرد و خەڵکەکەشیان خۆیاندا بە دەستەوە، ئەو هێرشە لە کاتی نانخواردنی بەیانیانیدا بوو بە گەیشتنیان بە بێ ڕاوەستان ئاگریانبەردایە خانوەکان ، هەرچی ئاژەڵ و ماڵاتە کوشتیان و زۆر لە خەڵکەکەیان گرت و ڕاپێچیان کردن، هەندێکیش هەڵهاتن بەرەو کێوان لەوێ مانەوە ... پاشان چارەیان نەما زانیان ئابڵوقە دراون خۆیان دا بە دەستەوە ، هەر لەو ماوەیەشدا هێزی هاوبەشی سێیەمی ڕژێم لە دووز خورماتووەوە هێرشێکی توندیان کردە سەر بنکەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە گوندی (تازە شار) ئەو گوندە بایەخێکی ستراتیژی تایبەتی هەبوو لە بەر ئەوەی نزیکی ڕێگای نێوان دووز و قادر کەرەم بوو، هێزێکی پێشمەرگەی (٢٥)کەسێکی تێدا بوو کە قارەمانانە سەنگەریان گرتبوو لە بەرامبەر ئەو هێزە زەبەلاحەی ڕژێم شەڕێکی قارەمانانەیان کردبوو . ڕژێم بە چەکی کیمیاوی کەوتبوە گیانیان ، لە کاتژمێر ٨ی بەیانی تا ئێوارەی ئەو ڕۆژە شەڕ بەردەوام بوو لە ئەنجامدا پێشمەرگەکان زەخیرەو تەقەمەنیان تەواو دەبێت و هەموویان شەهید دەبن ...هێزەکەی ڕژێم گوندی تازە شار گوندی کانی قادری سەروو کانی قادری خواروو ئاوای شێخ حەمید دەسووتێنن بە بلدۆزەر تەختیان دەکەن.

ڕەتڵەکەی سوپا لە کفری بە فەرماندەی لیوا(سامی ) سەر بە فەیلەقی یەك بوو سەرجەم گوندەکانی ئەو ناوچەیەیان ڕوخاند خەڵکەکەشیان دەستگیر کرد.هێزەکەی کەلاریش لە ٤/٩ بە فەرماندەی (لیوا حەیدەر ابراهیم) بوو بەرەو گوندی (تیلەکۆ) بەڕێ کەوت، ئەو ناوچەیە جێنشینی عەشیرەتی جافە، سەرۆك هۆزەکەیان ناوی (محموود تۆفیق محمد) بوو لە گوندی (پەراو گەل) دەژیا ،هەموو خەڵکی ئەو ناوچەیە کە نزیکەی سەد گوند دەبوو ئەنفال کرا،ئەم سەرەك خێڵە هەر دوو ژنەکەی و دە منداڵی و کوڕەکەی و بووکەکەی و شەشە منداڵیان ئەنفال کران کە نزیکی (٣٩) کەسی خێزانەکەیەتی ...سوپا ئابڵوقەی سەرجەم گوندەکانی ناوچەکەی دابوو یەك لە دوای یەك تەختی کردن و زۆربەی دانیشتوانەکەی کە نزیکی (١٢٠)سەد و بیست هەزار کەس دەبوون هیچ ڕێگایەکیان نەمابوو ناچار خۆیان دا بە دەستەوە. لە ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١٤ دا کە بە لوتکەی هێرشی ئەنفال دا دەنرێت لە و ڕۆژەدا بە پێی خەملاندنی (کۆمیتەی بەرگری کردن لە مافی قوربانیانی ئەنفال) نزیکی زیاتر لە بیست هەزار لە ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە کۆ کرانەوە بە ئیڤای سەربازی ڕەوانەی قەلای سەربازگەی (قۆرەتوو) کران و لە وێشەوە بەرەو چارەنوسی نادیار ڕۆیشتن.

هەر بۆیە ئەو ڕۆژە کرا بە ڕۆژی (ئەنفالەکان). لە ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٢٠ دا کۆتای بە قۆناغی سێیەمی ئەنفال هات،. یەك گوند لە گەرمیان بە پێوە نەما هەموو وێران کراو تەخت کران و سەروەت و سامانی خەڵك بە تالان برا، زەرعاتوو شینای و دەغڵودان و باخ و باخاتیان سوتێنرا و پاتاڵ و شتومەکیان بە تالان برا لە لایەن سوپاو جاشەکانەوە، لە ئەنجامی قۆناغی سێیەمدا نزیکەی (٥٠٠) پێنج سەد گوندی گەرمیان وێران کرا پتر لە (٣٨٠٠٠) سی و هەشت هەزار گەنج و ژن پیرو منداڵ بێ سەروو شوێن کران ڕەوانەی تۆپ زاوە کران، بە پێی خەملاندنی (کۆمیتەی بەرگری لە مافی قوربانیانی ئەنفال) لە سنوری ناوچەی چەمچەماڵ (٥٦٤٥) کەس بێ سەروو شوێن

کراوە، لە ناحییەی قادر کەرەم (١٤٨٦٣) ،لەکەلار (٤٥٦٧) لە سەنگاو (٤٩٢٢) ، لە تیلەکۆ (٣٦٨٠) ، لە پێباز(٤٤٢٠) کەسی لێی ئەنفال کراوە[1]

– لە ١٩٨٨/٤/١٨ – ١٩٨٨/٤/١٠ بەعس ژمارەیەکی زۆری خەڵکی گوندەکانی سەنگاوی لە گوندی قادراوەو سەرقەڵا سەنگاودا کۆکرانەوە، لە (١٩٨٨/٤/١٠) هەمویان گواستنەوە بۆ چەمچەماڵ و دواتر بۆ دبس، ئەمانە دانیشتوانی نزیکەی (٤٠٠) گوندی (سەنگاو، قادرکەرەم) و جێگاکانی تربوون، بەتایبەتی ناوچەکانی تریش کە دەیان ویست خۆیان لە تۆڕی بازنەکانی ئەنفال قوتار بکەن، بەڵام لەلایەن سوپای عێراقەوە دەستگیر کران و دواتر ڕەوانەی چەمچەماڵ کران.

لە ١٩٨٨/٤/١٤ بەربلاّوترین شەپۆلی خەڵکی گەرمیان لە گوندەکانی (کوڵەجۆی حاجی حەمەجان و مللە سورە)دا کۆکرانەوە ، پاشان گواسترانەوە بۆ قۆرەتوی سەر بەناحیەی مەیدان، تا ئەم ساڵانەی دوایش جل و بەرگ و پێخەف و پێڵاو عەرەبانەی تراکتۆری تێك شکاوی ئەنفالکراوەکان لە دەوربەری قۆرەتو هەرمابوون[2]

ئەگەرچی پەلامارەکانی ئەنفال ئۆپراسیۆنێکی سەربازی تایبەت نەبوون بە گەرمیان بەڵکو ئەنفال دواهەمین گوندی سەرسنوری کوردستانیشی گرتەوە، بەڵام ئامانج لەم پەلامارە تەواو جیاواز بوو لە دوو پەلامارەکانی پێشتری دۆڵی جافایەتی و قەرەداغ، دواتریش ئەنجامی زیانی خەڵکەکەی گەرمیان لە کۆکردنەوەو پاکتاوکردنی کۆی ئەنفالکراوەکاندا زیاتر دەرکەوت لە گەڵ گیراوەکانی سنوری ئەنفالی سێ و چوار لەگەڵ ئەو کەسانەی لە قەرەداغەوە هاتبوون و لەگەرمیاندا گیران،حسابێکی جیایان بۆکراو لەگەڵ کوڕە گەنجەکاندا دەستپێشخەری کراوە لەکۆمەڵکوشتنیان، ئەمەش بەوهۆیەوە بوو کە ئەم ناوچانە نزیك بوون لە بیرەنەوتەکانی (کەرکوك، تکریت، دیالە) لە بەر ئەوە بەعس گەرمیانی بۆ پاکتاوی یەکجاری دانابوو کە ئامانجی بوو بەلای کەمەوە ڕێژەی کورد لە ناوچەکەدا کەمبکاتەوە[3]

دیکۆمێنت زۆرە بۆ سەلماندنی ئەنفال و جینۆسایدی کورد، بەتایبەت لە قۆناغی ئەنفالی سێ دا، هەمووکات جەنگی ناوخۆیی زەمینەی جینۆساید دەخولقێنێت، لە ( ١٩٨٧/٦/٢٠ ) وەلە لایەن ڕژێمی عێراقەوە نیازی جینۆسایدکردنی کوردی هەبووە، ڕژێمی بەعس ئەو ناوچانەی کوردستانی دیاری کردووە بە ناوچەی خاڵی لە ژیان [4]

---

[1] – د. ئەحمەد شەریف عەلی ، ئەنفال لە ڕۆمانی کوردیدا، لێکۆڵینەوە ٢٠١٠ ل٥٩

[2] – عەبدوڵا کەریم مەحمود، ڕەشەبای ژەهرو ئەنفال ، بەرگی یەکەم– چاپی دووەم، چاپخانەی پیرەمێرد، ساڵی ٢٠٠٩ ل ١٦–١٧

[3] –عومەر محمد، ئەنفالی گەرمیان سیاسەتێك و دوو ئامانج ، چاپخانەی هێڵ ساڵی ٢٠١٠ ل٦٧–٦٨

[4] – عەلی محمود محمد، فرانس ڤان ئانرات بازرگانی مەرگ ، چاپی دووەم ، ساڵی ٢٠١١ ل ٨٥

## ت) قۆناغی چوارەم و وێرانکردنی سنوری عەسکەرو گۆپتەپە:

قوناغی چوارەمی ئەنفال (لە ٥/٣ تا ١٩٨٨/٥/١٥) ، دوای چەند سەرکەوتنێکی رژێمی بەغدا لە پرۆسەکانی ئەنفالی یەکو دوو و سێ و دوای بەدەست هێنانی چەندین سەرکەوتن لە بەرەکانی شەردا لەگەڵ ئێران لە خواروی عێراق پرۆسەی قوناغی چوارەمی ئەنفال بە فەرماندەی (لیوا روکن سولتان هاشم) رژێم بە هێزی پیادە لە هەمولایەکەوە دەستی پێکرد[1] لە ناوچەکانی (شوان،چەمی رێزان و ئاغ جەلەر،تەقتەق/دەشتی کۆیە)لەم پرۆسەیەش دا وەکو پروسەکانی قوناغەکانی پێشتر بە کیمیاباران کردنی گوندی (گۆپ تەپە)دەستی پێ کرد لە ئێوارەی رۆژی ١٩٨٨/٥/٣کە هاو زەمان بوو لەگەڵ (١٣)ی مانگی ڕەمەزان، چەندین فڕۆکەی جۆری مێك هێرشیان بردە سەر گوندی گوپ تەپە کەژمارەی ماڵە کانی دانیشتوانی ئەوگوندە زیاتر لەسێ سەد(٣٠٠) ماڵ دەبوو، زۆر بە خەستی ئەو گوندەیان کیمیاباران کردو بوە هۆی شەهید بونی زیاتر لە سێ سەد(٣٠٠ ) کەس خەلکی سیڤیلی ئەوگوندە لە ژن و منداڵ و گەورە و بچوك [2]

## ج) قۆناغی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم و کاولکردنی سنورێکی فراوان:

ئەم شالاوانە لە ١٥ی حوزەیران تا ٢٦ی ئابی ١٩٨٨ خایاند، تیایدا ناوچەکانی "بالیسان و هیران و نازەنین و شەقلاوە و خۆشناوەتی و رەواندوزو چۆمان و سۆران"ی گرتەوە، چەندین شالاوی دوورو درێژی تێکەوت و بەهۆی سەختی و چڕی ناوچەکەوە، رژێم نەیدەتوانی بەئاسانی کۆنترۆڵی ناوچەکە بکات، ئەگەرچی لەشالاوەکانی پێشووتر پشتیوانی و پشتگیری لە هێزی پێشمەرگە بڕیبوو، بەلام بەهۆی سەختی ناوچەکە هەم پێشمەرگە دەیتوانی بەرگری بکات و هەمیش خەلك دەیتوانی لەچنگی هێزە پەلاماردەرەکانی رژێم خۆی قوتاربکات، کەچی هێشتاش بەهەزاران خەڵکی گرت و بێسەرو شوێنی کردن .(٣) لەم هێرشەدا سوپای دوژمن جگە لە هێزێکی بێ شوماری پیادە، کەتیبەی تۆپی قورس و دور هاوێژو کاتیوشاو دەیان فرۆکەی جەنگی و کۆپتەرو دەبابەو مودەڕەعە و ژەهری کیمیاییان بەسەر وەرتێ دا داباران. لەگەڵ ئەوەشدا پانتایی جوگرافیای ئەم (سێ) شالاوە نزیکە نیوەی پانتای باشوری کوردستان بوو.

---

[1] – زانا فەقێ محمد، جینۆساید لە باشوری کوردستان(ئەنفالی گەرمیان وەك نموونە) چابخانەی یاد ٢٠١٢ ل٢٥

[2] – د. ئەحمەد شەریف عەلی ، ئەنفال لە ڕۆمانی کوردیدا، لێکۆڵینەوە ٢٠١٠ ل٦٢

[3]- فاتح محمد سلیمان ، عملیات الانفال فی کوردستان العراق، کرکوك ٢٠١٠، ل ٨٩–١٢٢

## ١-٣-٥: كورد لە ڕوانگەی بەعسیزمەوە:

بەعس لەسەرەتاکانی سەرهەڵدانییەوەوەهێزێکی عەلمانی هاتووەتەکایەوە، هێزێك بوو باوەڕی بەسۆسیالیزم هەبوو، دەسەڵاتی حزبی بەعس دەسەڵاتێکی سیاسی بورجوازی بیرۆکراتی مشەخۆر بوو، پایەی کۆمەڵایەتیشی لەسەر هەمان تێزی دیاری کراو بنیاتنراوە.

لە٨ی شوباتی ١٩٦٣دا بەعسەشۆڤێنییەکان بۆ یەکەم جار دەسەڵاتی سیاسیان لەعێراقدا بۆ ماوەیەك گرتەدەست، لە١٧ی تەمووزی ساڵی ١٩٦٨ بەپێی پلانێکی ئیمپرالیستییانە بۆ دووەم جار کورسی دەسەڵاتی عێراقیان وەرگرتەوە.

یەکێك لەدروشمە بنچینەییەکانی بەعس، کەبەدرێژایی مێژوو بەرزی کردوەتەوە( أمەعربیە واحدە ژات رسالە خالدە ) نەتەوەی یەکگرتووی عەرەبی – خاوەن پەیامێکی نەمرە، ئەم دروشمە کە سەردەقی دروشمەکانی حزبی بەعسە، هەرچۆنێك لێك بدرێتەوە، بیروڕای تەسکی ناسیۆنالیزی لێ دەچۆڕێت، لەلایەکەوەدەیەوێت بیری نەژاد پەرەستی عەرەب بەو دروشمەبەهێز بکات و لەلایەکی تریشەوە دەیەوێت ئیسلام بکاتە پەیامی پیرۆزی عەرەب و میللەتانی دیکەش بکاتە ملکەچی ئەو پەیامە.

بەعس هەموو بیروبۆچوونەکانی خۆی لەسەرچاوەی ڕەگەزپەرەستییەوەبەدەست دێنێت، هەوڵی دەدا گیانی خۆی بەزلزانین و بەسوود سەیر کردنی میللەتانی تر و گیانی داگیرکەرانەو پەلاماردەرانەو دەستدرێژی کەرانە، گیانی ترساندن و تۆقاندن و کوشتن و برین و بەزۆر سەرپێ دانەواندن لەناو کۆمەڵگادا بچەسپێنێت، لەم کارەشیدا تا ئەندازەیەکی زۆر لاسایی کاروکردەوەکانی هیتلەرو نازییەکانی ئەڵمانیایان دەکردەوە.

ڕژێمی بەعس لەعێراق لەبەرنامەیدا بوو پەیڕەوی هەمان پرەنسیپ و پرۆپاگەندەی هزری و ڕێکخراوی نازییەکان بکاتەوە، بەوەی کەدەیویست سەرجەم عێراق بکاتەبەعسی، وەك سەدام خۆی دەڵێت: "تەنیا بەعسییەکی باش عێراقییەکی باشە."[١]

بەعس وەك پرۆژەیەکی ترسناك بەردەوام لەهەوڵدانی ئەوەدا بووە، شوناسی کرد بوون وەك مەترسییەکی هەڕەشەدار و ترسناك نەك تەنها لەبەرامبەر بەعسی بوونی خۆی، بەڵکو لەسەر بەرژەوەندی باڵای عەرەبی بوون بەشێوەیەکی گشتی لەقەڵەم بدات و ئەمەش بکاتەپێوەری ڕەوایەتی دان بەپەلاماری ئەنفال و هاوکات پەلاماری ئەنفال بکاتە چوارچێوەی ڕەوینەوەی ئەو هەڕەشەو مەترسییە.

وێناکردنی کۆی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی بەناموسوڵمان بوون و هەوڵدان بۆ قڕکردنیان لەنەخشەی ئەنفالدا، و بێدەنگی جیهانی ئیسلامی و عەربی لەبەرامبەریدا، دەمانگەیەنێتە ئەو بروایەی کەئەگەرچی بەعس بەکردەی ئەنفال هەڵساوە، بەڵام لە ناوڕۆکی وێنەی ڕاستەقینەی ئەنفالدا، هێزێکی گەورەی عەرەبی و ئاینی پاڵپشتی ئەم پرۆژە ترسناکەن و ڕاستەوخۆ یان ناڕەستەوخۆ پشتگیری لێ دەکەن. بەبینینێکی تر وێنەی بەعس بوون

---

[١] - د. پشکۆ حمە تاهیر عبدالرحمن، م. حسیب محمود مجید، هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال لە باشوری کوردستانی عێراق، دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان ٢٠١٤، ل ٥١

لەجێبەجێکردنی نەخشەو پەلاماری ئەنفالدا، تەنیا وێنەی خۆی نییەو بەپێچەوانەوە وێنەی زۆرینەی جیهانی عەرەبی و ئیسلامییەو بەعس دەبێتە نجامدەری کردارەکە، کورد بوونیش دەبێتە ئامانجی ئەو کردەیەو ڕەهەندەکانی کردەکەش شێواز و میکانیزمی جۆراوجۆری تێدا بەکار دەبرێ، لەگرتن و کوشتن و زیندەبەچاڵ کردن و کۆمەڵکوژی و تاڵان و تێکشکاندنی سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگا و پایە کۆمەڵایەتییەکان و هتد، بەخوێندنەوەیەکی تر بەعس وەك شوناسێکی ڕاستەقینەی شۆڤێنیزمی عەرەبی و بەسوود وەرگرتن لە سورەتی ئاینی، ناسنامەی ڕەوایەتی دان دەداتە پرۆسەی قڕکردنی گەلێك و ناوی لێ دەنێت ئەنفال، ئەم ناولێنان و وێناکردنە بۆ شوناسی کورد بوون تەنیا بەعس خاوەنی نییە وەك کایەیەکی فەلسەفی و فیکری سیاسی، بەڵکو لەبنەڕتدا کەڵچەری بیرکردنەوەی بیری شۆڤێنزمی یان عەرەبیزم و پرۆژەنامرۆیی و نادیموکراسی و نامەدەنییەکانە.[1]

حزبی بەعس یەکێك لەو حزبانەیە کە بێگومان هەر لە سەرەتاوە بەتایبەتی لەعێراقدا بڕیاری سڕینەوەی هەموانی داوە جگەلەخۆی، ئەمە لە کاتێکدا واقعی کۆمەڵایەتی و دینی و سیاسی عێراق هەرگیز ڕێگەی بەو هەنگاوە نەداوە ، بەعس وەك یەکێك لە حزبە هەرە سەرسەختەکانی نەتەوەی عەرەب ئەندامانی وا پەروەردەدەکات لەسەر سڕینەوەی کەسانی تر خۆیان بنیات بنێن، وەك مێژووش حزبی بەعس یەکێك لە هۆکارەکانی دروست بوونی لێدانی حزبی شیوعی عەرەبی و بانگەشەی ئینتەرناسیۆنالی عەرەبی بوو، ئەگەر چی شیوعییەعەرەبەکانیش پارچەیەك بوون لەپێکهاتەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، بەعس جگە لەکەسێتیەکی شۆڤێنی بەو لاوە هیچی تر لەئینسان دروست ناکات، شۆڤێنییەك کەچاوی کەسی تر نابینێت لەخۆی زیاتر و هەموو ئەوانەی کەوەك خۆی بیر ناکەنەوەو بەبڤەیان دەزانێ بۆسەر ژیانی حزبی، دامەزرێنەری ئەم حزبە(میشل ئەفلەق) کەپێشتر لەساڵی ١٩٤٧ دوەبەناوی بزووتنەوەی بەعسەوە هاتە مەیدان، یەکێکە لەو کەسانەی خۆی وەك دووژمنێکی سەرسەختی شوعییەت بەیان کردو سەدام حسێنیشی بەهەمان گیان پەروەردەکردووەو سەدام لەچاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ئەمیر ئەسکەندەر لەپشت پەردەوە دان بەو ڕاستییەدا دەنێت، بەعس سەرەڕای بانگەشەی بۆ یەکێتی عەرەب! ئەگەر چی ئەو بانگەشەیەشی تەنیا لەبەرژەوەندی مانەوەی خۆیدایە، هەر لەسەرەتای کاریەوە وەك دوژمنێکی سەرسەختی عەرەب خۆی دەرخست و جگە لەبەریەك هەڵوەشانەوەی نێو خۆیان و سڕینەوەی یەکتر هەر لەسەرەتاوەکەوتە کوشت و بڕی دەوروبەرو عەرەبەکان و هەموو دەنگێکی نەیار، یەکەمین کاری کە لە ساڵی ١٩٦٣ پێی هەستا لەسێدارەدانی ١٤ کەس بوو کە١١ یان جولەکەبوون بەبیانووی سیخوڕی کردن ، بۆماوەی چەندین سەعات تەرمەکانیان لەگۆڕەپانی بەغدادا هەڵواسرا، کوشتنی ١٤ کەس لەسەرەتای هاتنەسەر کارەوە هەڕەشەبوو لەئازادی ڕادەربڕین ئیتر بیانوی سیخوڕییش پەلپێکی خراپ نیە بۆ بەعس، ئەمەرێك جارێکی تر لەچیرۆکی کوشتنی (بازۆفتا) دووبارەبووەوە.

---

[1] - تەها سلێمان ، گۆڤاری هەشتاوهەشت، ژمارە (٧ و ٨) ، چاپخانەو ئۆفیسی دیلان ٢٠٠٧، ل ٩

هەرامی میسری" ڕەخنەی لەم کارە واتە کاری هەڵواسینی تەرمەکان لەنێو ئاپۆڕای خەڵك گرت و بەکارێکی دژی ڕەوشتی عەرەبی و ئیسلامی لەقەڵەم دا، ڕادیۆی بەغدادی ئاوا وەڵامی ئەهرامی دایەوە (ئێمە تاوانباری تر لەزینداناو بەنهێنی سزا دەدەین، بەڵام جولەکەی سیخوڕ وەکو مەسیح بەخاچدا هەڵدەواسین!) مرۆڤ کەئەم وەڵامە قێزەونە دەبینێت ڕادەی درندەیی بیری ئەو حزبەی بۆ ئاشکرا دەبێت، لەلایەکەوە بەئاشکرا باس لەسزادانی خەڵك دەکات بەنهێنی لەلایەکی ترەوە سوکایەتی بەبیروباوەڕی میلیۆنان مەسیحی دەکات و سوریشە لەسەر کارەکەی، تەنیا (٩) ی مانگی (٨)ی شوباتی ١٩٦٣ بەدواوە کارێکی بەدانیشتوانی عێراق و عەرەبەکانی عێراق کرد بەتایبەت بەکورد کەمێژوو هەرگیز ناتوانێت وەکو خۆی تۆماری بکاتەوە.[1]

گەورە نووسەری بەڕەچەڵەك عەرەب و ئەمریکی کەنعان مەکییە لە کتێبی (کۆماری ترس) بەباشترین شێوە هەوڵی شیکارکردن و خورد کرنەوەی بەعس و رژێمەکەی داوەو ویستوویەتی لەو کۆمارە ترسناکەوە بەعسمان پێ بناسێنێت، چونکە بەعس نەك تەنیا بۆ کوردو عێراقیەکان بەڵکو بۆتەواوی نەتەوەکانی دنیا ڕژێمێکی نیهاوی و ئایدۆلۆژیا ئاڵۆز و کۆلاج کراوەبووە، ئەو وەك حزبێکی تۆتالیتاری، هەر خاوەنی ئایدۆلۆژیایەکی مرۆیی دیاریکراو نەبووە، هەر بۆیەزیاتر بەزادەیی دیاردەیەکی نائاسایی دەزانرێت لەناوچەکەو هەرگیز بەزادەی گەشەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی عەرەب نازانرێ و لەگەڵ ئەوەشدا بەدرێژایی مێژووی پەیدابونی حزبێکی تەقلیدی بووەو زیاتر لەحزبی نازی ئەڵمانی و فاشی ئیتالی دەچێت و هەمووشیان یەك جۆر ڕفتار دەکەن لەسەر ئەرزی واقع و خاوەنی مێژوویەکی ڕەشن لەمێژووی مرۆڤایەتیدا، بەعس هەر لەسەرەتاوە بڕوای بەدیالۆگی سیاسی و ڕاگۆڕینەوە نەبووەو زیاتر هەوڵی سەرکوتکردن و ملکەچکردنی کۆمەڵگەی داوە، بۆیە دەبینی کاتێك هەر کەس و حزب و لایەنێك هەوڵی جیاوازی نێوخۆیی و فیکری دابێ لەحزبی بەعسدا ئەوا بەتوندترین شێوەسزادراوە.

هەر لەسەرەتای گەشەکردن و بەرفراوان بوونی ڕێکخستنەکانییەوە بانگەشەی ئەوەی کرد کەنەتەوەی عەرەب نەتەوەی سەردەست و پیرۆزەو دەبێت تەواوی نەتەوانی ناعەرەب و ناو عەرەب سوژدەی بۆ بەرن، هەوڵی دەدا کۆمەڵگەی عەرەبی بە هەموو مانایەکی شۆڤێنیانەوە لەمەخف بوونەوە بپارێزێت، چونکە دامەزرێنەرانی ئەو هێزە مەترسیدارە بڕوایان وابووە کە جگە لەبەعس هیچ هێزو لایەنێك لەتوانایدا نییە ئەو نەتەوە ماندووە ڕزگار بکات، لەڕاستیدا ئەمە جگە لەوەهمێکی سیاسی و بیرکردنەوەیەکی پوچ هیچی تر نەبووەو نییەو پێچەوانەش تێڕوانینە بەدرێژایی مێژووی خۆی بەعس کێشەی عەرەبی قوڵکردوەتەوەو هێزێکی گرێ و گۆڵاوی پڕ ئیشکالی نابابەتیانەبووە چونکە لەئاستی نێوخۆیی عەربیدا ڕۆڵێکی نێگەتیڤی مەترسیداری گێڕاوەو بوەتە هۆکاری بەرهەمهێنانی کۆمەڵێك بۆچوونی شۆڤێنی لەلای بەشێك لەتاکی عەربی و لەلایەکی تریشەوە کۆمەڵگەی عەرەبی زیاتر بەرەو داهێزران و پەرتەوازەیی بردووە، لەسەر ئاستی کێشەدەرەکییەکانیشدا نەیتوانیوە هەنگاوی

[1] – لەتیف فاتیح فەرەج ، گۆڤاری ئەنفال، ژمارە (١) ، چاپخانەی تیشك ، ساڵی ٢٠٠٠ ، لا ٣١

چارەسەر بهاویّ کە نمونەترینیان بە بنبەست گەیاندنی کێشەی فەلەستینەو نەیتوانیوەدۆخێکی نوێ بخولقێنێت.[1]

بەعس وەك زۆربەی زۆری هێزەفاشییەکان هەولّی دا لەخالّێکی مەترسیدارەوە دەستپێ بکات و بەمەش هەر لەسەرتای خولّقاندنییەوە هەولّی دا ئەو خالّە بەسەر دوو ڕێگەی جیاوازدا دابەش بکات و هەر ڕێگەیەکیش بۆ مەرام و مەبەستێکی تایبەت.

ڕێگای یەکەم: هەولّی داوە خۆی وەکو هێزێکی بان نەتەوەیی مۆدێرن بشوبهێنێ، بەم خۆ شوبهاندنەش وای کرد بەعس وەك ناوێکی نوێ و هەلّگری فکرێکی کۆلاجکراوی نوێ دەرکەوێت، ئەمەش وەك سود وەرگرتن لەو ڕەوشە قەیراناویی و مەترسیدارەی ئەو کاتە عێراقی گرتبووەوەو گەلانی عیراقی توشی گەوەترین تەنگەتاوی و ناهەمواری کرد بووەوە لەقەیرانەکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەلاّیەتی ئەوکاتەی ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی پاشایەتیدا تەوابوونەوەو بەپەرۆشەوە لەفیکرو ئایدۆلۆژیایەکی نوێ دەگەڕان بۆ دەرباز بوونیان لەو ڕەوشە ناهەموارەی تێیکەوتبوون، بەعس لێرەوە دەستی بەناوی خۆیەوەگرت و کەوتەچالاکی نواندن و سەرەتاش وەك هێزێکی سیاسی کۆمەلاّیەتی کەوتەجموجولّ و خۆسازان.

ڕێگای دووەم: هەولّیدا لەڕێگەی دروشمە سەرەکییەکانەوە **"أمة عربية واحد – ذاتة رسالة خالدة)** نەتەوەی یەگکرتووی عەرەب – خاوەن پەیامی نەمرە، بگاتە تەواوی نەتەوەی عەرەبی چونکە لەو کاتەدا ئەو دروشمە کاربۆنیە بۆ نەتەوەی عەربەب گەورەترین دروشم و پەیام بوو کە بەعسی ڕاگەیاندو لایەنە پراکتیکیەکەی ئەم پەیامەش هەر سەرەتا لەنێوخۆی خودی بەعسەوە هەنگاوی بۆ نراو خواستە خوازراوەکانی فاشیزم لە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست بەتایبەت عێراق چەکەرەی کرد و شین بوو، بەمەش دەگەینە ئەو بڕوایەی کە هەر لەیەکەم چرکەی ساتی بزاوتنیەوە بەعس نییەتێکی خراپی دژەمرۆیی هەلّگرتووەو ویستوویەتی کۆماری تر بنیات بنێت و گەلانی عێراق بەتایبەت کورد بخاتە نێو بەرداشی جوینەوەو بیهاڕێ، سەرەڕای ئەمەش هێشتا بەعس لەبەر هەمهێنانی تۆتالیتاریەت و ترس دلّنیا نەبوو، بۆیە لەپەلاماردانی کادیرە خاوەن بۆچوونە جیاوازەکانەوە دەستی پێکردو گەیشتەئەو بڕوایەی کەبەعس تەنیا سیستەمێکی پەیوەندی زمانەوانی و عاتیفی نییە لەدنیای عەربیداو بەلّکو حزبێکی بان نەتەوەیی گرنگ و گەورەیەو دەکرێت بەتەنیا لەسنورێکی دیاری کراودا چەق نەگرێ و ببێتە ئەقلّیەت و حزب لەچەمکێکی سیاسییەوە بگۆڕێت بۆ هێزێکی تۆکمەی مەترسدار و دایمالّێت لەوەی حزب وەسیلەیە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی بالاّی جەماوەری کەپێکهاتەی نەتەوە، یان چین، یان ئاین پێکدێت، ئەم هاوکێشە کردارییە لای بەعس تەواو پێچەوانە دەبێەوەو حزب لەوەسیلەوەدەبێتە ئامانج و نەتەوەش لەئامانجەوە دەبێتە وەسیلەو ئامرازێکی هەرزان بەهای بێنرخ و بەردەوام گەلی بەکاردەهێنا بۆ بەهێز کردنی خودی بەعس و پاراستنی پایەکانی بەعس و پێی وابوو ئەگەر حزب وەك یەکەیەکی خاوەن پرنسیپ و لاواز و سستی لەسەر ئاستی گشتی

[1] - هۆشیار عەبدولعزیز ، کۆمەلّگاو ترس– پەلاماری ئەنفال وەك نمونە، چاپخانەی کەمال ٢٠١٣، لا ١٤

کۆمەڵگە ئەوە جەماوەری گەلیش لەوپەڕی لاوزی و بێهێزیدا دەبێ و بەمەش نەیارانی گەل سەرکەوتوو دەبن بەسەر کۆی کایەی گشتی کۆمەڵگادا.[1]

چ هۆیەك وای لەڕژێمی بەعسی عێراقی کرد ئەم پرۆسەیە ناو بنێت (ئەنفال) واتە ئەوەی ڕێگا خۆشکەر بوو بۆ ڕژێمی بەعسی عێراقی بۆ هەڵسان بەم کارە لەوەدا بوو لەڕوانگەیەکی عەفلەقیانەو شۆفینیزمانەوە سەیریان دەکر بەو واتایەی کەتەنیا عەرەب نەتەوەی شایستەو پلەیەکن، تەواوی گەلانی دیکە زەندەقی و مەجوسین، باشترین حاڵەتیش بۆ ئەمە بەعسییەکانی عێراق بوو کە کوردیان وەك نەتەوەیەکی دەرچوو لەدین باس دەکرد.

هەر ئەمەبووە هۆی ئەوەی پرۆسە سەربازییەکانی بەناوی زاراوە دینیەکانەوە ناو دەنا، بۆ مەبەستە شۆڤێنییەکانی خۆی، بۆ تێگەیشتن لە ئەنفال تەنیا یەك ڕێگەمان لەبەردەستایە ئەویش تێگەشتنە لە بەعس، ئەگەر بەراوردێکی تر بخوێنینەوە پێدەچێت حکومەتی بەعسی عێراقی مەبەستی ئەوەبووبێت لەئایندەدا قوربانی ئەم پرۆسەیەبخاتە ملی ئاین، بەو واتایەی ئاین بکاتە بەرپرسیاری سەرەکی، چونکە لەم کارەدا گەورەترین کارەساتی مرۆیی دەکەوێتەوە بەو واتایی کەفەرمانێکی ئاینی بووەو بەبەجێ گەیاندنی ئەم پرۆسەیەدا.

لەئاماژەیەکی تردا، گێڕانەوەی ئۆتۆماتیکی ئەنفال بۆ ئاین و فیکری دینی نەوەك خۆ دزینەوە لەبەعس بەڵکو گواستنەوەی گوناهەکانی بەعسە، بۆ ملی ئاین.

واتە خوێندنەوەی ناوڕۆکی پرۆسەکە لەوانەیە بگەیتە ئەوەی کەبەعس ویستوویەتی گەورەیی تاوانەکە بخاتەمل ئاین. یان ویستی بەعس لەناونانی ئەم پرۆسەیە بەئەنفال ویستوویەتی پیرۆزیەك بداتەکارەکەی، چونکە کێشەی کورد کێشەیەك نیە لەنێوان کوفرو موسوڵمانادا بێت. بەو واتایەی ویستویەتی لەپشت ئەم ناو لێنانەوە بەرگێکی ئیسلامیانە بداتە کارەکەی لەلای گەلانی موسوڵمان بەتایبەتی عەرەب.

یاخود پێدەچێت بۆ کەسپ کردنی هەست و سۆزی گەلانی موسڵمان بێت، چونکە لەو دەمەدا حکومەتی بەعسی عێراقیی بەقۆناغی جەنگێکی درێژخایەندا گوزەری دەکرد لەگەڵ ئێراندا.

یاخود مەبەستی حکومەتی بەعسی عێڕاقی ئەوەبوو کەمۆرکێکی شەڕخواز و تێکدەر بخاتەپاڵ کەسایەتی کورد. چونکە حکومەتی بەعسی عێڕاقی کوردی بە هەڵگیسێنەری ئەو شەڕە دادەنا بەواتای کورد و کێشەی کورد هۆو پاڵنەر بووە بۆ ئەو شەڕە.[2]

بۆچی بەعس و ڕژێم لەعێراقدا ناوی (ئەنفال) بۆ قەڵاچۆکردنی بەشێکی بەرفراوانی گوندنشینی کوردەواری بەکار دەهێنێ چ ستارتیژییەت و وێناکردنێك ئەم ناولێنانەمان بۆ لێك دەداتەوە پێش ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بە وردی بدەینەوە پێویستە ئاماژە بەوە بکەین ئەویش ئەوەیە گەڕانەوەی بەعس لەسەرتای هەشتاکانەوە بۆ بەکارهێنانی هەندێك چەمك و زاراوەو ڕەمزی کەلەپوری ئیسلامی لەپروپاگەندەی خۆیاندا دەبێت لەمیانەی شەڕی عێراق — ئێران و ئەو تەوژمە ئیسلامیە بەهێزەوە تێی بگەین کە ئەوکاتە لەسەراپای ناوچەکەدا لەپەرەسەندن و

---

[1] - هۆشیار عەبدوالعزیز، کۆمەڵگاو ترس– پەلاماری ئەنفال وەك نمونە، چاپخانەی کەمال ٢٠١٣، لا ٢٣

[2] - هیوا ڕەحیم ، تاوان لەژێر ڕوپۆشی ئاییندا، چاپخانەی کەمال ، چاپی یەکەم– ئازاری ٢٠١٣ ، لا ٢٩

بەهێزبوونی خێرادا بو، کۆماری ئیسلامی ئێران ستراتیژیەتی پروپاگەندەی خۆی دژی بەعس و ڕژێم لەسەر ئەو بناغەدارشتووەکە دەیویست ڕژێم و ئایدۆلۆژیاکەی بەنائیسلامی، بەڵکو دژەئیسلامی لەقەڵەم بدات و هەموو شەرعیەتێکی کلتوری و مێژوویی لێ دابڕنێ [1]

چونکە ئەنجامدانی ئەنفال لای بەعس هەناسەدانەوەی پرۆژەیەکەو خۆنمایشکردنەوەی نوێی عەرەب و خەونەکانیەتی، ناسیۆنالیزمێکە بە گەیشتن بە ئاستێکی تر لە شەڕەنگێزی و بەزیادکردنی شوناسی فاشیزم پەیامێك دەخاتەوە بەردەم دوژمنە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی کە زۆر جار بنیات نەرانی فیکری نەتەوەی عەرەب هۆکاری بەدی نەهاتنی وەحدەی عەرەبی بەسەر ئەواندا دەشکێتەوە، بەڵام کاتێك ئەم ناسیۆنالیزمە لە وەهمی سەرکەوتن بەسەر دوژمنەکانیدا دەژی تا ئاستێك لە سنوری ئەفسانەکانی ناو پرۆژەکەیدا گیر دەخوات کە باوەڕ بە ساتە وەختی هاتنە دی پەیامی نەمرو ئوممەی یەکگرتو دەکات، ئیدی سنورەکان لەبەر چاویدا دەسڕێتەوەو پرۆژەی وەحدەوی دەهێنێتەوە پێشەوەی پەیامەکەی کە دیارە دواتر ئەم وەهمە لە سیناریۆی کوێت دا تێکدەشکێنرێت. [2]

**– لێرەدا بۆچوونێکی سەرەکی دەردەکەوێت بۆ ناولێنانی ئەم پرۆسەیە بەئەنفال:–**

بۆچونەکە: بریتیە لەوەی حکومەتی عێراق و هزروانانی (بەعسی عێراقی) بڕوایان وایە کە ئیسلامی ڕاستەقینە ئەوەیە کە ئەوان دەیزانن و ئەدەبیاتی حزبەکەیان پەخشی دەکات، هەرکەسێکیش وەکو ئەوان بیر نەکاتەوە ئەوا ئیسلام نیە، یاخود بەلای کەمی لەئیسلام تێنەگەیشتووە، کوردیش لەبەر ئەوەی هەوڵیان لەگەڵ دراوەو تێنەگەیندراوان هیچ هەنجەتێکیان نەماوە بۆیە ئەوەی بووە بەعس ڕێگای هیدایەتی هەڵبژاردووەو ئەوانەشی نەبوون بەبەعسی ڕێگای گومڕاییان هەڵبژاردووە، ئەو کەسانەش کەڕێگای گومڕاییان هەڵبژاردووە پێوستە بکوژرێن و لەناو ببرێن، چونکە کافرن بەبڕوای ئەوان.

تاکەپاساوی ڕژێمی بەعسی عێراقی بۆ ئەو پرۆسەیە دانانی کورد بوو وەکو بێباوەڕانی مەککە کە ئەمانە سەروماڵیان حەڵاڵ بێت بۆ خۆیان، هەر وەکو بەپێی بیرکردنەوەی خۆیان کورد نەتەوەیەکی لادراون و پێوستە لەناو ببرێن.

هەر بۆیە ناسیونالیزمی عەرەبی عێراقی بەڕەوایی دان بەکردەوەیەك لەلایەك و بۆ ئەوەی هانی سوپای عەرەبی بدات لەلایەکی ترەوەپرۆسەکەیان ناو نا (ئەنفال).

ئەمەش خۆی لەخۆیدا سەر پشککردنی سوپاکەبوو بۆ کوشتن و بڕین و تاڵانکردن، گوایەئەوی دەیکەن ئاین ڕێگەی پێداون، چونکە ئەنفال کەهاتووە لەڕاستیدا بەرامبەر گەلی باوەڕدار بەیان نەکراوە لەبەر ئەوەی ناکرێت خەڵکی باوەڕدار تاڵان بکرێن و بکوژرێن لەسەر دەستی خەڵکانی تر کەخۆیان بەباوەڕدار دەزانن.[3]

---

[1] - ئەبوبەکر عەلی ، گۆڤاری ئەنفال ، ژمارە(٢) ، چاپ و ئۆفیسی تیشك، ساڵی دووەم ٢٠٠١ ، لا ٧٠

[2] - بەرزان فەرەج ، لە ( ئەنفالەوە) بۆ خوێندنەوەیەکی ڕوویەکی تاریکی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، چاپخانەی پیرەمێرد٢٠١٥، لا ٤٧

[3] - هیوا ڕەحیم، تاوان لەژێر ڕوپۆشی ئاییندا، چاپخانەی کەمال ، چاپی یەکەم– ئازاری ٢٠١٣ ، لا ٢٩

له سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە ، کورد له پێناو سەلماندنی مافە نەتەوەیی و دیموکراسیەکەیدا لە خەباتێکی بێ پسانەوەدا بووە، حکومەتی بەعس لە هەوڵدانی بێ پچراندا بووە بۆ سەرکوتکردنی سەرجەم جوڵانەوە شۆڕش گێڕیەکانی کورد ، حکومەتە یەك له دوای یەکەکانی عێراق بەردەوام لە هەوڵدانی ئەوەدا بوون کە مەسەلەی کورد تەواو بچوك بکەنەوە و بێ نرخ و بەهاو قورساییەکی ئەوتۆی لە بواری دەوڵەتدا نەبێت، وەك کارتێکی فشار بەکار هاتووەو بلۆکی ڕۆژهەلات و ڕۆژ ئاواش هەر بە مەسەلەیەکی ناوخۆییان لە قەڵەم داوە، بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان لەگەڵ حکومەتی عێراق.

بەعس لەسەرەتای دروست بونیەوە لەسەر بناغەیەکی نەتەوەیی تەسك دامەزراوەو بیروڕاو کردەوەکانی لەبیرو ڕاو کردەوەکانی نازی و فاشیستەکانەوە نزیکتر بووە وەك لە هەر دەستەو تاقمێکی تر، فاشیەت هێزێك دروستی ئەکات کە لە خۆی ڕا دەبینێت تەواوی کۆمەڵگە بخاتە دوای دروشمەکانی خۆیەوە و لە هەست کردن بەهێزەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەو هێزەی بە شێوەیەك لە غروری خۆیدا نقوم بووە، پێیوایە پێویستی بەهیچ جۆرە ژیانێك لەگەڵ هێزەکانی تردا نیە، ئەم ڕەگەز پەرستیەی بەعس لە عێراقدا ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی هەیە، کە بۆ سالآنی یەکەمی دروست بوونی دەوڵەتی عێرق دەگەڕێتەوە، کە لە بارو دۆخێکی ناسروشتی نادروستدا لە چوارچێوەی گۆرانکاریە جیۆسیاسی و هەرێمی ونێو دەوڵەتیە فراوانەکاندا دروست بووبوو، بۆ وێنە چەمکی ( شعوبیەت ) کە جێگەیەکی سەرەکی لە فکری بەعس و پیادەکردنیدا داگیرکردوە، ئەم چەمکەیان لە بیرمەندە توندڕەوەکانی فکری عەرەبی وەرگرتوە کە لە پێشەنگیاندا (صاتع الحصری)یە، کە بە دامەزرێنەری تیۆری نەتەوەی عەرەبی تازە دادەنرێت، زۆر سەرسام بووە بە بۆچونەکانی (نیچە) و ڕۆمانسیەکانی ئەڵمان، بەعس پێی وابوە لە بەرایی ئیسلامەوە، هەر نەتەوەیەك بەرگری لەخۆی کردبێت، یان بەخواهشت پێشوازی لە سوپای ئیسلام نەکرد بێت، یاخود شارستانیەت، مێژوو، زمان، کلتوور،و باوەڕەکانی خۆی پاراستبێ، ئەو میلەتانە تێکڕا بەعس بە شعوبیان دەزانێ ، شعوبیش خرابترین ناتۆرەی بەعسە کە دەیداتە پاڵ ئەو میللەتانەی لەبەرامبەر شالآوی شۆڤینیانەی عەرەب لە سەرەتای ئیسلامەوە تا ئیستا خۆیان پاراستوە، بەعس ڕیزەکانی خۆی و سوپای عێراق و لایەنگرانی لەناو نەتەوەی عەرەبدا بە ڕقێکی ئەستور بەرامبەر (شعوبیەت) پەروەردەکردوە.

توێژەری عێراقی(حسن عەلەوی) دەڵێت: تۆمەتی شعوبی ، مەبەست لە هەموو ئەو کەسانەیە کە دژایەتی ( عروبە ) دەکەن، ( خیرالله تلفاح) کە یەکێك بوو لە بەعسیە سەختگیرەکان و خاڵی (سەدام حسەین)ە کە لە کتێبێکدا بەناوی ( الشعوبیە عدو العرب الاول) واتە (شعوبیەت دوژمنی یەکەمی عەرەبە) هەموو ئەوانەی کە لەگەڵ بیری نەتەوەیی عەرەب نین بە (شعوبی) لەقەڵەم دەدات و دەڵێت: عەرەب لە هەموو نەتەوەکانی تری جیهان بەرزترەو ئەو قسەیەش بە درۆ ئەزانێت کە دەڵێ" لە ئیسلامیەت دا عەرەب و عەجەم نیە"

هەر سەبارەت بەو بیرە شۆڤێنیەی بەعس ڕۆژنامەیەکی بەیروتی لە سەر زاری حزبی بەعسەوە وتارێکی لە ٤ی شوباتی ١٩٥٩ دا بلآو کردۆتەوە و تیایدا ئایدۆلۆژیەتی بەعس و سیاسەتەکەی بەرامبەر بە مەسەلەی کورد ڕون دەکاتەوەو لەوێدا هاتووە " گەلی عەرەبی ئەو کەمایەتیانەی سەربەست کردوە لە هەڵبژاردنی مانەوە لە

نیشتمانی عەرەبیدا یان کۆچ کردن بۆ ولاٌتەکانیان...، نەتەوەی عەرەب پشتگیری لە کوردەکان دەکات لە پێناو دروستکردنی دەوڵەتی کوردی، بەلاٌم سنوری ئەو دەوڵەتە کوێیە؟ هەڵبەت ئەو سنورەی کە نەتەوەی کورد دەگرێتەوە لە کوردستاندا بریتی یە لە بەشێکی تورکیاو ئێران ، بەمە نەتەوی عەرەبی زۆر خۆشحاڵ دەبێت بە بوونی دراوسێ یەکی هاوڕێی ولاٌتی کوردستانی دیموکراتی ئازاد کراو، کە ئامادە نیە بەشێك لە ولاٌتەکەی ببڕێت و بیدات بەکەسێکی تر، لێرەدا دەردەکەوێت کە بەعس هەرگیز باشوری کوردستانی بە زۆر لکێنراو بە بەشێك لە کوردستان و دانیشتوانەکەیشی بە بەشێك لە نەتەوەی کورد نازانێت.

هەروەك (تالب شبیب ) ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوەی و وەزیری دەرەوەی بەعس دوای کودەتاکەی ٨ی شوباتی ١٩٣٦ دەڵێت " ئێمە تێگەیشتنی گشتیمان بۆ کورد وابووە کە ئەوان ڕەویان بۆ سەر خاکی عەرەب کردبێت و هاتبن تا لە ولاٌتەکەیاندا میوانیان بن.[١]

بۆیە مێژوو لێوان لێوە لە نموونەی ئەم دیکتاتۆرانە، سەدام حسێن و دارودەستەکەی دواین نموونەی ئەو شێوازەن، لەگەڵ ئەوەی ڕژێمی عێراق بەفەرمی دانی نابوو بەو پرۆسە سەربازییانەداو تەنانەت شانازی بەدەستکەوتەکانیەوە دەکرد، بەلاٌم هەرگیز دانی نەنا بەڕەشبیگیری دەیان هەزار کەسی مەدەنی بێتاوان، کەبەرەو چارەنوسی نادیار ڕەوانەی کردبوون، هەردەم ئەو تۆمەتەی ڕەت دەکردەوە کە ئاراستەی دەکرا دەربارەی لەناو بردنی بەکۆمەڵی ئەو کەسانەو تاوانەکانی تر، ئەوەش لەبەر هۆیەکی ئاشکرا بوو، کەهەموو ئەو کردەوانەی ئەنجامی دەدان لەپرۆسەکانی کوشتن و لەناوبردن تۆقاندن و جەنگ لەتێڕوانینی ئەودا لەسەرو لێپرسینەوەی یاسایی بوون، خۆی هەمیشە بەبێ تاوان دادەناو ڕژێمەکەشی بەپیرۆز.

لەبەر ئەوەی ئازادکردنێکی بەبەرنامەی (٦٤٠٠) کەس لەپیر و ژن و منداڵ و کەمئەندامان کەبەسێ قۆناغ لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٨ دا و لەزیندانەکانی (نوگرەسەلمان) و (تۆبزاوا) و (دوبز) و (خەنناق) ئەنجام دا، بێجگە لەپڕوپاگەندە هیچی تر نەبوو بۆ ئەوەی ڕژێمی عێراق لەبەردەم ڕای گشتی کوردی و دەرەکی خۆی بەئەستۆپاك نیشان بدات لەبەرامبەر بەکۆمەڵکوشتنی دەیان هەزار لەگیراوان، بەتایبەتی ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (١٣) بۆ (٥٥) ساڵیدا بوو، هەوڵەکانی ڕژێم بۆ پەردەپۆشکردنی ڕاستییەکانی ئەو تاوانەو پەردەپۆشکردنی بەجەنگی ئێران — عێراق وەوەو شاردنەوەی شوێنەوارەکانی بووەمایەی ئەوەی پاڵنەرەکانی تاوانەکەو پاشخانەکانی و شوێنەوارە کۆمەلاٌیەتیە قوڵەکانی نەبنەجێی سەرنجدانی ڕاستەوخۆ وەك تاوانێکی بەکۆمەڵکوشتنی ڕەگەزی مرۆیی لەبەرامبەر گەلێکی دیاریکراو کەکوردە، چونکە ( بەدڵنیاییەوە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی ئەتنیەو جیاوازە لەزۆرینەی عەرەبی عێراقی، هەر ئەوەش پاڵپێوەنەری ڕژێمی عێراقی بوو بۆ بەرپاکردنی شالاٌوی ئەنفال بۆ سەر کورد).

١ - سۆزان کەریم مستەفا، بەعسیزم و کورد، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی ، چاپی یەکەم ٢٠٠٧ سلێمانی ، لا ١١٣، ١١٤

سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی ڕژێم بۆ شاردنەوەیی شوێنەوارەکانی ئەو تاوانە، بەڵام تاوانە کە هێندەگەورەبوو، هەر بۆیە نەیتوانی نیشانەو کاریگەرییەکانی و پاشماوەکان و بەڵگەجیاجیاکانی لەسەر ئەنجامدەرانی لەتەواوی ناوچەگوندنیشینیەکانی کوردستان بشارێتەوە.[1]

## ١-٣-٦: ڕۆڵی جاش و بزووتنەوەی چەکداری کوردی لە شاڵاوەکانی ئەنفال دا:

جاش وەك ناوو پێکهاتە مێژووەیەکی دورودرێژی لە فەرهەنگی سیاسی و کۆمەلایەتی ئێمەدا هەیەو بوەتە ناوێك لەو ناوە قێزەون و مەترسی دارانەی کە بەردەوام لە نێو پێکهاتەی کۆمەڵگەی ئێمەدا سڵی لێبکرێتەوە، جاش لە بنەڕەیدا بە پێی فەرهەنگی زمانەوانی کورد بەمانای پێچوەکەر یان کەری بچوك دێت، دیارە کەریش بەدرێژی مێژوو یەکێکە لەو ئاژەڵە بەستە زمان و بێدەنگانەی هەرچیەکی پێدەکرێت گوێڕایەڵەو ملکەچی خاوەنێتی، لە فۆرمە سیاسیەکەیشیدا بەعس هەوڵی دا هەمان مانا ببەخشێتە جاشەکانی بەردەستی و بە شێوەیەکی سیستماتیکیش کاری لەسەر کرد، چونکە بەعس گەیشتبوە ئەو بروایەی بۆ جێبەجێکردنی پەلاماری سڕینەوە پێویستی بەو تێکەلاوکردنە نارۆشنە هەیە کە کورد خۆی بۆخۆی ببێتە بەشێك لە تاوانی کۆکوژی خودی خۆی، هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانێت لەو ڕێگەیەوە بیسەلمێنێت کە ئەوە تەنها عەرەب نەبوو کردەی کۆکوژی ئەنجامدا بەڵکو خودی کوردیش بەشێکە لەو تاوانەو بەشداری چالاکی هەبووەو بەشێوەیەك لە شێوەکان تەواوکەری ئەو پرۆژەیە بوو کە لەدیدی بەعسدا پرژەیەکی پێویست و گرنگ بوو، نەدەکرا کاری لەسەر نەکرێ و پەرەوێزبخرێ، ئەمەش بە پشت بەستن بەو دیاردە لەمێژینەی کە لەسەرەتای سەدەی ڕابردووەوە جاش و جاشایەتی بوەتە دیاردەو نەریتێك لە نێو کۆمەڵگای ئێمەدا و دوژمنان سودی لێدەبینن و لەناو بونە گشتیەکاندا وەك بکەر بەردەوام بەدەستی دوژمانی خۆیەوە کاری لەسەر خودی ناکۆکیەکانی خۆی کردوەو گرنگیشی بەو کێشە سیاسی و ئەخلاقی و کلتوریانەش نەداوە کە لە داهاتوشدا یەخەی دەگرێ، ئەنفالیش کە دوا ترۆپکی تاوانەکانی بەعس بوو وەك پرۆژەیەك بۆ سڕینەوەی ڕەگەزێکی جیا لە ڕەگەزی عەرەبی، پرۆژەیەك نەبوو تەنها لەلایەن هێزێکی سەربازی عەرەبیەوە پیادە کرابێ ، بەڵکو لە تەوزیفکردنیدا خودی کورد بەشداربووەو لەداهاتوشدا کاریگەری دەبێت لەسەر لایەنی ئەخلاقی و کلتوری خودی کوردو بە فیعلیش ئەم حاڵەتە تا ئێستا کاریگەریەکانی لەسەر کۆی کایە جیاجیاکانی کۆمەڵگای ئێمە هەرماوە و بەئاسانی نەسڕاوەتەوە، چونکە ئەنفال ئەوکاتە مانای تەواوەتی خۆی وەرگرت کە لە لایەك بێدەنگی لێکراو لە لایەك تریشەوە کورد خۆی بەشداربوو لە ئەنفالکردنی خودی خۆی و دەبێ لە داهاتوشدا بێدەنگ بن لە تاوانەکانی خۆیان کە بەرامبەر بەهەندێك پارەو دەستکەوتی مادی چیتر نەبوو، دیکۆمێنتەکانی بەعسیش باشترین بەڵگەن لەسەر ئەوجاشانەی کە بەشداری ئەو کردەوەیان کردوەو ئەوە دەسەلمێنێت کە کوشتن و سەربڕدنەوەی کورد بەدەستی کورد چەند پرۆسەیەکی

---

[1] - نەجمەدین فەقی عەبدولا ، تاوانێکی لەبیرکراو- دەربارەی ئەنفال و تاوانەکانی جینۆساید لە کوردستان، و. عادل عەلی، چاپخانەی پیرەمێرد، ساڵی ٢٠١٥ ، لا ٢٤

بێماناو کەم بەهابوەو لە بەرامبەریشدا جگە لە بەخشیش و ئافەرینێکی بێکەڵك بە تاوانەکانیان شتێکی تریان بەدەست نەهێناوە[1]

دیارە سەرەك خێڵەکان لە ناوچە کوردیەکان بەکار هێنراون لەکاتی ئۆپراسیۆنەکانی ئەنفال، جاش ڕۆڵی کارایان هەبووە لە ئەنفالەکان

– لە دۆخی جاش و سخوڕو بەعسیە کوردەکاندا ، هەڵگەڕانەوەیەکی تەواو دژ بە خود هەست پێدەکرێت، کە وەك میکانیزمێکی بەرگری بەکار هێنراوە، ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی دۆخی دەرونیان بەتەواوی سەروبن بکاتەوەو خۆی لێ ببێت بە ئەویتر ، یان وەك گروپیش دەتوانین بڵێین(ئێمە) یان لێ ببێت بە ئەوان[2].

لە کاتی هێرشەکانی سوپای بەعس بۆ سەر پێشمەرگەو ماڵە پێشمەرگە هەمیشە جاشەکان لە پێشەوە بوون و چاو ساغ و ڕێنیشاندەربوون، واتە ئەگەر جاش نەبوایە بەعس نەیدەزانی لە گوندێکی دورە دەستی ناوچەی گەرمیاندا کە ڕەنگە هەر جادەو ڕێگەی ئۆتۆمبێلی نەبێت بۆ هاتوچۆ پێشمەرگەی لێیە یان نەیارێکی بەعسی لێیە، جاشەکان هەمیشە پێیەکیان لە گوندەکان بوو لە هەمان کاتتدا پێیەکەی تریان لە شارەکان بوو، لە زۆربەی شەڕو بەریەککەوتنەکانی نێوان پێشمەرگەو بەعس جاش پێشڕەوی بەعسی کردوە وەك دەلیل، لەکاتەتی شاڵاوەکانی ئەنفالدا جاش ڕۆڵی زۆر خراپی بینی لە کۆکردنەوە ناردنی ڕۆڵەکانی کورد بۆ چاڵە لمەکان، لە هەرکاتێکدا ماڵێکی کورد وێران بکرایە یان هێزێکی پێشمەرگەو گوندێك تەفروتونا بکرایە ئیتر جاش خۆشی بوو، چونکە بە قڕکردنی کورد جاش کورد گیرفانی زیاتر پڕ دەبوو.

ئەو جاشە چەکدارانە لە ڕۆژی ئەنفالدا بەهاریان بوو، هەردەم خەریکی هەڵپەرکێ و چەپڵە ڕێزان بوون، گیرفانیان پڕبوو، کۆڵیان لە تالآنی قورس بوو، ئەوەندەیان مریشك و قازو مراوی و قەلی گوندنشینە هەلآتوەکان خواردبوو، چاویان سوربببوو... کە هەمیشە لە هەڵپەرکێو سوڕان دا بوون، ئامانجیان تەنها پارەو سامان خڕکردنەوە بوون، لەبەر ئەوە جێی سەرسوڕمان نەبوو[3].

لەبەر ئەوەی لە پەلامارەکانی ئەنفالدا جاش کوردەکان و زۆربەی موستەشارەکان لەگەڵ خەڵکی لێقەوماودا درۆیان کردووە، پروپاگەندەی ئەوەیان کردوە کە لێبوردنەو ئەمان دەیان پارێزن و لە شارۆچکەو کۆمەڵگان نیشتە جێیان دەکەنەوە، بۆیە کاتێ باسی ئەنفال دەکرێت نابێ ڕۆڵی خراپەکاری جاش فەرامۆش بکرێت، ئەگەرچی هەندێکیشان ڕۆڵی باشیان گێڕاوەو خەڵکیان ڕزگار کردوە، بەڵام بەشداری کرد لە تاوانێکی وەك ئەنفالدا پەلەیەکی ڕەشەو تاوانێکی ئێجگار گەورەیە، ئەوەی گومانی نەهێشتوەتەوە ئەوەیە ئەوان هاوکاربوون لە ڕاپێچکردنی هەزاران هاولآتی کورددا، بەرەو گۆڕەکانی مەرگ و کامپەکانی کۆکردنەوەو زیندانی کردن لە زیندانەکانی تۆپزاواو دبس و تکریت و سەلامیەو نوگرە سەلماندا، کە لەم زیندانانەدا سوکایەتیەکی بێ ئەندازەی

---

[1] – هۆشیار عەبدولعزیز ، ئەنفال لە گوتاری مەرگ و غەریزەی خنکاندندا ، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێلٚ ، ساڵی ٢٠١٠ ل١٣٥

[2] – مەریوان وریا قانع ، کۆنگرەی بەجینۆساید ناساندنی جینۆسایدی کورد، بەرگی یەکەم،چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، ساڵی ٢٠٠٨ ل٩٣

[3] – علاو نووری باباعلی، چمکێك لە بیرەوەریەکانی ئەنفالی دوو ، چاپخانەی کەمال ، ساڵی ٢٠١٣ ل٨٩

به کوردبون و به کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی تێدا کراوە، لە پێش هەموانەوە ئەنفال و ڕەفتارو کرداری ئەو جاش کوردانە سوکایەتیەکی گەورەبوو بەو گوند نشینانەی گیران و دواتریش لەلایەن بەعسیەکانەوە پێیان دەگوترا ئەنفالکراو، یەکەکانی جاش ئەرك و فەرمانێکی بەربڵاویان لە ئەستۆ گرتبوو، بەڵێننامەیان پڕکردبووەوە کە دڵسۆزی حزبی قائیدو سەرکردەی مەزن بن، ئەوان کاروانی سوپایان دەپاراست و پێش هێزەکان دەکەوتن بۆ گوندەکان و چاوساغیان دەکرد، ڕۆڵی کاریگەریان هەبوو بۆڕێخۆشکردن و سۆراخکردنی هەواڵ و زانیاری پێویست" بەووتە کوردیەکە" کەوا سوری بەر لەشکربوون" ڕۆڵی ئەوان لەوێدا بۆ بەعس و سوپاکەی گرنگ بوو، چونکە ئەوان شارەزای گشت هەردەو جەوەڵ و چیاکان بوون و هەموو شوێنێکیان دەبشکنی و بە تەنیشت تاڵانی و حەرامخۆری خۆیانەوە بەدوای ئەو کەسانەشدا دەگەڕان کە لە دەست پێشڕەوی سوپا هەڵهاتبوون، هەر ئەو جاش کوردانە بوون کە خەڵکە خۆ پەنا دەرەکەیان دەدۆزیەوەو بەدڵڕەقیەوە دەستگیریان دەکردن و دەیان دانە دەست یەکەکانی سوپاوە، زۆر جاریش بە شێوەیەکی نامەردانە خەڵکیان فریو دەداو پروپاگەندەی لێبوردنی گشتیان دەر دەکردو بەڵێنی پەنادانیان بە خەڵك دەداو دواتریش بەڵێنی خۆیان دەشکاند[1]، بۆنموونە شایەتحاڵەکان دەیگێڕنەوە" دوای ئەوەی هێزی جاشەکانی عەبە قەرەناوی چوار دەوری گوندە کەیان دا، تەواوی خەڵکەکەیان بە پیاو ژن و منداڵەوە لە شوێنێك کۆکردەوە لەگەڵ کوێخای گوندەکە بەڵێنی ئەوەیان بە خەڵکەکەدا گیانیان پارێزراوە، بەڵام هەر لەناو گوندەکە پیاوەکانیان جیاکردەوەو چاوەڕێی سەنتەری کۆکردنەوەیان نەکرد بردنیان بۆ ئەمنی کەرکوك، بەڵام ژنەکانیان لەناو دۆڵەکە هێشتەوە بۆ ڕۆژی دوای، لەو کاتەدا ئاگر لە خانوەکان بەردراو دەسووتان و خانوەکانیش بە شۆفڵ تەخت کران، بەبێ جێگەو بەبێ لانە ئەو ژن و منداڵانە لەو چۆڵەوانیە مانەوە، بەڵام لە پاش دوو ڕۆژ ئەو ژن و منداڵانەیان بە پاسی سەربازی بران بۆ چەمچەماڵ لەوێ لەسەر شەقامەکان هەڵیان ڕشتین، لەسەرباسێکم پرسی بۆچی ئاوا بەم شێوەیە لەم شارە دامان دەگرن؟ خۆ ئێمە کە ناناسین لەم شارە ڕوو لە کوێ بکەین، لە وەڵامدا ووتی ئێوە زۆر خۆبەخشن کە لێرە وازتان لێهێنراوە، ئەزانن پیاوەکانتان هەمویان ڕەوانەی دۆزەخ کران"[2].

جاشەکان وەك تاکە کەس لێرەو لەوێ کەم تا زۆر توانیویانە خەڵك دەرباز بکەن بۆ شارۆچکەو کۆمەڵگاکان، چونکە هەر بەبۆنەی جاشیشەوە بوو کەوا هەندێك کەس ڕزگاربوون، لەم بارەیەوە هاوڵاتی حەمەسور لە گوندێکی کەلار دەڵێت" پارەم داوەتە جاش خەڵکم پێ ڕزگار کردووە، لەوانە باس لە حاڵەتێك دەکات کە بڕی (٣٠٠) دیناری سویسری داوەتە ئامر سرێیەك تا ڕێگەی بدات بچێت خێزانێك بهێنێتەوەو لە گوندێکی کەلار پەنایان بدات" یان کەسێکی تر بەناوی جەلال بەهەمان شێوە لە سەر ڕۆڵی جاشەکان ووتی" جاشەکان لە بەرامبەر چەند سەر مەڕێکدا ڕێگەیان داین بچین چەند خێزانێك بهێنینەوە"[3].

---

[1] – عومەر محمد ، ئەنفالی گەرمیان– سیاسەتێك و دوو ئامانج ، چاپخانەی هێڵ ، ساڵی٢٠١٠ ل١٦٩–١٧٠

[2] – ئیدریس ئۆمەر گومبەتی ، ئەنفالی زێی بچوك ، چاپی یەکەم ٢٠١٣ ل ٧٧

[3] – عومەر محمد، ئەنفالی گەرمیان– سیاسەتێك و دوو ئامانج ، چاپخانەی هێڵ ، ساڵی٢٠١٠ ل١٦٩–١٧٠

جاشەکان ڕاستەوخۆ کەڵکیان لە بەڕێوەچوونی ئەنفال وەردەگرت، کە پڕ بە پێستی واتا قورئانیەکەی(تالآن کردنی کافران) چونکە لە پەلاماردانی ئەنفالدا مەرجی بەعس ئەوەبوو هەرشتێك لە لایەن فەوجەکانی جاش و مستەشارەکانەوە دەستی بەسەردا بگیرێت ڕاستەوخۆ دەدرێت بەخۆیان، تەنها چەکی قورس و ئیسنادوو مامناوەندی نەبێت، پیاوەکان و ئافرەتە جوانەکان بۆ ئێمەو ماڵ و کەل و پەلیش بۆ ئێوە، ئەمە قسەی ڕەفیق حزبیەکی بەعسی فاشی بوو بۆ یەکێك لەسەرۆك جاشەکان، وە پێشمەرگەش کافرو بێ دینن دەبێت وەك کافر ڕەفتاریان لە گەڵدا بکەن [1].

ڕژێمە تۆتالیتاریەکانی عێراق هەموو توانای دەسەڵاتی سیاسی ودیبلۆماسی و تەکنۆلۆژیایی عەسکەری و ژێرخانی ئابووریيان خستۆتە گەڕ بۆ ڕەشە کوژی مرۆڤی کورد. بەو هەموو تواناyانەوە هەوڵیان داوە سەرۆك خێڵ وشێخ و شێخ زادە وکەسێتیە لاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بەمشتێ پارە بکڕن و بەو پێیەیی کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەییەکی نیمچە دەرەبەگیە هەمیشە داگیرکەران دەربەگەکانیان کردوەتە داردەستی خۆیان ، جوتیارانیش بەهۆی پەیوەندی زەوییەوە ناچار بووە داواکارییەکانی دەرەبەگ جێبەجێ بکات، یان زۆرجار بەزەبری پارەوپوول سودیان لەدەرەبەگەکان وەرگرتووە دژی شۆڕشی کورد وکوردستان دەرەبەگەکان پێکهاتبوون لە کۆمەڵێك شێخ و شێخ زادە و ئاغا بەگ وسەید وخاوەن موڵك. بگرە ئەگەر شێخەکانیش خاوەنی موڵکیش نەبووبێتن ئەوان ژیرانە توانیویانە کەڵك لەدواکەوتووی خەڵکی ڕەشەکۆکی و تایبەتمەندییە ئاینەکەی خۆیان وەربگرن و ژمارەیەکی بەرچاو لەمورید وسۆفی ودەروێش لەدەرویی خۆیان کۆبکەنەوەو بەئاقاری بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان و هەندێك جاریش لەدژی بەرژەوەندی نەتەوەیەکان بەکاریان دەهێنا، ئەمەش ناکاتە ئەوەی کەلەڕیزی ئەو چینە کۆمەڵایەتیە خەڵکی تێکۆشەر و شۆڕشگێر نەبوو بێت بەڵکوو بەدەیان سەرکردەوە فەرماندەی لێهاتوویان تێدا دەرکەوتووە ، بەڵام ئەم چینە لەبەرژەوەندییاندا نەبووە کەشۆڕش گەشە بکات و ئازادی تاك بەدی بێت و کورد ببێتە خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی خۆی چونکە گەشەکردنی ئازای و ڕووناکبیری شۆڕشگێری هەم خەڵکە سادە و ساکارەکەیان لێئەتەکێتەوە هەم تەکییە وخاناقاکان چۆڵ دەبن دیارە ئەمەش بەزیانی ئەم چینە کۆمەڵاتەیەیە....

لەسەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕی نوێدا چەندان مەفرەزەیەکی تایبەتی جاش لەگەرمیان و قەرەداغ و دۆڵی جافایەتی و مەرگەو سنوری کۆیە ودەشتی هەولێر وبادینان دا بست بەبستی چیا ودۆڵاو لاپاڵ و گرد و شیوو دەشت وئەشکەوتەکان بەدوای پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکاندا دەگەڕان، لەو سەردەمانە ئەوە مەفرەزە تایبەتیانەی جاش لەلایەن ئیستیخباراتی فەوج و لیواکانی سوپاسی عێراقە سەرپەرەشتی دەکران، بۆ دۆزینەوەی تێکۆشەرانی گەلی کورد بۆئەوەی بیانخەنە داوەوە بەزیندوویی یان بەمردوویی سەری تێکۆشەرەکانیان ئەهێنایەوە بە ئیستیخباراتی عێراقیان دەفرۆشت و نمونەی ئەوانەش"حەمە خانی حاجی دارا-عوسمانی هۆکل-

[1] - ئیدریس ئۆمەر گومبەتی، ئەنفالی زێی بچوك ، چاپی یەکەم ۲۰۱۳ ل ۸۷

ڕەشەی صالح–بایزی عەزەی حاجی ڕەشید" بوون کەسەری شەهیدان سیروان تاڵەبانی و حەسەن خاوێی و عەلی چەلەبی ودەیان تێکۆشەری تریان بەمشتێ پارە بە ئیستیخباراتی عێراقی دەفرۆشت لەلایەن صدامی دیکتاتۆرەوە سیمبولی ئازایەتی بەبەرۆکیاندا دەکرا لەکاتێکدا ئەمانە شەرەف نەتەوەیی وکەرامەتی هاونیشتمانانی خۆیان دەفرۆشت، نقوم ببون لەتاوانی خەیانەتەکاریدا مانگانە بەبۆنەی "لەدایك بوونی صدام و بۆنەکانی بەعس و سەرکەوتنەکانی ئەنفال و لەڕێگەی کەناڵە جیاوازەکانی ڕاگەیاندنەوە دەیان بروسکەی پیرۆزباییان ئاراستەی سەخترین دوژمنی نەتەوەکەیان دەکرد. وەنەبێت ئەم موستەشارانە تەنها لەناوچەیەکی دیاریکراوی کوردستان و لەیەك خێڵ وچین و کۆمەڵایەتی بن بگرە لەکفرییەوە تاکو زاخۆ کردبوە دۆزەخ لەپێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراسی کوردستان و هێزە تێکۆشەرەکانی تر.

بڕیارە یەك لەدوای یەکەکانی سەردەمی " احمد حسن بکر" سەرۆکی عێراق لەدوای کودەتایی ١٧ تەمموزی ١٩٧٩ی صدام حسینی سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش زۆربەی بەپێی مەزاجی عەقڵی صدام بووە چ ئەوانەی بەناو ئیمزایی خۆیەوە بڵاویی کردونەتەوە چ ئەوانەی بەناوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە خستویەتی ڕوو.

پرۆژەی جینۆساید کردنی کورد بەپێی پێشنیاری "میشیل عفلق" دامەزرێنەری حیزبی بەعسی عربی سۆشالیست خستوتە ناو ئەو بڕیارانەوە کەدەڵێت:( ئەو کەمە نەتەوانەی کەلەسەر ئەم خاکە دەژین بەدوو ڕێگا بتوێنەوە، ڕێگای یەکەم :دەبێت بەهێمنی پەیرەو بکرێت، بەڵام درێژەی پێ بدرێت، ڕێگای دووم: ئەگەر بۆ توانەوە بەرگرییان لەخۆیان کرد دەبێت زبر و زەنگ بەکاربهێنرێت).

صدام هەموو بڕیارە دیکتاتۆرییەکانی دەخستە چوارچێوەی ماددەی یاساییەوە. چونکە دوای مۆرکردنی پلانی جەزائیر لە نێوان(شا و صدام) بەهەماهەنگی (هاوڕێ بۆمێدین) لەجەزائیر شۆڕشی ئەیلول دوایی (١٥) ساڵ خەبات وقوربانیەکی گەورەو بەردەوام ، تێکشکاو ، هێزی پێشمەرگە پەرتەوازە بوو گەلی کورد لەو هەل ومەرجەدا ڕووبەڕووی بێ هیوای و گومان بووە، حزبی بەعس سەراپا گوندەکانی سەر سنوری ئێران /عێراقیان خاپوور کرد، جوتیارەکانیان گواستەوە بۆ ئوردوگاکان خەڵکەکە لەو زیندانەدا بێ ئیش وکار مانەوەو لەو زەوییە کشتوکاڵییەکانیان دابڕان، بەعس چەندین دام ودەزگای ئیستیخباراتیان دامەزراند بەزۆر خەڵکیان دەکرد بەبەعسی سیمایی پەیوەندییە بەها کۆمەڵایەتیەکانیان کوردەوارییان پچڕاند شیرازەی خانەوەدایان لەبەر یەك هەڵوەشاندەوە هەر ئەوەدەمانە چەند فەرماندەیەك و پێشمەرگەی ئەیلول و لەگەڵ چەند سەرۆك خێڵێکدا بوون بەمەفرەزەی تایبەتی جاش گوند بەگوند سەراپا گرد وگردۆڵکە و ناوچە جیاجیاکانیان کێوماڵ دەکرد بەدوای پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکاندا دەگەڕان.

ئەو سەردەمانە ناوبانگی چەندان جاش بەکاری دڕندانە بەرانبەر پێشمەرگە و ئازاردانی جوتیارەکان وتاڵان کردنی گوندەکان بڵاوبووە، چەندان فەرماندەی وەك "سیروان تاڵەبانی وحەمە غەفور ئاغچلەری وئارام و شەهید ملازم کەریم و مامە ڕیشە" یان بەپێ ی زەمەنە جیاجیاکان لەو پلان و نەخشە دڕندانە دا شەهید کرد.

ئەگەر لاپەرەکانی ڕۆژنامەی "الثورة ، هاوکاری عێراق، ئەلف باو وڕەنگین ونەورۆز" هەڵ بدەینەوە چەندین (ستون ، نوسین، هەواڵ، ڕاپۆرتەهەواڵ، ڕێپۆرتاژ ، دیدارو بروسکەی پیرۆزبای ئەنفال) دەبینین.

لێرەدا باپێکەوە ئەو بابەت ڕۆژنامە نوسینانەی کە ڕۆژنامە نوسە بەعسیەکان لەکاتی هێرش وپەلاماری گوندەکاندا لەلایەن سوپای عێراق و جاشەکان داوەك کارێکی مەیدانی ئەنجامیان داوە بیخوێنینەوە سەدان بابەتی پڕ لەمەرگەسات دەبینین جگە لەو قسەو بابەتانەی کە فەرماندەکانی سوپای عێراق و ئەو مستەشارو ئامر سریانە دەبینین چۆن لەناو گوندە ڕوخاوەکاندا وەستاو لەو کاتەدا کە ژن ومناڵ و پیاوی ئەو گوندانە دەستگیرا کراوان وسواری ئیڤایی عەسکەری دەکرێن ، ئەوان لەخۆشی تاڵانیدا بروسکەی پیرۆزبایی بۆ"**حفیض الله**" دەنێرین چەند بەلەخۆباییبونەوە هەست بەسەرکەوتن وئازایەتی دەکەن، ئەو هەموو ژن و پیا و مناڵانە کە هاوڵاتی سادەی گوندنشینەکانن بەتێکدەر وخائین و عەمیلی ئێران دەدەنە قەڵەم هەموویان بەکافر پێناسە دەکەن بۆئەوەی پرۆسەی ئەنفالیان بەسەردا جێبەجێ بکەن، ئەوە مایەی تێڕامانە مستەشارە جاشە کوردەکان خۆیان بەتێکۆشەرو نیشتمان پەرەوەر و دڵسۆزی نەتەوەکەیان دەزانن کە ڕستەکانیان و دیدارەکانیانم خوێندەوە ئەو وتەیەی مۆسۆلوینم بیرکەوتەوە کەدەڵێت"درۆبکەن..درۆبکەن تابڕوات پێبکەن" دەبێت ئێستا کەس وکاری ئەنفالەکان لەبەردەم قسەی مستەشارانەدا چی بڵێن لەکاتی ڕاپەڕیندا بەرەی کوردستانی لێبوردنی گشتی بۆ ئەو هەموو مستەشار وئامر سریە و فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ڕەفیق حیزبی و نصیری متقدم و جاسوس و خۆفرۆشانە دەرکرد.

جێی داخە بەهۆی هەل ومەرجی نائاسایی دوای ڕاپەڕین حزبەکان باوەشیان بۆ ئەو تاوانبارەنە کردەوە زۆر پۆستی گرنگیان پێ دان هەندێکیشیان خرانە پێشمەرگە دێرین و هەرە ماندووەکانیشەوە.

ئێستاش هەندێك ئەیانەوێت هەمان خیانەت لەمێژووی خیانەتیاندا دووبارە بکەنەوە بەمەش خۆیان وسەنگ و بەهای لێبوردنەکە دەسڕنەوە، مەرگێکی حەتمی خۆفرۆشی بۆخۆیان هەڵدەبژێرن.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کەئەو سەرۆك جاشانەی تاوانی زۆرگەورەیان کردووە و هەست بەتاوانەکەی خۆیان ناکەن، کەس وکاری ئەنفالەکان سکاڵایان لەدادگا لەسەر تۆمار بکەن. بۆ ئەوەی بخرێنە قەفەزی تاوان وخیانەتەوە ببن بە پەند بۆ مێژووی پڕ لەمەرگەساتی گەلەکەمان، و چیتر تاوانی خیانەت و جاشایەتی بۆهەتا هەتایە سەرهەڵنەداتەوە.[1]

موستەشارەکان و هێزی بەرگری میللی ( جاش ) جگە لە چەکی قورس دەست بگرن بەسەر هەرچیەکدا ئەوان بۆ خۆیانی دەبەن .[2]

یەکێك لە شایەتحاڵەکانی ئەنفال دەڵێت " موستەشارەکان لە عەلی حەسەن مەجیدو سەدام تاوانبارترن، ڕێبوار ئەحمەد لە سەروەختی ئەنفالدا تەمەنی ١٠ ساڵ بووەو خەڵکی گوندی حسێن ئیسلامی سەر بەناوچەی

---

[1] - مەحمود سەنگاوی ، جاش و جینۆساید ، چاپی یەکەم– سلێمانی ٢٠٠٧ ، ل ٥

[2] - سەرتیپ محمد جەبار ، ئەنفالی ناوچەی ئاوە سپی ، چاپخانەی کوردستان – چاپی یەکەم ٢٠١٥ ، ل ٥٤

قەرەحەسەن بوو لە پەلاماری ئەنفالی سێ دا هەموو خێزانەکەیان لە لایەن جاشەکانەوە دەرپەڕێندراون و دەستگیریان کردون و تەسلیم بەسوپا کراون و وەکو زۆربەی خەڵکی گەرمیان ئەنفال بوون ، ڕێبوار جەخت لەوە دەکاتەوە کە بارق ئەوانی لە جاشەکان وەرگرتوەو ئەنفالی کردوون.[١]

بەڵام بەداخەوە لە پاش ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ و لە ڕوی یاساییەوە بە شێکی زۆر لە جاش و سەرۆك جاشەکان بەر لێبوردنی بەرەی کوردستانی کەوتن ، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ئەوانە پاکبونەتەوەو پێویست ناکات دادگای بکرێن بەڵکوو پێچەوانە باشترە بخرێنە بەردەمی ئەو بەرپرسیارێتیەی کە ئەوان بۆ خزمەتی بەعس گرتیانە ئەستۆی خۆیان و ئەمەش ڕێگرنیە لەوەی چاومان بەڕابردویانەوە نەبێت و ئاماژە بەکردەوەکانیان نەدەین، بۆیە دادگایی کردنی ئەوان زۆر لە دادگایی کردنی سەرانی بەعس گرنگترە ، ئەگەرچی لە سەرەتای ڕاپەڕین ڕیسوا نەکران و وەکو ئەو فەرەنسی و پۆلۆنی و جولەکانەی کە لە جەنگی جیهانی دووەمدا هاوکاری ئەڵمانیەکانیان دەکرد لە دژی خۆیان ، بەڵکو وازیان لێ هێنراو کەوتنە بەر لێخۆشبونی ئەو پێکهاتە سیاسیەی کە لە چوارچێوەی بەرەی کوردستانیدا کۆبوبونەوە.[٢]

## ١-٣-٧: پەیوەندی نیوان ئەنفال و جینۆساید:

١- لە ئەنجامدانی ئەنفال و قڕکردنی کورددا بە هەموو پێوەرە نێو دەوڵەتیەکان کۆمەڵکوژی کوردو کاولکردنی خاکەکەی جینۆسایدە، پەیوەندی ئەنفال بە جینۆسایدیش بریتیە لەو شێوازەی کە بۆ پراکتیزەکردنی پرۆسەی ئەنفال بەسەر کوردا بەکارهێنراوە، ئەو زاراوەیەی کە دەبێت و دەشێ لێیوە لە نێو یاسا نیودەوڵەتیەکاندا بەدووی سزاو ئاسەوار و تاوانەکاندا بگەڕێن، کورد خۆی بە خۆی هەموو جۆرەکانی جینۆسایدو لەویش ئیکۆساید و بیۆسایدو پۆلیتیسایدو دیمۆسایدی بەسەردا هێنراوە تا ئەمڕۆش مەترسیەکانی لەسەر ژیانی کورد وەکو کۆمەڵەیەکی مرۆیی درێژەی هەیە. هەر چەندە بەپێی ڕێکەوتن نامە نیو دەڵەتیەکان ڕێ لەئەنجامدانی پرۆسەی جینۆساید گیراوە، بەڵام وڵاتان کەمتر لەڕووی کاری سیاسیەوە ملی بۆ بڕیاری لەو شێوەیە دەدەن و مەگەر لە کاتی شەرمەزاربوونی تەواوی ئەو دەسەڵاتانەدا ئەو یاسایانە بخەنەگەڕ کە ئەوەی ئەو دەسەڵاتە زیانی بۆ سیاسەتی وڵاتەکان هەبێت، وەکو ئەوەی لەلاهای دا تاوانبارانی شەڕبۆسان و کۆسۆڤا دامەزران، یاخود دادگایی کردنی سەرانی بەعس لە عێراق دوای پرۆسەی ئازادی عێراق. بۆیە لەگەڵ ئەوەی بڕیاری (٦٨٨) ی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بەمافی مرۆڤ لەکوردستان و باشووری عێراقدا بڕیارێکی سەرچاوە گرتووبوو لە بڕیاری پێشووی نەتەوەیەکگرتووەکان دواتر دوای ئازادکردنی عێراق لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی حکومەتدا ماددەی (٥٨)و

١ – ڕێبوار ئەحمەد ، موستەشارەکان لە عەلی حەسەن مەجیدو سەدام تاوانبارترن، گۆڤاری ئەنفالستان – ژمارە (٧) ، ساڵی ٢٠١٠ ، ل ٢٤

٢ - حەسەن عەبدولخالق ، لە بیرەوەری بیست و دوساڵەی ئەنفال دا ، گۆڤاری داکۆکی–ژمارە (١) چاپخانەی ڕەهەند ، ساڵی ٢٠١٠ ، ل ٢٧

دەستووری نوێی عێراقدا ماددەی (١٤٠)دا دانراوە، بەڵام تا ئەمڕۆ ئەم بڕیارانە بە باشی جێ بەجێ نە کراوە . (١) چونکە ڕژێم و وڵاتە زلهێزەکان لە چاوی بەرژەوەندیەکانی خۆیانەوە مامەڵە دەن.

٢- کۆمەڵکوژی و سڕینەوەو ئەنفال بەشێکە لە پراکتیزەکردنی ئەو جینۆسایدەی کە ڕژێمەکان بەردەوام بەرامبەر بە گەلی کورد پیادەیان کردووە، هەر بۆیە ئێمە ناتوانین لە ئەنفال بگەین، تاوەکو توێژینەوەیەکی ووردی سەرجەم ئەو جینۆسایدانەمان نەبێت کە بەسەر گەلی کوردا هاتووە. بەچاو خشانەوەمان بە مێژووی بەردەوامی سەرجەم ئەو جینۆسایدانەدا. دابەشکردنی کوردستان لە پەیمانی لۆزاندا دۆخێکی ئاڵۆزی بۆ گەلی کورد دروستکردووە، حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی عێراقیش هەر لە سەرەتاوە کە هەستیان کرد کوردستانەی باشوور کۆگایەکی گەورەی نەوتەوە بیرۆکەی بە عەرەب کردن هاتەکایەوە لە سەرووی هەمووشیانەوە شاری کەرکوك و دەوروبەری، وێڕای ئەو هەموو گۆڕانکاریە نێودەوڵەتیانە کە چی ڕژێمی عێراق دەستی لەم دیاردەیە هەڵنەگرتووە ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش زیاتر پیادەی دەکرد، هەر بۆیە ئەم ڕژێمە هەمیشە بە چاوی کەمینەیەکی ترسناکەوە سەیری کوردیان کردووە، لەپێناوی لاواز کردن و قڕکردنی دا خۆیان لە هیچ شێوازێکی نامرۆڤانە نەپاراستووە چ بە لەناوبردن و ڕاگواستن و تەعریب و کیمیاباران کردنە .(٢) بەڵگەش بۆ تەعریبکردنی کەرکوك (عەلی حەسەن مەجید) لە کۆبوونەوەیەکدا باسی کردووە کە بڕێکی پارەی خەیاڵی بۆ تەعریبکردنی ئەم پارێزگایە خەرجکراوە.کەچی هێشتا ڕێژەی کورد لەڕێژەی عەرەب زیاترە، بۆیە حکومەت بۆ ئەم مەبەستە پەنای بردۆتە بەرشاڵاوێکی بەرفراوان بەناوی ئەنفالەوە.

٣ -قەتڵ و عام و پرۆسەی جینۆسایدکردنی کورد لەساڵی (١٩٨٨)ەو دەست پێ ناکات، بەڵکو مێژووی کورد قڕان، بەر لەو مێژووەیە، ئەگەر لەو بازنەیە بچینە دەرەوە کە هەر کورد کوشتن و بێ سەرو شوێنکردن بە جینۆساید دەزانێت. لە دروست بوونی دەوڵەتی نەزۆکی عێراقەوە، هەڵبەتە ڕاستەوخۆ بیرۆکەی کورد قڕان بە شێوە دەوڵەتیەکەی دەست پێ دەکات، ئەگەر پێشوتر بەم شێوەیە نەبووبێت ئەوە مانای ئەوە نەبووە کەوا کورد ئەنفال یان جینۆساید نەکراوە، تەنها ئەوە بووە کە شێواز و فۆرمی تری وەرگرتووە و هەبووە. ساڵی هەشتا و هەشت بە ئاشکراو بە ئامێری تەکنەلۆژی کە هەموویان بەرهەمی مۆدێرن بوون ئەنفالکردنی کورد دەست پێ دەکات پرۆسەکە بە هەموو ماناکان و سیستەمی تیزە کراو بوو تەنانەت بیرکردنەوە لەوەش کەوا کانیاوەکان کوێر بکرێتەوە وڵاتی بێ ئاو دروست بکرێت کاتێکی بەرنامە بۆ داڕێژراو بوو.(٣) لەلایەکی ترەوە لەناوبردنی شۆڕشی سیاسی و چەکداری گەلی کورد، ڕژێم بۆ ئەم ئامانجە هەر لە زووەوە هەوڵی دەدا و چەندان ڕێگە و نەخشەی بۆ داڕشت پیلانی بۆ دادەنا و لەپێناویدا.گومانی تێدا نییە کە زۆربەی شۆڕشەکانی گەلانی جیهان، بەتایبەتی شۆڕشی کورد پشتیان بەدێهاتەکان دەبەست،گوندەکانیش بە شۆڕشی پێشمەرگەوە دەیانتوانی بە

---

[1] - هەڤاڵ ئەبوبکر، ئەنفال جینۆسایدکردنی نەتەوەیەك لە بێدەنگیدا، گۆڤاری هەشتاوهەشت، ژمارە٩-١٠، ل١٣-١٤.

[2] - محمد ڕەئوف عەزیز: ئەنفال و ڕەهەندە سۆسیۆلۆجیەکان، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٥، ل٤٢.

[3] - خەڵەف غەفور: دانیشتن بەدیار ئەنفالەوە، چاپی یەکەم، کەرکوك ٢٠٠٩، ل ٨

ئازادی بژین، لەبەر ئەمە حکومەتی عێراق هەوڵی دا شۆڕشی پێشمەرگە لە گوندەکان دابڕێت، بۆ کەمکردنەوەی هەستی هەڵگەڕانەوە لە دژی ڕژێم، ئەمەش لەڕێگای ڕاگواستنی گوندەکان بۆ کۆمەڵگا زۆرەملێکان و سەرقاڵکردنی خەڵکەکە بە دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان تاوەکو ملکەچی ویستی فەرمانەکانی دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێم بن.ئەم مەبەستەی ڕژێم تاڕادەیەك بە پیادەکردنی شاڵاوەکانی ئەنفال بۆی مەیسەر بوو، چونکە هێڵی کۆمەك و پەیوەندی نێوان خەڵك و پێشمەرگەی بڕی.

بۆیە دەتوانین بڵێین هێرشەکانی ئەنفال بۆ سەر کورد بەشێك یان قۆناغێك بوو لە درێژەی ئەو جینۆسایدەی کە ڕژێمی عێراقی بەرامبەر ئەم گەلە پیادەی کرد، چونکە سەرجەمی تاوانەکانی لە چوارچێوەی سیاسەتێکدا ئەنجام دران، کە توانایەکی زۆری بە بەرنامەو پلانی بۆ تەرخانکرابوو بە پێی بڕیارو مەرسومەکانی ناوخۆی عێراق و بە کردەوەش تاوان لە دژی گەلی کورد وەك کارێکی ڕەواو قانونی ئەنجام دراوە وە( کوشتن بەتاك و کۆمەڵ ، وێرانکردن ، دەرکردن ، دەست بەسەراگرتنی ماڵ و موڵك، زیندانی کردن ، بەزۆر ڕاگواستن، شێواندن و تێکدانی ژیانی ئاسایی خەڵکی بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، سوپایەکی بەتواناو مۆدێرن) هەموو ئەم کارانە ئاسەوارێکی زۆر ترسناکیان بەجێ هێشت لەسەر بوارەکانی ژیان لە کوردستان بەتایبەت سڕینەوەی مافی ژیان بۆ مرۆڤ و هەموو زیندەوەرێك و شێواندن و تێکدانی ژینگەش، بەم پێیە دەتوانین بڵێین ئەنفال جگە لەوەی دەچێتە خانەی جینۆسایدەوە، لە هەمان کاتتدا تەواوی جۆرەکانی جینۆسایدی تێدا جێبەجێ کراوە، چونکە لەیەك کاتتدا لەناوبردنی فیزیکی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی و خاپورکردنی سەدان گوندو بەتاڵانبردنی هەزاران سەر ئاژەڵ و سەدان دۆنم زەوی و ڕێگرتن لە گەشەی سروشتی دانیشتوان و تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی و فەوتاندنی بەشێکی گەورە لە کلتورو کەلەپورو سڕینەوەی داب و نەریت دەگرێتەوە. گرنگترین بەڵگەش کە وا دەکات پرۆسەی ئەنفال لە چوارچێوەی تاوانەکانی جینۆسایدا خۆی ببینێتەوە بریتیە لە ڕوونی و ئاشکرایی مەبەست لە جێبەجێکردنی ئەم تاوانەدا، چونکە یەکێك لە خەسڵەتە گرنگەکانی تاوانی جینۆساید بوونی مەبەستی تاوانکارییە، لەم ڕووەوە بەڵگەنامەی دەزگا ئەمنیەکانی حکومەتی عێراقی و مەرسومە ڕەسمیەکانی حکومەتی عێراقی لەبارەی پرۆسەی ئەنفالەوە باشترین بەڵگەن لەسەر مەبەستی ڕژێم لە ئەنجام دانی ئەم تاوانە گەورەیەدا.[١]

مدڵ ئیست وۆچ لە ڕاپۆرتێکی مەیدانیدا بۆ کوردستان و لە درێژەی هەوڵەکانیدا سەبارەت بە چاودێریکردنی مافەکانی مرۆڤ ڕاپۆرتێکی تێر و تەسەلی لەسەر جینۆسایدی کورد و جینۆساید لە عێراق ئامادەکردووەو دواتر کراوە پەرتوك ، کە بە وردی باس لە سەرجەم ئەو کارە دڕندانانە دەکات کە دەرهەق بە گەلی کورد کراوە. ئەویش لە ڕێگەی بە دوکیۆمینت کردنی وتەی شایەتحاڵەکانی ئەو تاوانە گەورانە. بە نمونە ئەنفال. لەو پەرتوکەدا ئاماژە بەوە دەکرێ کە "کوردی عێراق بونەتە قوربانی هەڵکەوتەی جوگرافیا ، چونکە لە سەدەی بیستەمدا

---

[١] - هێمن باقر عەبدول ، بەرهەم عومەر عەبدولاّ، ئەنفالی سێ و کاریگەریە کۆمەڵایەتیەکانی لەسەر ژنی پاشماوەی ئەنفال، چاپخانەی تەواو، چاپی یەکەم ٢٠٠٤، ٢٠٠٤، ل ٣٣

نەوتێکی زۆر لەسەر خاکی باو باپیریان دۆزراوەتەوە.کوردەکان زۆرجار بەرەنگاری حکومەتی عیراق بونەتەوە بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو ناوچانە، بە تایبەت شاری کەرکوکی بە ڕەگەز تێکەڵ."لە بەشێکی تری پەرتوکەکەدا هاتووە " لە ساڵی ١٩٨٨ ، دا و لە ماوەی دوا شەش مانگی شەڕی درێژ خایەنی هەشت ساڵەی عێراق لەگەڵ ئێراندا، شتێکی سامناك لە چیاکانی باکوری عێراقدا ڕویدا. ڕژێمەکەی سەددام حسێن " چیاکانی تەخت کرد" لایەنی کەم لە شێوەی لێکچوندا بە واتای تەختکردنی هەزاران گوند و هەڵتەکاندنی ژێرخانی ئابووری و داب و نەریتی دێهات لە کوردستانی عێراقدا و کوشتنی دەیان هەزار لە دانیشتوانی.

ماوەیەکی زۆر بوو جیهانی دەرەوە، لە دوو ڕوداوی گەورەی کوردی عێراق بە ئاگا بوو. لە هەردوو حاڵەتەکەدا، نزیکی قوربانییان لە ستوری نێودەوڵەتیەوە و بەم پێیەش، نزیکیان لە میدیای دەرەوە بوو بەهۆی بڵاوبونەوەی هەواڵەکان. یەکەمیان پەلاماری ١٦ ی ئازار بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژ بە گەلی کورد. دووەم ڕووداو بە جینۆساید کردنی گەلی کورد بوو بە گشتی ئەویش ئاوارە و دەربەدەر کردنی هاوڵاتی کورد بوو. بە بۆچونی مدل ئیست وۆچ مانگی ئازاری ١٩٨٧ بۆ مایسی ١٩٨٩ بە پێی هەل و مەرجی جینۆساید گەیشتبووە ڕادەی جینۆساید" [١]

ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ "Human Rights Watch" لە لایەکی ترەوە بە وردی و بە پێی ئەو زانیاریانەی بە دەستی گەشتووە لە ڕێگەی تیمەکانیەوە یاخود ئەو شایەتحاڵانەی لە کوردستان باسان کردووە باسی ئەو تاوانە دژ بە مرۆڤایەتیە دەکات. ئەو ڕێکخراوە لە پێگەی تایبەتی خۆی باسی لێوە دەکات و ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم ڕاپۆرتە نزیکی ساڵ و نیوێکی خایاندووە بەرهەمی زیاتر لە قسەی ٣٥٠ کەسی قوربانی دەستی ئەو تاوانەن.

ئەنفال "وێرانکردن" ناوی هەشتەم سورەتی قورئانە. هەروەها ئەو ناوەیە کە سوپای عیراق بەکاریهێنا بۆ چەند زنجیرە پرۆسەیەکی سەربازی کە لە ٢٣ ی شوبات تاکو ٦ ی ئەیلولی ١٩٨٨ ی خایاند. لە کاتێکدا هەندی قورسە کە تێبگەی لە کەمپینی ئەنفالبە بێ گەڕانەوە بۆ جەنگی هەشت ساڵەی ئیران–عێراق ١٩٨٠–١٩٨٨." کەواتە لێرەدا بە هەمان شێوە ئاماژە بەو شەڕە دراوە کە زۆربەی میدیا جیهانیەکان باسی لێوە دەکەن کە دوای ئەو جەنگە درێژ خایەنە کورد ڕوبەڕوی ئەو کارەساتانە بوەتەوە. هەر هەمان سەرچاوە ئاماژە بە قۆناغەکانی ئەنفال دەکات کە بە هەشت قۆناغی جیاواز ڕویان داوە. لەو هەشت قۆناغەش بە وتەی سەرچاوەکە حەوت قۆناغی لەو ناوچانە بوون کە لە ژێر کۆنترۆڵی یەکێتی نیشتمانی کوردستان (ی .ن.ك) دا بوون. تەنها یەك قۆناغی ئەو کارەساتە بەر ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان(پ.د.ك) کەوت ئەویش کۆتا قۆناغ بوو لە سەرەتای مانگی ٩ ی هەمان ساڵ ١٩٨٨.شایەنی باسە ئەو دوو حزبە ئەو سەردەمە دوو دەسەڵاتی بەهێز بوون لە ناوچەکە و هەر یەکەیان ناوچەی خۆی هەبوو لە ڕووی ئیداری و جوگرافیەوە.

---

[1] - Middle East Watch Report ، Genocide in Iraq ، Human Rights Watch ، 1993 ، NewYork ، P 25،26

دەسەڵاتدارانی عێراق هیچیان پێ نەکرا بۆ شاردنەوەی ئەم تاوانە بۆ ڕای گشتی. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان هوتاف سەرکەوتنیان لێ ئەدا بەو کارەی ئەنجامیان دابوو بە تایبەت کە دوا بە دوای جەنگەکەیان بوو لەگەڵ ئێران. تەنانەت ئەمڕۆ ئەنفال لە میدیا عیراقیەکاننەوە ساڵانە یادی ئەکرێتەوە. جێی ئاماژە پێکردنە کە سەرچاوەکە بە وردی و بە ڕونی باسی سەرجەم قۆناغەکانی کردووە ،بەڵام ئەوەی مەبەستەکەی ئێمەیە لێرەدا قۆناغی ئەنفالی گەرمیانە کە ئەویش دەکەوێتە مانگی نیسان . لە ٧ ی ئەو مانگەوە دەستی پێکردووە و لە ٢٠ ی هەمان مانگدا ئەو ناوچە کۆتایی پێهێناوە.ئەم قۆناغە بە ئەنفالی سێ ناوزەند دەکرێ بە پێی ئەو پلانە نەگرییسیەی کە ئەو ڕژێمە بۆی داناوە. کارە دڕندەیەکانی ئەو ڕژێمە بەو شێوەیە کە تەنانەت سەرجەم میدیا جیهانیەکانیش شۆك بوون لە ئاستیدا بۆیە ئاماژە بەوە دەکات کە دوای ئەو هەشت قۆناغەش ئەو ڕژێمە دەستی لەو کارانەی هەڵنەگرتووە بەڵکو بە چەندین کاری تر هەر بەردەوام بووە لە کوشتنی خەڵکی بێتاوان . بۆیە هەر لەگەڵ ئەو پرۆسانەشدا دەستی کردەوە بە لێدانی ئاسمانی و کیمیا باران کردن. ئەو پرۆسە دڕندانەیە بە شێوەیەکی ورد باسکراوە کە دەڵێت : پرۆسەکە بە تۆڕێك کەمپ و زیندانی ڕویدا. یەکەم سەنتەری هەڵگرتن و کۆکردنەوەی کاتی پرۆسەکان لە ژێر کۆنترۆڵی سوپای سەربازی دا بوو لە ١٥ی ئازاری ساڵی ١٩٨٨ ەوە تا نزیکەی کۆتایی مانگەکە. هەر ئەو کاتەش لە ناوبردنی بە کۆمەڵ دەستی پێکرد. زۆربەی کەسەکانیان برد بۆ شوێنێك ناوی "تۆپزاوا" بوو ، کە شوێنێکی دیاری سەربازی یە لە نزیك شاری کەرکوك. هەندێکیان بردران بۆ تکریت "شارێکی باشوری عێراق"ە. مناڵ و ئافرەتەکان لێك جیاکرانەوە و لە شوێنی جیاوازدا زیندانی کران لە شارێك بە ناوی "دبز" .نزیکەی (٦٠٠٠ تا ٨٠٠٠) لە گەنجەکان بردران بۆ "نوگرە سەلمان" کە بیابانێکی باشوری عێراقە. هەر لە درێژەی ڕاپۆرتەکەی "هیومان رایتس وۆچدا" باسی ئەو شوێنە دەکات کە زۆربەی کوردان لەو شوێنەدا بەهۆی کارە دڕندانەکانی بەعسەوە مردن بەهۆی برسێتیەوە بەهۆی نەبوونی هیچ مافێکی مرۆڤایەتیەوە. هەر هەمان سەرچاوە ئاماژە بە ئەو کاریگەریانە دەکات کە دوای ئەو پرۆسە بەدناوە لەسەر کۆمەڵگە و تاکی کوردی بە جێیماوە بە نمونە کاریگەری ئابووری. ئەمە جگە لەو کاریگەریە نێگەتیڤانەی کە بەسەر دەرون و جەستەو هەموو کایەکانی کۆمەڵەوە جێی هێشتووە. (1)

## ١-٣-٨: کردەوەکانی جینۆساید لە کوردستان:

گەلی کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی کەڕەگ و ڕیشەی لەمێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاستدا هەیە، نەتەوەیەك بووە بەدرێژایی مێژوو لەهەوڵی بەدەستهێنانی ماف خۆیدا بووە، بۆیە زۆر جار بەهۆی خەبات کردن و هەوڵدانی بەدەست هێنانی ئەو مافانە ڕووبەڕووی کوشتن و فەوتان بووەتەوە، لەسەدەی شازدەهەمدا بەشێکی خاکی کوردستان لەجەنگی چاڵدێرانی ساڵی (١٥١٤)ی زاینی لەنێوان هەردوو ئیمپراتۆریەتی فارسی و عوسمانیدا بەشکرا ، دواتر و لەسەدەی بیستەمیشدا کەسەدەی ئازادی گەلانی ژێردەستەبوو، گەلی کورد لەسایەی پەیماننامەی

(1) - Human Rights Watch، Genocide in Iraq، Human Rights Watch، US، July 1993، Introduction P3-7

(سایكس –بیكۆ) لەساڵی (١٩١٦) دا خاكەكەی و گەلەكەی پارچە پارچەكرا دابەشكرا بەسەر دەوڵەتانی (توركیا، عێراق، سوریا) بەم جۆرەگەلی كورد شوناس و ڕەگەزەكانی نەتەوەبوونی تێكشكێندرا و لەقەبارەی نەتەوەیەكەوە بۆ ئاستی كەمینە بچووك كرایەوە، ئەگەر چی دواتر لەسایەی پەیماننامەی سیڤەر داننرا بەمافەكانی گەلی كوردو دروستكردنی دەوڵەت، بەڵام زۆری نەخایاند بۆ بەرژەوەندی وڵاتی توركیا لە(١٩٢٣/٧/٢٤) لەسویسرا پەیماننامەی لۆزان مۆركرا كەبەندەكانی پەیماننامەی سیڤەری هەڵوەشاندەوە، لەبەشەكەی عێراقیشدا نەتەوەی كورد بەردەوام ڕوو بەڕووی ستەم و زۆرداری بووەتەوەو ڕادەی ئازاردان و توندوتیژی لەم بەشەی كوردستان لەماوەی حكومڕانی ڕژێمی بەعسدا گەیشتووەتە لوتكە.

ڕژێمی بەعس لەباشووری كوردستان چەندین شێوازی كوشتن و سەركەوتكردن، لەڕێی زیندە بەچاڵكردن لەگۆڕەبەكۆمەڵەكان و بەكارهێنانی چەكی كیمیایی، میكانیزمی لەناوبردنی بەكۆمەڵی گەلی كوردیان جێبەجێكرد، ئەمەجگە لەوەی بەبیانوی چالاكی سیاسی هەزاران كەسیان زیندانی كردووەو لەسێدارەیان داون، ڕێگەیان لەئازادی و مومارەسەكردنی ئەو مافە مەدەنیانەگرت كەگەلی كوردیش وەك هەر گەلێكی تر مافی پیادەكردنیانی هەبوو، ئازادی ڕادەربڕین و سیاسی و فەرهەنگی و بازرگانی و تەنانەت ئاینیشیان لەهاوڵاتیانی كورد قەدەغەكردبوو.[1]

سیاسەتی ئەو وڵاتە، بریتییە لەوێرانكردنی شارستانیەت و كلتووری كورد، هەمیشە هەوڵی زۆر دەدەن ئەو ڕاستیە بشارنەوە كەگەلی كورد لەگەلە هەرە دێرینەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاستە، نەك هەر ڕێگە بۆ پێشكەوتنی كلتووری كوردی خۆش ناكەن، بەڵكو وەك دكتۆر جەلیلی جەلیل دەڵێ: (گەلی ئیمە سەدان ساڵە لەمافی خۆی بێبەری كراوەو ئەو وڵاتانەی كە ئێمە كەوتووینەتە ژێر دەسەڵاتیانەوە ڕێگەیان بە پێشكەوتنی كلتوری كوردی نەداوەو بەربەرەكانێشیان كردووە، گەلێك میژوو و فۆلكلۆریشمانیان دزیووە.

نەهێشتنی كلتوور، ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی فەوتاندنی یەكێتی و بوونی نەتەوەیی هەر گەلێك یان هەر كۆمەڵەمرۆڤێك، لەڕووی فەلسەفیشەوە(بەهەموو مانایەك، لەهەرجێیەك كلتوور نەبێت، كۆمەڵیش نییە) هەر بۆیەش، (بوونی كلتور، كۆمەڵی مرۆڤ لەكۆمەڵی ئاژەڵ جیادەكاتەوە).[2]

لەمادەی دوومی ڕێككەوتنامەی نێودەوڵەتی تایبەت بەقەدەغەكردن و سزادانی تاوانی بنبڕكردنی ڕەگەزی مرۆڤایەتیدا هاتووە، مەبەست لەبڕگەی (بنبڕكردنی ڕەگەزی مرۆڤایەتی – جینۆساید) ئەو كردەوەیەیە كەبەمەبەستی لەناوبردنی هەموو یان بەشێكی گروپێكی مرۆیی ئەنجام دەدرێت، ئەمەش بەهۆی ڕەچاوكردنی سیفەتی نەتەوەیی یان ڕەگەزی یان ئاینی.[3]

---

[1] - گۆران شێخ مستەفا ، كاریگەریە ئابوریەكانی جینۆساید لە گەرمیان،چاپخانەی هێڵ ٢٠١٠، ل ٦٤–٦٥

[2] - د. مارف عومەر گوڵ، جینۆسایدی گەلی كورد لەبەر ڕۆشنایی یاسایی تازەی نێو دەوڵەتی دا،چاپی پێنجەم– هەولێر ٢٠١٠، لا ٣٣

[3] - گۆران شێخ مستەفا ، كاریگەریە ئابوریەكانی جینۆساید لە گەرمیان،چاپخانەی هێڵ ٢٠١٠، لا ٦٤و٦٥

## ١-٣-٩: پەیوەندی کورد بەجینۆسایدەوە:

پەیوەندی کورد بەجینۆسایدەوە بە فەرمی لە١٩٨٧ و ١٩٨٨ ڕا دەست پێدەکات و ئاماژەی پێ دەکرێت، ئەوکاتەی کەڕژێمی دیکتاتۆری بەغدا بەشێوەیەکی بەربڵاو، چەکی کیمیایی لەدژدا بەکار هێناو دواتر کۆمەڵکوژی ئەنجام دا ، بەڵکو زۆر لەمە کۆنترەو باو باپیرانمان لەڕۆژگاری میدییەکانەوە لەچەندین سەدەی پێش زاین، لەگەڵ ئەویشدا کەبەشداری بەشێکی زیندووی شارستانیەتی ئینسانیان کردوەو هەمیشە پاڵپشت و هاوکاری گەلان بوون، کەچی لەسەر داواو مافی یەکسانی و کلتووری و نەتەوەیی ڕەوای خۆیانەوە، بەردەوام لەسەر نەخشەی نەتەوەو گەلانی دنیادا هەوڵی ئیبادەکردن و سڕینەوەیان دراوە.

بوونی چەندین تێرم و موفرەداتی وەك (قڕکردن، ئیبادە، ڕەشەکوژی، قەتڵ و عام، لەنێو بردن، قەڵاچۆکردن، فەناکردن، بەکۆمەڵکوشتن، تەفروتونا کردن، کۆکوژی، تارومار.. هتد) (١) بەسەر کورد دا جێبەجێ کراوە...

هەر لە سەرەتای دامەزراندنی وڵاتی عیراق و خستنەسەری کوردستان لەسەر ئەو وڵاتەوە کێشەی کورد بەرچاوترین ڕووداوی سیاسی لە مێژووی ئەو وڵاتەیە. بە درێژایی مێژووی عیراق دەسەڵاتدارانی پێشوو و سەردەمی عیراق قەت لە سیاسەتە شۆڤینیەکانی خۆیان دژی کوردستان و کورد لایان نەداوە. بۆ نموونە:

لە ڕێکەوتی ساڵی ١٩٣٤-١٩٣٣دا پاش سەرهەڵدانی بارزانی لە ناوچەی بارزان سوپای عیراق بە یارمەتی بریتانیا هێرشێکی بەرفراوانی کردە سەر کوردان، بەوچەشنەی کە لە ناوچەکانی بەرۆژ و مەزوی و شێرواندا ٧٩ گوند و ٢٣٨٢ خانوو خاپوور کرا و ١٣٦٥ خانوویش سووتێندرا.

لە هاوینی ١٩٦١دا حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم بانگەوازی هێرشی گشتی کردە ناوچە کوردییەکان و لە ماوەی ساڵ و نیوێکدا پتر لە ٣٠٠٠کەس- کە زۆرتریان منداڵ و بەساڵاچوو بوون- کوشت و هەروەها لە ئاکامی ئەو شەڕەدا ١٠٠,٠٠٠ کەس ئاوارە بوون و ١٥٠ گوندیش خاپوور کرا.

لە ڕێکەوتی ١٩٦٣,٦,١١دا دووبارە هێرش کرایە سەر ناوچەکان و ٢٠٠ گوند خاپوور کرا و زۆرتر لە ٢٠٠٠ کەسیش کوژران. لە مانگی جوولای ساڵی ١٩٦٣داحکوومەتی سۆڤیەت لە ڕاپۆرتێکدا بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند کە کردەوەی حکوومەتی عیراق لە هەمبەر کورداندا شتێکی جگە لە ژینۆساید نیە و ١٨ ئەندامی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ئابووری جیهانی تەنیا وڵاتی چێکۆسلوفاکی دەنگی بە ژینۆساید بوونی پرۆسەکە دا و هەروەها لە ساڵی ١٩٦٣دا وڵاتی سۆڤیەت و مەغۆلستان ناڕەزایەتیان لە هەمبەر بێدەنگی ڕاگرتنی حکوومەتانی دەسەڵاتداری ڕۆژئاوایی دەربڕی، بەڵام دوایی بەهۆی نادیارەوە سۆڤیەت داواکەی وەرگرتەوە.

لە ڕیکەوتی ١٩٦٣,٧,٩دا حکوومەتی عیراق بە دانانی یاسای قەدەغەکردنی هات و چۆ زۆرتر لە ٥٠٠٠کەسی کەلەبچە و ٨٣کەسیشی لە سلێمانی گوللەباران کرد و هەروەها ٢٧٦کەسیشی لەسێدارە دا و لە گۆڕێکی بەکۆمەڵدا نێژرایانی. هاوکات لەگەڵ ئەوەی حکوومەتی عیراق سیاسەتی عەرەباندنی ناوچە کوردییەکانی

---

[1] - هەژار عەزیز سورمێ، کوردو جینۆسایدو ئیبادەکردن-هەڵوێستی یاسای نێو دەوڵەتی، دەزگای چاپ و پەخشی موکریانی، چاپی دووەم- سلێمانی ٢٠٠٦ ، ل ٣١

بەردەوام دەکرد هێرشی بەرفراوانیشی دەکردە سەر شارەکانی کوردستان بۆ وێنە لە ڕێکەوتی ١٩٦٣,٦,١٣دا زۆرتر لە ١٠٠کەسی گوللەباران کرد و هەروەها تەواوی قوتابخانە و مزگەوتەکانی سووتاند. سیاسەتی عەرەباندنی حکوومەتی عیراق لە سێ قۆناغدا دەستی پێ کرد کە یەکەمجار لە ساڵی ١٩٦٣ز و دووهەمجار لە ١٩٧٥ز بوو و سێهەم جاریش لە ساڵی ١٩٨٧ روویدا کە ناوی زۆرتر لە ١٥٣ گوندی کوردنشین بە ناوی عەرەبی گۆڕدرا. لە ڕێکەوتی ١٩٦٣,٧,١٠دا هێرش کرایە سەر کەرکوك و پتر لە ٤٠,٠٠٠ کەس ئاوارە بوون و خێرا حکوومەت پاش چوونیان عەرەبی نیشتەجێیان کرد و تەنانەت تەواوی گوندە کوردەکانی رووخاند و سەر لە نوێ بە ناوی عەرەبیە نۆژەنیانی کردەوە. لە درێژەی پرۆژە عەرەباندنەکەی حکوومەتی عیراقدا لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٣,٦,١١ تا١٩٦٣,٧,٢٣ زۆرتر لە ٨٧٥ گوند خاپوور کرا.

ڕۆژنامەوانی فەرەنسی، ڕۆژە مۆریس بە ئاراستەکردنی بەڵگەیەکی متمانە لە میدیاکاندا سەلماندی کە حکوومەتی عیراق لە نێوانی ساڵەکانی ١٩٦٦ و ١٩٦٥دا لە باشووری کوردستان گازی کیمیایی بە کار هێناوە. کۆمەڵگای نێونەتەویی لەندەن پاش دیتنی ئەم ڕاپۆرتە بە جۆری تایبەت ڕاپۆرتیکی لەسەر ئەم جینۆسایدە لە ساڵی ١٩٨٩ و لە ڕاپۆرتی ژمارە ٢٣ خۆیدا کە باسی لە جینۆسایدەکانی نێوان ساڵەکانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ کردبوو پێشکەش کرد. بە پێیی ئەم ڕاپۆرتە زۆرتر لە ٤٠٠٠ خانوو و ٧٠٠ گوند خاپوور کرابوون، ٣٠٠,٠٠٠ کەس ئاوارە و ٦٠,٠٠٠ کەس کوژرابوون و هەروەها لە کۆتاییدا باس لە بەکار هێنانی گازی کیمیایی لە دژی خەڵکی سڤیل دا دەکات کە زۆربەیان ئاوارەی ئێران و تورکیا بوون.

لە درێژایی نیو سەدەی ڕابردوودا و بە پێیی بەڵگەکان گرووپی دەسەڵاتدار بە واژۆکردنی گرێبەستە هۆڤانەکان کە دژی نەتەوەی کورد و شۆڕشەکان بوو دەیانجار بە یارمەتی یەکتر دەستیان بە سەرکوتی تەڤگەری ئازادیخوازی گەل و جینۆسایدی گەل کردووە.[١]

دیارترین وێستگەکانی تاوان و شاڵاوەکانی جینۆسایدی گەلی کورد لە پارچەکانی نیشتمانەکەی "باشوور، باکوور، ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا".

١٩٣٤ دەستپێکی تاوانی جینۆسایدی ڕۆژئاوای کوردستان

١٩٣٦–١٩٣٧ تاوانی جینۆسایدی دەرسیم لە باکوری کوردستان

١٩٤٦ دەسپێکی تاوانی جینۆسایدی ڕۆژئاوای کوردستان

١٦–ئەیلول ١٩٦٩ تاوانی جینۆسایدی سۆریا لە باشووری کوردستان

١٨–٨–١٩٦٩ جینۆسایدی ئەشکەوتی دەکان لە باشووری کوردستان

٢٤–٤–١٩٧٤ یەکەم تاوانی بۆردومانی قەڵادزێ لە باشووری کوردستان

[١] - میهرداد ڕەحیمیان ، لێکۆڵینەوەیەك لەسەر مێژووی ژینۆساید لە کوردستان ، http://genocidekurd.com/ku/babati/4022

١٩٨٠ بۆ ١٩٨١ دەستپێکی تاوانی جینۆسایدی کوردانی فەیلی لەعێراق

٣١-٧-١٩٨٣ تاوانی جینۆسایدی بەرزانیەکان لە باشووری کوردستان

٩-٦-١٩٨٥ تاوانی جینۆسایدی گوندی زیوێ لە باشووری کوردستان

١٦-٣-١٩٨٨ تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە لە باشووری کوردستان

١٤-٤-١٩٨٨ تاوانی ئەنفال لە باشووری کوردستان

٣-٨-٢٠١٤ تاوانی جینۆسایدی ئێزدییەکان لە باشووری کوردستان

جگە لەوانەی سەرەوەش رژێم و دەسەلاَتە دیکتاتۆرو توتالیتارو فاشییەکانی هەریەك لە "تورکیا، عێراق، ئێران، سوریا" چەندین تاوانی تریان دژ بە گەلی کوردو پێکهاتەکانی کوردستان ئەنجامدراوە.[1]

## ١-٣-١٠: دانپێدانانی نێو دەوڵەتی بە ئەنفال وەك جینۆساید:

**ا- سوید**

رۆژی ٢٨-١١-٢٠١٢ رۆژێکی گرنگ بوو، لەمێژووی ناساندنی جینۆسایدی گەلی کوردستاندا. ئەو رۆژە پەرلەمانی ولاَتی سوید کەیسی ئەنفالی وەك جینۆساید ناساند. دوای ئەوەی لەلایەن تەواوی ئەندامانی لیژنەی دەرەوەی پەرلەمانی سویدەوە، پرۆژەکە پەسەند کرا. خرایە بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمانەوەو، ئێوارەی رۆژی ٢٨-١١-٢٠١٢ خرایە روو. بۆیە بابەتەکە نەخرایە دەنگدانیشەوە، چونکە کۆی ئەندامانی لیژنەکە پەسەندیان کردبوو. بەپێی پەیڕەوی کاری پەرلەمانی سویدیش، هەر بابەتێك کۆی ئەندامانی لیژنەی پەیوەندیدار کۆدەنگ بن لەسەری، ناخرێتە دەنگدانەوەو بەپەسەندکراو هەژمار دەکرێت.

**ب- بەریتانیا**

رۆژی ٢٨ی شوباتی ٢٠١٣ رۆژێکی تری نوێیە لە مێژووی بەفەرمی ناسینی جینۆسایدی گەلی کوردستاندا. دوای هەوڵێکی مەدەنی بەرفراوان بۆ کۆکردنەوەی واژۆ بەمەبەستی بردنی کەیسی جینۆسایدی کورد بۆناو هۆڵی پەرلەمانی بەریتانی، بە پشتیوانی دۆستانی کوردو رەوەندی کوردی لەبەریتانیاو (گروپی پشتیوانی گەلی کورد لەپەرلەمانی بەریتانیا). کە گروپێکی کاران، توانرا مەلەفی کۆمەڵکوژیی گەلی کوردستان ببرێتە ناو هۆڵی پەرلەمانی بەریتانییەوەو، دانیشتنێکی تایبەتی پەرلەمان بۆ ئەم پرسە ساز بکرێت.

شوبات پەرلەمانی بریتانیا بڕیارەکەی دا، هەرچەندە بڕیارەکە هیچ ئیلزامێکی بۆ حکومەتی بەریتانیا تیدا نەبوو. بەلاَم کاریگەری نێودەوڵەتی هەبوو لەسەر هەنگاوەکانی پرسی بەفەرمی ناسینی کۆمەڵکوژیی گەلی کوردستان. وەزیری کاروباری رۆژهەلاَتی ناوەڕاست و ئەفریقیا (ئەلیستەر بیرت) لەوتەیەکیدا بەرامبەر بە پەرلەمان بە

[1] - تەها سلێمان ، تاوانی ئەنفال ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ئازادی ٢٠١٥ ، ل ٥

راشكاوی رایگەیاند حكومەت هاوسۆزە بەرامبەر بە بڕیارەكەی پەرلەمان. بەلاَم هیچ هەنگاوێكی ئیلزامی ناكەوێتە سەر حكومەت. ئاكام چالاكیەكانی بەریتانیا ئەو هەڵوێستەی لێ بەرهەم هات.

پرسی بەفەرمی ناساندنی جینۆسایدی گەلی كوردستان لەلایەن پەرلەمانی فینلندیەوە، وەك تەوەرێكی گرنگ بۆ حكومەت و پەرلەمانی فینلندی لەلایەن وەفدی پەرلەمانی كوردستانەوە لە ڕابردودا خراوەتەو ڕوو. لەگەڵ تیشك خستنەسەر كارەساتەكەو ئاسەوارەكانی چەند جارێك جەخت لەسەر ئەو پرسە كرایەوە. بەپشت بەستن بەو پێوەرەی كەتاوانی جینۆساید، جینایەتی نێودەوڵەتییەو بەرپرسیاری نێودەوڵەتیشی تێدایە. لەو روانگەیەوە وەفدی پەرلەمانی كوردستان داوایان كرد پەرلەمانی فینلنداش وەك پەرلەمانی وڵاَتانی تری ئەسكەندەنافیاو ئەوروپا بەگشتی هەنگاوی كارەكی بۆ ناساندنی ئەم كەیسە بنێت. دواجار ئەوانیش هاوسۆزی خۆیان بۆ گەلی كوردو ناساندنی قوربانییەكانی خستە ڕوو.

هەتا ئێستا چەندین وڵاَت ئەنفالی وەك جینۆساید ناساندوە یان هەوڵی داوە وەك جینۆساید بیناسێنێت ، لەوانە بەریتانیا، سوید ، نەرویج ، كۆریای باشور ، فنلەندا ، هۆڵەندا .

كوشتو قڕكردنی كورد لە دێر زەمانەوە پلانی بۆ دارژاوەو بە دەیان جۆر هەوڵی كۆمەڵكوژیان دراوە، هەر لە زووشەوە بەشێك لە وڵاَتان دانیان بە نەهامەتیەكانی گەلی كورد دا ناوەو بەم دواییانەش وڵاَتانی ئەوروپا، بەڵگەش بۆ ئەمە " شاعیری كورد ئەحمەدی خانی لە سەدەی ١٧ (١٦٥٠-١٧٠٦) لە داستانی نەتەوەیی ( مەم و زین) دا وەسفی نەهامەتیەكانی گەلی كورد دەكات. كە ئەو داستانە شیوەن كردن و گریانە بۆ لە دەستدانی خەونی سەربەخۆیی گەلی كورد. خەونی سەربەخۆیی ئەم گەلە هەر بووە لە سەردەمی شێخ عوبەیدولاَی نەهری لە ساڵی ١٨٨٢ دواتریش پەرەی سەندووە تا سەردەمی مەلا مستەفای بارزانی لە ساڵەكانی (١٩٤٥-١٩٧٥) بە ستراتیژی و پراكتیكی. زاڵبوونی وڵاَتە دراوسێكان بەسەر نەتەوەی یەكگرتووی كوردستان لە ساڵی ١٩٠٨، كاتێك ئیمپراتۆریەتی عوسمانی (بە تیۆری) دەستورێكی دیموكراتی داڕێژا. كوردەكان دەستیان كرد بە ڕێكخستن و كاركردن لەسەر بناغەیەكی نوێ لەوانەش (دروستكردنی پارتی سیاسی، لیژنەی شۆڕشەكان) لەبەر ئەوەی لە چەرخ و سەردەمی عەرەبیشدا، بەرانبەر بە گەلی كورد لە لایەن هەمان ئیمپراتۆرەوە شت گەلێكی زۆر ئەنجام دراون.

دوای جەنگی جیهانی نێردراوی كورد بە سەرۆكایەتی ژەنەراڵ شەریف پاشا ( باڵوێزی پێشووی توركیا لە سوید) داواكاریەكانی كوردی لە كۆنگرەی ئاشتی پاریس دا پێشكەش كرد و باسی لێوە كرد. وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا لە ڕێككەوتننامەی ساڵی ١٩٢٠ دا كە لە نێوان هیزە هاوپەیمانەكان و توركیادا هاتبوو لە مادەكانی (٣،٦٣) و ٦٤

ئەتۆنۆمی عوسمانیەکان لە کوردستان. کۆمکاری نەتەوەکان ئەبێ دان بەوە دا بنێ کە کورد ئارەزووی خۆیەتی کە کەی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی ڕابگەیەنێت و مافی خۆشیەتی کە خاوەنی خۆی بێت" (١)

---

١- Dr. Haval Sulaiman Miro، The Kurds over History، EVRA VERLAG Druck & Vertrieb GmbH، Berlin ، Duetschland/، Septembet 2014، 40-41

# بەشی دووەم:

# شیعری ئەنفال لە گۆڤارە کوردیەکانی ناوچەی گەرمیان دا

تەوەری یەکەم : ڕۆڵی گۆڤارەکان لە بلاْوکردنەوەی شیعری ئەنفال دا

تەوەری دووەم: ناوەڕۆك و مەبەستەکانی هەڵبەستی ئەنفال لە گۆڤارەکان دا

تەوەری سێیەم: نوێگەری و سەرەتای سەرهەڵدانی نوێگەری لە هەڵبەستی کوردی دا

# تەوەری یەکەم : ڕۆڵی گۆڤارەکان لە بڵاوکردنەوەی هەڵبەستی ئەنفال دا

## ٢-١: هەڵبەست:

لەسەرەتادا ئەدەب تەنها بەرهەمی شیعری بوو، هەر لەوکاتەشدا شیعر یان هونەر هەستی ناوەوەی ئادەمیزادە بەرامبەر بە سروشت، ئادەمیزاد بەشێکە لە سروشت، شیعر شەپۆلێکی نهێنی و گیانییە، کزە بایەك یان خوپەیەك لە مێشکەوە هەڵی دەقولێنیّ و لە پێچ و پەنای دڵ و دەروون شنە دەکات، شیعر بینینی تایبەتی و وێنەی (بوون)ە، چاوی شاعیر هەستی پیّ دەکات.[١]

شیعر جگە لەوەی کۆنترین جۆری ئەدەبە لە ڕووی سەرهەڵدانەوە، بە ناسکترین ڕەگەزی ئەدەب دادەنرێت لە ڕووی کاریگەرییەوە، چونکە لە توانایدا هەیە هەستەکانی ناخەوەی مرۆڤ بهەژێنیّ و بوروژێنیّ، نەمری خۆی لە یادەوەرییەکانیدا تۆمار بکات.

ئەگەر شیعر وەك دەوترێت لە شعور (هەست)ەوە هاتبێت ئەوا لە هەمان کاتدا بەشێکە لە ئەدەب و بە بەرهەمێکی مەعریفی و دەربڕینێکی جوان و کاریگەر دادەنرێت، شاعیر لە ئان و ساتێکی ناسك و هەستیاردا دایدەڕێژێت و وەك ئاوێنەیەکی ئەدەبی ڕۆڵی خۆی دەنوێنیّ لە ڕەنگدانەوە و بەجەستەکردنی هەستەکانی ناخەوەی مرۆڤ و هەندیّ بەسەرهاتی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری کۆمەڵ لە قۆناغە جیاوازەکانی.

شیعر یان هۆنراوە وەك بەرهەمێکی ئەدەبی جوان و کاریگەر خاوەنی کۆمەڵی پێناسەیە و هەر پێناسەیەك تا ڕادەیەك دروستە و لە گۆشە نیگایەکەوە دەڕوانێتە چەمکی شیعر:

شیعر بەلای ئیبراهیم ئەحمەدەوە وەك شاعیرێکی خاوەن ئەزموونێکی شیعری دەربڕی هەستی ناخەوەی دڵە و وەك چرایەکە تاریکی ژیان ڕۆشن دەکاتەوە و بەم شێوەیە پێناسەی شیعر دەکات (شیعر تەرجومانی دڵە، چی بەدڵابێت لەئێش و ئازار و دەردو خەفەت، هیوا و نائومێدی شین و شایی...هتد بەوتەی ڕێك و پێك لەشێوەیەکی دڵگیردا بۆمان دەرئەخات.

هەروەها شیعر بەلای عەلادین سجادی یەوە زمانی ویژدانە کەبە سێبەری ڕاستەقینەی شاعیر دادەنرێت و لەبارەی شەعرەوە دەڵێت (شیعر زمانی ویژدانە و نووسین هی ئەقڵ، پیاو هەست بە ویژدانی خۆی ئەکات لە پێش ئەوەدا کە عەقڵ بکات بە ئالەتی فیکر کردنەوە). هەروەها (حمە سەعید حەسەن) یش ڕای وایە (چڕکردنەوەی دەریایەك مانایە لە کانیاوە ڕستەیەکدا).

دڵزاری شاعیر دەڵێت (شیعر پێویستە تەعبیر لەشتیّ بکات، بە پلەی یەکەم سیعر وەصیلەیە بۆ چاك کردنی هەموبارێك،چ سیاسی، چ کۆمەڵایەتی، چئەدەبی چ بەرەو پێشەوە بردنی ژیان.[٢]

---

[١] - سەرەتاکانی ئەدەب — ئەدەبی گێتی تازە ، ١٣٢

[٢] - یاسین ڕەشیدحەسەن ، ڕۆڵی رۆژنامەی کوردستانی نویّ لەبایەخدان بە هونەرەکانی ئەدەبی وردی، نامەی دکتۆرا ، ٢٠١٠ ، لا ٦٤–٦٥

شیعر وەك چالاكییەكی مرۆڤایەتی لە كەلتووری گەلاندا ڕەنگی داوەتەوە بۆ نموونە لای یۆنانییەكان كە خاوەنی دێرینترین شارستانیەتن بایەخی زۆریان بە شیعر داوە و شاعیران لە كۆڕی تایبەتدا شیعریان خوێندۆتەوە و وەك شێوازێك بۆ ناوبانگ پەیداكردن یاخود بۆ پڕوپاگەندەكردن بەكاریان هێناوە، چەمكی ڕاگەیاندنیش كە لەنێو عەرەبەكاندا پەیوەندی بە خۆ سەپاندنی زمانی یەكگرتووی عەرەبییەوە هەبووە كە لەسەر شیعر بەند بووە، چونكە لەم ڕۆژگارەدا شیعرخوێندنەوە لە نێو هۆزەكانی عەرەبدا پەیدابوو بووبە نەریتێكی گرنگ هەر هۆزێك شاعیرێك دەینواند، ئەركی ئەوە بوو پڕوپاگەندە بۆ هۆزەكەی بكات و ناوبانگی بەرز بكاتەوە، شیعر لەلایان وەك ئاوێنە وابوو، ئازایەتی و شكۆمەندی خۆیانیان تێدا نیشان دەدا، بازاڕەكانی (**عكاظ**) و (**مربد**) ڕەنگدانەوەی ئەو بایەخە زۆر بوون كە خالكی ئەو سەردەمەی ناوچە عەرەب نشینەكان دابوویان بە شیعر لەو بازاڕانەدا كۆمەڵێك ڕووناكبیر هەریەكەیان هۆزی خۆی دەنواند، وەك چۆن ئێستا هەر كۆمەڵێك یان پارتێك تەلەفزیۆن و ڕادیۆ یان ڕۆژنامەی خۆیانیان هەیە. [1]

هەر لەسەر مژاری هەڵبەست ، لە گۆڤارەكانی ناوچەی گەرمیاندا باسی لێوەكراوە، جگە لە بلاوكردنەوەی هەڵبەست ، هەڵبەستڤانەكانیش شرۆڤەیان بۆ هەڵبەست كردوە ، واتە لە گۆڤارەكانی ناوچەی گەرمیاندا تەواوی چەمك و لایەنەكانی هەڵبەست خراوەتە ڕوو ، بۆ نموونە (میرگۆتۆ) لە گۆڤاری داستان دا لە ژێر ناوی "لەدەرگای شاعیروشاعیرایەتیدا" باس لە هەڵبەست و هەڵبەستڤان دەكات و لە ڕوانگەی خۆیەوە شرۆڤەو خوێندنەوە بۆ هەردوو چەمكەكە دەكات. ئەو دەڵێت:

"شاعیر مرۆڤێكە دەروون پڕ سۆز وجیاواز لەهەموو مرۆڤەكانی دیكە، بێ گوومان گەر كەسێ بوو بەشاعیر یان، ئارەزوویەكی كاریگەرە لەسەر ئاستی ژیانی ئەو كەسە، یان ئازار وئەشكەنجەیەكی ڕووبەڕوو بۆتەوە كەوای لێدەكات ڕازی مێشك و بیری لەگەڵ ئەو ئازار وئەشكەنجەیەدا بگونجێنێت تا بتوانێت ئەو دەرفەتە بروخێنیت بۆ دەربڕینی ئەوەی لەناخی دایە هەڵدەقوڵێ.

خۆ لەوانەیە زۆربەی كەسان لەكۆمەڵگە جیا جیاكاندا ئازارو ئەشكەنجەیان هەبێت لەژیاندا، ناتوانن دەریببڕن یان گوزارشی لێوە بكەن، ئەنجا ئەو نووسینەی كەشاعیر ئەینوسێ ئاواز وچێژێكی تایبەتی خۆی بەخوێنەر دەبەخشێ.

بەم دوو كۆمەلە ووشەی سەرەوە دەتوانین جیاوازی مرۆڤێكی ئاسایی و مرۆڤێكی شاعیر دیاری بكەین.

كەواتە شاعیر لەشیعرەكانیدا هەڵوێستی تایبەتی خۆی هەیە،چونكە شاعیر لەگۆشەكانی ژیان دەكولێتەوە زیاتر هەتا یەكێكی تر.

شاعیر لەوە نزارەیی كەتێیدا دەژێت هەردەم لەپەرپەچ دانەوەی ئەو كارانەدا كە ئەنجام دەدرێت (بەخراپی یان بەكەم وكوڕی) لەباری گشتی كۆمەڵگەوە.[2]

---

[1] – ئیسماعیل ابراهیم سەعید ، ئەدەبی ڕۆژنامەنوسی كوردی بەغدا ، نامەی دكتۆرا ٢٠٠٥ ، لا ١٣٦

[2] - میرگۆتۆ ، گۆڤاری داستان ، ژمارە (٣)ی سالی ٢٠٠٠ ، ل ٥

## ٢-٢: زمانی هەڵبەست:

زمان کەرەستەی سەرەتایی نوسینە، بەکارهێنانی زمان لە نوسینی زانست و ژیانی ڕۆژانەدا تەنها بۆ گەیاندنی بیرە، بەڵام لە هۆنراوە یان ئەدەبدا زمان دەگۆڕێت بۆ ڕەمز، چونکە زمانی هۆنراوە ئامرازێك نیە بۆ بەجێهێنانی شتێك ، بەڵکو خۆی لەخۆیدا ئامانجێکە، هەربۆیە دەق ئەرکێکی دوولایەن لەخۆ دەگرێت، لەلایەکەوە واتاکان دەنوێنێت، لە لایەکی ترەوە واتای تازە بەرهەم دەهێنێت، لە زمانی ڕۆژنامەدا وشە بە واتا فەرهەنگییەکەی بەکاردەهێنرێت و دوورە لە بەکارهێنانی لایەنە هونەرییەکان، بەڵام زمانی هۆنراوە بۆ گەیاندنی هەست و سۆز و دەربڕینی ناخی مرۆڤە و بەشێوەیەکە وشەکان دوورن لە واتای فەرهەنگییان، واتە زمان دەربڕینی لایەنی ڕەوانبێژییە، بەکارهێنانی وشە لەم ڕوانگەیەوە زیاتر بۆ مەبەستی خواستن و خوازە و لێکچواندنە، ئەم لایەنە دروستکەری ئاواز و ترپە و وێنەن، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین زمانی هۆنراوە زمانی دەربڕینی هونەرییە.

لەلایەکی تریشەوە زمانی هۆنراوە لای هەموو هۆنیاران وەکو یەك نیە و پەیوەستە بە ئاستی زیرەکی و هۆشیاری و دنیا بینی هۆنیاران لە ڕیزکردنی کەرەستەکان و تەکنیکی بەکارهێنانیان.

هۆنیاری بەتوانا دەتوانێت داهێنانی زمانەوانی بکات، دەتوانێت وشە و داستەواژەی تازە دابڕێژێت، هەروەها هۆنیار دەتوانێت لە ڕووی زمانەوە وشە زیندوو بکاتەوە، واتە ئەو وشە کوردییە ڕەسەنانەی کە کۆن بوون و بەکارهێنانیان کەم بوونەتەوە، جارێکی تر بیانخەنەوە سەر زمانی نوسین.

شارڵ بۆدلێر دەڵێت ( ئەو هەوڵە چاکەی بۆ شیعر دەدرێت، هەوڵێکی پڕ لە تەقەلاو ماندووبوون و بونیاتنان و پێکهێنانی بیناو ئەفراندن و داهێنانە، لەڕێگەی زمانەوە جێبەجێ دەکرێت، جگە لەم خەسڵەتانەی زمانی شیعری دەوترێت ( هەمیشە زمانی شیعر بە بارگاوی کردنی وشە بە واتا دادەگیرسێ). [١]

کەواتە زمانی شیعر تایبەتەو بەشێوەیەکی تایبەتی لە لایەن شاعیرانەوە بەکاردەهێنرێت بۆ گەیاندنی مەبەستێکی نوێ و جیاواز لەو مەبەستەی لەناو خەڵکدا باوەو هەموان بەو جۆرە سەیری دیاردەی شیعر دەکەن کە جۆرێکی تایبەتە لە بەکارهێنانی زمان، چونکە زمانی شیعر بەپێی بارودۆخەوە کۆمەڵە خاسیەتێك پەیدا دەکات، پەیڕەوی هەمان یاسای زمان دەکات ، کەواتە پەیوەندی بەتینی نێوان شاعیرو زمانی شیعری پەیوەستە بەلایەنی دەرونی شاعیرەوە، بەمەش شیعر دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگی نوێکردنەوەی زمان ، چونکە دەربڕین لە زمانی شیعردا فراوانترە لە زمانی ئاسایی قسەکردنی خەڵك ، چونکە جگە لەو دەربڕینە ئاساییە ، شاعیر ئاماژە بۆلایەنەکانی ئەندێشەو هەڵچنەکانی ناوەوەی دەکات ، واتە ئەو لایەنانەی لەلایەن خەڵکەوە نەبینراوە، کە تایبەتە بە شیعر ، کەچی زمانی ئاسایی خەڵك تەنها ئاماژە بە واقیع دەکات. [٢]

---

[١] - یاسین ڕەشیدحەسەن ، ڕۆڵی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لەبایەخدان بە هونەرەکانی ئەدەبی وردی، نامەی دکتۆرا ، ٢٠١٠ ، لا ٨٣

[٢] - ئومێد ڕەحیم شەمسەدین تاڵەبانی ، کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی و ئەدەبیاتی ڕۆژنامەنوسی کوردی لە عێراقدا ( ١٩١٨– ١٩٥٨)، نامەی دکتۆرا ، بەشی کوردی ، زانکۆی سلێمانی ٢٠١٣ ، لا ٢٩٨

## ٢-٣: وێنەی هەڵبەست:

ئەگەر چی وێنەی شیعر هەر لەکۆنەوە لەگەڵ شیعردا هاتووە و، پەیوەست بوون پێکەوە زیاتر لەڕوانگەی ڕونبێژیەوە خۆی دیوەتەوە، بەڵام لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە پێی نایە قۆناغێکی بابەتی و پەیوەندیەکانی فراوان بوو، وێنەی شیعری لای زۆربەی ڕەخنەگران و کتێبە ڕەخنەیەکان بەچەند جۆرێك ناوی هاتووە وەك وێنەی شیعری–وێنەی ئەدەبی_وێنەی هونەری.

شیعر هونەرێکی زمانیەو وێنەکانی لەزمان پێکهاتوون،خودی زمانیش کۆمەڵێك پەیوەندیە، هەموو وێنەکانیش هەم لەڕووی زمانەوە هەم لەڕووی جوانیەوە لەناو پەیوەندیەکانی دەق دا پێك دێن و هەموو دەقێکیش(کردارێکی جوان و زمانیە). [١]

لەکۆنەوە کۆمەڵێك پێناسە بۆ شیعر کراون، یەکێك لەوانەش ئەوەیە کە وا((شیعر وێنەکێشانە))، ئەگەر لەڕابردوودا لای شاعیرانی کلاسیك بۆ ڕازاندنەوە و جوانکاری و ڕازاندنەوەی شیعر بەکارهێنرابێت، ئەوا لەئێستادا دا و لای شاعیرانی نوێخواز بەبنەمایەکی گرنگی شیعر دادەنرێت. بەبڕاوی ڕەوانبێژی بنیاتی دەنێت کە ئەوانیش (لێکچواندن و خواستن و خوازە ودرکەیە) . ئەو تێڕوانینانەی بۆ وێنەکان کە ڕۆژانە خەڵکی ئاسایی دەی بینن جیاوازە لەوگێڕوانیەنی کەشاعیران دەی بینن، ئەوەی خەڵکی هەژاران کلپەیەکی کاتیەو دادەمرکێتەوە، بەڵام شاعیر ئەو وێنانە هەڵدەگرێت و جارێکی تر لەگەڵ عەقڵ و سۆزو ژیری و وێژدانی دا ئاوێتەی دەکات و بەهۆی ئەندێشەوە وێنەیەکی تازەیان لێ دروست دەکات. کەواتە ئەندێشە ئەو توانایەیە کە وێنەی شیعری دەخوڵقێنێت.

هێزی شیعریش لەبنەڕەتدا لەوەدایە کەلەڕێگای وێنەوە ڕۆح بەبیردابکرێت، نەك لەڕێگەی خستنەڕووی بیرێکی زەق و ڕون یان زیادە ڕەوی لەوەسفدا، هەروەها وێنەی شیعری باشترین کەرەستەی دەستی شاعیرە بۆ گەیاندنی فیکرو مەبەستی، پێویستە وێنەی شیعری لەگەڵ ناوەڕۆکی شیعردا بگونجێت.

وێنەی شیعر و ئەوەیدا بەگشتی شتی نامۆ وەرناگرێت بۆ یا و، بەڵکو بەپێچەوانەوە شتی ئاسایی دەگۆڕێت بۆ کاری نامۆ، هەروەها لەنێو بنیادێ وێنەی شیعردا چەندین وێنەی تر هەن، کە هەموویان بۆ پێکهێنانی وێنەی سەرەکی شیعرەکەن و پەیوەندیەکی بتەوپێکەوە دەیان بەستێتەوە.[٢]

وێنەی هونەری بەوە باس دەکرێ کەسەرەنجامی ئەزمون و هەست کردنی شاعیرە، شاعیر لەژیانی خۆی دا کەوێنەی شتومەکەکانی جیهانی هەست پێکراو لەیادی خۆی دا تۆمار دەکات، و بەو کەرەستەیەکی تایبەتی بۆ خۆی وە دەستی دێنێت و کە بەرنگاری سۆز وهەڵچونێکی زاتی دەبێت، هێزی ئەندێشەی) سود لەوکەرەستە وەدەست هێنراوە وەردەگرێت و ئیتر بیرۆکەو واتاو هەستەکانی بەهۆی ئەو کەرەستەوە دەنوێنێت، ئەم نواندنەش کەلە وشەو ڕستە و داڕشتنی شێوازی ئەنجام دەدرێت، پێی دەگوترێت وێنەی هونەری.

---

١ – عبدلقادر محمد ئەمین، وێنەی شیعری لەڕێبازی ڕۆمانسی کوردی دا،دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم ٢٠٠٢، لا ٦

٢ – سیامەند کەریم محمد، وێنەی شیعری گۆڤاری هەڵمەت ،ژامرە ٤،چاپخانەی ڕەهەند،لا ٣٥–٣٦

بـەم پێیـەش یـەکێك لەخاسـیەتە گرنگـەکانی شـیعر گوزارشـت کردنـە بەوێنـە نـەك  قسـەی وەسـفی ڕوت و درێـژ دادڕیانە. هەربۆیەش سـەیرنیە (وێنەکێشـان بەوشـە)یـەکێك بێـت لەپێناسـەکانی شـیعر، چـونکە شـیعر هـەر خـۆی وێنەکێشانی بزوتنەوەی نهێنی دەرونیە.[١]

لەشیعردا وێنە پێش بیرۆکەیە، واتە شیعر پتر دیاردەیەکی ڕۆحیە تادیاردەیەکی عەقلانی بێت.. ئەمـەش(خەونـە هۆشی) لێ دەکەوێتەوە، هۆشی خەونئامێز، دیارە لێرەدا وشەی ڕۆح و عـەقڵ ، دوو وشـەو بشـاردرێتەوە، چـونکە وشەیەکە لەهەناسەمانەوە لەدایك بوە.

چونکە ڕۆح تیشکێکی خودی خۆکردنی هەیـە و لـەناوەوە پرشـنگ دەهـاوێ و تیشـکە ڕەنگیەکـەی ژیـان بەخشـی وەکو تیشکی هەتاو بەسەر سەرانسەری شیعردا پەخش دەکاتەوە، هەرکەسێ بیـەوێ لەوێنـەی شـیعری تێبگـات و خۆشی بوێ، دەبێت ئاوێتەی ئەو تیشکە خودیە بێت، ئـەبێ تیشـك یـان ڕووناکیـەك  کـە ڕەنگدانـەوەی تیشـکێکی دەرەکی بێت.[٢]

یەکێك لەو نمونانەی لە حیکایەتەکانی ئەنفالدا دەکرێت بکرێتە بابەتی مێژوی زارەکی چیرۆکی ژنێکی گەرمیانیـە بەناوی ئاوات خورشید کە لە کاتی ئەنفالدا لە تەمەنی پانزە ساڵیدا بوو. لە گرتووخانەی قۆرەتـوو لـە نزیـك شـاری کـەلار لەگـەڵ دایکـی و خوشـك بـرا بچـووکەکانیدا لـە بـاوکی جیادەکرێتـەوە و بـەرەو گۆپتەپـە و لەوێشـەوە بـۆ نوگرەسەلمان ڕەوانە دەکرێت. بەدرێژایی ئەم گەشـتی ئـازارەی کـە نـاوی ئەنفالـە و لەبـەردەم ماڵـە کوردەکانـەوە دەستی پێکرد و لـە گرتووخانـە و گـۆڕە بەکۆمەڵـەکانی باشـووردا کۆتـایی پێهـات، ئـاوات خورشـید شـایەتحاڵێکی بچووکی بەتوانا دەبێت و یادەوەری خۆی دەکاتە پانتاییەك بۆ هەڵکۆڵین.

ئـەوێکی نەخوێنـدەوار لەبـەردەم ئـەو هـەموو دڵڕەقییـەدا چـی بکـات و چـۆن شـتەکان بنووسـێتەوە، لەبـەردەم جیاکردنەوەی باوك و مام و کەسوکاری تردا چـۆن بـەرەنگاری ئـەو داکشـانە پسـیکۆلۆژیانە بێتـەوە کـە پـەرە بـە بچووکترین گۆشەی ناوەوەی مرۆڤ دەبەن. "ئاوات"ێکی پەروەردەی کولتووری لادێ و تەقالیـدێکی دیـاریکراو، هـەر لەسەرەتاوە، لەساتی بەجێهێشتنی ماڵ و گوندە بچووکەکەیەوە بڕیاری ئەوە دەدات یـادەوەری و پـەڕەکانی (دڵ) وەك خۆی دەڵێت، بکاتە دەفتەر و ڕەسمی گەشتی ئـازاری تێـدا بکـات. یـانی، بڕیـاری بەرەنگاربوونـەوە دەدات و ئامرازەکەش هۆنینەوەی شیعر دەبێت و کردنەوەی دەرگاکانی یادەوەری بەسەر ڕۆژانەی تراژیدیاکەدا.

لە هۆنراوەیەکدا کە وا دیارە دووای کۆکردنەوەی ئەنفالکراوەکان لە گرتووخانەی تۆبزاوا هۆنیوەتییەوە دەڵێت:

دەستم کەلەپچە بەدار بییەوە

چاوم هاوەلای قاپی چییەوە

قاپی سجنەکەم بە پۆڵا بەنە

دووژمن ئەیکاتەوە بەزەردەخەنە

---

[١] - جمال حبیب الله(بیدار) ، دەروازەی شیعر ناسین ، چاپی یەکەم٢٠١٣، دەزگای نارین ، ل٥٢–٥٣

[٢] - حەمەکەریم عارف ، دەربارەی شیعر وشاعیر، ٢٠٠٧، ل ٢٨

قاقەز ئەنووسم لە گەڵە سرکەیی

چاو بەگریان و دڵ بەگلەیی

قاقەز ئەنووسم بۆ مامەی شارم

بۆ هیچ کوێ نەڕوات خۆم بریندارم

دەسرەکەی باوکم دووگوڵی لە ناوە

بۆ فرمێسك سڕین ڕێگەی تۆبزاوە

ئەترسم بمرم لەم غەریبییە

خەڵك کەسی زۆرەو من کەسم نییە

ئاوات لە وێنە شیعرییەکانیدا باس لە داخرانی دەرگاکان و کۆت و زنجیر و بەستنەوەی دەست و پێ و جەستەی بەدار و دیوارەوە دەکات، هەروەها باسی ئەو ڕۆژانە دەکات وا ژیانی ئەنفالکراوەکان لەناو لم و گەرما و دڵڕەقیی پاسەوانی گرتووخانەکە لە هەموو مافەکان دادەماڵرێت. هەر لەوێدا کە گەشتی ئازارەکە دەگاتە ترۆپك و ئیتر هەموو پاشگرەکانی مەرگی وەك سووکایەتی لەڕێگای تینوێتی و برسێتی و لێدان و مەرگی ئازیزان و گیاندانی منداڵانەوە دەبنە دیمەنێکی ڕۆژانەی نوگرەسەلمان. لەو ڕۆژانەدا دوو خوشك و برای بچووکی لەبەردەم گەرما و سکچوون و تینوێتی و نەبوونی داودەرمان دا گیان لەدەست دەدەن و ئاواتیش بەشدارێکی بچووکی ئازاری "ئامینە"ی دایکی دەبێت و بە بەرچاویانەوە جەستەی ئازیزانیان تەسلیم بەلمی بیابان دەکرێت.

لە ئاوات دەپرسم چۆن بەرگەی ئەو چرکانەت دەگرت. وەڵامەکەی وام بۆ دەردەخات کە ئەزیەتی یادەوەریم دابێت و دیمەنەکانی مەرگم بیر خستبێتەوە، چونکە ئەو حەز دەکات جارێکی تر وێنە شیعرییەکانی بیر بکەوێتەوە و جارێکی تر بیانلێتەوە" یانی تیایاندا بژیت و ببێتە بەشێك لێیان. ئەو بەردەوام دەبێت لە پشکنینی یادەوەریدا و دەست دەکات بەبیرکردنەوە و لە ڕێگای شوێنەکانەوە شتەکانی دێتەوە خەیاڵ. قەڵاو گرتووخانەی قۆرەتوو وێنەیەکی شیعری بیردەخاتەوە، ئەوەی تۆپزاوا وێنەیەکی تر و ئەوەی نوگرەسەلمان سەدانی تر، شتەکان وەك وتم گرێدراون بەشوێنەکانەوە و ئەگەر نەیاهێنێتەوە یادی خۆی تەنها کۆپلەیەکیشی بۆ ناگوترێ.

وەك لەسەرەتادا ئاماژەم پێدا ئاوات نەخوێندەوارە و شیعر هۆنینەوە لە گەشتی ئازار و داماڵران لە ژیان لە بیابانی عیراقیدا بەرەنگاربوونەوەیەکی خۆڕسکانە و دەروونی مرۆڤ بوو بەرامبەر دڵڕەقی و باڵادەستیی توندوتیژی. ئامینە دەڵێت: "ئاوات لەناو قاوشەکاندا شیعری بۆ دەگوتین و هەموومان گوێمان لێ دەگرت". لە درێژەی ئەم وەڵامە سادەیەدا وامان بۆ دەردەکەوێت ئەم ڕەفتارە تاکەکەسییە لە بەرەنگاربوونەوە لە ڕێگای شیعر هۆنینەوە بووەتە پانتاییەك بۆ گوێگرتن و دروستکردنی جۆرێك لە گەڕاندنەوەی پەیوەندییەکان لە ڕێگای مۆنۆلۆگەوە. هەر ئەمەش وا دەکات توانای وتنی ئەوەمان هەبێت کە ئەم بەرەنگاربوونەوە ڕۆحی و خۆڕسکییەی

ئاوات لە ئاستێك لە ئاستەكاندا سیفەتێكی دەستەجەمعی وەرگرتووە و چووەتە ئاستی ئەو هێزە ئینسانییەی تەنها لە كاتی دڵڕەقی و ناخۆشی و ترسی لە دەستدانی ژیاندا لە مرۆڤدا دەردەكەوێت.[١]

## ٢-٤: پێناسەی وێنەی هەڵبەست:

وێنەی هەڵبەستی لەو ڕوانگەیەی دواییەوە، ترازانێكی شێوازیە لەشێوەی دەربڕینی پەیوەندیە ئاساییەكانی دیاردەیەكی زەینی یان جەستەی و بەهۆی ئامرازەكانی ڕەوانبێژیەوە ئەنجام دەدرێت.

ئەو ترازانە شێوازیە كەسروشتی وێنەكە وەكو دەربڕینێكی زمانی دەردەخات، هاوكات دەبێت لەگەڵ ترازانی سیمانتیكدا كە پەیوەندی نێوان وێنە و زمان لەچەند دۆزێكدا بەرجەستە دەكات ئەنجامەكەش وێنەكە لەڕوی شێوازی دەربڕین و بنیاتی سیمانتیكیەوە، دور لەسەرچاوە ئاساییەكان دەبێت.[٢]

وێنەی شیعری دووجۆری سەرەكی هەیە ، كە یەكەمیان بەو وێنانە دەوترێت كە هونەری لێكچواندن پێكهێنەرەكەیەتی و دووەمیان هونەری خوازە دروستی دەكات.

١-هونەری لێكچواندن: ئەو هەنەرەیە كەشاعیر بەكاری دەهێنێ بۆ چواندنی دیاردەیەك یان شتێك بەشتێكی تر واتە ئامرازێكە بۆ ڕونكردنەوەی مەبەست یان پەیامی شاعیر.

٢-هونەری خوازە: ئەو هونەرەیە كە ئەورووپیەكان بەهونەری ڕەوانبێژی دەزانن لەپێكهێنانی وێنەی شیعردا، خوازەش بریتیەلە وشەیەك كەبۆ واتایەكی نوێ (خوازەیی)بەكاردێت، جگە لە واتا دروستەكەی خۆی، دەبێت پەیوەندیەك هەبێت لەنێوان واتا دروست و واتای خوازەدا كە بەڵگەی ئەوە بێت شاعیر مەبەستی لەواتا خوازەكەیە نەك دروستەكە.

## ٢-٥: لە نێوان هەڵبەست و مۆسیقادا :

بە هۆی ڕیتم شیعر لەمۆسیقا نزیك دەبێتەوە ، ڕیتم بەشێكی گرنگی مۆسیقایە ، لەم بارەوە ئەرستۆ دەڵێت ( ئیقاع بەشێكی گرنگی مۆسیقایە ، مرۆڤ بە سروشت حەز لە ئیقاع و كێش دەكات ). مۆسیقاش زیاتر بەهۆی ڕیتمی دوبارەكردنەوەی دەنگەوە دەبێت .

شیعر بەبێ مۆسیقایەكی بەهێز كە دڵ ودەرون لە گەڵی نەهەژێ ، ڕەگەزێكی سەرەكی خۆی لەدەست ئەدات، مۆسیقا پایەیەكی دروستكەری شیعرە ، جوانی و ڕەونەق بەكاری هونەری دەبەخشێت، ڕیتم یەكێكە لە ڕەگەزە سەرەكیەكانی دەق ، ئاواش ( مۆسیقا یەكێكە لە پێكهاتە ئیستاتیكی و ڕەگەزە بنە ڕەتیەكانی شیعر ).

پەیوەندی نێوان شعرو مۆسیقا پەیوەندیەكی لێك جیا نەكراوەیە، ئەو مۆسیقایەی لە شیعر دروست دەبێت هیچ كات بەدەر نیە لە واتاو هەڵچونی شاعیر ، مۆسیقای شیعر ئاماژەیەكی ڕونە بۆ سروشتی شاعیر و جۆری هەڵچونی

---

[١] – خالد سلێمان ، مێژووی زارەكی ئەنفال، سایتی جینۆساید كورد ، http://genocidekurd.com/ku/babati/5687

[٢] - د.محمد بەكر، پەخشانە شیعری كوردی، چاپی یەكەم،چاپخانەی ، وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر٢٠٠٤، لا ٩٥

شاعیر، ڕیتم بەشێکە لە ئیستاتیکای دەق بەو مانایەی بەشێکە لە مۆسیقا ( ڕۆڵ بینینی ڕیتم لە نێو دەقدا بەشێوەیەك گرنگی هەیە کە بەهای شیعریەتی دەق بەرز دەکاتەوە ، ئەوەی دەبێـە داینەمۆی شیعریەتی دەق ڕیتمە ، بۆیە ڕیتم لە شیعر یان لەپەخشان یان لە هەر دەقێکی تر بێت، دەتوانێت ڕۆڵی خۆی ببینێت و پێکهاتەی دەقەکە ڕیتم پڕژێن بکات).

ناوبانگی شیعر و بلاّوبونەوەی لەسەر زاری خەڵك و ئارەزوی خەڵك بۆ شیعر ، زیاتر لە هەر دەقێکی تری ئەدەبی بەهۆی ئەو ڕیتمە بەهێزەی شیعرە، کە مۆسیقایەکی وا دروست دەکات هەستی خوێنەر یان گوێگری شیعر دەهەژێنێ ، ئەم مۆسیقا بەهێزەی شیعر بەتایبەت مۆسیقای دوبارەکردنەوەی دەنگ بەر لە واتاو وێنەی شیعری هەستی پێدەکەین، ئەمەش لەبەر بەهێزی هەستی بیستنە لای مرۆڤ ، چونکە لە کاتی خەوتنیش دا ئەم هەستەی مرۆڤ لەکار ناکەوێـت.

(پەیوەندیەکی تایبەتی لە نێوان مۆسیقاو شیعردا هەیە، ڕەنگە ئەو پەیوەندیە لەگەڵ هەر پەیوەندیەکی تر جیابێت کە مۆسیقا لەگەڵ هونەرەکانی تر هەیەتی ، چونکە شیعر هونەرێکی زمانیەو دەر بڕینی بەهۆی دەنگەو، چەشەی وەرگرتنی بە بیستنە، ڕیتم و کێش دەوری سەرەکیان تیادا هەیە).

هەڵبەست و مۆسیقا هەردوکیان پەیوەندیان بە زەمەنەوە هەیە، پەیوەندی نێوان هەڵبەست و مۆسیقا پەیوەندیەکی بەیەکەوە هاتووە، جیا کردنەوەیان ئاسان نیە، ئەویش لەبەر ئەو پەیوەندیەی لە نێوان ئەدەب و مۆسیقادا هەیە، پەیوەندیەکی دورودرێژی مێژووی لێك جیا نەکراوەیە.

ئەگەر شیعر لە واتا دابڕێت ناتوانرێت لە مۆسیقا دابڕێت (( چۆن ڕەقص بەبێ مۆسیقا نابێ، شیعریش بەبێ مۆسیقا نابێ، ئەمەش ڕاستیەکە هەر لە کۆنەوە مێژووی شیعر بڕیاری لێداوە)) [1]

ئەوەی مەبەستمە لێرەدا بیخەمە ڕوو ، هەڵبەستڤانانی ناوچەی گەرمیان و بەتایبەت ئەو هەڵبەستانەی کە لە گۆڤارەکاندا تایبەت بە کۆمەڵکوژی بلاّوکراونەتەوە ، بە زۆری بایەخ بە ناوەڕۆك دراوە نەك ڕوخسارو ڕیتم ، ئەوەندەی مەستی دەربڕینی کۆژانەکانی تراژیدیاکەیە کەمتر مەبەستی لە جوانکاری هەڵبەستە ، چونکە هەڵبەستەکاندا خودی هەڵبەست کراوە بە سەکۆیەك بۆ نمایشکردن و دەربڕینی ناخیان لە ئازارەکان و دەربڕینی چۆنێتی کوشتنی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵك و ڕوداوەکانی پەیوەندیدار بە ئەنفال و جینۆساید ، بۆیە دەبینین ئەنفال ئەوەندەی لە ئەدەب دا ڕەنگی داوەتەوە کەمتر لە هونەری گۆرانی دا هەیە ، ئەوەش سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە نوسەرانی کورد هەڵبەستیان بۆ گۆرانی نەنوسیوە یان کەمتر دەستیان داوەتێ ، بەتایبەت لەگۆڤارەکاندا ، لە ڕاستیشدا ئەنفال گریان و فرمێسك و تراژیدیایە بۆیە زیاتر لە پەخشان و شیعردا خۆی دەبینێتەوەو بۆ گوزارشت. ئەنجامدانی تاوانی ئەنفالیش کەوتۆتە ناو قۆناغی نوێخوازی شیعریەوە بۆیە زیاتر

---

[1] - بنیادی ریتم لە شیعرە کوردیەکانی عبدالله بەگی مصباح الدیوان ( ئەدەب) دا ، هیوا نورالدین عزیز، نامەی ماستەر ، ٢٠٠٥-٢٠٠٦- ل ١٢

ناوەرۆك و تەكنيك پێكهێنەری هەڵبەستەكانە، لە هەمان كاتتدا بەشێكی هەڵبەستە هاتوەكان لە گۆڤارەكاندا بەدەر نیە لە مۆسیقاو ڕیتم و جوانكاری و گرنگی دان بە دەق.

## ٢-٦: شرۆڤەی نموونەی هەڵبەستی ئەنفال لە گۆڤارەكان دا:

تاوانی ئەنفال، یەكێكە لە تاوانە گەورەو دڕندانەكانی رژێمی بەعسی روخێنراو، كە لە ساڵی (١٩٨٨) لە سەرەتای مانگی (٢) تا ناوەڕاستی مانگی (٩)، بە هەشت قۆناغ لە تەواوی گوندەكانی هەرێمی كوردستان ئەنجامدرا. لەم تاوانەدا، كە بەلوتكەی تاوانەكانی بەعس دژ بە گەلی كوردستان دادەنرێ، جگە لە رووخاندنی (٥٠٠٠) هەزار گوندو سوتماككردنی هەزاران رەزو باخ و بەتاڵانبردنی سەرەوەت و سامانی هاوڵاتیان، (١٨٢) سەدو هەشتاو دووهەزار مرۆڤ بێسەرو شوێن و كۆمەڵكوژكران.

بۆ ئەم تاوانەو مانەوەی لە یادەوەری كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان و دیكۆمێنتكردن و لێكۆڵینەوە لەلایەنە جۆراو جۆرەكانی، چەندین نووسەرو لێكۆڵەر كاری جددی جۆراو جۆریان ئەنجامداوەو تا ئێستاش لەم بارەوە بەردەوام لێكۆڵینەوەو توێژینەوەی زانستی ئەنجام دەدرێ.

لە ئاستی ئەدەبیشدا زۆرن، ناوی دیارو شاعیری گەورەن، كە دوای تاوانی كیمیابارانی شاری هەڵەبجەو تاوانی ئەنفال و بەربەریستانەی رژێمی بەعس لە ساڵی (١٩٨٨)، تێكستی ئەدەبیان لە رۆمان و چیرۆك و شیعر نوسیوە، ئێمە لێرەدا ناتوانین باسی هەموو ئەو ناوانە بكەین، بۆیە تەنها باسی هەندێ ناوی دیارو شاعیری دیار دەكەین كە بۆ هەردوو تاوانەكە شیعریان نوسیوە، یان روونتر بڵێین ئەو شیعرو تێكستانەی ئەوان، ئێستا بوە بەشێك لە خەرمان و كلتووری شیعری لە باشووری كوردستان.

بیرخستنەوەی هەندێ لە ناوی شاعیرەكان " شێركۆ بێكەس قەسیدەی دەربەندی پەپولە، قەسیدەی گۆڕستانی چراكان، رەفیق سابیر قەسیدەی لاوكی هەڵەبجە، جەمال غەمبار قەسیدەی وەرزە ئاڵەكانی عەدەم، ساڵەح هەلاج هەردوو قەسیدەی لێكترازان و پرسە گێڕ، دلاوەر قەرەداغی منالێك لەوێوە هات وای وت، رێبوار سێوەیلی قەسیدەی زمانی عیشق، زەمەنی ئەنفال، لەتیف فاتیح فەرەج قەسیدەی سەوزە، عیسا چیایی قەسیدەی ئەنفال، تەها سلێمان قەسیدەی حیكاتەكانی ئەنفال، سووتان بە بۆنی بارانی نامۆبوون، خالد سلێمان دەفتەری حالات كوردیە جدەن" و چەندین نووسەرو شاعیری تریش.

ئێمە لێرەدا، قسەیدەی "بۆنی ژێرپێی سولتان"ی نووسەرو شاعیر "تەها سلێمان" وەك نموونە وەردەگرین كە لە ژمارە (١) ی گۆڤاری هەشتاو هەشت دا بلاو بوەتەوەو قسەی لەبارەوە دەكەین، چونكە ئەم قەسیدەیە نزیكایەتیەكی تەواوی لە گەڵ زام و ئازاری ئەنفالدا هەیە، لەلایەك نووسەر خۆی بەشێك لە كەس و كارەكەی ئەنفالەو لەلایەكی تریش بە سەلیقەیەكی ئەدەبی بەرزو زمانێكی پاراو، هاوكات تەكنیكێكی بەرز قەسیدەكەی نوسیوە.

ا– شوێن لە تێکستی بۆنی ژێرپێی سوڵتانا

شوێن یان جێگا لە بۆنی ژێرپێی سوڵتانا، "گەرمیان"ە، چونکە شاعیر خۆی لە دایك بووی گەرمیانەو قورسایی تاوانی ئەنفال "قۆناغی سێیەم" کەوتوەتە گەرمیان. نووسەر لەم تێکستەدا بە شێوەیەکی زۆر سەرنج ڕاکێش شوێن یان جێگامان بۆ بەرجەستە دەکات، بۆ سەلماندن سەرنجی ئەم دەست پێکە لە تێکستەکە بدەن:

بەرد قسە ناکات

دەنا بەو هەموو دڵ ڕەقییەشییەوە گلەییم دەبردە لای و

پێم دەوت:

بەخاتری گۆڕی پیاوە نورانییەکان

بۆ ساتێك لە ماڵی گەورەی حەوسەڵەتدا پەنام دە

ئەو ئەگەر قسەی کردبا

خولقی تەنگی خۆم بۆ خورد دەکردەوە و دڵیشم بە ئەمانەت وێ دەدا

وەك وتمان شوێن بۆ نووسەری قەسیدەکە زۆر گرنگە، لەناو ئەم کۆپەلەیەی تێکستەکە باسی "بەرد، دڵرەقی، خولقی تەنگ" دەکرێ، ئەم سێ ناوە، سێ بۆ یادەوەری گەرمیانی و گەرمیانیەکان، یادەوەری زۆریان هەیە، بەرد وەك هێمای ناوچەیەکی بەردەلانی و دڵرەقی وەك بێبەزەیی و خولقی تەنگ وەك ئەوەی ئینسانەکان هەمیشە خولقیان تەنگە، وەك بەرەنجامی تاوانێك کە ناخیانی کرۆشتوەو هەڵکۆڵیوە. بۆ کەسێك کە شارەزایی لەناوچەی گەرمیان و کاریگەرییەکانی ئەنفال نەبووبێ، ئاسان لەم تێکستە تێبگات، چونکە شاعیر زمانێکی مەجازی قوڵی بەکارهێناوە.

لەناوەرۆکی ئەم تێکستەدا، لێکۆڵەرو شرۆڤەکار، هەندێك جار وەستانێکی زۆر وردی دەوێ بۆ ئەوەی تێبگا زمان و ناوەڕۆکی تێکستەکە چی کاریگەرییەکی لە پشتەوەیەو پاشان کۆمەڵێك ڕەهەندی لێك گرێدراو، لە ڕێگای پەیامی ئەم تێکستەوە چیمان پێدەڵێ. ئەوەتانێ لەناو زمانا، لەناو دروستکردنی وێنەی شیعری و تەکنیکا، ڕاماندەگرێ و دەڵێ:

ئەگەر بەرد گوێی هەبا و قسەی کردبا پێم دەوت:

وەسێت بێ لای تۆ لەسەر نەعشی من و زەنە

تەنها ئایەتێك بنووسن.

هەروەك پاشان پەنا دەباتە بەر ئاستی تەکنیکی زۆر بەرز، ڕاماندەگرێ و پێمان دەڵێ، دەبێ گوێ لە ئازاری مەملەکەتێك بگرن، بۆ وێناگردنی ئازاری ئەو مەملەکەتە، خۆی و جگەر گۆشەکەی دەکاتە کاراکتەر:

ئەم کوڕ و باوکە هێند فەقیر و ساویلکە بوون،

سیاسەت زەفەری پێ بردن و

له ئاوێنەی خۆشەویستی بێ بەش بوون،
نەیانتوانی پاکبنەوە لە،
گوناهی نەکردە و
سنوری بڤەکانیان بۆ تێك نەشکێنرا،
دنیا چی ئاشوبێکە دەخیلە..!

ئەو زمانەی تەها سلێمان لە تێکستی بۆنی ژێرپێی سوڵتانا، بەکاری هێناوە، جگە لەوەی کوردییەکی پەتیە، هاوکات نیشانەی شارەزاییەکی باشیشە لە زماندا، کە بەشێوەیەك ئازارو زامی ئەنفالی پێ دارشتوەتەوە، بێزارت ناکات و بەدوای تەواوکردنی هەر رستەیەکدا، خوێنەر وا لێدەکات پەلە بکات بۆ ئەوەی بگاتە رستەی دووەم. تەماشا "تەها سلێمان" ئەم وشانەی چۆن لەنێو زمانی قەسیدەکەدا بەرجەستە کردوە " رۆخ، مەلۆتکە، شیوەن، ناپیەرژێ، سۆز، ئێوارە نشین"، تەماشا:
ئێستا ناتوانم،
سەرێك بۆ رۆخی زەریا بدەم و
هەنگاوێك بۆ ماڵێ لەشیوەنی مەلۆتکەیەك،
کە لە پاشماوەی ئاشووبی،
ئەم نیشتمانە داوە کەنار کەوتبوو بنێم.
ئێستا حەوسەڵەی دواندنی خۆم نییە و
زیرپۆحێك ناپیەرژێتە سەر دڵدانەوەی حەسرەتەکانم
ئێستا سۆزێك شك نابەم بمخاتە سەر نۆتەی شەپۆلی باڵەکانی و
مناڵیش لە خۆمدا نابینمەوە،
تا عەجولانە برۆمەوە تەنیشت ئێوارەنشینەکانی،
دەمەو ئێوارانی گوند و تەفسیرە لائوبالیەکان ئەزبەر کەم.
تەها سلێمان بە شێوەیەکی راشکاوانەتر، بە سەلیقەیەکی وردتر، بە شێوازێکی باڵا، پێمان دەڵێ، ئێوە دەتوانن گوێبگرن، بزان لێرە چی روویداوە، ئەو کاتێك کەس شك نابا گوێی لێبگرێ، ناچار یەخە بە بەرد دەگرێ کە گوێی لێبگرێ، سەرنج بدە:

بەرد، بم دوێنە تا باس و خواسی ئەم دڵە لەت و پەتبوەت بۆ بگێڕمەوە، تا قەناعەتت پێ بکەم

کە سەربازەکانی سوڵتان هاتن و هەر لێرەدا سەمای چۆلەکەشیان سەربڕی، ئەوان لەجیاتی مەمکەمژە، فیشەکیان خستە دەمی منداڵان. لەجیاتی نان تاعوون. لەجیاتی ماچ گازی کەڵبەی پڕزەهریان. سەربازەکانی سوڵتان لەهەر هاتنێکا بڕیارێکی (ئەو) یان دەهێنا و پڕ بە گەرووی دراوییان جاڕیان دەدا:

لە سوڵتانەوە، بۆ هەموو رەعیەتی مەملەکەت

بڕیاری سوڵتانە و

پەشیمان بوونەوەی بۆ نییە

بڕیاری سوڵتانە و

پەلەکردن لە جێبەجێکردنی

باشترین پاداشتە بۆی.

لێرەدا، پێویستە روونی بکەینەوە، کە شاعیر باسی مەرگەساتی ئەنفالمان بۆ دەکات، کە لەساڵی ١٩٨٨ لەلایەن بەعس و بە هەشت قۆناغ ئەنجامدرا، کە تیایدا جگە لە وێرانکردنی نزیك لە ٥٠٠٠ هەزار گوندو سووتاندنی هەزاران رەزو باخ، بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانی هاولاتیان، ١٨٢٠٠٠ هەزار مرۆڤیشی بێسەرو شوێنکرد.

لە وێنەو رامانێکی تری شیعریدا، کە دەچێتە چوارچێوەی رەخنەگرتنی مامەڵەکردن لە گەڵ کاریگەرییەکانی تاوانی ئەنفال، شاعیر بەم شێوەیە دەیەوێ رامانبگرێ:

بەرد، بم دوێنە

تا شەرحی سەقەت و سقوتی ئەلف و بێ ی کتێبی پۆلی یەکی سەرەتایە بۆ بکەم، تۆ دەزانی سەرۆك جەلادە و وێنەکەشی وەك (چاو) لە لاپەڕەی یەکەمدا پارێزراوە.[1]

شاعیر تکا لەبەرد دەکات بیدوێنێ، بۆ ئەوەی پێمان بڵێ: دوای تاوانی ئەنفالیش، دوای ئەنجامدانی تاوانەکە، کەچی لە کتێبی ئەلف و بێی پۆلی یەکی سەرەتاییدا، هێشتا وێنەی "سەدام" وەك گەورە تاوانبار ماوە، ئەمە بۆ ئێستا نا، بەڵکو رەخنە شیعرییەکەی شاعیر لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکان تا ناوەڕاستی نەوەدەکانە.

هەروەك لە وێنەیەکی شیعری تری باڵادا، تەها سلێمان تکا لەبەرد دەکات، ئەو تەماشا بکات، بزان چی روو دەدا:

سەیرکە بەرد،

بەربەریەت هورژمی هێناوە، کڵاوکوڕەکان تۆران و کوڕکوڕەکان کە دەڕۆن ماڵئاوایی ناکەن، پەڕەسێلکەکەن وازیان هێنا لە دووعا هەمیشەییەکانیان، دژ بەوەی ماڵیان تێك دەدا، سوێسکەیەك نەما دووغە دووغ بۆ دیتنەوەی هاوڕێکەی بکا، کوختییەك بۆ (با) ی فێنکی ئێوارە عەسرێك ناخوێنێ و ماسییەك لەنێو دەریادا موبتەلای چۆڕێ ئاوە، بەرد هەناسە خاکییەکانی تۆش ماندوون و ئارەزووی دەمەتەقێیەکی تریان نییە.

[1] - تەها سلێمان ، بۆنی ژێرپێ سوڵتان دێ ، گۆڤاری هەشتاوهەشت ، ژمارە (١) بەهاری ٢٠٠٤ ، ل ١٦٦

ئەوەی کە زۆر سەرنجی خوێنەرو لێکۆڵەر ڕادەکێشێ، ئەوەیە کە شاعیر قوربانیەکانی پەلەوەریش لەم تێکستەدا بەرجەستە دەکات، وەك نموونەی "کلاو کوڕە، کوڕ کوڕ، پەڕەسێلکە، سوێسکە، ماسی"، ئەمەش هێمایە بۆ ئەو شوێنەی شاعیری تیا ژیاوە، کە لەم جۆرە پەلەوەرانەی زۆر لێ بوە، بەڵام کە تاوانی ئەنفال دێت، ئیتر ئەم پەلەوەرانەش نامێنن و ئەنفال دەکرێن.

ب- وەك نمونەیەکی تر پارچەیەك لە هۆنراوەی لەتیف فاتیح فەرەج دەخەینە ڕوو کە لە گۆڤاری هەشتاوهەشت ژمارە (٢) دا بڵاوکراوەتەوەو گوزارشت لە نەهامەتیەکانی ئەنفال دەکات :

هەناسەکەم

سەفەری نامە نانوسمەوە لەسەفەریش

بەداخم

تەمەنی کورتی گوڵەکان

سەمای ئێوارانی گەڵای دار مێوی حەوشەکەمان

ڕەوە مێشولەی شارەکەم

هەڵقرچانی پەپولەکان

سەفەری مەرگ، سەفەری دابڕان، سەفەری نەهاتنەوە.

لەم پارچە هەڵبەستەدا شاعیر چەند دیمەنێکمان دەخاتە پێشچاو: لێرەدا مرۆڤی چواندوە بەگوڵ و مرۆڤ و سروشتی نزیك کردۆتەوەو کردویەتی بەکەرەستەیەك لە شیعری ئەنفال دا کە دەڵێت: تەمەنی کورتی گوڵەکان یان سەمای ئێواران...هتد. بەڵکو نەی ویستوە ناویان بهێنێ بەڵکو ئەم وشەیەی بەکارهێناوە، یان هەڵقرچانی پەپولەکان ، واتە وەك پەپولە ئێوە پاك و بێگەردن، وشەی هەڵقرچان مەبەستی لە مردن و فەوتاندنە، وشەی سەفەریش مانای تەواوی خۆی هەیە، چونکە ئەمانە سەفەری ئەو دنیایان کرد ئیتر نەگەڕانەوە، ئەمەش ( سەفەری مەرگ و سەفەری دابڕان و سەفەری نەهاتنەوەبوو). [1]

پ- نوسەرو شاعیر ( عەلی بیروەندی) وەك شین و سۆزێکی دەروێشانە ، هەڵبەستێکی بۆ ئەنفال نوسیوە بەناونیشانی ( گەرمەشینێك بۆ ١٨٢ هەزار زیرۆح )

بەیانی بوو کەفووکوڵی بەرائەتی

دەیان ژانی خوێن پڕانی جەستەی دایە گەورە نێڵەی دەهات

بەیانی بو، کەس لەپێش مەلیچکە چکۆڵەکان هەڵنەسابوو

بەیانی بوو، ئافتاو تارای زیوی بەسەرقامەتی

[1] - دڵسۆز حەمە رەشید ، ئەنفال و رەنگدانەوەی لە شیعری کوردیدا ، گۆڤاری هەشتاوهەشت ، ژمارە ٢ی هاوینی ٢٠٠٤، لا ٧٧

بووکی ژێر دەواری گەرمیانم دانەدابوو

بەیانی بوو،ئاسمانی ئەم دەرەوە

نەسپێدەو نەسەبای ساڵحانی

لەهیچ ڕۆژێکی ساڵانی تر نەدەچوو

بەیانیەك هۆرەی گەرویەك تاسابوو

شەماڵ لاڵ وگەردەلوولیش هیچی نەووت

چەپەرێکیش لەو پەردێوە ڕانەبووردو

لەسەربالّی سورمەیی پەپوولەیەك

پەیامێکمان نەدی ونەبیست

بەیانیەك ئاسمان خوێن بەرۆچکەی گرتبوو

ڕەوە گوللەی ئەهریمەن، کەوتنە پێ دەشت

وەکو خۆرکە باڵای هەموو زیرۆحێکیان هەڵدەوەران

بەیانیەك پەلکە گیایەك سەری لەکۆشی دەرهێناو

لەبەر ئاوێنەی ئاڤزینێك خۆی ئارایشت دەکرد

بۆجیّ ی ژوانیّ

تابەنیازی دیداری بەیەك گەشتنی دوو دڵدار

دووچیلکەی ڕەقەڵ

گۆڤەندێك سازکەن

تارێك و لێلّی بەیانیەك کەنیسمەی لای کانیلەیەك

بەبیّ دەنگی بەحوزنەوە

لەسەرپەراسووی بەردێکا هەڵنیشت و نزای ئەکرد

کرنوشی برد بۆ(٥)هەزار پەپولەوئەستێرە وخوا

کەچیتر بەلا دووربیّ و

تیتکی کارژۆڵەکانی گەرمیانم هەڵنەپروکیّ

چیر شاجوانانی نیشتمان و زێدەکەم

وەکوجاریەوعاریەی دەستی

شۆڤاری کیشوەرەکانی کەناری لم

خەریدوفرۆش نەکرێن

لێرەدا شاعیر گوزارشت لە باسکردنی (بەیانی ) دا هێما بۆ " بێ ئاگای و بەرلە خۆرهەڵهاتن دەکات لە لە ژیانی کوردانی خەڵکی گەرمیان و هەڵەبجە"ئەو بەیانیە دەچوێنی بەشومی و هاتنی نەگبەتی ، واتە لە جیاتی سروەی ئومێدو خۆری هیوا بۆ دەڤەرەکەو گەنجەکان، کەچی جاڵجاڵۆکەکانی ناوبیابان و جەلادەکانی ڕژێمی بەعس وەك ڕەوە کولە بەسەر خەڵکەکەیان داداو ئەنفالیان کردن و نەیانێشت ئەو بەیانیە وەکو بەیانیەکانی تر ئاسایی تێپەڕێت، مەبەستێکی تری شیعرەکە وایە" کاتێك گەرمیانیەکان بۆ کیمیابارانی هەڵەبجە دەگریان، لەپڕ جەلادەکانی بەعس پەلاماری ناوچەکانی تری کوردستان و گەرمیانیان دا ، و کچەکانیان بردو ڕاپێچی بیابانەکانی خواروی عێراق و تێرکردنی ئارەزوەکانی خۆیانیان کرد. لەو پارچە هەڵبەستەدا جۆرێك لە لاوانەوە شینە بۆ قوربانیانی ئەنفال و زاڵمی ڕژێمی سەدام لە ئەنجامدانی تاوانەکەدا.

زمانی شیعرەکە قوڵەو پێویستی بە تێڕامان و تێگەیشتن هەیەو کەسی ئاسایی لە هەموو ماناو دەلالەتەکانی شیعرەکە تێناگات ، بە زمانێکی کوردی پاك نوسراوە لە ئاستێکی بەرزو وشەی بیانی تێدا بەکار نەهێنراوە، یان کەمترین وشەی نامۆ بەزمانی کوردی تێدایە، واتە زمانی شیعرەکە گوزارشتە لە قسەکردن و لاوانەندنەوە لەبەرخۆوەو لە گەڵ خودی شاعیر خۆی.

چیتر چیتر..بۆچی ئێرە؟

بۆچی؟لەئاسامانی دیارەکەم لەجیای باران مەرگ ئەبارێ

بۆچی؟ قۆنتەراتچییەکانی لای خۆمان

خوشك وبراو هاوخوێنی خۆیان

دەدەن لەبەر وەك مێگەل..مێگەل

بۆلای ئەهریمەنی خوای شەڕانی

تابەدەستی میر غەزب و جەللادەکان

بەڕەحمەتی سەیفی زولفیقار قڕیان تێکەن

لەم نزمە دەشتی کرکای کرکە

نەدەشت نەشار نەگوندی پار

خۆی پێوە ڕاناگرێ

لەتاو مەرگی هەڵوەرینی نێرگسەکان

تاعون ئافاتێکەو بەربوە لەجەستەی خاك

لەم ووشکە ساڵ و نان قاتی یە

کەس برستی تیانەماوەو تاچاو هەتەرکا

گەلەگورگی عوجەی کەڵبەتیژی سك برسی یە

بەربوونەتە گیانی نیوەگیانی ئەم مەخلوقە

سەربەبێ قاچ ئەقرتێنن

کانی بەبێ ئاو دەمرێنن

جوانی سروشت هاوێر ئەکەن

گومبەدی ڕۆح دەتاسێنن

تاچاو برِکا تاوانەو..کەسیش غەمی کەسی نیە

ئاپۆرەیە خول خواردنە

لەدەوری ڕۆشتنێك بێ هاتنەوە

دەستە پاچەو دۆشدامانە

لەحوزوری مەرگی گۆڕێکی بێ ناونیشان

لەحوزوری گەرمەشنێك بۆ ڕوئیاکان ([1])

لەم پارچە هەڵبەستەشدا، هەڵبەستڤان لە خۆ دەپرسێت " بۆ والە میللەتەکەم بکرێت و لە جیاتی باران مەرگ ببارێت بەسەرمان دا" دیسان دەپرسێت بۆ کورد خوشك و برای خۆی و نەتەوەی خۆی هاوخوێنی خۆی ئەنفال بکات" لێرەدا مەبەستی ئەو جاش کوردانەن کە ببون بە ڕێنیشاندەرو چاوساغی دەسەڵاتی سەدام بۆ ئەنفال کردنی کورد و لەکاتی شالاَوەکەدا لەپێشی عەسکەرەکانەوە بە سیماو زمان و جل و بەرگی کوردیەوە کوردیان دەدا لەبەرو وەك مێگەڵ ڕپێچی دەستی (خوای شەڕانی) واتە سەدام و سوپاکەی دەکرد. تەواوی شیعرەکە گوزارشت لە زوڵمی ڕژێمی بەعس و چۆنێتی پراکتیزەکردنی ئەو زوڵمەیە ، وەك چۆن هەڵبەستڤان لە کۆپلەیەك دا بە ڕونی دەڵێت " گەلەگورگی عوجەی کەڵبەتیژی سك برسی یە، بەربوونەتە گیانی نیوەگیانی ئەم مەخلوقە" واتە دڕندانەو وەك گەلەگورگ بەربونەتە گیانی خەڵکی هەژارو بێدەسەلاَت" ناو هێنانی ( عۆجە) ئەو شوێنەیە کە سەدامی سەرۆکی پێشوی عێراق تێیدا لەدایك بووە.

ئەم پارچەیەی هەڵبەستەکە زمانێکی پاراو پاك و ڕەوانبێژییەکی بەرزو جوان و تێگەیشتنی ئاسانە.

بەگشتی هەڵبەستەکە لێکچواندن و وێنەی شیعری زۆری تێدا هەیە، بۆ نمونە ( ووشەی گەلەگورگی چواندوە بە سوپاکەی سەدام ، قۆنتەراتچیەکانی لە جیاتی جاشەکان بەکارهێناوە ). و بەزمانێکی شیعری ڕەوان گوزارشتی لە نەهامەتی و خەمەکانی لە ناخی خۆیدا کردوەو وەك شین و لاواندنەوە دەری بڕیوە.

[1] – عەلی بیروەندی ، گەرمەشینێك بۆ ١٨٢ هەزار زیرۆح ، گۆڤاری وریێزا ژمارە 4 ، ساڵی ٢٠٠٧ ، لا ٨٧

ت– شیعری شێرکۆ بێکەس

١–ئەوەتا نیشتمان گەراجە بۆتایەی قاچاخ و بۆریە بۆ درۆی سەرمۆرو گومرگە بۆ خوێن و بۆخەم و بۆجگەرەی ستۆك و

دروشمی ستۆك و بازارە بۆ سیمانی سیاسی مزەوەر

(نیشتمان) وێنەیەکە (گەراج–لۆری) هەمویان وێنەی بەرامبەر یە(نیشتمان)) و نیشتمان کە (لێچوە) ڕوون دەکەنەوە بۆ گومرگ +گومرگ+بازاڕ.

٢–کەئەچێتە ناو قوڵای و بن بادەوە... سەیرئەکەی ئەم دونیایە وسیاسەت و ماسی بۆگەن وەکویەکن

سیاسەت+دنیا(لێچوە)

لەوچوون وێنەی بەرامبەر بە(دنیا)ن کە(ماسی بۆگەن)ە

٣–دوێنێ شەومانگ کەوتە خوارەوە

مانگ کەوت بەسەرنیشتمان داو

نیشتمانیش دانەچڵەکی و

مێژووش خەبەری نەبوەوە وکەس نەیزانی.

نیشتمان سیفەتی (دانەچڵەکینی مرۆڤی دراوەتێ)

مێژوو سیفەتی(خەبەر نەبوتەوەی مرۆڤی دراوەتێ)

واتە هەر دوکیان چێنراون بەمرۆڤ ئەمەش خواستی درکاو پێکدەهێنێ.[1]

بەگشتی هەڵبەستەکە بە زمانێکی شیعری بەرزو ووشەی کوردی پەتی و چەند وێنەو دیمەنێکی تایبەت بە نیشتمان دەخاتە پێش چاو، گوزراشت لە نەهامەتیەکانی نیشتمان دەکات کە لە چوارچێوەی سیاسەتێکی بۆگەن دا غەدر لە خەڵکەکەی دەکرێت.

ج– لە ژمارە (١٩)ی گۆڤاری (گیرفان)دا نوسەر ساڵەح هەلاج خوێندنەوە بە یەکێك لە بەرهەمەکانی شاعیر ( تەها سلێمان) دەکات و دەڵێت " خودا دەیزانێت چی ژانێکی سەخت و چی ئازارێکی بینیوەولە هاوکێشەکردنی زمانی (ڕوداو بەزمانی شیعری)ئەودا لەم کۆپلەیەدا دیمەنێك لە چەندین ڕووداوێکی ڕاستەقینەدا بینراوە، وەکو دەڵێت:

ئافرەتێك، بەدەم ڕێوە

مناڵە تازەبووەکەی فرێدایە

نێو گەنمە قەناریەکان و

وتی مەرگ بۆتۆ عەزیزی من

[1] – فەرهاد کەریم، باڵای وێنە لەشێعری شێرکۆبێکەساد، گۆڤاری هەشتاوهەشت، ژمارە ( ١ ) ی ساڵی ٢٠٠٤، لا ٤٩

بێ سەرو شوێنی بۆ دایکت باوانم

پاش تاوانی ئەنفال ئێسك و پروسكی دەیان منالْ لەناو كێلْگە گەنمە سوتاوەكانی جەنگی سوتماككردنی خاكی كوردستان و بێ سەروشوێنكردنی (١٨٢) هەزار بێ سەروشوێن، تەها سلێمان لەم كۆپلە شیعرەدا بەزمانی پاكیزەكانی ئەنفال كراوی فرۆشراو لە سەر دەریایەكی عروبە دەلێت:

ژنێك كەباسی ئەندێشەكانی خۆی بۆ دەریا دەگێرێتەوەو

دەریاش دەیكاتە هاوڕێی شەپۆلە شێتەكانی خۆی،

هەموو كەس بەخیلی پێدەبەن و پێی دەلێن شێت بووەو

فەقیرە هۆشی لەدەست داوە،

ئەویش دەلێ هاوڕێی كەستان نیم و

بۆ كەسیشتان نانوشتێمەوە.[1]

سەردەم سەردەمی بێ بەهابونی مرۆڤایەتی لەناو بەرداشی بازرگانی و جیهانی بەرژەوەندیەكاندا.واتە ئەنفال و كوشتی كورد بەكۆمەلْ بێدەنگ بونی جیهان بێ نرخ بونی مرۆڤ پیشان ئەدات.

چ- لە ژمارە (١١) گۆڤاری هەشتاو هەشتیش بە قەلەمی شاعیر ( سالەح هەلاج ) بەشی دووەمی قەسیدەی (لێكترازان) بلاوبوەتەوە، و باسی ڕوداوەكانی ناو ئەنفال دەكات و ساتەوەختی تاوانەكەی لە هەلبەستەكەیدا پیشان داوە ...باسی ئەو ڕۆژانە دەكات كە ئیڤاكانی سەدام مندالْ و كچەكانی بەگەورەو بچوكەوە ڕاپێچی زیندانی نوگرەسەلمان كردوە ، لە ڕێی شیعرەكەوە وێنەی زولمی بەعس و مەزلومی كوردی خستۆتەوە یادمان.

ئیڤا قەتارەی بەستبوو

هەر منالْ و هەرزەكاربوو

هەر كچی گەردن گولْخونچەی نەترازاو بوو

گەورەو بچوك وەكو جەلەب باریان دەكرد

زووكەن ، برۆن ، فریاكەون

دەلێن سولْتان لە دورگەوە

دورگەی پیرۆز

بەرەو ئێرە تەشریف دێنێ

لە عەرعەرو نوگرە سەلمان

لە لای حەجاج

تورەبووە ، سەگە ڕەشی لە برسانا دەقوزێنێ

---

[1] - سالەح هەلاج ، مەملەكەتی وەكاشە لە كۆمەلە شیعری (سوتان)ی تەها سلێمان دا ، گۆڤاری گیرفان، ژمارە (١٩)، سالی ٢٠١١، ل٢٦

زووکەن ، بڕۆن ، بۆ پێشوازی

گەر زوو نەکەن

خوا غەزەبی گەورەترتان بەسەر دێنێ...[1]

ح- لە ژمارە (١ ) گۆڤاری (ناسنامە) دا فەتاح تەنیای سەرنوسەر پارچە هەڵبەستێکی بلاّو کردۆتەوە بەناونیشانی " گەرمیانەکەم" بەم شێوەیە

گەرمیانەکەم، گەرمیانەکەم

سەدوهەشتاودوهەزار پەپولەت

ئەنفالکرا

وەکو مەسیح لە خاچی راست و چەپ درا

وەك لەیلا قاسم لە زیندانا هەڵوەسێنرا

وەکو هابیل ، گڵ پۆش کران

بەلاّم رۆڵەی تۆ گەرمیان

سوڵبون بۆ شۆڕش هەتا هەتایە

خۆزگە ! !

گەرمیانەکەم نیو ئەوەندەی رۆحی

ئەنفالەکان خزمەتی تۆیان بکردایە.

ئەم هەڵبەستە بەشێوەیەکی سادە بۆ سوتماکی ناوچەی گەرمیان نوسراوەو گوزارشت لە زۆری قوربانی و ئەنفال بونی خەڵکەکەی دەکات، لە جێیەك دا چواندویەتی بە ( مەسیح ) کەچۆن لە خاچ دراوە، لە جێیەکی تردا چواندویەتی بە ژنە پێشمەرگەو ڕەمزی کۆڵنەدان و یەکەم ژنی کورد کە لە سێدارە دراوە ( لەیلا قاسم )، لە جێیەکی تردا خۆزگە دەخوازێت کە لایەنی دەسەلاّت بەقەد گەورەیی قوربانیەکانی گەرمیان خزمەتی بە ناوچەی گەرمیان بکردایە ، واتە هۆنراوەکە سادەیەو هەڵبەستڤان گوزارشت لە ناخی خۆی دەکات و لە ڕێگەی چەند وشەیەکەوە ناخی خۆی خاڵی دەکاتەوە.

خ- لە هەمان ژمارەدا ( م. ئاکۆ ئەسکەندەر ) پارچە هەڵبەستێکی بلاّوکردۆتەوە بوناونیشانی ( ئەوان هاتن )

"ئەوان هاتن

دەستیان گرتم

بمکەن بەبوکی ولاّتی خۆیان

[1] - سالح هەلاج ، پرسە گێر، بەشی دووەمی قەسیدەی لێك ترازان، گۆڤاری هەشتاوهەشت،- ژمارە (١١) ، چاپخانەی کوردستان- بەهاری ٢٠٠٩، ل ٢٦١

بێ ئەوەی لە بوك بچم و پەنجەم لەخەنە هەڵژەنم و

سەرم بەتارا بپۆشم و چاوەکانم بڕێژم ...

بۆکوێم دەبەن... ؟

منناموٌم ... نامۆ

من کەی دڵی ئەوینم بە ئێوە داوە...؟

من کەی چاوی ڕۆحم بە ئێوە کراوەتەوە...

من عشقی ئێوەنیم .. نا ... نا

من عاشقی گۆزەی سەرشانی ئێوارانی کانی عاشقانی ولاَتی خۆم بووم

من ڕێبواری کاروانەکەی عیشقی ( ئاتیلە)بووم

من لەژێر دار بەڕووەکانی ولاَتی خۆم دا ژوانم گرتووە.

من ڕوم بە ماچەکانی سروەی بەیانیانی گەرمیان ناساندوە

من دەستم، پەنجەم تێکەڵ بە پەنجەکانی ( ئاتیلە ) کردوە".

ئەمە بەشێك بوو لە هەڵبەستەکە، کە گوزارشت لە بێ ویژدانی و بەزۆر بردنی کورد دەکات بۆ زیندانەکان و ئەنفالکردن، بۆیە دەڵێت " ئەوان هاتن" واتە بەعس و ڕژێمی ئەنفالچی هاتن، لە دێڕەکانی پاشتردا نامۆی کورد پیشان دەدات بە بەعس و پێی وایە کە رۆڵەکانی کورد عاشقی ولاَتی خۆیانن ، بەتایبەت گەرمیان ، و پێشمەرگە.

**د- ئەنفال وداستان**

سکالاَ ، هەڵبەستێکی لە گۆڤاری ( داستاندا ) بلاَوکردۆتەوەو بە شێوەیەکی سادە لە گوزارشت لە ئەنفال دەکات.

لە بیرم دێ ڕەشەبا شومەکەی بەعس

لە بیرم دێ لە هەشتاوهەشت ...

لەبیرم دێ ...

ئا لەو ڕۆژە لە چوار سوچی کوردستانم

شین و گریان و هاوار، دەی چپاند بە گوێی گەردون دا

لەبیرم دێ ...

باخ و دارستانی هەوارەکەم بەهاری لێ بوو بە پایز

لەبیرم دێ ...

چەندین کۆرپە ڕاکشابوو، لە باوەشی گەرمی دایکا

کەچی لەناکاودا وەکو خەوێك فرێ درایە ناو گۆڕی تەنگ

لەبیرم دێ...

چەندین لاپەڕەی قورئان فڕ درایە ناو ئاگردان

چۆن بتوانم لەبیری خۆمی بەرمەوە......؟!

ئەو منداڵەی بەدەم گریان و ناڵەوە

هاواری دەکرد ئەی دایە گیان جێم مەهێڵە

توخوا لەدایکم مەکەنەوە

چۆن .....؟!

لاوان گەنجان باب و دایکان

بەرەو زیندان ڕاپێچ دەکران

ئا ئەمەبوو کەناوی نرا ئەنفال

بەڵێ ئەنفال خەونی شەوانی منن

منیش ئێستا کە خەونەکەم دەکەم بە چیرۆك

تۆماری دەکەم لە داستان ... [1] " مەبەست گۆڤاری داستان"ە

هەرکەسێ بییەوێ بەوردی بەنێو بنچ وبناوانی بنیاتی شیعردا بگەڕێ لەزمان و وێنەی شیعری و ڕەهەندیی شیعری شیعریەتەوە بکۆڵێتەوە بۆی دەردەکەوێ ئەم نوسراوە تاچەنە نزیکە لەشیعریەتەوە، نووسەر هاتووە دەقێکی ئازادی نووسیوە لەسەر ئەنفال، بەڵام گێڕانەوەی مێژووی کارەساتەکە بەشێوەی چیرۆکی لاوازی کورت. پێم وایە بۆ نوسەر سەرەتای چوونە ناو دونیایی شیعروئەدەبە، چونکە هەر یەکێ لەئێمە بمانەوێ ئەنفال لەشێوەی دەقێکی ئازاددا بنوسینەوە، ئەگەر شاعیریش نەبین، دەتوانین بەم شێوازە دایبڕێژین. ئەم دەقە تاڕادەیەك زۆر دوورە لەوێنەی شیعری و ڕەهەندی شیعری و شیعریەتەوە.

گێڕانەوەی کارەساتەکە بەزمانێکی سادەو ئاسان بەشێوەی چیرۆکە شیعرێکی کورت ولاواز.

جوانیەکانی شیعر لەوشەو زماندایە، نەك لەئاخاوتنێکی سادەی بێ وێنەی شیعری، نووسەر بازنەیەکی دروست کردووە ئەو ڕووداوانەی ڕوویان داوە بەحقیقەتی، نووسەر خستویەتیە ناو بازنەکەو لەخاڵی سەرەتا تا کۆتا هیچ قوڵبوونەوەیەك شیعری وشیعریەت بەدی ناکرێت.

ئەوەی هەیە لەم دەقە گێڕانەوەی کارەساتێکە وەك خۆی، جگە لەوەی زۆرترین هەڵە لەم دەقەدا ئەوەیە مرۆڤ لەکاتی خەوتن هەمیشە خەیاڵ بۆلای شتی جوان دەیباتەوەو دەیەوێت خەون بەئاواتە بەدی نەهاتوەکانی ببینێ، نەك هەموو شەوێك ئەنفال بکات بەخەونی خۆیی، نووسەر دەیتوانی بەشێوازێکی تر بڵێ کە ئەنفال وەك مۆتەکە هەموو شەوێك لەخەوندا دەست دەنێتە بینی نەك بڵێ(ئەنفال خەونی شەوانەی منن).

وەلە کۆتایدا دەڵێ: ئێستاکە خەونەکەم دەکەم بە چیرۆك

---

[1] - سکالاَ ، ئەنفال و داستان ، گۆڤاری داستان – ژمارە (٢)ی ئایاری ٢٠٠٠، ل ٧

تۆماری دەکەم

لەداستان

لەکۆتایدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی نووسەر خۆی بەدوور گرتووە لەقاڵبوونەوەی شیعریەتەوە، وگەڕان بەدوای وشەی شیعری ویاری کردن بەزمان و دوانێکی نایاب وشاعیرانەتر بۆ گێڕانەوەی کارەساتەکە. گێڕانەوەی ئەنفال وخوێندنەوەی ئەنفال دەبێ مووچڕکەو تەزوو بێنێ بەگیانی خوێنەردا ، ڕاپیکێشێت بۆناوجەرگەی ڕووداوەکان ، بۆناو قوڵای شیعرەکە.

ر- لە گۆڤاری کەلاردا و لە ژمارە دوودا ، ( سەباح عەلی جاف ) هەڵبەستێکی بەناوی ( وەرزی ئەنفال ) بلاَوکردۆتەوەو باسی ناوچەی گەرمیان دەکات و وەك ناوچەیەکی قوربانی و مەیدانی شەرو ململانێکان وێنای کردوە ، گوزارشت لە وەرزی بەهار دەکات کە لەو وەرزەدا ناوچەکانی گەرمیان ڕوبەڕوی ئەنفال و شەڕی ناوخۆی کورد بەکورد بوەتەوە ، لە هەڵبەستەکەدا پرسیار دەکات و ناوی ( بارق )ی هێناوە ، کە ناوبراو جەلادێکی حزبی بەعس بوەو لە شالاَوەکانی ئەنفال و ئەنفالکردنی گەرمیاندا بەشداری کردووە، واتە وێنەی بارقی وەك خۆی پیشان داوە بە زمانێکی سادە، ئەوەتا دەڵێ " پرسیار لەو ( بارقە ) دەکەم
کە بە مناڵی لولەی تفەنگەکەی نایە ناو دەمم و ئەمن لەجیاتی مەمکی دایکم گرتم" دەمانگەڕێنێتەوە زەمەنی ئەنفال و پێمان دەڵێت : بارق و بەعس ئەوەندە جەلادو زاڵم بوون کە دەستیان لە مناڵی ناو بێشکەو شیر خۆریش نەدە پاراست و دەیان کوشتن.

**وەرزی ئەنفال**

پێدەشتی گەرمیان مەملەکەتی رازە قەرسیلیەکانی

چەرخی ئەنفال و تارمای ساتە باروتیەکانی

شەڕی ناوخۆیە..

هەموو بەهارێك

من ڕادەمێنم و پرسیار لە وەرزی پێنجەم دەکەم

پرسیار لەو ( بارقە ) دەکەم

کە بە مناڵی لولەی تفەنگەکەی نایە ناو دەمم و

ئەمن لەجیاتی مەمکی دایکم گرتم

پرسیار لەو عەرعەرە دەکەم

کە خەزێمەکەی دایکمی ونکرد و باوکمی لە ئێمە دابڕی

پرسیار لەو پێشمەرگەیە دەکەم

که بەحەسرەتی ماچی تەوێڵی فاتیلە

گولەیەك تەوێڵی ماچ کرد

پرسیاریش لەو فاتیلەیە دەکەم

کە لە قافڵەی ئەنفالدا لێوەکانی ماچی تۆزی گرتبوو

پرسیار لەو ئێوارەیە دەکەم

کە جگە لە غوباری فیراق و

لە زرمە زرمی سنگ کوتان و

لە زیرە زیری مناڵە خەونە زەرد و سورەکان و

لە نەرە نەڕی زرێپۆشەکان و

لە قرچ و هوڕی دار و هێلانە سوتاوەکان

هیچی تر لەو ڕەوەزە سەوزەڵانەدا

نەدەبیسترا

هەموو بەهارێك

من ڕادەمێنم و پرسیار لە وەرزی پێنجەم دەکەم [1]

لە بەشێکی تری هەڵبەستەکەدا هەڵبەستڤان وێنەی ئەو ئێوارەیەمان پیشان دەدا کە خەڵکی بەرەو ئەنفال و سەرنگوم کردن دەبران ، واتە ئەوکاتەی کە زرێپۆشەکانی بەعس لە ئێوارەیەکی وەرزی بەهاردا خەڵکیان بە تێکڕا بە گەورەو مناڵەوە ڕاپێچ دەکردو ، خەڵکەکەش بە گریان و سنگ کوتان و هاوارکردن گوزارشتیان لە حاڵی خۆیان دەکرد، واتە کۆی هەڵبەستەکە باس لە زوڵم و ستەمی بەعس و گەورەی تاوانی ئەنفال ئەکات و بە زمانێکی کوردی پەتی سۆرانی و ناوەڕۆکێکی بەرزو پڕماناو وێنەی شیعری هۆنراوەکەی نوسیوە.

ز- لە ژمارە چواری گۆڤاری هەشتاوهەشت دا هەڵبەستڤان ( لوقمان محمەمەد ڕەشید ) هەڵبەستێکی نوسیوەو بڵاوکردۆتەوە بە ناو نیشانی " سکاڵای زیندە بەچاڵێ...! " لە ژێر ناونیشانی هەڵبەستەکەدا بە کۆپلەیەك دەستی پێکردوە بەم شێوەیە:

" ئەمە قوڵپی گریانێکە لە چۆڵی بیابانەوە

بەڵام هێزی بورکانێکە لە قوڵای ویژدانەوە"

بە بۆچونی ئێمە هەڵبەستڤان لەو بەیتەدا مەبەستی ئەویە کە هەڵبەستەکەی قوڵپی گریان و ئاهو دەنگی ئەنفالکراوەکانە لە بیابانە چۆڵەکانی عێراقەوە ، لە هەمان کاتتدا وەك بورکانێك لە قوڵای ناخ و ویژانی خۆیەوە هەڵقوڵاوە، لە خوارەوەش تەواوی هەڵبەستەکە دەخەینە ڕوو بە شرۆڤەوە بەم شێوەیە ...

---

[1] – سەباح عەلی جاف ، وەرزی ئەنفال ، گۆڤاری کەلار – ژمارە (٢) ، ئازاری ٢٠٠٤ ، ل ٢٨

ئەی پێشمەرگەو فەرماندەکانی

ئەی ڕابەر وکادرە پێشکەوتووەکان

ئێمە ین ئەنفالەکان ..وونبووەکان

ئەمە گڕوگاڵی ساوا

رقی گەنج و نووزەی پەککەوتەی کزۆڵە

قریشکەی دێ بەسەرتانا

هاوار ئەکا تۆڵە تۆڵە

بەدرێژای مێژوو کورد هێزی بەرگری خۆی هەبووە بۆ بەر پەرچدانەوەی دوژمنان ، لەکاتی ئەنجام دانی شاڵاوی ئەنفال دا ، هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەبوو کە بە سەر گوندەکاندا دابەش ببون و بەرگریان لە خەڵکی بێتاوان دەکرد، لەو پارچەیەی سەرەوەدا هەڵبەستڤان هاوار دەکات وداوا لە پێشمەرگە دەکات ، لەگەڵ ئەوانەی کە توانای بەرگریان هەیە ، کە بەهانایانەوە بڕۆن، لێرەدا هەڵبەستڤان خۆی بەشێکە لەو کەسانەی کە لە ساتەوەختی ئەنفالکردندایە ، لە هەمان کاتتدا گوزارشت لە چواردەوری خۆی دەکات کە منالی ساواو پیرو پەککەوتە، هەموو بەسەر یەکەوە دەقریشکێنن و هاووار دەکەن بۆ ڕزگاربوون و تۆڵەکردنەوە .

ئەمە قوڵپی گریانێکە

ئەی نەتەوە یەکگرتووەکان

وولاتە دیموکراسییەکان

ئەی کۆمەڵەی مافی مرۆڤ

ئازادی خوازانی جیهان

ئەی ڕێکخراوەوە دامەزراوە مرۆییەکان

ئێوە زۆرجار

لەئازاردانی ئاژەڵان ماندەگرن

کۆنگرەی بۆدەبەستن و

دەنگی تورە و ناڕەزایی هەڵدەبڕن

چما ئێمە مرۆڤ نەبووین...!

دەیان هەزار زیندە بەچاڵ

لەپیروگەنج، ژن ومناڵ

هەزاران کۆرپەلە هێشتا

هەوای بەکیمایی پیس بوو هەڵنەمژیوو

هەزارن پیری پەککەوتەی ئەژنۆ لەرزیو

بەبڕیاری کابرایەکی

ویژدانی مردووی گێلی زۆردار

خرانە سەر

سکەی بەرەو چارەنووسێکی نادیار

دیسان هەڵبەستڤان هاوار بەرەو ڕوی جیهان دەکات و داوای هاوکاری دەکات ، ئاماژە بە بێدەنگی ولاّتانی دنیا دەکات لە کاتی کۆمەڵکوژی کورددا، ئەوەتا بە دیاریکراوی بە " نەتەوە یەکگرتوەکان ، کۆمەڵەی ماف مرۆڤ ، ڕێکخراوو دامەزراوە مرۆییەکان ، ولاّتانی دیموکراسی ) دەڵێت ، ئێوە بۆ هەموو ناعەدالەتیەك دێنە دەنگ و کۆنگرەی بۆ دەبەستن، تەنانە بۆ ئازاردانی ئاژەڵەکانیش ماندەگرن ، بەلاّم بەزیندە بەچاڵکردنی دەیان هەزار لە " پیرو گەنج ، ژن و منالّ " بێدەنگ بوون ، "چما ئێمە مرۆڤ نەبووین...!، ئەوەتا سەدام حسێن وەك کەسێکی ویژدان مردووی زۆردار هەزاران کەسی کیمیا باران کردوەو بەرەو چارەنوسێکی نادیاریان دەبات.

هەڵبەستەکە بە زمانێکی سادەو ڕەوان نوسراوەو جیهان ئاگادار ئەکاتەوە لە تاوانەکانی ڕژێمی بەعس و سەدامی زۆردار.

ئەی تاوانبارانی مێژوو سەری بەزیوتان داخەن

والێرەوە گرەوی لێتان بردەوە

ڕوی ڕەشی حکومی چەند ساڵەی

زوڵم وزۆرتان

بڕیارێك سپی کردەوە..!

هۆ ..هۆ جیهان

بەچ بڕیار ویاسایەك

(١٨٢) کەس بەیەکەوە مەحکوم دەبێ؟

گەر فەرماندە.. دەماغی تۆپەڵەی کێم و

یاساش دەقێکی شووم نەبێ؟

لەو چارچە هەڵبەستەشدا ئەنجام دەرانی ئەنفال مەحکوم دەکرێ و لێیان دەپرسێت ، بەچی یاسایەك (١٨٢) کەس بەیەکەوە تاوانبار دەکرێت و دەکوژرێت ، ئەگەر فەرماندەری ئەو تاوانە مێشکی بۆگەنی نەکردبێت و یاساکانیشی کوشتن حەلال نەکەن! ... هاوار دەکات بۆ هەموو جیهان و دەپرسێت" بەچ بڕیارو یاسایەك ئەو هەموو مرۆڤە بێتاوانە ئەنفال دەکرێت"

لەوێندەرێ..هێندەی ئێمە

خاوەنی ماف و ولاّتن

خاوەنی خۆیان و مێژوون

ئالێرەشدا..لەوڵاتی (نصر وسەلام)

بەفەرمانێکی فەرماندە

گێران و سەرنگون بوون

ئەی ویژدانی بڵندی مرۆڤایەتی

لەسەرماڵ وکاری خۆمان

دوای بۆردمان بەچەکی قەدەغە کراو

دوای هەزاران کردەوەی نامرۆڤانە

هەرگیز نەشیاو

بەزایەڵە و شین و شەپۆڕی ئێمەوە

بەسووکایەتی کردن و

بەملهوڕی ئەوانەوە

ئاخنراینە گلابەی قوڵ وپانەوە

لێرەدا بەراورد لە نێوان وڵاتانی دیموکراسی و وڵاتی عێراق دەکات و دەڵێت ئەوان خاوەنی وڵات و خاك و مێژوون ، بەڵام لە عێراقدا کەس خاوەنی خۆیشی نیە ، ئەوەتا بە فەرمانێکی سەدام هەمووی سەرنوگم دەکرێت، هاوکات لە هەڵبەستەکەدا گوزارشتێکی پاڕانەوە دەر دەبرێت و قسە لەگەڵ یەزدا دەکات و پێیی ئەڵێت ئێمە لەسەر ماڵو کاری خۆمان دوای کیمیاباران کردن و هەزاران کاری نەشیاوو سوکایەتی کردن ئاخنراینە گلابەی قول و پانەوە ، واتە دوای دەیان جۆر ئەشکەنجەدان بەگەلآبەو لۆری گەورە بەرو بیابانەکانی مەرگ دەبران، لە هڵبەستەکەدا وێنەی تراژیدیاکەی بەڕوی پیشان داوە ...

منداڵ لەدایك دابڕا

ژن لەمێردی

کچ لەدایك..باوك..برا

ساوا ئەکەوتە ژێر پێوە

پیر ئەتاسا بەدەم ریوە

گوندیش بەتەڕ وشکەوە

بەئاژەڵ وپەلەوە رو

گومەزی بەرزی مزگەوت وهەتا مار ودوپشکەوە

لەئاگر ولەبارووتا

بڵێسەی ئەدا و ئەسووتا

لەم پارچەیەشدا پێمان دەڵێت : لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا شیرازەو چوارچێوەی خێزان هەموو تێک چووە ، ئەوەتا منالّ لەدایک ، ژن لە مێرد ، کچ لەدایك و باوك برا دابڕاوەو هەمووی شپرزەو سەرگەردان بوون ، واتە لە ساتەوەختی ئەنجامدانی ئەنفال دا تەڕو وشك بەیەكەوە بە بێتاوان ڕپێچراون و سوتماككراون ، تەنانەت دەستیان بۆ كاولكردنی مزگەوتەكانیش بردووە، ڕوخاندنی مزگەوت واتە بێ ڕێزی و لەناوبردنی " قورئان"یش دێت، شەرعیەت وەرگرتن لە یەك سورەتی قورئانەوە بۆ سوتاندنی هەموو قورئان و سەرچاوە دینیەكان، ناوهێنانی ئاژەلّ و پەلەوەر لە هەڵبەستەكەدا واتای ترسناكی و هێرشی فراوان و كیمیابارن كردن ئەدات. كۆی ئەو پارچە هەڵبەستە وێنەی تراژیدیایەكی قوڵمان پیشان ئەدات لە تاوانی نەگریسی ئەنفالدا.

ئەی ویژدانی بڵندی مرۆڤایەتی
گوێ رادێرە وماندوو مەبە
بەسەرهاتەكەم ماویەتی
كۆمەڵی بووین هێندەی نفوسی وڵاتێ
نەماندەزانی بیر لەچی بكەینەوە..!
ئاوڕ بەچی بدەینەوە..
هەزار پرسیاری بێ وەڵام
بۆچی ...بۆ كوێ؟
وڕێنە..گریان..حەپەسان..!
سەربازیش وەك مرۆئامێر
بەدوگمەی ئەمر ئەجوڵا
چی دەبینن.. ئەفسانەیە
لەوەتەی مێژوو...مێژووە
تاوانی وا
بەبیركەسا نەهاتووە..

هەڵبەستڤان قسە لەگەڵ خودا دەكات و پێی ڕادەگەیەنێ كە ئەو كەسانەی لە لایەن ڕژێمی سەدامەوە ئەنفالكراون ژمارەیان هێندە زۆرە بەقەدەر ژمارەی وڵاتێكی دیاریكراو . دەڵێ ئەوەندە تاوانەكە گەورەیە لە ئەفسانە دەچێت ، چونكە بەدرێژای مێژووی مرۆڤایەتی تاوانی وا گەورە بەبیر كەسدا نەهاتووەو ئەنجامیش نەدراوە، دیسان بە زمانێكی سادەی هەڵبەستی و وێنەیەكی ڕوون گوزارشت لە گەورەیی تاوانەكە دەكات و باسی بەشداربونی سەربازێكی زۆر دەكات لە لەلایەن بەعسەوە بۆ ئەنجامدانی ئەنفالكردنی كورد.

بیابانێكی تینوە
هەتا چاوبڕدەكات چۆڵە

دەریا..شەپۆلی لمە

گەرمە..تەپوتۆزە...خۆڵە

نەمانزانی

چاڵی قوڵی شۆفڵ هەڵکەن

لەم دەشتە برسی و وشکەدا

دێن..پێشوازیمان دەکەن

دەی گەلابەی

بۆخزمەتی ئاوەدانی دروستکراو

هەڵڕێژە باری گرانت

دەی شۆفڵی

بۆخزمەتو ئاوەدانی دروستکراو

دەم..بخەرەوە فرمانت

دەی..تۆش مرۆڤ

مرۆڤ..مرۆڤ

هەڵیمژە دواهەناسەی

پڕ لەتۆزی کێلە خۆڵی دوژمنانت

تۆ لەکوێ بوویت

ئەی ویژدانی بڵندی مرۆڤایەتی..!

هەڵبەستڤان لەو چەند دێڕەی سەروەدا جیاواز لە پارچەکانی تر باسی بیابانەکانی عێراق دەکات ، کە ڕژێمی سەدام کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی بە گەلابەو ئۆتۆمبیلی بار هەڵگر برد بۆ نوگرەسەلمان و لە بیابانە چۆڵ و لماویەکاندا کە هیچ ئاوەدانیو ئاوو دارو درەختیشی لێ نیە بە شۆفڵی "دروستکراو بۆ خزمەتگوزاری " چاڵی بۆ هەڵکەندو خستنیە ژێر خۆڵەوە ، لەو ساتەشدا هەموو ئەو کەسانەی کە فەرمانی ئەنفالکردنیان بەسەردا درابوو ، دوا هەناسەیان هەڵمژی و ئەنفالکران.

هەندێکیشمان

هەروا بۆ پەندو ناوزڕان

لەبازاڕی دەوڵەتانا

وەك سەردەمی سپارتاكۆس

وەك كاڵای كۆن هەراج كراین

له ئەنجامدانی ئەنفالدا ژمارەیەك لەو كوردانەی كە ئافرەت بوون لەلایەن ڕژێمی سەدامەوە فرۆشران بە ولاّتی میسر ، كە ئەم بابەتە لە زۆربەی سەرچاوەكاندا ئاماژەی بۆ كراوە ، دیسانەوە هەڵبەستڤان لە هەڵبەستەكەیدا جەختی لیّ دەكاتەوەو پێمان دەڵێت: كەسوكارەكانمان بۆ سوكایەتی كردن و پەندو ناوزراندن وەك سەردەمە كۆنەكان فرۆشراون و وەك كالاّ مامەڵەیان پێوەكراوە.

ئەی كۆمەڵەو دامەزراوە مرۆییەكان

ئەگەر بڕواش بەمن ناكەن

ئەوە ٢٠سالّ وزیاتریش

مێژووی زڕۆ وڕەشە كوژی

ئەو ٢٠ سالّ وزیاتریش

مێژووی چەپەڵی وخوێن مژیی

ئەوە خاكێكی سووتاو ئەوە كوردستانێكی وێرانە

ئەوە جەنگی كاولكاری و

ئەوە سیاسەتی كوێرانە

ئەگەر واش بڕواتان نیە

ئەوە ئێسك وكەلەسەر و

چاڵە مرۆیی بیابانی

سنوری كوێت وسعودیە

لەم هەڵبەستەدا و لە پارچەكانی تردا هەڵبەستڤان خۆی خستبوە زەمەنی ئەنجامدانی تاوانەكەوە، بەلاّم لەم چارچەدا لە دوری پاش بیست سالّ باسی ئەنفال دەكات ، قسە لەگەلّ كۆمەڵەو ڕێكخراوە مرۆڤ دۆستەكان دەكات و پێیان ڕادەگەیەنێت كە ئەو ماوە زۆرە كە خاكی كوردستان وێرانكراوە بە جەنگ و كاولكاری و سیاسەتی كوێران، بەڵگە بۆ دڵنیابونیان " بیابان و چاڵەكانی سنوری كۆیت و سعودیەیە كە پڕن لە ئێسك و پروسك و كەلەسەری مرۆڤ"

ئەی نەتەوە یەككگرتووەكان

ووڵاتە دیموكراسیەكان

ئەی كۆمەڵەی مافی مرۆڤ

ئازادیخوازانی جیهان

ئەی ڕیكخراو دامەزاروە مرۆیی كان

ئەگەر تەنها ناوی قەبەو

چەند دروشمی ڕەنگا وڕەنگن

ئەگەر لەئاستی بڕیاری

"بەیەک–کەرەت

هێندەی دانیشتوای وڵاتی مرۆڤ کوژن"

دەستەوەسان وبێدەنگن

نەئێمە دەنگ لەگەڵتانا و

نەئێوەش دەنگ

وەرن گەلانی چەوساوە

لەڕێکخراوێکی نوێدا

سنوردانێنن بۆدەسەڵات

سنور دانێن بۆ زەبرو زەنگ ([1])

دیسان بێدەنگی نەتەوەیەکگرتوەکان و ولاتانی مرۆڤ دۆست و دیموکراسی باس دەکات و بە ناوی قەبەو دروشمی ڕەنگاو ڕەنگ ناویان دەبات ، چونکە لە شالاوی مرۆڤ کوشتن و زیندەبەچاڵکردنی کورددا بێدەنگ بوون و هەڵوێستیان نەبووە بە بەرامبەر " هێندەی دانیشتوانی ولاتێك " قڕکردنی مرۆڤ ، هەڵبەستڤان بەو ولاتانە دەڵێت ئێوە سەرکەوتو نەبوون لە پەیامەکانتاندا و وەرن دیسان ڕێکخراوێکی نوێ دابمەزرێنن و سنوردانێن بۆ زەبرو زەنگ و دەسەلاتە دیکتاتۆرەکان ...

کۆی گشتی هەڵبەستەکە بە زمانێکی هەڵبستی سادەو ناوەڕۆکێکی بەرز گوزارشت لە بەکۆمەڵکوشتنی نەتەوەی کورد دەکات لەباشوری کوردستان ، ئەو کاتانەی کە ئەنفالکران هیچ ولاَت و ڕێکخراوێکی نێو دەوڵەتی بەدەنگ ڕزگار کردنی کوردەوە نەهاتوە ، لە هەلبەستەکەدا بەشی زۆری چیرۆکی ئەنفال بە زمانی هەڵبەست بەریزبەندی باس دەکات، واتە سەرتا لە کیمیاباران و دواتر ڕامالێن و ڕاپێچ کردنی گوندەکان و دواتر بە گەلآبە گواستنەوە بۆ بیابانە لماویەکانی خواروی عێراق و سنوری هەردوو ولآتی " کۆیت و سعودیە"و دواتر بە شۆفلٚ زیندە بەچاڵکردنیان دەکات ، کە لە هەڵبەستەکەدا وێنەی بەشێك لە تاونەکە دەخاتەوە یادمان ، واتە وێنەی هەڵبەستی ڕۆڵی هەیەو بەیەکگرتوی وێنەکە پیشاندراوە.

[1] - لوقمان محمد رەشید ، سکالآی زیندە بەچاڵێ ، گۆڤاری هەشتاو هەشت ، ژمارە (٤)ی سالی ٢٠٠٤ ، ل ٢٤٨

## تەوەری دووەم: ناوەڕۆك و مەبەستەكانی هەڵبەستی ئەنفال لە گۆڤارەكان و بەرهەمی هەڵبەستڤانەكانی ناوچەی گەرمیاندا

### ٢-٢-١: هەڵبەست وەك پەیامی ئەنفال:

ئەدەب ئەو پانتاییەیە كە بەهۆیەوە هەستە تەواو و شاراوەكان گوزارشتیان لێ دەكرێت ، مێژووش لەبەردەم ئەدەبدا ئەو جیهانە پڕ لەزانیارییەیە كە دەبێتە سەرچاوەیەكی باش و كەرەستەیەكی زۆر دەخاتە بەردەم ئەدەب، هەروەها ئەدەب بەگشتی و (شیعر و پەخشان)دوو هۆكاری گرنگە كە واقیعی رامیاری و كۆمەلأیەتی و رۆشنبیری هەر كۆمەڵگایەك نیشان دەدات ، واتە ئەو بوارە گرنگەیە كەلەڕێگایەوە دەتوانرێت لایەنی مێژوویی ڕووداوەكان و سەروەریی و ئاستەكانی تری وەك ڕۆشنبیری سەركەوتن و نوشستی هەر كۆمەڵگایەك دیاری بكات ، كەزۆرجار مەرگەسات و كارەساتی گەورەو بابەتی گەورەو زیندوو دەوروژێنێت كە جێگای مشتومڕو قسەلێكردنە ، بەوپێیەی كەپێناسەیەی (ئەدەب)لەلای هەر میللەتێك بێت بریتییە لە: ( ئاوێنەیەكە ڕووبەڕووی گەل بەتاك و كۆمەڵەوە ئەوەستێ و چی لەناو ئەو گەلەدا هەبێت دەردەكەوێ ) ، لێرەوە ئەركی سەرەكی ئەدەب بریتییە لەو گوێزانەوەیەی واقیع و بابەتی واقیع بۆ ناو سنوریی پەڕەكان و گوێزانەوەی بابەتی سەر پەڕكانیش بۆ ناو سنوریی لێوەرگرتنی خوێنەر و وەرگر كە بەدیویی دووەمی دەقی ئەدەبی ناودەبرێت ،بابەتی ئەنفال و هاتنی بۆناو ئەدەب كارێكی لەخۆوەنەبووە، بەڵكو بەرئەنجامی ئەو واقیعە ڕامیارییەبووە كەهەبووە لەناوچەكەدا، دیارە لەبەردەم خولقاندنی كارەساتێكی لەو شێوەیەدا زمان و هەستەكان دەكەونە گوزارشت و گێڕانەوەی كارەساتەكە بەو دیوەدا كەلەواقیعی نووسەرو شاعیردا بەرجەستە بووە، لێرەوە ئەنفال وەك بابەتێك و كارەساتێكی گەورەكە دژی مرۆڤی كورد كراوە دەبێتە بابەت و بیرێك كەوەك دەزوویەك لەبەردەستی نوسەرو شاعیردا وەهایە تاوەك چنینی ئەو ئارەزووەیان بهێنێتەكایەوە.[١]

نووسەر (حەمە كاكەڕەش) لە كتێبی ( كۆ ڕامانێك لەسەر ئەنفال ) و لاپەڕە (٣) دا دەڵێت " لەبەرامبەر كارەساتی ئەنفالدا هەرچییەك بكرێت كەمە ، كەم بەو مانایەی كەهیچ كتێب و مۆسیقاو شیعر و چیرۆك و شانۆ و ڕۆمانێك جێگای هەڵوەرینی ڕۆحی ئەو هەموو ئینسانەی كورد ناگرێتەوە، من دەزانم زریكەی منداڵ، قیژەی ژن ، ئاهوحەسرەتی پیرەمێرد، ئەمانە نانووسرێنەوەو ڕەسم ناكرێن و بەهیچ ئامێرێك ناژەنرێت" بەلأم لەم نێوەندەدا ڕۆشنبیران و شاعیرانی كورد بەچەندین بەرهەم و بابەت گوزارشتیان لەنەهامەتی و مەزلومییەتی میللەتی كورد لەو كارەساتەدا كرد،كەم هەیە لەتاكی كورد هەستی لەناخەوە بەرامبەر بەو ڕووداوانە نەوروژابێت ،بەلأم ئاشكرایە كەشاعیران بەهەستەوەرترن و زیاتر هەست بەجەوهەریی ڕووداوەكان دەكەن ، بۆیە شاعیرانی كورد بەشێكیان بەرهەمی شیعریان هەیە كە گوزارشت لەو مەرگەسات و كۆمەڵكوژییە دەكەن ، هەروەها شانبەشانی هونەریی

[١] - سەردار محمود، ئەنفال و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبی كوردیدا، چاپخانەی یاد، چاپی یەكەم ٢٠١٤، ل ٢٤

شـيعر هونـەریی پەخشـانیش ڕۆڵێکـی بەرچـاوی هـەبووە لـەناو ئـەدەبیاتی هاوچـەرخی کوردیـدا ، وەزۆرن ئـەو قەڵەمانەی کەتوانیویانە ڕووداوە تراژیدییەکانی کورد لەم ڕێگایانەوە دەرببڕن.

لێرەدا ئێمە لە سەر نمونە شیعریەکان ڕادەوەستین و وێنای ئەنفال لە چوارچێوەی شیعردا سەیر دەکـەین، چـونکە " شـیعر پانتاییـەکی گـەورەی لـە تۆبۆگرافیـای ئـەدەبی کوردیـدا داگیرکـردوە، هەمیشـە لەگـەڵ ڕۆحـی کـورد ئاشـنابووەو لەهـەموو سـەردەمەکاندا بەشـی زۆرینـەی خیتـابی ڕۆشـنبیری کـوردی بـووەو لەگـەڵ هەسـت وسـۆزو ئەندێشە مامەڵەی کردوە،شاعیری کورد لەکێشەو گرفتەکانی سەردەمی خۆیدا دەسـتە پاچـەنەبووەو هـەوڵی داوە یادوەری ڕابردوو لەئیستادا زینـدوو بکاتـەوەو زۆر جـاریش لە(ئیسـتا )دا بۆئاینـدەبڕوانێ، ( ئـەنفال ) شـاعیری بـۆ زەمـەنی ڕابـردوو بـردوەو لەمێشـکی خۆیـدا ئەوسـرودو گۆرانیانـەی سـاڵها مێشـکی ئـازارداوە هەڵبوەشـێنێتەوەو ئارستەیەکی پێچەوانەیی بداتێ" [1]

ئەو شیعرانەی بەزۆری دوای ڕاپەڕین کوکراونەتەوەو لە چاپ دراون، ئەو شاعیرانەش تاوانی ئـەنفال دەگێڕنـەوە بـە تێرو تەسەلی هەستی خۆیان بەرامبـەر بـە گەلەکـەیان و نیشـتمان دەردەبـڕن ، لایـەنی شـیعرەکانیش بـەزۆری لـەم خالانەدا دەردەکەوێت :

١- ئەگەر یەکێك ئەنفالی نەبیستبێ بەهۆی خوێندنەوەی شیعری زۆر لـە شـاعیرانمان تـێ دەگـات و دەزانێـت چیە.

٢- لەگەڵ خوێندنەوەی تاوان و کارەساتەکە باسی هەڵەبجەش دەکرێت، واتە لە زۆربـەی ئـەو شیعرانەی کـە بۆ ئەنفالن کیمیابارانیش تێکەڵکراوە.

٣- زۆربەی ئەو شیعرانە چۆنێتی ڕوداوەکەمان بۆباس دەکات کە چۆن زیندە بەچاڵکراون و نەگەڕاونەتەوە.

## ٢-٢-٢: ناوەڕۆکی هەڵبەستەکان:

ئەو هەڵبەستانەی کە تایبەت بە ئەنفال نوسراون هەمیشە بۆنی گریان و قوربانیان لێ دێت، هەمیشە لە بابەتـە تایبەتکراوەکانی کۆمەڵکوژی دەستەواژی قوربانی کوردو جەلادی سەدام وێناکراوەو لە ناوەڕۆکدا هەمیشـە " عـەلی حەسەن مەجید، نوگرەسەلمان، سەگە ڕەشەکە ، زیلی عەسکەری ، ملەسورە ، قەلای قۆرەتـوو ، جـاش و ...هتـد " ئامادەگیان هەیەو دەلالـەتن بـۆ ڕوداوو گێڕانـەوەکانی نـاو پرسـەکە، واتـە هەڵبەسـتەکان لـە فـۆرمێکی هونـەری بەرزدا دەمانگەڕێننەوە زەمەنی ئەنفال و پێمان دەڵێن کەسوکارمان ، گەلەکەمان بە دەستی ئەمانەو بـەم شـێوازە ئـەنفالکران ، واتـە ئەگـەر کەسـێك زەمـەنی ئـەنفالی نـەدی بێـت و لـە دایـك بـوونی دوای ڕاپـەڕین و دەسـتپێکی دەسەلاتی خۆبەڕێوەبەری بێت ، کاتێك هەڵبەستێکی تایبەت بە ئەنفال ئەخوێنێتەوە یەکسەر هەسـت بـە قورسـای تاوانەکە دەکات و تێدەگات لە ڕابردودا لە زەمەنێکی مێژویدا " پیاو ژن و منداڵی کـورد لـە باشـوری کوردسـتان "

[1] - د. هیمدادی حوسێن ، ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیاتی نوێی کوردی ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی ٢٠٠٨ ، ل ٢٤٨

به دەستی جەلادەکانی ڕژێمێك زیندەبەچاڵكراون ، واتە هەڵبەست بەرگی نەمری ئەکاتـە بـەر ڕوداوەکـانی مێـژوو ، دەکرێت لە هەڵبەستێکدا کۆی ڕوداوەکانی ناو ئەنفال نمایش بکرێت ، بۆ نموونە لە هەڵبەستی (وەرزەکـانی ئـەنفال )ی (سەباح عەلی جاف) دا، بەشێك لە تاوانەکانی دەستی بـەعس لـە ئـەنفال دا و لـە تابلۆیـەکی هەڵبەسـتی دا لـە ساتەوەختی ئەنفال و ساڵی ١٩٨٨ دا دەگوازێتەوە بۆ زەمەنی ئێستامان و لەهەمان کاتتدا خۆیشمان وەك خوێنـەر دەباتەوە هەمان زەمەن، واتە ئەوکاتەی کە زرێپۆشەکانی بەعس لە ئێوارەیەکی وەرزی بەهاردا خەڵکیان بـە تێکـڕا بە گەورەو منداڵەوە ڕاپێچ دەکردو ، خەڵکەکەش بە گریان و سنگ کوتان و هاوارکردن گوزارشتیان لە حاڵی خۆیـان دەکرد، واتە ئەوە ناوەڕۆکی بەرزی هەڵبەستەکەیە وا دەکات ، هەستمان ، ویژدانمان ، زاکیرەمان بباتـەوە بـۆ نـاو مێژوو، دیسان بە تراژیدیاو نەهامەتـەکانی نـاو ئـەنفالمان ئاشـنا بکاتـەوە، لـە هـەمان هەڵبەسـتتدا نـاوی ( بـارق ) هاتوە ، لە ڕێگـەی بـەکار هێنـانی ئـەو نـاوەوە ، زلم و سـتەم و خوێنمـژی و جـەلادی و شـێوازەکانی ئەشـکەنجەو ڕاپێچـکردن و ئـەنفالکردن وێنـا دەکـات ، چـونکە نـاو بـراو وەك فەرماندەیـەکی جـەلادی ڕژێمـی بـەعس، دەسـتی نەباراستوە لە کوشت و ئەنفالکردنی کوردو بەتایبەت گەرمیانیەکان.

– لە هەڵبەستی (بۆنی ژێرپێی سوڵتان دێ )ی هەڵبەستڤان ( تەها سلێمان ) دا ، هەموو بونمان ئاوێتە دەکـات بـە زەمەن و ئازارەکانی ئەنفال ، نووسەر لە بەشێکی تێکستەکەدا باسی "بەرد، دڵرەقی، خولقی تەنگ" دەکات، ئـەم سێ ناوە، سێ بۆ یادەوەری گەرمیانی و گەرمیانیەکان، یادەوەری زۆریـان هەیـە، بـەرد وەك هێمـای ناوچـەیەکی بـەردەلانی و دڵرەقـی وەك بێبـەزەیی و خـولقی تـەنگ وەك ئـەوەی ئینسـانەکان هەمیشـە خولقیـان تەنگـە، وەك بـەرەنجامی تاوانێـك کـە ناخیـانی کرۆشـتوەو هـەڵکۆڵیوە. بـۆ کەسـێك کـە شـارەزایی لەناوچـەی گـەرمیان و کاریگەرییـەکانی ئـەنفال نـەبووبێ، ئاسـان نیـە لـەم تێکسـتە تێبگـات، چـونکە شـاعیر زمـانێکی مـەجازی قـوڵی بەکارهێناوە. ئەوەتا ئەم وشانەی چۆن لەنێو زمـانی قەسـیدەکەدا بەرجەسـتە کـردوە " ڕۆخ، مەلۆتکـە، شـیوەن، نایپەرژێ، سۆز، ئێوارە نشین"، هەموو ئەمانەی بۆ چەمکێکی تاوانەکە گوزارشـت لـێ کـردووە. لـە بەشـێکی تـری هەڵبەسـتەکەدا گوزارشـت لـە بڕیارەکـانی سـەدام و جێبـەجێکردنی لەلایـەن سـەربازەکانیەوە ، نـاوی سـەدامی چواندووە بە سـوڵتان و بڕیارەکانیشـی بـە بـۆنی پێـی مـرۆڤ ، هەڵبەسـتڤان لـە دێڕەکـانی هەڵبەسـتەکەیدا دیسـان زاکیرەمان دەباتەوە بۆ سەردەمی پراکتیزەکردنی کۆمەڵکوژی و لوتکەی تاوان و ئەنفالکردنی کوردو پێمان دەڵێت : تەماشـاکەن کـە سـەربازەکانی سـوڵتان هـاتن و هـەر لێرەدا سـەمای چۆلەکەشـیان سـەربڕی، ئـەوان لـەجیاتی مەمکەمژە، فیشـەکیان خسـتە دەمـی منداڵـان. لـەجیاتی نـان تـاعوون. لـەجیاتی مـاچ گـازی کەڵبـەی پڕزەهریـان. سەربازەکانی سـوڵتان لەهـەر هاتنێکـا بڕیـارێکی (ئـەو) یـان دەهێنـا و پـڕ بـە گـەرووی دڕاوییـان جاڕیـان دەدا بـە قڕکردن و سڕینەوەی مەملەکەتی کـوردی جـێ نشـینگەی هـەزار ساڵەی خـۆی و ڕاپـێچ کردنیـان بـەرەو عەرعـەرو عەرەبستانی لم و وونبون و نەگەڕانەوە.

– لە هەڵبەستەکانی تری تایبەت بە تاوانی ئەنفال دا ، هەموویان ناوەڕۆکیـان گەڕانەوەیـە بـۆ سـاڵی ١٩٨٨ و دەر ئەنجام و بۆماوەیەکانی تاوانەکە ، ئـەوەتا لـە هەڵبەسـتی ( گەرمەشـینێك بـۆ ١٨٢ ڕۆخ ) ی ( عـەلی بیروەنـدی ) و

هەڵبەستی ( بۆنی ژێرپێی سوڵتان دێی ) ی ( تەها سلێمان ) و هەڵبەستی ( لێکترازان )ی هەڵبەستڤان ( ساڵەح هەلاج ) و هەڵبەستی ( وەرزەکانی ئەنفال ) ی ( سەباح عەلی جاف ) و کۆی هەڵبەستەکانی تر کە وەك نموونە لە توێژینەوەکەدا هاتووە ، هەموویان بۆ نەمری ئەنفال و مانەوەی لە زاکیرەی نەوەکانی دوای ئەنفال و پیشاندانی گەورەی تاوانەکەو ئیدانەکردنی ئەنجام دەرانی تاوانەکەو بە ئامانجی خزمەتکردنی نەوەو کەسوکارە دەربوازبوەکانی ئەنفال.

لەناو ئەدەبی کوردیدا ئەوەندەی سەرنجم دابێت تاوانی ئەنفال وەك واقیعێك مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، کە ئەمە بۆ خۆی کێشەیەکی گەورەیە و هێشتا نەنفال لای نووسەری ئێمە نەبووەتە کێشەیەکی فیکری، یان سەرچاوەیەك بێت بۆ داهێنان. بە مانایەکی تر هێشتا ئەنفال لەناو تێکستدا کەرەستەیەکە بۆ بەرهەمهێنانەوەی واقیعێکی هاوشێوەی واقیعی بەردەست، ئەنفالی ناو تێکست، هەمان ئەنفالە، کە لە واقیعدا ڕووی داوە. بە تێگەیشتنی من چەمکی ئەنفال لەناو ئەدەبدا تا لە بەرگە مێژووییەکی دانەماڵرێت و نەکرێتە خەیاڵێك، دواتر ئەو خەیاڵە پارچە پارچە نەکرێت بۆ چەندین وێنەی جیاواز و پاشان ئەم وێنە پارچە پارچانە واقیعێکی نوێی پێ دروست نەکرێ، ئەوە زۆر ئەستمە لەناو ئەدەبی کوردیدا لەسەر تاوانی ئەنفال چاوەڕێی بەرهەمهێنانی دەقێکی جوان بین، چونکە ئەگەر ئەمە نەکرێ ناتوانرێ مانای نوێ هەم لە تاوانەکە، هەم لە وشەکە و هەمیش لە مێژووەکەیدا بدۆزرێتەوە.

کێشەی ئەدەبی ئێمە لەوەدایە، کە پێوەندیی خۆی لەگەڵ مێژوو لەسەر بنەمای گێڕانەوەی ڕووداو لە کات و شوێنی تایبەت بە ڕووداوە مێژووییەکە دادەمەزرێنێت، لە کاتێکدا کات و شوێنی ڕووداوەکە وەك ئەوەی لە واقیعدا ڕووی داوە، سنووردارە، تۆ وەك نووسەرێکی ئەدەبی بۆیە ئەم مێژووە دەگێڕیتەوە، بۆ ئەوەی سنووری کات و شوێن ببەزێنیت و بە یارمەتی خەیاڵی بێسنوورت دەستکاریی کات و شوێنەکەی بکەیت و بیانگۆڕیت.

ناکرێ لە هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەریدا جوانی و ئێستاتیکا لەپێناو گەیاندنی بیرێکدا پشتگوێ بخرێ، کە ئەمە لەناو ئەدەبی کوردیدا نموونەی زۆرە و ئەنفال دیارترینیانە. جیاوازیی لە هەڵبژاردنی بابەتدا دروست نابێ، بەڵکو لە شێوازی ڕوانین بۆ بابەتەکە دەردەکەوێت. هەمووان لەسەر ((عەشق و خۆشەویستی، دابڕان، سەفەر، مردن و چەندین بابەتی تر)) دەنووسین، بەڵام هەر یەك بە تەکنیکی تایبەت بە خۆی، وەك (جەیمس جۆیس) دەڵێت:((دەتوانین بە یەك ملیۆن ڕێگای جیاواز، تاکە ڕووداوێك بگێڕینەوە.)) ئەگەر تاوەکو ئێستا لەناو ئەدەبی نووسراوماندا ئەنفال جیاوازیی دروست نەکردووەو زمانێکی نوێی دەبڕینی بەرهەم نەهێناوە، لەبەر ئەوە نییە، کە خودی بابەتەکە لە توانایدا نییە جیاوازی دروست بکات و زمانی کوردی ناتوانێ ئەمە بکات، نەخێر، بەڵکو لەبەر ئەوەیە بابەتەکە، یان بڵێم تاوانەکە وەك حیکایەتێکی دەیانجار بیستراو دەگێڕدرێتەوە. بۆ نووسەر هەموو بابەتێك وەك یەکە، ئەوە بیرو خەیاڵی ئەوە کام بابەت گەورەو زەق و کام بابەتیش بچووك و بێبایەخ دەکات. بە واتایەکی تر لای نووسەری کورد تاوەکو ئێستا چەمکی ئەنفال بیرکردنەوە نەبووە، بەڵکو گێڕانەوەی حیکایەتێك بووە، سرووشتی حیکایەتیش وایە بابەتێك وەك ڕووداوی مێژوویی لە سەرەتاوە بۆ ناوەڕاست و دواتریش بۆ کۆتایی، بێ گۆڕانکاری، دەگێڕدرێتەوە. ئەگەر زانیمان بیرکردنەوە جیاوازی لە نووسین و دەربڕیندا دروست

دەكات، ئاسان دەتوانین لەوە بگەین، كە بۆ ئەنفال هێشتا لە ئەدەبی ئێمەدا نە سەرچاوەی داهێنان بووە، نە زمانی نوێ كردووەتەوەو نە بووەتە كێشەیەكی فیكرییش. نووسەر كە نەیتوانی بیر بكاتەوە، ئەوە دروستكردنی زمانێكی تایبەت بە خۆی، دەبێتە مەحاڵ. لە بنەڕەتدا هەموو خەیاڵێك لەناو زماندا جێگەی دەبێتەوە. ‹هایدیگەر› پێی وایە ‹‹زمان ماڵی بوونە.›› سەرچاوەی بوونیش خەیاڵە. ئەو هەموو دەقە ئەدەبییە لەسەر تاوانی ئەنفال دەخوێنینەوە، كەچی لە چەند تێكستێكی كەمیانیاندا نەبێت، هەست بە جیاوازی ناكەین.

لە ئەدەبی كوردیدا وشە و واتای ئەنفال زیاتر لە شیعردا ڕەنگی داوەتەوە، كە من لەو باوەڕەدام هۆی كوشتنی واتای ئەنفال و بەرهەمنەهێنانی مانایەكی تازە بۆ چەمكەكە و نەبوونی بە یادەوەرییەكی جێگیر، هەر پێوەندیی بەوەوە هەیە، كە دەنگی شیعر لەناو ئەدەبی ئێمەدا تا ڕادەیەك لە هەموو ژانرەكانی تری ئەدەب زاڵترە، كە لە بەشی زۆری شیعرەكانیشدا زیاتر گلەییكردن لە بەختی كورد، نیشاندانی ناشیرینیی ڕژێمی بەعس، قوربانی و جەلاد، فریشتە و ئەهریمەن هەست پێ دەكرێ، كە ئەم وێنانە هەمان وێنەی دووبارە و بینراوی ناو واقیعن و وێنەیەكی نوێیان لێ بەرهەم نەهێنراوە. لە ئەدەبی گێڕانەوەیشماندا ‹چیرۆك و ڕۆمان› كەمترین بابەتی ئەنفال دەبینینەوە، چونكە ئەم دوو ژانرە لەناو مۆدێرنەدا سەریان هەڵداوە و ئێمە كەمتر سوودمان لێیان وەرگرتووە بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەكانی ڕابردوو و مێژووی نەتەوەییمان.

هەموو ئەم بۆچوونانە وام لێ ناكەن بڕیاری ڕەها لەبارەی نەبوونی دەقێكی جوان لەناو ئەدەبی كوردیدا سەبارەت بە تاوانی ئەنفال بدەم، بەڵكو مێژووی ئەدەبی كوردی تێكستی قووڵ، جیاواز و جوانی لەو بارەوە بەرهەم هێناوە، چونكە ئەو بەرهەمانە ڕاستەوخۆ نا، بەڵكو ناڕاستەوخۆ كاریان نوێكردنەوەی مانای ئەنفال و كاریگەرییەكانی لەسەر تاكی كورد كردووە، بەڵام هێشتا ئەمە لە ئاستی گەورەیی تاوانەكە، یان تراژیدیاكەدا نییە، یانیش زۆر كەمترە.[١] بەشێكی زۆری ئەو هەڵبەستانەیش كە لە گۆڤارە كوردیەكانی ناوچەی گەرمیاندا بڵاو بونەوە ، هەڵبەستی ناو خەیاڵ نین ، بەڵكو دەقاو دەق زەمەنی ئەنفالیان گواستۆتەوە بۆ ئێستا.

بۆ نموونە ئەم پارچە هەڵبەستەی ( ساڵح هەلاج)ی شاعیری گەرمیانی كە لە یەكێك لە گۆڤارەكانی ناوچەی گەرمیاندا بڵاو بوەتەوە ، دەڵێت:

ئیڤا قەتارەی بەستبوو

هەر مناڵ و هەرزەكاربوو

هەر كچی گەردن گوڵخونچەی نەترازاو بوو

گەورەو بچوك وەكو جەڵەب باریان دەكرد

زووكەن ، بڕۆن ، فریاكەون

دەڵێن سوڵتان لە دورگەوە

---

[١] - كاروان محەمەد فەتاح ، ئەنـــفال" خەیاڵێك لەناو واقیع، واقیعێك لەناو ئەدەبی كوردی ، ماڵپەڕی دەنگەكان ، http://www.dengekan.info/dengekan/liteature/20238.html

دورگەی پیرۆز

بەرەو ئێرە تەشریف دێنیٚ

لە عەرعەرو نوگرە سەلمان

لە لای حەجاج

توڕەبووە ، سەگە ڕەشی لە برسانا دەقوزێنیٚ

زووکەن ، برِۆن ، بۆ پێشوازی

گەر زوو نەکەن

خوا غەزەبی گەورەترتان بەسەر دێنیٚ...[1]

لێرەدا دیارە کە شیعر تەنها پەیامی ڕابردوی وەك واقیع هەلگرتووە ، بازی نەداوە بەسەر واقیعداو لە ناو خەیاڵدا جێگەی خۆی نەکردۆتەوە ، واتە هەر تەنها شیعر وەك دەرچەیەك بۆ خۆ خاڵیکردنەوە لە ڕابردوو، دیسان لەبیرنەکردن و نمایش کردنی وێنەکانی ناو ئەنفال وەك خۆی .

ئەمەش بەمانای ئەوە نایەت کە هەڵبەست یان دەقێکمان نیە ڕامان دروست کات ، یان واقع تێکەڵ بە خەیاڵ بکات و لەناو خەیاڵەوە دیسان ئەنفال وێنا بکاتەوە ، بەلاّم ئەو دەق و هەڵبەستانە زۆر کەمن و بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن . کاتێك دەڵێین هەڵبەستی ئەنفال دەقاو دەق باسی واقع دەکات ، زیاتر مەبەستمان ئەو هەڵبەستانەیە کە لە گۆڤارەکاندا هاتوون ، گۆڤارەکانیش نموونەن بۆ هەڵبەستی ئەنفال بەشێوەیەکی گشتی ، لێرەدا پارچە هەڵبەستێکی تر وەك نمونەیەکی جیاوازتر لە هەڵبەستەکانی ناو گۆڤارەکان دەخەینە ڕوو.

– نمونەیەکی تری هەڵبەستڤانێکی گەرمیانی بەناوی (فەرهاد شاکەلی) ، لە هەڵبەستی ( بەردەنوێژ) دا ، تاوانی ئەنفال دەخاتەوە یادمان و لە چاوی هەڵبەستەوە کار لەسەر بەزیندو هێشتنەوەی ئەنفال و بەکۆمەڵکوشتی کورد دەکات...

لەسەر بەردە نوێژێك لەو گەرمیانە

بەردێك بەجیٚ مابوو

نەیدەزانی نوێژی شەشەم بووە یا هێشتا ماویەتی

نوێژێك بەدوای بەردیکدا دەگەڕا

حەز بکات فێری بانگدان بێت

لەسەر بەردە نوێژێك

بەردێك و نوێژێك یەکتریان بانگ دەکرد

یەکیان نەدەبیسی

[1] - سالح هەلاج ، پرسە گێڕ، بەشی دووەمی قەسیدەی لێك ترازان، گۆڤاری هەشتاوهەشت،– ژمارە (١١) ، چاپخانەی کوردستان– بەهاری ٢٠٠٩، ل ٢٦١

گوێیان لە بانگی یەکتر نەبوو

یەکتریان نەدەناسی. [1]

هەڵبەستڤان بەردێکی کردوە بە تابلۆی نمایشی تاوانی ئەنفال ، ئەوەتە لە ڕێگەی بەردە نوێژەوە تراژیدیای ئەنفال و خوێنی بە ناحەق ڕژاوی کوردی خستۆتەوە بەرباس، دڕندەی بەعس و سەدام وێنا دەکات و باس لە ساتەکانی ئەنجام دانی تاوانەکە دەکات ، لە زمانی هەڵبەستەکەوە هەڵبەستڤان پێی وایە کە ئەنفالکردنی کورد بوە هۆی تێکدانی شیرازەی کۆی کۆمەڵگا بە دینیشەوە ، ئەوەتە باسی نوێژی شەشەم دەکات، کە لە ئاینی ئیسلام دا نوێژی شەشەم نیە ، ئەوەش مانای تێکدانی پایەکانی ئاینە ، چونکە بەعس لە ئەنجامدانی تاوانەکەدا خۆی دابوە پاڵ خوداو ئاین بۆ ئەوەی وڵاتانی ئیسلامی بێدەنگ بن و دواجار کۆی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی پێ بێدەنگ بکات.

پارچە هەڵبەستەکە هەڵبەستێکی کراوەیەو زیاتر ناوەڕۆکێکی بەرزی هەیەو ئاماژە بەتاوانەکانی ناو ئەنفال و بەتایبەت ناوچەی گەرمیان دەکات.

## ٢-٢-٣: مەبەستی هەڵبەستەکان:

هەڵبەستڤان کە هەڵبەست دەنوسێت ، مەبەستێکی هەیە و بە ئامانجێك دەی نوسێت ، نوسەران و هەڵبەستڤانانی بواری تاوانی کۆمەڵکوژی و جینۆساید کۆ بەرهەمەکانیان لە پێناو خستنەوە بەرچاوو مانەوەی لە زاکیرەی تاکەکانی کۆمەڵ و پیشاندانی گەورەی تاوانەکەیە ، بەشێك لە هەڵبەستەکان بە ئامانجی خزمەتکردنی دەربازبوەکانی ئەنفال و ڕێنمایی دەسەڵات نوسراون ، بۆنموونە لە هەڵبەستی ( بۆنی ژێر پێی سوڵتان دێ )ی هەڵبەستڤان ( تەها سلێمان ) دا تا شەرحی سەقەت و سقوتی ئەلف و بێ ی کتێبی پۆلی یەکی سەرەتای دەکات لە دوای ئەنفالیش وێنەی سەدام لەبەرگی یەکەمی بووەو ئەو سەرۆکە جەلادە و وێنەکەشی وەك (چاو) لە لاپەڕەی یەکەمدا پارێزراوە، شاعیر تکا لەبەرد دەکات بیدوێنێ، واتە لە ڕێی ( بەرد )ەوە مەبەستەکە ئاراستەی دەسەڵاتی باشوری کوردستان دەکات و پێمان بڵێ: دوای تاوانی ئەنفالیش، دوای ئەنجامدانی تاوانەکە، کەچی لە کتێبی ئەلف و بێی پۆلی یەکی سەرەتاییدا، هێشتا وێنەی "سەدام" وەك گەورە تاوانبار ماوە، ئەمە بۆ ئێستا نا، بەڵکو ڕەخنە شیعرییەکەی شاعیر لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکان تا ناوەڕاستی نەوەدەکانە.

---

[1] - فەرهاد شاکەلی ، ئەم چرایە دلم ڕوناك دەکاتەوەو تەمەنم دەسوتێنێ، چاپی یەکەم– هەولێر ٢٠٠٦، ل ٣١

## ٢-٢-٤: ئەنفال ، لە هەڵبەستەکانی هەڵبەستڤانانی ناوچەی گەرمیان دا:

تاوانی ئەنفال، ئەوەندە گەورەیە لە هەر سوچێکی ژیانەوە لێی بروانی ئامادەگی هەیەو ئازار نمایش دەکات ، ئەو ئازارانەش لە هەموو کەس و ناوچە زیاتر بە گەرمیان و گەرمیانیەکاندا ڕۆچووە ، بۆیە نوسەران و ئەدیبانی ناوچەی گەرمیانیش زیاتر لە هەرلایەك هەستیان بەو ئازارە کردوەو لەسەر ئەنفالیان نوسیوە.

لە ئاستی ئەدەبیشدا زۆر ناوی دیارو شاعیری گەورەن، کە دوای تاوانی کیمیابارانی شاری هەڵەبجەو تاوانی ئەنفال و بەربەریستانەی رژێمی بەعس لە ساڵی ١٩٨٨، تێکستی ئەدەبیان لە رۆمان و چیرۆك و هەڵبەستیان نوسیوە، ئەو هەڵبەست و تێکستانەی ئەوان، ئێستا بوە بەشێك لە خەرمان و کلتووری شیعری لە باشووری کوردستان. بەڵام زیاتر بەرهەمەکانی نوسەرانی ناوچەی گەرمیان سیمای ئەدەبیاتی ئەنفالیان بە قوڵی و وەکخۆی دەقاودەق پێوە دیارە ، واتە لە هەڵبەست و پەخشانە ئەدەبی و ڕۆژنامەنوسیەکاندا هەمیشە واقع و ڕابردوو بە نەمری و زۆر جار بەبێ ڕۆڵی خەیاڵ وێنەیەکی دیارو هەمیشە لەبەرچاوە ، بۆیە نوسەرانی ناوچەی گەرمیان هەندێك جیاوازترن لە نوسەران و ئەدیبانی تری ناوچەکانی تری کوردستان.

لە ڕابردوداو لەسەر مژاری ئەنفال و جینۆسایی گەلی کورد زۆر بەرهەمی ئەدەبی جوان و پڕ بایەخ نوسراون ، وەك بیرخستنەوەیەك لێرەدا هەندێ لە ناوی هەڵبەستڤانەکان و بەرهەمەکانیان دەخەینە بەرچاو، لەوانە " شێرکۆ بێکەس_قەسیدەی دەربەندی پەپولە، قەسیدەی گۆڕستانی چراکان، ڕەفیق سابیر_ قەسیدەی لاوکی هەڵەبجە، جەمال غەمبار_ قەسیدەی وەرزە ئاڵەکانی عەدەم، ساڵح هەلاج_ هەردوو قەسیدەی لێکترازان و پرسە گێڕ، دلاوەر قەرەداغی_ مناڵێك لەوێوە هات وای وت، ڕێبوار سێوەیلی_ قەسیدەی زمانی عیشق، زەمەنی ئەنفال، لەتیف فاتیح فەرەج_ قەسیدەی سەوزە، عیسا چیایی_ قەسیدەی ئەنفال، تەها سلێمان_ قەسیدەی حیکاتەکانی ئەنفال، بۆنی ژێر پێی سوڵتان دێ، سووتان بە بۆنی بارانی نامۆبوون، خالد سلێمان_ دەفتەری حالات کوردیە جدەن ، سەرکۆ محمد رۆستەم – پرسیار دوای ئەنفال" و چەندین نووسەرو شاعیری تریش.

تاوانی ئەنفال تاوانێکی ئاسایی و لە خۆوە نەبوو ، بەڵکو گەورەترین تاوانی مێژووی بوو لەسەدەی ڕابردووداو لەسەر دەستی دڕندەترین سوپا ئەنجام درا ، کە کاریگەری و ئاسەوارەکانی هەتا دەیان ساڵی تر بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و کشتوکاڵی و کلتوری و ئەدەبی و زمان و جوگرافیای کوردو کوردستانەوە دەمێنێت.

ڕژێمی بەعس بەسود وەرگرتن لە بێدەسەلاتی کورد کە نەتەوەیەکی بێ بەرگری بوو ، لەگەڵ سود وەرگرتن لە بێدەنگی وڵاتانی دنیاو خۆدانە پاڵ قورئانی پیرۆزو خوێندنەوەی جیاواز بۆ پەیامەکانی خودا ، ڕەوایەتی دا بە خۆی کە (١٨٢) هەزار مرۆڤ ڕاپێچ و جینۆساید بکات و لەسەر زێدی باوباپیرانی خۆی بیسرێتەوە، هەڵکەندنی بەشێکی زۆر لە نەتەوەیەك و بردنی بۆ بیابانەکانی عێراق و خستنە ژێر خۆڵ و لمەوە ، تاوانێکی هێندە گەورەیە کە بۆ هەتا هەتایە لە بیر نەچێت و کاریگەری و زیانەکانی لە مێشکی نەتەوەی ئەنفالکراودا بزرنگێتەوە.

ئەنفال هەر ئەوەنیە کە تەنها تاکی کوردی بوبێتە قوربانی ، وەك ژمارەی دانیشتوان و ڕێژەی قوربانی کە لەبۆنەو ژێدەرەکاندا باسی لێوە کراوە، بەڵکو ئەنفال ناسنامەی گەلی کوردیشی لەگەڵ خۆیدا ڕاپێچ کرد، واتە ئەنفال تەنها قڕکردنی جەستەی نەبوو بەڵکو قڕکردنی شوناسی نەتەوەی کوردیش بوو.

شاعیران و نوسەران وە کەسانێکی زیاتر بەئاگاو بەهەڵوێست زیاتر لە چینەکانی تر کاریگەری ئەوتاوانەیان پێوەدیارە ، ئەوەتا چەندین بەرهەمی شیعریان بۆ ئەنفال نوسیوە ، ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە کە ئەنفال ڕۆچوەتە ناو ئەدەبیات و فەرهەنگمانەوە، لەناوشاعیراندا گەلێك بەرهەمی بەپێز نوسراون .

چونکە شیعر کاروانێکە لەقۆناغەکانی سەردەمدا لێکدانەوەی خەم وژان و خۆشی و ناخۆشیەکانی سەردەم دیاری دەکات. گوتاری شیعری کاریگەری قۆناغ وساتەکان بەرجەستە دەکەن، بەڵام کەمیان توانیویانە پەنجە بۆ ژان و ئازارەکانی ئەو کارەساتە درێژ بکەن. گەر شیعر خۆی بۆت نەیەت ناکرێ بەو شیعرەی کاریگەری هەبێت بەسەر خوێنەر وگوێگردا، (سالەح هەلاجی ) شاعیرو کەسوکار ئەنفالکراو دەڵێت: من خۆم لەو تاوانەدا ئێش وئازاری زۆرم چێشتووە، بۆیە ئەو شیعرانەی کاریگەری بەسەر مندا هەبێت ئەو دەقانەیە خودی خۆم هەمیشە لەهەستەکانمدا ماخولائیانە، هەمیشە وێنەیەکی دیارو نەبچڕوان لەبەر چاومدا، کەسەکان، وێنەکان، دەنگەکان، دیمەنەکان، بانگم دەکەن لەپشتمەوە نایەن هەمیشە بەر ورووم دێن.

نوسەران و هەڵبەستڤانانی ناڤداری کوردستان و بەتایبەت ناوچەی گەرمیان گەلێك هەڵبەستیان بۆ تراژیدیای ئەنفال و کۆمەڵکوژی کورد نوسیوە.لێرەدا ئێمە لە سەر بەشێك لە نموونەی هەڵبەستەکانیان ڕادەوەستین و وێنای ئەنفال لە چوارچێوەی هەڵبەست دا سەیر دەکەین، چونکە " هەڵبەست پانتاییەکی گەورەی لە تۆبۆگرافیای ئەدەبی کوردیدا داگیرکردوە، هەمیشە لەگەڵ ڕۆحی کورد ئاشنابووەو لەهەموو سەردەمەکاندا بەشی زۆرینەی خیتابی ڕۆشنبیری کوردی بووەو لەگەڵ هەست وسۆزو ئەندێشە مامەڵەی کردوە، هەڵبەستڤانی کورد لەکێشەو گرفتەکانی سەردەمی خۆیدا دەستە پاچەنەبووەو هەولی داوە یادوەری ڕابردوو لەئیستادا زیندوو بکاتەوەو زۆر جاریش لە(ئیستا )دا بۆئاینده بروانێ، ( ئەنفال ) شاعیری بۆ زەمەنی ڕابردوو بردوەو لەمێشکی خۆیدا ئەوسرودو گۆرانیانەی سالها مێشکی ئازارداوە هەڵبوەشێنێتەوەو ئاڕستەیەکی پێچەوانەیی بداتێ"

لەناو هەڵبەستڤانان دا زیاتر ئەوانە هەڵبەستیان نوسیوە کە خەڵکی ناوچەکانی ئەنفالکراو بوون ، بەتایبەتی ناوچەی گەرمیان ، چونکە ئەنفال بەشێك بوە لە جەستەی ئەوان و ڕاستەوخۆ لە ناو ڕوداوەکانی ئەنفالدا بوون و ژیاون، بەزۆریش هەر گەرمیانیەکان کار لەسەر بابەتەکانی تری ئەنفال دەکەن لە هەموو ڕوەکانەوەو بەتایبەتیش ئەدەبیات.

ئێمە لێرەدا چەند نمونەیەك لە هەڵبەستەکانی سێ هەڵبەستڤانی ناوچەی گەرمیان وەر دەگرین ، کە نمونەیەکن لەو هەڵبەستڤانە گەرمیانیانەی کە هەمیشە بە هەڵبەست تاوان و زوڵمی بە ناحەق کراوی سەر گەلەکەیان خستۆتە ڕوو، لەگەڵ ئەوەش دا ئەنفالی ناوچەی گەرمیانیان بەتایبەت باسکردوە. ئەوانیش هەڵبەستڤانان " تەها سلێمان ، سالەح هەلاج ، سەرکۆ محمد ڕۆستەم"ە کە هەمیشە هەڵبەستەکانیان و ئەوانەی تایبەت بە ئەنفال

نوسراون هەمیشە بۆنی گریان و قوربانیان لێ دێت، هەمیشە لە بابەتە تایبەتکراوەکانی کۆمەڵکوژی دەستەواژی قوربانی کوردو جەلادی سەدام وێناکراوەو لە ناوەڕۆکدا هەمیشە " عەلی حەسەن مەجید، نوگرەسەلمان، سەگە ڕەشەکە ، زیلی عەسکەری ، ملەسورە ، قەلاَی قۆرەتوو ، جاش و ...هتد " ئامادەگیان هەیەو دەلالەتن بۆ ڕوداوو گێڕانەوەکانی ناو پرسەکە، واتە هەڵبەستەکان لە فۆرمێکی هونەری بەرزدا دەمانگەڕێننەوە زەمەنی ئەنفال و پێمان دەڵێن کەسوکارمان ، گەلەکەمان بە دەستی ئەمانەو بەم شێوازە ئەنفالکران ، واتە ئەگەر کەسێك زەمەنی ئەنفالی نەدی بێت و لە دایك بوونی دوای ڕاپەڕین و دەستپێکی دەسەلاَتی خۆبەڕێوەبەری بێت ، کاتێك هەڵبەستێکی تایبەت بە ئەنفال ئەخوێنێتەوە یەکسەر هەست بە قورسای تاوانەکە دەکات و تێدەگات لە ڕابردودا لە زەمەنێکی مێژویدا " پیاو ژن و منداڵی کورد لە باشوری کوردستان " بە دەستی جەلادەکانی ڕژێمێك زیندەبەچاڵکراون ، واتە هەڵبەست بەرگی نەمری ئەکاتە بەر ڕوداوەکانی مێژوو ، دەکرێت لە هەڵبەستێکدا کۆی ڕوداوەکانی ناو ئەنفال نمایش بکرێت ، بۆ نموونە: لە هەڵبەستی (بۆنی ژێرپێی سوڵتان دێ )ی هەڵبەستڤان ( تەها سلێمان ) دا ، هەموو بونمان ئاوێتە دەکات بە زەمەن و ئازارەکانی ئەنفال ، نووسەر لە بەشێکی تێکستەکەدا باسی "بەرد، دلرەقی، خولقی تەنگ" دەکات، ئەم سێ ناوە، سێ بۆ یادەوەری گەرمیانی و گەرمیانیەکان، یادەوەری زۆریان هەیە، بەرد وەك هێمای ناوچەیەکی بەردەلانی و دلرەقی وەك بێبەزەیی و خولقی تەنگ وەك ئەوەی ئینسانەکان هەمیشە خولقیان تەنگە، وەك بەرەنجامی تاوانێك کە ناخیانی کرۆشتوەو هەڵکۆلیوە. بۆ کەسێك کە شارەزایی لەناوچەی گەرمیان و کاریگەرییەکانی ئەنفال نەبووبێ، ئاسان نیە لەم تێکستە تێبگات، چونکە شاعیر زمانێکی مەجازی قوڵی بەکارهێناوە. ئەوەتا ئەم وشانەی چۆن لەنێو زمانی قەسیدەکەدا بەرجەستە کردوە " ڕۆخ، مەلۆتکە، شیوەن، ناپەرژێ، سۆز، ئێوارە نشین"، هەموو ئەمانەی بۆ چەمکێکی تاوانەکە گوزارشت لێ کردووە. لە بەشێکی تری هەڵبەستەکەدا گوزارشت لە بڕیارەکانی سەدام و جێبەجێکردنی لەلایەن سەربازەکانیەوە ، ناوی سەدامی چواندووە بە سوڵتان و بڕیارەکانیشی بە بۆنی پێی مرۆڤ ، هەڵبەستڤان لە دێرەکانی هەڵبەستەکەیدا دیسان زاکیرەمان دەباتەوە بۆ سەردەمی پراکتیزەکردنی کۆمەڵکوژی و لوتکەی تاوان و ئەنفالکردنی کوردو پێمان دەڵێت : تەماشاکەن کە سەربازەکانی سوڵتان هاتن و هەر لێرەدا سەمای چۆلەکەشیان سەربڕی، ئەوان لەجیاتی مەمکەمژە، فیشەکیان خستە دەمی منالان. لەجیاتی نان تاعوون. لەجیاتی ماچ گازی کەڵبەی پڕژەهریان. سەربازەکانی سوڵتان لەهەر هاتنێکا بڕیارێکی (ئەو) یان دەهێنا و پڕ بە گەرووی دڕاوییان جاڕیان دەدا بە قڕکردن و سڕینەوەی مەملەکەتی کوردی جێ نشینگەی هەزار ساڵەی خۆی و ڕاپێچ کردنیان بەرەو عەرعەرو عەرەبستانی لم و وونبون و نەگەڕانەوە.

هەڵبەستڤان کە هەڵبەست دەنوسێت ، مەبەستێکی هەیەو بە ئامانجێك دەی نوسێت ، نوسەران و هەڵبەستڤانانی بواری تاوانی کۆمەڵکوژی و جینۆساید کۆ بەرهەمەکانیان لە پێناو خستنەوە بەرچاوو مانەوەی لە زاکیرەی تاکەکانی کۆمەڵ و پیشاندانی گەورەی تاوانەکەیە ، بەشێك لە هەڵبەستەکان بە ئامانجی خزمەتکردنی دەربازبوەکانی ئەنفال و ڕێنمایی دەسەلاَت نوسراون ، بۆنموونە لە هەڵبەستی ( بۆنی ژێر پێی سوڵتان دێ )ی

هەڵبەستڤان ( تەها سلێمان ) دا تا شەرحی سەقەت و سقوتی ئەلف و بیٚ ی کتێبی پۆلی یەکی سەرەتای دەکات لە دوای ئەنفالیش وێنەی سەدام لەبەرگی یەکەمی بووەو ئەو سەرۆکە جەلادە و وێنەکەشی وەك (چاو) لە لاپەڕەی یەکەمدا پارێزراوە، شاعیر تکا لەبەرد دەکات بیدوێنیٚ، واتە لە ڕێی ( بەرد )ەوە مەبەستەکە ئاراستەی دەسەلآتی باشوری کوردستان دەکات و پێمان بلیٚ: دوای تاوانی ئەنفالیش، دوای ئەنجامدانی تاوانەکە، کەچی لە کتێبی ئەلف و بێی پۆلی یەکی سەرەتاییدا، هێشتا وێنەی "سەدام" وەك گەورە تاوانبار ماوە، ئەمە بۆ ئێستا نا، بەڵکو رەخنە شیعرییەکەی شاعیر لە سەرەتای سالآنی نەوەدەکان تا ناوەڕاستی نەوەدەکانە.

هەلاجی هەڵبەستڤانیش لە پارچەیەکی هەڵبەستێکی دا باس لە ( ئیڤا دەکات، واتە وەك دەبینرێت حکومەتی دڕەندەی بەعسیش بەهەموو پێداویستیەکی جەنگیەوە کەوتبووە گیانی ئەو خەڵکە بێتاوانە، بۆ ئەو مەبەستەش (ئیڤا) ئەو سەیارە گەورانە بوو بەکاریان ئەهێنا بۆ گوێزانەوەی ئەنفالەکان کەهەروەکو فارغۆنی شەمەندەفەر قەتاریان بەستبوو ، مەبەستی لەزۆری ئەو کەسانە بوو، کە ئەنفال دەکران واتە خەڵکەکە ئەوەندە زۆر بوو ئیڤا ڕیزی بەستبوو بۆیان هەر منداڵ و هەرزەکار وکچی پاکیزە و بێگەردی کوردو گەورە و بچوك وەکو جەڵەبی حەیوان باردەکرانو دەبران، بۆ ئەو شوێنانەی بۆیان دەستنیشان کرابوو وەکو عەرعەر و نوگرەسەلمان...هتد

دیسان هەلاج گویٚ لە( چەم ) دەگرێت ، چەم واتە" ئەو ئاوە بەخوڕەیە کە ڕیٚ دەکات و لە ڕوبار بچوکترەو لە جۆگە گەورە ترە، زۆرجار لەکاتی باراندا دروست دەبێت یان . چەم بە هەڵبەستڤان دەڵیٚ" گەر نالی شاعیر ئالێرەوە بەرەو ولآتی غەریبان بڕوا و ئەم هەموو حەبیبەی(گەرمیان) ببینیٚ، کەئەنفالکراون، تەواو هەموو ئەو شیعرانەی ، کەبۆ حەبیبەی مەعشوقی نوسیویەتی دەیسوتێنی ووونی دەکات، چونکە تاوانی لێکدابڕانی ئەو هەموو خۆشەویستە ئەوەندە تراژیدیایەکی بەسام و گەورەیە لەباسکردن نایە.

سەرکۆ جافیش لە هەڵبەستەکەیدا ، وێنەی وەرزی بەهارمان پیشاندەدا لە کاتی شالآوەکانی ئەنفال دا ، کۆی ئەو سوتماك و وێرانەو تراژیدیاو بەشێکی زۆری ساتەوەختی ئەنفال دەخاتەوە یادمان کە لە زەمەنی خۆیدا نوسراوە.

لە بەشێکی تری هەڵبەستەکەدا ، لە چوارچێوەی گفتوگۆکەیدا دەپرسیٚ : " ئەگەر وتیان کانیاوەکان وەکو خوێنن، بلیٚ نەخێر لە مێژەوە هەموو کوێرن" واتە لە مێژەوەو کانیاوەکانیان وشك کردوە ، وشککردنی کانیاوەکان واتە سڕینەوەی دەغل و دان و سەوزایی و برسی کردنی مەڕومالآت و دواجار مرۆڤەکانیش. چونکە لە ڕێگەی هەڵبەستەکەوە هەڵبەستڤان پێمان دەڵێت: هەموو شتەکان ئاوەڕوو بونەوەتەوە .

هەرسیٚ هەڵبەستڤانەکە دەقاودەق زەمەنی ئەنفال وەك خۆی دەگێڕنەوە، واتە ڕوداوو چۆنێتی ئەنجامدانی تاوانی ئەنفال " هەر لە ڕاگواستنیان و ڕاگرتنیان لە بەدینخانەکانداو چۆنێتی زیندە بەچاڵکردنیان" لە هەڵبەستەکاندا وەك دیکۆمێنت گێڕدراوەتەوە.

وەك نمونەیەك بۆ وەك یەكی و هاوشێوەیی ناوەڕۆكی هەڵبەستەكان و هاوكات بۆ خستنە بەرچاوی بەشێك لە هەڵبەستەكانی هەڵبەستڤانانی ناوچەی گەرمیانی ئەنفالكراوو دواتر پیشاندانی ئەنفال لە ئەدەبیات داو هەڵبەستیش وەك بەشێك لە ئەدەبیات، چەند نموونەیەك لە هەڵبەستەكانی تایبەت بە ئەنفال شرۆڤە دەكەم.

ا– لێرەدا شرۆڤەو شیكردنەوە لە بەشێكی ئەو هەڵبەستانەی ، هەڵبەستڤان " تەها سلێمان" دا دەكەم ، بەتایبەت ئەو هەڵبەستانەی كە بۆ تاوانی نەگریسی ئەنفال نوسیویەتی و وەك پەرتوك بلاوی كردۆتەوە.
لە كۆتێكستی "سووتان بە بۆنی بارانی نامۆبوون"دا، شاعیر هەموو ناونیشانەكانی كردوەتە ناوی "قوربانی"، كە ئاشنایەتیەكی زۆری لە گەڵیان هەبوە، پاشان هاتوە بە تێكەڵەیەك لە تەكنیكی نوێی "شیعر، چیرۆك، پەخشان، مەنەلۆجی داخلی"، بە زمانێكی پاراو لە زۆرترین وێستگەكانی ناو كۆتێكستەكە راماندەگرێ و پێمان دەڵێ، تا تێكستەكە نەخوێننەوە ناتوانن لێرە بڕۆن.

## – پاڵەوان لە تێكستی سووتان بە بۆنی بارانی نامۆبووندا:

یەك پاڵەوان لە تێكستی سووتان بە بۆنی بارانی نامۆبووندا، بەڵكو چەندین پاڵەوان رۆڵی جیاجیا لە رێگای زمان و تەكنیك و وێنەی شیعرییەوە، ئامادەبوونیان هەیە. بەلام شاعیر دێت و لە پێكەوە گرێدان و تەكنیكێكی بالادا، هەموو پاڵەوان بە پاڵەوانێكی سەرەكیەوە دەبەستێتەوە، هەروەك ناشیەوێ رۆڵی هەر پاڵەوانێك نادیدە بكات و مافی خۆیان پێدەدا.
رەنگە درووست بێ بپرسین، كەواتە ئەو پاڵەوانە سەرەكیە كێیەو بۆچی لەبەرایی یان ناوەڕاست یان كۆتایی هەر تێكستێكدا، ئەم پاڵەوانە سەرەكیە رۆڵی هەیە، یان بەلایەنی كەم پاڵەوانە سەرەكیەكە لە یادەوەری پاڵەوانەكانی تری تێكستەكەدایە؟ لەسیاقی بەردەوامبوون دەگەینە راستێنەی ئەم پرسیارە جەوهەرییە.

## – نامیق كێیەو بۆچی نامیق؟

نامیق پاڵەوانی سەرەكی ئەم كۆتێكستەیە، هەروەك شاعیر یەكەم تێكستی ئەم كۆتێكستە بەناوی ئەوەوە "نامیق" دەنێ و دەست پێدەكات، سەرنج بدە:

**نامیقە فەقیرەكە فەرنجیەكەت دانێ..**

ئاخر خواردنی بەركوڵی ئەم عەسرە چایەمان بەسەلكێ دوان دۆینەی گەنمە قەنارییەوە، بێئامادەبوونی تۆ بێشمشاڵ ژەنینێكی تۆ مانایەك نادا، مەڕۆ هۆ نامیقی فەقیر ئەم ئێوارەیە كیژانی كانی فاتم لەچاوەڕوانی هاتنی تۆدا، دواچۆڕی سیلاوی فرمێسكی چاویان ڕشت، بگەڕێوە ئینسانە فەقیرەكەی هۆگر بەسرووشتی مازووخ، بەڕۆشتنت خوا لێلایی داهات و نەیتوانی بەكەس بڵێ ئێوە عەبدی منن، دەمەڕۆ هەی پاكتر لەتەهارەتی نوێژ، كەتۆ ڕۆشتی ئاوەسپی بەسەروچاوەی ووت ئیتر ئاو مەنێرەو فرمێسكی گریانم بۆ نامیق نایەڵێت ئەم رووبارە ووشك بكات، (خوێنەری بەڕێز پەلە مەكە نامیق و نامیقەكانی هاوڕێی دەبنە قارەمان و كەرەستەی ئەم دەقە)،

بەرەو دوا ئاوڕێ ئەوە بارەی پڕ هاواری مەرێکی گەرحای تۆیە بەدەست ئەم ڕۆشتنەوە ئینسان دەکاتە قەرەبرووت، دەی ئاوڕێ بەرەو دوابدەوە ئەوە دەزگیرانەکەی تۆیە بانگت دەکاو دەڵێ: هۆ ناميق هۆ ناميق بێسیغارو توتنەکەت مەڕۆ، هۆ ناميق هۆ ناميق ئەم کل و کلدانەی کەنیشانەی یەکەم یادگاری نێوانمانە لەگەڵ خۆت ببە بۆوەی بیرت نەچێ بۆ هەمیشە خۆشم دەوێی ، ئاوڕێ بەرەو دوا ئەی سپی ترین ئینسان دایکت وەك کاراب زەرد هەڵگەڕاوەو قەدەم خێر وەیلۆ وەیلۆیەتی و بێهاتنەوەی تۆ ژێر نابێتەوە، ئاوڕێ تکایە ئەم ڕۆشتنەت ڕۆحی شمشاڵ ژەنەکانی لەت و پەت کردو ئاوێنەی عەشقی وردو خاش کرد، مەڕۆ ناميق بەرگەی سووتانی ئەم نامۆبوونە ناگرین و کەڵۆز بەیاغاریش لەدوا دیداردا بەگریانەوە ئیزنی داین.

خوێنەری بەڕێز، سەرنجتدا.. لە جێگایەك شاعیر پێی وتین " خوێنەری بەڕێز پەلە مەکە ناميق و ناميقەکانی هاوڕێی دەبنە قارەمان و کەرەستەی ئەم دەقە"، ئەمە یەکێکە لە تەکنیکە جوان و باڵاو پڕ بایەخەکانی نوسینی تێکستی "سووتان بە بۆنی بارانی نامۆبوون و ئیتر شاعیر لێرەوە پەل کێشی ناو دنیای ئەنفال و پاڵەوانەکانیمان دەکات کە بوون بە قوربانی، بەڵام تا کۆتا تێکست "ناميق" لە هەموو تێکستێکدا، ئامادەبوونی هەیە، چونکە شتێکی تایبەت لە "ناميق"دا هەیەو هەمیشە لە یادەوەری قوربانیەکان ناسڕێتەوە، ئەویش "شمشاڵ"ەکەیەتی، کە پێش تاوانی ئەنفال و تا دواساتی گیان کێشانی، بە دەستیەوە بوەو ژەنیویتی.

بۆیە لە بەشی دووەمی یەکەم تێکستدا، شاعیر بە حوزن و گەرووی گریاوەوە، بانگی ناميق دەکات و دەڵێ:

ڕەشبەڵەکێك بوو بە پشکۆو کەمەرەی زیوینی ناو قەدی تۆبوو کێك پڕ بەگەروو هاواردەکا:

چۆڕێ ئاو

نەختێ ڕۆشنایی

فریادڕەسێ

هەروەها بەردەوام دەبێت و دەڵێ:

بگەڕێوە بەیانی باش و ئێوارەباش و

ژوانی کانی و

ئینسان و

مەڕو پشیلە و

کۆترو

چۆلەکە و

گوێدرێژو

بزن و

نوێژی تەلاقدانی خواو

شمشاڵ و

باران و

هەرچی زیرۆح هەیە،

چاوەڕوانی گەڕانەوەی تۆن..

**پەراوێز:**

**١، هەموو تەمەنی بە شوانکارەیی و شمشاڵ ژەنین بەسەر بردو ئەنفال لە نوگرەسەلمان کوشتی. ئەو یەکێك بوو لەو مرۆڤانەی ئازاری چۆلەکەشی نەدەدا، رۆژێك نەچوبایەتە لای ئاژەڵ شێت دەبوو.**

## - پاڵەوانەکانی ترو نامیق

بەدوای یەکەم تێکستدا، ئیتر "مەحمود، تەقی، زەینەب، فەسیح، رێزان، شەمسە، زەریف، گوڵستان، خەیری، مەنسور، فاتیح، کەسران، فەرید، نیگار، هەنار، زەکیە، ئامین، مەحبوب، خەلیل، مەلا وەهاب، وەهاب حەکیم، شێرزاد، ئاوات، خورشید، نەزیرە، تەقی، مەلا رەحمان، چیمەن، غەزێم، سەرگوڵ" و دەیان پاڵەوانی تر، لەگەڵ نامیق باس و چیرۆکەکانی تاوانی ئەنفال بە تەکنیکی "شیعرو چیرۆك و پەخشان"، بە زمانێکی کوردی پەتی و رەوان، دەگێڕنەوە.

با لەم نموونەیە رابمێنین و ورد بینەوە، کە لەناو کۆتێکستەکەدا، شوێن و مەقامی بەرزیان گرتوە:

کچی نوور جەمیلەی جوان،

هەناوم ئازاری لێدەتکێ و

تۆ هەر هەواڵێکت نەبوو..

ئاخر بۆچی دەستی محمودت نەگرت و

بگەڕێیتەوە؟

کچی خۆم جەمیلەی گوڵ،

کانی فاتم و

ئاوازی شمشاڵەکەی نامیق و

دەستە خوشکانی هاوڕێت،

چاوەڕێی گەڕانەوەتن...

سوێند کچ و دایکێتیمان،

ئەگەر ئەم جارە کەسێك هاتە خەونت

بێرەوە..

**پەراوێز: جەمیلە ئەنفال بردی و نەگەڕایەوە. دایکی جەمیلە پورە زەریف تا ئێستا دەست لەسەرچاو دادەنێ و دەڵێ : تێنەوە هەر تێنەوە؟**

### – زەینەب نموونەیەکی باڵا لەم تێکستەدا

خوێنەر دەتوانێ سەرنج بدات بزان تەها سلێمان چۆن ئازاری کردوە بە بەری ئەم تێکستەدا" ئەو....زەینەب ، سوێندی بەبرایم سەمین خوارد بۆ هەتایە پێنەکەنێ و کراسی ئەنگۆرەی گوڵ گوڵی لەبەر نەکا، ئەو....، سوێندی بە پیر خدر خوارد بۆ هەتایە نوێژ بۆ قیبلەی مەنجەنیقی ئەوەڵ شەوی بووکێنی بەهاری تاقانە کچەکەی نەکاو بۆ تەنیاجارێکیش ناو لەپی نەگرێتە خەنە، ئاخر ئەو....، کاتێ کە شکارتەی پشتەوەی ماڵی بژارە دەکردو بە ئومێدی ئەوەبوو، کراسێکی تری بەهارییانە بۆ بەهار بدروێ بەهارییان بۆ هەتایە دزی و ئاوێنەی دڵی خۆشیان شکان، ئەو....، ڕۆژێ بیری نایە کەی بوو بەنامیقی وتبوو:

بەهار ئالوودەی سۆزی شمشاڵەکەی تۆیە،

بژەنە شمشاڵێك وەك هەناسەی فەقیری خۆت..

بیرت نامیق گیان،

لە ڕۆژی زەماوەندی من و ئەحمەدا نۆبەی کەست ندا بۆ شمشاڵ ژەنین..

بژەنە شمشاڵێ،

قووربانی ڕۆحی شمشاڵەکەت بم..

ئێستا بیر دەکاتەوە پاش خەون بینینێکی قووڵ ، کاتێ قورە ژیلکە جاڕی سەرەتای هاتنی بەهار دەدا، ئەمیش دواچۆڕی فرمێسکی چاوی خۆی لەجیاتی پەرداخێ ئاو دەخواتەوەو لەبەر خۆیەوە بانگ دەکا:

بەهار

نامیق

ئەحمەد

براهیم

ئەوە بۆ دەنگی شمشاڵ نایێ و لەکوێن وا دەنگم نابیستن، ئیتر چاو لێك دەنێ و دەبێتە گۆڕێکی گووم ناو......

پەراوێز: زەینەب هەردوو کچ و کوڕەکەی و خۆی لە ئەنفال تیاچوون و هاوسەرەکەشی لە نێوان هەردوو گوندی بنەی خەپە کوێرو قەلا چەرمەڵە بە فڕۆکە شەهیدکرا.

### – فەزیلە.. نموونەیەکی باڵاتر

دەتوانین چەندین نموونەی باڵا لە تەکنیك و زمان و وێنەی شیعری لەم کۆتێکستەی "سووتان بە بۆنی بارانی نامۆبوون"ی تەها سلێمان هەڵێنجێنین، بۆ نموونە" مەحەمەد ئێستاش کەدەچێتە سەر بەرزترین لووتکەی

مازووخ و لەئاوێنەی ڕووباری ئاوەسپیدا تەماشای گووندییەکانی گەرمك دەگا، تارمایی فەزیلە دێت و پێی دەڵێ :
ڕۆحی شرین ئەوەی دەیبینی من نیم ئەوە ئاوێنەی ڕۆحمە لیرەو جەستەم زوو زۆر زوو ئەو دەمەی تۆ سەرقاڵی
تەواو کردنی خەتمەی عشق بووی دزرا، بگەڕێوە بۆ لای دلبەر خان و پێی بڵێ : فەزیلە ئێستا تەنیا گریان
دەناسێ و هیچی تر، بیرت نەچێ پێی بڵێ: فەزیلە ئیتر ناتوانێ بۆ تەنیا جارێکی تر زوڵفی لە ئاوی پاکی کانی
کوچکینە بشواو بۆڵێك ترێ بۆ ئەڤیندارەکەی بنێرێ، پێی بڵێ: فەزیلە ناتوانێ بۆ تەنیا یەك جاریش پێی بڵێ
بەیانیت باش و تەنانەت ناتوانێ بڵێ: لەئیمام مەحەمەد گەزێك زەوی بۆ تەرمەکەم جێبهێڵن و خواتان لە گەڵ،
مەحەمەد دەستێ بەپشتی چاویدا دێنێ و دەڵێ:

فەزیلە توانی عاشق بێ،
وەلێ بەپەلە ڕۆیی و تەنانەت نەیپەرژا بڵێ ماڵ ئاوا..
فەزیلە نایەتەوەو
مەحەمەدیش لە غووباری تیاچوونی فەزیلەدا وون دەبێ و
منالێك کەدایك و باوکی لێ وون بوون،
بەئاوازی شمشاڵەکەی نامیق کارمامزە کێویەکان لە ئافات بەئاگا دێنی

**پەراوێز: مەحمەدو فەسیح هەردووکیان لە دوو گوندی جیاواز لە گەرمیان دەژیان و ئەنفال بردنی و نەهاتنەوە.**

## – زەکیە نموونەی قوربانی بالاّ

تێکستی زەکیە لەناو ئەم کۆتێکستەدا، ئێجگار سەرنج راکێشە، دیارە "زەکیە" هاوڕێی منالّی شاعیریش بوەو زۆر کاریگەر بوە بە دیارنەمانی، ئاوا دەست پێدەکات" ئەوکاتەی رەوەکوولەی ئەنفال گەیشتەگووندو زەکیەو دەستەخوشکەکانی رۆیشتن و نەگەڕانەوە، سێبەری سەکۆکانی ئێواران بێبۆنی رەیحانەی تەڕ مانەوەو کەس نەما، بۆنی بەرکوڵی عەسرەچایەك بگەیەنێتە مەجلیسی پیاوە ریش سپییەکان.. زەکیە پاش بیست ساڵ ئەم نامەیەی بە رێگای ناسنامەیەکدا، ناردبۆوەوە:

بۆ نیشتمانی پڕ لە قارەمانی دۆڕاو..
لە پێشەکی قەسیدەکەیدا نووسیبووی،
تەنها خوا بۆی نییە ئەم نامەیە بخوێنێتەوە..
من لە بێگووناهیدا،
سپیایەتیم لێدەباری..
بۆ لەم لمستانەدا،
بە لم غوسڵی لەش پیسیم بکەم و
بە لمیش دەت نوێژە بگرم و

تەنانەت خوێنی ئاڵی کچێنیشم،

بە لم بسپێرم..

خودایە گووناهم نەبوو،

تا تۆ جاڕی هەڕاجکردنی من بە لم بسپێری و

بە جەلادی عەرشی لمیش بلێی،

تۆ سەرپشکی بە سەوداکردن بە زەکییەکانەوە..

دایکم چ گووناهێکی کردبوو،

کە هەواڵی تاساندنی منت پێنەوت و

پێتیش نەوتم،

ئەڵقەی دەزگرینداریيەکەم،

لە کوێی ئەم بیابانە دزرا..

تۆ پێت نەوتم،

ئافتاوی دەستەخۆشکم،

کوێوە چوو؟

ئایا لێرەیە؟

لەم ماڵە پڕ خوێنەی تەنیشتی من؟

هۆۆۆۆۆوو،

خەڵکی گووند کێتان دەنگم دەبیستیێ؟

کەس پرسیار نەکا لە کوێم..

تەنها هاتووم پێتان بلێم،

بۆنی ناسنامەکەم بکەن،

ئەو پێتان دەڵێ:

من تازە نابمەوە زەکیەیی جارانی گووند..

من تازە ناتوانم ڕەیحانەکانی سەکۆی بەر ماڵەکەمان ئاو بدەم..

من تازە ناتوانم بچم بۆ کانی کلاو کوڕەو

پڕ مەتارەیەك ئاوی پاکبوونەوەی،

یەکەم شەوی بە غەدرشکان و ڕژانی خوێنی کچێنیم،

بێنمەوە..

من تازە ناتوانم،

کل و کلدان..،

له گەڵ دەستە خوشکەکانم بگۆڕمەوە..

بیرتان نەچێ بە دەزگیرانەکەم بڵێن،

با لەوەزیاتر چاوەڕوانی من نەبێ..

بە دایکیشم بڵێن،

با رەیحانەکانی سەرسەکۆی بەر حەوشە ئاوبدا،

چوون من نایەمەوە..

بە پێغەمبەری خواش بڵێن،

پێویستم بە پاڕانەوەی ئەو نییە،

چوون گووناهەکانی عەبدایەتیم بۆ خوا،

لێرە هەموو وەرین..

بە قووتابییەکانی نامیقیش بڵێن،

تا ئەتوانن شمشاڵ بژەنن،

چوون نامیق ناگەڕێتەوە..[1]

**پەراوێز:زەکیە تەنها کچی خێزانەکەی بوو، لە ئەنفالدا بێسەرو شوێن کراو تا ئێستاش بێسەرو شوێنە، وەك هەزاران کچی تر.**

ب– نوسەرو هەڵبەستڤان و کەسوکار ئەنفالکراو ( ساڵەح هەلاج ) لە دەقی " پرسەگێڕدا " لەزمانی شیعرەوەو لە ئاوێنەی شیعرەوە وەك خۆی و دەقاودەق دەمان خاتەوە ساتەوەختی ئەنفال و تراژیدیاکان دەگێڕێتەوە.
لە یەکێك لە هەڵبەستەکانیدا دەڵێت:

ئەوسەردەمە

لەیادی عەرشی سوڵتان

من کەسێکی ئەتککراوبووم،

ناسنامەکەم

دزوجەردە ونۆکەری بوو.

واتە سەردەمێکم کەسەدام و بەعش لەچڵەپۆپەی دەسەڵاتدا بوون، لەیاسای عەرشی بەعسدا ئەتك دەکرا و دەست درێژی دەکرایە سەر کچ و ناموسی تاکی کورد و مێژوو و خاك و کلتوری نەتەوەیەك،بە ناهەق لەناو دەبرا وناسنامەی کوردبونیشمان لای ئەوان بەدز وجەردەو تێکدەر ونۆکەرکرابوو.

[1] - تەها سلێمان ، سوتان بەبۆنی بارانی نامۆبوون ، چاپی یەکەم ٢٠٠٩ ، ل

هەروەها شاعیر لەدەقێکی تری دا زیاتر بەرەنگاری دوژمن دەبێتەوو وێنەی ئەو ساتە وەختانە دەکێشێت، کەتیایدا بەمەبستی گرتنی بەردان لەنیشتمان ڕوودەکاتە چیا و دۆڵەکانی کوردستان هەروەکو دەڵێت:-

لەبەر ئەوەی

لەبەردەڵانێکی سەختا

بەردێکم کرد بەسەرینم

چای کۆشی بۆکردمەوە

سوڵتان خۆشی پیانەدەهات..

وەك دەردەکەوێت ، شاعیر بەشانازییەوە وێنەی ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان دەکێشێت، بەردی خاکی کوردستان دەکاتە سەرین وچیاش بەو پەڕی خۆشەویستیەوە باوەشمان بۆ دەکاتەوە، چونکە ڕۆڵەی خۆی دەناسێ ئەمەش وای لەسوڵتانی داگیرکەرکردووە، کەخۆشی بەمیلەتی کورد وخاکماندا نەیەتوە بۆیە هەردەم لەناوبردنی دەدا.

شاعیرە زیرەکانە ساتەوەختەکانی ژیانی منداڵی خۆی وێنە دەگرێت و کوردبوونی خۆی بەسەرپەرەشتی وڵاتەکەیەوە دەخاتەڕوو، کەجیاوازە لەخاکی داگیرکەران، هەروەك دەڵێت:-

فرمێسکم بەبەفر گرت،

لەجۆلانەی بەلالۆکی گەرمەسێردا

گڕوگاڵم بۆ دایکم کرد،

زریان گڤەی شاباڵم بوو

خۆر لەپاشکۆم گرمۆڵە بوو...

لێرەدا شاعیر جیاواز لە منداڵانی میللەتانی تر، باس لە حاڵەتێکی ناسروشتی دەکات، ئەوەش لەوەدایە، کە منداڵی کورد بەهۆی زوڵم و ستەمی داگیرکەرانەوە، لەدایك بوونیان نائاسییە، بە فرمێسك گۆش دەکرێ، وەك دەبینرێ شاعیر ئەوەندە وڵاتە بەفراوییە شاخاوییەکەی خۆش ئەوێ، ئەڵێ: من فرمێسکم بەبەفرگرتووە، واتە بەبەفر گۆش کراوم.

هەروەها شاعیر باس لە درەختی بەلالۆك دەکات، کە لەقۆناغی منداڵییەوە جۆلانە یان بێشکە یان لانکۆڵەم بۆ دروست کراوە و تیایدا گڕوگاڵم بۆ دایکم کردووە، واتا زادەی ئەم گەرمیانەم و خاکی خۆمەو داگیرم نەکردووە، بەپێی سەرجەم قۆناغی ڕووکاری دوژمنانیان و پیلانگێڕان لەدژی کورد دەخاتە ڕوو هەروەك دەڵێت:

سوڵتان سامی پیادا دەهات....

لێوی کروشت

سوێندی بەسەر باپیرە خوارد

ئەوچی کردبوو،ئەم بەسەد جار درێغی

نەکات.

لێرەدا بەباشم زانی وتەیەکی(د.پەخشان سابیر) وەرگرم، کە بەتەواوی و جوانی وەسفی شاعیر دەکات، کەچۆن کارەساتی ئەنفال ڕەنگی داوەتەوە لەلای شاعیرانی کورد کە دەڵێت:" ئەنفال لەهەموو ساتەکانی ژیاندا لەگەڵ شاعیردایە،واتا سەراپای هێکی ژیانی شاعیری گرتووە، ئەمە بە بەراورد لەگەڵ زەمەنی ئەنفالی نەتەوە"

کەواتە سوڵتانی توڕەییو شپرەزەیی سامگرتنی بەرامبەر ئەو هەموو دیاریدە سروشتییەی کورد، بۆیە لێوی توڕەیی خۆی گەزی و سوێندی بەمێژووی باوباپیرانی خۆیان خوارد، کەچۆن لەکۆندا لێیان دراوە ، هەر بەهەمان شێوەو بگرە زیاتریش، تۆڵەیان لێ بسێنێتەوە و لەناویان ببات.

شاعیر هەر لەدرێژەی خستنە رووی ڕەوشی دوژمنکارانەی دوژمنانی کورد دا ، لەشوێنێکی تردا هەر باس لە چەوسانەوەی خودای خۆی ناکات لەسەر ڕەوشتی کورد بوونی دا، بەڵکو باس لە انوبردن و چەوسانەوەی هەزاران ڕۆڵەی کورد دەکات هەروەك دەڵێت:-

هەر من نەبووم

دەیان هەزار لاشەی سڕ بووین

لەژێر کەڵپەی یاسای سوڵتان

بۆکروزی ئەم دەڤەرە لەدووکەڵ کێشە

لێرەدا شاعیر دەگەڕیتەوە بۆ هەست ونەستی شەخسی خۆی لەوەدا، چەوسانەوە هەر خۆی نەبووە، واتە، هەر خۆی نەبووە کە ئەو کارەساتەتی بەسەردا هاتووە، بگرە دەیان هەزار کەس بێ سەروشوێن ومال وێران و دەربەدەر و کوڕ ئەنفالکراوو منال کوژراو بوون و ئەوانیش، کە مانەوە لاشەیان سڕبوو بوو، واتە:وەکو مردوویەکیان لێهاتبوو بێئاگایی و سەرلێشێواوی تەنگی پێهەڵچنیبوون، لەژێر یاسایی ئەو ڕژێمە بۆگەنەدا بۆ کرووزی سووتانی لاشەو ماڵ و لادێ و ڕەزوباخ و سروشتی کوردستان وەك و دوکەڵکێش بەرزبووە وە بەروە ئاسمان، لێرەدا مەبەستی ئەوەیە، کە هیچ کەس لەنەتەوەکانی چواردەو رو دنیا نەهاتە وەڵام.

شاعیر هەر لەدرێژەی دەقەکەیدا وێنەی وەرزێکی ترمان بۆ دەکێشێت، کەجیاوازە لەوەرزەکانی تر ئەویش ئەوکاتە بەفەرمانی سوڵتانی بەغدا خەڵکی کورد بەبێ جیاوازی ئینتیمای سیاسیانە لەناودەبرێن و ناڵەوهاواری ئەو خەڵکەش گەورەترین تراژیدیایان دروستکردبوو، کەبەدرێژایی ئەو وەختە سەرۆك، قوربانیەکانی ڕیزدەکرد تا نۆرە هاتە سەر کوڕوکچە لاوەکان، کەلەژێر خۆرەتاوی گڕبارانی ئەو ڕۆژەدا فرمێسك وئارەقەیان هەڵدەڕشت.

شاعیر هەر لەدرێژەی دەقەکەیدا وێنەیەکی وەزێکی ترمان بۆ دەکێشێت کەجیاوازە لەوەرزەکانی تر هەوەك شاعیر دەلێ:-

وەرزی دەسکەنەی ڕۆحی بوو

لێبوکەکان هەڵپەیان بوو

فڕکان فڕکان جەستە بوو

دەسکەنە بۆ نۆك و نیسك و ئەو جۆرە دانەوێڵەیە، کەناتوانرێت بە دروێنـە ودەروبکرێت بـۆ ئـەوان ئـەو دانەوێڵانـە دەسکەنەی ڕۆح و جەستەی مرۆڤیان دەکرد.

لێبوکەکان واتە خۆفرۆش و یان زۆڵە کورد یان جاش، هەڵپەیان دەهات بۆ تاڵانکردنی ماڵ وسەروەتی ئـەو کـوردە هەژارانەی ، کە بەچرکەچرك و لەوشاخ وداخە بە چەندین ساڵ نابوویانە یەکەوە، فرکان فرکـانی جەسـتەی مرۆڤـی کورد بوو، ژنیان ئەبردو پیاویان ئەهێنا، منـداڵیان لـەدایکیان جیـادەکردەوە و یـەکێ ڕای دەکـرد لـەدواوە دەیـان کوشت، هەموو ئەمانە لەبەر خاتری چاوی سەدامی دیکتاتۆر بوو.

شاعیر هەر لەچوارچیوەی دەقە شیعرەکەیدا زیاتر وێنەی ئەو کارەسات ومەرگـە ساتەناوەختەمان پیشـان دەدات و لەڕێ کامێرای شیعریەکەوە، وێنەکانی زیاتر پێدەناسێنێ و ڕوونتری دەکاتەوە هەروەك و ئەڵێ:-

ئیڤا قەتارەی بەستبوو

هەرمنداڵ وهەرزەکاربوو

هەرچی گوڵخونچەی نەترازاوبوو

گەوەرو بچوك وەکو جەڵب باریان دەکرد،

زوکەن، بڕۆن، فریاکەون. [1]

وەك دەبینرێت حکومـەتی دڕەنـدەی بەعسیشبەهەموو پێداویسـتیەکی جەنگیـەوە کـەوتبووە گیـانی ئـەو خەڵکـە بەستە زمانەوە، بۆ ئەو مەبەستەش (ئیڤا) ئەو سەیارە گەورانە بوو بەکاریان ئـەهێنا بـۆ گوێزانـەوەی ئەنفالـەکان کەهەروەکو فارغۆنی شەمەندەفەر قەتاریان بەستبوو ، مەبەستی لـەزۆری ئـەو کەسـانە بـوو، کـە ئـەنفال دەکـران واتە خەڵکەکە ئەوەندە زۆر بوو ئیڤـا ڕیـزی بەسـتبوو بۆیـان هـەر منـداڵ و هـەرزەکار وکچـی پـاکیزە و بێگـەردی کــوردو گــەورە و بچــوك وەکــو جەڵــەبی حــەیوان بــاردەکرانو دەبــران، لــەم دێــرەدا لێبوکــەکان دەیــانگوت زووکەن،بڕۆن،فریاکەون واتە بۆ ئەو شوێنانەی بۆیان دەستنیشان کرابوو وەکو عەرعەر و نوگرەسەلمان...هتد

ت- هەڵبەسـتڤان ( سـەرکۆ جـاف ) لـە سـاڵی ١٩٨٩ ئـەم هەڵبەسـتەی نوسـیوەو پـاش ئـەنفال لـە پەرتوکێکـداو بەناونیشانی ( پرسیار دوای ئەنفال ) بلاوی کردوەتـەوە، لـە سـاتەکانی تـاوانی ئـەنفال و ڕۆژەکـانی دوای ئـەنفال نوسراوە، ئەوکاتانەی کە هێشتا بۆنی باروت و خوێن و دوکەڵ سیمای سوتماککراوی گوندەکانی جێنەهێشت بـوو. لە هەڵبەستەکەدا پرسیارو وەڵام لە نێوان دوو کەسدایە ، بەڵام کەسی بەرامبـەر وونـە ، چـونکە هـەر هەڵبەسـتڤان خـۆی وەڵامـی پرسـیارەکانی خـۆی ئەداتـەوە، لـە هەڵبەستەکەشـدا بـەهیچ شـێوەیەك ووشـەی ( ئـەنفال ) بـاس نەکراوە.

[1] - ساڵەح هەلاج ، پرسەگێر ، گۆڤاری هەشتاوهەشت ، ساڵی سێیەم- بەهاری ٢٠٠٩ ، ل ٢٦١

ئەگەر وتیان ڕاستە

چەپکی نێرگس نەما؟

بڵێ ڕاستەو

تەڵێ نێرگس

بەجێ نەما !

گەر پرسیان

ئەرێ راستە

چنگێ ئاوی باران نەما

بێ سێ و دوو

بڵێ ڕاستەو؟

دەنکێ دەغڵێش.

لەو پارچەیەی سەرەوەدا هەڵبەستەکە بە شێوەی گفتوگۆیە لە نێوان دولایەندا ، گفتوگۆکەش بەبێ باس کردنی وشەی ( ئەنفال ) باس لە ئاسەوارو کاریگەریە خراپەکانی تاوانی ئەنفال دەکات ، ناونەهێنانی وشەی ئەنفال دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار ( ١- لەبەر ئەوەی هەڵبەستەکە وەك یەکەم هەڵبەستی کۆمکوژی و ڕاستەوخۆ دوای ئەنفال نوسراوە، ئەوکات هێشتا ووشەی ئەنفال دانەبڕاوە بەسەر تاوانەکەدا یان بەتەواوی بڵاو نەبووەتەوە. ٢- ئەوکات حکومەتی بەعس و سەدام خاوەن دەسەڵات و هێزبوون و کەس نەیدەتوانی بە ئاشکرا باس لەو جۆرە تاوانانە بکات ، واتە هەڵبەستڤان نەیتوانیوە بە ڕوونی باس لە تاوانی ئەنفال بکات یان ناوی ئەنفال ببات لە هەڵبەستەکەدا لەبەر سەلامەتی گیانی خۆی و خێزانەکەی ، بەڵام ترس و کوشتنیش ڕێی لە هەستی نەگرتوەو لەو قۆناغەدا تەنها چەکی دەستی ئەو هەڵبەستە بووە کە بەرەنگاری پێ بکات. واتە هەڵبەستەکە جگە لەوەی دیکۆمێنتیەو گوزارشت لە تاوانێکی گەورە دەکات لە زەمەنێکی مێژوویی دا ، لە هەمانکاتتدا گوزراشت لە گیانی بەرەنگاری و بەگژاچونەوەی گەلی ستەم لێکراو دەکات بەرامبەر ڕژێمی بەعسی فاشیتی بەغدادی ئەوکات.

ئەوەتا نوسەر لە بەرامبەرەکەی دەپرسێت : "ئەگەر وتیان چەپکێ نێرکس نەما ؟ بڵێ ڕاستەو تەڵێ نێرگس نەما..." نێرگز گوڵێکی بۆنخۆشی بەهارەیە، لە ناو هێنانی گوڵی نێرگزدا دوو گوزارشت یان وێنەی شیعری دەبینرێت (١- نێرگز گوڵێکی بەهارەیەو پرۆسەی ئەنفالیش لە بەهاردا ئەنجام درا .٢- نێر بە واتای نەمانی ئەو خەڵکەی کە لەسەر زێدی باوباپیری خۆیان بران و ئەنفالکران)

ئەگەر وتیان

کانیاوە وەکو خوێنن؟

بڵێ نەخێر

لە مێژەوە هەموو کوێرن.

ئەگەر وتیان

ڕووبارەکان

وەکو خۆیین

بڵێ نەخێر

ئەوانیش وا

سەروخێچن.

لە بەشێکی تری هەڵبەستەکەدا ، لـە چوارچێوەی گفتوگۆکەیدا دیسان دەپرسێ : " ئەگەر وتیان کانیاوەکان وەکو خوێنن، بڵێ نەخێر لە مێژەوە هەموو کوێرن" واتـە لـە مێژەوەو کانیاوەکانیان وشک کردوە ، وشککردنی کانیاوەکان واتە سڕینەوەی دەغل و دان و سەوزایی و برسی کردنی مەڕومالآت و دواجار مرۆڤەکانیش. چونکە لـە ڕێگەی هەڵبەستەکەوە هەڵبەستڤان پێمان دەڵێت: هەموو شتەکان ئاوەژوو بونەوەتەوە .

گەر پرسیان لێت کۆشک هەیوان

بڵێ تەختە

وەکو حەوشەی

گەورە گەورەی ڕوخێنەکان.[1]

لە پارچەیەکی تری هەڵبەستەکەدا ، کە هەڵبەستڤان خۆی پرسیاردەکات و هەر خۆیشی لە جیاتی بەرامبەرەکەی وەڵام دەداتـەوەو مەبەست و وێنەکەمان دەخاتـە بەرچاو، ئەوەتـە دیسان وەکو دوو پارچەکەی سەرەوە دەپرسێت" گەر پرسیان لێت کۆشك و هەیوان ، بڵێ تەختە وەکو حەوشەی گەورە گەورەی ڕوخێنەکان" واتـە لـە ئەنجامدانی تاوانی ئەنفال دا حەوش وماڵ تەخت کراون و ڕوخێنراون و بواری ژیان نەماوەتەوە.

---

[1] - سەرکۆ جاف ، سوتانی عشقی پەپوولە بێ کۆتایە ، چاپی یەکەم– چاپخانەی کەمال، سلێمانی ٢٠١٤ ، ل ١٣

## تەوەری سێیەم: نوێگەری و سەرەتای سەرهەڵدانی نوێگەری لە هەڵبەستی کوردی دا:

### ٢-٣-١: نوێگەری لە هەڵبەستی کوردیدا:

ئەو هەڵبەستانەی کە بۆ ئەنفال نوسراون ، زۆربەی زۆریان هەڵبەستی والاّ یان هەڵبەستی نوێن ، واتە لە قۆناغی نوێی شیعریدا نوسراون و کاریگەری رابەرەکانی ئەو قۆناغەیان بەسەرەوەیە ، تاوانی ئەنفالیش کەوتە ئەو قۆناغەی کە پێی دەوترێت ( قۆناغی نوێکردنەوەی شیعری کوردی ) واتە ئەو قۆناغەی کە شیعری کوردی جیابووەوە لە قۆناغی پێشوتری و گۆڕانگای زۆری بەخۆوە بینی لە ڕوی ڕوخسارو ناوەرۆك و تەکنیکەوە بەگشتی ، دواتر زۆربەی زۆری ئەو کەسانەی کە هەڵبەستیان نوسیوە لەسەر ئەنفال و کۆمەڵکوژی و جینۆساید خەڵکی ناوچەی گەرمیانن ، ناوچەی گەرمیانیش وەك چۆن مەڵبەندی ئەنفال و جینۆسایدە ، لە هەمان کاتدا مەڵبەندی نوێگەری ئەدەبی و ڕێچکەی نوێکردنەوەی شیعری کوردیە ، بۆیە ئەو هەڵبەستانەی کە لە گۆڤارەکانی ناوچەی گەرمیاندا نوسراون و گوزارشت لە ئەنفال دەکەن، مۆرکی گەرمیانیان پێوە دیارە ، لە ڕوی ئەدەبیەوە ڕۆڵی بزوتنەوەی ڕوانگەو کفری بەسەر ئەو هەڵبەستەکانەوە دیارە.

بۆ ئەوەی زیاتر لە نوێگەری و مێژووی نوێگەری و ڕابەرەکانی بزوتنەوەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی بگەین ، یان لە بیرو بۆچونە جیاوازەکانی نوسەران و ئەدیبان لەسەر سەرهەڵدانی نوێگەری بگەین، پێویستە بە وردی تیشك بخەینە سەر نوێگەری و بزوتنەوەی ڕوانگەو گروپی کفری ، واتە باسکردن و ڕونکردنەوەی نوێگەری شیعری زەرورەتەو ئێمە لێرەدا دەیخە بەچاو...

### ا- نوێکردنەوەو دەستپێکی نوێگەری:

هەر دیاردەیەك لەسەرەتاوە بۆ قۆناغ و سەردەمی خۆی نوێیە ، بەتایبەتی ئەگەر بە پێوەری پەیوەندی لەگەڵ قۆناغی ڕابردودا بی پێوین ، یەکێك لە یاساو ڕێساو سروشتەکانی ژیان گۆڕانکاری بەردەوامە ، واتە یا ئەوەی لەبەر دەستایە دەستکاری دەکرێت و شتی نوێی دەخرێتە سەر یاخود شتی نوێ دێتە شوێنی . سروشتی مرۆڤ وایە ماوەیەك ئاشنایە بە شتێك و دوای دەگەڕێت بەدوای شتی نوێ دا . بۆ نموونە : بەدرێژی مێژوو، واتە بەدرێژی قۆناغەکان پێداویستیەکانی مرۆڤ لەگەڵ وردەکاریەکانی ژیانیدا لە گۆڕانی بەردەوامدا بوون، یەکێك لەو پێداویستیانە زمانە ، کە بناعەی بەهێزی ئەدەبە بەتایبەت شیعر ، ئەم بناغە دەبێتە شێوازێك بۆ نوێکردنەوەی شیعر.[١]

لێکۆڵەران ڕای جیاوازیان هەیە لەسەر دەستپێکی نوێکردنەوەی شیعر ، هەندێکیان پێیان وایە نوێکردنەوەی شیعری کوردی سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ بیستەکانی سەدەی بیستەم، کە هاوکاتە لەگەڵ دەرچوونی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) دا، ئەوەش بە دانپێنانی ڕابەرانی نوێکردنەوەکە. (گۆران) ی نوێخواز دانی بەو ڕاستییەدا ناوە

---

١ - حوسێن کەلاری ، شێواز لە هۆنراوەکانی فەرهاد شاکەلی دا ، چاپخانەی یاد-سلێمانی، چاپی یەکەم ٢٠١١ ، ل ٤٨

لەسەرەتای (بەهەشت و یادگار )ەکەیدا باسی ئەو جۆرە شیعرانەی کردووە لەسەر شێوازی کۆن دانراون و دەڵێت ( یان ئەو جۆرا ئسلوبەیان تیاکراوە بە سەرمەشق کە مامۆستا ( م. نوری) و هاڕێکانی لە ئەدەبییە تازەکانی تورکی عوسمانییان وەرگرتوو لەسەردەمێکی سنوردارا ( ١٩٢٠– ١٩٣٠ ) شیعری کوردی ناوچەی سلێمانییان پێ تازەکردەوە. [١]

بەڵام فەرهاد پیربال دەڵێ ساڵی (١٨٩٨) ساڵی دامەزراندنی یەکەمین چاپخانەی کوردییە ( چاپخانەی کوردستان) لە قاهیرە، لە هەمان کەتدا ساڵی دامەزراندنی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردییە ( کوردستان) کە دەبێتە بەردی بناغە بۆ بزاڤی ڕۆژنامەنوسی کوردی : لەناو مندالانی ئەم بزاڤە ڕۆژنامەوسییەدا کە ژانرە ئەدەبی و شیعرییە نوێیەکان دەردەکەون و ئەوانی دیکەش گەشە دەکەن و توخمەکانی نوێگەری و شیعری نوێ دروست دەکەن. هەر لەم ساڵە بەم لاوەیە کە نوسەر و ڕووناکبیرانی نوێخوازی کورد پەیتا پەیتا لە ئەستانبوڵ و قاهیرە و ئەورووپا دەکەونە جموجوڵی کلتووری هاوچەرخ و پاشانیش لە ناوەڕاتی بیستەکانەوە دەگەڕێنەوە کوردستان و دەست بە کاری تازەی کلتوری دەکەن.

هەر لەو ساڵەوەیە لە سایەی ڕۆژنامەگەرییەوە، ئەدەبیات لەسەر بژاردەیەکی چینی باڵای کۆمەڵەوە دەگاتە هەموو خەڵك: هەركەسێك لە چینی خوارەوەش دەتوانێت بینوسێت... هەركەسێك لە چینی خوارەوەش دەتوانێت بیخوێنێتەوە، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کوردا دووهەزار نوسخە لە هەر ژمارەیاکی ئەو یەکەمین ڕۆژنامە کوردیە، بە خێرایی بە شار و گوندەکانی کوردستاندا بڵاودەکرێتەوە. لەو کاتەشەوە کورد دەست دەکات بەوەی کە بە غەیری شیعر بیر بکاتەوە بە وتار بیری خۆی دەربڕێت، کورد لە سەدەکانی ڕابردوودا تەنیا بە شیعر بیری دەرکردووە، تەنیا بە شیعر بۆچوونەکانی خۆی دەردەبڕی، تەنانەت هەر بە شیعریش ڕەخنەی لە شیعر دەگرت و شیعری هەڵدەسەنگاند، بەڵام لە (١٨٩٨) بەم لاوە تێگەیشتنەکانی خۆی بۆ ژیان بە نوسین تۆماردەکات، لە ساڵی (١٨٩٨) بەم لاوە لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا زنجیرەیەك وتاری ئەدەبی و ئیستاتیکی و ڕەخنەیی– کەلە کۆمەڵ و مرۆڤ و وڵات لە جوانی و سود و سەنعەتی شیعر و ئەرکەکانی و واتاکانی و چەمکەکانی دەکۆڵنەوە– سەرهەڵدەدەن، هەر لەو ساڵەشەوە لەسەر لاپەڕەکانی ئەم یەکەمین ڕۆژنامە کوردییەدا دەبینین بۆ یەکەم جار ( شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی ) بەشێوەیەکی فراوان دەکەونە بەر دیدەی هەزاران خوێنەر و دەیان شاعیر و کاریگەرییان دەبێت بەسەر شیرینتر کردنی تامی شیعر و هاندانی بەهرەمەندان بۆ نوسینی شیعر. هەر لەو ماوەیەشدا خودی نازناوی نوێگەری یان مۆدێرنیزم ( تەجەدود و موجەدید) دەکەونە سەر زاری شاعیر و نوسەرانمانەوە.

فەرهاد پیربال دەڵێت: دوای دەرکەوتنی زاراوەی (تەجەدود و موجەدید) لە ساڵی (١٩١٨) لە ڕۆژنامەی ( تێگەیشتنی ڕاستی) دا دەبینین لە ساڵی (١٩٢٦) بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا ژانرێکی شیعری

[١] - ئومێد ڕەحیم شەمسەدین تاڵەبانی ، کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی و ئەدەبیاتی ڕۆژنامەنوسی کوردی لە عێراقدا ( ١٩١٨– ١٩٥٨)، نامەی دکتۆرا ، بەشی کوردی ، زانکۆی سلێمانی ٢٠١٣ ، ل ١٣٥

نویٚ ( پەخشانە شیعر ) بڵاو دەکرێتەوە لەژێر ناوی ( شیعری مەنسور) ئەمەش لە ژمارە (٥) ی گۆڤاری زاری کرمانجی کە بە پێنووسی ( ز . ع. هەروتی) نوسراوە. ئینجا لە ساڵی (١٩٢٧) دا ڕەشید نەجیب شیعری ( عەشق و خەیاڵ) لە ژمارە (٩٤) ی ژیاندا بڵاو دەکاتەوە کە لە هەموو ڕوویەکەوە نویٚ یە. لە کاتێکدا ع. ڕەحمی هەکاری و گۆران وشێخ نوری و ڕەشید نەجیب لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا سەرقاڵی نوێکردنەوەن، لە ساڵی (١٩٣٣) نامیلکەی ( یادگارو لاوان) بڵاودەکرێتەوە تێیدا بابەتێك بۆ ( شاعیرە لاوەکانمان) بڵاو کراوەتەوە و بە مانیفێستێك دەچیٚ بۆ شیعری نویٚ. ڕەفیق حیلمی بۆچوونەکانی ئەم نوسینە بە بناغەی شیعری نویٚ دادەنێت. [1]

هەر لەسەدەی بیستەمیشدا شیعری کوردی لە ڕووی ناوەڕۆك و ڕووخسارەوە وەرچەرخانێکی نوێی بەخۆیەوە بینی، شیعری شۆڕشگێڕی بوو بە شێوازێکی خەباتی ڕووناکبیری کورد، شاعیران دڵی لاوانیان دەهێنایە جۆش و خرۆش، سرودی ئەی ڕەقیبی دڵدار و نەورۆزی پیرەمێدو داری ئازادی فایەق بێکەس ...هتد، گشت ئەو شیعرە بەناوەڕۆکانە ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی شاعیرە دڵسۆزەکانی کوردە کە وێڕای ئەوەی هەندیٚ کەم و کورتییان تێدایە، بەڵام لەبەر ئەوەی بە سۆزێکی گەرم وگوڕ و هەستی پاکی نەتەوایەتی دانراون هەتا ئێستاش کارتێکەرییان لە نێو خەڵکدا بەردەوامە.[2]

لە شیعری کۆندا لەبەر ئەوەی هەر تاکە بەیتێکی واتایەکی سەربەخۆ بەدەستەوە دەدات، بۆیە بە لابردنی بەیتێکی واتا و مەبەستی گشتی شیعرەکە ناگۆڕێت، واتا یەکێتی دێڕ هەیە، بەڵام لە شیعری نوێدا مەسەکە جیاوازە، یەکێتی بابەت هەیە واتە مەبەستی گشتی شیعرەکە و واتاکەی لە سەرجەم شیعرەکەدا تواوەتەوە. شاعیری نویٚ پشت بە سیستمێکی تازەی جوانکاری و دەربڕین دەبەستێت کە لە ( وێنەی شیعری و شێوە و شێوازی تازە و دەربڕینی نوێدا ) بەرجەستە دەبێت، بەڵام شاعیری کۆن پتر بایەخی بە ڕواڵەت داوە نەك بە ناوەڕۆك.

## ب- کفری و ڕوانگە ، هەنگاوێك لەسەر ڕێگەی نوێگەری:

ئازادی ڕەنگ ڕێژی ماڵەکەی ڕوانگە»بوو. ئەگەرچی ڕێکەوتنی ئازاری (١٩٧٠) لە نێوان شۆڕشی کورد وحکومەتی عێراقدا هەر لەسەرەتاوەجێی گومان وبیٚ بڕوایی کورد بوو بەرامبەر بەبەعس و فیکری شموولی ئەو. وەلیٚ ئەو دەرفەتە بۆ ئەدەب و هونەر و گۆرانی و مۆسیقا و شانۆی کوردی ژیانەوە بوو. کوت و مت وەك ئەو زیندانییەی بەیانییەك لە خەو هەستیٚ و پێی بڵێن فەرموو بچۆرە دەرەوە. لە شەستەکانی سەدەی رابوردوودا ئەدەب و هونەری تێیدا تووشی جۆرێك لە چەقبەستن بوو. بەرهەمی (تازە)بەمانای داهێنان و تێپەڕکردن و خولقاندن دەگمەن بووە. شیعری کوردی لە مرۆڤێکی نەخۆش ئەچوو نەیئەتوانی هەڵسێتە سەرپیٚ بەڵام بەڵێننامەی یانزەی ئازاری ١٩٧٠ راچەنینێك لەوجەستەیەدا بەرپاکرد.هاواری ئازادی لە هەموولایەکەوە بەرز

---

١- فەرهاد پیربال ، نویٚ، نوێگەری، شیعری نویٚ ، لا ٢٤

٢ – ئیسماعیل ابراهیم سەعید ، ئەدەبی ڕۆژنامەنوسی کوردی بەغدا ، نامەی دکتۆرا ٢٠٠٥ ، لا ١٣٨

بۆووە. گەنجە رووناکبیرەکانی ئەو سەردەمە تینووی داهینان و ئەفراندنێکی بێ سنوور بوون. بە پێچەوانەی شەستەکانی ئەدەبی کوردییەوە شەستەکانی شیعر و ئەدەبی تازەی عەرەبی گەش و زیندوو بوو.[1]

ڕوانگە وەك بزوتنەوەیەکی ئەدەبی لە کەش و هەوایەکی تایبەتدا لە ساڵی (١٩٧٠) دا سەری هەڵداوە، لەوکاتەدا کە ئەدەبی کوردی و خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد دوچاری لاوازی بووبوون، کۆمەڵێك هۆکاری ناوخۆ و دەرەوە یامەتیدەر بوون بۆ ئەو سەرهەڵدانە، لەسەر ئاستی ناوخۆ و ئەو گۆڕانکارییانەی لەئەنجامی ڕێکەوتننامەی (١١ ی ئازاری ١٩٧٠) دا هاتنەدی کارتێکەری باشیان لەسەر هەردوو دیوی سیاسی و ئەدەبی نەتەوەی کورد هەبوو. چونکە بوونە مایەی یەکڕیزی گەل و گەشانەوەی باری ئەدەبی، ئەوەبوو چەند دەزگایەك دامەزران و برێك ڕۆژنامە و گۆڤار دەرچوون و کۆمەڵێك کتێبب چاپ کران و یەکێتی نوسەرانی کورد کەوتە گەڕ و چالاکی سیاسی و جەماوەری دەستیان پێکرا.

لەسەر ئاستی دەرەوەش لە نێو وڵاتانی دراوسێی کورد لە ناوچەکەدا بزاوتی ئەدەبی و نوێگەری لەئارادا بوو، بەرهەمی ئەدەبی رووناکبیرانی عەرەب وەك (جبران ابراهیم جبران) و (ئەدۆنیس) و (یوسف الخال) و (بدر شاکر السیاب) دەگەیشتە بەغداد، ڕۆشنبیرانی کوردیش کە ئەو سەردەم وەك ڕۆشنبیرانی عەرەب بەغدایان بە قەڵای رووناکبیری دەزانی و تیایدا جێگیر بوون، ئەو بەرهەمانەیان دەخوێندەوە و لەگەڵ ئەواندا تاوتوێیان دەکردن. لەم بارەیەوە ڕابەرانی ڕوانگە دەڵێن پێش ئەوەی گۆڤاری (٦٩)ی شیعری عێراقی بێتە کایەوە ئێمە متابعەی (الشعر) ی ئەدۆنیسمان دەکرد کە جۆرێك لە دەرگای تازەکردنەوەی کردبووەوە.

کاکە مەم بۆتانیش دەڵێت: بیرم لە ڕێکخراوێکی رووناکبیری کوردی دەکردەوە هەموومان بەخۆوە بگرێ، لەئەنجامدا سەری گرت، لە هاوینی (١٩٦٩) دا کۆبوونەوەی دەستەی دامەزرێنەرانی یەکێتی نوسەرانی کورد دەستی پێکرد...تێکرا گەیشتینە ئەوەی کە وەختی کارکردن هاتووە، پێمان باش بوو کە بانگەوازێك دەست پێ بکەین و نوێ خوازەکانی لەدەور کۆبکەینەوە، لە ناوەڕاستی وەرزی بەهاردا یەکەم گردبوونەوەمان لە بارەگای یەکێتی نوسەران لە بەغداد گرت و من و حسێن عارف و شێرکۆ بێکەس و جەلالی میرزا کەریم ئامادەی بووین، لە ڕۆژنامەی هاوکاری ئەوسا بڵاوکرایەوە.

بانگەوازەکە بەم ناونیشانە بوو (بانگەوازێك لە ڕوانگەی ئەدەبی کوردی نوێمانەوە– بانگەوازمان، بانگەوازی نەوەی شۆڕشگێڕ و کارزان و یاخی بوونە). [2]

تێپەڕاندنی قۆناغی شەستەکانی ئەدەب و تێگەیشتن بۆ چەمکی رۆشنبیریی لەو قۆناغەدا و تێپەڕاندنی زمانی سادە و تێگەیشتنی سادە بۆ ئەدەبیات وهەوڵدان بۆ گۆڕانکاریی لەلایەن گروپی ڕوانگەوە بۆخۆی کارێکی زۆر گرنگە و هەوڵێکە ناکرێت نکوڵی لێبکرێت، بەڵام بیرمان نەچێت قسەکردن وهەوڵدان بۆ کارێکی لەوچۆرە سەختە

---

[1] - شێرکۆ بێکەس ، http://knwe.org/Direje.aspx?Jimare=13110&Cor=9&Besh=Araste

[2] – ئیسماعیل ابراهیم سەعید ، ئەدەبی ڕۆژنامەنوسی کوردی بەغدا ، نامەی دکتۆرا ٢٠٠٥ ، ل ٢٩٦-٢٩٧

ورەنگە هەروا بەئاسانی نەتوانرێت بەشێوەیەکی رەهـایی گۆڕانکـاریی تیابکرێـت، تێپەڕانـدنی قۆنـاغی شەسـتەکان ورۆئیای حەماسی ئەدەبیاتی کوردی، تەنها بڕیارێك نیەگروپێك بتوانێت بڕیاری لێبدات، ئـەم مەسـەلەیە پەیوەنـدی بە بوارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە،بۆیە قورسە بتوانرێت سەرکەوتووبێت،هەرخۆیان لەو تارەکانیانـدا ئامـاژە بـەزەروورەتی ئـەو گۆڕانکاریانـە دەدەن، کەچـی لـەدوای پەیـدابوونی گروپـی روانگـەش ئـەو جـۆرە نووسـینە لای بەشێك لەو نووسەرانە بوونی هەبوو،گۆڕانکاریی لە فۆرمی ئەدەبی دەبـێ لـەبوارەکانی زمـان و فیکـر و مەعریفـەوە بێت.(١)

شێرکۆ بێکەس دەڵێت : سەبارەت بە شـیعر و ئـەدەب یەکـەمین ئامـانج دۆزینـەوەی زمـانێکی تـەعبیری تـازەی غەیرە تەقلیدییە. بە کورتی ئەم راپەڕینە لەناو زمان خۆیەوە دەست پێدەکات یەکەمین شتیش کە روانگە لەشیعر و چیرۆکدا کردی ئەمە بوو. دیارە ئێمە ناتوانین لە چاوشیعری کوردییەوە تەماشـای رۆژگـاری روانگـە بکـەین ئێمـە ناتوانین نەگەڕێینەوە بۆ ناو سیاقە مێژووییەکە لەو سەردەمەدا تازەترین وێنەی شیعری لە شـیعری گۆرانـدا ئـەبینرا بەڵام ئەمە بەلای ئێمەوە بەس نەبوو هەستیان بەوە کردبوو کە تمووحی ئێمـە پێویسـتە ئـەو سـنوورانە تێپـەڕێنێ. هەستمان بەوە کردبوو کە هێشتا زمانی تەعبیریی شـیعری کـوردی مـەودای تەقینـەوەی زۆری لـە بـەر دەمەوەیـە. پێموایە لە ئەزموونی خۆمدا و لە هاوینی(١٩٧٥) دا کە شـیعری (کـۆچ) م تیـا نووسـی ئـیتر ئـەو جیابوونەوەیـە لـە دنیای شیعری گۆران دەسـتی پێکـرد دوای ئـەوە زنجیـرە هـەوڵێکی تازەتریشـی بـەدوای خۆیـدا هێنـا روانگـە چـی بوو؟! هەوڵێ بوو بۆ تێپەڕاندنی سنوورە تەقلیدیـەکانی ئـەدەبی کـوردی و دۆزینـەوەی وێنـا تازەکـانی ئەفراندن. شیعری تازە لە بینینی تازەوە دێتە دەرێ. فۆرمە تازەکان لە بیرە تازەکانەوە سەرچاوە ئەگرن. ئەوە بـەس نییـە چ فۆرمێك دەوریی شیعرەکەی ئەدا بەڵکوو ئەگەر رۆئیای تازە نەبێب شکڵی تازەیەیش لـە دایـك نابێـت. «روانگـە» زەنگێکی ناو زمان بوو یان ڕاچەنینێك بوو لەو جەستەیەدا هاوارێك بووبۆ نوێکردنـەوە. رازی نـەبوون بـوو بـەوەی هەبوو. عەشقێك بوو لە نێوان ئێمە و وێنەی تازەدا. بۆ ئـەو سـەردەمە ئازایەتیـەکی قەڵەمـە یاخیبووەکـان بـوو لـە زمانە باوەکان لە پەیوەندییە رووکەشەکان. لە دووبارە کردنەوە. گۆران بەشێکی ئەم خەونەی هێنابووە دی بـەڵام ئەو بەشە بەس نەبوو بۆ تینوێتی شکاندن. تینوێتیەك کە هەرگیز ناشـکێ. دیـارە هـەژاریی پاشـخانی ڕووناکبیری ئێمە لەو رۆژگارەدا بە زەقی بە بەیاننامەکەی ڕوانگەوە دیارە و ئێمە هەرگیز نکوولّی لەوە ناکەین. بەڵام ئێمـە لـەو زەمانەدا سەردەق شکێن بووین. ڕەنگە ئەمەیش ڕووناکترین خاڵی بزووتنەوەی روانگە بێت.(٢)

هـەر لـەو سـەردەمەدا بگـرە پـێش بڵاوکردنـەوەی بانگەوازەکـەی ڕوانگەییـەکان چـەند ئـەدیبێکی تـری کـورد لـە ناوچەی گەرمیانی کوردستانەوە بیریان لەوە کردبووەوە گوتینێکی تر بدرێت بە ئـەدەبی کـوردی، بـەڵام دەرگـای رۆژنامـەو گۆڤارەکانیـان لەبـەدەم دا والـا نـەبوو، تـا وەك روانگەییـەکان بانگەوازەکـەیان بڵاوبکەنـەوە، هـەروەها

---

١ - دانا عەسکەر ، http://knwe.org/Direje.aspx?Jimare=13133&Cor=9&Besh=Araste

٢ - - شێرکۆ بێکەس ، سایتی کوردستانی نوێ، http://webcache.googleusercontent.com/search?q=cache:FdjdW3XZSqkJ:knwe.org

ڕەخنەگرانیش پشتگوێیان خستبوون. گرووپی کەرکوک کفری لەم ئەدیبانە پێک هاتبوون ( لەتیف هەڵمەت، لەتیف حامد، فەرهاد شاکەلی، ئەحمەد شاکەلی) و چەند ئەدیبێکی تریش، لەتیف هەڵمەت لەم بارەیەوە دەڵێت ( هەرچەندە ناوی گرووپمان لەم کۆمەڵە ئەدیبە ناوە، بەڵام ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێت کە پێشەنگەکانی نوێگەری تەنها هەر ئەمانە بووبێتن).

لە جێگەیەکی تردا هەڵمەت دەڵێت "لە ئامادەیی کفری ڕۆژی هەشتی شوباتی (١٩٦٥) گرووپی کفری دامەزرا" ئەگەرچی بەیاننامەی دامەزراندنیان ئیمزای دوو کەسی لەسەر بووە بەڵام ئەوان نکوڵی لەوە ناکەن کە لە بنەڕەتدا بریتی بوونە لە پێنج کەس کە سێ کەسی تریشیان لەگەڵدا بووە ئەوانیش (لەتیف حامد وسەلام داماو و ئەحمەد شاکەلی) [1] خودی ئەم گرووپەش زیاتر دوای ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١) داکۆکییان لە خۆیان وەک گرووپ دەکرد.

ئەندامانی ئەم گرووپە کەوتبوونە ژێر کاریگەی کۆمەڵێك ئەدیبی نوێخواز و کۆمەڵە هۆنراوەی (المسرح والمرایا) ی ئەندۆنیسیان خوێندووەتەوە و سوودیان لە بەرنامەکانی ڕادیۆی کوردی بەغداد بینیوە بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان، تەنانەت شیعرەکانی نێو دیوانی (خوا و شارە بچکۆلەکەم) ی لەتیف هەڵمەت پێش بڵاوکردنەوەی لە ئێستگەوە پەخشکراونەتەوە. و زیاتر لەژێر کاریگەری ئەدەبی عەرەبی ئەو سەردەمە هەوڵی نوێکردنەوەی ئەدەبی کوردییان دا. بەتایبەت لە ساڵی (١٩٦٩) دا گرووپی شیعری (٦٩) ی جەماعەتی (فازڵ عەزاوی) کەوا لە بەغداد بەیاننامەیەکیان دەرکرد بۆ نوێکردنەوەی شیعری ئەدەبی عەرەبی لە عێراق دا و ئەو بەیاننامەیە هاندەرێکی کاریگەر بوو بۆ دەرچوونی بەیاننامەی گرووپی کفری. لەو ساڵەدا کەوا لەلایەن (لەتیف حامد) ی چیرۆک نوس و (فەرهاد شاکەلی و لەتیف هەڵمەت) ی هۆنیاردا ئیمزا کرا، بەمەستی شەڵەقاندنی گۆمی ئەدەبی کوردی سەردەمەکەیان و دەربازبوونی ئەدیبان و هۆنیاران لە بەستەڵەکی بیری نەتەوەیی.

مەسەلەی لەیەك جیابوونەوەی ئەدیبانی ڕوانگە و گرووپی (کەرکوك– کفری) و بەجیا دەرکردنی هەردوو بەیاننامەکەیان جێی سەرنجی ڕۆشنبیرانی کوردی ئەو وەختە و ئێستەشە، بۆ پەنجە خستنە سەر ڕاستییەکان با سەرنجی دید و بۆچوونی ئەندامانی ئەو گرووپە بدەین.

شێرکۆ بێکەس دەڵێت : نوێکردنەوە تەنها لە ڕوانگەدا نەبووە بەڵکو لە جیلی کەرکوکیش دا هەبووە، ئێمە یەکترمان بینی و ویستمان بەیەکەوە بەیاننامەکە دەربکەین، لەبیرمە من و ( حسین عارف) پێکەوە چووین بۆ کەرکوك ( لەتیف هەڵمەت و لەتیف حامد) مان بینی بەڵام ئەوان نەهاتنە پێشەوە لەبەر چەند هۆیەك تا ئێستاش هەندێکیان نازانم چیبوو.

لەتیف هەڵمەتیش دەڵێت: ئەدیبانی ڕوانگە کە لەناویاندا ( شێرکۆ بێکەس و حسێن عارف) بوون، هاتن بۆ کەرکوك لە ماڵی (عبدالعزیز خانەقا) کۆبوونەوەیەکمان سازدا، لە گرووپەکەی ئێمەش من و ( لەتیف حامد و

---

[1] - لەتیف هەڵمەت ، سایتی وشە ، http://wishe.net/dreja.aspx?Jmare=21211&Jor=8

صدرالدين خانەقا و عبدالعزيز خانەقا ) ئامادە بووین، ئەوان ویستیان بە هاوبەش بەیاننامەکە دەربکەین بەڵام ئێمە ڕێك نەکەوتین، دوای دەرچوونی بەیاننامەکەش ناکۆکی کەوتە نێوان ئێمە و ڕوانگەییەکانەوە، دیارە ئەم ڕێکنەکەوتنەش کۆمەڵێك هۆکار لە پشتییەوە بوو، ئەوکاتە من شتێکی سەیرم تەرح کرد، وتم ( ئەبێ گۆڤارێکی وا دەربکەین کە لە هەموو جیهاندا نموونەی وا دەرنەچووبێت)، وتیان ئەمە چۆن دەبێت؟ وتم با گۆڤارێکی بازنەیی دەربکەین، وتیان چاپخانە لەکوێ بۆ گۆڤارێکی وادەست دەدات؟

بە بۆچوونی گرووپی کەرکوك– کفری ڕوانگەییەکان دەستیان بەسەر گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا گرتبوو، ئەمان نەیانتوانیوە بەیاننامەکەیان بڵاوبکەنەوە، بۆیە ڕۆژی (١٤–٧–١٩٧١) لە کۆنگرەی یەکێتی نوسەراندا لە هەولێر نوسخەیەکیان لێ بڵاوکردووەتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی ڕوانگە بریتی بوو لە زەقکردنەوەی کێشەکانی کۆمەڵ و هەستی نەتەوەیی و پابەندبوون بە مەسەلەی نەتەوەی کوردەوە و هەروەها پەیڕەوکردنی سەبەستی و ئازادی و بەمەبەستی بچڕاندنی گشت کۆت و زنجیرەکان تەنانەت وشەی یاخیبوون لە شیعر و چیرۆك و وتاری سەرەتای حەفتاکاندا لەلایەن ڕوانگەییەکانەوە بەزۆری بەکار هێنراوە.

لەڕاستیدا ڕوانگە لەسەر ئاستی گۆڕەپانی ئەدەبی کوردی کارتێکەری و کاردانەوەی خۆی هەبووە، هەنگاوێکی تەواوکەری ئەو نوێگەرییە بووە کە پێش ئەو ڕۆژگارە بە پتر لە پەنجا ساڵ شێخ نوری و گۆران و هاوڕێکانیان نابوویان.

شیعری یاخیبوون نیشانەیەکی بەهێزی شیعری ئەو سەردەمەیە.[2]

گرووپی ڕوانگە بە تەکانی دووەمی نوێکردنەوەی ئەدەبی کوردی لە ساڵانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی دادەنرێت، ئەم گرووپە بریتی بوو لە پێنج کەس کە دوانیان هۆنیار بوون وەکو ( شێرکۆ بێکەس، جەلالی میرزا کەریم)، دوانیان چیرۆکنووس بوون وەکو ( حسێن عارف و کەمال بۆتانی)، لەگەڵ ( کەمال محمد امین) وەك نوسەرێك، هەروەها ئەم گرووپە بۆنی بیری مارکسی لە لێکدانەوە و داڕشتنی دەقی ئەدەبی پێیانەوە دیار بوو. ئەم گرووپە خاوەن ڕۆڵێکی کاریگەر بوو جیاواز لە گرووپەکانی پێش و پاش خۆیان، چونکا نوسەرانی ئەم گرووپە توانییان لە شاری بەغداد کودەتایەك هەڵبگیرسێنن بەسەر بەستەڵەکی ئایدۆلۆژی ئەدەبی کوردی ساڵانی شەستەکاندا، هەروەها توانییان چەند دەقێکی ئەدەبی وەك شیعر و چیرۆك پێشکەش بکەن، وەك بەڵگەیەك بۆ ڕۆڵی خۆیان لە نوێکردنەوەی ئەدەبی کوردیدا.[3]

---

[1] – ئیسماعیل ابراهیم سەعید ، ئەدەبی ڕۆژنامەنوسی کوردی بەغدا ، نامەی دکتۆرا ٢٠٠٥ ، ل ٣٠٢

[2] – هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٠٦

[3] - د. عادل گەرمیانی– ڕۆڵی گرووپی ڕوانگە لە نوێکردنەوەی ئەدەبی کوردیدا– گۆڤاری گیرفان– ژمارە ١٠ حوزەیرانی ٢٠٠٨ ، سلێمانی چاپخانەی ڕەهەند، ل ٢٤

ئەدەبی کوردی لە ساڵانی شەستەکاندا زیاتر بریتی بوو لە هۆنراوە و چیرۆك، ئەدەبیاتی کوردی لە کوردستانی عێراقدا لە بارودۆخێکی ڕامیاری ناخۆشدا بوو، چونکە لەلایەکەوە وتوێژی نێوان حکومەتی مەرکەزی و حیزبە کوردییەکان نەگەیشتبووە ئەنجامێك، هەروەها هاوکێشەی جیابوونەوەش لە نێوان باڵەکانی پارتیدا لە ساڵی(١٩٦٦) کاریگەری خۆی هەبوو لەسەر باری رامیاری و ڕۆشنبیری کورد لەلایەکی دیکەوە. جگە لەوەی چاپەمانی کوردیش لەو سەردەمەدا لە حاڵەتی کزیدا بوو، هەروەها بیروباوەڕی نەتەوەیی زیاتر زاڵ بووبوو بەسەر بیرکردنەوەی نوسەران و ئەدیبانی ئەو سەردەمەدا. ئەمانە هەمووی فاکتەری گرنگ بوون بۆ سەرهەڵدانی بەستەڵەکی فکری لە نێوان ئەدەبی کوردیدا.

ئەم گرووپە چالاکە داهێنان بەلایانەوە خەمێکی سەرەکی بوو، هەروەها توانسیان چەند دەقێکی ئەدەبی سەرنج ڕاکێش لە رووی شێواز و ناوەڕۆکەوە پێشکەش بکەن و بەڕاستی مۆرکی داهێنانیان پێوە دیار بوو. بۆ نموونە لەتیف حامد هەرچەندە خاوەن ژمارەیاکی کەمی چیرۆك بوو، بەڵام لە رووی تەکنیکی چیرۆك نوسینەوە پێشڕەوی خۆی نواندووە لە نوێکردنەوەی چیرۆکی کوردی لەو سەردەمەدا. هەروەها فەرهاد شاکەلی خاوەن داست ڕەنگینی خۆی بوو لە پێشکەشکردنی هەندێ هۆنراوەی نوێخواز لە رووی شێوە و ناوەڕۆکەوە. تەنانەت ئەم هۆنیارە تا ئێستاش لەسەر ئەو ڕێبازەی بەردەوامە.[1] هەروەها  لەتیف هەڵمەتیش کەوا لەگەڵ لەتیف حامد و فەرهاد شاکەلی جۆرە خزمایەتییەك لەنێوانیاندا هەبووە خاوەن شێوازی خۆی بوو لە نوسینی هۆنراوەدا. نکۆڵی لەوەش ناکرێت کە لەتیف هەڵمەت تاکو ئەم ڕۆژگارە لەنگەری نەگرتووە بەسەر ڕێبازێکەوە بەڵکو خاوەنی شەقڵی تایبەتی خۆیەتی لە نوێکردنەوەی هۆنراوەی کوردیدا و لەنێو هۆنراوەکانی شاکەلی و هەڵمەت دا بابەتی وەك سۆفیگەری و عەشقبازی و کێشەی مرۆڤایەتی و ئەشکەنجەی ناخەوەی مرۆڤی کورد لە چەندین هۆنراوەیدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەم گرووپە پێشڕەوە خاوەن تەمەنێکی درێژ نەبوون چونکە ڕێگەیان پێ نەدەدرا بەیاننامەکەیان بڵاوبکرێتەوە، هەروەها لەلایەن نوسەران و ئەدیبانی ئەو سەردەمەوە بەرهەڵستی کران، جگە لەوەی بارودۆخی ڕۆشنبیری میللەتی کورد لەو سەردەمەدا ئەوەندە لەبار نەبوو بۆ تەشەنەکردنی شێوازی داهێنان و جۆری بیروباوەڕی ئەدەبی ئەو گرووپە کەوا ڕۆژگار هەریەکەیانی بەرەو لایەك ناچار کرد سەرهەڵبگرن. بەڵام دەنگی شیعری لەتیف هەڵمەت تا ئەم ڕۆژگارە لە بەرەوپێشچووندایە. خاوەن قەڵەم ڕەنگینی خۆیەتی لە داهێنای شیعریدا، هەروەها فەرهاد شاکەلیش لە وڵاتی غوربەتا، هەوڵی بەردەوامبونی خۆی دەەنوێنێت. بەشێوەیەکی گشتی ئەتوانین بڵێین هەوڵەکەی کفری زەمینەخۆشکەربوو بۆ سەرهەڵدانی گرووپی ڕوانگە لەسەرەتای ساڵانی حەفتاکاندا.[2]

---

[1] د. عادل گەرمیانی– گرووپی کفری لە نێوان داهێنان و بەردەوامی مانەوەدا– گۆڤاری گیرفان– ژمارە ٩ بەهاری ٢٠٠٨ لا ٤٦، ٤٧

[2] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٨، ٤٩

لەسەر بەرگی گۆڤاری ڕوانگە هاتووە ( کۆمەڵە بەرهەمێکی هەمەڕەنگییە دەنگی نەوەی نوێ ڕادەگەیەنێت) وە دروشمەکانیشی بریتی بوون لە ( بیری نوێ– وتەی نوێ– کرداری نوێ). تەنها سێ ژمارەی لێ دەرچوو. [1]

لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکاندا و پاشتریش چالاکی نوێکردنەوەی ئەدەبی کوردی لەڕێگەی هەندێ بزاڤ و گرووپی ئەدەبییەوە بۆ شاری هەولێر گوازرایەوە کەوا ناسراوبوو بە ( جۆرە کۆمەڵێکی داخراو)، لە ڕووی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوە ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ شاری سلێمانی، بەڵام هەندێ لە ڕۆشنبیران و ئەدیبانی شاری هەولێر خولیای نوێکردنەوە کەوتە مێشك و دەرونیان و ئەوەبوو گرووپی ( پێشڕەوییەکان) یان وەك خۆیان دەیان وت ( گرووپی تەلیعی) یان گرووپی ( شیعری کۆنکرێتی) دامەزرا. ئەندامانی ئەم گرووپە لەو سەردەمەدا هەندێ دەقی نایابیان لە بواری شیعری کوردیدا پێشکەش کرد. چونکە ئەندمانی ئەم گرووپە هۆنیار یان شاعیر بوون و بریتی بوون لە چوار کەس کە ئەمانەن ( سەباح ڕەنجدەر، هاشم سەراج، محمد باوەگر، نەوزاد عەلی). ئەم گرووپە لە ساڵانی (١٩٨٢ تا ١٩٨٧) دەنگ و سەدای خۆیان هەبوو لە بۆ شیعری کوردی هاوچەرخی ئەو سەردەمە. بەڵام ئەم گرووپە نەیتوانی زیاتر بەردەوامبێت. چونکە ستوونی کاریگەرییان تەسك بوو، زیاتر لە نێو شاری هەولێر بوو. جگە لەوەی ڕۆژگاری نالەباری کارەساتی ئەنفال ڕۆڵی خۆی هەبوو لە گۆڕینی شێوازی ئەندامانی ئەم گرووپە. کەوا زیاتر لەژێر کاریگەری هۆنیارانی بەناوبانگی فەرەنسا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا وەکو ( بۆدلێر و ڕامبۆ و مالارمێ ) بوون و ڕۆڵی لاسایی کردنەوەی شێوازی ئەوانیان ئەدا لە نوێکردنەوەی هۆنراوەی کوردی و ئەم گرووپە لاف گەزافی پێشڕەوایەتی بۆخۆی ئەدا. تەنانەت هۆنراوەی خۆیان بە شیعری کۆنکرێتی ناوازە دەرکردبوو، کە ئەوەندە سەخت و قایمە.

لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١) دیسانەوە لە هەولێر گرووپێکی نوێخوازی تازە سەریهەڵدا بەناوی ( گرووپی وێران) کەوا لەلایەکەوە هەوڵی وێرانکردنی ئەدەبی بێکەڵکی کوردی پێش خۆیان ئەدا، وەك لە بەیاننامەکەیاندا هاتووە. هەروەها وێران بەواتای ئازایەتی و نەبەردی بەکاردەهێنرا لە ڕاپەڕینی کاری نوێخوازی خۆیان لە بواری ئەدەبی کوردی هاوچەرخی ئەو سەردەمە ئەم گرووپە وەك گرووپی پێشڕەوییەکان لە کۆمەڵێك هۆنیار پێك هاتبوو کە ئەمانەن ( د. فەرهاد پێرباڵ– عەباس عبدالله یوسف– هاشم سەراج– کەریم دەشتی) لەگەڵ هەندێ شاعیری دیکەی شاری هەولێر کە خاوەن هەناسەیەکی تازەبوون لە بواری داهێنانی ئەدەب و شیعری کوردیدا. لە شەش ژمارەی گۆڤاری (وێران) دا چەندین دەقی سەرنج ڕاکێشیان بڵاوکردووەتەوە. لە نێوانیاندا ( د. فەرهاد پیربال) وەك ڕابەر و داهێنەری ئەم گرووپە خاوەن دەستپێشخەری خۆی بوو لە بواری پێشکەشکردنی چەندین دەقی شیعریدا کەوا لە ساڵانی (١٩٩٣–١٩٩٩) دەنگ و سەدای تایبەتی خۆی هابوو لە ئەدەبی کوردی هەوچەرخ، هەروەها لە شاری هەولێر دا بۆ جاری سێیەم گرووپێکی تازە بە ناوی ( تەغریبیەت) یان ( نامۆگەری) لە ساڵی (٢٠٠٣) دا

[1] - حەسەن بارام ، فەرهەنگی ڕۆژنامەگەری کوردستان و عێراق ١٨١٦–٢٠٠٠ ، چاپخانەی ڕەهەند–چاپی یەکەم ٢٠١٢ ، ل ٣٥٧

پەیدا بوون و بریتی بوون لـە ( د. کـەمال محمـد معـروف) وەك مامۆسـتای زانکۆ و نوسـەر و ئـەدیبێك لەگـەڵ دوو هۆنیاری دیکە کە یەکێکیان ( ڕۆستەم باڵەجان ) بوو.[1]

بۆیە سـەرهەڵدانی بزوتنـەوەی ڕوانگـەو کفـری پێکـەوە لـە سـەرەتای سـاڵانی حـەفتاکان دا ژانـی لـە دایـك بـون و سەرهەڵدانی نوێگەری بوو ، کە بە دوای خۆیـدا شـەقڵەکانی نوێگـەری سـەریان هەڵـداو مێژوویـەکی پرشـنگداری بـۆ کورد تۆمارکرد کە هەتا ئێستاش سێبەری ئەو نوێگەریە بەسەر ئەدەبیاتی کوردیەوە ماوە.

لەناو ئەدەبیاتی نوێداو بەتایبەت چەمکی شـیعرو شـیعری نـوێ نزیکایـەتی لەگـەڵ پەخشـاندا هەیـەو هەنـدێك دەق هەیە پێی دەوترێت ( پەخشانە شیعر).

باسکردنی ئەو زەمە دورو درێژەی سەرهەڵدانی هەڵبەستی نوێ ، بـۆ ئەوەیـە هـەتا پیخەینـە پێشچـاو کـە زەمـەنی نەشونما کردن و تێربوونی ڕەوتێکی نوێی هەڵبەستی و بەشـێکی ئـەو نوێگەریـەش لانکەکـەی گـەرمیان بـوو چـۆن باڵی کێشا بەسەر هەڵبەست و هەڵبەستڤانانی سـنورەکەدا ، کـە هەڵبەسـتی نـوێ و ئەنجامـدانی تراژیـدیای ئـەنفال کەوتونەتە نـاو یـەك قۆناغـەوە یـان دوابـەدوای یـەك هـاتوون ، ئـەوەتا تـەوژمی نوێگـەری لەکـەرکوك گـەرمیان لـە حەفتاکانی سەدەی ڕابردودا لەدایك دەبێت ، دواتـرو نزیـك بـەوە پرۆسـەی ئـەنفالکردن دەسـت پـێ دەکـات و دوا بەدوای پرۆسەکەش ئەنفال و برینەکانی ئەنفال تێکەڵ بە ئەدەبیات دەبێت ، لە ناو ئەدەبیاتیشدا هەڵبەسـت زیـاتر دەربڕی خەم و ئازارەکانەو توانای گوزارشت کردنی هەیە. بۆیە کاریگـەری سـەرهەڵدانی نوێخـوازی پڕاوپـڕ بەسـەر هەڵبەسـتڤانانی ناوچـەکەوە هەیـە هـەتا ئێسـتاش ، لـە ڕوی نـاوەڕۆك و تـەکنیکی هەڵبەسـتەوە هەڵبەسـتەکان و بەتایبـەت ئـەو هەڵبەسـتانەی کـە لـە گۆڤـارە کوردیـەکانی ناوچـەی گەرمیانـدا بەرچـاوم کـەوت لـە ژێـر چـەتری نوێخوازیدان...

---

[1] – د. عادل گەرمیانی– گرووپەکانی هەولێر و ئەدەبی هاوچەرخی کوردی ( ١٩٨٢–١٩٨٧ ) ، گۆڤاری گیرفان، ژمارە ١٣ ساڵی ٢٠٠٩ لا ٤٦،٤٧.

بەشی سێ یەم:

# پەخشانی ئەدەبی ئەنفال لە گۆڤارەکان دا

تەوەری یەکەم : چەمك و ناوەڕۆك و جۆرەکانی پەخشان

تەوەری دووەم:چیرۆك و سەرهەڵدان و قۆناغەکانی وپەیوەندی بە ڕۆژنامەنوسی کوردیەوە

تەوەری سێیەم : کاریگەری ئەنفال لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری و ڕەنگدانەوەی لە گۆڤارەکاندا

## تەوەری یەکەم : چەمك و ناوەڕۆك و جۆرەکانی پەخشان

### ٣-١-١: پەخشان:

جۆرێکی سەرەکی ئەدەبە و شانبەشانی شعر لە بنیاتنانی ئەدەبی گەلاندا بەشداری کردووە، لەگەڵ بەرەوپێش چوون و پەرەسەندنی کۆمەڵگادا ئەمیش بەرەوپێش چووە، شانبەشانی لایەنەکانی تری ژیانی کۆمەڵگاش لە پێشکەوتن بەردەوام دەبێت.

پەخشان لە ڕووی زاراوەوە بە واتای (بڵاو، پەخش) دێت، یان (پەخشان بوون) بەواتای بڵاوبوونەوە و (پەخشان کردنیش) بەواتای بڵاوکردنەوە دێت.

پەخشان پێویستیەکی ژیانەو مرۆڤ ناتوانێت وازی لێ بهێنێت ، چونکە ئەوەی دەیبینێ و هەستی پێ دەکات ، کاری تێ دەکات و وشەی رازاوەی ناسکی پێ دەر دەبڕێت ، کەواتە پەخشان زمانی گفتوگۆیە ، بە شێکە لە هونەری قسە کردن ، بناعەی داڕشتنەو بیر بابەتی سەرەکیە لەو داڕشتنەدا.

پەخشان لە ڕووی شێوەوە دەکرێت بە دوو بەشەوە، ١) پەخشانی سەروادار : بریتیە لەو پەخشانەی کەرەستەکانی لە کێشدا جیاوازن بەلاًم سەروادارن. ئەم جۆرە لە خوتیبەو وتارو خوێندن و ئامۆژگاری و مەولود نامەدا هەبووە. جگە لە سەرواکەی ( ئیقاع)، ( ترپە)ی هەبووە ، کە پەخشانەکەی بەهێزکردووەو بووە بە هۆی ئەوەی کە کار لە گوێگر بکات و لە نێوان ڕستەکانیشدا پشو هەبێ.

٢) پەخشانی روان :ئەم جۆرە پەخشانە گوێیان بە سەروا ڕێکخستن نەداوە، بە زنجیرە مانی بیرو لێکدانەوە، یان بە شێوازی سادەو ڕەوان دەربڕیوە، پێویستی ئەم جۆرە پەخشانە ، ژیری و خەیاڵی فراوانە.[١] لە خوارەوە زیاتر لە سەر پەخشان دەدوێین.

### ٣-١-٢: چەمکی پەخشان:

(هونەرێکی وتنەو هۆش و هەستی مرۆڤ پیشان دەدات و دوورە لە کێش و سەرواوە)، یان دەوترێت، پەخشان شێوەیەکی نوسینی ئەدەبییە یان دەتوانین بڵێین پەخشان دەربڕینی بیر و سۆز و هەڵچوونەکانە بە وتەی جوان و ڕێك کە کێش و سەروا بەربەستیان ناکەن، هەروەها دەشێ لایەنی جوانکاریشی تێدابێت، وەك چۆن سۆز بناغەیەکی بنەڕتی شیعرە، بیریش بە بناغەی دروستبوونی پەخشان دادەنرێت، ئەگەرچی لە سۆزیش بێ بەش نیە، بەڵام بیرەکە لە پەخشاندا بە پلەی یەکەم دێت. [٢] پەخشان لقێکە لە دوو لقەکەی ئەدەب بە گوزارەی تایبەتی ، واتە نەوەك ئەدەب بە گوزارە گشتیەکەی کە قسەو مۆسیقاو وێنەو نیگارە، بەڵکو بە گوزارەی تایبەتی

---

[١] - لوقمان رەوف ، ئەدەبی کوردی ، ل ٨٨

[٢] - مستەفا سالّخ مستەفا ، پەخشان لە گۆڤاری زاری کرمانجیدا (١٩٢٦–١٩٣٢) ، نامەی ماجستێر، بەشی کوردی ، کۆلێژی ئاداب–زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر ٢٠٠٨، لا ٢٢

کە بریتیە لە هۆنراوەو پەخشان. بەخشان ئەبێت بە دووبەشەوە ، یەکەم: پەخشانی سادەو ساکار، واتە دورە لە هەموو شێوەیەکی بە (دەستنقەس بەلاغی) ، وەکو قسە کردنی دوو کەس لە بەین یەکا لە کاروباری فەرمانێك دا ، وەیا گێڕانەوەی سەرگوزەشتێك ، وەیا وتارێکی ساکار لە لایەن باسێکەوە ، وەیا شەرح کردنی بابەتی ریازییات و جوگرافیا ، ئەم جۆرە پەخشانە وەنەبێ پێویستیان بەوە بێ کە پێوەی خەریك بیت. جۆری دووەمیان : پەخشانێکە کە بەپەخشانی هونەری ئەناسرێت ، ئەمەشیان ئەوەیە کە بە هەموو مەعنایەك هونەری تێدایەو بە هەموو چەشنێك شێوەی ئەدەبی دایئەگرێتەوە.[1]

لە رووی مێژوویشەوە پەخشانی کوردی پاش شیعر سەری هەڵداوە، سروشتی شیعرو ئاسانی لەبەرکردنی بەهۆی ئاوازی ناوەوەو دەرەوەی زۆرتر لە سروشتی مرۆڤایەتی نزیك بووەتەوە، بۆیە وەك بەڵگەیەکی مێژووی لای کوردو نەتەوەکانی تر نموونەی شیعر پێش پەخشان بەدەست هاتووە.

نموونەی پەخشانی کوردیش پاش بە ئیسلام بوونی کورد لە کتێبی (جیلوە) و (مسحەفا ڕەشی)ی ئێزیدییەکان و (سەرئەنجام)ی یارسانییەکان بەرچاو دەکەوێ.

تەشەنەکردنی ئاینی ئیسلام و ئەدەبیاتی فارسی و بەکارهێنانی زمانی تورکی لە دام و دەزگا حکومییەکانی سەردەمی عوسمانیدا، زمانی کوردی خستە ژێر کاریگەری ئەو زمانانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لێکۆڵەران دانیان بەوەدا ناوە کە کۆنترین دەق بە زمانی کوردی نوسرابێت، کتێبە وەرگێڕدراوەکەی (علی تەرەماخی)یە، ساڵی (١٠٠٠)ی کۆچی نوسراوە، گرنگترین دەقیش مەولودنامەی (شێخ حسێنی قازی)یە، (١٧٩٠–١٨٢٧).[2] ، دواتر ئەو ( عەقیدەی کوردی) مەولانا خالیدی نەقشبەندیە ( ١٧٧٩–١٨٢٧) ئەم نامیلکەیە بە شێوەی پەخشان نوسراوەتەوەو ناوەڕۆکێکی ئاینی هەیە[3]،لەمانەش گرنگتر ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەیە کە لەلایەن (مەلا محموودی بایەزیدی)یەوە (١٧٩٩–١٨٦٧) لەسەر داخوازی قۆنسوڵی ڕوسیا لە ئەرزرووم (ئەلکسەندەر ژاپا) نوسراون کە بریتییە لە چیرۆکی مەم و زین، لەیلا و مەجنون، سیامەند و شەمسێ، جامعی رسیالیان و حیکایەتان، عادات و ڕسووماتنامەی تەوایفی ئەکرادیە، ئوسوڵی نیزامی کرمانجی، وەرگێڕانی کورتەی شەرەفنامە، ساغکردنەوەی کتێبەکەی عەلی تەرەماخی و چەند بەرهەمێکی تر، وەرگێڕانیش لە زمانێکی ترەوە ڕۆڵی زۆریان لە پێش خستنی پەخشانی کوردیدا بینیوە، لەوانە (مەلا یونسی هەڵکەتێنی)، سێ کتێبی ڕێزمانی لە عەرەبییەوە کردووە بە کوردی، کڵێسەکانیش ڕۆڵی باشیان لە پاراستنی هەندێ دەست نووسی کۆندا بینیوە وەك نوێژی مەسیحییەکان کە ساڵی (١٤٠٠) و کتێبی ئاینی موژدەبەرەکانی دۆمینیك و کایوسانەکان کە لە ساڵی (١٦٠٠) نوسراون،

[1] - - عەلادین سوجادی ، مێژوی پەخشانی کوردی ، چاپی یەکەم– چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٠ ، لا ٢٠

[2] - ئومێد ڕەحیم شەمسەدین تاڵەبانی ، کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی و ئەدەبیاتی رۆژنامەنوسی کوردی لە عێراقدا ( ١٩١٨– ١٩٥٨)، نامەی دکتۆرا ، بەشی کوردی ، زانکۆی سلێمانی ٢٠١٣ ، ل ١٨٩

[3] - د. هیمدادی حسێن ، رۆژنامەوانی کوردی–گۆڤاری هیوا ١٩٥٧–١٩٦٣، بەرگی یەکەم–دەزگای ئاراس ، لا

ئینجیلیش چەند جارێ وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و لە ساڵی (١٨٥٧) بە ئەلف و بێ و پیتی ئەرمانی نوسراوە. [١]

## ١- جۆرەکانی پەخشانی کوردی:

شارەزایان و لێکۆڵەرانی زمانی کوردی لەمەڕ جۆرەکانی پەخشان بیروڕای جیاوازیان هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی پەخشانی کوردی و جۆرەکانی لەڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە دەرکەوتووە.

لەڕووی ڕووخسارەوە:

١.پەخشانی سادە و ساکار، کە دوورە لە هەموو شێوەیەکی ڕەوانبێژی وەکو قسەکردنی دووکەس لە نێوان خۆیاندا، یان گێڕانەوەی سەرگوزەشتەیەك.

٢.پەخشانی هونەری، ئەم جۆرەی پەخشانیش هەموو لایەنە هونەرییەکانی تێدایە و بەشێوەیەکی ئەدەبی بەسەریدا زاڵە و دایگرتووە.

جۆرەکانی پەخشانیش لای (عەزیز گەردی) ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

١.پەخشانی زارگوتن:- ئەو جۆرە پەخشانانە دەگرێتەوە کە هێشتا تۆمار نەکراون و خەڵك دەم بە دەم بۆیەکتری دەگێڕنەوە، واتە سەرزار ماوەتەوە.

٢.پەخشانی نوسراو:- وەك پەخشانی فۆلکلۆری کە ئەمەیان جۆرێکی دەوڵەمەندە و زۆر لق و پۆپی لێ دەبێتەوە وەك ئەفسانە، داستان، سەرگوزەشتەی فۆلکلۆری، حەقایەت، پەندی پێشنان و قسەی نەستەق، مەتەڵ و گاڵتەوگەپ.

بەڵام لە کتێبی نامەنوسینی کوردی دا ( کەماڵ ڕەئوف محمد) دەڵێ : پەخشانی ڕۆژنامە ، یان پەخشانی کارگێڕی ، ئەم پەخشانە بە شێوە کەڵکی لە چێژ خۆش و ڕەوان و میللی و ئاسایی- زمانی ئاخاوتن - و هەروەها لە بزەی بەرزو دەربڕینی سازگاری پەخشانی ئەدەبی هونەرانە وەردەگرێت بەبێ ئەوەی لە هیچ کامێکدا بتوێتەوە ، بەمەبەستی داڕشتنی هەموو جۆرە هۆش و بیرو هەڵوێستێکی کوردی و دنیایی بۆ پەیوەست بونێکی گیانی گیانی لەگەڵ هەموو جەماوەرو بەسەرکردنەوەی هەموو ڕوداوێکی خۆش و ناخۆش ، هەموو خواستێکی نزیك و دوری کە بەبێ گومان ئەمە بۆخۆی - بەهەموو پەسنێکیەوە - چاکترین و کۆکترین کەرەستەی هونەرە بۆ پەروەردە کردنی زانست و فاریفەت و بلاوبونەوەیان ك ئەمەش پێچەوانەکەی (شیعر)ە کە بنچینەکەی هەستی تاکەکەس و کەف و کوڵی سۆزو کێش و ئاوازەی ئارەووە. [٢]

---

[١] - ئومێد ڕەحیم شەمسەدین تاڵەبانی ، کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی و ئەدەبیاتی رۆژنامەنوسی کوردی لە عێراقدا ( ١٩١٨- ١٩٥٨)، نامەی دکتۆرا ، بەشی کوردی ، زانکۆی سلێمانی ٢٠١٣ ، ل ١٨٩

[٢] - کەمال رەئوف محمد ، ئەدەبی نامەنوسینی کوردی ، بەشی یەکەم ، چاپی یەکەم- هەولێر ٢٠٠٤ ، ل ٥٢

بێگومان ئەدەب بەگشتی و پەخشان بەتایبەتی ، هونەرێکی وشك نەبووە لە بازنەیەکدا ، بەڵکو گۆڕانی بەسەر دا هاتووەو گەشەی کردووە و هەمیشە لە گۆڕاندا بووە و شتی نوێی لێ دروست بووە، جاران داستان و دراما دەبوایە بە شیعر بنوسرێت ، لەم ساڵانەی دواییانەدا ئەمە باوی نەماوە، ئێستاش بە پەخشان دەنوسرێت ، ئەگەر سەیرێکی پەخشانی کوردی بکەین، دەبینین دەکرێت بەم پەخشانەی خوارەوە ( پەندی پێشینان ، قسەی نەستەق ، هونەری دوندن ، حیکایەت ، ئەفسانە ، انمەو نامیلکە، دانان ) ئەم جۆرانەش ئێستا گۆڕانیان بەسەردا هات ، بۆ نموونە پەندو قسەی نەستەق بووەتە کەلەپورو لە کتێبدا کۆکراونەتەوە، لەم سەردەمەدا بە دەگمەن پەندی نوێ دروست دەبێت ، ئەگەر جاران پەخشان نووس بە پەندو قسەی نەستەق، نوسینەکەی پێ ڕازاندۆتەوە ، ئەمڕۆ باوی نەماوەو خوتبەش زیاتر بووە ، وتاری ڕۆژنامەو ڕادیۆو تەلەفزیۆن جێگەیان گرتۆتەوە ، حیکایەتیش مەیدانی بۆ چیرۆك و ڕمان چۆڵکردوە، نامەو نامیلکەش ئێستا باوی نەماوە، بەم پێیە دەبینین ئێستا پەخشانی کوردی ئەم لایەنانە دەگرێتەوە ( وتار ، چیرۆك ، ڕۆمان ، شانۆگەری – شانۆنامە ).([1])

## ت- جیاوازی نێوان شیعرو پەخشان:

شیعرو پەخشان جودان ، عەزیز گەردی بەم شێوە جیاوازی خاڵەکانی نێوانیان دیاری دەکات.

١- هۆنراوە لە ویژدان و سۆزەوە پەیدا دەبێت ، کەچی پەخشان لە عەقڵ و ئاوەزەوە دێ ، واتە : هۆنراوە زمانی سۆزو ویژدانەو پەخشان زمانی عەقڵ و ژیرییە.

٢- کێش نیشانەی سەرەکی هۆنراوەیە ، هۆنراوە بە کێش و ئاواز لە پەخشان جودا دەبێتەوە کە کێشی نیە، یان کێشی دیارو تایبەتی نیە.

٣- لە هۆنراوەدا سەروا هەیە ، بەڵام لە پەخشاندا سەروا نیە یان زۆر کەمە، سەروای هۆنراوەکە بە گوێرەی هۆنراوەکە دەگۆڕێت، هۆنراوەی کلاسیکی و هۆنراوەی نوێ ... [2]

## ٣-١-٣: پەخشانی کوردی لەڕووی روخسارەوە:

بەشێوەیەکی گشتی پەخشانی کوردی لەڕووی ڕووخسارەوە بۆ دوو جۆری سەرەکی (سادە و سەروادار) و لەڕووی ناوەڕۆکیشەوە بۆ پەخشانی (هونەری، ئەدەبی و زانستی) دابەش دەکرێت.

پەخشان وەکو ژانرێکی سەرەکی ئەدەب لە گۆڕان و نەش و نما کردنی بەردەوام دایە لە ڕۆژگاری سەرهەڵدانییەوە قۆناغ بە قۆناغ گەشەی کردووە تاکو گەیشتووەتە ئەو پلەیەی کە ئەمڕۆ تێیدایە.لە قۆناغەکانی پەرەسەندنیشی دا لەگەڵ شیعر وەك ژانرێکی سەرەکی تری ئەدەب لە ململانێدا بووە، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێك کە پەیوەندییان

---

[1] - لوقمان رەوف ، ئەدەبی کوردی ، ل ٨٨

[2] - عەزیز گەردی ، پەخشانی کوردی ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ١٩٨٧، لا ١

به خودی شیعرەوە هەیە ، پەخشان توانیویەتی لەو زۆرانبازی و ململانێیەدا تا ڕادەیەك گرەوەکە بباتەوە و دەسەڵاتی ڕەهای شیعر کەم بکاتەوە، ئەمەش لەڕێگەی گۆڕینی هەندێ ژانری شیعر بۆ پەخشان، وەك گۆڕانی قالبی (داستان) لە شیعرەوە بۆ جۆرێکی تازەی گێڕانەوە کە خۆی لە هونەرەکانی گێڕانەوە بەگشتی و (ڕۆمان) بە تایبەتی دەبینێتەوە، هەروەها لە کۆندا شانۆگەری بە شیعر دەنوسرا، بەڵام لەگەڵ پەرەسەندنی پەخشاندا شانۆی تازە چووەتە بارێکی ترەوەو بەشێوەی پەخشان دەنوسرێت.

زۆربەی هونەرەکانی پەخشانی کوردی لەگەڵ دەرکەوتنی تیشکی ڕۆژنامەگەری کوردی دەرکەوتن و هەر لەم ڕێگەیەشەوە گەشەیان کردووە و بە خوێنەری کورد گەیشتوون ((وتار، چیرۆك، جاڕدان، ڕیپۆرتاژ، بیرۆکە شێوازی نوێ بوون لە دوای شەڕی یەکەم و سەدەی بیستەم دا))، دیارە ئەم هونەرانەی پەخشان و گەلێ هونەری تریش لە منداڵدانی ڕۆژنامەگەرییەوە چەکەرەیان کردووە و دەرکەوتوون.

ئەگەر گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی کوردی قۆناغی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری ببینین، دەبینین شانبەشانی بڵاوکردنەوەی شیعر بە هونەرەکانی پەخشان ڕازاوەتەوە.

ئەگەر بمانەوێت باسی هونەرەکانی پەخشانی کوردی بکەین ئەوا دەبێت لە دوو ڕووەوە باسی بکەین، یەکەمیان بەشە زارەکییەکانی پەخشانی کوردی دەگرێتەوە، دووەمیشیان هونەرەکانی پەخشانی کوردی دەگرێتەوە.

ڕۆژنامەگەری کوردی بنچینەیەکی سەرەکی بوژانەوەی ئەدەبی نوێیە، هەروەها هۆکارێکی گرنگی پەرەسەندن و گەشەکردنی زمانی نەتەوە و گونجاوترین و لەبارترین شوێنی بڵاوکردنەوەی وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و زانستی و ڕامیاری و مێژووی و کۆمەڵایەتییەکانە. هەروەها (( لە هەرە بەهێزترین هۆکارەکانی بوژاندنەوەی میللەت لە ڕووی عەقڵیەت ، ژیان، زانستی و چاکسازی کۆمەڵایەتی دادەنرێت)). بەم پێیەش دەتوانین بڵێین ( سەردەمی گۆڤار و ڕۆژنامەکان سەردەمی پەخشان بوو، لەدایك بوونی گۆڤار و ڕۆژنامەکان دەرفەتێکی چاك بووە بۆ دامەزراندنی بناغەی ئەم هونەرە تازەیە، چونکە ڕۆژنامەگەری کوردی هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە ڕوویەکی دیار و بەرچاوی دەرخستنی ئەدەبی کوردی بووە ( تەنانەت لە نوسینە سیاسییەکانیشدا شێوازی ئەدەبی دەسەڵاتی بەسەر نوسەردا کێشاوە، لەبەر ئەمە پەیدابوونی ڕۆژنامەنوسی کوردی بە سەرەتای گەشەپێدانی پەخشانی کوردی دادەنرێت. [1] بۆ ئەوەی دەقاو دەق لە پەخشانی ڕۆژنامەنوسی تێ بگەین دەبێت بڵێین : پەخشانی ڕۆژنامەنوسی ، یان ڕۆژنامەنوسی وەك بەشێکی دیاری پەخشانی کرداریی کە لە ئاوێزان بوونی پەخشانی ئەدەبیی یان هونەری و پەخشانی زانستیەوە دێتە کایەوە، زمانێکی بژارکراوی ڕۆژانەی خەڵکی لێدەردەچێت کە دواجار خزمەتێکی گەورە بە بواری فەرهەنگ و دەوڵەمەند کردنی زمانی نەتەوەیی هەر نەتەوەیەك دەکات و دەبێتە هۆیەك بۆ پێکەوە گرێدانی خەڵك بەیەکەوە ، پەخشانی ڕۆژنامەنوسی وادەخوازێت بەباشی خاڵبەندی تێدا ڕەچاوبکرێت و لەهەمان کاتدا بەخۆ گونجاندن لەگەڵ پێشکەوتنەکانی زمان و زانستی

---

[1] - مستەفا سالّح مستەفا ، پەخشان لە گۆڤاری زاری کرمانجیدا (١٩٢٦–١٩٣٢) ، نامەی ماجستێر، بەشی کوردی ، کۆلێژی ئاداب–زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر ٢٠٠٨، لا ٣٥

ڕۆژدا دەستە واژەی نوێ بەکاربەرێت، لەم جۆرە پەخشانەدا شیرینترین دیاردەو ڕوداو کارەسات و تاوانەکان بە زمانێکی شیرین و جوان دەخرێنە ڕوو، بە جۆرێك هەواڵی خراپبونی ئاوەڕۆی شوێنێك لە ڕۆژنامەیەکدا بخوێنینەوە ، بێئەوەی چەشەو زەوقی خودیمان بشێوێنێت [1] هەر بۆیە ڕۆژنامەوانی کوردی درێغی نەکردوە لەو چەشنە دەربرینانەو ڕۆژ بەڕۆژ پەخشانی ئەبی هەمەلایەن ترو پڕ چەشەتر کردوە بۆیە لەڕێگەی ڕۆژنامەوانی کوردییەوە پەخشان گەشەی کرد و چەندین لق و پۆپی لێ بووەوە، بەڵگەش بۆ ئەمە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا ڕۆژنامەی کوردستان (١٨٩٧-١٩٠٢) یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بوو وشەی کوردی بە هەموولایەکدا بڵاوکردەوە و بووە سەرەتایەك بۆ ڕۆژنامەوانی کوردی و هونەرەکانی پەخشانی بەرەوپێشەوە برد، پاشان گۆڤاری ڕۆژی کورد (١٩١٣) وتار و چیرۆك بەشەکانی پەخشانی ئەدەبی بەچەند هەنگاوێك بردە پێشەوە و تەنانەت بە سەرەتایەك دادەنرێت بۆ لێکۆڵینەوەی چیرۆکی کوردی، دوای جەنگی جیهانی یەکەمیش ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی (١٩١٨) و گۆڤاری زاری کرمانجی (١٩٢٦) و ڕۆژنامەی پێشکەوتن(١٩٢٠) و گۆڤاری گەلاوێژ (١٩٣٩) و گۆڤاری هیوا (١٩٥٧) و گۆڤاری شەفەق (١٩٥٨) و هتد. هەموویان لەدایك بوون و لە هەمەچەشنی هونەرەکانی پەخشانی کوردیدا ڕۆڵێکی دیار و بەرچاویان هەیە.

گۆڤارو ڕۆژنامەکانی ساڵانی حەفتاکان هەتا ڕاپەڕین و لە دوای ڕاپەڕینیشەوە بە دروستبونی سەدان ڕۆژنامەوگۆڤار و پەرەسەندنی تەوژمی ڕۆژنامەنووسی پەخشان و هونەرەکانی چونە قۆنێکی نوێ ترەوەو لەو ڕەوەوە گۆڤارەکانی ناوچەی گەرمیانیش شانبەشانی ئەرکەکانی بەزۆری چەشنەکانی پەخشانی ڕەنگڕێژی لاپەڕەکانی کردوە.

## ٣-١-٤: ناوەڕۆکی دەقی پەخشانی کوردی :

بەخشانی هەرزمانێك بەهۆی ناوەڕۆکەوە ( ڕادەی بیرو هۆشی خاوەن زمانەکەش دەرئەخا کە پەلی بۆچەند بابەت و چەند مەبەست هاویشتوە ، تابلۆی ئەم دەستدرێژی کردنە بەتەواوی پلەپلەی هەموو ڕۆژو سەردەمێکی دەر ئەبڕێت، ئەوە دەر ئەبڕێت کە لەو ڕۆژەدا چ جۆرە هەستێك باوی هەبووە ، بەمەش دەتوانین بڵێن دەقەکانی پەخشانی کوردی لە ڕوی ناوەڕۆکەوە هەڵگری بیروباوەڕی ئەوکاتە مێژویەن کە تیایدا نوسراوەتەوە ، ئاوێنەیەکن پێویستیەکانی ئەو قۆناغەمان بۆ دیار دەکەن . هەر چەندە بەشێکی زۆری ئەم دەقانەی پەخشانی کوردی لە ڕوی ناوەڕۆکەوە ئاینین ، بەڵام چەند دەقێکیش هەن کە بەلای لایەنی تردا ڕۆشتوون ، وەك باسکردنی بابەتی زانستی و زمانەوانی ، یان بابەتی داب و نەریت و پابەندو ئامۆژگارییە کۆمەڵایەتیەکان[2] بەڵام تارمایی پەخشانی هونەری

---

[1] - هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین، چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنوسیەکان و ڕەنگدانەوەیان لە "ژین و ژیان"دا١٩٣٢-١٩٥٠ ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی ٢٠٠٧، ی ١١٨

[2] - مستەفا سالح مستەفا ، پەخشان لە گۆڤاری زاری کرمانجیدا (١٩٢٦-١٩٣٢) ، نامەی ماجستێر، بەشی کوردی ، کۆلێژی ئاداب-زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر ٢٠٠٨، لا ٤٤

له ئەدەبی کوردی سەدەی نۆزدەمدا بەرچاو دەکەوێ ، بەڵام ئەو نمونانە نەبوون بە سەرچاوە بۆ چەسپاندنی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا. چەسپاندن و پەرەسەندن کەوتە ماوەی نێوان هەردوو جەنگی گێتی ، لەو کاتەوە گۆڕانی ئەم بابەتە لە ئەدەبدا دەستی پێکرد، بابەتی بنچینەیی پەخشانی کوردی وتاری چیرۆك ئامیز بوو، یاخود چیرۆکێك لە شێوەی وتاردا بێت، واتە هەر بەرهەمێك لە نێوان وتارو چیرۆك بکوێتە بەرچاو ، بە شێوەیەکی گشتی ئەم چەشنە بەرهەمە بە ناوەڕۆکێکی قارەمانی– مێژووی یا پەروەردەیی و فێرکردنی میللی خۆی دەنواند، مەبەستی سەرەکی پەخشان و هەروەها شیعریش لەم سالآنەدا ڕێپیشاندان بوو لە بابەت هەڵسوکەوتی خەباتی ڕزگاری نەتەوەی کوردو پێشکەوتنی باری کۆمەڵایەتی و تەنویری لاوان، لەم قۆناغەدا مەبەستی هەرەگرنگی کورد لە بابەت زمان و هەوڵدان بوو لە پێناوی دروستکردنی زمانێکی ستانداردی نوسینی کوردی پەتی و بە پێی توانا کەمکردنەوەی وشەی بێگانە لەناو زمانەکەدا [١].

قۆناغی دوای جەنگی دووەمی گێتی ماوەیەکی یەکجار گرنگ و بەبەربوو لە مێژووی گۆڕانی پەخشانی هونەری کوردی. لەو ڕۆژگارەدا پەخشان بەتەواوی لەسەر پێ وەستاو بوو بە ئاوەزی ئیعر. لەو سالآنەدا بابەتەکانی وتاری ئەدەبی و چیرۆك پەرەیان سەند، شێوازی دەربڕینی ریالیزمی بەرامبەر بەڕوداوی ڕاستی جێی خۆی لە وشەی هونەریدا دۆزییەوە. مەشقی زمانی پەخشانی هونەری کوردی بەڕاستی دەستی پێکرد، لە گەڵ شتی کۆنی لاسایی ڕەوانبێژی خۆی ڕزگارکرد.هەڵسوکەوتی پەخشانی کوردی لەو سالآنەدا نەگۆڕا، هەروەکو پێشان بەرهەمی پەخشان بەگشتی لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بلآو دەکرایەوە، لە ناوەڕاستی چلەکان و سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەم وتاری چیرۆك ئامێز ناوبانگی تەواوی پەیداکردو بەشێوەیەکی فراوان بلآوبوەوە، بەگشتی ئەم کۆمەڵە هونەرە پەخشانیە بە کۆمەڵێکی گەورە لە خەڵکی دەنوسرایەوە، لەبەر ئەوە هەر دەهات و ساکارتر دەبوو لە ڕوی دارشتنی ڕستەو بەکارهێنانی وشەی زمانەوە[٢]. بۆیە ئەم دەقانە لە ڕوی ناوەڕۆکەوە بەسەر چەند بەشێك دابەش دەبن.

ا) **پەخشانی ئاینی** : ئەوانەن کە بەگوێەری ئاین ڕوداوەکان لەیەك دەدنەوە وەك کتێبەکانی هەردوو ئاینی ئێزیدی و کاکەیی یەکان کە خۆیان لە ( جلیوەو مسحەفا ڕەش ) و ( سەرئەنجام) دەبیننەوە ، بەتایبەتی سەرەنجام کە لە (٢١) پارچە پەخشانەکەیدا باسی دروستکردنی گەردون و زەوی و ئاسمان و ئەستێرەکان و شەو ڕۆژو کاری گەورە پیاوانی خۆیان لە ڕوانگەی ئاینەوە دەکات. لەلیەکی ترەوە لە ( عەقیدە نامە) کەی (مەولانا خالیدی نەقشبەندی) بیرو باوەڕی ئیسلامی بە زمانی کوردی باسکراوە ، کە بەردی بنەڕەتی پەخشانی کوردی لە بابەتی ئاینی دائەنێت . نمونەیەکی تری پەخشانی ئاینی کوردی بریتیە لە ( مەولود نامە)ەی ( شێخ حسەینی قازی) کە لە بەناوبانگترین دەقەکانی پەخشانی کوردیە .

---

[١] - دکتۆر مارف خەزنەدار ، مێژووی ئەدەبی کوردی — بەرگی پێنجەم ، چاپخانەی ئاراس–هەولێر، چاپی دووەم ٢٠١٠، ل ٣٩

[٢] – دکتۆر مارف خەزنەدار ، مێژووی ئەدەبی کوردی (بەرگی شەشەم)، چاپخانەی ئاراس–هەولێر ، چاپی دووەم ٢٠١٠، ل ٣١

**ب) پەخشانی فۆلکلۆری** : ئەوەش ئەدەبی زارەکی و پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و بابەتە فۆلکلۆریەکان دەگرێتەوە.

**پ) پەخشانی فێرکردنی کوردی** : ئەمەش لە کتێبی ( دەستوری زمانی عەرەبی بە کوردی ) عەلی تەرەماخی دا دەردەکەوێت ، کە ئەم نوسەرە زانستیانە هاتووە یاساکانی زمانی عەرەبی بەکوردی نوسیوەتەوە.

پەخشانی کوردی نەریت و دیاردە کۆمەلآیەتیەکان : ئەم جۆرەیان لە بەرهەمی ( عادات و رسوماتنامەی ئەکرادیە)ەی ( مەلا محمودی بایەزیدی ١٧٩٩-١٨٦٧ دەردەکەوێت ،کە باسی خورەوشتی کوردانی قۆناغەکەی خۆی کردوە کە بەرهەمەکەی تیا نوسیوەتەوەو لە چوارچێوەی خورەشت و داب و نەریتی کۆمەلآیەتی خەلکەکە سوڕاوەتەوە.

**ت) پەخشانی زانست و زانیاری** : خوێندەواری و زانست و زانیاری یەکێك لە بابەتەکانی پەخشانی کوردی بوو کە لە ڕوپەڕی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی ( کوردستان) ڕەنگی داوەتەوە ، هەر وەها گۆڤارەکانی ڕۆژی کوردو بانگی کوردیش ڕۆلی بەرچاویان هەبوو لە پەخشانی زانست و گەشەپێدانی پەخشانی زانستی و خوێندەواریدا . هەروەها گۆڤاری ( هەتاوی کورد)یش بایەخی بەزمان داوەو لە چەندین شوێندل گوتویەتی پێویستە ڕێزمانی کوردی دابنرێت و ڕێنوسەکەی چاك بکرێت و کوردی بکرێت بەزمانی خوێندن.

**ج) پەخشانی کشتوکالی** : لە سالی (١٩٢٠-١٩٢٢) ڕۆژنامەی پێشکەوتن دەرچوو ، کە لە یەکێك لە ژمارەکانیدا نوسیویەتی " لەمەولا بیرمان وایە کە لە پێشکەوتن دا لە باسی زراعەت بدوێین و لە ژمارەکانی تری دا باسی توتنی کردوە.

**چ) پەخشانی ئابوری** : لە ڕۆژنامەی ( ئومێدی ئیستقلال ) دا و لە وتارێکدا بەدرێژی باسی ڕۆلی بازرانی و کشتوکالی کردوە

پەخشانی نەتەوایەتی : هەردوو گۆڤاری ژین و کوردستان کە لەسالانی (١٩١٨ و ١٩١٩) لە ئیستانبول دەرچوون ، بایەخێکی زۆریان بە هەستی نیشتمان پەروەری و کوردایەتی داوە ، لە ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستیشدا دکتۆر کەمال مەزهەر دەلێت ( شێوازی تێگەیشتی ڕاستیش وابوە هەستی کوردایەتی بوروژێنێت).

بەلآم (د. شوکریە ڕەسول) پەخشانی کوردی لەڕووی ناوەڕۆکەوە بەم شێوەیە دابەش دەکات.

١. پەخشانی کۆمەلآیەتی:- ئەو جۆرە پەخشانانە دەگرێتەوە کە چارەسەری دەردەکانی کۆمەل دەکات، لەو جۆرەشیاندا زیاتر گرنگی بە ناوەڕۆك دەدرێت نەك ڕووخسار.

٢.پەخشانی سیاسی (ڕامیاری):- ئەم جۆرەشیان پەیوەندی بە کێشەی ناوەوەی ولآت هەیە و جۆری پەیوەندی لەگەل ولآتاندا لەم پەخشانەدا دەردەکەوێ.

٣.پەخشانی ئەدەبی:- ئەمەشیان بەشێکی گەورەی ئەدەبە و بەسەر چەند جۆرێکی تردا دابەش دەبێت.[١]

---

[١] - مستەفا سالخ مستەفا ، پەخشان لە گۆڤاری زاری کرمانجیدا (١٩٢٦-١٩٣٢) ، نامەی ماجستێر، بەشی کوردی ، کۆلێژی ئاداب-زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر ٢٠٠٨، لا ٢٦

له گۆڤارەکانی گەرمیان دا پەخشان و هونەرەکانی بەڕونی ڕەنگیان داوەتەوە و چەندین پەخشان بلاوبوەتەوە کە له کۆی هەموو ژمارەکان (١٧) پەخشان هەیە، کە بەشێك لەو پەخشانانە تایبەتن بە ئەنفال و جینۆسایدکردنی کورد.

## ٣-١-٥: نمونەی پەخشان لە گۆڤارەکان دا:

ا- فوئاد عەدنان مجید، پارچە پەخشانێکی لە ژێرناوی ( بەسەرهاتێك ) نوسیوەو گوزارشت لە تاوانی ئەنفال دەکات گفتوگۆی نێوان منداڵێك و جاش کوردێ تاوتوێ ئەکات ، نوسەر دەڵێت:

" کە هاتم وەکو خۆر هەڵدیم وامەزانە من دوورم لەناو دڵی گشت کوردێکی ئەنفالکراودا، شاربەشار منە دەکەم زامەکانی ئەنفال سارێژ دەکەم. تاکو نەغمەی گریانی منداڵی کورد بەجیهان ڕابگەیەنم"، دیمەنی منداڵی دوور لەدایك وباوك ئاراستەی کورد ئاسان بکەم، منداڵێکی گەرمیان لەدایك و باوکی وون ببوو، لەچیاکانی گەرمیاندا خۆی حەشاردا لەنازو خۆشی ژیان کەوتبوو، ڕۆژانی سەختی بەسەردا هات و کەوتە دەستی چەند کوردێکی خۆ فرۆش یەکێکیان دەیگووت بابیکوژین، چونکە ئەم کوڕی پێشمەرگەیە، ئەویتریان ئەیوت نەخێر نایکوژین، بابیبەین بۆباشوری ولات بەپارەوپول بیفرۆشین، منداڵ هاتە زمان وتی بۆ دەمکوژن بۆ دەمفرۆشن ئێمە کوردین، ئێوەش کوردن ، بەڵام ئێمە لەپێناو ئازدای بۆولاتاکەمان دەکوژرێن وئەنفال دەکرێین، ئەی ئێوەلەپێناوی چی؟ لەپێناو پول وپارە ئامادەن نۆکەری بۆداگیرکەرانی ولاتەکەی خۆتان بکەن، بەڵام ژیان بەهەموو لایەکدا دەسوڕێتەوە، ڕۆژێك بۆ ئێمە ڕۆژێك بۆ ئێوە، بەڵام ڕۆژەکەی ئێمە هەمووژیانی ئێوە دێنێ،چونکە ئێوە خۆفرۆشن. منداڵەکەیان بەر شەق وزلەدا، منداڵ بەگریانەوە وتی هەرچەندم لێبدەن ڕۆح ودایك وباوکمەو ماڵ و فرمێسکم بالەپێناوی کوردستاندا بڕوات ، منداڵ بەلێدان برا،بەڵام دەپاڕایەوە لەخودا هاوری دەکرد خودایە ئێمەش مرۆڤین وەك هەموو مرۆڤەکانی سەر گۆی زەوی بۆ ئەژین خودایە ڕەحم بکە بەحاڵی من و هەزاری وەکو من لەناکاو دوو چەتە بەدەستی ماندوو وەك شێر ڕاپەڕین وتیان بوەستن! ئێوەکێن؟ منداڵ یەکسەر هاتە زمان وتی من کوردم بەرەو بازاڕی مرۆڤ فرۆشتنم دەبەن ئەوانیش کوردن ، کورد دەفرۆشن.ئەی ئێوەکێن؟ هاتنە زمان ووتیان ئێمە چەك هەڵگرین بۆ ئەوەی دوانی وەك تۆ ڕزگار بکەین ، منداڵ حەسایەوە داوای کرد لەپێشمەرگەکان تۆزێ نان و تۆزی ئاوی بدەنێ دوو ڕۆژ بوو نان وئاوی لێ حەرام ببوو، هەردوو پێشمەرگەکە ووتیان با تۆڵەی ئەم منداڵە و دایك و باوکی و هەزارەها وەك ئەم منداڵە بکەینەوە ئەمانە خۆفرۆشن با بەرقی چەخماخەی شۆڕشی کورد بیان سووتێنین، منداڵ وتی با من تۆڵەی خۆم بکەمەوە بەتفەنگی خۆیان هەردوو کیانی کرد بە کەلاك و پێی نایە سەر کەلاکی خۆفرۆشێکیان وتی من لەئەمڕۆوە چەك هەڵدەگرم بۆ ئەم خاکە ڕۆڵەی هەموو مرۆڤێکی سەخت دەبم،داستانی قارەمانێتی بۆ خۆم تۆماردەکەم، ژینێکی نوێ بۆ کوردستان دابین دەکەم".[1]

---

[1] - فوئاد عەدنان مەجید ، بەسەرهاتێك ، گۆڤاری داستان -ژمارە (٢)ی ئایاری ئایاری ساڵی ٢٠٠٠، ل ٢

ب– سەلام موستەفا لەم پارچە پەخشانەدا بەناونیشانی (نازەنین والەعەرعەرە) باس لە جێگاو هەوارگەی نازەنینی ئەنفالکراو دەکات و وێنای گوندە کاولبوەکەی بەدەستی جەلادەکان نمایش دەکات و پێمان دەڵێت ئەنجام دەرانی ئەنفال چەند خۆزگەو هیوایان بەرەو بیابان و ژێر لم لەناوبرد و لەسەر نەخشەی خاکی کوردستان سڕیەوە.

بەیاڵەوە...بەیاڵی ئەو بەر(دێ)کەوە..پرسیاری لەتەورەکەی دەستی دەکرد:ئەرێ بەڕاست چەند لقت هەڵپاچی؟..چەندجار بازوومت بەرزکردەوە؟..چەند هەزار گەڵات هەڵوەراند؟..پرسیاری لە تولە ڕێگاکە دەکرد: ئەرێ بەڕاست چەند (پێ) هەنگاوی منت ژماردووە وچاڵکردووە؟..چەند بەرزی ئەوێت پێ ئاشناکردم؟..چەند جۆر ئاوازت پێ گۆڕیم و کپت کردم تا بەرزتکردمەوە؟..

پرسیاری لەخۆی دەکرد:ئەرێ ئەمە چەندەمین جارە دێمەوە ئەم گوندە؟چەندەمین جارە کانیاوەکەی پاك دەکەمەوە؟..چەندەمین جارە پەرژینەکانی دەژمێرم؟..ئاخۆ چەندەمین جاریشە وێنەی (نازەنین) لەبەر باخەڵم دەردەهێنم و ماچی دەکەم؟..ئەرێ بەڕاست نازەنینم چی لێ بەسەرهات؟!

–٨٨ بوو..دەستە ناسك وزبرەکانی چراکانیان هەڵدەگرت...دەستی دروومان ودەستی گوڵ، دەستی خەنەو دەستی پاچ، هەردوو دەستی سڵاو بەشەرمەوە.. بەوترسەوە کە (گوڵی بەر) لەتەرزە بترسێ.. کەچەند ماڵێکی لاقەدپاڵ بڕواننە هەرسی بەفر.. کە(کەلەك)ێك لەتوفان نزیك ببێتەوە .. بەترسەوە وەك ئەوەی دوکەڵ ئاسمانی سڕیبێتەوە..ئالێرەوە ترس لەهەموو شتێ!!..

*ئەها ئەوە کامێراکەمەو وئەوەش دوو چاو وهەنگاوو ئەوەش پێنووس ودەفتەرێ، دەی وێنەکان بقۆزەرەوە.. وێنەکان بگوازەرەوە.. دەی ها ئەوەش بەسەرهاتەکان..

(لەشیرین خەودابوون هەرهەموویان لەشیرین خەودا بوون، پەنجەرەکان کرانەوە، خەون وسەما هەڵفڕین و لەوێو دیبەرەکاندا نیشتنەوە..دیبەر سووتا..دیراو کوڵا ..زەوی جوڵا..خونجەو نەمام ڕەش داگەڕان، ئیدی لەولا ئەوانەوە..دەم لەبلوێر ترازو..گوێسوانەکان داخزان و باڵ جوولەی لەبەر بڕا.. دار دوو داری دی بیرچووەوە، تەشەی لەخولانەوە کەوتو بەکرەی هەموو کۆلارەکانیش پچڕا، دەمیان دابەیەکدا سیاچەمانەو لاوك وحەیران..سەریان بادا شێخ ومورید..دەمیان داخست سەر سنوور وئاسمان گریا بەبێ باران... هەور گریا بەبێ جاران لەولا هەموو ئەمانەوە..لەوەلا سنوری پاکەوە.. ڕیزیان لێ بەست تەپڵ وکەمان.. بەیەك ئاواز هاواریان کرد تەنها( لبیك)لبیك سەدام.!...

لەشیرینی خەودا بوون..هەرهەموویان لەشیرینی خەوندا بوو، لەهەلەدن وبەرگ ودووعاشق پەنجایان پەری... لەشێخ وەسانان مندالٚ یاری بوو بە(بابەخولی)...

لەتۆتمەو ئالانە تەناف یەخەی کراسی دادری..قزلەر شیعری سەردەبڕی وقەیوان ماچی کیلی دەکرد، ئەوە کچێکی قەراخی بوو دەگریا، ئەوەش کوڕیکی گورگانی بوو دەبرژا..یاخسەمەر پرسەکەی تۆرا.. هەڵەبجە بوو بە وێرانە.. عەنەب تەوێلی قیشا، لەناو پرچی شاناخێ دا دوکەڵ دەروێ، لەناو چاوی سیوسێناندا کانی ژەهرە

هەڵدەولێ..ئیدی کوانی ئەوە سەمایەیی گۆپتەپە وعەسکەر دەیگێڕن.. کوانێ دوعا بۆماڵەکانی گۆچ بڵاخ، کوانێ نامە بۆ قوڕاوی چەمی ڕێزان،،کوا چەترێك بۆ سەر ئاسمانی سماقولی..ئەی کوا پردێ بۆ زاخۆکەم، کوا پەیام وکوانێ عاسا وکوانێ دەروێش بۆ کۆڕی شینی هیرانم؟"[١]

ت– سۆراغ ناو نیشانی پارچە پەخشانێکی (حەسەن بارام)ە کە گوزارشتن لە ساتەوەختەکانی دوای تاوانی ئەنفال دەکات کە لەگەڵ دایکی چوونەتەوە گوندە خاپورکراوەکەیان و لە لایەن دەسەڵاتی ئەنفالچیەوە بوبە کەلاوە...

دەڵێت:

" کاتێ لەگەڵ دایکە خێرنەدیوەکەمدا هاتینە شوێن کەلاوە ڕووخاوەکان.. ئیدی وامان زانی ئێرە بەهەشتە، نەبۆ هەتا هەتایە بمرین، نەبۆ جارێکی تر بەدەردەکەی چواردەی گوڵان دەچینەوە...!

وەك ئەوەی شتێکمان بزرکردبێت کەوتینە سوراغ کردنی نێو کەلاوە خاپوورکراوەکان.. لەکاتێکدا دایکم خەریکی کەل وپەلە ئاڵ و واڵاکانی خوشکە دزراوەکانم بوو، چۆڕاوی دڵۆپە فرمێسکەکانی وەك نۆتەی ئاوازێکی کەساس دەرژانە سەر گۆنا بێ نازەکانی.. لەشە داچۆڕاوەکەشی بەدەم هەنسکەوە تەتەڵەی دەدا جار جاریش سەرنجێکی لای منی دەدا، وەك ئەوەی پەیڤێکم ئاراستە بکات، کەچی ئەوەی لەدڵێ ئەودا گێنگڵی دەدا، بەهەمان چەشن منیشی گرفت کردبوو..!

ناچار بەهەنسکی سارد وسڕەوە بەرسڤم دایەوە(دایکە گیان منیش بەدوای وەسێت نامەکەی باوکمدا سوراغ دەکەم..!)

ئیدی لەوە ساتە وەختەدا، من..دایکم.. باڵندەکان.. کەلاوە ڕووخاوەکان تەنانەت ئاسمانیش بۆ ئەو خەمە فرمێسکیان کرد بەدیاری...![٢]

پ – نوسەرو شاعیر (خالد ئەسکەندەر) لەم پارچە پەخشانەی تایبەت بە ئەنفال سۆزی خۆی دەر دەبڕێت ، لە ژێرناوی " ئاهێك لەگەرمیانەوە بۆ ئەنفال" دەڵێت:

"بەیانی بوو شار لەئامێز ڕەنگاڵەی گوڵەکاندا تاکە بەهەشتێکی سەرسام بوو، بەیانی بوو هێشتا خۆر لەئاسۆ نەبوو بەمیوانی بەیانی، بڕیارێك دەرکرا، گوایە ئەم شارە ئەم نیشتمانە پاکبکرێتەوە لەپیر ومنداڵ وگەنج هەر هەموویان ڕۆحیان زیندە بەخاك بکرێت، بەناو نیشتمانێکی بێ ڕۆح شەریعەتە ١٨٢ پەپولە ئاسا لەم وڵاتە وێرانەی مندا ئەنفال وقوربانی بکرێت، ئەمەش ئەو تراژیدیایەیە هەرگیز لەناخماندا ڕۆئەچێ، نەوە لەدوای نەوە دەبێتە قوتابخانەیەکی ڕەق لەبەردەم گەورەترین ئەژدیها کەویستی فەرهەنگی وڵاتێکی سەر نەخشە لەنێو

---

[١] - سەلام مستەفا ، نازەنین والەعەرعەرە، گۆڤاری هەشتاوهەشت ژمارە (١) ، بەهاری ٢٠٠٤، چاپخانەی ژیر، ل ١٣٥

[٢] - حەسەن بارام ، سۆراغ ، گۆڤاری داستان ، ژمارە (٧) ی ئازاری ٢٠٠٢، ل ٢٧

دەریایەکی خوێندا نوگم بکات، بەڵام خۆشبەختانە ئەم پاکتاوی نەژادیە هەتاهەتایە نەبوو بەخەونی ڕاستەقینەی ئەو ئەژدیهایە کەتەمەنی بەر وەرزێکی شووم کەوت لەم وڵاتە پاکەی کرد بەگۆڕستانی خۆی لەبەردەم دەیان منداڵی چاوگەشی ئەنفال، کەتا ئێستا چاوەڕاونن کەس وکاریان لەوڵاتی لم بگەڕێتەوە باوەشی نیشتمان، نیشتمانێك خەونەکانی پڕ لەخۆزگەی مردن بێت..ئاخ! ئەمە چی!! نیشتمانێکی بێ چارەیە؟ لەبەردەم ئەم ئەژدیهایانە کە گاڵتە بەخەونەکانمان دەکەن لەبەردەم ترازووی ویژداندا!، خۆزگە بەو ویژدانە پاکە کەسم نەناسبایە، بۆ ئەوەی خەونەکانم نەبوایە بەدریاو منیش مەلەوانگەی ئەو دەریایە نەبوومایە کەڕەشتر قوڵتر لەهەموو دەریاکانی تری دونیا."[1]

ج- لە ژمارە (٢) ی گۆڤاری ناسنامەیش دا ( م. ئاکۆ ئەسکەندەر ) ، پەخشانێکی لەژێر ناوی ( دەمەو ئێوارانێکی کۆتای بەهاربوو) بلاّوکردۆتەوە

" من و دایکم وخوشك و دەرو دراوسێکان لە نێو زیلێکی سەربازیدا تەنراین، دایکم زۆر بەکوڵ دەگریاو فرمێسکی دەباراند، من هیچم لە نهێنیەکانی ئەو گریانە نەدەزانی لەو دیو فرمێسکەکانی دایکمەوە چی هەیە؟

خوشکەکەم زەرد هەڵگەڕابوو لە ژێرەوە بە ئاستەمێ سەرنجی لە پۆستاڵی سەربازەکان دەدا من هیچم لە نهێنیەکانی ئەو ترسە نەدەزانی. بێ باکانە دەم ڕوانی و بەبێ خەم و هیچیشم لە نهێنیەکانی ئەو سەفەرە نەدەزانی... ئەم دەزانی بۆ؟

تەنیا وام هەستە کرد ئەو شوشە شیرەی بوو بەرخە دایك مردوەکەم حازرکردووە سارد نابێتەوە دەگەڕێینەوە. سبەینێ لەسەر سەکۆکەی ماڵی خۆمان لەگەڵ ئاوات و ئازاددا یاری ساپ ساپێنی دەکەین، وام هەست ئەکرد چۆلەکەکانی باخەکەمان بەبێ من هیچ ئاوازێ ناڵێن ، چاوەڕێ دەبن تا دەگەڕێمەوە، ئەو گوڵەی هەموو بەیانیەکی ئەم بەهارە سەیرم دەکرد تا ماچی نەکەم ناکرێتەوە، من وام هەستەکرد تەنیا ئەوەم نیازبوو ، ئەوەم نیەت بوو، تا کاتێکم زانی گوند بەتەواوی لەبەر چاوم بزربو، ئەوسا منیش وەکو دایکم دەستم کرد بە گریان..."

لێرەدا نوسەر باس لە منداڵی خۆی دەکات کە لەگەڵ کەس و کارو دایك و خوشکەکەیدا بە ئۆتۆمبێلی زیلی عەسکەری ڕاپێچ کراون، ئەویش کۆمەڵێك خەونی ڕەنگاڵەی هەبوەو بە خەونی مناڵی خۆی نەیزانیوە بۆ کویی ئەبەن، هەتا لەگوندەکەی خۆی دوریان خستۆتەوە، دواجار هەستی کردوە کە دایکی دەگری ئەمیش دەستی کردوە بە گریان و لە تراژیدیاو ڕاپێچ کردنیان بەرەو مەرگ تێگەیشتوە.

[1] - خالد ئەسکەندەر، ئامێك لە گەرمیانەوە بۆ ئەنفال ، گۆڤاری ناسنامە-ژمارە (٢)،ساڵی ٢٠١٠ ، ل ١٦

## ٣-١-٦: ناوەڕۆك و مەبەستەكانی پەخشان لە گۆڤارەكاندا:

ئەو پەخشانانەی كە تایبەت لە سەر تاوانی ئەنفال و كۆمەڵكوژی كورد نوسراون هەمان ناوەڕۆك و مەبەستیان هەیە كە لە هەڵبەستەكاندا هاتووە ، هەمان وێنەش پیشان دەدەن ، بەڵام لە پەخشاندا وێنەو مەبەستەكە بە درێژی باسكراوە ، كۆی مەبەست و وێنەكانیش گوزارشت لە ڕوداوەكانی ناو ئەنفال دەكەن وەك خۆی ، واتە وێنەی ڕاستی ، هەر لە سەرەتای دەستپێكی ئەنفال لە گوندەكانەوەو دواتر ڕاگواستن و بردنیان بۆ بەندینخانەكانی قەڵای قۆرەتوو یان كۆكردنەوەیان لە ناوچەی ملە سورەو دواتر بۆ بەندینخانەی گەورەی نوگرەسەلمان و تراژیدیاكانی ناو ئەو بەندینخانەو دواتر بەرەو بیابانەكان و چۆنێتی زیندەبەچاڵ كردنە، لەگەڵ ڕۆژو ساڵەكانی دوای ئەنفال و ڕەنگدانەوەی كاریگەریەكان بەسەر بەجێماوو دەربازبوەكانی ئەو تاوانەوە ، لە پەخشانەكانی گۆڤارە كوردیەكان دا هەمان بابەت خراوەتە ڕوو ، لە هەمان كاتیشدا باسی ڕۆڵی جاش كراوە، واتە ئەو كەسانەی كە كوردبون لە گەڵ ڕژێمی ئەنفالچی كوردیان دەستیان بە خوێنی كورد سور كرد ، وەك نموونە لەخوارەوە چەند پەخشانێكی ناو گۆڤارەكانی ناوچەی گەرمیان دەخەینە ڕوو دواتر شرۆڤەی ناوەڕۆك و مەبەستەكەی دەكەین...

– فوئاد عەدنان لە پەخشانەكەیدا گوزارشت لەو كاتانەدەكات كە بەهۆی ئەنفالەوە خەڵكی گوندەكان شپرزەو پەرش و بڵاو بوون و مناڵ لە دایك و باوكی خۆی دابڕاوە ، بەم شێوەیە دەڵێ "منداڵێكی گەرمیان لەدایك و باوكی وون ببوو، لەچیاكانی گەرمیاندا خۆی حەشاردا لەنازو خۆشی ژیان كەوتبوو، ڕۆژانی سەختی بەسەردا هات و كەوتە دەستی چەند كوردێكی خۆ فرۆش یەكێكیان دەیگووت بابیكوژین، چونكە ئەم كوڕی پێشمەرگەیە، ئەویتریان ئەیوت نەخێر نایكوژین، بابیبەین بۆباشوری وڵات بەپارەوپول بیفرۆشین، منداڵ هاتە زمان وتی بۆ دەمكوژن بۆ دەمفرۆشن ئێمە كوردین، ئێوەش كوردن ، بەڵام ئێمە لەپێناو ئازدای بۆوڵاتاكەمان دەكوژرێن وئەنفال دەكرێین، ئەی ئێوەلەپێناوی چی؟"

لێرەدا مەبەستی نوسەر ئەوەیە كە كورد خۆی بەشێك بووە لە ئەنجامدانی تاوانەكە ، لە ناوەڕۆك دا مەبەستێكی قوڵی هەیە، ئەوەتا دەڵێ ئەگەر جاش نەبوایە سوپای بەعس لە گوندێكی دورە دەستی گەرمیاندا چۆن دەزانێت منداڵی لێیە؟ هەر جاش و ئەوانەی كە كورد بون لەگەڵ سوپای سەدام بەدوای كورددا دەگەڕان مناڵەكە دەبینن و نایكوژن بەڵكو دەیفرۆشن بە پارەو پوڵ ، چونكە جاش و خۆفرۆشەكان تەنها بۆ بەدەستهێنانی پارەو سامان و ئافەرین كوردیان دەكوشت، لەوكاتەدا منداڵەكە بە جاشەكان دەڵێت : ئێمە كوردین و ئێوەش هەر كوردن ، بەڵام جیاوازیەكە لەوەدایە ئێمە لە بەر خاك و زمانمان و لە پێناوی ئازادی وڵاتەكەمان دەكوژرێین و ئێوەش لە پێناوی خۆفرۆشی.

نوسەر ڕۆڵی جاش دەخاتە ڕوو، بە خوێنەر دەڵێت: كە كورد بە درێژای مێژوو دانەبڕاوە لە هەڵگەڕانەوەو خیانەتكردن لە ناو خۆیدا ، واتە مەبەستی بەگژ یەكتردا كردنی كورد لەناو خۆیدا بە دەستی دوژمنانی كورد.

– سـەلام موسـتەفاش لـە پەخشـانەکەیدا زۆر جومگـەی ژیـانی مـرۆڤ لـە سـاتەوەختەکانی کۆمـەڵکوژی و جینۆسایدکردنی کورددا دەخاتە ڕوو ، بۆ نموونە لەم پارچەیەی دا شۆکی مرۆڤی کورد پیشان دەدات لـە بەرامبـەر دەستە وسان ڕاوەستانی لە کاتی شاڵاوە نەکریسەکەدا ، ئەوەتا چەندین گوزارشتی یەك لـە دوای یـەك ڕیزکـردوەو نـاوەڕۆکی پەخشـانەکەی پـێ قـوڵتر کردۆتـەوە، لـەم چـەند دێـڕەدا مەبەسـتی گشـتی پەخشـانەکەی دەدات بـە دەستەوە، " لە شـیرین خـەودابوون هەرهـەموویان لەشـیرین خـەودا بـوین، پەنجـەرەکان کرانـەوە، خـەون وسـەما هەڵفڕین و لەونێو دیبەرەکاندا نیشتنەوە..دیبەر سووتا..دیراو کوڵا ..زەوی جوڵا..خونجـەو نـەمام ڕەش داگـەڕان، ئیـدی لـەولا ئەوانـەوە..دەم لـەبلویر ترازو..گوێسـوانەکان داخـزان و بـاڵ جوولـەی لەبـەر بـڕا.. دار دوو داری دی بیرچووەوە، تەشەی لەخولانەوە کەوتو بەکرەی هەموو کۆلارەکـانیش پچـڕا، دەمیـان دابەیەکدا سیاچـەمانەو لاوك وحەیران..سەریان بادا شێخ وموريد..دەمیان داخست سەر سنوور وئاسمان گریـا بـەبێ بـاران... هـەور گریـا بـەبێ جاران لەولا هەموو ئەمانەوە..لەوەلا سنوری پاکەوە.. ڕیزیان لێ بەست تـەپڵ وکەمان.. بەیەك ئاواز هاواریـان کـرد تەنها( لبيك)لبيك سەدام.!...

لە ناوەڕۆك دا پەخشـاننووس ڕیزبەنـدی تراژیـدیاکانی نـاو ئـەنفال دەخاتـە ڕوو ، پێمـان دەڵێـت ئـەنفال سـەرجەم کایەکانی ژیانی کوردی گرتۆتەوە " خەون و خەیاڵی تێکدا ، سەوزایی و گوڵ و خونچەی وشك کـرد ، منـداڵانی لـە قوتابخانەکان دور خستەوەو قوتابخانەکانی ڕوخاندا ، هیوای ژیانی نەهێشت و گەوەرەو بچوکی لە ژیـان خسـت ، ئـاوازو دەنـگ و سـەدای کوردیـان شـێواند ، شـێخ و مـەلایان لـە تەریقـەت و خـودا ناسـی دورخسـتەوە ، گریـانی مرۆڤەکانیان گەیانـدە ئاسمـان ، فرمێسـکی مـرۆڤ وەك بـاران بـوو ، هـەموو مرۆڤـەکان ڕێزیـان بەسـتبوو هاواریـان دەرکردە سەدام ڕژێمەکەی کە نەیانکوژن و ئەنفالیان نەکەن" نوسەر دەیەوێ پێمـان بلـێ ئـەنفال تـەنها پرۆسـەی جێبەجێکردنی ڕق بێبەزەیی بوو بەرامبەر بـەکورد ، چـونکە سـەدام و داروودەستەکەی گوێیـان لـەو هـەموو تراژیـا هەمەلایەنـە گـرت و ویـژدانیان نـەجولاو گـەلێکی بێتـاوان و بـێ بـەرگریان ئـەنفال و جینۆسـاید کـرد. هـەر لـە پەخشـانەکەدا نوسـەر باسـی چـەند ناوچـەیەکی بەرکـەوتوی ئـەنفال و کۆمـەڵکوژی کـردوە وەك ( هەڵبجـەو شـێخ وەسانان و زاخۆو ، قەراخ و یاخسەمەر و سێوسێنان....هتد).

– م. ئاکۆ ئەسکەندەر لە پەخشانەکەیدا ، خۆی دەخاتە دۆخـی منداڵێکـەوەو لـە زمـانی منداڵەکـەوە سـاتەوەختی ئـەنفالکردنیان دەگێڕێتـەوە ، ئـەو کاتانـەی لـە گوندەکەیانـەوە بـە بـە زیلـی عەسـکەری لەگـەڵ خێزانەکەیـدا دەگوازرێنەوە گۆرە لماویەکان ، هەتا دور دەکەوێتەوە لە گوندەکە هەر بیری لە یادگاریـەکانی منـداڵی و سروشـتی ماڵ و گوندەکەیەتی ، دواتر کە گوندەکەی لەبەرچاو وون دەبێـت ، ئـیتر تێـدەگات کـە چارەنوسـیان نادیـارەو لـە حاڵێکی نالەباردان و لەگەڵ کەسوکارەکەیدا دەست دەکات بەگریان.

## تەوەری دووەم: چیرۆك و سەرهەڵدان و قۆناغەکانی و پەیوەندی بە ڕۆژنامەنوسی کوردیەوە

### ٣-٢-١: کورتە چیرۆك :

لە ئەدەبی کوردیدا وەکو هەموو میلەتانی جیهان ، ڕەگەزی چیرۆکی هونەری بۆ چیرۆکی میللی خۆماڵی و ئەفسانەی گوێ ئاگردانی کوردەواری و هونەری کورتە چیرۆکی ئەوروپی دەچێتەوە، هەر لەکۆنەوە حەقایەت و ئەفسانە پشتاوپشت هاتوە [١] بەلاَم کورتە چیرۆکی هونەری بەماناو شێوازو داڕشتنی نوێ وە تەنیا لە سەدەی نۆزدەمدا قالبی خۆی وەرگرت و ڕێچکەی تایبەتی خۆی دۆزیەوە، بەلاَم وەك بوارێکی گێڕانەوەگەری بەسەرهاتەکانی خۆی و بەشداری پێکردنی کەسانی تر لە ڕوداوەکانی ڕۆژگاری خۆیدا بۆ بەر لە سەردەمی سۆمەریەکانیش دەگەڕێتەوە واتە پێش سێ هەزار ساڵ بەر لە زایین [٢] لە ئەدەبیاتی چیهاندا سێ چیرۆك نوس بە داهێنەری بەردی بناغەی ئەم هونەرە دادەنرێن، ئەوانیش ( ئەدگار ئەلان–ئەمریکی ، گی دو موپاسان– فەرەنسی ، چیخەف–روسی ). [٣] لە ئەدەبیاتی کوردیشدا یەکەم ڕەگەزی ئەم کورتە چیرۆکە لە مەولودنامەکەی حسێنی قازی دەردەکەوێ ، کە بۆ دەرخستنی خێرو گەورەیی مەولود کردن هەندێ چیرۆکی سادەی گێڕاوەتەوە ، پاش ئەم مەولوود نامەیە، یەکەم چیرۆکی تەواو نەکراوی کوردی ئەوەی ( فوئاد تەمۆ ) یە کە ساڵی (١٩١٣) لە ژمارە ( ١– ٢ ) ی گۆڤاری ( ڕۆژی کورد ) بلاَوکردۆتەوە . هەر لەو گۆڤارە بەلاَم لە ژمارە سێ دا چیرۆکێکی کورت بلاَوکراوەتەوە بەناوی ( چیرۆکی کرمانجا ) و بە پێنوسی ( کندۆ ) ، دواتر قۆناغی پەیدابون و دەرکەوتن لە بلاَوبونەوەی چیرۆکی ( لەخەوما ) ی ( جەمیل سائیب) لە ساڵی (١٩٢٥) تا دەرچونی گۆڤاری گەلاوێژ [٤]

کورتە چیرۆك وەك تیشك وایە لە ساتێکی کورت دا دەخرێتە سەر یەك کەس یان یەك ڕوداوی بچوك و بە وردو قوڵی پیشانی دەدات. کورتە چیرۆك پێویستی بە بریق و باق و ڕازاندنەوەی زۆر نیە ، چونکە دەرفەتی کەمە، لە چیرۆکی کورتدا واچاکە گفتوگۆی نێوان کەسەکان بە ڕاشکاوی دەرنەبڕێ، هەندێ هێمای تێدابێت بۆ ئەوەی خۆشیەکی دەرونی بەخوێنەر بدات [٥]

لە گۆڤارەکانی گەرمیان دا بایەخ بە بلاَوکردنەوەی کورتە چیرۆك دراوە و (١٠) کورتە چیرۆك بلاَوکراونەتەوە

---

[١] - عەزیز گەردی ، پەخشانی کوردی ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ١٩٨٧، لا ٥٤

[٢] - - هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین، چەشنە ئەدەبی و رۆژنامەنوسیەکان و ڕەنگدانەوەیان لە "ژین و ژیان"دا١٩٣٢–١٩٥٠ ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی ٢٠٠٧، ل ٨٥

[٣] - عەزیز گەردی ، پەخشانی کوردی ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ١٩٨٧، ل ٤٧

[٤] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤

[٥] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢

**نمونە :**

١ – لەم کورتە چیرۆکەدا کە وەك نمونەیەك لە کورتە چیرۆك دەیخەینە پێش چاو، ( عمر شەریف ) لە چیرۆکی ( فڕین بۆ نەگەڕانەوە ) وێنای ئافرەتێکمان پیشان دەدات کە لەدوای سالأنێکی زۆر لە ئەنفالکردنی دەستگیرانەکەی هێشتا هەر چاوەڕوانی گەڕانەوەی دەکات و جلی بوکێنی و یادگاریەکانی لای خۆی پاراستوەو چاوی لەسەر دەرگایە بۆ گەڕانەوەی خۆشەویستەکەی و بەیەك شادبونەوەیان...

" لەسوچێکی ژوورە بچوکەکەیەوە کولەیەکی وشکەوەکراو هەڵواسرابو، سواڵەیەك گەنمی بژپڕی تیا دانرابوو، کوژەیەکی کەوە بەچەند موورییەکی سور وشینەوە کرابووە ملی کولەکەوە، جانجاڵۆلەیکی بۆر بەلای ڕاستی کولەکەو لەبنمیچی خانوەکەوە تۆڕی خۆی هەڵدابوو، نوشتەیەکی سەوز تۆز لێنیشتوو لەگەڵ چوار پارچە داری ژاڵەی سێگۆشە براودا بەبزمارێکی دو ئینجیدا بەتەنیشتیانەوە قایم کرابو، خەجاو چوار پێنج سەرینی لەسەر لاکێشە وگلیمە ڕەش و بازۆوەکان لەسەریەك دانا، تروسکەی هیوا لەڕوومەت وجاوەکانیدا نەدەبینرا، بەدیقەت تەماشات بکردایە، ڕێچکەی گریان بەچاوەکانیدا دیاردەکەوت، شادەمارەکانی سەردەست ولاباسکی لاوازی شینیان دەکردەوە، سەرپۆشێکی کاڵەوەبووی چرچ ولۆچ نەیدەتوانی بەفر لێنیشتووی ڕەشای سەری خەجاو شارنەوە، لەتەنیایی تەنیاتر ولەبێکەسی بێکەتر و دوور لەیاران و بێناز لە کۆمەڵگا(...). ژیان دەیهاڕێت ودەیتیلێنێتەوە، ساتەکانی چاوەڕوانی مردن شەن وکەوی پێ دەکات، دەیزانی چاوەڕوانی مردن زۆر لەخودی مردن ناخۆشترە، بەڵام چی دەڵێت لەگەڵ ڕۆژگار بەهەموو هێزی خۆی گەردەلوولی لەو پێچاندووە، ئاوێنەیەکی بەرباخەڵی نیوە ڕەشەوە بوی لەتەنەکە گیراو لەبەر باخەڵی سوخمەکەی دەرهێنا وبۆ هەزارەهەمین جار خۆی تیا بینیوە ئەو ڕۆژەی بیرهاتەوە، کەدڵخوازەکەی بۆی فریدابووە تەنورەکەی خۆیانەوە لەدێ، ئیتر هەر ئەوە بوو بڕایەوەو ئەنفال و زیل وجاش وشۆفلێ و دارو بەردیان ڕاپێچی نادیار کرد. سەلام وەك زۆری خەڵکی ناوچەکە بۆیەکجارەگی و هەمیشە گۆڕاوگۆم کرا، تازە نەبەتەمای هەواڵێك ونەئیتر کەسیش مژدەیەکی بۆدەهێنێ، ئەوە لێوانەی کە عەیامێکە خەندە وبزەی لەبیرچووەتەوە ڕۆشنییان تێبخات، کام هێز وتوانا هەیە، ئەو پرچە ماش وبرنجەی ڕەشکاتەوە لەناخەوە خۆی دەخواردەوەو دەیوت:خۆزگە ئەو ڕۆژە بمردمایە، کەدەستە خوشکەکانم دەیانووت تاخەجاو شونەکات ئێمە دەبێ هەرچاوەڕوانیمان برەژین!

دەرودەرهاوسێی خەجاو لەعەقڵ وفامی کەوتبوونە گومانەوە، بگرە هەندێکیان بەشێتێکی ڕاستەقینەیان دەزانی ،ئاخۆ کێ هەیە بوخچەی بوکێنی هەژدە ساڵ پێش ئێستا هەڵبگرێت، وڕێنەی ماڵ ومنداڵێك دەکات بونیان نیە ونابێت، خەجاو بەچاکی دەزانێت، ئەو خەونەی چاوەڕوانی دەکات بۆ هەمیشە نایەتە دی، بەڵام چی لەدڵ ودەروون بکات، ناتوانێت تروسکای کونا باجەکانیان لەسەر دابخات، خەمی گەورەی ئەوەیە نەکەسێ هەیە دڵی بداتەوەو لە ئازارەکانی کەم کاتەوەو تازەبەتازەش هیچ شەماڵێك لەباخچەی ژاکاوی ماڵە خامۆشەکە نادات و گیانێك بۆنی تاسەی لێبێ لەوێدا گوزەرناکات، ئەوەندەیان پێ وت: بۆجارێك لەماڵ دەرناچیت وتەماشایەکی دنیا بکەیت، دواجار بڕیاریدا سەرێك لەدێکەی خۆیان بدات وکلیلی دەرگای ماڵەکەی لای دەرهاوسێکان بەجێ هێڵا

وپێی ڕاگەیاندن ئەگەر سەلام ومنداڵەکان گەڕانەوە بیاندەنێ، بالەبەر دەرگا نەوەستن من ئێوارە دێمەوە.. ئەو ئێوارەیش وەك هەموو چاوەڕوانیەکانی تر بۆهەتاهەتایی دانایەت وناگەڕێتەوە...[1]

## ٣-٢-٢: چیرۆك:

چیرۆك وەك ژانرێکی سەرەکی پەخشان مێژوویەکی زۆر کۆنی لای هەموو میللەتاندا هەیە، بنەماکەی دەگەڕێتەوە بۆ فۆلکلۆر، کە لەلایەن حیکایەت خوان و چیرۆك بێژانەوە پشتاو پشت لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر گوازراوەتەوە، کوردیش یەکێکە لەو نەتەوانەی کە خاوەن بابەتی فۆلکلۆری هەمەجۆرە، چیرۆکیش یەکێکە لەو بابەتانەی بەناوی ( حیکایەت نەقڵ یان مەتەڵۆك)ەوە پەیدا بووە و باشێکی گەورەی ئەو ئەدەبەیە، عەلائەدین سوجادی لەبارەی ئەو چیرۆکانەوە دەڵێ: ( تا سەدەی بیستەم بریتی بووە لە سەرگوزەشت و حیکایەتانەی کە لە مێژوویەکی پێشینان ڕووی داوەو پاشان بە شەوان لە گوێی ئاگردانەکاندا دانیشتوون و یەکێك بۆی گێڕاونەتەوە)، بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەم دواییەدا هاتوونەتە ئەنجام، چیرۆکی مەم و زین و مەلا محموودی بایەزیدی کە مێژووی نوسینی دەگەڕێتەوە بۆ هاوینی ساڵی ١٨٥٦ یەکەم چیرۆکی کوردییە لە مێژوودا سەری هەڵداوە. [2]

لەلایەکی ترەوە ڕەخنەگرانی کورد ئەوەیان یەکلایی کردووەتەوە کە یەکەم چیرۆکی هونەری کوردی لە عێراقدا (لەخەوما)کەی ڕۆژنامەی ژیانەوەیە، بەڵام ئەوە دەسەلمێنرێ کە مێژووی سەرهەڵدانی لەو مێژووە کۆنترە و چەند ساڵێك دەچێتە دواوە، لەڕێگەی ڕژنامەی پێشکەوتنەوە چەند نمونەیەکی سادەی چیرۆکی هونەری کوردیمان دەکەوێتە بەرچاو [3]، لە ژمارە سەرەتاییەکانی ڕۆژنامەی (ژیانەوە)شدا پێش بڵاوکردنەوەی چیرۆکی لەخەوما بە (٣ مانگ و ١٠ ڕۆژ)، چیرۆکی (جلخوارم) بڵاوکراوەتەوە و بەمەش (لەخەوما) نابێتە یەکەم چیرۆکی هونەری، بەڵکو دەبێتە یەکەم چیرۆکی هونەری درێژی تەواو نەکراوی کوردی، کە بەشێوەیەکی کامڵ تر هاتۆتە کایەوە.

لە بیستەکانی سەدەی بیستەمەوە چیرۆك لە ڕۆژنامەنوسیدا گەشەی کرد و بایەخی پێ درا، ڕۆژنامەی (ژیان)، (ڕووناکی)، (هەتاو)، (هیوا)، (شەفەق)، (پێشکەوتن)،...هتد، تاکو ساڵی ١٩٥٨ چەندین چیرۆکی کوردییان بڵاوکردۆتەوە. [4]

چیرۆکەکان دوو جۆرن، جۆری یەکەمیان ئەو چیرۆکانەیە کە بنەمایەکی فۆلکلۆرییان هەیە و لا زاری خەڵکەوە وەرگیراون و کات و شوێن بەخێرایی گۆڕانیان بەسەردا دێت و هەندێ جاریش لەسەر پەندی پێشینان دامەزراوە و

---

[1] - عومەر شەریف ، فڕین بۆ نەگەڕانەوە ، گۆڤاری گیرفان –ژمارە (٩)ی نیسانی ٢٠٠٩ ، چاپخانەی ڕەهەند، ل ٥٧

[2] - ئومێد ڕەحیم شەمسەدین تاڵەبانی ، کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی و ئەدەبیاتی ڕۆژنامەنوسی کوردی لە عێراقدا ( ١٩١٨– ١٩٥٨)، نامەی دکتۆرا ، بەشی کوردی ، زانکۆی سلێمانی ٢٠١٣ ، لا ١٩٦

[3] - هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لا ١٩٨

[4] - هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٩٩

بۆمەبەستێکی تایبەت دەوترێ و زیاتر دەچنەوە سەر قالبی حیکایەتی فۆلکلۆری و میللی، زۆر بابەتی ئەم چیرۆکانە بریتییە لە کێشە و گرفتی چینایەتی کۆمەڵی کوردەواری و لە واقیعەوە وەرگیراوە.[1]
ئەو چیرۆکانەی بە حیکایەت ناودەبرێن بەشێکن لە چیرۆکی هونەری کە بەپێی هونەری نوسین و دارشتن دەکرێتە چوار بەشەوە (کورتە چیرۆك– چیرۆکی درێژ– یان ڕۆمان– حیکایەت یان ڕاز).
جۆری دووەمیان ئەو چیرۆکانەیە کە بابەتەکانیان لە دیاردەیەك یان ڕوداوێکی سەردەمەوە بنچینەیان گرتووە، ئەم ناوەڕۆکانە هەرچەند شێوازەکانی سادە بێت هەر ناتوانین بیانگێرینەوە بۆ سەردەمێکی کۆن.[2]

## ٣-٢-٣: بنیادی چیرۆکی هونەری :

بنیادی گرنگی هونەری چیرۆکەکان بینای ڕوداوە، ڕوداو یەکێکە لە بنەما هەرە سەرەکییەکانی بینای هونەری چیرۆك کە باسی ئەو هەموو کار و کردەوە و کێشانە دەکات ڕووبەڕووی کارەکتەرەکان دابنەوە و بنیاتی چیرۆکەی لەسەر دادەمەزرێ و لە هەموو چیرۆکێکدا دوولایەن دەگرێتەوە پەیوەستە بە ئەو بابەتانەی ناوەڕۆك پێکدێنن و چۆنێتی بەکارهێنانی ئەو ناوەڕۆکە، لە کورتە چیرۆك دا تەنیا لە گۆشەیەکەوە ژیانی مرۆڤایەتی وەردەگرێ و هەندێ جار سەرچاوەکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ئەزموونی تایبەتی چیرۆك نوسەوە هەیە، جاری واش هەیە ڕووداوەکە وێنەی لە واقیعدا نیە و دروستکراوە یان لەسەرچاوەیەکی مێژوویی یان فۆلکلۆریەوە وەرگیراوە.
پێکهاتەی بنیادی ڕووداوەکان لە خاڵێکی دیاری کراوەوە دەست پێ دەکات و یەك دوای یەك دێت تا دەگاتە کۆتایی، هەندێ جار بەشێوەیەکی بازنەیی ڕووداوەکان لە خاڵێکەوە دەست پێ دەکات ئینجا لە کۆتاییدا دەگەڕێتەوە بۆ هەمان خاڵی دەست پێ کردن.
هەندێ جاری تریش ڕووداوەکان بەشێوەیەکی تەرتیب لەتەنیشت یەکەوە دەڕۆن و پەرەدەسێنن، ڕوودانیان بەستراوە بەیەك کات و چەند شوێنێکی جیاوازەوە. زۆر جاریش ڕووداوەکان بەشێوەی تێهەڵکێش لە یەك چیرۆك زیاتری تێدایە. [3]
چیرۆکەکانی تایبەت بە ئەنفالیش روداوەکانیان بەزۆری زنجیرەیە و بەدوای یەکدا هاتوون، واتە بەرگی ڕوداوە ڕاستەقینەکەی بەبەرداکراوە،بەو شێوەیەی کە ئەنفال لەسەرەتا لە گوندەکان و خەریك بون بە کاروباری ڕۆژانەوە دواتر دیمەنێکی تر لەهاتنی جاش و جەیش و بردنیان بۆ زیندان و پاشتر کۆرەبەکۆمەڵەکان و پاشتر دیمەنەکانی ئازادکردن و زیندەبەچالکردن.

---

[1] - ئومێد ڕەحیم شەمسەدین تاڵەبانی ، کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی و ئەدەبیاتی ڕۆژنامەنوسی کوردی لە عێراقدا ( ١٩١٨– ١٩٥٨)، نامەی دکتۆرا ، بەشی کوردی ، زانکۆی سلێمانی ، ل ٢٠١

[2] - هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٠٣

[3] - هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٠٦

## ٣-٢-٤: قۆناغەکانی چیرۆکی کوردی:

ئەگەر بەچاوێکی وردبینەوە بڕوانینە کاروانی هونەری چیرۆکی کوردی دەبینین بەچەند قۆناغ و پلەی جیاو ئاستی جیاوازدا گوزەری کردوەو لە هەر قۆناغێکدا ئادگارو سیمای تایبەتی خۆی هەبووەو ڕەنگدانەوەی ئەم سەردەمەم و باردو دۆخەی کوردبووە کە چیرۆکنووسەکە تیایدا ژیاوە، بەڵام هەنگاو بە هەنگاو ئاستی هونەری باڵاترچووەو زیاتر بەرگی هونەری چیرۆکی پۆشیوە تا دەگاتە ڕۆژگاری ئەمرۆمان...

بەڵام مەرج نیە هەر دە ساڵ جارێك قۆناغێکی تەواو کردبێت وەك هەندیك نووسەر بۆ دەستنیشانکردنی قۆناغەکانی چیرۆکی کوردی بە دە دەیژمێرن، بەڵکو ڕاستیەکەی ئەوەیە قۆناغی وا هەیە بە دە ساڵ زیاتر یان کەمتریش جیا دەکرێتەوە، ئەمەش هۆکارێك یان بارێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان ڕۆشنبیری ئەم قۆناغەی دروست کردووە، بۆ نموونە قۆناغی سێیەمی چیرۆکی کە لە (١٩٣٩- ١٩٥٠) بە قۆناغی دەرچوونی گۆڤاری گەلاوێژ تۆمارکراوە هەروەها سەرەتای ساڵی (١٩٧٠) کە قۆناغی نوێ لە چیرۆکی کوردی دەسپێدەکات بە هۆی بارو زروفی سیاسی ئەوکاتە کە خۆی لە بەیاننامەی ١١ی ئازاری ساڵی (١٩٧٠) دەدۆزێتەوە،وەرچەرخانێکی سیاسی بووبۆ کورد لەگەڵ خۆشی قۆناغێکی ئەدەبی نوێی تۆمار کرد چی بۆ ئەدەبی کوردی بە گشتی و بۆ چیرۆکی کوردیش بەتایبەتی، هەمدیسان ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١)یش سەرەتای قۆناغێکی سیاسی و ڕۆشنبیری نوێیە بۆ ئەدەب و ڕۆشنبیری بەگشتی و چیرۆکیش بەتایبەتی بۆیە بۆ ڕونکردنەوەو دیاری کردنی تەواو و دروستی قۆناقەکانی چیرۆکی کوردی [1]

دوای ڕاپەڕینی (١٩٩١) بە هۆی کرانەوەی کورد لە کوردستانی باشوری عێراق بە ڕوی چاپ و چاپخانەی زیاترو ئاسانبوونی ئالیەتەکانی چاپ و نوسین نوسەران توانیان چەندین بەرهەمی ئەدەبی ناوازە بەرهەم بهێنن، بەتایبەتی چیرۆك و ڕۆمانی کوردی و بەشێکیش لەو بەرهەمانەیان باسیان لە ڕابردوو نەهامەتیەکایانی کورد دەکرد، وەك باسکردنی تاوانی ئەنفال و ڕوداوەکانی ناو ئەو تراژیدیا گەورەیە.

نووسەر نابێت شتێکی زۆر ئاسایی و ڕۆژانە بگێڕێتەوە پێویستە کێشەیەکی سەرنجڕاکێش لە ئارادا هەبێت و نووسەر بزانێت چی بیرۆکەیەکی پێیە و نیازی گێڕانەوەی چی هەیە،کێشەیەك، ناکۆکیەك، یان ئاستەنگێك هەیە، پێویستە خوێنەر کەمەند کێش بکات، بەجۆرێك یان خۆی تیاببینێتەوە،یان حەزی لێبێت لە ناویدا بژی، کەواتە کێشەکە پێویستە پێوەندی بەو شتانەوە هەبێت کە جێگەی بایەخی زۆربەن وەك ململانێی خێرو شەڕ، ژیان و مردن، ئەوین و ڕك ، یان تەنیای و نائومێدی [2]، شاڵاوەکانی ئەنفالکردنی کورد بەناحەق و ڕاگواستن و بەعەرەب کردن و بە بەعسی کرد لە لایەن ڕژێمی سەدامەوە لە ساڵانی هەشتاو نەوەدەکان بونە هەوێنی چەندین چیرۆکی تراژیدی بۆ وسەرانی کورد.

---

[1] – سابیر ڕەشید، چیرۆکی کوردی– ڕەخنەو لێکۆڵینەوە،چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر ٢٠٠٥ ل ٥٤

[2] – حەمەسەعید حەسەن، هونەری نوسینی چیرۆك، دەزگای پاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس– چاپی یەکەم ٢٠١١ ل١٥

## ٣-٢-٥: چیرۆك له ڕۆژنامەنووسی کوردیدا:

پێش ئەوەی ڕۆژنامەنووسی کوردی لەدایك بێت تۆماری چیرۆکی کوردی نەبوو، بەڵکو حیکایەت و سەربردە و داستانی دەما و دەمی فۆلکلۆری لە کۆڕ و دیوەخان و مزگەوت و مەجلیسە ئەدەبیەکاندا لەگەڵ خەڵکی سادە و ساکاری ئەو وەختە ئاشنا و دەسلەملان بووە، هەر بۆیەش ئەگەر سەرنجی هەقایەت و ئەفسانە و خورافیات و داستانەکۆنەکانمان بدەین هەست بەمە دەکەین کە گیانی چیرۆك نوسی و نەسقی گێڕانەوە و بیرۆکە سەرەتا و کۆتایی گرێن و بگرە زۆربەی زۆری ڕەگەزەکانی چیرۆك لەم دەقە فۆلکلۆریانەدا دەبینرێ، ئەمەش هەر لەبەر ئەمە بووە کە نوسینی پەخشان لە ناو میللەتێکی نەخوێندەواری وەك کورد کە خاوەنی هیچ تۆمار و چاپەمەنیەك نەبووە و ڕۆژنامە و گۆڤاریش نەبووە تا بنوسرێ، و بۆیەش بە شیعر و هەقایەت دەماودەم هاتونەتە سەر زاران و گێڕدراونەتەوەو ماونەتەوەو زۆریشیان فریای تۆمارکردن نەکەوتونن ڕەنگە ئاستی ڕۆشنبیری کوردیش لەم ڕادەیە نەبووبێ کە وەك ئەوروپا و دنیا چیرۆك بنوسێ ئەمە ئەگەر هەیبێ، بەڵام ئەگەر هەشبووبێ وەك وتمان بڵاو کراوە و چاپەمەنی و ڕۆژنامەنوسی نەبووە تا تۆماری خۆی تیا بنوسێ،بەڵکو حوجرەی مزگەوتوو کۆڕە ئەدەبییەکان شوێنی گردبونەوەو دیوەخانیش شوێنی داستان و حەقایەتخوانی بووە، ئەوەندەش خوێندەواری هەبووبێت لەم شوێنانەدا بە دەستنووسی نوسراونەتەوە و شیعر نوسینیش کارێکی گواستنەوەو لەبەرکردنی ئاسانتر بووە لە پەخشان، داستانی (مەم و زین) و لەیلا و مەجنون) و (شیرین و خوسرەو) و .... تاد هەبووە.

ئەگەر بە پەخشانەو دەست پێ بکەین ئەوە مێژووی تۆمارکردنی زۆر کۆنترە لە تۆماری چیرۆك و دەبێ لە مەولودنامەکەی (حوسێنی قازی)یەوە دەست پێ بکەین کە ڕەگەزی چیرۆکی تێدا دەبینرێ و یەکەم ڕۆژنامەی کوردیش کە ڕۆژنامەی (کوردستان)ی ( میقداد مەدحەد بەدرخان)ەوە لە ساڵی ١٨٩٨ دەرچووە ئەوا یەکەم نوسینی ئەم ڕۆژنامەیە بە پەخشان دەستی پێکردووە، بەڵام پێش دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان ئەوا مەلا مەحمودی بایەزیدی چیرۆکی نوسیوە.

بەڵام وەك تۆماری یەکەم چیرۆکی کوردی بە ناونیشانی چیرۆکەوە لە لایەن (فوئاد نامۆ) نوسراوە کە لە ژمارە(١-٢)ی گۆڤاری (ڕۆژی کورد-١٩١٣) بڵاو کراوەتەوە ئەگەرچی ئەمە جێگای مشتومڕی گەلێك ڕەخنەگر توێژەر و مامۆستایانی زانکۆیە و ئەوانەی لە چیرۆکەی هونەری کوردیان کۆڵیوەتەوە یەکەم تۆماری چیرۆکی کوردی دەگەڕێننەوە بۆ (لەخەوما)ی (جەمیل سائیب) کە لەساڵی (١٩٢٥) نوسیویە، بەهەرحاڵ ئێمە نامانەوێت ئەو بیرو ڕایانە بەناوی هەموو نوسەرەکان و لێکۆڵینەوەی بکەین کە کامەیان ئاخۆ( لەخەوما)ی (جەمیل سائیب)یش ڕۆمانە یان چیرۆکە، وەلێ مەبەستمان ئەوەیە کە ڕۆژنامەگەری تۆماری یەکەم چیرۆکی کوردی بووە کە لە ساڵی (١٩١٣)ەوە دەست پێدەکات.

پاشان زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان کە بڵاو بونەتەو ئامانجی زۆری لەگەڵ ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی بۆ تۆماری ئەدەب بووە کە چیرۆکیش بەشێکی ئەم ئەدەبەیە، ئەگەر چیی لە ڕۆژنامە وە

گۆڤارەکانی لوبنان و سوریاش وەك ڕۆژنامەی (هاوار – ڕوناهی –ڕوژانو) کە لە ساڵانی سییەکاندا بڵاو بونەتەوە ژمارەیەکی زۆری چیرۆك بەخۆوە گرتووە و تۆمارێکی چاکیان لە چیرۆك نوسانی ئەم دەڤەرە بۆ تۆمار کردووین، وەلێ تا دەرچونی گۆڤاری (گەلاوێژ) چیرۆکی هونەری کوردی ئەم بایەخە ئیستاتیکایەی بە خۆوە نەبینیوە ، بەڵکو لە گۆڤاری (گەلاوێژ)دا وەرگێڕانی چیرۆکیش بایەخی پێدراوە ژمارەیەکی زۆر لە نوسەران خەریکی وەرگێڕانی بوو، ئەمەش کاری کردوەتە سەر ئاستی هونەری چیرۆك نوسەکانمان لە ڕوی تەکنیکەوە چیرۆکی کوردی خستە قۆناغێکی ترەوە، کە (حوسێن عارف) بە قۆناغێکی تەنیا و جیاوازی چیرۆکی هونەری کوردی دادەنێت، ئینجا دوای وەستانی گولاوێژ بە سەرەتای قۆناغێکی تر دادەنێت کە قۆناغی گەلاوێژ ساڵانی چلەکان و دوای ئەمیش لە ساڵانی پەنجاکان و شەستەکانیشدا چیرۆکی کوردی ئاستێکی هونەری بەرزی بەخۆوە بینی کە بە قۆناغی پەرەسەندنی چیرۆکی کوردی دادەنرێت لە قۆناغی گەلاوێژدا ڕۆڵی مامۆستا عەلائەدینی سوجادی و ئیبراهیم ئەحمەد و شاکر فەتاح .. دوای ئەمەش قۆناغی گەشەکردن و چەسپاندنی چیرۆکی کوردی (١٩٥٠ – ١٩٦١) دێتە گۆڕێ و دوای شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژ گۆڕانی سیاسی هاتە ئاراوە و چەند گۆڤارێك دەوری بەرچاویان گێڕا لە ڕووی هونەری چیرۆکی کوردییەوە وەك گۆڤاری (پێشکەوتن – شەفەق – هیوا – بلێسە) و چیرۆکی کوردی بە گڕوتینێکی ترەوە لەو گۆڤارانەدا تۆمار کران .

پاشان لە قۆناغێکی تری چیرۆکی کوردی کە ساڵانی شەستەکانەو مامۆستا عەزیزگەردی ناوی ناوە قۆناغێکی نەهات (١٩٦٢–١٩٦٩) چونکە گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێب دەرفەتی لێ گیرا بەڵام سەرەڕای ئەم نەهاتی و بێ دەرامەتیەش ماوەیەك(ژین) و پاشان(ڕاپەڕین) وە ئینجا(برایی) و دواتریش (ڕزگاری) لە هەموویان دیارترە بۆ پەرەپێدانی چیرۆکی کوردی ، جگە لەوە جاروبار چیرۆکی لە هەندێك ژمارەدا بڵاو کردوەتەوە، ژمارە (١)ی بۆ دەق و لێکۆڵینەوەی چیرۆکی کوردی تەرخان کردووە ، چیرۆك نوسەکانی ئەم قۆناغە هەر چیرۆك نوسەکانی قۆناغی پێشوون و ژمارەیەکی کەم چیرۆکنووسی نوێ لەم قۆناغەدا سەریان هەڵدا، ئینجا لە ساڵانی ١٩٧٠ بەدواوەش بەهۆی ئەم گۆڤارو ڕۆژنامە زۆرانەی کە دەرچوون تەکانێکی چاکی دایە بەر چیرۆکی کوردی لە ڕوی تەکنیك و نوێکارییەوەو چیرۆکنووسی نوێش هاتنە مەیدانەوەو ئەم گۆڤارو ڕۆژنامانە ڕۆڵیان لەم بزافە هەبووە، وەك (هاوکاری – برایەتی – بیری نوێ – ژین – ڕۆژی کوردستان – نوسەری کورد – ڕۆشنبیری نوێ.. تاد) .

دوای ئەمە لە ساڵانی هەشتاکاندا چیرۆکی کوردی هەر گڕوتینی لەبەرەو پێشەوە چوون بوو جیهانبینی و شێوازی نوێتر پەیدا بووە گەلێك ڕۆژنامە و گۆڤاری بە پێزی وەك (نوسەری کوردستان – کلتوور – پێروو – بانگ – قەندیل... تد) لە شاخ ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو بەتایبەتی ژمارە (٨)ی نوسەری کوردستان تایبەت بوو بە چیرۆکی کوردی و نوسەرانی ناوشاریش بە ناوی نهێنی چیرۆکیان تێدا بڵاو دەکردەوە ... لە ناوشاریش بەتایبەتی لە بەغدا گۆڤاری (بەیان – ڕۆشنبیری نوێ – ڕۆژی کوردستان – نوسەری کورد – باشکۆی عێراق – هاوکاری – کاروان – ئۆتۆنۆمی – بزاف – ئاسۆ ... تاد بەردەوام بوون لە دەرچوون و ئەمانەش کەم تا زۆر چیرۆکیان بە خۆوە دەگرت، وەلێ گۆڤاری (بەیان) و (کاروان) لە برەو پێدانی چیرۆکی کوردی لە هەموان لە پێشتر و چاکترن،

بەتایبـەتی هـەردووکیان ژمـارەی تایبـەتی چیرۆکیشـیان دەرکـردوەو لێپرسـراویەتی (کـاروانیش) چیرۆکنوسـێکی ناوداری کورد(حسێن عارف)بووە.. ئەمە تا ڕاپـەڕین بەخشـینی چـیرۆکی کـوردی هـەر بـەردەوام بـووەو ڕۆژنامـەو گۆڤارەکانیش ئەم تۆمارەیـان کردووە،ئەگەرچـی لـە سـالآنی حـەفتا بـەملاوە کتێـب و چاپەمەنی کـوردی بـرەوی سەندو بەسەدان کۆمەڵە چیرۆکیش بە کتێب چاپکران... وەلێ دوای ڕاپەڕینیش لەم هەموو زۆری گۆڤـارو ڕۆژنامـەو بلآوکـراوە بەتایبـەتی ئەوانـەی کـە لـە کوردسـتان و هەنـدەران دەرچـوونەو هەشـیانە تائێسـتا دەرئەچێت، چـی بیبلۆگرافیایەکی تەواو لەبەر پەرش و بلآوی و زۆربەی ژمارەوپچڕان و دورە دەسـتی نـاتوانێ تۆمـاری ئـەو هـەموو ڕۆژنامەو گۆڤارانە بکات، وەلێ زۆربەی زۆری گۆڤارو ڕۆژنامەو بلآوکراوەی حیزبەکانیش ئەوەندەی تـر زۆربـوو، تـا وای لێهاتوە ئێستاکە ئەم کەف و کوڵەی سـەرەتای ڕاپـەڕین تـۆزێ دامرکاونەتـەوە لەبـەر گرانـی چاپەمەنی، کـەم گۆڤارو ڕۆژنامەی سەربەخۆ ماوە کە بەردەوامی بەخۆی دابێـت، ئـەوەی مـاوە هـەمووی سـەربە حیزبەکانـە، بـەلآم لەگەڵ ئەمەشدا بەقەد هەموو ساڵەکانی بەر لە ڕاپەڕین کورد ڕۆژنامەو گۆڤاری هێنایە بوون و ئێستاش ئەم گۆڤـارو ڕۆژنامانە لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو فراوانبونی ڕۆشنبیری چیرۆکنوس و ڕەخنەگری کورد دەرگایـەکی نـوێ و پڕ بزافیان خستۆتە بەردەم چیرۆکی کوردی و ئەرکەکە ئێستا لەسەرشانی چیرۆك نوسـەکان خۆیانـە، لـە وەتـەی گۆڤارو ڕۆژنامەی کوردی چاپ دەکرێت چـیرۆکی کـوردیش وەك لقێکـی ئـەدەب و ڕۆشـنبیری کـورد تۆمـاری خـۆی کردووەو قۆناغ بە قۆناغ چاوی خۆی هەڵهێناوەو ڕۆڵی ئەم گۆڤارو ڕۆژنامانە بۆ خزمەتی ڕەوتـی چـیرۆکی هونـەری کوردی هەمیشە دەسلەملان و پڕ لە خۆشەویستی و وەفاداری بووە [1]

## ٣-٢-٦: هونەری نوسینی چیرۆك لە تراژیدیای ئەنفالدا:

پرۆسەی بەدناوی ئەنفالکردنی کورد، ئەوەندە ڕاستیەکی تاڵە دەکرێت ویژدانی هەموو گەلانی جیهان بهـەژێنێت و لە ڕێگـەی ئـەو هەژاندنـەوە قـازانجی نیشـتمانی و نەتـەوەیی لـێ بکەوێتـەوە، بـۆ ئـەوەی ڕاسـتیەکانی ئـەنفال و قڕکردنــی کــورد بگەیــەنین بــە هــەموو جیهــان دەبێــت دودڵ نــەبین لــە بــەدیکۆمێنت کــردن و ئەرشــیفکردن و ئاراستەکردنی هەموو ڕەهەندە جۆراو جۆرەکای ئەنفال، ئەدیبان و نوسـەران و ڕۆژنامەنوسـانی کـورد تـا ڕادەیـەك توانیویان خەمەکانی ئەنفال لە بەرهەمەکانیان جێ بکەنەوە، بەلآم بـە بـڕوای مـن دەکـرا زیاتربایـەو جـدی تـر کـار لەسەر پرسەکە بکرایە، ئەنجامدانی شالآوەکانی ئەنفال بە دەستی ڕژێمی بەعس بە زۆر شێوەی جیاواز ئەنجامـدرا، بۆیـە زۆر چـیرۆکی واقعـی تیـا هەیـەو دەکـرا قەڵـەم بەدەسـتانی کـورد وورتـر چـیرۆکەکانی ئـەنفالیان بگێڕایـەوە، لەکاتێکدا چـیرۆکەکان و کەسـوکارو بـەجێماوانی ئـەنفالکراوەکان زینـدون و زەخیرەیـەکی بـاش لەبـەر دەسـتن بـۆ ئەرشیف کردن و نوسینەوەو بەبەرهەم کردن.

---

[1] – سابیر ڕەشید، چیرۆکی کوردی– ڕەخنەو لێکۆڵینەوە، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر ٢٠٠٥ ل ٥٤

هەمیشە مرۆڤ مەحکوم بووە بە ڕابردووەوە، ڕابردوی پڕگێڕمەو کێشەو کوێرەوەری ئەو ڕوداوە ناخۆش و خەمهێنەرەکانن خەیاڵدانی مرۆڤ دەکەنە مەکۆو ئیتر مرۆڤ بۆ هەتاهەتایە دەبێ پێوەی بتلێتەوە، ( مسعود محمد) لە کتێبی مرۆڤ و دەوروبەردا دەڵێت: ئای بۆ ئەو ڕۆژەی بۆمبای ئەتۆم دەستی مرۆڤی کالفام دەکەوێت دەبێت مرۆڤایەتی چی بەسەربێت؟

غەرقبونی کەشتیەکی ئەڵمانی کە سەرنشینەکانی خەڵکی سڤیل و ژن منداڵبون لە ئاوەکانی نێوان روسیاو ئەڵمانیا لە جەنگی جیهانی دووەمدا کە نزیکەی (١٥٠٠) ژن و منداڵی تیا خنکا، لە لای (گۆنتەر گراس)ی ڕۆماننوسی ئەڵمانی خاوەن خەڵاتی نۆبڵی ئەدەب بۆ ساڵی (٢٠٠٠) دەبێتە ڕۆمانێکی تراژیدی و ئەو ڕۆمانەش (ڕۆشتنی قرژاڵ)ە.

گۆنتەر گراس لە ڕۆشتنی قرژاڵدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ئەو جەنگەو ڕۆژی ڕووداوی غەرقبونی کەشتیەکە بەهۆی هێرشی ڕوسەکانەوە لەو ڕۆمانەدا کۆستێکی زۆر دەبینین بەهۆی تەکنەلۆجیاو زانستەوە مرۆڤ توشی هاتووە، با بزانین کارەساتی ئەنفال چەندێك لە یادەوەری مرۆڤی کورددا شوێنی داگیرکردوە، ئەنفال لە ئێستاوە بۆ هەزاران ساڵیش ناسنامەی نەتەوەی کوردە، ئەنفا پرۆژەیەکی عەرەبی بوو بۆ سڕینەوەو جینۆ کلتوری کورد، ئەنفال وەك غەرقبونی دنیا لە لافاوەکەی نوحدا ڕەنگە بۆ سەدان ساڵی تر لەیادەوەری کورددا بمێنێتەوە.

ئەنفال بۆتە ترسێکی هەمیشەی و کاریگەری بەسەر تەواوی هەڵسوکەوتی ئاگایی و نا ئاگاییی مرۆڤی کوردەوە هەیە بۆیە دەکرێت بڵێین ئێمە زۆر خەمساردین وەك ڕۆشنبیران و نوسەران کە جگە لەنوسین ووتارو ستون چیترمان نەکردوە بۆ ئەنفال و هێشتنەوەی ئەو کۆستە گەورەیە لە یادەوەری مرۆڤی کوردو لەوێشەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو، گەر ڕۆمانێك ئەو کارەساتە گەورەیە بەتەواوی نەنوسێتەوە نەوەکانی داهاتوو چۆن بزانن ئێمە لە ڕۆژگارێکدا و لەماوەی چەند هەفتەیەکدا زیاتر لە (٢٠٠) هەزار مرۆڤمان تیاچوو کە ئێستا تەنیا ئێسك و پروسك و جلی دڕاومان بۆ ماوەتەوە[1]

باس نەکردنی گوندەکان و قوربانیدانەکانیان، لە هەموو شۆڕشێکدا خەڵکی لادێ چاوگی ئەو شۆڕشەبون، زۆربەی جەنگاوەران لەوانە بون، دێهاتەکانیان شوێنی نوستن و حەوانەوەو خواردەمەنیان بوە لەبەر ئەوە تەلەفیاتی زۆر لەسەر و ماڵ هەر لەوان کەوتوە، دێهاتەکانیان ڕوخێنراوە سوتێنراوە بۆمباران کراوە و مێگەلیان بە تاڵان براوە چونکە ئەوان وەك ڕەگ وابوون بۆ شۆڕش چۆن ڕەگ خواردن ئەدات بەڕووەك جا ئەگەر بویستری ڕووەکێك وشك بکرێ ئەوا ڕەگەکانی ببڕە [2]، هەموو ئەمانە دەکرێت دەیەها چیرۆك و چەندین ڕۆمان و گێڕانەوە هەڵگرێت ، ئاشکرایە شۆڕشی کورد لە گوندەکانەوە سەری هەڵداوەو بەردەوام بووە بۆ یە گوندەکان زۆرترین قوربانیان بەرکەوتوە، شاڵاوەکانی ئەنفال گوندەکانی ڕاماڵی و سوتماکی کرد، بۆیە گوندەکان و دانیشتوانەکەی ئێستای کە بەشێکی زۆریان بەجێماوی ئەنفالن هەوێنی چیرۆك گەلێکی زۆرو واقعین کە دەکرا نوسەری کوردی

[1] – جەبار سابیر ، ژیان لە پێناو گێڕانەوەدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون – سلێمانی ٢٠٠٧ ل١١

[2] – دادوەر تەها بابان، کستی شارێك، چابخانەی ئارۆ، سلێمانی ٢٠٠٤ ل ٣٩

کەمتەرخەمی لێنەکردایە، یان هیچ نەبێت ویژدانیان هێندەی ویژدانی نوسەرانی نەتەوەو ولاتە جیاوازەکانی تردبوایە بەرامبەر بە نەتەوەکانی خۆیان، بەعس و کردەوەکانی خۆی بۆخۆی چەندان چیرۆکە، بۆنموونە ئەفسەرێکی ڕژێم پاش ئەنفالکردنی کورد، لەکاتی خەلاتکردنی بە نیشانەی ئازایەتی، کە پێی دەوترا (نوط الشجاعة) لە کەناڵی تەلەفزیۆنی بەغداد چی بە سەدام دەڵێت و چۆن بە لولەی ئەو تفەنگە مێژوی عێراقیان نووسی" جەنابی سەرۆك فەرماندە پاش ئەوەی کە هەموو شارو دێهاتەکانی ناوچەکەمان وێرانکردو لەناو برد، لەلایەن سیخوڕەکانمانەوە ئاگادار کراین کە دێیەکی بچکۆلانە هەتا ئێستا ماوەو دەستکاری نەکراوە، لەگەڵ سوپاکەماندا چوینە دێکە، کەسمان بەرچاو نەکەوت، تەنانەت دانە ئاژەڵێکیش نەمابوو، دەستم کرد بە پشکنینی هەموو ماڵەکان بەڵکو زیندویەکم بەرچاو بکەوێت، هەتا قین و کینەمی پێ بڕێژم، کەسێکم نەدی، ماڵێکی بچکۆلانە لە ئەو پەڕی دێکە بوو، کە نزیك بومەوە لەماڵەکە دەنگی منداڵێك هاتە گوێم... چومە ژورەوەو منداڵێکم بینی لەناو بێشکەدا بوو، بە دیتنم چاوانی کردەوەو دەستی کرد بە پێکەنین ... یەکسەر منداڵەکەی خۆمم هاتەوە یاد، بەلام لەهەمان کاتیشدا ڕێنمایەکانی بەڕێزتانم هاتەوە یاد، وتم منداڵی من لە کوێ و ئەم منداڵە لەکوێ، ئەمە دەبێتە پێشمەرگەو دەچێتە لای چەتەو تێکدەرەکان، بۆیە لولەی تفەنگەکەم نایە دەمی منداڵەکە، زۆر برسی بوو، بە تام و لەزەتێك دەستیکرد بە مژینی لولەی تفەنگەکە وەکو بڵێی مەمکی دایکی بمژێت، بە سوپاسەوە سەیری دەکردم ، لە دڵی خۆمدا ووتم نایکوژم چونکە لەبرسا دەمرێت، شەیتان چوە پێست و گیانم کە ڕێنمایەکانی جەنابتم لە یاد بچێت، بەلام یەکسەر هۆشیار بومەوە، بەرد بارانی شەیتانم کرد و گوللەیەکم نا بەسەری منداڵەکەوە[1]. دەکرێت ئەم چیرۆکەو کۆی تراژیدیاکانی ئەنفال و قڕکردن و سڕینەوەی نەتەوەی کورد لە لای نوسەران و لێکۆڵەرانی کورد ببوایە بە وەزیفەو کۆی لایەنە شاراوەکان و چیرۆکەکانی تر بخرایەتە ڕوو.

تیاچوونی (١٥٠٠) مرۆڤی ئەڵمانی لای گۆنتەرگراس دەبێتە دێوە زمەو تا ڕۆمانەکەی نەنوسێ لەو ئازارە ویژدانیە قوتاری نابێت، بەلام لای مرۆڤی کورد واناکەوێتەوە. جگە لە چەند هەوڵێکی کەم ئەویش لە دوو توێی چەند کورتە چیرۆك و ڕۆمانێکدا چیترمان نەکردوە بۆ ناساندنی ئەنفال و ئەو کۆستە گەورەیەی لە یادەوەری کوردا شوێنێکی زۆرو پانتاییەکی فراوانی لە ئێستەوە بۆ داهاتووش داگیرکردووە.

(حەسەن جاف) لە رۆمانی (گۆرستانی لم) دا و لەسەر زاری منالێکی ڕزگاربوو لەو کارەساتەوە، ئەو تراژیدیا گەورەیەمان بۆ باس دەکات (ئەحمەد محمد ئیسماعیل) لە ڕۆمانی (بەهاری ڕەش)دا ئەتمۆسفیری قەلاو زیندانەکانی نوگرەسەلمان، هاوارو هەلای ژن ومنداڵ وپیرەمێردی گەرمیانمان بۆ دەکاتە هەوێنی ڕۆمانێکی قەبارە بچوك، ئەنفال تەرکیزی لەسەر ناوچەی گەرمیان بوو، گەرمیانی مەکۆی شۆڕشی کوردو قوربانیدان بەگەرمیانی خاکی ڕەش و زێڕی ڕەش وخوێنی گەش.

[1] – ڕێزان عەزیز پشتیوان، بەسەرهاتی خانەقین و ئەنفال،چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات–سالی ٢٠١٣ ل ١٧

(زاهیر ڕۆژبەیانی)لە پێشەکی ڕۆمانەکەدا دەڵێت: بەهاری ڕەش کارەساتی هەرەترسناکی کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەیبیست و یەکەمی مێژووی مرۆڤایەتیە، کە نزیکەی (٢٠٠) هەزار قوربانی لێکەتەوە.
(بەهاری گەرمیان چوون ساتە خۆشەکانی کورت و کەم تەمەن، بەناو بەهارەو کەچی لە پێرەوە تەپوتۆزێکی دڵگوشێنەر هەڵیکردوە، خۆڵ دەبارێ، خۆڵێکی وردی گڵ ئاسا، خەنەیی و کەمێ مەیلەو سورە،خۆڵی ئەم گەرمیانە،.. سەرەڕای کورتیەکەیشی بەهاری ئەمساڵ بوەتە ئاگرو تەڕو وشك لوش دەدات[١]

## ٣-٢-٧: مەبەستەکانی چیرۆك لە گۆڤارەکانی گەرمیان دا:

چیرۆکە بڵاوکراوەکانی گۆڤارەکانی گەرمیان هەمەجۆرن ، کە بەزۆری خۆیان دەبیننەوە لە تراژیدیای ڕوداوەکانی ناو ئەنفال و ئەڤینداری و کۆمەڵایەتی، لە ناو چیرۆکەکانیش دا لایەنەکانی نەتەوایەتی و بەرەنگاربونەوە ڕۆڵیان هەیە. لەو گۆڤارانەی کە لەبەردەستم دان وەك بابەتی توێژینەوەکە چیرۆکەکانیان بەزۆری ئەڤینداری و کۆمەڵایەتین و باسی خەوشیەکانی ژیانی مرۆڤ و خیانەت و بەیەك نەگەیشتن و کوشتن و گۆشەگیری دەکەن و زیاتر مەبەستی چیرۆکەکان ڕێنمایی و پیشاندانی ڕاستی کۆمەڵگایە بۆ پەند وەرگرتن و دوبارەنەکردنەوەو وەرگرتنی چەند ساتێکی خۆش بەخوێندنەوەی چیرۆکەوە، بەڵام ئەو چیرۆکانەی کەتایبەتن بە تراژیدیاو قوربانی و ڕوداوەکانی ناو ئەنفال، زیاتر گوزارشتن لە قوربانی و چاوەڕوانی و زوڵمی ڕژێمی بەعس و چۆنێتی ئەنجامدانی ئەنفال و سەدام و داروەستەکەی و کۆڕەبەکۆمەڵەکان و دەربازبونی بەشێك لە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و کۆی دیمەنەکانی ئەنفال دەکات، بۆیە ناوەڕۆکی چیرۆکەکان خۆیان لە ڕوداو وێنەکانی ناو ئەنفال و مەبەستەکانی چیرۆکەکانیش بۆ پیشاندانی دڕندەی بەعس و چۆنێتی زوڵم بەرامبەر کوردو بۆ لەبیر نەچونەوە لە خۆ دەگرێت ، لە هەمان کاتتدا گوزارشتن لە زوڵم و ستەم لێکراوی میللەتی کورد دەکات.
لەکۆی چەشنەکانی ئەدەب لە گۆڤارەکانی گەرمیان دا بەتایبەت ئەو بابەتانەی تایبەت بە ئەنفال نوسراون ، هەموویان بەسەریەکەوە گوزارشت لە زوڵمی سەدام و چۆنێتی ئەنفالکردن دەکەن، دەبینین لە هەڵبەست و چیرۆك و گێڕانەوەو چەشنەکانی تردا ، باسی عەلی حەسەن مەجید و نوگرەسەلمان و سەگە ڕەشەکەو گوندە ئەنفالکراوەکان و گۆڕەبەکۆمەڵەکان و خۆزگەو هیواکانی ئەنفالکراوەکان دەکات، واتە ئەنفال زەخیرەو پێداویستیەکانی ئەدەب پڕدەکاتەوەو دەکرێت لە چەندین دەرگاوە لێی برۆیتە ژورەوە. بۆیە لە گۆڤارەکانی ناوچەی گەرمیاندا چەندین چیرۆك بڵاوکراوەتەوە کە لەکۆی هەموو گۆڤارە دەستنیشان کراوەکان (٢٢) چیرۆك بڵاوکرانەتەوە.کە ئەمەش گرنگی گۆڤارەکان و نوسەرەکانی ناوچەی گەرمیان دەردەخان بەچیرۆکی هونەری.

[١] – جەبار سابیر ، ژیان لە پێناو گێڕانەوەدا، چاپی یەکەم– چاپخانەی ڕوون – سلێمانی ٢٠٠٧ ل١١

## ٣-٢-٨: نمونەی چیرۆکی ئەنفال لە گۆڤارە کوردیەکاندا :

لە گۆڤاری ناسنامەدا بەقەڵەمی ( ڕێبوار ) و بەناونیشانی "شورای گۆڕەکان" ئەم چیرۆکە بلاوکراوەتەوە کە ئێمە لێرەدا وەك نمونەیەك لە چیرۆکی تایبەت بە ئەنفال دەیخەینە بەرچاو.

– لەجەستەی دا هێنابووە کولْ، دووئاواتی ئەوەبوو بەدەستی خۆی گۆڕێك بۆ خۆی هەڵکەنێ و چاوەڕوانی دوا هەناسەی خۆی بکات. مەتارە یەك ئاو وخاکە نازێکی هەڵگرتوو بە ناو تەپووتۆزی سەیارەکاندا بەرەو شاری مردوان کەوتە ڕێ، کە چاوی کەوتە گومەزی و خانوی بچوك و حەساری گەورە و مزگەوتی گەورە بەشێوەیەکی تایبەت پاوان کرابوون؟ بیرییان گۆڕی و تەماحیان تیا زیندوو کردەوە، وتی بۆمنیش وەك ئەمانە جێگایەك بۆ نەوەکانم دیاری نەکەم، گەر بەمردوییش گەڕانەوە بالە پاڵی خۆمدا بیانێژن! جەمەدانیەکەی لەسەری کردەوەو دەستی کرد بەئەندازەی گۆڕ، درێژی جەمەدانیەك و پانی نیو جەمەدانی بەنیازی هەریەك لە کوڕو کوڕەزاو کچ و کچەزاو بووکەکانی هەریەکەو گۆڕێکیان بۆ دیاری بکات و لەکۆتای دا شورایان بۆ بکات و هەریەك لە نەوەکانی ناوی لەدایکبوون و بەراواری تیا چونی ساڵی ١٩٨٨ لەسەر تۆمار بکات، ژمارەی گۆڕەکان زۆربوون تاگەیشتە (٣٧) گۆڕ، بۆ بەڕیز لەکوڕە گەورەکەیەوە تا دوامنداڵی بچووکی نەوەکانی؟ ماندوو بوو دڵی کەوتە ترپەترپ! ڕاکشاو سەر خاکەنازەکە و خەو بردیەوە، شنەی شەماڵ فێنکی کردەوە مانگ ڕووناکی پێبەخشی وزەوی بوو بەڕاخەری شەو لەئامێزی گرت! هەرکە چاوی چوە خەو ڕۆحی لەقەفەزی سینگی دەرپەڕی لەسەر لوتکەی خۆرنەوەزانەوە نیشتەوە، تێر ئاوی لەناوە سپی خواردەوە، یایشە یایشە بەرەو گوندی گەرمك کەوتەڕێ هەنگاوەکانی گورج کردەوە ، ئینجا وتی: ئەم دەڤەرە بۆ وا گۆڕاوە، هیچ سروەیەك نایەت تڕۆنگەی ئاگرێك، بارەی مەڕێك ، قوقەی کەڵەشێرێك، زەڕەی گوێدرێژێك، زۆ زەنگی ملی مەڕەکانی ئێمە بەس بجولێتەوە ڕۆژە ڕێیەك دەنگیان دەڕوات. جگە لەهاژەی ئاوە سپی هیچی تری بەرگوێ نەدەکەوت. کەنزیکی کانی چك چك بوویەوە ، دەنگی کونەپەپوی بیست بەغەم پاڕایەوە دەیخوێند، بەشپرزەیەوە سەرو ماڵی خۆیان ڕۆیشت. بۆئەوەی هەواڵێك بزانێ، لوتی تەقیە کەلاوە وێران و خامۆش و ڕوخاو، بەهەناسە ساردییەوە پاڵی دایە سوچێکی ڕوو خاوی میوانخانەکەیەوە، دەمی وشك و ترپەی دڵی بەئاگایان هێنایەوە و دەستی کوتا بۆ مەتارە ئاوەکەی هەناوی فێنك کردوە نزا سادەکانی خۆی وتەوە و کەمێك هێور بوویەوە، قسەیەکی (عەلی خەلیفە) کەوەتە یاد زۆرجار دەیگوت:٤٠ ساڵە شوعیم حزب پێی نازانێ! منیش ئەمە ٢٣ ساڵە سەڵت و ماڵ وێرانم کەچی بەخۆم نازانم! هەستاو یەك دوو شایەت مانی خوێندوو نوێژی بەیانی کردەوو دەستی کرد بەخەتکێشان بەدەوری گۆڕەکاندا، بەڵام سکی بەتاڵی توانایی پێ نەهێشتبوو، هەوری خەم و پەژارەیش لەسەری نەدەڕەویەوە(کاروان) کوڕە پاشماوەی ئەنفال بوو، گۆڕستانەکەی کردبوو بە جێگای خوێندنی وانەکانی دەرکی بەوەکردبوو، ئەو پایوە پیرە دوو ڕۆژە هەر ئەندازە ئەگرێت و بەرد دادەنێت لێی نزیك بوویەوە بەزمانێکی شیرین لێی پرسی:چیدەکەی سەری هەڵبڕی لەو دەمەدا لەژێر ئەو برۆ چڕ وپڕانەدا تەماشای (کاروا)ی دەکرد بەزمانێکی بچڕ بچڕ تێی گەیاند

کەوا گۆڕ بۆ نەوەکانی دیاری دەکات (کاروان) بەشێوەیەك گوێی بۆ ڕاگرتبوو وەك پەیکەرێکی بێ ڕۆح بەئاستەم هەناسەی دەدا، کەزانی باوك و باپیرەی بنەماڵەیەکی گەورەی ئەنفالکراوە ئازارێکی خامۆش و بەهێزەوە گوتی ئەم کارە بۆ تۆ قەدەغەیەو دەستی لێ هەڵبگرە، پیاوە پیرەکە هیچ گووێی بە قسەکانی نەدا و داوای لێکرد هاوکارم بەتا ئەم کارە بەکۆتایی دەگەیەنم، ناوەکانم بۆ بنووسە، چونکە من بمرم کەسێکی تر نەماوە ناوەکانیان بزانێ(کاروان) کەزانی قسەکردن بێسوودە و بەقسەی ناکات گوتی منیش ناوم (کاروان)ە پاشماوەی ئەنفالم، چیم لەدەست دێ بۆت دەکەم، بەڵام کە کاربەدەستانی شارەوانی بەنیازەکەیانی زانی بەتوندی دژی وەستاو هەڕەشەی بەندکردنیان لێکرد وتیان ئەوانەی کراوە هی پیاوە گەورەکانی حکومەتە یەك لەدوای یەك یەکەکانەو هەر بۆ ئەوان قەدەغە نیە تۆ پیاوێکی نەناسراوی بۆ تۆ نیە ئەم شورایە بکەیت ئەگەر ئەوەندە قوربانیت داوە بۆ لەم وڵاتە نەناسراویت و هەژاریت ، پیاوە پیرەکەیش بەم وشانە وەڵامی دانەوە؟ خۆشبەختانە نەوەکانم توانای بیستنی ئەم قسانەیان نیە، بەندم مەکەن دەست لەکارەکەم هەڵدەگرم بەهەنیسك هەڵکێشانێکی تاڵەوە پاڵی دایەوە و لەدەریایەك خەم و خەفەت دا چاوەڕوانی کردنی (کاروان) ئاسوودەی پێبەخشی، لەبەر خۆیەوە دەی گووت: چەند ساڵێکە تەمەن لەدۆزەخی سوتێنەردا بەسەر دەبەم، ئاگری دووری جگەر گۆشەکانم بەفرمێسکی هەزرەت دەکوژێنمەوە ، ٢٣ ساڵە لەبەردەم لافاوی نیگەرانی و چاوەڕوانی مردن بکات پاش ئەوەی کەزانی نەوەکانی نەماون؟ بڕیاری دابوو بۆ گەدیلەك لەبەرانبەر مردندا لاوازی پیشان نەدات، لەدەنگی پێی(کاروان) بەئاگا هاتەوە خۆی ئامادە کرد بۆ پرسیارەکانی:

یەکەم پرسایری ئەوە بوو لەم مردوانەی شورایان بۆ کراوە و جیاوازن لەمردوەکانی تر لەمن زیاتر قوربانیان داوە وا ڕێگا بەوان دراوە بەمن نادرێت (کاروان) وەك خۆی بۆ پرسیارەکانی ئامادەکردبێت وابوو گووتی:

ئەمانە هەر هەموویان بەکۆن و نوێ وە هێندەی نیوەی تۆ قوربانیان نەداوە ، وەکو چۆن لەسەر زەوی کوشك و باڵەخانەکانیان جیاوازن لەهی هەموان لەگۆڕیشدا دەبێت جیاواز بن ئەم جیاوازیە لەنێوانماندا بەرزترین پلەی نەزانینە هەر ئەمەیە کەلێن دەخاتە ناو ڕێزەکانمانەوە و لەباشەوە بۆ خراپ پەلکێشمان دەکاتئەگەر بەزۆری قوربانی دان بوایە دەبوایە ئێستا وڵاتی سەربەخۆی خۆمانمان ببوایە نەك وەك ئێستا لەچوار پەل کراوین بەلەرزە لەرز هات پرسیارێکی تربکات نەیتوانی(کاروان )گوتی سفرەی دڵی خۆت بکەرەوەو هێمن بە وەرەوە گوێم بۆت گرتووە، هاتە گۆوو وتی کەواتە هەر خۆمان بەو نەهامەتیە دەزانین کە لەپێناوی گەلەکەماندا کێشاومانە هەر کاتێك دەکەوێتە بیرم لەپێناوی چیدا تۆمم بڕاوەتەوە جەرگم لەت لەت دەبێت، ئەگەر من باوکێکی وریا بوومایەو سیاسەتی ئەم بەڕێزانەم بزانیایەت ئێستاش منداڵەکانم زیندوو دەبوون من دەمێکە دەزانم خۆری بەختەوەریم گیراوە و شەوی تاریك بەسەر ژیانمدا هاتوە دوا بڕیارم ئەوەیە چیتر خزمەتی ئەم لەشە نەخۆشە هەشتا ساڵەیە نەکەم بیبەمەوە وندەکەی خۆمان وو وەك نەوەکانم بیگۆڕیم، تەناه داواشم لەتۆ (کاروان)گیان ئەوەیە بم گەیەنە گوندەکەمان و خۆت بگەڕێرەوە، لێرە بەدواوە داستانەکە وەکو خۆی لەزمانی(کاروان)ەوە دەبیستن ئەم هەواڵە زۆر بەسەختی ڕای هەژاندم بەتەواوی لەژیان بێ ئومێد بووم، بێدەنگ لێوە کانمی خواردبوو

ئیتر هەوڵو نیگەرانی  تێکەڵ بوون ژاین، لەلام بێسوود بوو جگە لە یارمەتی دانی ئەم جگەر سووتاوە ئـەنفالکراوە، خۆم ئامادە کردوو  دوای کەوتم لەسور خەلیل وو دەشتی  پەتەکی و مازووخەوە تالوتکـەی  خۆرنـەوەزان هـاورێیێ بووم کەمتر دەدوا، گەیشتنمان بە لوتکەی خۆرنەوازان پاش هەناسە هەڵکێشانێکی زۆرو پشوویەکی باش هەسـتایە سەر پێ و بەهەر چوار دەوری خۆی دا کەوتە تەماشاکردن ، بەهێمنی کەوتە قسەکردن گووتی: هیچ بۆنێکی دونیـا لەدنیادا بەقەت  بۆنی شەمامەی ئەم ئاوە سـپییە خـۆش نیـە هـیچ تامێك هێنـدەی تـامی شـوتیە ڕەشـەکانی ئـەم چەمە بەتام نیە،  مەرگی نەوەکانم تەناھ خۆشی  وجوانی ئەم دەڤەرەیان  لەبیر نەبردوومەتەوە، بۆیە خۆم کۆتـای بەژاینی خۆم ناهێەم بۆئەوەی لەبەهەشتی بەرین دا نـەوەکانی خـۆم ببیـنم و داوای  لێبوردنیـان لێبکـەم،  کـەوامن باوکێکی باش نەبووم بۆیان و پیاوێکی نەناسراوم، پاش ئـەم قسـانە ئامـاژەی بەکـەنموەزێك کـردوو دوای کـەوتم ، هەر گەیشتینە کەنموەزەکە خزایە بن کەنموزەکەوە و بەزمانە زکماکەکەی خـۆی گـووتی: گـەر ڕۆحـم سـپارد تەیـە داساونە بانما ! .[1]

لەم چیرۆکەش دا بەهەمان شێوەی هەڵبەسـتەکان دیسـان سەرگوزەشـتەی ئـەنفال و کاریگـەریـەکانی دوای ئـەنفال دەگێڕێتەوە ، بەڵام بەناوەڕۆکێکی بەرزو زمـانێکی ئـەدەبی و تـەکنیکێکی هونـەری داڕێشـتوەو یـەك لـەدوای یـەك ڕوداوەکان دەخاتە پێشچاو و وێنەکان زیندوو دەکاتەوە لە زاکیرەی هەر یەکێکمانداو وێنەی تر دروست ئـەکات لـە لای تاکەکانی کۆمەڵگا...

## ٣-٢-٩: نمونەی چیرۆکی ئەنفال بەقەڵەمی نوسەرە گەرمیانیەکان:

ئەنفال و گەرمیان دوو دەسـتەواژەی هاوتـەریبی یـەکترن و لەیەکدی جیـا نابنـەوە، بەقـەد یـەك لـە ڕاسـتەهێڵی تەمەن هەڵدەکشێن، هەرکاتێك باس لە گـەرمیان و خـەڵکی گـەرمیان دەکرێـت ئـەوە ناسـنامەیەك هەیـە کـە پێیـان دەناسرێتەو ئەویش ئەنفالە، لە دا زۆر باس لە خەمەکانی گەرمیان کراوە بەتایبەتی خەمی ئـەنفال تایبـەتی بـووە، بەڵام ئێمە لەم باسەدا تایبـەت بـاس لـە چـیرۆکەکانی ئـەنفال لـە گـەرمیان دەکـەین، لەبـەر ئـەوەی ئەگـەر هـەموو ئەوچیرۆکانەی لە ئەنفالدا ڕویان داوەو دواتر نوسراوەتەوە لە لایەن نوسەرانەوە باس بکـەین ئـەوە لـە لاپـەڕەکانی ئەم توێژینەوەیـەدا جێگـەی نابێتـەوە ئەوەنـدە زۆرە ، بۆیـە تـەنها دوو نمونـە لـە چـیرۆکە تاڵـەکانی ئـەنفالکردنی گەرمیانیـەکان وەردەگـرین ،کـە نمونـەن بـۆ نوسـینی چـیرۆکی هونـەری ئـەنفال لەلایـەن نوسـەرانی کوردسـتان و گەرمیانەوە هاوکات نمونەیشە بۆ هەموو ئەو چیرۆك و تراژیدیا تاڵانەی کە لە سەرجەم ناوچەکانی ئەنفالدا هەیە.

لە ناو نوسەرانی گەرمیاندا ، دوو چیرۆك بە قەڵەمی دوو شۆڕشگێڕی پێشـمەرگەو نوسـەرو چـیرۆکنوس و شـاهیدی ڕوداوەکانی ناو ئەنفال وەر ئەگرم ، ئەوانیش ( مامۆستا عەلی عەبدولا و عەبدولا کەریم محمود)ە،  چـیرۆکی یەکـەم

[1] - هیدایەت محمد ئەمین(ڕێبوار)، شورای گۆڕەکان، گۆڤاری ناسنامە، ژمارە (٣)ی سالی ٢٠١١، لا ٢٣

بەقەڵەمی مامۆستا( عەلی عەبدولاّ) لە ژێر ناوی(( ئەو سەنگەرەی ناوی حەمە سەعید بوو)) بڵاو کراوەتەوە، کە ئەم چیرۆکە بە شێوەیەکی گێڕانەوەی تایبەتی یازدە بڕگەی چیرۆکی باسکراوە

نوسەر لە چیرۆکەکەیدا بە ئاماژەی ژمارە(١) باس لە ئەنفالکردنی ناوچەی سیوسێنان دەکات و دەڵێت" ئێوارەی نەورۆزی مانگی سێ کەس نەیتوانی ئاگری نەورۆز بکاتەوە لەترسی بەعس و دنیا کپ و بێدەنگ بوەو کەس نەی توانیوە لاپەڕەی وەرزی نوێ هەڵبداتەوە

لە بەشی دووەمی چیرۆکەکەدا بە ئاماژەی ژمارە(٢) نوسەر دەڵێت" بەرەبەیانی نەورۆز لە گوندو دێهاتەکانەوە دوکەڵی سوپاکانی ماڵان نەدەبینرا و ژاوەژاوی گوندنشینان دەنگی نەبوو، کەس بەرچاو ناکەوێت، لەبەر ئەوە هەمویان ڕۆیوون، بەومانایەی گوندەکان چۆڵکراوە لە تاو دڕەندەی بەعس

لە ئاماژەی ژمارە(٣) دا باس لە نێوان بەیانی و نیوەڕۆی ڕۆژ دەکات کە کاتێك بەعس هێرش دەباتە سەر گوندەکان بۆ وێران کردن

لە ئاماژەکانی ژمارە (٥،٤)دا نوسەر باس لە ترس و تۆقاندنی گوندنشینەکان دەکات و وای وێنا دەکات کە گوندنشینەکان ئاگاداری ئەنفالکردن و گۆبەندە خراپەکانی بەعس بوون، بۆیە ناوچەی (چەمەرگە و نەژوێنی و باوە خوشێن) وەك نمونە دەهێنێتەوە، کە هێرشی بەعس بە تۆپ و کاتیوشا وەك لیزمەی باران بۆی براندون تا ڕەوی پێکردوون، دەڵێت" بەیانی ڕۆژی ٣/٢٢ ئافاتی بەعسیان ئەوانیشی نوقمی گەردەلوولی رووخان و گەردەلولی سووتان کرد

لە ئاماژەکانی (٦ تا ١١) نوسەر پاڵەوانی چیرۆکەکەی دەستنیشان دەکات و مەبەستی ڕون دەکاتەوە، واتە باس لە پۆلێك پێشمەرگە دەکات لە گوندێك بەناوی (ئیمام قادر) کە سەنگەریان لێداوە لە دژی هێرشی بەعس بۆ گوندەکە بۆ ئەوەی نەهێڵن ئەنفال بکرێت، لە کاتی شەڕو ڕوبەڕوبونەوەدا پێشمەرگەکان دوای ماوەیەك شەڕکردن بەهۆی نەمانی تەقەمەنیەوەو بەهۆی نەبونی بالانسی هێز ناچاربوون سەنگەرەکە چۆڵبکەن، بەڵام فەرماندەی پێشمەرگەکان کە ناوی ( حەمە سەعید) بوو بڕیاری داوە سەنگەرو گوندەکەی چۆڵ نەکات و بە ژێردەستەی و سەرشۆڕی نەمێنێتەوە، هەرواش سەنگەری چۆڵ نەکردوو تا دوا فیشەك جەنگا، دواتر لە پێشخۆر ئاوابون شەهید دەکرێت و لەکاتی شەهید کردنی بەعسیە ئەنفال چیەکان بەهۆی سەرسام بونیان بە ئازایەتی لە هەمان گوندو لە سەنگەرەکەی دەینێژن، نوسەری چیرۆك لە کۆتایی چیرۆکەکەیدا باس لە ئازایەتی و نەبەردی (حەمەسەعید ) دەکات و دەڵێت" گەلێك.. گیانبەختکەری وایەبێت.. هەرگیزنامرێ.. با سەدان جاریش ئەنفال بکرێ.

ئەم چیرۆکە واقیعیەو نوسەر هەوڵی داوە دڕندەی بەعس و ئازایەتی پێشمەرگەو ئەنفالکردنی گوندنشینان لە لایەن بەعسەوە لە ڕۆژێکدا بخاتە بەرباس و وێنەی خەم و ئازارەکانی گەلێك لە چیرۆکێکدا ڕون بکاتەوە، ئەم چیرۆکەی بە شێوەیەکی هونەری واقعی گێڕاوەتەوە.

## ا- ئەو سەنگەرەی ناوی حەمە سەعید بوو

١

ئێوارەی رۆژی ٣/٢١/٢٠ دنیا کپ و بێسروە بوو ، سروشت خامۆش و هەموو شتێك جوولـەی لـە خـۆی بڕیبـوو.. ئەو ئێوارەیە کەسم نەدی لەسەر دوندی لوتکەی شاخەکان ئاگربکاتەوە و لاپەڕەی وەرزی نـوێ هەڵبداتـەوە.. ئـەم ساڵ قۆشەنی بەعس نەیانهێشت ئەو سرووتەی گەلەکەمان ئەنجامبـدرێت، چـونکە ئـەوان ئـاگری سـووتانیان لەجـە ستەی ئەم دۆڵە بەردا و لەگەڵ بانگی شێواندا دڵی سێوسێنانیان هەڵکڕوزاند.

٢

بـەیانی رۆژی ٣/٢١ لـە هـیچ مـاڵێکی دێهاتەکانـەوە دووکـەڵ لـە لولـەی سـوپاکانیانەوە بەرزنـەدەبووەوە ، هـەرای خەڵکی و ژاوەژاوی منداڵ و هاتوچۆ و دیمەنی ئاژەڵ دەرکردن نەدەبیسترا، جاران خەڵکی لەم سـاتەوەختەی رۆژە نوێیەدا جمەیان دەهات، کەچی ئەمێستا کەسێکی ئەمدێهاتانـە بەرچـاوناکەوێت.. تومـەز لەگـەڵ تاریکـایی شـەوی ئەنگوستەچاودا بەرەو تخوبێکی نادیار رۆیون.

٣

خۆرەبان گەرمبووبوو، قۆشەنی بەعس زەواری خستەڕێ، هەموو تـەداروکاتی مـەرگی لەگـەڵ خـۆی هـەڵگرتبوو تـا ژیان لە تابلۆی بوون بسڕێتەوە.. هەر ئەمەشە نەریتی هێزی سـەربازی داگیرکـەر.. ئـەو سـاتانەش هـیچ بەهایـەکی مرۆڤایەتی لە هەنگاوەکانی ئەواندا واتایەکی نامێنێ.

٤

خـەڵکی ناوشـار میلـەکانی هەسـتیان راگرتبـوو.. کـەس وەکـو رۆژانـیتر پێنەدەکـەنین.. دەیـانزانی چ گۆبەنـدێك سازدەکرێت.. ئەو پرۆسە خەمناکە نـەك هـەر هەناسـەی مرۆڤـە بەسـتەزمانەکان بـەڵکو هـی مـەل و داروەرەخـت و گاشەبەرد و تلەکانیش هەڵدەپرووکێنێ.

٥

چەمەرگە و نەژۆێنی و باوە خوشێن.. بارانی بە لێزمەی کاتیۆشا و تۆپەقورسەکان رەوی پێکردبـوون.. داڵـەوازیان تیانەمابوو.. بـەیانی رۆژی ٣/٢٢ ئافـاتی بەعسـیان ئەوانیشـی نـوقمی گـەردەلوولی رووخـان و گـەردەلولی سـووتان کرد.. قرچەی داڕووخانی ئەو دێهات و ماڵە گوناهانە رووە و بارەگای خوا هەڵکشان.

٦

لـەئیمام قـادر.. مەتـەرێزی رووبەڕووبونـەوە قـایمکرابوو.. حـەوت پشـتگیری و دەسـتەیەك پێشـمەرگە لـەو نـاو گاشـەبەردانەدا دابەشـبووبوون.. حەمەسەعیسـد دەهـات و دەچـوو، دڵگەرمانـە هەڵدەسـووڕا، ورەی دەبەخشـی.. ترس نەیدەوێرا لە قەرەی بکەوێ، کە دەیزوانییە ئاسۆی دۆخەکـە دەیزانـی سـاتی ئـازار و دابـڕان و مەرگەسـاتە.. جارێکیان لە دەمەتەقێی پەنا گاشەبەردێکدا بە حەسەن و عادیلی هاوڕێی دەڵێ: ئەگەر ئەو رۆژە بێـت و بـزانم لـەم

دێیە دەردەکرێم و لەناو خاکی باوباپیرانم هەڵدەکەنرێم، ئەوا من بێ ئەوان ناژیم و بە ژێردەستەیی و سەرشۆڕی هەڵناکەم.. دەبێ لێرەدا بمرم.

٧

دووژمن کوللەئاسا روویکردە ئیمام قادر.. گرموهوڕی تۆپباران گەردنی ئەو ناوەی وەك برێشکە دەبێژا، کە چەکدارە جانەوەرەکان دەستیان گەیشتە یەکەم ماڵ.. لە سەنگەرەکانەوە، تفەنگی بەرگریکاران ئاگرپرژێنێکی کردن، دوژمن نەیزانی دەکەوێتە ناو تەڵەی بەرگرییەوە گیزەی گوللە گۆی دڵیانی دەسمی، ترس هەناویانی دەکرۆشت.. نەیاندەوێرا پێشرەوییبکەن، کە تەکانێکیان دەدا زوو پاشەکشەیان دەکرد، زۆریان لێپێکرا.

٨

پیاوە ئازاکانی ناو سەنگەرەکان زۆر شەکەتبوون.. تادەهات تەقەمەنییان کەمدەبووەوە.. لە سەرەوەی دێ لەگەڵ حەمەسەعیدا یەکیانگرتەوە، تاوتوێیەکی دۆخەکەیان کرد، هەڤاڵەکانی ئەوەیان دەربڕی لەوە زیاتر دەرەقەتی ئەو شەڕە نایەن و وا چاکە بکشێنەوە.. حەمەسەعید لەم قسەیە راما.. بە سۆزێکی پڕ لە بوێرییەوە قسەکانی پەنا گاشەبەردەکەی بۆ دووبارەکردنەوە وتی: ئێوە بڕۆن، من نایەم.. چی فیشەکتان پێیە بمدەنێ، من لێرە دەمرم.. محەمەدی برای و حەسەن و عادیل نەیانتوانی قایلی بکەن لەگەڵیانا بڕوات.. ئیتر حەمەسەعید بە خرۆشێکەوە خواحافیزی لێکردن و گەڕایەوە ناو سەنگەرەکەی.. لوولەی تفەنگەکەی لە هەناوی هێزە ئەنفالکراوەکەدا گەرمکرد، دەیویست بە هەر فیشەکێك دوا سەربازی ئەو ئۆردووە قڕبکات.

٩

پێش خۆرئاوابوون دەنگی تەقەی حەمەسەعید کزبووەوە، دوژمن بازنەی ئابلۆقەی لە دەوری تەنگترکرد.. لەناو هاڕەی کاتوێشا و نۆڵەی تۆپباران و خرمژنی گوللە و بڵێسەی ئاگر و چڕەدووکەڵدا.. جەستەی ئەو مێرخاسە چابووکە بووە هاوار و گیانی بوو بە مەشخەلانی گڕ و بەرەو ئاسمانی نەمریی هەڵکشا.. ئیتر بێدەنگییەك ئەو ناوەی هەڵلوشی کە فەرماندەی هێزەکەی دوژمن زانی ئیتر ئەو تفەنگە کپبووەتەوە، خاوەنەکەی ناچریکێنێ ، وایزانی سەنگەرەکەی چۆڵکردووە.. کە دەچنە شوێنەکەی دەبینن حەمەسەعیدی کەڵەمێرد هێشتا پەنجەی بەسەر بەلەپیتکەی تفەنگەکەیەوەیەتی، چاوەنەرمەکانی بڕیوەتە زێدە خڵتانبووەکەی لە دووکەڵی سووتان و گەردوتۆزی رووخان.. خوڕ خوڕ خوێنی ئاڵ لە لاشەی دەچۆڕێ.

١٠

فەرماندە دڕندەکەی سوپای ئەنفالکەر دڵی دادەخورپێ و رامانێك دەیباتەوە، سەری دەسوڕمێ کە ئەم هەموو نەبەردییە یەککەس بەرپایکردبێ.. تێدەگات کە ئەو: فەرماندەی تاوان و وێرانکردنە و ئەو قارەمانەش گیانبازی لەپێناو گەل و نیشتمانەکەیدا کردووە، لێوەکانی دەکرۆژێ و دەڵێ: جەیفە پیاوی وا بکوژرێ.. بڕیاردەدات تەرمەکەی شەهید حەمە سەعید لە شوێنێکدا بنێژن.

١١

گەلێك.. گیانبەختكەری وایهەبێت.. هەرگیزنامرێ.. با سەدان جاریش ئەنفال بكرێ.[1]

## ب- عەزیزو مستەفا لە ناو پاسێكدا

نووسەری بەتوانای كورد "عەبدولڵای كەریم محمود" لە ڕێگەی هەوڵە بەردەوامەكانی لە بواری ئەنفال و ڕەهەندە جۆراو جۆرەكانیەوە پەلكێشمان دەكات بۆ ناو ڕوداوەكانی ئەنفال و درِندەی بەعس، لە گێڕانەی چیرۆكی مستەفادا تراژیدیایەكی گەورە دەخاتە پێش چاومان، ئەم چیرۆكەش ڕاستیەو ، نوسەر هونەرمەندانە دایرِشتۆتەوەو بەم شێوەیە دەستی پێكردووە.

چیرۆكی مستەفا دیمەنێكی تری ئەو تراژیدیایە بوو ، كە كۆتایی بۆ نەبوو، سێ ئۆتۆمبێلی تر لە كەركوكەوە لەگەڵ ئەم كاروانە هاتبوون، لە ناو ئەو چاڵە بچكۆلەیەی عزیز لە پەنجەرەی شۆفێرەكەوە دیبوی وەستان... كات دەمەو مەغریب بوو، كاتێك حەرەسەكە دەرگای پشتەوەی ئەو پاسەیان كردەوە كە مستەفای تەمەن (٣٨) ساڵەو باوكی نۆ منداڵە و خڵكی گەندی تۆپخانە كە لە تۆپزاواوە پێی هاتبوون ، خستە سەر پشت، دوو دوو پیاوەكان ڕاكێشرانە دەرەوە ... مستەفا ئاگاداری دەستڕێژە بەردەوامەكان بوو كە دیار بوو لە یەك كاتدا لە هەموو لایەكەوە دەهات، حەرەسەكان پشكنینێكی خێرای مستەفایان كرد، هەرچی پێی بوو لێیان سەند جگە لەو دووسەد دینارەی كە لە تۆپزاواوە لەناوجلەكانیدا شاردبویەوە بەبێ ئەوەی بدۆزرێتەوە . هەستی كرد زۆر بەتوندی بە پشتێنەكەی خۆی قۆڵی لە پشتەوە بەستراوەتەوە، بەجامانەكەی چاوی بەستراوەتەوە، هەروەها چاوی هاورِێكەیشی ، فەرمان بە دوو دیلەكە درا كە بكەونە ڕێ، لەبەر ئەوەی مستەفا دەیزانی بەرەو مردن دەروات ، بۆیە كەوتە خوێندنەوەی (ئایەتلكورسی) نزیكەی (٢٠) یاریدەیەك بەرەو پێشەوە ڕۆیشت، ئینجا هەستی بە هەڵتوتاندنێك كردو كەمێك لاربوەوە، دەنگی گاردێكی بیست ، فەرمانی بە دوو دیلەكەدا لە سەر پشتیان پاڵبكەون، كاتیچ مستەفا فەرمانەكەی جێبەجێكرد، هەستی كرد كە وەك لاشەیەكی بێ جوڵە كەوتۆتە نێوان هاوەڵەكەی و یەكێكی ترەوە ، دەنگی ماشێنی بلدۆزەرەكەش كە هاڕەی دەهات هاتە گوێی لە تەنیشتیەوە هەستی بەلەرینەوەو ناڵێیك كرد، دەنگی تەقە نەما ... مستەفا گوێی لە دەنگی حەرەسەكان بوو دور دەكەوتنەوە، ئەوساكە دەركی كرد كە گوللەی بەرەكەوتووە، مستەفا كەوتە ڕێ چەند توانی ڕێی كرد تا گەیشت بە شوانێك ، شوانەكە بۆی باس كرد كە ئەو كوردێكی ئێرانەو لە ئۆردوگایەك لەو نزیكانە نیشتەجێ كراوە، شوانەكە ئەدرەسێكی ناو ئۆردوگاكەی دایەو فێری كرد كە چۆن دزە بكات بۆ ناو ئۆردوگاكە ، بێ ئەوەی حەرەسەكان بیبینن، كە گەیشتە ماڵەكە بۆنی نانی تازە گەیشتە لووتی ، ژنێكی خانەقینی بوو ، ووتی دانیشە ئێستا باوكم دەگەڕێتەوە، كە پیاوەكە گەیشتەوە ماڵێ، مستەفا داوای ئامۆژگاری گەیشتنە بەغدادی لێ كرد، ئەویش ووتی : بەمزوانە پاسێك دەچێت بۆ ڕومادی ، هەندێك ئامۆژگاری كرد، كە چۆن خۆی لە خاڵی

[1] - عەلی عەبدولا، ڕۆژنامەی گەرمیان پۆست، ساڵی سێ یەم، نیسانی ٢٠١١ ژمارە ٢٨- ل ٩

پشکنینەکان بپارێزێت ، هەندێك خواردن و جوتێك نـەعلی پێدا ، کاتێـك مسـتەفا گەیشـتە دەروازەی ئۆردوگاکـە ، پاسەکە لە دەرچوندا بوو، ئیشارەی بۆ شۆفێرەکە کـرد وەسـتا، کاتێك سـەرکەوتە نـاو پاسـەکەوە ، یـەکێکیانی ناسیەوە ... ئەویش عەزیز بوو، پاش قەسابخانەکەی پاسـەکەی نـاو بیابـان عـەزیزیش تـوانی بـووی خـۆی قوتـار بکات بۆ ناو تاریکایەکە ، بەسـەر لێشـێواوی و شـڵەژاویەوە پـێش ئـەوەی پـێ بنێتـە نـاو خەندەقێکـەوە کـەوتبوو بەسەر لاشەیەکدا خوێن لە لوتیەوە دەهاتە خـوارێ ، بـەڵام هەناسـەی تیـا مـابوو، ئـەم چاڵە زۆر لـەو چاڵەی کـە مستەفای تێدابوو بۆ ئیدام کردن جیاواز بووە، عەزیز بە بیری دا دەهاتەوە کـە (١٠-١٢) پـێ قـوڵ و تـەنها شـەش پێ پان بـوو، وای بـۆ دەچـوو کـە (٤٠٠) تـەرمێکی تێدا بێـت ، بـە خـۆ کشـان سـەرکەوتبوە سـەرەوە و ڕووەونـاو بیابانەکـە هـەڵهاتبوو، لـە ترسـی ئـەوەی بناسـرێتەوە جلـەکانی داکەنـدبوو کردبویـە بوخچـەیەك، پێڵاوەکـانی لێ بەجێمابوو.... عەزیز دەیگێڕایەوە : من تەنیا بەو خەندەقانەدا تێپـەڕم دەکـرد کـە پڕبـوون لـە لاشـە، سـەرتاپای ناوچەکە خەندەقی پڕ لەلاشە بـوو، لـە شـوێنێکدا لـە جـادەی قیرتـاو پـەڕیبووەوە و گەیشـتبووە ئـاوێکی گـەورە ، دانەوی بووە ئاو بخواتەوە ، لایتە بەرزەکانی ئۆتۆمبیلێکی بەرزی بینی کە نزیك دەبووەوە ، ترسـا بـوو لـەوەی کـە یەکێك بێت لە لاندگرۆزەرەکانی تیمی ئیعدام کردنەکان، خۆی فڕێ دەداتە نـاو ئاوەکـەوە دەسـتی کردبـوو بەمەلـە ڕووەو کەنارە دورەکە ، لە کاتێکدا تا ناوقەدی ئـاو بـوو بەخۆشـیەوە تێبینـی کـرد کـە ئۆتۆمبێلەکـە بیـدابووەوە بـۆ لایەکی تر، ئیتر بەرەو ئەو ڕوناکیە ڕۆیشت، ئەمە هەمان کامپ بوو کە مستەفای گەیشتوویە، دواتـر عـەزیز زانیبـوی کە ئەم کامپە هەزاران خەڵکی قەسری شیرین-ی ناوچەی سنووری لێبوون ، کە وەکـو بارمتـە لەسـەرەتای ڕۆژانـی جـەنگی ئێـران و عێـرق گیرابـوون و هێڵرابونـەوە ، کامپەکـە بەتـەلی درکـەزی چـوار دەوری گیرابـوو، قەدەغـە بـوو کامپەکە بەجێبهێڵرێ، عەزیز لەم دەرگاو ئەو دەرگای ئەدا بۆ یارمەتی ، بـۆ ئـەوەی دەرگـای لێبکەنـەوە، پیـاوێکی پیروو دوکوڕەکەی ڕازی بوون هەندێك شۆربای فاسۆلیاو نانی بـدەنێ ، بـەڵام بـەهیج جۆرێك نەیانـدەوێرا داڵدەی کوردێکی شرەی ڕاکردو لەماڵەکەیان بـدەن ، لەبەرەبەیانـەوە عـەزیز ماڵبـەماڵ دەگـەڕاو دەپاڕایـەوە ، تـا پیاوێك ڕازی بوو بیگەیەنێتە گەراج ، دوای ئەوەی خۆی گەیاندبووە ڕومادی و لـەوێوە بـەپاس ڕووەو بەغـداد، لـە گـەراجی بەغداد مستەفا بەڕێکەوت ئەفسەرێکی ئیستخباراتی تۆبزاوا بینی بوو، وای دەزانـی دەیناسـێتەوە ، بۆیـە ڕایکـردە ناو قەرەباڵغیەکە... سەرئەنجام گەیشتە کەرکوك.([1])

---

[1] - عەبدولا کەریم مەحمود، ڕۆژنامەی گەرمیان پۆست ، ژمارە ١٠٠، چاپخانەی کمال، ساڵی ٢٠١٤ ، ل ١١

## ٣-٢-١٠: گێڕانەوە:

گێڕانەوە یەکێکە لەو پرۆسانەی هەر یەکێك لە ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەماندا بە شێوەی بەرفراوان و بەردەوام پراکتیزەی دەکەین و پشتی پێ دەبەستین و مێژووی دەرکەوتنی هاوکاتی مێژووی دروستبوونی زمانە، چونکە گێڕانەوە" گێڕانەوەی ڕوداوێك یان چەند ڕوداوێك یاخود هەواڵێك یان پتر لە هەواڵێکە، کە سەرچاوەیەکی ڕاستەقینەی هەبێت یاخود دروستکراوو داهێنراوی خەیاڵ بێت" لەبەر ئەوە سادەترین گفتوگۆی نێوان دووکەس یان زیاتر ، بەویست بێت یاخود بێ ویست ، ئەم پرۆسەیەی تێدەکەوێت، چونکە گواستنەوەو گەیاندنی زانیاری و هەواڵی تایبەت بە هەر لایەنێکی ژیان، لێدوان لە دیاردەو ڕوداوە جۆراوجۆرەکان و تەنانەت گوزارشت کردن لە سادەترین هەست و ویستی دەروونی مرۆڤ لە ڕێی گێڕانەوەوە بە ئەنجام دەگەیەنرێت، ئەم دیاردەیە سەرجەم بەرهەمانی بیرو مێشکیش دەگرێتەوە ( هەر لە بابەتە زانستیەکانەوە تا دەگات بە هونەرو بابەتە ئایدۆلۆجیەکان).[١]

ڕادەی سەرکەوتنی هەر چیرۆکێك دەبەسترێتەوە بە جۆری ئەو ڕێگەیەی کەرەستەکەی پێ ڕێکدەخرێ و دەگێڕدرێتەوە، گێڕانەوەش وەك بنەمایەك پەیوەندی ئەوتۆی لەگەڵ ڕووداودا هەیە، ئەرکەکەیشی لەوەدایە، ئەو ڕووداوانەی بەسەر کارەکتەرەکاندا هاتووە بیانگێڕێتەوە. واتە بۆ ئەوەی گێڕانەوە هەبێت پێویستە ڕووداوێك لەئارادا بێت، ئەگینا پرۆسەی گێڕانەوە دروست نابێت و ئەوکاتیش دەق دروست نابێت.

شێوازەکانی گێڕانەوە دوو جۆری سەرەکی هەیە (بابەتی و خودی) بەستراونەتەوە بە جۆری چیرۆك گێڕەوە و کارەکتەر و ڕووداوەکانەوە.[٢] دوو هۆکاری سەرەکیش هەیە بۆ ئەوەی چیرۆك گێڕەوە لەڕێگەیانەوە پەیامی چیرۆکەکە بگەیەنێتە وەرگر ئەویش (وەسف) و (دیالۆگ) ە کە لە پێویستییە سەرەکییەکانی داڕشتنی بینای گێڕانەوەن. قسە و باسی نێوان کارەکتەرەکان بەواتای (دیالۆگ) و پێشکەش کردنی دیوی ناوەوەی کارەکتەرەکان کە لەڕێگەی کارەکتەرەکە خۆی بەتەنیا ساز دەدرێت بەواتای (مەنەلۆژ) دێ.[٣]

لەلایەکی ترەوە کارەکتەر بنەمایەکی تری سەرکی چیرۆکە، بێ ئەو هیچ چیرۆکێك نایەتە ئاراوە، ڕووداوەکانیش پەیوەندییان بە ژیان و کار و کرداری ئەمانەوە هەیە، توخمەکانی تریش وەك کات و شوێن و کێشە هەموویان بۆ دەرخستنی کەسایەتی کارەکتەر دادەمەزرێن بۆ ئەوەی باری دەروونی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و توانای فیکری بەرجەستە دەکەن.[٤]

---

[١] – میران جەلال محمد ، بنیادی ڕوداو لە ڕۆمانی کوردی باشوری کوردستاندا، چاپخانەی ڕەنج–سلێمانی ٢٠٠٩ ، ل ١٥٥

[٢] - - ئومێد ڕەحیم شەمسەدین تاڵەبانی ، کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی و ئەدەبیاتی ڕۆژنامەنوسی کوردی لە عێراقدا ( ١٩١٨– ١٩٥٨)، نامەی دکتۆرا ، بەشی کوردی ، زانکۆی سلێمانی ٢٠١٣ ، لا ٢٠٨

[٣] - هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لا ٢٠٩

[٤] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٢١٠

لە هەمان کاتدا (شوێن) تەواوکەری بینا هونەرییەکانی تری چیرۆکە کاتێ توخمەکانی تر وەك ڕووداو و کارەکتەر و کات هاتنە کایەوە و کێشەکان دەرکەوتن، ئیتر شوێنێك بۆ ڕوودانی کێشەکان پێویستە، شوێنی واقیعی– ڕاستەقینە و شوێنی خەیاڵیش هەیە.

لە دوای شوێن گرنگی کات دەردەکەوێت کە هەموو توخمەکانی تر توانیویانە سودی لێ وەرگرن و خۆیان لەگەڵیدا بگونجێنن، لە چیرۆکدا کات تایبەتمەندی خۆی هەیە و جاری وا هەیە چەمکی چیرۆك بەوە ڕوون دەکرێتەوە کە ( بریتییە گێڕانەوەی کۆمەڵێ ڕووداو کە بە گوێرەی زنجیرەی کات ڕێکدەخرێت).[١]

جان بویون ، یەکێکە لە ڕەخنەگرە نوێیەکانی فەرەنسا لە کتێبی ( کات و ڕۆمان )دا لە ساڵی ١٩٤٥ گۆشەنیگای بۆ سێ جۆر پۆلێن کردوە کە ئەمانەن

١– بینین لە دواوە

٢– بینین لە گەڵ

٣– بینین لەدەرەوە

ئەم ڕەخنەگرە شوێنی گێڕەرەوەمان بۆ دەستنیشان دەکات لە ناو دەقی چیرۆك و ڕۆمان دا ، لە یەکەمیان دا گێڕەرەوە لە دەرەوەی ڕوداوەکانی دەقەکەدا هەڵدەستێت بە گێڕانەوەی ڕوداوەکانی ناو دەقەکەو تیشك دەخاتە سەر کارەکتەرەکان، بەڵام لە دوەمیان دا گێڕەرەوە لە ناو دەقەوە گێڕانەوەی بەسەرهات و ڕوداوەکان لە ئەستۆ دەگرێ و دەیانگێڕێتەوە، کەچی لە جۆری سێیەمیان دا گێڕەرەوە لە پشتەوەی دەقەکەدا لە ڕێگەی بیستن و وەسفی ڕوخسارو هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکانەوە کاری گێڕانەوەکە جێبەجێ دەکات.[٢]

لەئێستاوە بۆ سەدان ساڵی تریش نهێنی شاراوەی ناو ڕووداوەکانی ئەنفال ئاشکرا دەبن. هەر لە چۆنێتی دەستگیرکردنیان و گواستنەوەیان لەشوێنی دەستگیرکردنەکانەوە بۆ کامپەکانی دەستبەسەرداگرتن. برسی و تینووکردن، جەنگی دەروونی، گواستنەوەیان بۆ شوێنی گولەبارانکردنەکان.

لەنێوان هەموو ئەوانەدا هەزاران ڕووداو دیمەنی شاراوە هەن. لە هەڵوێستی دڕاندانە ونامرۆڤانەوە تادەگاتە بوێری و مقاومەت وڕووبەڕووبوونەوە لەناو صاڵەکانی مەرگدا. کەئێستا زۆربەیان بەشاراوەیی ماونەتەوە و نازانین چۆن گوللە باران کران. ئەوانەی بەزیندە بەچاڵیانکردن خۆیان چیان لێهات؟ ئەو هەموو سایەق شۆفلەی زیندە بەچاڵیان بۆ هەڵکەندن کەوتنە کوێی دونیاوە؟ ئەو هەموو ئۆتۆمبیلەی ئەنفالەکانیان لە کەمپەکانی دەستەبەسەرداگرتنەوە بۆ چاڵەکانی مەرگ ڕەوانە کرد، شۆفێرەکان بۆ کوێ چوون؟ ئەمانە و سەدان پرسیاری تر دەبێ خۆمان بەدوای وەڵامەکانیاندا بگەڕێین. گرنگە بۆ ئەوەی ئەنفال بەهەموو ڕووداوەکانییەوە بەرینە

---

[١] - ئومێد ڕەحیم شەمسەدین تاڵەبانی ، کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی و ئەدەبیاتی ڕۆژنامەنوسی کوردی لە عێراقدا ( ١٩١٨– ١٩٥٨)، نامەی دکتۆرا ، بەشی کوردی ، زانکۆی سلێمانی ٢٠١٣ ، لا ٢١٤

[٢] - ئەردەلاَن شوکر سابیر ، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانە شیعرەکانی (شێرکۆ بێکەس)دا ، ساڵی ٢٠٠٩ ، ل ٨٦

مێـژووەوە دوای هـەموو وردەکارییـەکان بکـەوین ، لەبچـوکترین زانیـاریی شـاراوەوە تـا ئـەوەی بەبەرچـاوەوە ڕوویانداوە پێویستە هەموویان تۆمار بکەن.
گەرچی ئەنفال ئەوەندە گەورەیە و کـارکردن بـۆ تۆمـارکردنی ئـەنفال ئەوەنـدەی وەخـت پێویسـتە بەشـی ئـەوەی پێوە دەمێنێ نەوەکانی داهاتووشمان کاری لەسەر بکەن.

## ٣-٢-١١: نموونەی گێڕانەوە لە گۆڤارەکان دا :

ا- عارف قوربانی لە ژمـارە(١٢) گۆڤـاری گیرفـان دا دەڵێـت: هەڵوێسـتێك کـە لەسـاڵی ١٩٨٨ وە تـا ئێسـتا بـە شاراوەیی مابووەوە، ئـەمڕۆ وەك گـەورەترین هەڵوێسـت دەیخەینـەڕوو. ئـەویش هەڵوێسـتی ئەفسـەرێکی عـەرەبی شیعەیە کاتێ لەیەکێ لە شوێنی گوللە بارانکردنەکاندا لەنزیکی نەجەف، چـەند چـاڵێکی مـەرگی بەکۆمـەڵ ئامـادە دەکەن هەر ئەفسەرێك ڕادەسپێرن سەد کەس گوللە بارن بکات.یەکێ لەو ئەفسەرە بە ویژدان زیندووانـەی شـیعەی عەربی عێراق ئامادەی جێبەجێکردنی بڕیارەکـە نـابێ ونایـەوێ وەك تاوانبارێك بکەوێتـە بـەردەم دادگـای ویـژدانی خۆیەوە. بڕیار ئەدات سەرپێچی بڕیاری سەرووی خۆی بکات، بەڵام بۆ ئەوەی چاوترساندنی ئـەوانیتر و بـۆ ئـەوەی کەس جورئەت نـەکات ڕووبـەڕووی بڕیارەکـانی بـەعس ببێتـەوە. جـەلادەکان بڕایـر ئـەدەن ئـەمجارە بـە بەرچـاوی ئەنفالەکانەوە ئەفسەرەکە گوللەباران بکەن و وەك یەکەم قوربانی لەپێش ئەنفالەکانـەوە بیخەنـە نـاو ئـەو چـاڵەی کـەبڕیار بـوو ئـەم ئەفسـەرە سـەد کەسـی بـۆ بنێرێـت! ئەفسـەرەکە گوللـەباران دەکـەن و بـەجلی سـەربازیی و نەجمەکانی سەرشانیەوە دەیخەنە نێو ئەو چاڵەوە و بەدوایدا سەد قوربانییەکەی کوردیش تێکەڵ بـە خـوێنی ئـەو مرۆڤە مەزنە دەبن.
ئێستا لەنێوان ئەو گۆڕە بەکۆمەڵـەدا لەگـەڵ ئێسـك و پروسـکی سـەد ئـەنفالکراوی کـورددا ئێسـك و پروسـکی ئـەو ئەفسەرەشی تێدایە.
هەقە کورد بڕیار بدات لەگەڵ مۆنۆمێنتی ئەنفالدا پەیکـەرێك بـۆ نـەمری و جـوامێری ئـەو ئەفسـەرە ئازایـە دروسـت بکەن. کە ئەوەی خۆی دەبێتە گـەورەترین شـایەت بـۆ تاوانـەکانی سـەدام و بەرائـەتی پەپولـەکانی ئـەنفال و هـاو قوربانیانیی ئەوانەی ئامادە نەبوون وەك سەدام بن. دەبێتە نموونەی ئەمەك و وەفاداری کورد بـۆ هـەموو ئەوانـەی ڕۆژێك لە ڕۆژان چاکەیەکیان لەگەڵ کورد کردووە.
دەبێتە پەند بۆ مێژوو. دەبێتە ڕەمزی بەرنگاری و ڕووبەڕووبوونەوە، دەبێتە جوانترین پێناسەی مرۆڤایەتی. ئەنفال بەو دیمەنانەوە جوانە بچیتە مێژووەوە.[1]

---

[1] - عارف قوربانی ، هەڵوێستەکانی ناو ئەنفال ، گۆڤاری گیرفان – ژمارە (١٢)ی زستانی ٢٠٠٩، چاپخانەی ڕەهەند،ل ٢٨

ب– مام حاجی ( سابیر جەبار عەزیز ) خەڵکی گوندی گوڵباخ دەگێڕێتەوە: لەکەرکووەکەوە برمانیانە(دبس) دوو ڕۆژ لەوێ ماینەوە.. بەڵام لەوێ هاتن کەوتنە ناومان لەیەکتری جیامانیان کردەوە.. کارەسات ئەلەوێ بوو، قیژەی ژن و منداڵ ئەگەشتە کەشکەلانی فەلەك، کچ ودایك..خوشك وبرا..باوك..هەموویان لەیەکتری جیاکردەوە..ئێمە تا ئەوێ هەموومان پێکەوە بووین،بەڵام لەوێ کوڕوکچە گەنجەکانیان لەناو ئێمە دەرکرد، من خۆم تەنها لە کوڕوکچ و کوەڕەزا وکچەزا(٢٣) کەسم لەوێ جیاکرانەوە تا ئێستاش هەر بەئومێدم بێنەوە...سەیارەیان هاورد هەمووی(موقەپەت)بوو، خستمانیانە سەیارەوە،بەڵام تەنها بەڕووح زیندووین لەتاوجەرگمان.. لەتاو ناموسمان، هۆشمان نەمابوو.. ترنجانمانیانە ناو سەیارەوە ووتیان بۆ(نوگرەسەلمان)...

ڕۆشتین(١٤) سەعات بەڕێگاوە بووین بەبێ وەستان..دامانیان گرت ناوچەیەکی چۆڵ و هۆڵ تەنها دەشتایی و ئاسمان دیاربوو..بیابانێك بوو سامت لێی دەکرد، کۆمەڵێ خانوو بەدەم یەکەوە دروستکرابوون هەمووی بەرز بەرز ئێمە خانووی وامان نەدی بوو، گشتی قاعە قاعە بوو... کردماننیانە قاعەکانەوە لەژێرەوەش گشتی زەوی بوو..چەندێ چوو بووە ئاسماندا ئەوەندەش چووە بووە ژێر زەوی داو هەموو غورفە غورفە بوو..

ئەو کاتە ئەنفالیان کردین مانگی ڕەمەزان بوو.. ئەو خەڵکە زۆربەی بەڕۆژووبوو.. ماوەیەك باش بوون لەگەڵمان دا ئەیانهێشگ ڕۆژوو بگرین و نوێژیش بکەین..ئەیانهێشت بچێن دەست نوێژ هەڵگرین..،

بەڵام ئەوە هەرچەند ڕۆژێ بوو.. زۆری نەبرد هەموو خواردنێکیان لێمان بڕی . ئەو قاپ و قاچاخەی دابوویان پێمان هاتن لێمانیان سەندەوە.. ئاوەکەیان لێمان بڕی. ئیتر کردیانە بەرنامە ناوونوسیان کردین قاعەقاعە و یەکێکیان لەخۆمان ئەکردە چاودێر وڕۆژی یەك سەمونێ ڕەقیان ئەدا پێمان نازانم بەچی ئەم سەمونە وا ڕق کرابووەوە.. ئەتوت بەردە دان نەیئەبڕی لە ئاوادا ناخوسا.. ناچار بەبەرد ئەکەوتینە کوتینی ورد وردمان ئەکرد و وەك ئارد ئەمان خوارد... وردە وردە برسێتی تەنگی پێمان هەڵچنی.. ئاوێکیشیان ئەدا پێمان نازانم تاڵ و سوێر بوو ناو زگی ئەو خەڵکە هەمووی هاوردە خوارەوە. ئیتر برسێتی وتوێنێتی خەڵکەکەی ڕەزیل کرد(گاورمان پێ موسڵمان ئەبوو)..خەڵکەکە لێی کەوتە مردن شەو وڕۆژی واهەبوو(١٠٠)کەس ئەمرد.

نزیکەی (٧)مانگ بەو حاڵەوە ژیان..وشك بووینەوە تەنها ئێسك و پێستەکەمان مابوو.. هەموومان ڕەنگی مردومان لێ نیشتبوو..مردن بەدەست خۆامن نەبوو خۆزگەمان بۆ دەخواست.. ئەو ڕەزالەتەی ئەوی کەس وکارو گەنجەکانیشی لەبیرمان بردبۆوە.. بیری وڵات و وەتەنمان نەمابوو.. خوا خوامان بوو زووتر بمرین.. مردن ڕزگاربوون بوو لەدەست ئەو حاڵە.. ڕۆژێ هاتن و وتیان ناو ئەنوسین..یەکێ ئەیووت بەرمان ئەدەن.. یەکێ ئەیووت ئەمان گوازنەوە.. زابتەکان ئەمانیان ترسان ئەیانووت ئەتان خەنە(شەتەوە) سەرباری ئەو بێزاری یەو ئەو حاڵەتەش لەناو نووسینەکە ئەترساین..خۆمان لەناونووسین ئەدزییەوە...

یەك وەجبەیان برد و ئیتر هاڵ وهەواڵمان نەدەزانی.. بەڵام ئەهاتن بەناوماندا ئەگەڕان ئەوەی زۆر ڕەزیل بوایا.. پەکی بکەوتایا ناوی ئەوانەیان ئەنووسی.. منیش تەواو پەکم کەوتبوو ناومیان نووسی وخستمانیانە سەیارەی (سەرداپۆشریاو) ئیتر نەمان ئەزانی بۆ کوێمان ئەبەن، لەمەعەسکەرێك دامانانین گرت ..وتیان ئێرە(سەماوە)یە

سەروریشـــمانیان تاشــی و بردمانیانــە(حــەمام) و هەرچــی ناشــی لــەخواردن دایــان پێمــان ٣ ڕۆژ لــەوێ دا هێشتیانینەوە، بەڵام ئەوەی ئەقڵ نایگرێ لـەخواردن بۆمانیـان هـاورد..دکتۆریـان هـاوردە دیارمـان و ئـەو ٣ ڕۆژە خزمەتێکی زۆرچاکمانیان کرد.. ئێمە لەوێ ژیابووین زۆر لەوشتانەمان هـەر نـەدی بـوو.. نـەمان ئـەزانی ئەمـە چـی یە.. خەوە،خەیاڵە..خەوە خەیاڵە..حکومەتێکی ترە.. بەم شەو و ڕۆژە دونیا بۆ وا گۆڕاوە. نەمان ئەزانی چـی یـە زابتێـك لــە تەنیشــت ئێمــەووە وەســتابوو.وتــت بــەرتان ئــەدەن.. دوو وەجبــەی پــێش ئــەوەیان بــەرداوە کەبردویانیاتەوە خـەڵك لەشێوەیان ترسـاوە..چـەند ڕۆژێـك لێـرە خزمـەتیان ئەکـەین تـا هۆشـێك دێننـەوە و دوای بەرتان ئەدەین.

زۆر دڵمـان بەقسـەکانی خـۆش بـوو..کـورد ئەوەنـدە دڵـی سـافە بـەو دوو سـێ ڕۆژە خزمەتـە وبـەدوو قسـەیە هەمووشتێکمان لەبیرچووەوە ودوعای خێرمان بۆ ئەمانەی ئێرە ئەکرد..ئیتر خواخوامـان بـوو زوو بـەڕێمان کـەن.. نەك ئەمە حکومەتە پەشیمان ببێتەوە وبـەرمان نـەدا..ئێمـە لەنوگرەسـەلمان هـیچ ئومێـدێکمان نـەمابوو کەبـەربین حـەزمان ئـەکرد زووبمـرین.. بـەڵام لێـرە تـینێ کەوتـەوە بـەرمان و ئومێـدمان لا دورسـت بـووەوە..ڕۆژی دوای خستمانیانە سەیارەوە..هاوردمانیانەوە بۆ(دبس)) بـۆ ئـەو مەعسـکەرەی (کوڕوکاڵـەکانیان) لێمـان جیـاکردەوە.. لەوێ یەکەیەکە کوڕوکچەکانمان ئەهاتنەوە پێش چاومان چۆن جوندی پەلی دەکێشـان و دەیانیـان بـرد.. ڕۆژێکـی تر لەوێ ماینەوە.. بەڵام چونکە لەو شوێنە جەرگ و ناموسەکانمانیان برد.. قاژە کەوتـە جەرگمانـەوە، بـۆ بـەیانی سەیارەیان هاوردوبردمانیانە سلێمانی و لەوێ گەڕانمانیانـەوە بـۆ چەمچـەماڵ..ئێسـتا لێـرە لـە ئوردوگـای شـۆڕش دەژیم و بەڵام هەمیشە چاوم لەقاپی خوایە وچاوەڕێم ئازیزەکانامن بێنەوە.[1]

ت – جلال نوی عبدلقادر(جلال شێخ نوری) لە ژێر ناونیشانی ( شـێخ حسـێنی هـەزار کـانی پیاوێـك پـڕ لـەئیرادە دەبێت مێژوو شانازی پێوەبکات) دەیگێڕێتەوە و دەڵێت:

شێخ حسێنی شێخ کاکە حمە شێخ فەرج شێخ حسن ناسراوە بە شێخ حسـینی هـەزار کـانی تەمـەن ١٩٧٥ نـاوبراو کەسـایەتی دیـار و ناوچـەی گـەرمیان بـووە و، لەبنەماڵەیـەکی خواپەرسـت و خـاوەن تەکیـە و دێوەخـان بـووە کەسێکی دڵ و دەروون پاك و خۆشەویستی لای خـەڵك و خزمـەکانی بـووە دوای مردنـی ابـوکی دەبێـتر جێنشـینی باوکی و هەمان ڕێچکەی بـاوکی دەگـرێ لەخواپەرەسـتی و چـاکە و پیـاوەتی و درێـژەدان بەتەریقەتەکـەی، شـێخ حسێن لەسـەر هـێمنی ە گـۆێگرتن لەخـەڵك و خزمـەکانی و زوو بەدەمـەوەهاتنی هـەموو لایـەك و چارەسـەرکردنی کێشـەکۆمەڵایەتیەکان لەلایـەك و لەلایـەکی تـرەوە وەك خـاوەن تەکیـە و خواپەرەسـتی ، بۆیـە بەکاکـە حسـین ناوبراوە خەڵکی ڕێزی زۆری لێ دەگرت، شێخ حسێن کەسێکی نیشتمان پەروەر و دڵسـۆز بـەخاك و نیشـتمانەکەی بوو هەر بۆیە دەرگای ماڵ و دێوەخانەکەی بۆ هێزی پێشـمەرگە کرابـووە و خزمـەتی زۆری بەپێشـمەرگە دەکـرد ، بڕوای تەواوی بەشۆڕش و خەباتی گەلی کورد بوو پێی وابوو هێزی پێشمەرگە و بزووتنـەوەی ڕزگـاری گـەلی کـورد

[1] - ئا/ عارف قوربانی ، ئەوانەی لەسەفەری مەرگ گەڕانەوە، گۆڤاری ئەنفال – ژمارە (١)ی سالی ٢٠٠٠ ، چاپخانەی تیشك ، لا ١٣٢

ئەتوانن گەلەکەی لەدەستی زوڵم و زۆرداری بەعس ڕزگار بکات. کاکە حسێن وێڕای کارە ئاینیەکانی وەك زکر و خواپەرەستی و.. هتد لەهەمان کاتیشدا سەرقاڵ بوو بەکاری جوتیاری و ئاژەڵداری بۆبژێوی ژیان.

خانەوادەی شێخ حسین بریتی بوون لە(٥) براو (٤) خوشك، براکانی بەناوی عەتا لەتەمەنی ١٠ ساڵیدا و صدیق لەتەمنی ٧ ساڵیدا مردوون، شێخ صالح لەساڵی (١٩٦٦) شێخ حسین لەساڵی (١٩٧٣) کۆچیان کردووە خۆشکەکانی دادە زەینەب و ئایش و مەلەك و حبسە کە لەلاویەتیدا مردووە دوای پرۆسەی بەدناوی ئەنفال دادە ئایش کۆچی دوای دەکات و دادە زینب یش دوای گەڕانەوەی لەنوگرە سەلمان بۆ ماوەیەك دەژی و پاشان ئەویش کۆچی دوای دەکات و تا دوا هەناسە لەچاوەڕوانی کاکە حسین و منداڵەکانی بوو وە ئێستا تەنها دادە مەلەك لەژیاندا ماوە، شێخ حسین نەك بێ بەش نەبوو لەشاڵاوی ئەنفال بەڵکو پشکی هەر گەورە و شێری بەرکەوت ئەوە بوو لەکاتی راپێچ کردنی گوندنشینانی گەرمیان لەپرۆسەی بەدناوی ئەنفالی (١٩٨٨) سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەی بران بۆ سەربازەگەیەکی ڕژێمی بەعس لەگوندی قۆرەتوو کە ڕژێمی بەعسی درندە دوای خاپوورکردنی گوندەکانی کوردستان و بەسوتماککردنیان سەرجەم دانیشتوانی گوندەکان بەپیر وگەنج و لاو منال لەسەربازگە بێ بەزەییەکانی بەعس ئابلوقە درابوون، و هەموان مەرگ چاوەڕێیانی دەکرد لەوکاتەدا دۆست و خزم و موریدەکانی چاکە و ناوبانگی شێخ حسینی هەزارکانیان گەیاندە بەرزترین دەسەڵاتی بەعس ئەوە بوو فەرمان درایە فەیلەقی (١) بۆ ئازاد کردنی شێخ حسین و منالەکانی، شێخ حسێن کەوتە بەر دوو هەڵبژاردە، ئازادکردنی و چوونەوە بۆماڵ و درێژەدان بە ژیان بەڵام بێ ئەوە قەوم و کەسانەی کە لەگەڵی گیرا بوون یاخود بەرو چارەنوسێکی نادیار لەگەڵ ئەو قەوم و کەسانەی کە لەگەڵی بوون، هەر بۆیە شێخ حسین دەڵێت: من نامەوێ خۆم و خێزانەکەم ئازاد بم ئەگەر ئەم خەڵکە بێ تاوانە لەگەڵم ئازاد نەکرێن سەرەنجام شێخ ڕازی نابێ بە ئازادکردنی بۆیە خۆی و (١٣) کەس لە ئەندامانی خێزانەکەی لەبیابانی عێراقی پر لەغەدر وتاوان بەشێوەیەکی وەحشی گەرانە زیندە بەچاڵ دەکرێن ، هەموو خزم و دۆستانی کاکە حسین تا ڕووخانی ڕژێمی بەعسی و سدام لەچاوەڕوانی گەڕانەوەی کاکە حسین بوون، بەڵام لەدوای ساڵی ٢٠٠٤ و ڕووخانی پەیکەری صدام ئەو هیوایەیش نەماو و ئێستاش لەچاوەڕوانی دۆزینەوە و گەڕانەوەی ئێسك و پروسکی کاکە حسین و هەزاران ئەنفالکراوی دیکەین بۆیە سەری ڕێز ونەوازش بۆ گشت شەهیدانی ئەنفالکراوەکان و خاوەن هەڵوێست جوامێرانەی وەك کاکە حسین دادەنوێنین، لە خوارەوە ناوی خانەوادەی شێخ حسین کەسەر جەمیان ئەنفالکراون:

شێخ حسین شێخ کاکە حەمەی شێخ فەرج ، دوو خێزانی هەبوە بەناوەکانی ( توبا عبدالقادر ، سەلیمە محمد لەتیف ) منداڵەکانیشی بەناوەکانی ( هاشم ، کەژاڵ ، سەلیمە ، عەلی ، ئەحمەد ، نیگار ، خەلات ، شێماو ، سیما ، سۆما ، هەلات ) براکەیشی بەناوی ( محمد حسن ). [1]

[1] - جەلال نوری عەدالقادر ، شێخ حسێنی هەزارکانی پیاوێك پر لە ئیرادە ، گۆڤاری ناسنامە، ژمارە (٥)ی ٢٠١٣ ، ل ٣٢

پ- له ژماره ( ٥ ) گۆڤاری ( ناسنامه ) دا تاقانەی دەربازبوی دوای ئەنفال باسی چۆنێتی دەربازبونی دەکات له شالاَوی ئەنفال و دەیگێڕێتەوە...

ناوم( صباح نجم الدين محمدعەلی)ە لەساڵی (١٨٧٥) لەدایك بووم لەگوندی (کونه کۆتر) کەسەر بەناحیەی ڕزگار وقەزای کەلار)ە هەروەها ئەو ڕۆژەی کە ئێمە گوندەکەمان بەجێهێشت(٩-٤-١٩٨٨ بوو ڕۆژێکی زۆر ناخۆش بوو، بەڵام دەسەڵاتمان نەبوو، ئەو کاتە تەمەنم(١٣) ساڵان بوو ، ماڵەوەمان ڕۆیشتن و ئێمەش چەند کەسێك بووین کە ئاژەڵەکانمان پێ بوو، ئەوانیش مامم و خاڵۆزیەکم و دوو ئامۆزام بوون، ئەو کاتە ئێمە لەقەڵاقۆچاڵییەوە بەناو ئەو دێهاتانەدا هاتین تاگەیشتینە دێ بنه و هاتینە ناو کەلارەوە.

کاتێك هاتین کەلارەوە سەیردەکەم هەموو ماڵەوەمان ئەنفالکراون کە (٧) کەس بوون، هەروەها ئەو ڕۆژە کاریگەریەکی وای کردە سەرم بۆ هەتاهەتایە لەبیرم ناچێتەوە بەدەست ئێش و ئازارەوە دەناڵێنم ئیتر بێ کەس مامەوە و بەڕۆژ لەچێشتخانە کارم دەکردوو شەویش لەگازینۆیەك دەخەوتم هەر بۆ خۆم دەگریام، چونکە جێگایەك نەبوو بخەوم تیایدا، لەڕاستیدا ڕۆژانێکی زۆر ناخۆش بوو، بەڵام کاتێك پیرەکان هاتنەوە داپیرەمی تێدابوو ئیتر پێکەوە ژیاین بۆ من بوو بە قەڵایەك.[1]

ج - له گۆڤاری ( هەشتاو هەشت ) دا محمد حەمید سەعید ، کە پیاوێکی بەساڵا چووی کەسوکار ئەنفالکراوەو خاوەنی (٧) کەسی ئەنفالە ، لە وەڵامی (لەخێزانەکەتان چەند کەس ئەنفالکاروەو ئەوەی تۆ بەچاوی خۆت بینیت چۆن بوو؟) ئەویش وا دەی گێڕێتەوە.

" هەموومان هاتینە مله سوورە، زیل عەسکەری هات منالەکانی برد، خۆم سەد سەر مەڕم بوو وە مەڕەکانەوە دام بەو بەردا منالە کان لەناو زیل و عەسکەردا ڕۆین ئیتر هەواڵیانم نەزانی، خۆمیان بەمەڕەکانەوە گرت و برمیانە قۆرەتوو لەوێ سێ ڕۆژمامەوە دوای زابتەکە هات مەڕەکانی لێ سەندم ووتی پارەت دەدەمێ ، بەڵام دوای ئەوەی مەڕەکانی ژمارد و کاغەزێکی هاورد خۆی ئیمزای نەکرد...

دوای سێ ڕۆژ کەقافڵەیەکی زۆربووین بارمانیان کرد ئیت من لەحەیبەت منالەکاندا چاوم کوێر بوو،ئیسە وئەوسایش نەیانم دی، دواتر بردمانیان تۆپ زاوا سێ ڕۆژ لەوێ ماینەوە لەوێ(ژن-پیاو) بەگەورە وبچوکەوە لەوێ بووین، ژیانامن زۆرخراپ بوو هەموومان لەقاعەیەکی گەورەدا بووین، دەردەکراین بەلێدان و بەشەق ئەوەی کەمێك ریشی چەرموو بوایە ڕێزیان لێدەگرت.

لەوێ کوڕێکی بچوکم کەهەشت ساڵان بوو لەگەڵ بووکەکەم و کچەکەمدا هاتن بۆلام منیش دەمم برد ماچی منالەکەم بکەم لەولاوە جندیەك هات بۆقێکی پێوەنام ڕمیام لەسەردەم ئیتر هەر ئەوە جارە وئیتر نەمدا..

بەیانیەك کەوتنەناومان پیرپیاوە وژن و منالیان جیاکردەوە ، ئیت نازانم ئەو هەموو کچەجوان و منالانەیان چی لێکرد ، بەڵام ئێمەیان برد بۆ نوگره سەلمان لەوێ جەزیرەیەکی چۆڵ بەس ئاسمان شینی دەکردەوە وەزۆرگەرم

[1] - فەتاح تەنیا ، تاقانەکانی دوای ئەنفال ، گۆڤاری ناسنامە، ژمارە (٥)ی ٢٠١٣ ، لا ٥٣

، لەوێ جل وبەرگی دنیا فڕەدرابوو هیچی خاوەنی دیارنەبوو، لەوێ سێ ڕۆژ سەمونێك وشكی باریكیان دەداینێ ڕۆژی (٢٥) كەسمان لێ دەمرد ، ئەم نیوەڕۆ بۆ ئەو نیوەڕۆ ئاویان دەدینێ چۆن یاژەڵ كەتنی بوو بەری بدەی ڕادەكا بۆسەر گۆل ئێمەش ئاوابووین ئینجا (حەجاج) بەكێبڵ دەیەد لێمان ، ئەك ووتم (٢٥)كەسمان لێ دەمرد لەوێ دەچووین دەمانكردە شێرخولێكی خۆێیاویەوە من لەوێ خوشكێك و دووسێ ئامۆزام مردن كەدەمانكرد نە ژێر خۆڵەوە لایەك لەشانیان بەدەرەوە بوو دوای سەگە كە ئەچوو گۆشتەكەیانی ئەخوارد.." [1]

ح – محمەد كوردۆ لە خوێندنەوەو باسكردنی كتێبی (شایەتحاڵەكانی ئەنفال) كە لە گۆڤاری ئەنفال دا بلاۆ بوەتەوە ئەم دیمەنەی وەك بەشێك لە تراژیدیاكانی دوای ئەنفال لە كتێبەكە هەڵبژاردوە.

"كچەكەم نەخۆشە كەوت و جارنەجارێ پەركەم ئەیگرت.. تەمەنی (٦) ساڵان بوو ئیتر دوای مردنی (دیار) هەرچی سۆزم هەبوو دابوومە شارۆی كچم..كچێكی زۆر ڕۆح سووك و قسە خۆش بوو.. ئەیزانی چۆن خۆی خۆشەویست دەكات.. لەو سجنەش دا ئەوەندەی تر خۆی لام ئازیز تر كردبوو ئێستاش كزەی وا لە جەرگم دایە.
كە ئەو نەخۆش كەوتبوو،، ئەنووزایەوە بۆ (خەیار) ئێ ئێمە نان و ئاوەكە بوو بەهەزار ڕەزالەت ئەیان دا پێمان، خەیار لەكوێ بێنم..!

جوتێ نەعلی سەوزی مناڵانە لەوێ بوو.، ڕۆژێك پەلاماری تاكێكی دا وایزانی (خەیارە) نایەدەمی.. قەت ئەو دیمەنەم لەیاد ناچێتەوە.. كە ئەوەم بینی قاژە لەجەرگم هەستا.. وەرە جەرگەكەت بەو شێوەیە ببینی و ئاگرت تێ بەرنەبێ.. كردمە هات وهاوار هەرشێگ بووم لەتاوا.. عەسكەرەكان هاتن هەر بۆ ئەوەی زیاتر عەزابم بدەن كردیانە پەلی كچەكەمدا تابیبەن. خۆم دا بەسەریدا و نووساندبوومە سینگی خۆمەوە.. ئیتر ئەو زاڵمانە كچەكەمیان بەزیندوێتی لەسەرە مەرگدا پەلكێش كردو بردیان.. نەمزانی چییان لێ كرد.

ئەوە دیمەنە ئەوەندە كاری لێكردم ئەوە وا (١٤)ساڵە تا ئێستا نەخۆم و نەهیچ كەسێكی تر لەم ماڵە(خەیاری) نەخواردووە.[2]

خ – ئەڵوەن عەبدول غەفور باسی ژیانی ( فەیروزە ئیسماعیل) دەكات و بەم شێوەیە دەست بە گێڕانەوەكەی دەكات.

(فەیرۆزە ئیسماعیل جەلال) تەمەنی (٣٧) ساڵە نیشتەجێیكراوی ئۆردگای ڕزگاری ،هاوسەرەكەی ناوی(داخل حەسەن) تەمەن ٣٤ ساڵ بووە ئەنفالكراوە، ئەم ژنە بەر لەكاڵ بوونەوەی خەنەی بووكێنی هاوسەرەكەی ئەنفالكراوە تەنها چوار مانگ پێكەوە ژیاون، بەدووایەك زگی پڕ دەبێت كاتێك مێردەكەی ئەنفال دەكرێت بە چاو بەستراوەیی لە گەرمەكەوەبەتەیارە دەیهێننە مەعەسكەری دوزخورماتوو (پانزە ڕۆژ لەجەوڵ گەرمەك بووین) پاشان بە بەر چاویەوە مێردەكەی لەگەڵ پەنجا كەسدا دەبرێن پاشان ئەم لەدوای چەند مانگێك دوو كۆرپەی

[1] - سەباح عەلی جاف ، گەرمیانیەكان ئاوا مەرگەساتی ( ئەنفال ) یان بۆ گێڕاینەوە، گۆڤاری هەشتاوهەشت، ژمارە (٤)ی ٢٠٠٥،چاپخانەی دیلان، لا ١٨٩
[2] - محمد كوردۆ، خوێندنەوەیەك بۆ كتێبی شایەت حاڵەكانی ئەنفال، گۆڤاری ئەنفال، ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٢، چاپخانەی تیشك ، لا ١٣٨

کوڕوکچی دەبێت بە ناوی(ئاوات ونەجات) بەتەمای ئـەوەی ئـاواتی بێتـە دی و مێردەکـەی نـەجاتی بـبیٚ، ئـەم ژنـە لەگەڵ داداوبابی دوو منداڵەکەیدایە وخزمـەتی ئـەوانیش دەکـات کـە هـەردووکیان بەساڵاچـوون و پەککەوتـەن. ئـەم بووکی پایزە هەشت براو باوکی ئەنفالکراون دایکیشی لەزینداندا گیان لەدەست دەدات.[1]

د- لە ژمارە (٢)ی گۆڤاری ئەنفال دا ( ئەیاد کەمال ) گێڕانەوەیەکی بڵاوکردۆتەوە لە ژێر نـاوی( تـاوانی ئـەنفال و پاشماوەی ئەنفال لە نێوان ژیان و سۆراغێك بۆ ئایندە) کە لە بابەتەکەیدا وتـەی دەربازبویـەکی ڕۆژە شـومەکانی ئەنفال و زیندانی نوگرە سەلمان دەکات، مام حەمە عەلی دەڵیٚ: ئێمە لە گوندە کەی خۆمان بووین، ئاگـاداری هـیچ نەبوین کاتێك کە دەمەو بـەیانی چـواردەوری گوندەکـەمان گـیرا... هـەمومان بـە جنێـو قسـەی ناشـرین و لێـدان ، سواری زیلی عەسکەریان کردین و مەڕو ماڵات و ماڵەکانیان بۆخۆیان بـارکرد، شـەوێك لـە ( قـادر کـەرەم) ئێمـەیان هێشتەوە بەڵام تەنها نەبوین، بـەڵکو خـەڵکی گونـدەکانی هاوسـنوری خۆمانیـان هێنـا، بـەیانی زوو کاتـژمێر (٥)ی بەیانی بوو، براینە چەمچەماڵ و شەوەکەی بەرەو کەرکوکیان بردین، لەو کاتەدا هاوارو قیژەی ئافرەتـان و گریـانی منداڵەکانی ناو سەیارەکەم قەد لەیاد ناچێت چونکە نەمان دەزانی چارەنوسمان بەرەو کـویٚ دەچـێت ، جارجـاریش جاشـەکان بـە ئیسـتیفزاز دەیـان ووت( بخـۆن دەرتـان بـیٚ ، کوردایـەتی دەکـەن ) دواتـر لەکەرکوکـەوە بـەرەو نوگرەسەلمانیان بردین و لە قاعەی ژمارە (٧) دامانیان نا .. ڕۆژانە یەك سەمون و جامێك ئاویان دەدایـنیٚ و هیچـی تـر، دوای نزیکـەی بیسـت شـەو هـاتن گەنجـەکان و ئافرەتـەکانیان لێـك جیاکردینـەوە، پـاش چـەند ڕۆژێـك بـە ( مونشەئە)براینەوە کەرکوك ، لەویٚ لەسەر وەرەقەیەك ئیمزایان پێکردین و هاتینەوە ئۆردوگای قـادر کەرەمیـەکان، لەوکاتەوە تاوەکو ئیمڕۆ کەسم بەچاو نەبینیەوەو نازانم چارەنوسی کەسوکارو منداڵەکام چیان بەسـەر هـاتوە، لـەو کاتەشـەوە هـەموو ڕۆژێـك لـە پـاڵ سـێبەی دیوارەکـان دادەنیشـم و چـاوم لـە ڕێگایـە، بـەڵکو ڕۆژێـك پێیـان شادبیمەوە"[2]

## ٣-٢-١٢: ڕۆمان :

یەکێکە لە گرنگترین فۆرمەکانی چیرۆکی هونەری بەشێوەیەکی گشتی هونـەری گێڕانـەوەی زیرەکانەیـە نـەوەکو شـیعر پـڕەو نـە یـەکێتی بابـەت و جەختکردنـەوەش لەسـەری وەکـو هـی شـانۆگەری وایـە، لـە ڕوی نـاوەڕۆك و پێکهاتەوە ( ڕۆمان ڕوداوی زۆرو جۆراو جـۆر لـەخۆ دەگرێـت، لـە نێوانیانـدا پەیوەندیـەکی ڕون یـان نادیـار هەیـە، کەسێتیەکی سەرەکی و چەندین کەسێتی لاوەکی هەیە، یانیش دەشێت چەندین پاڵەوانی هەبێت ، یانیش دەشـێت وێنەی شەقامێکمان بە هەموو کەسایەتی و ڕوداوو سەرەنجامەکانی بۆ بکێشێت.

[1] - ئەلۆەن عەبدول غەفور ، خۆزگە نانێکم بخواردایە، عەسر وەبانی ڕێی نەکردایە، گۆڤاری ئەنفال ، ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٢، چاپخانەی تیشك ، لا ٨٠

[2] - ئەیاد کەمال، تاوانی ئەنفال و پاشماوەی ئەنفال لە نێوان ژیان و...، گۆڤاری ئەنفال –ژمارە (٢) ی ٢٠٠١، چاپخانەی تیشك، ل ٦

لە ڕوی مێژویشەوە ڕۆژگاری سەرهەڵدانی ڕۆمان بۆ سەردەمی سەرهەڵدانی ڕۆمانسیەت دەگەڕێتەوە، دوای شۆڕشی فەرەنسی و کودەتاکردن بەسەر ڕژێمی پاشایەتی ئەوروپی ، ئیتر ڕۆمان بوە ژانرێکی هونەری نوێی چیرۆکی درێژو بوە جێگرەوەی داستان. [1]

ڕۆمان لە ڕوی پێکهاتنەوە دابەش دەبێت بۆ سەر ئەم جۆرانە:

١- ڕۆمانی ڕوداوەکان : ئەم جۆرە لەسەر ڕوداو دامەزراوە، لەسەرەتاوە تاکۆتایی بە ڕوداوگەلێکی زنجیرەی واقیعیدا دەڕوات.

٢- ڕۆمانی کەسێتی : باس لە کەسێتی پاڵەوان دەکات و لەو ئەنجامە دەدوێت کە تیایدا چارەنوسی پاڵەوان ڕون دەکاتەوە.

٣- ڕۆمانی نامەیی : ڕۆمانێکە بەنامە لە نێوان دوو کەس دا دێتە کایەوەو ڕوداوەکان لەسەر ئەم بنەمایە بنیات دەنرێت.

٤- ڕۆمانی ئایدیایی: ئەو ڕۆمانەیە کە لەسەر بنەمایی ئایدۆلۆژیەکی دیاریکراو بنیات دەنرێت.

٥- ڕۆمانی پۆلیسیی: تاوان و توندوتیژی بنەمای سەرەکی ئەم جۆرە ڕۆمانە پێك دێنن.[2]

سەبارەت بە ڕۆمانی کوردی و بەتایبەت ئەو ڕۆمانانەی کە لە سەر ئەنفال نوسراون ، لەو ڕوانگەوە بوە کە ئەنفال ڕوداوێکی واقیعییە بەسەر میللەتی کورددا هاتوە لە کۆتای سەدەی بیستەمداو بە حوکمی ئەوەی ڕۆمانی کوردی هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە لە دوای جەنگی یەکەمەوە مۆرکی ڕیالیزمی پێوە دیاربوو، بۆیە ئەو ڕۆمانانەی دەربارەی کێشەی ئەنفال نوسراون بە ڕۆمانی ڕیالیزمی ڕامیاری دادەنرێن. ڕیالیزمی ڕامیاریش ( ئەو جۆرە ڕیالیزمەیە بایەخ بە ڕوداوێکی ڕامیاری دەدات ) ڕۆمانیش لەبەر ئەوەی گەورەترین هونەری ئەدەبە لە ڕوی قوڵی و بەرفراوانیەوە، توانیویەتی ببێت بە کەرەستەیەکی هونەری بۆ هۆشیار کردنەوە، کەوا لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت بارودۆخی میللەت پیشان بدرێت و تەنگ و چەڵەمە گشتیەکانی لە ڕێگەی تاکەکەسی ڕۆمانەوە بەرجەستە بکرێت.[3]

نوسەرانی کوردیش درێغیان نەکردوە لە نوسینی ڕۆمانی هونەری بەرز لەسەر پرۆسەی ئەنفال و کۆمەڵکوژی کورد ، ئەگەرچی لە کاتی ئەنجام دای شاڵاوی ئەنفالکردنەکەدا زەمینەی باش دروست نەبوو بۆ نوسەرانی کورد هەتا چیرۆکی درێژو ڕۆمان بنوسن، بەتایبەن نوسەرانی ناوەوەی کوردستان، چونکە زەمان و زەمەن ڕێگەی بەبیرکردنەوە نەدەدا و ئابلۆقەی هەمەجۆر خرابووە سەر تەواوی جومگەکانی کوردەوە لە کوردستانی عێراق ، بەڵام دوای ڕاپەڕین و ئازادکردنی بەشێکی ناوچەکانی کوردستان ، فەزاری بیرکردنەوە بۆ نوسەرانی ورد دروست

---

[1] - - ئیدریس عەبدوڵا مستەفا ، لەبارەی ڕۆژنامەگەری کوردیەوە ، چاپی یەکەم ٢٠٠٨ ، چاپخانەی خانی –دهۆك ، لا ٦٠

[2] - هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین، چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنوسیەکان و ڕەنگدانەوەیان لە "ژین و ژیان"دا١٩٣٢–١٩٥٠ ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی ٢٠٠٧، ی ٨٤

[3] – د. ئەحمەد شەریف عەلی ، ئەنفال لە ڕۆمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا ٢٠١٠ ل ١١٤

بوو، ئەوەبو لێرەو لەوێ چەند دەقێکی ئەدەبی و پارچە پەخشان و شیعرێك دەنوسراو لە رۆژنامەوگۆڤارەکاندا بلاو دەکرایەوە، لەبەر ئەوە رۆژنامەو گۆڤارەکان ژمارەی لاپەرەکانیان دیاری کراوە رەنگە هەر لەبەر ئەوەش بوبێت نەتوانرا ببێتە سەکۆیەك بۆ بلاوکردنەوەی رۆمان ، دواتر بەتایبەت لە ساڵی ١٩٩٧ دا رۆمانی ( ئەنفال )ی محمد رەشید فەتاح دێتە بەرهەم، دوابەدوای ئەوانیش هێدی هێدی رێرەوی نوسینی رۆمانیش پەرەدەسێنێ و چەند رۆمانێکی تریش لە دایك دەبن وەکو( بەهاری رەش) ی ئەحمەد محمد ئیسماعیل ،و (یادەوەریەکانی کچە کوردێکی ئەنفالکراو )ی سەدرەدین محێدین ، و(گۆرستانی لم ) ی حەسەن جاف و ...هتد.

ئەو رۆمانانەی کە بەزۆری لەسەر ئەنفال نوسراون بایەخێکی تایبەتیان بە پاڵەوان و کارەکتەرەکانی داوە ،کارەکتەرەکانیش بێ تواناو بێ دەسەلاتن و هەمیشە ئەشکەنجەو زیندانەکان شوێنیان بوە. بەزۆریش ئەو رۆمانانەی کە لەسەر ئەنفال نوسراون شاکەس رۆڵی دراوەتێ بۆ پیشاندانی دیمەنەکانی تر، ئیتر دیمەنەکان واعیقی بن یان خەیاڵی ، بۆنمونە: وەکو ( تەیمور ) کە پاڵەوانی رۆمانی ( گۆرستانی لم )ی حەسەن جافە ، یان کارەکتەری سەرەکی ( نەسرین کاوێز )ە لە رۆمانی ( یادەوەریەکانی کچەکوردێکی ئەنفالکراو)ی سەدرەدین محێدین.

لە روی ناوەرۆکیشە تەکنیك و هونەرێکی بەرزی تیا پیشان دراوەو بەشێك لە زوڵم و زۆری رژێمی بەعس و هاوبیرەکانیان و ستەم و بێدەرەتانی کورد دیسان بە فۆرمێکی تر دەخاتەوە بەرچاو. لەبەر ئەوەی تاوانی ئەنفال لە روی کات و شوێنەوە رون و بەرچاوە ، بۆیە رۆمانەکانی تایبەت بە ئەنفالیش زیاتر زەمەن و شانۆیەکیان هەیە تیایدا دەسورێنەوەو لە رێی تەکنیك و گێرانەوەی هونەری بەرزەوە روداوەکان دەخەنەوە بەرچاو.

سەبارەت بە بلاو بونەوەی رۆمان یان زنجیرەبەشی رۆمانێکی کامڵ لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی گەرمیاندا وەك ئەو نمونانەی لەبەردەستتان ، هیچم بەرچاو نەکەوت ، ئەمەش نەنگی نیە یان کەموکوری نیە لە پرۆسەی رۆژنامەگەری ناوچەی گەرمیاندا ، بەڵکو لە بنەرەتتدا رۆژنامەوگۆڤار کەمتر جێگەی بلاوبونەوەی بابەتی درێژە، لەبەر ئەوە ژمارەی لاپەرەکانی دیاریکراوە، لە بنەرەتیشدا رۆژنامەو گۆڤار زیارتر چەشنە ئەدەبیەکانی تری وەك شیعرو پەخشان و ژانرە رۆژنامەوانیەکانەو بەتایبەت وتارو هەواڵ و ریپۆرتاژ... هتد، لە روپەرەکانیدا رەنگ دەداتەوە، کە لە گۆڤارەکانی گەرمیانیشدا هەروابووە.

لەنێو نوسەرانی کوردیشدا چەندین رۆمان نوسراوە بۆ ئەنفال ئەگەر کەمیش بێت بەلام ناوەرۆکی بەرزیان هەیە ، بەلام بە بەراورد بە تاوانەکانی هاو شێوە هچ نەکراوەو هێشتا نەك تەنها لە ئاستی ئەدەبدا لە ئاستەکانی تریشدا هەر لەسەرەتادابن ، گەر وەك بەراورد بە ئەنفال و نموونەیەك سەیری هۆلۆکۆست بکەین کە گەورەترین جینۆسایدی سەردەمی مۆدێرنە دەبینین کە هەزاران شیعر، رۆمان، فلیم، دۆکیۆمەنتاری، پیشانگای گەرۆك، مۆزەخانەو لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە. بێگومان بەشێکی ئەمە لەبەر قەبارەی هۆلۆکۆستە کە دەڵێن زیاتر لە ٩٠٪ جوولەکەکانی ئەورووپا لەم پرۆسەیەدا لەوناوبراون بەڵام بەشێکیشی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە بە پێچەوانەی ئێمەوە ئەوان گەلێکی وشیارن، رۆشنبیرو نووسەر و پسپۆرو هونەرمەندو ئەکادیمی زۆریان هەیەو

سەرمایەیەکی باشیشیان بۆ ئەم کارانە تەرخان کردووە چونکە لە گرنگی ئەم کارانە تێدەگەن. بەڵام لەلای نوسەران و ئەدیبانی کورد هێشتا ئیشکردن لەسەر ئەنفال نەبوەتە وەزیفەیان. لێرەو لەوێ هەوڵی تاك هەیەو هەموو تواناکان یەك نەخراوە . نوسەری بەتوانای کورد لە ڕۆمانەکانیدا جیاواز باسی ئەنفالی کردوەو هەوڵی داوە ئەنفال بکات هەوێنی بەشێك لە بەرهەمەکانی.

لێرەدا دەمەوێت ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپیەکان) ی بەختیار عەلی وەك نموونەی ڕۆمانێکی سەرکەوتوو بهێنمەوەو قسە لەسەر هەندێ ڕەهەندی سەرکەوتوویی ئەم کارە بکەم وەك بەرهەمێکی هونەریی. لەم ڕۆمانەدا لە ڕێگەی لەشفرۆشێکی کورد (دالیا سیراجەدین) و دوکتۆرێکی کوردی هونەر دۆست (مووسای بابەك) و دەربازبوویەکی ئەنفال (جەلادەتی کۆتر) و جەنراڵێکی عەرەبی پەشیمانەوە (سامیری بابلی) چیرۆکی ئەنفال دەگێردرێتەوە. بە واتایەکی تر کارەساتی ئەنفال تێکەڵ بە داستانی ژیانی کۆمەڵێك کاراکتەر دەبێت کە هەریەکەیان بە دوای شتێکدا وێڵە. دالیا سیراجەددین بەدوای خۆشەویستەکەیدا دەگەڕێ کە لە زیندانە نهێنیەکانی عێراقدا ئەشکەنجە دەدرێ و بۆ پەیداکردنی زانیاری لەسەر ئەو لەگەڵ جەنراڵەکاندا دەخەوێ، موسای بابەك مەراقی ئەوەیە کە لەو سەردەمی کوشتار و قات و قڕکردنەدا بەرهەمە هونەریە جوانەکان لە لەناوچوون بپارێزێت، جەلادەتی کۆتر کە بە برینداری لەلایەن سامیری بابلیەوە لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان ڕزگارکراوە بەدوای حەقیقەت و عەدالەتدا وێڵەو سامیری بابلیش دەیەوێ خۆی پاك بکاتەوە لە ڕابوردوویەکی پڕ لە تاوان و ڕووبەڕووی قوربانیەکانی بێتەوە. یەکێك لە تەوەرە گرنگەکانی ئەم ڕۆمانە گفتوگۆی کاراکتەرەکانە سەبارەت بە عەدالەت، بەخشین، تۆڵە سەندنەوە، حەقیقەت، جوانی و ئەخلاق. مووسای بابەك پێی وایە کە تەنها شتێك کە لە دنیایەکی پڕ لە ناعەدالەتی و توندوتیژی و ناشرینیدا بتوانین بیکەین بۆ بەدەستهێنانی عەدالەت ئەوەیە هەوڵ بدەین جوانیی بەرهەم بێنین لەڕێگەی بەرهەمێنانی هونەرەوەو هەوڵ بدەین ئەم جوانیانە بپارێزین. جەلادەت گەرچی بۆتە هاوڕێی سامیری بابلی بەڵام پێی وایە ئەو تاوانبارەو دەبێ بە حەقی خۆی بگات گەرچی ناشزانێت چۆن دەتوانێت بەم عەدالەتە بگات، سامیری بابلی پێی وایە پاکبوونەوەی ئەو تەنها کاتێك ڕوودەدات کە دان بە هەموو ڕاستیەکاندا بنێت و ڕووبەڕووی قوربانیەکانی بێتەوە. جەلادەت لەکاتی گەڕان بە دوای قوربانیەکاندا بۆ دادگایی کردنی سامیری بابلی حەلیمی شێواز دەدۆزێتەوە کە پێشتر سامیری بابلی نیوی دەمووچاوی لێکردۆتەوەو تا ئەبەد شێوەی شێواندووە. شێواز جەلادەت بە گەمژەیی تاوانبار دەکات. ئەو پێی وایە کە کوشتنی سامیری بابلی هیچ شتێك لە باسەکان ناگۆڕێت، برینی کەس سارێژ ناکات، مردووەکان ناگێڕێتەوە و نابێتە مایەی ئەوەی ئەو لە خەڵوەتگەکەی بێتە دەرێ و ڕووبەڕووی خەڵك بێتەوە. لە کاتی دادگایی کردنی سامیری بابلیدا ئەو ڕوو دەکاتە قوربانیەکانی ترو پێیان دەڵێت ئەوەی ئەوان ناوی دەنێن عەدالەت تەنها حەزی تۆڵە سەندنەوەیەو هیچی تر. پێیان دەڵێت ئەوانیش خەریکە بە هەمان عەقڵیەتی جەلاد بیردەکەنەوە. ئەو دەیەوێ بە سامیری بابلی بڵێت: (سەیرم کە سامیری بابلی، من تۆ دەبەخشم کەواتە من هێشتاش جوانم، تۆ نەتتوانی جوانیەکانی دەروونی من بکوژی). دواجار بە قوربانیەکانی تر دەڵێت: (شتێ لە جوانی لە ئێمەو لەویشدا ماوە، با نەیکوژین.) لە کۆتایی

دادگاييەکەدا ئەوەی کە ناتوانێ ئارامی بدۆزێتەوە قوربانيەکانی ساميری بابلين. هەنديكيان دەزانن کە تازە هيچ شتێك برينی ئەوان سارێژ ناکات، دەزانن کە ئازاردان و کوشتنی ساميری بابلی وايان لێ ناکات هەست بە ئاسوودەيی و سەلامەتی بکەنەوە. ئەم رۆمانە زۆر بە جوانی باس لەو دووڕيانانە دەکات کە دەربازبووان رووبەڕوی دەبنەوە. تەنانەت ئەو کاتەش کە تاوانبارەکە بۆ خۆی ديتە پێشێ، دان بە هەموو تاوانەکانيا دەنێت و داوای لێبوردن دەکات ئاسان نيە بڕيار لەسەر چارەنووسی بدرێت. هەنديك کەس تۆڵەيان دەوێت بەڵام ئەمەش ئارامييان پێ نابەخشێ.

ئەم رۆمانە جگە لە دروستکردنەوەی ئەنفال (ئەو سەرپۆشانەی بەسەر لمەوە مەلە دەکەن، ئەو خێوانەی هەرگيز هەواری خۆيان نادۆزنەوە، ئەو دەنگە کپانەی دەخنکێنرێن) بەروونی پيشانمان دەدات کە چەمکەکانی وەك عەدالەت و حەقيقەت چەند ئاڵۆزن، کە توندوتيژيی چی لە مرۆڤەکان دەکات، کە لە خاکێکی پڕ لە جەنگ و توندوتيژيی وەك کوردستاندا زۆر جار تاوانبارەکانيش قوربانين. باس لەو هەڵبژاردنە جياوازانە دەکات کە ميللەتەکان لە پاش کۆتايی هاتنی ديکتاتۆری دەبێت رووبەڕووی ببنەوە. کۆمەڵگای کوردی دەبێت بڕيار بدات لەسەر بەخشين، ئاشتبوونەوە و عەدالەت، ئەمانەش هەموو ئاکاميان هەيە بۆ داهاتووی وڵاتەکە. ئەم رۆمانە ئەوەندەی باسی ئەنفال و کۆمەڵێك کاراکتەری کوردی دەکات کە گيرۆدەی سەردەمێکی پڕ لە ترس و توندوتيژين، ئەوەندەش باسی مرۆڤايەتی دەکات بە گشتی. هەريەك لەو چەمکانەی لەم رۆمانەدا قسەيان لەسەر دەکرێت لەوديو سنووری ئەنفال و کوردستانەوە رەواييان هەيە و دەشێ باس لە هەر کۆمەڵگايەکی تر بکەن کە کوشتاری بەم جۆرەی تياکراوە. گرنگی ئەم رۆمانەش لەوەدايە کە هەم ئەنفال و پەيوەندی نێوان کوردو عەرەب بەو زيندووييە بەرجەستە دەکات و هەميش سنوورەکانی ئەم رووداوەو ئەم دوو نەتەوەيە دەبڕێت. ئەم جۆرە بەرهەمە تەنها کاتێك بە دنيا دێت کە نووسەر بۆ خۆی لە ئاڵۆزی کۆمەڵێ چەمکی مەعريفی و کۆمەڵايەتی و ئەخلاقی تێگەيشتبێت. بۆيە نووسەری سەرکەوتوو دەبێ زيرەك بێت و لەرووی فيکريشەوە دەوڵەمەند.([1])

## ٣-٢-١٣: وەرگێڕان:

وەرگێڕان پرۆسەی گۆڕينی بابەتێکە لە زمانی بەکارهاتوی نوسينی بابەتەکەوە بۆ سەر زمانێکی تر ، بەجۆرێك کە بتوانێت تاڕادەيەکی نزيك ناوەڕۆك و واتاو مەبەستی بەرهەمە وەرگێردراوەکە بۆ زمانە بۆوەرگێڕاوەکە ڕەچا بکات. يان دەکرێ بڵێن ( ئەو هونەرەيە کە بەهۆيەوە وشەو واتاو شێوازی نوسەرێك لە زمانێکەوە دەگوازێتەو سەر زمانێکی تر ) بەمە وەرگێڕان دەبێتە خاڵێکی گرنگ بۆ دروست بوونی کاريگەری ڕۆشنبيری نەتەوەکان لەسەر يەکتر، يان پردی بەيەکگەيشتن و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبيری گەلانە لەناو يەکتردا ، ئەمەش رادەی ئەفراندن

[1] – چاوپێکەوتن بۆ کتێبی بێدەنگی و کۆکوژيی، سازدانی حەمە کەکەرەش ، http://www.chomanhardi.com/interiew06.html

و بەرزی ڕۆشنبیری لای نەتەوە زیاد دەکات، چونکە ( بەکاریگەری فەرهەنگێك لە سەر فەرهەنگێکی تر هێزی قوڵقاندنی زیاتر بەهێز دەبێ).[١]

وەرگێڕان وەك کارێکی داهێنەرانە یەکێکە لە دیاردە شارستانیەتەکانی مرۆڤایەتی و پێویستییەکی گرنگی ژیانی هاوچەرخ پێك دەهێنێت و نیشانەی دەست پێکردنی قۆناغێکی نوێیە لە ژیانی ئادەمیزاد دا کە تیایدا هەستی بەوە کردووە ئەزموونی مرۆڤایەتی بە جیا لەرەگەز دەچێتەوە سەر یەك سەرچاوە و پێویستە کۆمەڵانی خەڵك سوود لە زانیاری و تاقیکردنەوەی یەکتر ببینن.([٢]) هەوڵەکانیان بخەنە گەڕ بۆ فێربوونی زمانی یەکتر کەوا باشترین ڕێگایە لەبەردەم نەتەوەکاندا بۆ ئاشنابوون بە کەلتووری یەکدی.

کاری وەرگێڕان وەك هونەرێکی ئەدەبی دەچێتە ڕیزی ئەو چالاکییانەوە کە بەهاوکاری عەقڵ و سۆز پێکەوە بە ئەنجام دەگەیەنرێن. وەرگێڕان گواستنەوەی زانیاری زمانێکە بۆ زمانێکی دی بەمەش وەرگێڕ ڕۆڵی پردی بەیەك گەیاندنی نێوان نوسەر و خوێنەری زمانێکی دی دەبینێت. لە کاری وەرگێرندا سێ جۆر پەیڕەو دەکرێت، ئیتر ئەگەر وەرگێڕانی وشە بە وشە بێت یان  واتا یان وشە و واتا، وەرگێری سەرکەوتووش دەبێت دەست پاك بێت و هەردوو زمانەکە بە دروستی بزانێت و شارەزای بەکارهێنانی فەرهەنگ و سارچاوە بێت، بێ لایەنانە مەبەستەکانی نوسەر روون بکاتەوە ، هەروەها یەکێك لە کارەکانی وەرگێڕ دۆزینەوەی نزیکترین هاوتا ( معادل ) لە نێو زمانەکەی خۆیدا ، بۆ وشەو دەستەواژەو ڕستەکانی ئەو زمانەیە کەلێی وەردەگێڕێ ، هەر ئەم کارە لە وەرگێڕ دەخوازێ لە (واتا ناسی ) کە لقێکە لە زانستی زمانناسی ، شارەزابێ. دیارە وەرگێڕ جیاوازە لەگەڵ وشەکانی زمانێك بە وشەی هاوواتایی ئەوان لە زمانێکی دیکەدا .هەر بۆیە مەرجی سەرکەوتووی هەر وەرگێڕێك ئەوەیە زمانناسێکی ڕەسەن بێت ، چونکە وەرگێڕان کردەی گواستنەوەی بیرۆکەیە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە . جا بەبێ بوونی شارەزاییەکی قووڵ و لێزانییەکی بەربلاو  لە هەردوو زماندا ، بەرهەمی وەرگێڕدراو بەسەقەتی لە دایك دەبێت. بواری وەرگێڕان خۆی لە خۆیدا بواری زمانەوانی بەراورد کاریە.

وەرگێڕان لە ئەدەبیاتدا جیاوازی هەیە ، لە نێوە ئەدەبیشدا " ڕابێرا فرانس " شاعیری ئەمریکایی بڕوای وایە کە شیعر بە شێوەیەکی زاتی لەگەڵ وەرگێڕان دژایەتی دەکات ، "شیلی"  دەڵێت تەنانەتوشەکیش بەرهەمی هەست وڕۆحی شاعیرەو وەرگێڕ هەرگیز ناتوانێت ئەوکاتانە تەجرەبە کاتەوە کە شاعیر بەرهەمەکەی تێدا خوڵقاندوە. واتە پرۆسەی وەرگێڕان لە هەڵبەستتدا زەحمەت ترە لە پەخشان .

دەقێکی ئەدەبی یان هونەری لەگەڵ دەقێکی زانستی جیاوازی زۆری هەیە، لە دەقێکی زانستی دا وەرگێڕ ناتوانێت تۆسقاڵێك لە ناوەڕۆك و مەبەستی دەق دوور بکەوێتەوە. بەڵام لە دەقی ئەدەبیدا زۆر شت دێنە سەر ڕێی وەرگێڕ ، واتە دەقە ئەدەبیەکان زۆر شتیان تێدایە کە وەرگێڕ لە جیاتی تەرجەمەی ئەوان دەبێ هاوتا یان

---

[١] - مستەفا سالخ مستەفا ، پەخشان لە گۆڤاری زاری کرمانجیدا (١٩٢٦–١٩٣٢) ، نامەی ماجستێر، بەشی کوردی ، کۆلێژی ئاداب–زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر ٢٠٠٨، لا ٣٨

[٢] – ئیسماعیل ابراهیم سەعید ، ئەدەبی ڕۆژنامەنوسی کوردی بەغدا ، نامەی دکتۆرا ٢٠٠٥ ، لا ٤٦٣

نموونەی لە چەشنی ئەوان لە نێو زمانەکەی خۆیدا بدۆزێتەوە. بۆ وێنە پەنـدی پێشـینان و قسـەی نەسـتەق زۆجـار وەرناگێڕدرێت، وەرگێڕ دەبێ بۆ نموونەی چەشنی ئەوان لە زمانەکەی خۆیدا بگەڕێ و لە دەقەکـە دور بکەوێتـەوە.

لە وەرگێڕانی ئەدەبیات دا مرۆڤ دەگاتە داهێنان و ئەم سەر لەنوێ ئەفراندنە لە بواری زماندا ڕوودەدا ، کەسێك کـە کاری وەرگێڕانی ئەدەبی دەکا ، دەبێت بۆ خۆیشی لە بـواری ئـەدەبیات دا شـارەزا بـێ. ئەگـەر بۆخـۆی ئـەدیب و نوسەریش نەبێ ، پێویستە لە بواری ئەدەبیات دا خوێنەرێکی جیددی بـێ و ئـەزموونی زۆری لـە کـاری ئـەدەبی دا هەبێ ، ئەم زانیارەیە ئەدەبیانەش کاتێك فریـای وەرگێـڕی دەقـی ئـەدەبی دەکـەون کـە زەوقـی ئـەدەبی هـەبێ ، پێویستە هەم ئەوەنە هەستیار بێ کە کاریگەری هەر وشەیەك ، هەر ڕستەیەك ، هەر پـەرەگرافێك لەسـەر خوێنـەر، بـە دروسـتی تێبگـا و لـە پـاڵ ئەمەشـدا، بـەجۆرێك وەریـان بگێـڕێ یـان دایانبڕێژێتـەوە کـە هـەمان کاریگـەری لـە خوێنەری وەرگێڕانەکەیدا پێك بێنێتەوە. ئەم کارە بەبێ زەوقی ئـەدەبی بـێ و شـارەزایی لـە بـواری ئـەدەبیات دا موکین نیە ، لە نێو جۆرەکانی وەرگێڕان دا ، وەرگێڕانی دەقی ئەدەبی لە هەموان دژوارترە ، چونکە ئەو جـوانی و وردەکاریانەی لە تەعبیرو نوکتە ئەدەبیەکان دا هەن، لە بابەتی تەکنیکی و زانستی و سەنعەتی دا نین.([1])

مێژووی وەرگێڕان بۆ سەردەمی سـەرجۆنی ئەکـەدی (٣٠٠٠ پ.ز) دەگەڕێتـەوە کـە بـۆ مەبەسـتی پروپاگەنـدە و ڕاگەیاندن بەکاری هێناوە و چونکە ویستویەتی هەواڵی سەرکەوتنەکانی بە زمانە جیا جیاکانی ئـەو سـەردەمە بڵـاو بکاتەوە.

لەسەردەمی حامورابیش دا (٢٦٠٠ پ.ز) نامە ڕەسمی و بازرگانییەکان بە چەند زمانێك نوسراون.

لـە ئـەوروپاش کتـێبی (هونـەری شـیعر) ی ئەرسـتۆ وەرگێڕدرایـە سـەر زمـانی ئیتـالی و بـوو بـە هـەوێنی ڕێبـازی کلاسیزم.

لە ئەدەبی کوردیش دا وەرگێڕان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٤٠٠) کە تیایدا چەند نوێژێکی مەسیحی بە زمانی کـوردی نوسراوە و دواتریش چەند تێکستێکی کوردی کە موژدەدەرەکان – دۆمینیکی و کاپووسانەکان پاراسـتویانە و (( لە ساڵانی (١٦٠٠) دا نوسراون))، هەروەها چەند پەندێکی پێشینان بە زمانی کوردی بـە ئـەلفا و بێـی ئەرمـەنی لـە ساڵی (١٧١١) دا نوسراون، ئەمە بێجگە لە ئینجیل بە کوردی لە ساڵی (١٨٥٧) نوسراوە.

لە کورد دا (خانەی قوبادی ) لەسەدەی هەژدەیەمدا بە یەکەمین وەرگێڕی کورد دەدرێتە قەڵـەم چـونکە (شـیرین و فەرهاد) ی نیزامی گەنجەوی لە زمـانی فارسـییەوە وەرگێڕاوەتـە سـەر زمـانی کـوردی. دواتـر مەولودنامـەی شـێخ حسەینی قازی لە (١٧٩١– ١٨٧٠) دا.([2])

لە ساڵی (١٨٩٨) لەگەڵ لەدایك بوونی ڕۆژنامە نوسـی کوردیـدا دەروازەیـەکی گـرنگ لەبـەردەم وەرگێـڕان بۆسـەر زمانی کوردی کراوەتەوە، دواتر لەگەڵ سـەرهەڵدانی ڕۆژنامـەی پێشـکەوتن دا لـە سـلێمانی، جموجـوڵێکی گـەورە کەوتۆتە نێو گۆڕەپانی وەرگێڕانی کوردییەوە.

---

[1] - قادر فەتاح ئوحمەد ( قادر وریا ) ، وەرگێڕان ( پێناسە ، بنەما ، جۆرو مێژوو) ، چاپی یەکەم – چاپخانەی کوردستان ٢٠١١ ، ١١٨

[2] – ئیسماعیل ابراهیم سەعید ، ئەدەبی ڕۆژنامەنوسی کوردی بەغدا ، نامەی دکتۆرا ٢٠٠٥ ، لا ٤٦٦

لەساڵانی (١٩٣٢) بەم لاوە لە گۆڤارەكانی قوتابخانەی دیمەشقدا : (هاوار، ڕوناهی، ستێر، ڕۆژانو) بزاوتێكی كاریگەری وەرگێڕان دەستی پێكردووە.

لە گۆڤاری گەلاوێژدا و لە ساڵی (١٩٣٩– ١٩٤٩) هونەری وەرگێڕان وەك سەرجەم هونەرەكانی دیكەی ئەدەب گەشەی سەندووە، گۆڤاری هیواش لەسەر هەمان ڕێبازی گۆڤاری گەلاوێژ ڕۆیشتووە.[1] پاش ئەوەش ئیتر وەرگێڕان بەشێك بووە لە ڕووپەڕی گۆڤارو ڕۆژنامەكان و تاك و تەرا دەبینران، لە دوای ساڵانی حەفتاكانەوە زیاتر گرنگی بەكاری وەرگێڕان دراو خوێندەوارانی كورد فێربوونی زمانێكی دیكەیان بەزەرور زانی و بەشێك لە خوێندكارانی نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو ڕویان كردە وڵاتانی توركیاو ئێران و ئەوروپاو جگە لەزمانی دایك زمانێكی دیكە فێربوون، ئەمەش بوە هۆی گەشەكردنی كاری وەرگێڕان، ئەمە جگە لە زمانی عەرەبی كە بەهۆی تێكەڵی سنورەكانی عەرەب و كورد لە عێراق دا و بەزۆر ڕاپێچ كردنی كورد بۆ سەربازی و پەیرەوكردنی سیاسەتی بەعەرەب كردن ، وای لێهات بەشێكی زۆر لە نوسەرانی كورد فێری عەرەبی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا فەرهەنگ و ئەدەبیاتی عەرەبی زۆر دەوڵەمەندو باڵی كێشابوو بەسەر نوسەرانی كوردو لەو ساڵانەشدا زیاتر خوێندن لە خوێندگاكاندا بەعەربی بووە، هەموو ئەمانە وای كرد كە زمانی عەرەبی لە هەموو زمانەكانی تر لەناوكوردا زیاتر بڵاوببێتەوەو نوسەران و ئەدیبانیش زیاتر لەزمانی عەرەبیەوە وەرگێڕان بكەن.

ئەگەر لە پرۆسەی ڕۆژنامەنوسی پێش ڕاپەڕیندا ڕۆژنامەنوسان و نوسەران كەشێكی لەباریان نەبوبێت بۆ فێربونی زمان و كاری وەرگێڕان ئەوە دوای ڕاپەڕین دەرفەتی زیاتر هاتە پێشەوەو ئازادی ڕۆژنامەگەری وەرگێڕانی هەمەجۆرەی بابەتەكان هاتە پێشەوە، تاوای لێهات بەشێك لە ڕۆژنامەو گۆڤارەكان گرنگیان بە وەرگێڕان دەدا، ڕۆژنامەكانی ناوچەی گەرمیانیش چەندین بابەتی وەرگێڕدراویان لە گۆڤارەكاندا بڵاوكردۆتەوە، واتە لە ژمارەكانی (٥) ژمارەی گۆڤاری داستان (١) بابەت و لە كۆی (١٩) ژمارەی گۆڤاری گیرفان(٧٥) وەرگێڕان هەیە، لە كۆی (٥) ژمارەی گۆڤاری ئەنفال(١٣) بابەتی وەرگێردراو هەیە ، لەكۆی (١٠)ژمارەی گۆڤاری هەشتاوهەشت (٢٠) بابەتی وەرگێڕدراو هەیە، لەكۆی (٥)ژمارەی گۆڤاری گۆڤار(١٣) بابەتی وەرگێڕدراو هەیە، كە سەرجەمیان لەسەر باس و خواستە جیاجیانی ژیانی مرۆڤایەتین، لە كۆی هەموو بابەتە وەرگێڕدراوەكانی نێوگۆڤارەكان (١٣٤) بابەتەو بەتەنها (٢٠) بابەتیان تایبەتە بە ئەنفال و جینۆسایدكردن، بۆیە كاری وەرگێڕان گرنگی زۆری پێدراوە لە گۆڤارەكانی ناوچەی گەرمیان داو نوسەران وڕۆژنامەنوسانی دەڤەرەكە تێگەیشتوون لە گرنگی كاری وەرگێڕدراو.

لێرەدا وەك نموونە ئاماژە بە هەندێك لە بابەتە وەرگێڕدراوەكانی نێوگۆڤارەكانی دەڤەری گەرمیان دەكەین.

– لە ژمارە (٧ و ٨)ی گۆڤاری هەشتاوهەشت دا ، كامەران ئەحمەد وتارێكی ( ئارنۆڵد كارسكێنس ) بەناوی ( فرنس ڤان ئەنرات بازرگانی مەرگ ) ەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی كوردی و باسی ( گازی ژەهر ) دەكات و دەڵێت: گازی ژەهراوی ( موستەردگاز ) خەردەل ، بۆنی پیازو سیری لێدێت هەر بۆیە پێی دەوترێت "هەناسەی

[1] – ئیسماعیل ابراهیم سەعید ، ئەدەبی ڕۆژنامەنوسی كوردی بەغدا ، نامەی دكتۆرا ٢٠٠٥ ، ل ٤٦٨

شەیتان" تەنیا بەرکەوتنی تۆزقاڵێك لەم تێکەڵە قاوەییە چەورە لە ماوەی چەند کاتژمێرێکی کەم دا ئەبێتە هۆی زۆرترین ئازاری سوتاوەی لەش ، ئەگەر بەرچاوەکان بکەون ئەوە دەبێتە هۆی لە دەستدانی بینایی و هەڵمژینیشی لەوانەیە کاریگەری یەکجار خرابتری هەبێت و سیەکان و بۆریەکانی هەناسە ئەسوتێنێت.

– لە ژمارە (٩) ی گۆڤاری گیرفاندا ( فاتیح سەلام) بابەتێکی دورودرێژی لە ئینتەرنێتەوە وەرگێڕاوە لە ژێر ناونیشانی " قەتڵ و عامەکەی ئەرمەن ئەو ڕەشە کوژییەی کە ملیۆن و نیوێك مرۆڤی تیا کوژرا" کە لە بابەتەکەدا باسی مێژوی گەلی ئەرمەن کردوەو چۆنێتی کۆمەڵکوژی و قڕکردنیانی خستۆتە ڕوو ، لەگەڵ ڕەو ڕەوەی مێژی ئەرمەنەکان و چۆنێتی کێشەو ناکۆکیەکانیان لەگەڵ گەلی تورك".

## ٣-٢-١٤: دیکۆمێنت:

عێراقیەکان بەگشتی و کوردستانیان و کوردو بەتایبەت گەرمیانیەکان سەرگوزەشتەی زۆر تاڵ و بەسوێیان لەگەڵ دڵرەقی ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق و لەپێش هەموویانەوە ڕژێمی " بەعس " دا هەیە، چیرۆك و گێڕانەوەی ئەو سەرگوزەشتانە بەدەیان دەیەی تر بەکۆتا نایەت ، ڕۆژ دوای ڕۆژیش بەڵگەو دیکۆمێنتی نوێ لەوبارەیەوە دەکەونە سەرەوە بەردەست دەکەون.

گۆڕی بەکۆمەڵ جگە لەوەی یەکێك لە ئاماژە دەرکەوتوەکانی دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسە لە عێراقدا ، هاوکات ڕونترین و سەلمێنراوترین دیکۆمێنتی ئەنجام دانی تاوانی جینۆسایدە لە لایەن " بەعس" ەوە ، هەندێ ژێدەرو سەرچاوە بەم شێوەیە شوێن و جێگای گۆڕە بەکۆمەڵەکانی عێراق دیاری دەکەن ، لە نێو ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانەی لە کوردستان و عێراق دا لە دوای ڕاپەڕینی (١٩٩١)ی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و دوای ڕوخانی بەعس لە ساڵی (٢٠٠٣) دۆزراونەتەوە ، زۆرترینیان بە پلەی یەکەم گۆڕی بەکۆمەڵی شاڵاوەکانی ئەنفال (١٩٨٨) و بەدوای ئەمیش دا گۆڕی بەکۆمەڵی " ئەنفالی بارزانیەکان ، فەیلیەکان ، شیعەکان ، گوندی سۆریا " و ... هتد ن.

واتە دەتوانین بڵێین زۆربەی هەرەزۆری گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە کوردستان و عێراق ئەنجامی ئەو تاوانانەن دژ بەگەلی کوردو لەلایەن ڕژێمی لە گۆڕنراوی بەعسەوە دژ بە گەلی کوردو کوردستان ئەنجام دراون ، بەڵگەی سەلمێنراویش کە لە بەردەستە ئەو گۆڕانەی کە تا ئێستا هەڵدراونەتەوە زۆرینەی زۆریان کوردن.[1]

لەکاتی هەڵدانەوی گۆڕە بەکۆمەڵەکانداو دەرهێنانی ئێسك و پروسکی ئەنفالکراوندا ، یان لەکاتی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەدا ، ڕۆژنامەنوسان و ئاژانسە نێو دەوڵەتیەکان چەندین وێنەیان گرتوە ، کە گوزارشت لە ساتە وەختی کیمیابان یان ئەنفال و کۆمەڵکوژی و تاوانی ڕژێمی بەعس دەکات ، کە ئەوانەش دیکۆمێنتی گرنگن و لە گۆڤارەکانی ناوچەکەدا بە بایەخەوە بڵاوکراونەتەوەو جارێکی تریش کراونەتەوە بەدیکۆمێنت، دیسان لە گۆڤارە کوردیەکانی ناوچەی گەرمیان و بەتایبەت گۆڤارە دەستنیشانکراوەکاندا ، ناوی چەندین قوربانی و ئەنفالکراو

---

[1] – زەنوێر گەرمیانی ، گۆڕی بەکۆمەڵ لە عێراق دا، بەڵگەی سەلماندنی تاوانی جینۆساید، گۆڤاری جینۆساید– ژمارە(١)ی ٢٠١٥ ، ل ٨٦

بڵاوکراوەتەوە لەگەڵ ناوی جاش و خۆفرۆش و تاوانباران و جەلادانی ئەنفالچی و گەورە بەرپرسانی ڕژێمی بەعسی عێراقی. لە بەشێکی ئەو دیکۆمێنتانەش دا شرۆڤەی ئەدەبی و ڕۆژنامەنوسیان بۆکراوە ، وەك بڕیارەکانی بەعس و کتاب و دەستنوسەکانی سەرانی ڕژێمی عێراقی کە بۆ ئەنجامدانی تاوان و تاونی ئەنفال دەریان کردوە، بۆنموونە: دەقی کوردی بەڵگەنامەکان لە گۆڤارەکاندا وەرگێڕدراون و بڵاوکراونەوە ، کە لە ژمارە(٤) گۆڤاری (ئەنفال)داو لاپەڕە(٢٨٤) وێنەو دەقی بەڵگەنامەیەك کە نوسراوی سەرکردایەتی نوسینگەی ڕێکخستنی باکوری حزبی بەعسە، بڵاوکراوەتەوە بەم شێوەیە " ژمارە (٢٧١٤/١) لە بەرواری (١٩٧٨/٤/١٠)، پشت بەستن بەو سەلاحیەتەی کەدراوە بە ڕەفیق عەلی حسن المجید ئەندامی قیادەی قوتری و ڕاستگری نهێنی سەرکردایەتی نوسینگەی ڕێکخستنی باکور ، بەڕێزیان بڕیاریان دا گوێ لەو شتانە نەگیرێ کە لەلایەن خەڵکی گوندە قەدەغەکراوەکان و ئەو شکاتانەی کە تایبەتن بە تێکدەران، با جۆرەکەشی هەرچیەك بێت و ئەو شکاتانەشی کە پێشتر بەرزکراونەتەوە ڕابگیرێن، تکایە ئاگاداربن و کاری پێویستی بۆ بکەن... هەربژین بۆ خەبات ، الرفیق/ رازی حسن سلێمان – جێگری ڕاسگری نهێنی سەرکردایەتی–نوسینگەی باکور"

بۆیە لە بڵاوکردنەوەی دیکۆمێنتەکانی تایبەت بە کۆمەڵکوژی و ئەنفال ، گۆڤارەکانی گەرمیان و لەناویاندا گۆڤارە وەرگیراوەکانی تایبەت بەم لێکۆڵینەوەیە ڕۆڵی باشیان هەبووەو سەدان دیکۆمێنی جۆراوجۆریان بڵاوکردۆتەوەو دواجار لە بەرگێکی ئەدەبیدا دیسان بەشێکیان دا ڕێژراونەتەوەو گوزارشتیان لێکراوەتەوە.

## ٣-٢-١٥: لێکۆڵینەوە:

لێکۆڵینەوە: بریتیە لە پشکنین و گەڕان بەدوای مەعریفەدا بە شێوازێکی زانستی و نەخشە بۆدانراو هەنگاو لەدوای هەنگاو، واتە توێژینەوە گەڕانێکی سیستماتیکە بەمەبەست و ئامانجی دۆزینەوەو بەدەستهێنانی مەعریفیەکی نوێی جێی متمانەو باوەڕ پێکراوە[1] بەڵام لێکۆڵینەوەی تایبەت لە ئەدەبیدا بریتیە لە کاری پشکنین و لێکدانەوەی دەقە ئەدەبیە داهێنراوەکان کە ئەمە بە ڕێبازی لێکۆڵینەوەوڕەخنەی جیا جیا دەکرێت، بوارەکانی زۆرن، بەهەموویانەوە خزمەت بە کارە ئەدەبیە داهێنراوەکان دەکەن و بەرەو پێشیان دەبەن.[2]

لە پرۆسەی ڕۆژنامەنوسی و بەتایبەت گۆڤارەکانی ناوچەی گەرمیان دا چەندین لێکۆڵینەوە بڵاوبوەتەوەو گرنگی بە بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەکان دراوە، لەو گۆڤارو ڕۆژنامانەی تایبەت بەتوێژینەوەکە، زۆربەی زۆری توێژینەوەکان لەسەر ئەنفال و جینۆسایدو کۆمەڵکوژی گەلی کوردو گەلانی ترە، بۆ نموونە ، لە کۆی هەمو ژمارەکانی گۆڤارەکان ( ٧٤) لێکۆڵینەوە بڵاوبوەتەوە ، لەو ژمارەیەش (٤٥) ی تایبەت بە جینۆسایدو ئەنفال و قڕکردنە. بە ئاماژەو ڕاگوزەر کورتەی چەند لێکۆڵینەوەیەك دەخەینە ڕوو لە گۆڤارەکاندا.

---

[1] – د. محمد شوانی ، سەرەتایەك بۆ توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، چاپی یەکەم٢٠١٥ ، چاپخانەی هێڤی–هەولێر، ل ٢٨

[2] - ئیدریس عەبدوڵا مستەفا، ڕۆڵی گۆڤاری ڕوناکی لەبەرەو پێشبردنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا، چاپی یەکەم ٢٠٠٨، چاپخانەی خانی(دهۆك)، ل ٥٩

– له ژماره ( ۲ )ی گۆڤاری ( هەشتاو هەشت ) دا ، سەرمەند محمد لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر " ئـەنفال لـە ڕۆمـانی کوردیدا" بڵاوکردۆتەوەو دەڵێت : یەکێك لەو لایەنانەی کە دەرگای لەسەر ئەم بابەتە ( ئـەنفال ) خسـتە سەرپشـت ( ئەدەب ) بوو، ئەدەب بە هەموو لـق و بەشـەکانیەوە، بـەلام ئەگەرچـی وەکـو چـەندێتی ڕۆمـان ژمـارەی کـەمترە لەچاو ئەو بەرهەمە ( شیعر) یانەدا کە نوسراون ، لە بەشێکی تری لێکۆڵینەوەکەی دا باس لەوە دەکات کە ئـەنفال تەنها ڕوداوێکی تایبەت نەبوو بەکوردستان و بگرە عێراقیش ، بەڵکو هەنـدێك لـە وڵاتـە عەرەبیـەکانیش بەشـداریان تیاکردوە ئەگەر لـە ڕوی بێـدەنگی و بـێ هەڵوێستیشـەوە بێـت، هـەروەك ڕۆماننوسـی بەڕەچـەڵەك کـورد ( سـەلیم بەرەکات) لەبارەی ( ئەنفال )ەوە دەڵێت" کەموکورتی لە عەرەبدا هەبوو، کەموکورتی لە ویژدانیاندا هەبوو.

– لـە ژمـاره (۹ و ۱۰ ) هـەمان گۆڤـار دا هـەڤاڵ ئەبوبـەکر لێکۆڵینەوەیـەکی لـە ژێـر نـاوی ( جینۆسـایدکردنی نەتەوەیەك لە بێدەنگیدا) بڵاوکردۆتەوەو تیشکی خستۆتە سـەر زۆر لایـەنی تـاوانی ئـەنفال و دوای دیـاری کردنـی قۆناغەکانی ئەنفال ، باسێکی وردی لەسەر ئەنفال و جینۆساید کردوەو ڕەگ و ڕیشـەی جینۆسـایدی شـیکردۆتەوە ، لەکۆتای لێکۆڵینەوەکەیدا باسی ڕۆژگاری ڕەوشی کورد دەکات و دەڵێت" کورد لە نێوان دڕندەی دوژمنـەکانی و لە بەردەم خەمساردی دۆستە بێوەفاکانیدا باجێکی مرۆیی ئەوەنـدە گـەورەی دا ، کـە نـەدەبو کـورد هـەرگیز ئـەو ڕۆژگارەو ئەجوائەکانی لەبیر بکات" لـە بەشـێکی تـری لێکۆڵینەوەکەیـدا دەڵێـت" دەخـوازم یـادەوەری کارسـاتی ئەنفال تەنها دروشمی بریقەداری لێ نەکەوێتەوە، بەڵکو خوێندنەوەو پێداچونەوەی نوێی بۆ بکرێت و وانەی مـەزنی بۆ ئەمڕۆو ئاینده لێدەربهێنرێت و بەر لە هەر شتێکی دیش فشارێکی جـەماوەری حکـومی ، حزبـی گـەورە بخرێتـە سەر نەتەوە یەکگرتوەکان کە لانی کەم قەرەبوی کەسوکارەکانیان بکاتەوە.

– لە ژماره (٤)ی گۆڤاری ئەنفال دا ( هۆشیاری عەبدوالعزیز ) لێکۆڵینەوەیەکی لە ژێر ناوی ( ئەنفال لە بەعسـدا .. قسەیەك لە ڕابردوو ) بڵاوکردۆتەوەو تیشکی خستۆتە سەر زۆر تەوەرو لایەنی تاوانی ئەنفال و ڕەگ و ڕیشـاڵەکانی پشت تاوانەکە ، وەکو ئایدۆلۆژیەتی بەعس و بیرکردنەوەیان لە ئەنفال ، ئەو دەڵێت " مۆتکەیەك کە مێژوو کلتـورو پێکهاتەی ڕۆحی ئێمەی بە ڕەنگی خۆی ڕەنگرێژ کردوە، ئەویش بەعسە . بەبڕوای من بـەبێ شـیکردنەوەی بـەعس و ئایدۆلۆژیاکـەی ، بـەبێ خوێندنـەوەو ڕامـان لـە جەوهـەرو بنەماڵـەکانی بەرجەسـتەبوونی . بـەبێ ڕۆچـون بەقوڵایەکانیدا ، بەبێ تێگەیشت و شرۆڤەکردنی ماناو ماهیەتی بـەعس و ئەوانـەی لـە پشـتی ئایدیای بەعسـەوەن، ئەستەمە لەو کارەسات و مۆتەکەیە تێبگەین و بتوانین قسەیە لە خۆمان و جەسـتەی خوێناویمـان بکـەین" نوسـەر لەو لێکۆڵینەوەی دا دەیـەوی پێمـان بڵێـت ئەگـەر ئێمـەی کـورد بـیرو فەلسـەفەی بـەعس نەناسـین نەیخەینـە بـەر لێکۆڵینەوە ، ئەوە ناتوانین لـە قورسـای و گـەورەی تـاوانی ئـەنفال تێبگـەین ، بۆیـە لـە تـەواوی لێکۆڵینەوەکەیدا تەوەرەکانی تری پەیوەست بەباتەکەی ڕونکردۆتەوە.

## ٣-٢-١٦: وەرزش :

لـە گۆڤارەکـان دا بابەتـەکانی تایبـەت بـە وەرزش ڕەنگـی داوەتـەوە، لـە بەشـێك لـە گۆڤارەکانـدا بەتایبـەت گۆڤارەکـانی ( ورێـزا ، کـەلار ، شـێروانە) باسـی وەرزش کـراوە ، بەتایبـەت بـڵاو کردنـەوەی هـەواڵ و ڕێپۆرتـاژی وەرزشی ناوچەکەو ، تیشك خستنە سەر ڕۆڵی یاریزانە دێرینەکان و ، پاڵەوانێتیەکانی تایبەت بە کوردو کوردسـتان ، وە گوزارشتیش لە چۆنێتی وەرزش لایەنەکانی تر کراوە لە مێژوودا ، واتە گۆڤارە کوردیەکانی ناوچەی گـەرمیان گرنگی بە بابەتەکانی وەرزش کردووەو لە چەشنە ڕۆژنامەنوسیەکاندا خستویەتی ڕوو. واتە هـەموو ئـەو بابەتانـەی کە گوزارشتیان لە وەرزش کردوە هەروەکو چەشنەکانی تر بـە پەخشـان و دارشـتنێکی ئـەدەبی و ڕۆژنامەنوسـیان خراوەتە ڕوو .

## ٣-٢-١٧: چەند گوزارشتێکی تر :

لە گۆڤارەکانی گەرمیاندا چەندین جۆرو بابەتی تر بڵاوکراونەتەوە کە لە ئەدەبیات و ئەدەبیاتی ڕۆژنامەنوسی دا جێگەی دیاریان هەیەو بەشێکن لە پێداویستیە ئەدەبیەکانی مرۆڤایەتی ، واتە گۆڤارەکان لە چەندین لای ترەوە ڕۆڵی خۆیان بینیوە بۆ بەرەوە پێشبردنی ئەدەب و جێکردنەوەو ڕەنگدانەوەی چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنوسیەکانی تر لە دووتوێی ژمارەو لاپەڕەکانیان دا ، ئەمەش جگە لە پێداویستی ئەدەبی ، بەڵکوو بەگرنگ زانین و بەبەهابونی ئەو گوزارشتانەیە بەلای کادرو ڕۆژنامەنوس و ستافی گۆڤارەکانی دەڤەری گەرمیانەوە.

لە گۆڤارەکانی گەرمیان دا گوزارشتەکانی وەك ( پرسەنامە، دەستنوس ، ژیاننامە ، یادو یادگاری ، سوپاسنامە، بەڵگەنامە ، ،بابەتەکانی بیرکردنەوەو سەرگەرمی ) بڵاوکراونەتەوە، ئەگەر بەکەمی و بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن و لە چاو بەشەکانی تری ئەدەب و هونەرە سەرەکیەکانی ڕۆژنامەنوسی کەمتر هاتبن، هەر گرنگی خۆیان ون نەکردوە، بۆنموونە" لە ژمارە (١) و لاپەڕە (٢٠)ی گۆڤاری ورێزادا پرسەنامەیە بە بۆ بۆ نەی کۆچی دوای هونەرمەندی شاری خانەقین ( ئازاد خانەقینی ) ئاراستەی بنەماڵەو کەسوکارەکەی کراوە، لە بەشێکی پرسەنامەکەدا گۆڤارەکە دەڵێت: کۆستێکی ناوادەی کرد، کۆستێکی دڵتەزێنی خستەوە ، ماڵئاوایی کردنی هەموو لایەکمانی هەژاندو برینێکی قوڵی خستەنێو جەرمانەوە ، لەپاش خۆی گەلێك بیرەوەری و سرودی پڕلەسۆزو ئاوازی نیشتمانی و ڕێچکەیەکی هونەری تایبەتی بۆ بەجێ هێشتین"، لە هەمان گۆڤارداو لە ژمارە (٢-٣) و لاپەر (٢٥)دا دەستنوسێکی شاعیری کورد (قانع) بڵاوکراوەتەوە لەسەرەوەی دەستنوسەکەدا نوسراوە (کەلام شێخ قانع لە ژیانی حەزرەت شێخ محمود)دا ، لە دەستنوسەکەدا هەڵبەستێکی قانع بەدەستی خۆی بڵاوکراوەتەوەو باسی خاك و وەتەن و چەوساندنەوە ئەکات. لە هەمان ژمارەی گۆڤاری ورێزا دا لاپەڕ(١٨) ژیاننامەی هەڵبستڤانی ناوچەی خانەقین (شێخ موراد زەنگەنە) بڵاوکراوتەوەو باسی ژیان و بەرهەمە شیعریەکانی دەکات، بەم شێوەیە " شێخ موراد لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەر لە ناوچەی خانەقی ساڵی (١٨٧٠)ز لە دایك بووە، سەرەتا لای شێخ

فەتاح لە خانەقین خوێندنی دەست پێکردووە، پاشان لەلای چەند زانایەکی ئاینی شیعە برەوی بەخوێندن داوە،....ئەم زانا پایە بەرزە دوای (١٠٠) ساڵ ژیان لە (١٢ی تەموزی ١٩٧٥) ماڵئاوای لەگەل و نیشتمان کرد. لە گۆڤاری گیرفانیشدا لە ژمارە (٦-٧) و لاپەڕە(٩٠) ژیاننامەی (مینە جاف )ی هەڵبەستڤان بلاْوکراوەتەوە، کە تیایدا هاتووە"مینە جاف کوڕی کەریم بەگی فەتاح بەگی حەمە پاشای جافە، لە ساڵی (١٩١١) ز، لە کەلار لە نێو قەلاْی شێروانە لە دایك بووەو لە ساڵی (١٩٦٥) لە بەغداد کۆچی دوای کردووەو لە گۆڕستانی سەید خەلیل نێژراوە، ئەم شاعیرە خاوەنی دیوانی چاپکراوە بەناوی ( دیوانی مینەجاف)کە لەساڵی (١٩٩٠)، (مستەفا نەریمان و د. حەسەن جاف) کۆیان کردۆتەوە.

لە هەمان گۆڤاردا لە ژمارەکانی(١٧-١٨)دا ژیاننامەی (هەڵبەستڤانی جوانە مەرگ(فەریق ئەمین) بلاْوکراوەتەوە،لە گەڵ دەستنوسێکی ناوبراودا وەك بەڵگە، کە چوار ڕۆژ پێش مردنی لە نەخۆشخانە هەڵبەستەکەی نوسیوەو لە(٧-١-١٩٧٩) کۆچی دوای کردوە. لە گۆڤاری گۆڤاردا لە لاپەڕە کۆتای ژمارە(٢)ی دا ژیاننامەی شاعیری ناوچەی گەرمیان (شێخ ئەحمەد شاکەلی) بلاْوکراوەتەوە کە " شێخ ئەحمەد شاکەلی لە ساڵی ١٩٠٤ لەدایك بووە،و دەنگێکی دلێرو بەجۆشی ساڵەکانی (١٩٣٩-١٩٤٩) بووە، لە گۆڤاری گەلاوێژدا هەمیشە بە هەڵبەستەکانی لاپەڕەکانی ئەو گۆڤارەی ڕازاندوەتەوەو لە ساڵی (١٩٨٢) کۆچی دوای کردوە.. دیسان لە گۆڤاری ورێزا داو لە لاپەڕە (٦١) بەسەرهاتی (ئەحمەد قادر سەعید) خراوەتە ڕوو، کە ناوبراو لە نێوان ساڵانی (١٩٢١ بۆ ١٩٥٩) دا ژیاوە ، لە بەسەرهاتەکەدا دەڵێت" جارێکیان ئەحمەد قادر لە گەڵ باوکیدا گەنم دەبەن بۆ کرماشان بیفرۆشن ، ئەوکاتە عێراقی قاچاخ دەبێت لە ئێران دا ، ئەمانیش لەبەر ئەوەی جل و بەرگی عێراقیان لەبەر دەبێت سەرباز دەیناسن و دەیانگرن و گوێ درێژەکانیان دەنێرن بۆ (خان) و خۆیشیان دەبەن بۆ زیندان، لە زیندانەکە پاڵەوانێکی ئێرانی لێ دەبێت و هەموو زیندانەکی هێنابوە لەرزین و هیچ کەس پێی نەوێرابوو، بەلاْم ئەحمەد لە ناو زیندان زۆرانی لەگەڵ دەگرێت و پاڵەوان دەدات بە زەویداو چاری دەکات، کاربەدەستانی زیندان لەبەر ئازایەتی لە زیندان ڕزگاریان دەکەن" ئەم بەسەرهاتە درێژە...

لە گۆڤاری ورێزادا (مستەفا سەعید) یادگاریەك بیردەخانەوەو باسی لافاوەکەی ساڵی ١٩٥٥ دەکات " زستانی ساڵی ١٩٥٥ ساڵێکی پڕ بەفرو باران بووە لە یەکێك لە ڕۆژەکانیدا سێ کوڕی گەنج کە (حاجی سەیفولاْ عەزیزو عەبدوارەحمن عارف مستەفا)و (سدیق عارف مستەفا) بۆ ئاوماڵکە کۆکردنەوە دەچنە ناو ئاوەکەوە، لە پڕ لافاو دێت و ڕێگەیان دەبڕێت، لەو کاتەدا ( حەمەمینی عەلی درێژ) دەڵێت هەرکەس ڕگاریان بکات (١٠٠٠) تومەنی ئێرانی بۆ هەر یەکیان ئەدەم، دواتر بنجە دارێك لەناو ئاوەدا دەبێتە هۆی ڕزگاربونیان.

لە ژمارە (٤)ی هەمان گۆڤاردا (سوپاس) نامە هاتووە ، کە وەکو گۆڤارەکە سوپاسی چەند کەسێکیان کردوە کە هاوکاری گۆڤارەکەیان کردوە.

لە ژمارە (٤) و لاپەڕە(٢٩٥)ی گۆڤاری ئەنفال دا (نامە) هاتوە، کە سەرنووسەری گۆڤارەکە (دڵشاد تاڵەبانی) ئاراستەی وەزیری مافی مرۆڤی ئەوکات (صلاح ڕەشید)ی کردووەو لە نامەکە کەدا پیرۆزبایی ڕوخانی ڕژێمی بەعس

و سەدام حسێنی لیٚ دەکات و بەشێك لە تاوانەکانی بەعس دەخاتەوە بیری ، لە بەرامبەریشدا وەزیری ئاوارەو ئەنفال وەڵامی نامەکە ئەداتەوەو سوپاس گۆڤارەکەو ستافەکەی دەکات وەك پرۆژەیەکی گرنگ بۆ خزمەتی پرسی ئەنفال.

لە ژمارە (١) و لاپەڕە (٢١٥)دا دەقی بەڵگە نامەیەکی شەش ئەندامی کۆنگرێسی ئەمریکا بلاٌوکراوەتەوە و لەو بەڵگەنامەدا هاتوە" کۆنگرێسی ئەمریکا نیگەرانی خۆی دەردەبڕێت بەرامبەر بە حکومەتی عێراق و سەدام حسێن بەهۆی بەردەوامی لە ڕاگواستنی بەزۆری کوردەکان لە ژووری عێراقدا.

لە ژمارە(١)ی گۆڤاری هەشتاوهەشت دا ، محمد صابیر ، لە ژێر ناونیشانی " منالاٌنی کەنار ، پەپولە بیٚ نازەکانی ژیان" وتارێکی  بە داتاوە بلاٌوکردۆتەوەو باس لە مندالاٌنی بەجێماوی ئەنفالکراوەکان دەکات و خراپی حالیٚ و زروفیان دەخاتە ڕوو ، بەتایبەت مندالاٌنی ناوچەی گەرمیان ، کە بێگومان ناوچەی گەرمیان ئەو دەڤەرەیە کە پڕە لە کێشەو مەسەلەی ترسناك و نەهامەتی و هۆکارەکانی دواکەوتنی مرۆڤ ، دیارە مندالێش بی بەش نیە لەم مەسەلەیەو زیاتر کاریگەریان لەسەرە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەندین بواری ژیانی ئالۆزی ئەم دەڤەرە، وەك ( ئابوری ، کۆمەلاٌیەتی ، سیاسی ، رۆشنبیری و فکری ) کە هەمویان تەواوکەری یەکن ، بەتایبەتی لە دوای ڕاپەڕینەوە مندالاٌنی ئەنفال زۆرترین کێشەو گرفتیان هەبوو ، بەتایبەت کێشەی نەبوونی ناسنامەو نازو هەژاری ...

لە ژمارە (٤) گۆڤاری گیرفانیشدا ، پیرۆز بای و پۆزش هاتووە ، لە دەستپێك دا پیرۆز بای دەنێرێت ، بەم شێوەیە ( بە بۆنەی هاتنی سەری ساڵی نوێی ٢٠٠٧ و یادی یەکساڵەی گۆڤاری گیرفان و هاتنی جەژنی قوربانەوە ، پیرۆزبای لە تەواوی  نوسەران و ڕۆژنامەنوسان و ڕوناکبیران و بەگشتی گەلەکەمان دەکەین ، خوازیارین ساڵی نویٚ و جەژنی قوربان ببێتە مایەی خێروخۆشی بۆ هەموو لایەك).

لە هەمان ژمارەداو لە هەمان شوێندا، پۆزش و لێبوردن هاتووە، واتە گۆڤارەکە داوای لێبوردن و ڕاستکردنەوەی کردوە، بۆ بابەتێکی ژمارەی پێشوتری، کە هەڵەیان تێدا کردبوو.

هەر لە هەمان گۆڤاردا و لە ژمارە (١٠) ی دا ، ئامینە ڕەشید ، بەناو نیشانی " با خاتو شانازی ئەردەلاٌنی بناسین " ژیاننامەو سەر گوزەشتەی ژیانی شاناز ئەردەلاٌنی باس دەکات و دەڵێت" زۆرن ئەو ژنە مەزن و نەبەردانەی کە لە مێژوی ئێمەدا دیارن  و لە بواری هونەرو ئەدەب و بەرەنگاربونەوە بەرامبەر داگیرکەرانی وڵات ڕۆڵیان هەبووە، لێرەدا دەمەویٚ پەنجە بخە سەر خاتە شانازو بزانین چۆن قارەمانێك بووە لە بەرەنگاربونەوە بەرامبەر دوژمنەکانمان ، خاتو شاناز کچی مەولانا یەعقوبی ئەردەلاٌنە ، ئەم ژنە ناوبانگی بە قارەمان و تێکۆشەرێکی دلێر دەرکردووە" دواتر باسی چیرۆکەکانی ژیانی دەکات و وێستەکانی ژیانی پرقارەمانی بەنوسین و لە گۆڤارەکەدا باس دەکات.

له هەمان ژمارەدا ، بابەتی سەرگەرم کردن و زانیاری گشتی هاتووە ، بەم شێوەیە ( ولاّتی ئۆغەندە تەنها ولاّتە ، کە لەمانگی ڕەمەزاندا و لە هەر چوار وەرزی ساڵدا کاتی بەربانگ کردنی تێدا ناگۆڕێت ، ئەویش بە هۆی شوێنی ولاّتەکەوە ، کە دەکەوێتە سەر خەتی ئیستیواو درێژی شەو ڕۆژ بە درێژی ساڵ وەك یەکە ).

دواتر وتەی بەنرخی نوسەران و بیرمەندان و فەیلەسوفەکانی بلاّوکردۆتەوە بۆ نمونە ( ڕەنگە هاوڕێیەتی گەشە بکات و ببێتە خۆشەویستی ، بەلاّم قەت خۆشەویستی ناگەڕێتە دواوە ، بۆ ئەوەی ببێتە هاوڕێتی.... بیرۆن )، لە گەڵ چەندین وتەی تر کە لە هەمان گۆڤار دا بلاّو بوەتەوە.

دیسان لە گۆڤاری گیرفان و لە ژمارە(٩)یدا، عیسا چیایی بەناو نیشانی ( سێبەر) بابەتێکی پێشوتری گۆڤارەکەی ڕاستکردۆتەوەو چەندین بەڵگەی بە وێنەوە خستۆتە ڕوو ، باسی هەبوونی ڕۆژنامەیەك دەکات لە ناوچەی گەرمیان بەناوی سێبەر لە سالاّنی ١٩٨٤/١٩٨٥ و لە ناوچەی شاکەڵ دەرچووو.

لە ژمارە (٣)ی گۆڤاری ئەنفالیشدا ، محمد کوردۆ خوێندنەوە بۆ کتێبی " شایەتحاڵەکانی ئەنفال " کردوە ، کە عارف قوربانی نوسیویەتی و بەم شێوەیە باسی کتێبەکە دەکات و دەڵێ" کتێبێکی ٣٥٢ لاپەڕییەو بە چاپێکی جوان و قەبارەیەکی گەورەو بە تیراژی ١٠٠٠ دانە بلاّو کردۆتەوە ، ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی زۆرباش و پڕبایەخە بۆ ئەمڕۆی کتێبخانەی کوردیەو هەقە هەوڵی وەرگێڕانی بۆ سەر زمانە زیندوەکانی دنیا بدەین.

لە گۆڤاری داستان دا لە ژمارە (٩)یدا نوکتەو پێکەنین هاتووە ، واتە ئەو بابەتانەی کە بۆ سەرگەرمی و پێکەنینە ، بۆ نموونە ( ڕۆژێك کابرایەکی کورد مەیمونێکی دەبێ، دەیباتە بەغداد بۆ ئەوەی بیفرۆشێت ، زۆر دائەنیشێت کەس لێی ناکرێت ، کابرا برسی دەبێت بە کابرای عەرەب دەڵێت" من دەچم نان دەخۆم ئەگەر کڕیار هەبوو ، ئەم مەیمونەی پێ ببفرۆشە" ئەویش ئەڵێ باشە. کابرای کورد ئەچێت نان دەخوات و کاتێك دەگەڕێتەوە تەماشا دەکات پارە دەژمێرێت، تومەز ئەو کابرای عەرەبی فرۆشتوە).

## تەوەری سێیەم : کاریگەری ئەنفال لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری و ڕەنگدانەوەی لە گۆڤارەکاندا

ئەنفال هەر ئەوەنیە کە تەنها تاکی کوردی بوبێتە قوربانی ، وەك ژمارەی دانیشتوان و ڕێژەی قوربانی کە لەبۆنەو ژێدەرەکاندا باسی لێوە کراوە، بەڵکو ئەنفال ناسنامەی گەلی کوردیشی لەگەڵ خۆیدا ڕاپێچ کرد، واتە ئەنفال تەنها قڕکردنی جەستەی نەبوو بەڵکو قڕکردنی شوناسی نەتەوەی کوردیش بوو.
لەم تەوەرەشدا سەرەتا بەشە گرنگەکانی فۆلکلۆر بەگشتی و بەڕاگوزەرێك ڕوندەکەمەوە و دواتر شۆڕدەبمەوە بەرەو مەبەستەکانی پەیوەست بە لێکۆڵینەوەکە.
دیارە فۆلکلۆری کوردی بەرهەمی هەزارەها ساڵەی باو باپیرانمانە ، پشتاوپشت بۆمان ماوەتەوە، ئەم بۆ ئەوو ئەویان بۆ ئەم گێڕاویەتیەوەو لەشەو چەرەو ئاهەنگ و شایی و دیوەخانەکاندا بۆ خەڵکی باسیان لێوە کردوەو وتویانەتەوەو گوێیان بۆ شل کردوەو تام و چێژیان لێ وەرگرتووە، هەندێکیان بە پێی گۆڕانی بارودۆخی ژیانی خەڵکەکە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و بەرەو کزی و نەمان چون و شتی تر جێگایتنی گرتۆتەوە، هەندێکیشیان هەربە گەشاوی وەکو خۆی لە سینگی پیرە پیاوەکان و پیرە ژنەکاندا ماونەتەوە، دەشتوانین بڵێین فۆلکلۆر هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی ژیانی مرۆڤەوە هاتوەتە گۆڕێ و تاسەردەمی ئەمڕۆش نەتەوە لەسەری بەردەوامە، بەڵام هەر بابەتێکی فۆلکلۆری لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دی شێوەکەی دەگۆڕێ و لە قاڵبێکی تردا جێگای خۆی دەگرێتەوە، تەنانەت لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تریش ئەم گۆڕانکاریە بە خۆیەوە دەبینێ [1].

## ٣-٣-١: پێناسەی پەندو قسەی نەستەق:

ڕاستیەکەی ( پەند ) و ( قسەی نەستەق ) ئەمە کێشەی زۆریان لەسەرە، کە چۆن سنورێکی وایان لە نێواندا دابنرێ کە لە یەکیان جیا بکاتەوەو تا ئێستاش زانایان نەگەیشتونەتە ڕایەکی وا بتوانرێت هەریەك لەم بەشانە لەوانی دیکە بەتەواوەتی جیا بکرێتەوە، بۆیە ئێمە تەنها پێناسەی پەند دەکەین و دەستەواژەکانی تر هەر لەو چوارچێوەیەدا مامەڵەیان لەگەڵا دەکەین.
وەکو مامۆستا سەجادی دەڵێت : پەندی پێشینان عیبارەتە لە چەند قسەیەکی کورتی کوردی پێکەوە نوسراون و مەعنایەکی بەرزیان هەیە، یان پەندی پێشینان: ئەو ووتەو ڕستە کورتانەیە کە مانایەکی قوڵ و فراوانیان هەیەو پێشینانمان لە ئەنجامی ئەزمونی خۆیان وتویانە.
تا ئەمڕۆ چەندین لێکۆڵینەوە لەسەر پەندی پێشینان نوسراون و چاپکراون و هەزاران پەند کۆکراونەتەوەو بەچاپ گەیەنراون ، بەڵام زۆری دیکە ماون هێشتا لەسەر زارن و کۆنەکراونەتەوە.

---

[1] – ئیبراهیم باجەلان ، هەردەوێڵ کاکەیی ، هەڵبژاردەیەك لە هۆنراوەی فۆلکلۆریی کوردی ناوچەی گەرمیان(بەرگی سێیەم)، چاپخانەی شڤان–سلێمانی، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ ، ل ٦

بێگومان پەندی پێشینان ڕونترین ئاوێنەی قۆناغە جیاجیاکانی کۆمەڵگای کوردەوارین ، لە وردبونەوە لەو پەندانە ، دەتوانین لە بیرو باوەڕو ڕەوشت و ئاکارو هەست و هۆشی باب و باپیرانمان بڕوانین.

ئەگەر سەرنجی وردی پەندی کوردی بدەین و ماناکانیان لێکبدەینەوە، دەردەکەوێت زۆربەی هەرزۆریان لە چوار چێوەی ئەوەی کە زانانیانی موسوڵمان پێی دەڵێن ( المقاصد الشریعە) جێگایان دەبێتەوە، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر کاریگەری ئامانجەکانی شەریعەت لەسەر بیرو هۆشی باو باپیرانمان، ئەگەر بشوترێت مەرج نیە کاریگەری شەریعەت بوبێت لە سەر ئەو پەندانەی کە وتراون ، بەڵکو هاندانە بۆ چاکە و ناشرین کردنی خراپەیان مەبەست بووە،دەڵێین باشتر چوکە ئەوە بەڵکە لەسەر گونجاوی شەریعەت لەگەڵ سروشتە پاکەکان، هەر چەندە گەر واز لەو ڕاستیە بهێنین ، ئەمەیان گومانی تێدا نیە کە کۆمەڵە پەندێکی زۆرمان هەیە ڕاستەوخۆ کاریگەری شەریعەیان بەسەرەوەیە، بە ئاشکرا لە ئایەتێکەوە یان فەرمودەیەکەوە وەرگیراون .[1]

ئەدەبی میللیو فۆلکلۆری بە یەکێك لە لقەکانی ئەدەب دادەنرێت، گەر هۆنراوە وەکو بەشێکی وێژە لەم باسەدا باسی بکەین دەتوانین بڵێین دیارترین جیاوازی لەنێوان ئەدەبی میللیو ئەدەبی فۆلکلۆریدا ئەوەیە، کە وا خاوەنی یان دانەری ئەدەبە میلییەکە تاکە کەسێکە لەو سەردەمەدا، کە لە بەرهەمو گەلێ کاتدا دیارە بەڵام بەرهەمە فۆلکلۆرییەکە نە خاوەنی تاکە کەسێکەو نە مەرجیشە تاکە کەس خاوەنی بێت، بەڵکو خاوەنەکەی گەلەو بەرهەمەکەش بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار گەلێ کەس بەشداری تێدا کردووە، لێرەدا ئەدەبی فۆلکلۆری بەنموونە دێنینەوە کە ژنان تێدا ڕۆڵ دەگێڕن، ئیدی بە گوتنی سەردۆلکەکان بێت کە وەك شینگێڕێك دەیانوت لە پرسەکانداو یان وەك پەندی لەنێو قسەو باسەکانداو لە جێی خۆیدا دەیلێن، یان بە دەربڕینی هەستو سۆزی بۆ کۆرپەکەی، کە بە سادەیی هەستی دەروونی دەردەبڕێ لە کاتێکدا ئەو دەربڕینە ئاوێنەی چۆنیەتی ژیانی کۆمەڵایەتییە.

## ٣-٣-٢: ئەدەبی زارەکی و بەیت لە ئەدەبی فۆلکلۆریدا:

بە درێژایی مێژوو زۆر نەتەوە هەبوون کە سەرەڕای پێشینە و کەونارایی پڕ لە شانازییان، بە هۆی جۆراوجۆری سیاسی و مێژووییەوە نەیانتوانیوە زمان و ئەدەبی خۆیان گەشە پێ بدەن و لە ئەدەبی زارەکییەوە بیکەنە ئەدەبی نویسیاری، یان لانیکەم ئەدەبی زارەکیی خۆیان بپارێزن، هەر بەم هۆیەوە یان بە یەکجاری لەناو چوون و هیچ شوێنەوارێکیان لە مێژوودا نەماوەتەوە، یان فەرهەنگ و ئەدەبەکەیان لەناو فەرهەنگ و ئەدەبی نەتەوەکانی دیکەدا قاڵ بۆتەوە. لەم نێوەدا، نەتەوەی کوردیش وەکوو یەکێك لە کۆنترین و کەوناراترین نەتەوەی ڕۆژهەڵاتی، گەرچی هەموو کات کەوتۆتە بەر شاڵاوی داگیرکاری و ژینۆسایدی فیزیکیی حکوومەتە باڵادەستەکانی وەکوو ( عیراق، تورکیە، ئێران و سووریە )وە، بەڵام بەخۆشییەوە لە ماوەی مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی خۆیدا

[1] - تۆفیق کەریم ، کاریگەری ئیسلام لەسەر پەندی کوردی، چاپخانەی ڕامان ، چاپی یەکەم٢٠١٠، ل ٩٢-٩٣

نەکەوتۆتە بەر ژینۆساریدی فەرهەنگی و ئەدەبییەوە یان لانیکەم بەهۆی بوونی وزە و توانایی و کاراکتێرە بەهێزەکانی ئەم بوارەوە و لە سایەی خەبات و تێکۆشانی سیاسی و فەرهەنگیدا نەیهێشتووە سێبەری لەناوچوون و قالبوونەوە باڵ بەسەر ئەدەبی زارەکی ( فۆلکلۆر )دا بکێشێ، ئەم ئەدەبە خۆماڵی و رەسەنە کە هەوێن و ریشەی لە هەناوی فەرهەنگ و ژیار و داب و نەریتی نەتەوەی کورد دایە، درێژەی بە ژیانی خۆی داوە و بۆتە ئەستووندەکێکی قورس و قایم بۆ دەوار و خێوەتی زمان و ئەدەبی کوردی لە سەردەمە جیاوازەکان. کەوایە ئەدەبی زارەکی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا خاوەن پێگە و رۆڵێکی پڕ بەها و گرینگە.[1]

هەروەها ڕۆژهەڵات ناس و ڕوناکبیری بەناوبانگی ئەرمەنی ( ئەبو ڤیان) کە یەکێکە لە ڕۆژهەڵات ناسە پێشکەوتوو خوازەکان، دەڵێت :( هەموو کوردێك تەنانەت پیرە مێردە نەخوێندەوارکایش گیانی شاعیرانە لەناوخ و دەرونیاندا هەیە، هەمویان لە گۆرانی وتندا خاوەنی توانان و زۆر بەسادەیی لە سەرخۆ گۆرانی ئەڵێن و بەدۆڵ و چیا و تاڤگەو ڕوبارو گوڵ و چەك و ئەسپ و ئازایەتی و کچی جوانی خۆیان و بەنازداریاندا هەڵ ئەدەن، ئەمانە هەموو لە قوڵای هۆش و دەرونیاندا دێتە دەرەوە) [2]

## ٣-٣-٢: توخمەکانی ئەدەبی زارەکی:

ئەدەبی زارەکی ( فۆلکلۆر)ی کورد بەگشتی هەڵگری سێ توخمی سەرکیی وەکوو: بەند، بەیت و حەیرانە. بەند و حەیران ئەو دەستە لە شێعری خۆماڵین کەلە فۆرمێکی داستانی و و گێڕانەوەی ئەمڕۆیی و توخمە پێکهێنەرەکانی دراماتیك بەدەرن و زیاتر دەچنە خانەی چامەی بەرزی عاشقانە، گۆرانیی میللی و ناوچەیی، پەسن و وێنای جوانییەکانی نیشتمان، عەشق و دڵدارییەوە. نموونەی ئەم جۆرە ئەدەبە ئەمانەن: پاییزە، بالۆرە ( لاواندنەوەی مردوو، بەتایبەت ئەوانەی کە لاوچاك و شۆڕەسوار بوون کە زیاتر لە جنووبی کوردستان و ژنان دەیچڕن ) گۆرانی، بەهارە، ئازیزە، گوڵێ و سەحەری. بەڵام بەیتەکان شێعرگەلێکی داستانیی رەشۆکین کە هەڵگری پێکهاتەیەکی شانۆیین، رێژەیان لە جۆرەکانی دیکەی ئەدەبی زارەکی زیاترە و بەشی هەرە زۆری ئەدەبی زارەکیی کورد پێك دەهێنن. بەگشتی بەیتەکان لەباری بابەتەوە بەسەر شەش گرووپدا دابەش دەبن: عاشقانە ( مەمی ئالان )، تراژیك ( سەیدەوان )، ئایینی ( زەمبیل فرۆش ـ شێخی سەنعان )، حیماسی ( مەم و زین )، مێژوویی ( قەڵای دمدم ) و ئەفسانەیی ( لاس و خەزاڵ ).

چامە داستانیەکان حیکایەت، ئەفسانە و ئوستووەرگەلێکن کە لەسەر بنەمای ڕووداوە مێژوویەکانی ناوچە، خەبات و تێکۆشانی میللی و مەزهەبی، شەڕ و قەڵاچۆی ناوچەیی کە بە تێهەلکێشێك لە خەیاڵ و زانیارییە راستەوخۆکانی گێڕەروە ( بەیتبێژ ) گێڕدراونەتەوە. ئەم چیرۆکە زارەکیانە کە سەرهەڵدانیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی

---

[1] - ئەدەبی زارەکی و چەند سەرنجێك ، شەریف فەلاح ، یەکێتی نوسەرانی کورد، چاپی یەکەم ٢٠١٢ ، ل ٨

[2] - عزدین مستفی رسول ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ، چاپی سێیەم ٢٠١٠، دەزگای چاپ و بلاْوکردنەوەی ئاراس–٢٠١٠ هەولێر، ل ١٣

دەرەبەگایەتی و فیۆدالیزم لە کوردستان. سینە بە سینە لە دانەر و گێڕەرەوەی نەناسراوی سەدەکانی پێشووە گەیشتوونەتە دەستی گێڕەرەوە و بەیتبێژەکانی ئەمڕۆ.

بەیتەکان هەڵگری واتا و بابەتی جۆراوجۆرن، بابەت و هەوێنی هەندێکیان تەنیا ناوچەیی و خۆجێین و دەربڕی ئێش و برك و ئازار و ئەو هەوراز و نشێوە نەتەوەییانەیە کە چ لەم چاخەی ئێستا و چاخە کەونارایەکاندا بەسەردا هاتووە وەکوو: مێژووی کورد، شەڕ و خەباتی نەتەوەیی - مەزهەبی. رووداوە راستەقینە و تاڵ و شیرینە ناوچەییەکان، چیرۆکی ئەویندارى و نموونەی لەم چەشنە. بەیتەکان لەباری وشە و دەستەواژەوە وەکوو گەنجینەیەکی بەنرخ دێنە ئەژمار کە زۆرێك وشەی رەسەن و پەتییان لە فەوتان رزگار کردووە و لەم بارەوە هەڵگری بایەخی ئەدەبی و مێژوویین، لەلایەکی دیکەشەوە لە هەناو و دووتوێی بەیتەکاندا دەکرێ بە جوانی هەست و سۆز و کاکڵەی ژیانی مرۆڤی کورد، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، جۆری کەش و هەوا و سروشت، دۆخی جوغرافیایی و سیاسی، جۆری چالاکیی خەڵك و باوەڕ، ئەندێشە و تێگەیشتنە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی خەڵك وەکوو وێنەیەك لە ئاوێنەدا ببینرێ.

ئەوەی لە ئەنجامی خوێندنەو و لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەدەباتی کوردی مرۆڤ تووشی سەرسوورمان دەکات، گەشەی لەرادەبەدەری فۆلکلۆرەکەیەتی، کە بە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی دێتە ئەژمار. لەبەر ئەوەی خەڵکی کورد دەرەتانی خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکیی خۆی نەبووە و لە مافە بێبەش بووە و لە بەراورد لەگەڵ دراوسێیەکانی وەکوو: تورك و فارس و عەرەب لەم بارەوە ژێرچەپۆکە بووە و زوڵمی لێکراوە و ناچار بووە بۆ دەربڕینی خەیاڵ و ئێش و برك و ئازارەکانی ژیان بپەرژێتە سەر ئەدەبی زارەکی و بە شێوەیەکی بەرین و لەم دەریایە قووڵ و مەنگەدا مەلە بکەن و ئەمەش خۆی دەبڕی ئەوەیە کە ئەم خەڵکە مەیل و هۆگریەکی زۆریان بە فێربوونی زمانی زگماکیی خۆیان هەبووە. کەوایە هەر هەرچەشنە توێژینەوە و بەدواداچوونێك لەبارەی ئەدەبی دەبێ سەرەتا و پێش هەر هەوڵێك بگەڕێینەوە بۆ فۆلکلۆر، بەیت و باو، پەندی پێشینان، قسەی نەستەق و بە گشتی فەرهەنگ و ژیاری لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەم نەتەوەیە، کە نەتەنیا هەڵگری میراتێکی زۆر دەوڵەمەندی ژیان و جیهانبینیی نەوەکانی پێشووە و زۆر جاریش لە بابەت و هەوێنی فۆلکلۆریکی نەتەوە دراوسێیەکانی کەڵکی وەرگرتووە و بە تواندنەوەی لە لەناو فۆلکلۆری کوردیدا هەردەم بۆ گەشە و پەرەپێدانی هەوڵی داوە. بەڕای "ویلچسفکی" گەشەی لەرادەبەدەری فۆلکلۆری کوردی، دەربڕی ئەخلاق و کەسایەتیی چینایەتیە، کە ئەمە خۆی نیشانەی زەوق و داهێنانی زارەکیی کۆمەڵی کوردەوارییە، [1]

پەندی پێشینان ، بە چاك و خراپیەوە ، رەوشت و خووی سروشتی و ژیری و داب و نەریت و هەلسوکەوت و رەفتاری گەل دەخاتە روو.. هەر گەلیش بە خاوەنی پەندی پێشینان دەزانرێت .

[1] - شەریف فەلاح ، ئەدەبی زارەکی و چەند سەرنجێك ، یەکێتی نوسەرانی کورد، چاپی یەکەم ٢٠١٢ ، ل ١٢

پەندی پێشینان و قسەی نەستەق ، دوو شتی جیاوازان ، ئەگەرچی لە هەندی رووەوە لەیەکدەچن و، چەند خالێکی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە .. قسەی نەستەق خاوەنەکەی ناسراوە ، بەلام پەندی پێشینان گەل خاوەنێتی .. لە چەند کتێبێکی کوردیدا ، کە پەندی پێشینان یا قسەی ناودارانیان تێدا نووسیوە ، کۆمەلێك پەند و قسەی نەستەقیان تێکەل کردوە ، هەندێ لە وتەی ناودارانیان بە پەند نووسیوە ، یان بە پێچەوانەوە.

پەندی پێشینان ، بابەتێك نیە بۆ سوعبەت و خۆشی ، یا بیکەین بە شەوچەرەی شەوارەی شەوانی درێژ و تاریکی زستان و کاتی پێ بەسەر بەرین. بەلکو بایەخێکی رەوشتی و کۆمەلایەتی و رۆشنبیری گرنگی هەیە، کە بیرتیژی و فەلسەفەی مرۆڤ دردەخات ، تا ئەو رادەیەی کە گەلان بە پیرۆزی و رێزەوە دەروانن پەندی پێشینان.. گەلێ لە لقەکانی تری ئەدەب سوودیان لە پەندی پێشینان وەرگرتوە..تەنانەت لە گەلێ لە کتێبە ئاینیەکانیشدا ، پەندی پێشینان یان هاوشێوەیان بەکارهێناوە.

بێگومان هەر گەلێك پەندی خۆی هەیە ، کە گوزارشت لە تایبەتمەندی و داب و نەریت و ژیان و گوزەران و ژینگە و سروشت و زیدی ئەو گەلە دەکات.. بۆ نموونە ئەم پەندانە تایبەتین بە گەلی کوردمانەوە و، شەقل و تایبەتمەندی کوردیان پێوە دیارە :

پەندی پێشینان ، لقێکی گرنگە لە ئەدەبە و ، بەشێکی گەورە و بەنرخە لە فۆلکلۆر و کەلەپووری رەسەنی نەتەوایەتی و ، گەنجینەیەکی لەبنەهاتووی رۆشنبیریە و ، فەرهەنگێکی فرە دەولەمەندی زمان و وشە و، پڕ لە زانست و زانیای و تاقیکردنەوەی هەموو بوارەکانی ژیانی گەلە .. ئاوێنەیەکە رادەی شارستانی و رۆشنبیری و ژیری و لێهاتوویی هەر گەلێك دەخاتە روو .. پەندێکی ئینگلیزی دەلێت : « پەندەکانی هەر نەتەوەیەك پەرتووکێکی گەورەیە ، کە بە ئاسانی رەوشتیانی تێدا دەخوێنینەوە .. »

پەندی پێشینان ، فەلسەفەی ژیانە و ، بەری رەنج و تاقیکردنەوە و ژیری و بلیمەتی و رەوانبێژی رەوانبێژانە. ئەم پەندانە لە چەندین قۆناخی جیا جیادا ، بە درێژایی سالەهای سال وتراون و لە باو و باپیرانمانەوە ، دەماودەم بۆمان ماونەتەوە ، بەشێکی زۆریان تا ئەمرۆش بایەخ و تام و چێژیان ماونەتەوە و، لە ژیانی رۆژانەماندا لە کات و شوێنی خۆیاندا بە کاریان دەهێنین و ، سوودیان لێ وەردەگرین .. بڕواشم وایە ، نەوە لە دوای نەوەی ئێمەش بە کاریان دەهێنن.. رەنگە بەشێکیش لە وتە و تاقیکردنەوەکانی ئەمرۆی ئێمەش،ببنە پەند و قسەی نەستەق و چیرۆك و سەرگوزشتە بۆ نەوەکانی داهاتوومان.

پەندی پێشینان ، لە ناوەرۆکدا پەخشانە و ، بریتیە لە رستە و وتەیەکی کورت و چڕ و پڕ ، کە روویەکی لۆژیکی هەیە ( مەبەستدارە) ، مانا و مەبەستێکی فراوان و قوولی هەیە .. بەشێکیان سادەن و، بە زۆریش لۆژیکی و توێکلدارن و مەبەستێکی تر دەپێکن .. دەشلێن پەندی پێشینان دەرد و دەرمانیشی دیاری کردوە.. هەندێ پەندی کوردیمان لە شێوەی دێرە هۆنراوەدا هاتوون و نیوە دێرەکانیان ، سەروایان هەیە بۆ نموونە :

« کەمەرە و لوولە هارەی دێ ـــ سك لە برسا قۆرەی دێ » یان :

« هەوتی بمرێ لە باوان ـــ کلی نابڕێ لە چاوان »

له هەندێ پەندی تری کوردیماندا جۆرە ترپەیەك هەیە ، کە ئاواز و ئاسانیان بە رستەکان داوە بۆ نموونە : « بخۆ خۆلە کەوێ ، شوو مەکە سەر بە هەوێ » یان:

«قسە هەزارە ، دوانی بەکارە » یان : «پیاوی دوو ژنە ، جەرگی کون کونە »

پەندی پێشینان ، هەمەموو بوارەکانی ژیان و ، هەموو چین و توێژە کۆمەلایەتتیەکان دەگرێتەوە..هەر سەردەم و قۆناخێکیش رەنگدانەوە و کاریگەریان لە پەندەکاندا هەیە.

پەندی پێشینان ، بە چاك و خراپیەوە ، رەوشت و خووی سروشتی و ژیری و داب و نەریت و هەلسوکەوت و رەفتاری گەل دەخاتە روو.. هەر گەلیش بە خاوەنی پەندی پێشینان دەزانرێت .

پەندی پێشینان و قسەی نەستەق ، دوو شتی جیاوازان ، ئەگەرچی لە هەندی رووەوە لەیەکدەچن و، چەند خالێکی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە .. قسەی نەستەق خاوەنەکەی ناسراوە ، بەلام پەندی پێشینان گەل خاوەنێتی .. لە چەند کتێبێکی کوردیدا ، کە پەندی پێشینان یا قسەی ناودارانیان تێدا نووسیوە ، کۆمەلێك پەند و قسەی نەستەقیان تێکەل کردوە ، هەندێ لە وتەی ناودارانیان بە پەند نووسیوە ، یان بە پێچەوانەوە.

پەندی پێشینانی کوردی ، بەری تاقیکردنەوە و رەنج و دنیادیدەیی و فەلسەفە و رەوانبێژیی رەوانبێژانی گەلی کوردمانە.. کە هەموو بوارەکانی ژیانی کوردەواریمانی  بە باش و خراپیەوە ، بە شیرین و تالیەوە ، بە شێنەیی و تەنگانەیەوە... هتد. لەخۆ گرتوە.. بەشی هەرە زۆری پەندەکانمان ، سیما و رەسەنایەتی گەلی کوردمانیان پێوە دیارن.. گەلی کورد یەکێکە لە گەلە هەرە دەولەمەندەکانی جیهان لە پەندی پێشینان و فۆلکلۆردا.رۆژهەلاتناسەکان گەواهی ئەم راستیەن و لە نووسینەکانیاندا باسیان کردوە.

ئەگەرچی تا ئێستا نزیکەی بیست هەزار پەندی پێشینانی کوردیمان نووسراونەتەوە و بلاوکراونەتەوە.. بەلام بە هەزاران پەندی تریشمان هەیە ، لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا ، بە چەند شێوەزارێکی زمانی کوردیمان بە تایبەتیش لە سەر زاری بە تەمەنەکانمان ، کە تا  ئەمرۆش نەنوسراونەتەوە.

ئەگەر ئەفسانە لە روی ئاینیەوە زۆر بیروباوەڕی تێدا بێت کە بەتەواوی لە ئاینی کۆنی پێش ئیسلامەوە وەرگیرابێت ،ئەوا پەندی پێشینان بەتەواوی شەقلی دەوری موسولمان بوونی لە لایەکەوە تێدایە .... وەك : (خالۆی دەسەوسان ، چ خوای گەرمیان چی خوای کوێستان) یان ( ئەو کەسەی گیان دەدا، ئەو کەسە گیانیشی دەسێنێ)

ئەم پەندانە بەتەواوی ئاوێنەی بڕوای ئیسلامێتیە بە خوایەکی تاك و تەنیا کەژیان و مردن و بونەوەر بەدەست ئەوە ، ئەمە تەواو پێچەوانەی ئەو باوەڕەیە کە لە ئەفسانەدا دیمان، باوەڕبون بەخوای خێرو خوای شەڕ، کە لە ئاینی کۆنی پێش ئیسلامەوە وەرگیراوە، لەم جۆرە پەندانە زۆرن  وەك (تا نەینایە تەبەق ، نەیوت ئەللاهو سەدەق) لێرەدا مەبەستمان ووشەی ئەالاهو سەدەقە، یان کورد دەلێت: بانگی موحەمەد بە ئاشکرا خۆشە، هەر چەند ئەم پەندانە بۆ ئازایی بەکار دەهێنرێت، بەلاّم دیارە کە لەچیرۆکە بەناوبانگەکەی عومەری کوڕی خەتابەوە

وەرگێراوە، یان کورد دەڵێت :( سۆفیلکەی بەرماڵ بەشان ، بەڕۆژ دەگەڕی کۆڵان بەکۆڵان ، بەشەو دێتەوە دەڵێ: ئەللأهو ئیمان) دیارە مەبەستیش لێرەدا هەر ووشەی دواییە.[1]

ئەگەر چی پەندو قسەی نەستەق زۆر کۆنەو مێژوەکەی دیار نیە ، بەلأم دەکرێت هەندێ پەند لە ڕوی ناوچەییەوە جیابکرێتەوە ، واتە پەندو ئەدەبی زارەکی هەیە کوردیەو هەشە نەتەوەکانی جودا لە کورد ، وە دەتوانرێت لەناو پارچەکان و ناوچەکانی کوردستانیش دا پەندە ناوچەیەکان تاڕادەیەك جیابکرێتەوە، لە گۆڤارە کوردیەکانی ناوچەی گەرمیاندا پەندەکان بلأوکراونەتەوەو دەستنیشانی ناوچەکان کراوە، بەلأم پەندو قسەی نەستەق دورە لە بابەتی ئەنفالەوەو ، هیچ پەندێکی تایبەت بە ئەنفال نابینرێت و نیە لە کۆژانەکانی کۆمەڵکوژی کورد، چونکە ئەنفال زەمەنی تازەیەو قسەی نەستەپ و پەندەکانیش زەمەنیان نادیارە.

لە گۆڤاری ورێزادا چەندین پەندو قسەو ئەدەبی زارەکی دەماودەم و نوکتە بۆ زاخاوی مێشك و مەتەڵ و بابەتەکانی فۆلکلۆری بلأوکراوەتەوە، لەگەڵ خستنە ڕوی داودەرمانی کوردەواری و پێشبینی زاناو خواناسان و ڕێوڕەسمی ئاینەکان و ، ئێمە وەك نمونە هەندێکیان لێرەدا دەخەینە ڕوو.

– ئاگرە سویرە لەمنەوە دویرە

واتە بەو کەسە دەوترێت کە بێ سامان و بێ خەم و خەیاڵە

– دایی بدوێنەو دوێتە بخوازە

واتە ئەگەر نیازت وایە خوازبێنی کچێك بکەیت ، سەیری ڕەوشت و ڕەفتاری دایکی بکە، چونکە دایك ڕابەرو قوتابخانەو مامۆستای کچە.

– پای پەتی باشترە لە پێلاوی تەنگ

واتە بە پێی خاوسی بگەڕێت باشترە نەك پێلأوەکانت تەنگ بێت ، چونکە ئازارت دەدات، یان ویستت کارێك بکەی ، ئەگەر بەباشی نەیکەی ئەوە هەر نەیکەی باشترە.

– ئاگر لە دەمی وارد

واتە بەکەسێ دەوترێت کە تورەو قسە ڕەق و توندڕەوبێت.[2]

پیاز : لە کۆمەڵگای کوردیدا پیرۆزیەکی تایبەت مەندی هەبووە، لە دوای بەکار هێنانی بۆ خوارد، زۆربەی کات چارەسەری نەخۆشیەکانیان پی کردوە، پیاز بەباشی کولأندویانە ئینجا لەگەڵ شیردا داویانە بەو مندالأنە کە توشی کۆکەو هەلأمات بوونە، زۆرجاریش لەگەڵ توتندا تێکەلیان کردووە بۆ سەربڕینی (دوومەڵ)کاریگەرترین چارەسەربوە بۆ سارێژبونی برینەکە.

---

[1] – تۆفیق کەریم ، کاریگەری ئیسلام لەسەر پەندی کوردی ، چاپخانەی ڕامان ، چاپی یەکەم٢٠١٠ ، ل ٩٢

[2] - هێڤار خانەقینی ، پەندی پێشینان و قسەی نەستەق ، گۆڤاری ورێزا –ژمارە (٤)، چاپخانەی کەمال٢٠٠٧ ، ل ٦٧

ڕەیحانە: چەند جۆرێکە جۆرێکیان دەخورێت و جۆرەکەی تر زۆرجار بەکاریان هێناوە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانی دڵ و کۆکەڕەشەو ئازارەکانی سنگ.[1]

– مەتەڵ: ڕێوی و شێر:– شێرێکی برسی لە دارستانێکدا گەیشتە ڕێویەك و ڕێی پێ گرت، ڕێوی بێ ئەوەی هیچ ترسێك پیشان بدات، ووتی: ئاگاداری خۆت بە هیچ زیانێکم پێ نەگەیەنیت، چونکە فەرمانڕەوای ئاسمانەکان منی ڕەوانەی سەرزەوی کردوە، تالەناو ئەم دراستانەدا فەرمانڕەوای بکەم و درندەو زاڵمانی نێو دارستان تەمبێ بکەم. شێری برسی لە قەدوقامەتی ڕێوی ڕاماو... ڕێوی ووتی: ئەگەر بڕوام پێ ناکەیت دەتوانی دوام بکەویت، پێکەوە گەشتێکی ناو دارستان بکەین،ئەوکاتە دەزانی من کێم و چیم، شێر قسەی ڕێوی قبول کردو کەوتە دوای ڕێوی و دەستیان بەگەڕان کرد لەناو دارستان دا، هەر گیانلەبەرێك شێری برسی دەبینی دەستی بەلەرزین دەکردوو بۆ لایەك هەڵدەهات. ئەوجا ڕێوی بێفەر بە شێری درندەی ووت: ئێستا لەبەرامبەر هەیبەتی مندا چی دەڵێیت: شێرەکە کەوتە سەر دەست و پێی ڕێوی و پێی ووت: گەورەم لە نەفامی من ببورە !..[2]

ناوچەکانی کوردستان و گەلی کورد دەوڵەمەندە بە سامانی کەلەپوری ، بەلاّم ڕەشەبای مەرگ دەستی نەپاراست لە هیچ شتێکی کوردو لەگەڵ خۆیدا ڕاپێچی کرد ، بەخاك و جەستەو کلتورەکەشیەوە، واتە ئەنفال بوە هۆی لەناو چوونی ڕەگەزنامەو شوناسنامەیەك کە هەریەکە لە تاکی کورد پێویستە بۆ ڕای گشتی ڕون بکاتەوەو شانازی پێوە بکات کە لە دێر زەمانەوە لە باو باپیرانمانەوە بۆمان ماوەتەوە.

ئەنفال هەر ئەوەنیە کە تەنها تاکی کوردی بوبێتە قوربانی ، وەك ژمارەی دانیشتوان و ڕێژەی قوربانی کە لەبۆنەو ژێدەرەکاندا باسی لێوە کراوە، بەڵکو ئەنفال ناسنامەی گەلی کوردیشی لەگەڵ خۆیدا ڕاپێچ کرد، واتە ئەنفال تەنها قڕکردنی جەستەی نەبوو بەڵکو قڕکردنی شوناسی نەتەوەی کوردیش بوو.

دیارە فۆلکلۆری کوردی بەرهەمی هەزارەها ساڵەی باو باپیرانمانە ، پشتاوپشت بۆمان ماوەتەوە، ئەم بۆ ئەوو ئەویان بۆ ئەم گێڕاویەتیەوەو لەشەو چەرەو ئاهەنگ و شایی و دیوەخانەکاندا بۆ خەڵکی باسیان لێوە کردوەو وتویانەتەوەو گوێیان بۆ شل کردوەو تام و چێژیان لێ وەرگرتووە، هەندێکیان بە پێی گۆڕانی باروذۆخی ژیانی خەڵکەکە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و بەرەو کزی و نەمان چون و شتی تر جێگای گرتۆتەوە، هەندێکیشیان هەربە گەشاوی وەکو خۆی لە سینگی پیرە پیاوەکان و پیرە ژنەکاندا ماونەتەوە، دەشتوانین بڵێین فۆلکلۆر هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی ژیانی مرۆڤەوە هاتوەتە گۆڕێ و تا سەردەمی ئەمڕۆش نەتەوە لەسەری بەردەوامە، بەلاّم هەر بابەتێکی فۆلکلۆری لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دی شێوەکەی دەگۆڕێ و لە قالبێکی تردا جێگای خۆی دەگرێتەوە، تەنانەت لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تریش ئەم گۆڕانکاریە بە خۆیەوە دەبینێ[3].

---

[1] – دەڤەر عوسمان باجەلاّن، داودەرمانی کوردەواری لەناوچەی بنکویرە ، گۆڤاری وریزا –ژمارە (٤)، چاپخانەی کەمال٢٠٠٧ ، ل ٦٨

[2] – ئەحمەدی شاملۆ ، ناوبانگی خراپ، وەرگێڕانی: مستەفا سەعید، گۆڤاری وریزا–ژمارە (١)ی بەهاری ٢٠٠٦، چاپخانەی حەمدی ، ل ٩٩

[3] – ئیبراهیم باجەلاّن ، هەردەوێڵ کاکەیی ، هەڵبژاردەیەك لە هۆنراوەی فۆلکلۆریی کوردی ناوچەی گەرمیان(بەرگی سێیەم)، چاپخانەی شڤان–سلێمانی، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ ، ل ٦

ناوچەکانی کوردستان و گەلی کورد دەوڵەمەندە بە سامانی کەلەپوری ، بەڵام ڕەشەبای مەرگ دەستی نەپاراست لە هیچ شتێکی کوردو لەگەڵ خۆیدا ڕاپێچی کرد ، بەخاك و جەستەو کلتورەکەشیەوە، واتە ئەنفال بوە هۆی لەناو چوونی ڕەگەزنامەو شوناسنامەیەك کە هەریەکە لە تاکی کورد پێویستە بۆ ڕای گشتی ڕون بکاتەوەو شانازی پێوە بکات کە لە دێر زەمانەوە لە باو باپیرانمانەوە بۆمان ماوەتەوە.

لە هەمان کاتتدا تەواوی کوردەواری و کۆمەڵی کوردەواری خاوەنی ئەو سامان و شوناسنامەیەن کە پێی دەوترێ کەلەپورو سامانی نەتەوایەتی گەلی کورد لە کوردستانداو لەو دەمانەشدا کە تاوانی نەگریسی (ئەنفال) و کیمیاباران بەسەر کوردو ناوچە کوردنشینەکاندا هات، لەبەر ئەوە کوردستان خاوەنی کیان و دەسەڵاتێکی تا ڕادەیەك سەربەخۆ نەبوو، نەتوانراوە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی لە دەرئەنجامەکانی ئاگادار بکاتەوەو سەرچاوەو هۆیەکانی دنیا بگەیەنێتە ناوچەکە، بۆیە بە ئاسانی کورد ئەنفالکراو کەسیش بەهاواریەوە نەهات.

یەکێك لە لایەن و دەر ئەنجامەکانی ئەنفال ئەوەبو کە بەشێکی گەورەی سامانی نەتەوایەتی کورد بێ جیاوازی لەناو چوو ، کە ئەوەش پەیوەندی گەورەی بەداب و نەریت و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانەوە هەیە کە کوردەواری و کۆمەڵی کوردەواری پێ ناسراوە. هەر لە ڕوخانی شاروشارۆچکەی جۆربەجۆر، گوند، مزگەوت ، قوتابخانە ، خانەقا ، تەکیەو دیوەخانی کوردەواری و لەگەڵیشیاندا لەناوچونی دەیان و سەدان دەستنوس و پاشماوەی دێرینی کوردەواری، جگە لەوەی کە دەیان و سەدان پیاو ژنی کۆمەڵ لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا هەر هەموو لە نەریتی کوردەواری و هەریەکەیان لە شوێن و مەقامی خۆیدا خاوەنی نەریتێکی زیندوی کوردەواری و تیادا قاڵ و شارەزابوون بێ جیاوازی بەر ئەو شاڵاوە کەوتن. هاوکات لەگەڵ خۆشیاندا هەموو ئەو داب و نەریتەی کۆمەڵگایان بووە خۆراکی ئەو کورە ئاگرینانەی کە بەعس و دەزگا سەرکوتکەرەکانی بەعس بۆی ڕاخست بوون، وەك دەبینین دەیان بەیت و باڵۆرەی کوردەواری و حیکایەتەکانی گوێی ئاگردان کە لەناوچەکەدا بۆ بۆنەو ڕوداوێکی دیاریکراو وتراون و لە پێشتردا دەستیان پێ نەگەیشتوە تا کۆبکرێنەوەو وەك سامانێکی پڕ بەهای نەتەوەی تۆمار بکرێن، ئەوانەش لە فەرهەنگی دڵی ئەواندا کە بەر ئەنفال کەوتن بەتەواوی سڕانەوەو لەگەڵ ڕوداوەکانی ئەو تاوانەدا ئەوانیش گیانیان سپارد، بۆ نموونە زۆرجار لەو بۆنە ئاینی و کۆمەڵایەتیانی کوردەواریدا ئەگەر بەوردی و بەجوانی بڕوانین دەبینین قورئان خوێن یان مەلای مزگەوتێکی کوردستاندا وا ڕێککەوتوە بەسەلیقەی خۆی و لەسەر کێش و ئاوازی مەقامە کوردیەکانی وەك ( ئەلاوەیسی ، قەتار ، خورشیدی .... بەتایبەت لەناوچەی گەرمیاندا قورئانی پیرۆزیان دەخوێند، کە ئەمەش بەدرێژی مێژوو وەك نەریتێکی باوی کوردەواری دەماودەم و پشتاوپشت بوە بەمیرات و بۆخۆی مۆرك و ڕەسەنایەتیەکی کوردانەی لە خۆ گرتووە.[١]

بێگومان گۆڕینی شوێنی نیشتەجێ بوون و لەدەست دانی داب و نەریتی رەسەنی کوردەواری هەرکۆمەڵگەیەك کە شڵەژا، ئەوا بێگومان زۆر لە بنەما سەرەکییەکانی لە دەست دەدا یان گۆڕانی بەسەر دادێت، شاڵاوی ئەنفال کە

---

[١] – ئەحمەد باوەڕ ، کاریگەری ئەنفال لەسەر سامان و کەلەپوری نەتەوایەتیمان، گۆڤاری هەشتاوهەشت ، ساڵی ٢٠٠٥–ژمارە(٤)، ل ١٥٢

بناغە و پرانسیپە سەرەکیەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بە شێوەیەکی گشتی و خێزانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بە تایبەتی تێك و پێکداو کاری کردە سەر داب و نەریتی کلتور و فۆلکلوری ڕەسەنی کوردەواری بۆ نمونە گۆرینی (شێوەیە جل و بەرگ، داب ونەریتی جەژن، جۆری هەڵپەرکێ و گورانی ووتن، حەکایەت و مەتەڵی کوردی، سلووکی هاموشۆ کردن، شێوەزاری قسەکردن و...) دواتر دەست نوس و پەندو ئەو شتانەی کە گەل خاوەنەکەیەتی بەرەو کاڵ بونەوەو لە ناوبردن برد.

# بەشی چوارەم

# ڕەنگدانەوەی ئەنفال لە هونەرەکانی ڕۆژنامەنوسی گۆڤارە کوردیەکانی ناوچەی گەرمیان دا

**تەوەری یەکەم: هونەرە ڕۆژنامەنوسیەکان و ڕەنگدانەوەیان لە گۆڤارەکانی گەرمیان دا**

**تەوەری دووەم: دیزاین و دەرهێنانی ڕۆژنامەنوسی لە گۆڤارەکانی گەرمیان دا**

**تەوەری سێیەم : دیزاین و دەرهێنانی ڕۆژنامەنووسی لە گۆڤارەکانی گەرمیان دا:**

## تەوەری یەکەم: هونەرە ڕۆژنامەنوسیەکان و ڕەنگدانەوەیان لە گۆڤارەکانی گەرمیان دا

### ٤-١-١: چەمکی ڕۆژنامەنوسی :

ڕۆژنامەنوسی لە لاتینیدا بە ( Journalism ) دێت ، کە لە وشەی (Journal ) وە وەرگیراوە، ئەویش لە وشەی (Jour )ی فەرەنسیەوە وەرگیراوە کە بەمانای" ڕۆژ" دێت ، ( Journal ) لە فەرەنسیدا بەمانی ڕۆژانە دێت ، ( فەرهەنگی ئۆکسفۆرد) زاراوەی ( press ) بە واتای ڕۆژنامەنوسیی بەکار دەبات و مەبەست لێی شتێکە کە پەیوەندی بە چاپ و بلاوکردنەوەو زانیاری و هەواڵەکانەوە هەبێت، بەلام ڕۆژنامە لە زمانی ئینگلیزی دا زاراوەی (Newspaper)ی بۆ بەکاردێنن ، کە لە لێکدانی هەردوو وشە ( news) هەواڵەکان و ( paper ) کاغەز یان پەڕەوە وەرگیراوە، لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی ( الصحافە) ی بۆ بەکاردێنن کە بە پیشەی ئەو کەسە دەزانرێت کە هەواڵەکان کۆدەکاتەوەو لە ڕۆژنامە یان گۆڤارێکدا کۆیان دەکاتەوە، یەکەم کەس لە زمانی عەرەبیدا کە ئەم زاراوەیەی بەکار هێناوە ( نجیب الحداد ) ی دامەزرێنەری ڕۆژنامەی ( لسان العرب ) بووە ، لە ئەسکەندەریە لە میسر ، بەگشتی ئەم دوو زاراوەیە " جۆرنالیزم و پرێس " کە بەواتای ڕۆژنامەنوسی دێن بریتین لە زانست و هونەری دەرکردنی ڕۆژنامەو گۆڤارو بواری نوسین و دارشتنی بابەت و هونەرە ڕۆژنامەنوسیەکان و هونەرەکانی وێنەکێشان و وێنەگرتن و هێلکاری و دیزاین و چاپکردن وریکلام بلاوکردنەوە کە پرۆسەی دابەشکردن و فرۆشتنیشیان بە دوادا دێت.[1] بەگشتی ڕۆژنامەنوسی وابەستەی پەیامێکی نوسراو دەبێت، چونکە نوسین ڕەگەزێکی زاڵە لە پرۆسەی ڕۆژنامەنوسی دا.

ڕۆژنامەنوسی وەك هەر چەمك و زاراوەیەکی تری ناو زانستە مرۆڤایەتیەکان ، تاکە لیکدانەوەو پێناسەیەکی دیار کراوی نیە ، بلکو بەچەندین جۆر ناسێنراوەو هەر بوارێکی مرۆڤایەتی لە گۆشە نیگای خۆیەوە ئەم زاراوەیەی لێکداوەتەوە ، بەلام ئەمە ناکاتە ئەوەی کە پێکهاتەو ناوەرۆك و تایبەتمەندیی ڕۆژنامەنوسی ون بکات ، بەڵکو بایەخ و ڕۆڵی لە ناو خۆی و لە ناو زانستەکانی تریشدا زیاددەکات. هەربۆیەش رۆژنامەنوسی لە هەناوی ئەدەبەوە لەدایك بووە ، بەجۆرێك کە تا ئەمرۆش ناتوانرێت پشکی ئەدەب لە ڕۆژنامەگەریدا وەلا بنرێت، ڕۆژنامەنوسی و دواتریش ڕۆژنامەگەری ئاوێزانی تەواوی بوارەکانی ژیان بوون و تا ئەوەی بونەتە کەسێك یان ئەندامێك لە ئەندامەکانی هەر خێزانێك و ئامادەییەکی دیاریان لە ژیانی ڕۆژانەماندا هەیە، ڕۆژنامەنوسی دڵی کۆمەڵگاو هۆش و هەستەکانیەتی ، ئەو ئاوێنەیەیە کە ئەو شتانەی لە دەوروبەرماندا دەگوزەرێن پیشانمان دەدات ، نەك هەر ئەوانە بەڵکو ئەوانەشی کە لە پشتی پەردەوە ڕودەدەن و پێیان نازانین ، ڕۆژنامەنوسی دێت و بۆمان ئاشکرا دەکات

[1] - هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین، چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنوسیەکان و ڕەنگدانەوەیان لە "ژین و ژیان"دا١٩٣٢-١٩٥٠ ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی ٢٠٠٧، ی ١٠٩

ا) **رۆژنامەگەری** : پرۆسەی تەکنیك كارییە بۆ ڕومالّكردن و تۆماركردن و چاپ و بلاّوكردنەوەی ئەو پەیامە ڕۆژنامەنوسیەی ئامادەدەكرێت بۆ كەناڵێكی میدیایی بە ڕۆژنامەشەوە، زۆرجاریش لەبری زاراوەی ئامرازەكانی ڕاگەیاندنیش بەكاردێت " توانستی تەكنیكی " ڕەگەزی زالّ دەبێت تیایدا .

ب) **ڕۆژنامەوانی** : پرۆسەی گەڕان و كۆكردنەوەی ڕاستەوخۆیانەی ڕوداوو بابەتەكانە كە ڕۆژنامەوان لە ڕێی توانستی كەسیی تەكنیكەوە ڕومالّیان دەكات و دەیانكاتە بابەتی ڕۆژنامەنوسی و دەیانگوێزێتەوە بۆ كەناڵێكی میدیایی بە ڕۆژنامەشەوە " توانستی كەسی لەگەلّ توانستی تەكنیكی " دا ڕەگەزی زالّ دەبن تیایدا. [1]

هەروەها لە لایەن زانایەكی ڕۆژئاواییەوە چوار تیۆر بۆ ڕۆژنامەگەری دانراوە، ئەوانیش ( ڕاگەیاندن ، ڕابواردن ، ئاگاداری یان فرۆشتن، یارمەتیدان بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت) بەم پێیە تیۆرەكانی ڕاگەیاندن بەلای كەمەوە شەش ئەرك ئەنجام ئەدەن. لەوانەشە ( ڕۆشنبیری گشتی ، خزمەتكردنی سیستەمی ئابوری، خزمەتكردنی ڕژێمی سیاسی، پاراستنی مافی بیروباوەڕی مرۆڤ، قازانج كردن، ڕۆشنبیری و كات بەسەر بردن) لەم بۆچونەوە كەناڵەكانی ڕاگەیاندن بە ڕۆژنامەشەوە باشترین ڕێگا ن بۆ خۆفێركردنی مرۆڤ و زانیاری جۆر بەجۆر وەرگرتن.[2]

لێرەدا لەبەر ئەوەی لێكۆڵینەوەكەمان لەسەر گۆڤارە، پێویستمان بە پێناسەی گۆڤار دەبێت :

**پێناسەی گۆڤار:** ئەو چاپەمەنییەڕۆژنامەوانییەیەكەلەبەرگێكی دیاریكراودا بەكۆمەڵێك زانیاریی گشتی یان تایبەتی بلاّودەكاتەوەو دەچێتەئەرشیفەوە. واتەگۆڤار مۆركێكی بۆماوەیی و نەمریی پێوەیە. گۆڤارەكانیش چەندجۆرێكن، لەوانە: (گۆڤارەهەفتەییەكان، تایبەتی یان گشتی، گۆڤارەوێنەدارەكام، گۆڤارەمانگانەگشتییەكان یان تایبەتییەكان، گۆڤارەوەرزییەتایبەتییەكان.

هەرچەندە ( د. كەمال مەزهەر ) لەو بڕوایەدایە ( جەلادەت بەدرخان یەكەم كەس بوە ووشەی گۆڤاری بەكار هێناوە) بەلاّم یو چونی تر هەیە پێی وایە ( حوزنی موكریانی ) پێش جەلادەت بەدرخان بۆیەكەم جار ناوی لە گۆڤاری زاری كرمانجی ناوە گۆڤارو ئەو وشەیەی لەسەر بەرگی گۆڤارەكەی نوسیوە، وشەكەش لە بنچینەدا ( كۆهەوار) بووە، بەلاّم بە تێپەڕبونی كات گۆڕاوە بۆ سوكی زمان و ئاسانی دەربڕینی بووە بە ( كووار) پاشان ( و )ی دووەمی وشەكە بە بە (ڤ)ی بادینی تا گەیشتوەتە ئەو وشەیەی ئەمڕۆ بەكاری دێنین كە ووشەی گۆڤارە. [3]

## ٤-١-٢: پەیوەندی نێوان ئەدەب و ڕۆژنامەنوسی:

لە سەردەمێكی زۆر زۆ كۆن ئەدەب لە گەلّ ئادەمیزاد دا پەیوەندی هەبووەو هەیە و بەلّكو لەگەلّ ئادەمیزادەكەدا وەكو دوو لقی دارێكن كە شان بەشانی یەك بەرز ئەبنەوە ، كەوا بوو لەو ڕۆژەوە ئادەمیزاد

[1] - هەڤالّ ئەبوبەكر حسەین، چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنوسیەكان و ڕەنگدانەوەیان لە "ژین و ژیان"دا١٩٣٢–١٩٥٠ ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی ٢٠٠٧، ی ١٠٩

[2] – لەتیف هەڵمەت ، تیۆرەكانی ڕاگەیاندن ، گۆڤاری گۆڤار – ژمارە ١ ی ١٩٩٨ ، لا ٢٩

[3] - مستەفا سالّخ مستەفا ، پەخشان لە گۆڤاری زاری كرمانجیدا (١٩٢٦–١٩٣٢) ، نامەی ماجستێر، بەشی كوردی ، كۆلێژی ئاداب–زانكۆی سەلاحەدین ، هەولێر ٢٠٠٨، لا ١٦

هەبووە ئەدەبەکەی لەگەڵا بووە ، ئەدەبیش وەنەبێ هەر بریتی بێت لە ئەدەبی قسە بەڵکو نەخش و نیگارو، وێنەو سازو ئاوازو پەیکەری بە دیمەنیش هەر ئەدەبە، بەڵام ئەوان لە ڕوپەکەوەن و ئەدەبی زمانیش لە ڕوپەکی ترەوە، بەڵام ئەوان لە ڕوپەکەون و ئەدەبی زمانیش ڕوپەکی ترەوە، ئەوەندە هەیە لەگەڵ وێنەو پەیکەردا پەیوەندیەکە زیاترە، چونکە ئەمان ئەدەبێکی بێدەنگن و زمان وێنەو پەیکەرێکی دەنگ دارە.[1]

لەگەڵ سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆژنامەنوسیدا ( وەکو بەشێکی گرنگی ڕاگەیاندن) پەیوەندیەکی تەندوتۆڵ لە نێوان ئەدەب و ڕاگەیاندندا دروست بووە، بەجۆرێك بەیەکەوە گرێ دراون کە بە ئاسانی لەیەك جیاناکرێنەوە، تەنانەت ڕۆژنامەنوسی بووە هۆکارێك بۆ گەشەسەندنی ئەدەب و هێز و توانستی کارتێکەری پێ بەخشیوە و سیماکانیشی دیاری کردووە، بۆیە ناوبەر خستنە نێوانیان کارێکی ئاسان نیە، چونکە هەندێك لەو باوەڕدان کە ئەدەب ڕاگەیاندنە و ڕاگەیاندنیش ئەدەبە. بۆ وێنە: ئەو پارچە شیعرەی کە ناوەڕۆکێکی ڕاگەیاندن– پروپاگەندا لەخۆ بگرێت زیاتر دەتوانێت جەماوەر لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە، بەتایبەت شیعری نوێ نەك کلاسیك، هەربۆیە شاعیری نوێ ئەیەوێ یەکێتی شیعر پەیڕەو بکات و ڕێگە نەدات یەکێتی سەروا لەڕێگەیدا ببێتە کۆت.

هەروەها ئەگەر خوێنەری ڕۆژنامەیەك یان گۆڤارێك ئەگەر سەرەتا سەروتار بخوێنێتەوە چاوەڕوانی ئەوەیە هەر لەسەرەتاوە هەست بە مەبەستەکەشی بکات نەك لە کۆتاییەکەیدا.

گۆڕانی کۆمەڵگا لەکۆمەڵگایەکی کشتوکاڵییەوە بۆ کۆمەڵگای بازرگانیی و دروستبونی شار بەچەمکی نوێ و هاتنەکایەی چاپ و ڕێنسانس و شۆڕشی ئایدیالیستی هیگڵیی و شۆڕشی فەرەنسی و شۆڕشی پیشەسازیی و تا بەئێستا دەگات کە قۆناغی کۆمەڵگا زانینگەرییە، لەهەریەك لەم قۆناغەدا ئەدەب تەکانێکی گەورەی بەقەد جۆر وئاستی گەشەی ئەو کۆمەڵانە کردووە کە گۆڕانە جەوهەرییەکان تیاندا ڕوویانداوە ، هەر ئەمانەش ڕیبازگەلێکی زۆریان لەئەدەبدا هێناوەتەکایەوە، پێداویستی کۆمەڵایەتیی وپەیوەندی شاروئەرکی ئەدەبیش وایناکردووە کە گۆڕانکاریی وتێکەڵاوبون، پوکانەوەو گەشەکردن، لەهونەرەکانی ڕۆژنامە نوسییشدا بێنەکایەوە، بە شێوەیەك کە ئەوە تەنها هونەرەکانی ئەدەب نین تێکەڵی یەکتر دەبن ، یان هەر هونەرە ڕۆژنامە نوسەکان نین ئاوێزانی یەکتر بوون، بەڵکو ئەدەب و ڕۆژنامەنوسیش لەم سەردەمی زانینگەراییەدا لە هەندێك ڕەگدا تێکەڵ دەبن ، وەك ئەوەی بەشی هەرە زۆری هونەرەکانی ڕۆژنامە نوسی لەسێبەری تێزە ئەدەبییەکاندا دەنوسرێن و لەخودی ئەدەبیشدا هونەری وەك (هەواڵە شیعر) دێتە کایەوە کە گوزارشتێکی هەواڵییانەیە لەشیوەی شیعردا ، یاخودا (پۆستەرە شیعر) کەلە ئاوێزانی بوونی شێوەکاریی و شیعرەوە دروست دەبێت ، یان شیعر دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگی مێژوویی بەتایبەتیی ئەو جۆرانەیاندا کە ڕاستگۆیانە ڕووداوەکان دەگێڕنەوە(ڕۆژنامە نوسی کۆرپەی ئەدەبە، هەرچەندە گەشەی زۆری کردووە، بەڵام نەیتوانیوە باوکایەتیی لەئەدەب بسێنێت). هەندێك ڕایش پێیان وایە "ڕۆژنامەنوسیی تا نیوەی سەدەی نۆزدەیەم بەشێك بووە لەئەدەب ودواتر لەداهاتنی ڕۆژنامەنوسیی نوێدا لێی

[1] - عەلادین سوجادی ، مێژوی پەخشانی کوردی ، چاپی یەکەم– چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٠ ، ل ٦

جیابۆتەوە"، بەڵام ئەو جیابونەوەیە ناکاتە ئەوەی ڕەگەزو بنەماگەلێکی زۆری ئەدەبی لەگەڵ خۆیدا نەهێنابێت،"ڕۆژنامەنوسیی بەهەواڵ و چالاکیی شاعیرو نوسەرو ئەدیب و ڕۆشنبیران سەری هەڵداوەو گەشەی سەندووە، ئەوان بونەتە پێشەنگ و پێشڕەوی ئەم پێشە شارستانیەتە.[1]

لەڕووی چەمکیشەوە دیسان دەچنەوە سەریەك، چونکە چەمکی ئەدەبی نوێ ئەوە دەگەیەنێت کە ئەدەب دەبێت ڕەخنە لە ژیان بگرێت یان ڕوونی بکاتەوە، چەمکی ڕاگەیاندنی نوێش لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە بەرەو ڕووی گیروگرفتەکانی نیشتیمان ببێتەوە و هەوڵی چارەسەرکردنیان بدات. ئەدیب و ڕۆژنامەنوسی ڕاستەقینە ئەو بیر ڕووناکانەن کە درك بە ڕاستییەکان دەکەن، هەربۆیەش لە ساڵی (١٨٢٨) کاتێك ڕۆژنامەنوسان کەوتنە عەوداڵی ئەو هەوڵانەی پەیوەندییان بە کار و ڕەفتاری میری و کاربەدەستانەوە هەیە، ڕۆژنامەنوسیان بە ( دەسەڵاتی چوارەم ) ناونا، ئیدی لەو ڕۆژگارەوە حکومڕان و دیکتاتۆراکەن لە ڕۆژنامەنوسی ترساون و بەردەوام سڵیان لێ کردۆتەوە، بۆ وێنە لە زەمانی سوڵتان عەبدولحەمیرەوە کاتێك ( دورخراوەتەوە) دەڵێت: ئەگەر قەدەر وای بۆ نوسیم بگەڕێمەوە سەر حکوم گشت ڕۆژنامەنوسەکان دەخەمە ناو توتنخانەیەکەوە. ناپلیۆنیش ڕۆژنامەی زیاتر لە سوپای زل و زەبەلاح ترساندوویەتی.[2]

لەلایەکی ترەوە سەرەتای سەرهەڵدانی چاپ و ڕۆژنامەنوسی کوردی بوو بەمایەی دروست بونی پەیوەندیەکی توندوتۆڵ لە نێوان ئەدەب و ڕۆژنامەنوسی کوردی دا ، بەشێوەیەك هەوڵە بێوچانەکانی ئەدیبانی کورد بوو بە هۆی پەرەسەندن و گەشە کردنی ڕۆژنامەنوسی ، لە لایەکی ترەوە لەدایك بونی ڕۆژنامەنوسی کوردی بوبە هۆی گەشەکردنی ئەدەبی کوردی و بلاوبونەوەیی و لەو ڕێگەیەوە چەند ژانرێکی نوێ لە ئەدەبیاتی کوردیدا لە دایك بوو، هەربۆیە ئەدەبی کوردی پێش پەیدابونی چاپخانە لە سنورێکی تەسکدا دەخولایەوە ، بەزۆری شیعر باڵی بەسەر لایەنە گرنگەکانی ژیان دا کێشابوو[3]، بۆیە ڕۆژنامەنوسی کوردی مۆرکێکی ئەدەبی پێوە دیارەو لە ئەنجام دا بوبە مایەی پاراستنی شیعری کۆن و نوێ و نۆبەرەی پەخشانی کوردی و ژانرەنوێکانی بلاوکردەوەو بوبە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی توێژینەوەی ئەدەبی.

ئەم پەیوەست بونەی هەردووبواری ئەدەب و ڕۆژنامەگەریش بەیەکترەوە ، هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە ، کە ڕەنگە ئیشکردنی ئەدیب و شاعیران لەبواری ڕۆژنامەگەریەوە لە هۆکارە بەهێزەکانی ئەم نزیکیە بێت، چونکە لە قۆناغی سەرەتای رۆژنامەگەری کوردیدا ئەدیبان بە هۆی ڕۆژنامەکانەوە خۆیان بەخەڵك دەناساند ، هەروا جاران تەنیا پیاوانی ئەدەب لە ڕۆژنامەکان کاریان دەکردو زیاتریش شاعیرو چیرۆکنوس بوون، ئەم نزیك بونەوەی هەردو بوارەکەش وای کردوە کە لەبارەیانەوە بگوترێت، ڕۆژنامەگەری کوردی زیاتر شێوەی ئەدەبی گرتووە، تەنانەت

---

[1] - هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین، چەشنە ئەدەبی و رۆژنامەنوسیەکان و ڕەنگدانەوەیان لە "ژین و ژیان"دا١٩٣٢–١٩٥٠ ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی ٢٠٠٧، ی ١٨٩

[2] – ئیسماعیل ابراهیم سەعید ، ئەدەبی ڕۆژنامەنوسی کوردی بەغدا ، نامەی دکتۆرا ٢٠٠٥ ، لا ١٣١-١٣٢

[3] - ئومێد ڕەحیم شەمسەدین تاڵەبانی ، کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی و ئەدەبیاتی رۆژنامەنوسی کوردی لە عێراقدا ( ١٩١٨– ١٩٥٨)، نامەی دکتۆرا ، بەشی کوردی ، زانکۆی سلێمانی ٢٠١٣ ، لا ١١٢

نوسینە سیاسیەکانیش شێوەی ئەدەبیان بەسەر زاڵە ، هەر ئەم زاڵبونەی ئەدەبیشە لە بواری ڕۆژنامەگەری وای کردوە کە پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان ئەدەب و ڕۆژنامەگەری دروستت ببێت و بەهیچ شێوەیەك لەیەك دانەبڕێن، تا بگاتە ئەو ڕادەیەی بگوترێت (ئەدەب ڕۆژنامەگەریە ، رۆژنامەگەریش ئەدەبە). [١] چونکە رۆژنامەنووسی لە دایك بوی ئەو دنیا ئەدەبییە فراوانەیەو لەسەرەتاکانی مێژوی خۆی دا بەردەوام ئەدیبەکان بونەتە دەسپێکی کاروانەکەی [٢]

بەلاّم لە ئەرکدا ئەدەب و رۆژنامەنوسی دەکرێت جیاوازییان هەبێت، بۆنمونە ( خەیاڵ ) دەقی ئەدەبی و دەقی ڕۆژنامەنوسی لەیەك جیادەکاتەوە، واتە ئەیب لە ڕێگەی دەقێکی ئەدەبیەوە دەتوانێت داهێنان بکات ، بەلاّم ڕۆژنامەنوس تەنها پردەو ئەرکی گواستنەوەو وردەکاری لەسەرە.

## ٤-١-٣: مانشێت یان سەردێڕ:

سەردێڕ یان مانشێت لە کاری ڕاگەیاندندا بالاّترین گەمەی زەینی ڕۆژنامەنوسانە، هەر بۆیە بێ هۆ نیە کە کاتێك دەوترێت نەڕاندنێکی بەرز لەشەڕدا بەتەنیا نیوەی شەڕەکەیە، سەردێڕی باشیش بە تەنیا نیوەی ئەو ڕێگایەیە کە بەنوسینی باسێك دەمانەوێ بی پێوین، شوێنی مانشێت لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان دا دەبێتە لینکی پەیوەندی نێوان خوێنەرو هەواڵەکە یان بابەتەکە، کلیلی هەربابەتێکی ڕۆژنامەوانی ناونیشان یان مانشێتە[٣] بۆیە لە کورتیدا دەتوانین پێناسەکەی بەم شێوەیە بکەین : مانشێت بوختەی گرنگترین مەبەستی بەشەکەیە، کەبەشێوەیەکی ورد و ڕۆشن خرابێتەڕوو، بەمانایەکی تر مانشێت پێویستە بە کەمترین وشە زۆرترین مانا ببەخشێت.

جیاوازی مانشێت لەگەڵ (لید) ئەوەیەکەمانشێ ڕستەیەکی کورت و جیاکراوەیە، لەکاتێکدا (لید) هەمان بابەت لەیەك یاخود دوو ڕستەی درێژخایەندا دەخاتەڕوو.

ڕوونتر بڵێن: لید خوێنەر بۆ خوێدنەوەی دەقی هەواڵەکە هان دەدات، بەڵام مانشێتی هەواڵ دەبێت خوێنەر بۆ خوێندنەوەی لیدەکەهان بدات.

بەڵام مانشێت پێویستە لەگەڵ بابەتی هەواڵەکەدا هەماهەنگ و گونجاو بێت، لەهەمان کاتدا پێویستە زاراوە ئاشناو شیاوەکان بەکار بهێنرێت و وشەکان دووبارە نەبنەوە. [٤]

زۆربەی خوێندەواران بەهۆی کاریگەری و سەرنج ڕاکێشانی مانشێتەوە رۆرژنامەو گۆڤارەکان دەکڕن و باشترین هۆیە تاوەکو وەکو قولابێك بەکاربێت و خوێنەر بخاتە داوی خوێندنەوەی ئەو بابەتانەی لە دوتوێی

---

[١] - مستەفا سالّخ مستەفا ، پەخشان لە گۆڤاری زاری کرمانجیدا (١٩٢٦–١٩٣٢) ، نامەی ماجستێر، بەشی کوردی ، کۆلێژی ئاداب–زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر ٢٠٠٨، لا ٥٣

[٢] - هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین، چەشنە ئەدەبی و رۆژنامەنوسیەکان و ڕەنگدانەوەیان لە "ژین و ژیان"دا١٩٣٢–١٩٥٠ ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی ٢٠٠٧، ی ١٩٠

[٣] – ئەسعەد جەباری ، ئەنفال لە میدیاکانی بەعسدا ، چاپخانەی پیرەمێرد ٢٠١٥، لا ٢٢

[٤] – رەزا حاجی ئابادی ، دەروازەی ڕۆژنامەنوسی ، وەرگێڕانی کارزان محمد ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم – سلێمانی ٢٠٠٥ . لا ٦٩

بلاَوكراوەكاندان ، هەربۆيە سەرپەرشتی كارانی بلاَوكراوەكانی چاپەمەنی لە هەولَی ئەوەدان دیارترین بابەتی گەرم و گورو گرنگ بەهۆی مانشێتی سەرەكیەوە لە لاپەرەی یەكەمی رۆژنامە یان بەرگی گۆڤارەكەدا بخەنە روو بۆ كێش كردنی زۆرترین ژمارەی خوێندەواران، لەبەر ئەوە هەلَبژاردنی مانشێت بۆ هەوالَ هەمیشە لەلایەن سەرنووسەر یان كەسانی شارەزاو پسپۆری بواری مانشێتەوە ئەنجام دەدرێت و هەر ئەوانیش ئەو وتارو بابەتە گرنگانە لەلاپەرەكانی تری رۆژنامەو گۆڤارەكاندا بۆ كۆكراونەتەوە بەدیار دەخەن بۆ كێشكردنی خوێنەر، بۆیە مانشێت بایەخی خۆی هەیە لە هەر بلاَوكراوەیەك و جێپەنجەی سیاسەتی رۆژنامەش یاخود هەر بلاَوكراوەیەك بە مانشێت دەناسرێتەوە، بەتایبەت لە لاپەرەی یەكەمی رۆژنامەكان و بەشێوەیەكی راستەوخۆ گوزارشت لە دیدو بۆچونی ئەو شوێنە دەكات كە خاوەنداریتی رۆژنامەكە لە ئەستۆ دەگرێت.[1]

هەندێك رۆژنامەی دیكەو رۆژنامەنوسی دیكە مانشێت بە ( قولاب ) ناودەبەن، وەكو چۆن راوچی دەریاوان، بە شارەزای و لێزانی خۆی قولاب دەخانە دەریاو رووبار و گۆم بەمەبەستی راوكردنی ماسی و هەموو گیاندارێكی دیكە، كە بەشێوەیەكی خێراو بەپەلە باشترین ماسی دەستكەوێت و مەبەستی خۆی بپێكێت، ئەواش دەبێت رۆژنامەو رۆژنامەنووس سود لە مانشێت وەرگرێت. [2]

**ا) هەندێك لە تایبەتمەندیەكانی مانشێت**

١- پێویستە مانشێت رون و ئاشكرابێت و ئالَۆزی تێدا نەبێت، كە بەخوێندنەوەی مانشێت خوێنەر خێرا لە هەوالَەكە تێبگات.

٢- لەمانشێت دا نابێت كردار نەرێنی بێت ، واتە لە جێگای ( سەركۆمار سەردانی ئێران ناكات ، دەنوسین ، سەردانەكەی سەركۆمار بۆ ئێران هەلَوەشایەوە.

٣- هەرچی مانشێت كورت بێت باشترە بەلانی زۆر (٥ تا ٧) وشە بێت( بەمەرجی گەیاندنی ناوەرۆك)

٤- لەمانشێت دا لێدوانی ناراستەوخۆ باشترە

٥- مانشێت پرسیار ناگرێتەوە ، لە هەمان كاتدا خالَ تەنها بۆ ووشە كورت كراوەكان بەكاردێت. [3]

٦- پێویستە مانشێت بە شێوەی فۆنتی گەورە لە لاپەرەی یەكەمی رۆژنامەو گۆڤارەكان بنوسرێت، كە مەبەست لێی وروژاندنی تێبینی خوێنەرە بۆ بابەتێكی گرنگ یان هەوالَێكی سەرنج راكێش[4]

لە گۆڤارەكانی گەرمیان دا گرنگیەكی زۆر بە مانشێت و جواننوسین و پوخت پیشاندانی مانشێت كراوە و پەیرەوی هونەری نوسینی مانشێت كراوە، لە گەلَ ئەوەش دا گرنگی بەناوەندە مانشێت و كۆتا مانشێتیش دراوە

[1] – ئەسعەد جەباری ، ئەنفال لە میدیاكانی بەعسدا ، چاپخانەی پیرەمێرد ٢٠١٥، لا ٢٨

[2] - - محمد مێرگەسوری ، مانشێت و كاریگەریەكانی لە رۆژنامەی كوردیدا ، چاپخانەی كەمال ٢٠١١، ل ١٧

[3] - مەنسور سدقی ، هەوالَ–راپۆرت–وتوێژ ، چاپخانەی خانی – دهۆك ، چاپی یەكەم ٢٠٠٨ ، ٩٨

[4] - محمد مێرگەسوری ، مانشێت و كاریگەریەكانی لە رۆژنامەی كوردیدا ، چاپخانەی كەمال ٢٠١١، ل ١٨

، واته مانشێتی لاوەکی ، لە مانشێتەکانیشدا ڕەچاوی جۆری خەت و نوسین و ڕەنوس و زمان کراوە، لە کۆی ژمارەی گۆڤارەکان (١١٩٤) مانشێت نوسراوە بۆ کۆی بابەتەکان و هونەرە ئەدەبی و چەشنە ڕۆژنامەنوسیەکان.

**ب) چەند نمونەیەکی مانشێت لە گۆڤارەکان دا...**

**١- گۆڤاری داستان**

( لە یادی ئەنفالدا گەرمیان دەویَ ) ژمارە (٢) لاپەڕە (١)

**٢- گۆڤاری هەشتاوهەشت**

( هەشتاو هەشت.. زەمەنی پراکتیزە کردنی جینۆساید ) ژمارە (١) لاپەڕە (٨٧)

**٣- گۆڤاری ئەنفال**

( ئەنفال و ئایدۆلۆجییەتی بەعس ) ژمارە (١) لاپەڕە (٢١)

**٤- گۆڤاری ناسنامە**

( تاوانی جینۆسایدکردنی کورد لەناوڕاستی هەشتاکاندا ) ژمارە (٢) لاپەڕە (١٠)

**٥- گۆڤاری ورێزا**

( ڕۆڵی ژن لە کۆمەڵگای کوردەواری ) ژمارە (١) لاپەڕە (٦٩).

**٦- گۆڤاری گۆڤار**

( دەیەمین ساڵگەردی کارەساتی (ئەنفال) و بەدواداچونێکی تر ) ژمارە (٣-٤) لاپەڕە (٢٩)

**٧- گۆڤاری گیرفان**

(دوای بیست و یەك ساڵ.. کۆتایی قۆتاغی لاواندنەوە) ژمارە (١٣) لاپەڕە (٥)

## ٤-١-٤: لید:

لید گرنگترین بەشی هەواڵ یان پوختەی گرنگترین بەشەکەیەتی، هەربۆیە لە پێناسەی لیددا فەرەنسیەکان دەڵێن :( پەلاماردانی خوێنەر لە ڕێگەی ووشەوە)، لە قەبارەی لیددا واتە درێژی و کورتی لید لە هەواڵ دا هەندێك پێیان وایە کە دەبێت لید لە ڕستەیەك بتر نەبێت ، هەندێکی تر پێیانوایە بەلای کەمەوە ڕستەیەك و بەلای زۆرەوە سێ ڕستە بتر نەبێت، جیا لەو پێوانە هەندێکی دیکە بە ووشە پێوانەی کورتی و درێژی لیدیان کردوەو دەڵێن: کەوا باشە لید لە (٣٠) وشە کەمترو لە (٦٠) وشە بتر نەبێت، هەر یەك لەو بیروڕایانە لەە شوێنی خۆیان ڕاستن بەڵام لە حەقیقەت دا وا باشە ڕۆژنامەنوس خۆی بە یاساو ڕێسای لەم چەشنەوە نەبەستێتەوە، درێژی و کورتی لید بەو هەواڵەوە بەندە کە دەمانەوێ بینوسین. [1]

**لید دووجۆرە** : لیدی هەواڵی ڕاستەوخۆ و لیدی هەواڵی وەسفی :

---

[1] - ڕێبوار کەریم وەلی، بنەماکانی نوسینی هەواڵ، چاپی یەکەم ٢٠٠٨، چاپخانەی خانی(دهۆك)، ل ٥٠

**نمونە:** دەكرێت چیرۆكە **هەواڵێك** دەربارەی **هەڵبژاردنی** سەرۆك وەزیرانی نوێ و ڕەنگە لیدەكەی ڕاستەوخۆ بێت بەم شێوەیە: " ئێوارەی ئەمڕۆ جۆشۆ سمیسی ڕێبەری پێشوی یاخیبوان بە سەرۆك وەزیران هەڵبژێردرا،لە یەكەم هەڵبژاردنی دیموكراتی دوای ساڵی (١٩٩٣) وە بە بەدەستهێنانی زیاتر لە ٨٠ ی دەنگەكان سەركەوتنی مسۆگەركرد"

بەڵام لە لیدی هەواڵی وەسفی پەیڕەوی میتۆدێكی جیاواز دەكات: " جۆشۆ سمیس بەمنداڵی لە شاری ( یۆنگ تاون ) پێگەیشت ، لاوێكی لاواز بوو، بەڵام خەونی گەورەی هەبوو، دەڵێن لە چاو تەمەنیدا جەستەیەكی لاوازی هەبووو هەمیشە هاوتەمەنە زلەكانی هاوپۆلی خۆی تەنگیان پێ هەڵدەچنی، كاتێكیش لە قۆناغی سەرەتایی دا بە مامۆستاكەی خۆی وتووە: ڕۆژێك لە ڕۆژان دەبمە سەرۆك وەزیران، مامۆستاكەی گاڵتەی پێكردوە !بەڵام ئێستا كەس گاڵتەی پێناكات، سمیس لە هەڵبژاردنەكانی دوێنێ دا سەركەوتنی مسۆگەر كردو ٨٠٪ ی دەنگەكانی بەدەست هێنا ، بەمەش بووە یەكەم سەرۆكی هەڵبژێردراوی وڵاتەكەی لە دوای ساڵی ١٩٩٣ وە لە پرۆسەیەكی دیموكراسیدا ئەو پۆستە بەدەست دێنێت". [1]

– لە نموونەیەكی تردا بۆ لیدی هەواڵی ڕاستەوخۆ :

ڕۆژی سێشەمە ڕێكەوتی(١٨–٧–٢٠٠٦) لە كاتژمێر (٩)ی بەیانی لە هۆڵی (خوێندنی باڵای زانكۆی كۆیە) كفتوگۆ لەسەر نامەی ماجستێری خوێندكار (ئومێد بەرزان برزۆ) بەناونیشانی (ڕێزمانی جێناو لە شێوەزاری خانەقینیدا) لەبەشی كوردی كۆلێجی پەروەردەی زانكۆی كۆیە كرا.[2]

نموونە: لیدی وەسفی :

" ئەنجومەنی شارەوانی خانەقی وەكو نوێنەری هەموو پێكهاتەكانی شاری خانەقی لە كۆبونەوەی ژمارە ١٣١ ی ئاسایی خۆیدا لە ڕۆژی (٢١–٨–٢٠٠٦) بڕیاریان داوە كە پەیوەندیەكانیان لەگەڵ پارێزگای دیالە ڕابگرن و داوایان كردوە كە خانەقین لە ڕووی ئیداریەوە بكەوێتە سەر سنوری هەرێمی كوردستان، لەو ڕوەشەوە بە نوسراوی ژمارە (١١٠٦) لە (٢٢–٨–٢٠٠٦) دەقی بڕیاری خریان بەرزكردۆتەوە بۆ ئەنجومەنی پارێزگای دیالە.[3]

## ٤–١–٥: هەواڵ :

هەواڵ بریتیە لە كۆمەڵێك ڕستەو دەستەواژە كە ڕودان و بە ئەنجام گەیاندنی كارێك ڕادەگەیەنێت ، یان لە پێناسەیەكی تردا هاتوە هەواڵ بریتیە لەو زانیاریانەی كە پەیوەندی بەو ڕوداوە هەیە كە ڕوی داوە، یان دەوترێت هەواڵ هەوێن و ماكی ڕۆژنامەیە [4] گروپی گلاسگۆ ڕایان وایە ( هەواڵ بەشێوەی كۆمەڵایەتی ئامادە دەكرێت)[1]

---

[1] - دێبرا پۆتەر ، ڕێنوێنی بۆ ڕۆژنامەوانی سەربەخۆ ، وەرگێڕانی: فاروق جەمیل كەریم ، چاپی یەكەم–سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا ٢٠١٢ ، ٧٥

[2] - گۆڤاری گیرفان ، گفتوگۆی ماستەرنامە، ژمارە (٣)ی ٢٠٠٦ ، چاپخانەی ڕەهەند، ل ٢٠٧

[3] - ورێزا ، سەرۆكی ئەنجومەنی شارەوانی خانەقی ، ژمارە (٢–٣)ی ئەیلولی ٢٠٠٦ ، چاپخانەی حەمدی ، ل ٥١

[4] – بەختیار كەریمی ، بەرەو ڕۆژنامەوانی مۆدێرن ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، چاپی یەكەم ٢٠٠٦ ، لا ١٣

پێناسـەیەکی تـر پێمـان دەڵێـت: ( هــەواڵ نوسـینەوەی ڕاسـتگۆیانەی ڕوداوەکـان، یـان نوسـینەوەی سـادەی ڕوداوەکـان، یـاخود بـێ ڕتوشـکردنی ئەدەبیـە ، گێڕانـەوەی ڕوداوێکـی ڕاسـتەقینەیە،نەك ڕوداوێکـی خـەیاڵی [2]، دەتـوانین بڵـێن هـەواڵ لـە ژانـرە کۆنـەکانی ڕۆژنامەنوسـییەو شـێوەی گەیانـدنی ڕوداوێـك بـە ئەسـتۆ دەگـرێ کـە لەناوەوەی وڵات یان دەرەوەی ئەمڕۆ یان دوێنێ ڕوویدابێت یان ئاشکرابوبێت، هەواڵ بە دوو شێواز پەیڕەو دەکرێـت ، شێوازی یەکەم ( کورتە هەواڵ کە وا چاکە لە ٣٠–٤٠ وشە تێپەڕ نـەکات ) شـێوازی دووەم ( هـەواڵی درێـژ کـە وا چاکە ١٠–١٥ دێڕ بێت).[3]، بەشێوەیەکی گشتی هەواڵ بریتیـە لـەو زانیاریانـەی کـە جێـی بایـەخ و گرنگـی پێـدانی جەماوەرێکی دیاریکراوە، هەربۆیە دەشێت ئەوەی کە لەلای خەڵکی ( بیونس ئایرس) بەهەواڵێکی گرنگ دابنرێـت ، هەمان هەواڵ بۆ خەڵکی کەرکوك  هیچ بایەخێکی نەبێت. [4]

– ڕاگەیاندنی ڕوداو : ڕوداو بەرلەوەی جەماوەر پێی بزانێـت نەناسـراوە، تـەنیا ئەوکاتـە ئەبێتـە ڕوداو کـە ئاشـکرا دەبێت.واتە یەکەم باسکردن و بڵاو کردنەوە بێت. لەگەڵ ئەوانەشدا پێویستە هەواڵ باس لـە بابـەتێکی ڕاسـتەقینە بکات ، واتە لەگەڵ واقعدا مامەڵە دەکات.

پێویستە هەواڵ وەڵامی ئەم شەش پرسیارەی تێدابێت ( کێ ، کەی ، لەکوێ ، چی ، بۆ ، چۆن )، ئـەگینا خوێنـەر بەتەواوی ناتوانێت لە لایەنەکانی ڕوداوەکە تێ بگات.

جرمی تانستول ) دەڵێ : ئاشکرایە کە بەهاکانی هەواڵ  شێوەیەکی قوچەك یان هەرمی هەیە، واتە ئەو کەسەی لـە لوتکەی دەسەڵات یا ڕێکخراوەکان یان سەندیکا کرێکاریەکان یان کەسـایەتیە ناودارەکـان گروپـەکانی یـاری تـۆپی پێدابن دەبێ شتی زۆری سەرنج ڕاکێشیان لابێ کە قسەیان لەسەربکەن و بەو هۆیەوە زیار گرنگیان پێ بدرێت.

هەواڵ بریتیە لە شتێکی سەیرو نائاسایی، بۆنمونە ئەگەر سـەگێك پیـاوێکی گـەزی ئـەوە پێـی ناگوترێـت هـەواڵ، بەڵام ئەگەر پیاوێك قەپێکی گرت لە سەگێك  ئەوە بابەتێکەو دەشێ بۆ ڕۆژنامـەو بەکـەڵکی ئـەوە دێـت لـە لاپـەڕە یەك دا بڵاو بکرێتەوە، [5]

واتە هەواڵی ڕۆژنامەنووسی گواستنەوەی ئەو واقیعە ، یان ڕوداوانە ، یان ڕوداوەیە، بە چـەند ووشـەیەك کـە لێـوان لێون لە زانیاری بۆ خوێنەران. بەدیوێکی تردا هەواڵ ڕاپۆرتێکی زانیارییە لە بارەی ڕوداوێك یـان بیرۆکەیەکـەوە کـە بەلای خوێنەرەوە گرنگە، یان بەهۆی سـودەکەیەوە یـان لـەوەی کـە شـتی تـازە ، یـان ئـاڵۆز ، یـاخود وروژانـدنی

---

[1] - مەنسور مەنمی ، هەواڵ–راپۆرت و وتوێژ، چاپخانەی خانی ( دهۆك) ، چاپی یەکەم ٢٠٠٨ ، لا ٢٠

[2] - ئومێد مەسعودی ، بنەماکانی داڕشتن لە مێدیاکاندا ، وەرگێڕانی: مەجید ساڵەح ، چاپخانەی تیشك ٢٠٠٢ ، لا ٧٥

[3] - دکتۆر سەپان ، ئەگەر ڕۆژنامەنووس هات ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم– سلێمانی ، چاپی یەکەم ٢٠٠٧ ، ل ١٨٧

[4] - دێبرا پۆتەر ، ڕێنوێنی بۆ ڕۆژنامەوانی سەربەخۆ ، وەرگێڕانی: فاروق جەمیل کەریم، چلپی یەکەم سلێمانی ، چاپخانەی چوارچرا ٢٠١٢، لا ١٥

[5] - ئەلبرت ل.هستر/ وای لان ج. تو ، رابەری ڕۆژنامەنووس لە جیهانی سێهەمدا ، وەرگێڕانی :حەسەن عەبدالکریم ، چاپخانەی دەزگای ئاراس(هەولێر، چاپی یەکەم ٢٠٠٧، لا ٣٢

تێدایە. واتە ئەو شتانەیە کە لە چوارچێوەی ژیانی ئاسایی و باو دەردەچن و دەبێتە خولگەی بایەخ پێدان و قسەکردن. [١]

هەر ڕوداوێك یاخود بڕیارو پرۆسەیەك کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە دروست بکات دەبێتە هەواڵ ، ئیدی ئەو کاریگەریە باش بێت یان خراپ ، چونکە هاولاتیان مەحکومن بە ژیان لە نێو کۆمەڵگەدا وەکو یەکەیەکی ئۆرگانیکی ، لەبەر ئەوە کاردانەوەو کاریگەری هەر گۆڕانکاری و ڕوداوێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی بەشێوەیەکی خود ئاگایی بێت یا ناخود ئاگایی ، کاریگەری دەبێت لەسەر هاولاتیان، کە واتە هەموو ئەو ڕوداوانەی کاریگەری لە سەر کۆمەڵگە جێدەهێڵن بە هەردوو ئاراستەکەیەوە چ باشبن یان خراپ کەرەستەیەکی گرنگن بۆ هەواڵ ، بۆنوونە : زیادکردن یان کەمکردنی موچە ، بلاوبونەوەی نەخۆشی ئایدز ، یان ئەنفلۆنزای باڵندە ، هاتنی هێزی ئیقلیمی بۆ کوردستان .... هتد . [٢]

هەواڵ تا کاتیك چاپ و بلاو نەکرابێتەوە نابێ لەگەڵ هیچ کەس باس بکرێ ، واتە بەر لەوەی خوێنەران هەواڵەکە بخوێننەوە، ببینن ، یان ببیستن، هەواڵنوس تەنیا ئەو مافەی هەیە بابەتەکە لەگەڵ خۆی و لە ژورێکی بەتاڵ و تاریکدا باس بکا، واتە خەڵك ئەو هەواڵانەیان حەز لێیە کە هەواڵنوس لە کاتی نوسینی هەواڵ و ئەو دەمە کە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی دەست پێکردوە ، گرنگی بە خەڵك و ویستەکانی ئەو خەڵکە دابێت. [٣]

لە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بەناوی (کوردستان) کە لەلایەن مقداد مەدحەت بەدرخان لە قاهیرە دەردەچوو بایەخی تایبەتی بەهەواڵ دراوە. لە ژمارەیەکەمی کە لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ لە قاهیرە بلاوکرایەوە، باس لە شەڕی بەینی میسرو سودان بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامەکە دەکات، بۆیە دەتوانین بڵێین لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، هەواڵ، لە ژانرە هەرکۆنەکانی ڕۆژنامەگەری کوردیە. [٤]

لە کاری ڕۆژنامەنوسی ناوچەی گەرمیان دا هەواڵ بایەخی خۆی هەبووە، بەلام لەبەر ئەوەی ئەو گۆڤارانەی کە تایبەت بە لێکۆڵینەوەکە ئاماژەی بۆکراوە زیاتر کۆڤاری دیکۆمێتی و وەرزی یان سالانەبوون، بۆیە کەمتر جێگەی هەواڵیان کردۆتەوە ، یان کەمتر بە کەڵکی بلاوکردنەوەی هەواڵ دێن، چونکە هەواڵ پێویستی بەگەرماوگەرمی هەیە.

لە گۆڤارەکاندا هەندێ هەواڵ بلاوکرانەتەوە ، واتە لە کۆی هەموو گۆڤارەکان (٧١) هەواڵ بلاوکراوەتەوە

## - نمونەیەك لە هەواڵ لە گۆڤارەکان دا:

- سیمینارێك لە ناو تەلاری پەرلەمانی نەرویژ -

---

[١] - د. سامی زوبیان ، ڕۆژنامەنووسی ڕۆژانە و ڕاگەیاندن ، و: مەم بورهان قانع ،دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی ٢٠٠٨ ، ل ٣١

[٢] - فرمان عەبدولڕەحمان ، ستۆری و بنەما نێو دەوڵەتیەکانی کاری ڕۆژنامەگەری ، چاپخانەی دهۆك(خانی)، چاپی یەکەم ٢٠٠٩ ، ل ٢١

[٣] - دیوید ڕاندالڵ ، ڕۆژنامەنووسی پیشەی ، و : بێبەش پیرۆتی ، چاپخانەی ڕۆژهەلات ٢٠١٣ ، ل ٨٦

[٤] - د. مەغدید سەپان ، ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە ١٤٥٠—١٥٠٠، چاپخانەی خانی — دهۆك ، چاپی یەکەم ٢٠٠٨ ، ل ١٧

" بیستەهەمین سالیادی شالاوی ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە ولاتی نەرویژ، ڕۆژی پێنج شەمە ڕێکەوتی ١٣-٣-٢٠٠٨ بەسیمینارێکی گرنگ لە ناوتەلاری پەرلەمان دەستی پێکرد، سەرەتا لەلایەن پەرلەمانتار خاتوو ئۆگوت ڤالە بەخێرهاتنی ئامادەبوان کراو بەڕێزی ئاماژەی بە ئامانجی سیمینارەکە کردو کورتە فیلمێکی دیکۆمێنتی نیشانی بەشداربوان درا، لەپاشان ڕوناکبیرو لێکۆڵەر شۆڕش حاجی ، بەشێوەیەکی ئەکادیمی باسی لە شالاوی ئەنفال و هەڵەبجەو ناوچەکانی دیکەی کوردستان کرد. [1]

## ٤-١-٦: سەروتار:

سەروتار بەمانای وتاری سەرەکی ڕۆژنامە دێت، دەربڕی ڕاوبۆچوونی ستاف نووسینی ڕۆژنامەکەیان هی خاوەنەکەی و ئەو دامەزراوەو ڕێکخراوەیەکەدەری دەکات. سەروتار خۆی لەخۆیدا گرنگییەکی زۆری هەیەو سیاسەت و هەڵوێست دەخاتەڕوو، بۆیەدەبێت ئەو کەسەی کەدەنووسێت، سەرنووسەر یان یەکێك لەنووسەرە بەتواناکانی ڕۆژنامەکەبێت. [2]

دەتوانرێت سەروتار لەچوارچێوەیەکدا پێناسەبکرێت:

( هونەرێکی ڕۆژنامەنووسیە هەڵدەسێت بەشرۆڤەکردن و لێکدانەوەو ڕاڤەکردن و هەڵوێست پیشاندان سەبارەت بەبابەتە جوراوجۆرەکان بەپێی سیاسەتی ڕۆژنامەکە) سەروتار دەربڕی ڕاوبۆچوونی تێکڕای ڕۆژنامەکەیە نەك تەنیا بۆچوونی نووسەر ، ئەگەر سەرنووسەریش بێت. [3]

**ا ) ئەرکەکانی سەروتار**

١-خستنە بەرچاوو شیکردنەوەی ڕووداوە ناوخۆیی و دەرکییەکان و ئاشکرا کردنی ڕەهەند ودەلالەتە جیاوازەکانی.

٢-وتوویژ وخستنەڕووی ئەو کێشە و دیاردە جیاوازنەی ڕای گشتی بەخۆیەوە سەرقاڵ دەکەن و یاریدەی خوێنەران دەدات لێی تێ بگات و بەدوویدا بچێت.

٣-دەربڕینی سیاسەت و ئاڕاستە باوەکانی کۆمەڵگاو، خستنەڕووی تێڕوانینە سیاسی وکۆمەڵایەتیەکانی وڵات کە ئەو ڕۆژنامەیەی لێ دەردەچێت، بەو ئامانجەی کاربکاتە سەر ڕای گشتی و ئاڕاستەکردنی و، بەمجۆرە ئەو سیاسەتە گشتییەی کە دەولەت پەیڕەوی لێ دەکات لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی جەماوەردا ئاڕاستە دەکات. [4]

لە گۆڤارەکانی ناوچەی گەرمیان دا لە زۆربەی ژمارەکان دا سەروتار نوسراوە ، واتە لە کۆی (٥٧) ژمارەی وەرگیرای گۆڤارەکان بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە (٣٣) ژمارەی سەروتاری تێدا نوسراوە.

---

[1] - گۆڤاری هەشتاو هەشت ،سیمینارێك لەناو تەلاری پەرلەمانی نەرویژ، ژمارە (٩-١٠)ی هاوینی ٢٠٠٨،چاپخانەی کوردستان، ل ٣٠٤

[2] - کاروان عەلی ، هونەری ڕۆژنامەنوسی ، چاپخانەو ئۆفسێتی بەدرخان ، چاپی یەکەم – سلێمانی ٢٠١٤ ، لا ١٢٩

[3] - دانا حەسیب کەرکوکی ، هونەری ڕۆژنامەنوسی ، چاپخانەی خانی – دهۆك ، چاپی یەکەم ٢٠٠٨ ، لا ١٥٠

[4] - فاروق عومەر عەلی ، کلیلی دەسەلاتی چوارەم ، چاپخانەی لیرە ، لا ١٥٤

**ب ) نمونەی سەروتار**

سەرنوسەری گۆڤاری هەشتاوهەشت لە سـەروتاری ژمـارە (٥و٦)ی گۆڤارەکـەی دا ئامـاژە بـە ئاینـدەی گۆڤارەکـە دەکات و پلانێکی نوێ ڕادەگەیەنێت. ئەو لە ژێر ناونیشانی " سەنتەری ئەنفال لەبەردەم ئەرکەکانیدا" دەڵێت:

– " دوای هەوڵێکی هەمەلایەنەی خەمخۆرانی پرسی ئەنفال بۆ دامەزراندی ناوەندێکی لێکۆڵینـەوە و بەدوادچـوونی تایبــەت بــە ئــەنفال و ئــەو تراژیدیایانــەی لەچوارچــێوەی سیاســەتی جینۆســایدا بەســەر گــەلی کوردســتاندا هاتوون،(سەنتەری ئەنفال بۆ توێژینەوە و بەدیککۆمێنتکردن)دواجار وەك ناوەندێکی ناحکومی خۆی ڕادەگەیەنێ.

ئەو پێویستیەی کەلەزۆر واروبواردا نەبوونی بەکەلێنێکی گەورە باس دەکراو، خـەونی بـوونی سـەنتەرێکی تایبـەت بەو پرسە ولەگەڵیان کۆبوونەوەی چەند توانایەکی تاکەکەسی کەپێشتر لەڕێگـەی نوسـین وگەڕانەکانیانـەوە خـەمی ئەنفالیان لەئەستۆ گرتبوو، لەواقیعدا وابەرجەستە بوو، لێرەوە سەنتەری بانگەوازی خۆی ئاراستەی دام و دەزگـا دەوڵەتیەکانیی و ناحکومیەکان و تووژەران و دڵسۆزانی پرسـی ئـەنفال دەکـات لـەپێناو گەیشـتن بـەو ئامانجانـەی لەپێناویدا دامەزراوە یارمەتیدەر و هاوری بن، بۆ ئەوەی بەهەوڵێکی هەمووەکییـەوە بتـوانین ژانـەکانی ڕابردوومـان بەزینـدوویی بپـارێزین و هۆشـیاری پێویسـت لەهۆشـی تـاکی کـورددا دروسـت بکـەین و ، نـەهێڵین ئـەو کۆسـتە دەگمەنانەی لەمێژووی هاوچەرخدا کورد بەسەریدا هاتووە کاڵ ببنەوە ، لێرەشەوە ئاماژەدان بەچـەند ئامـانجێکی نزیك و دووری سـەنتەرەکە بـەگرنگ دەزانـین، لەوانـە هۆشـیارکردنەوەی خـەڵك بەئاسـتی گـەورەیی کارەسـاتەکە. ناساندنی کارەساتی ئەنفال بەڕای گشتی عەرەبی و جیهانی و ناوەنـدەکانی مـافی مرۆڤـی جیهـانی، تۆمـار کردنـی نوسـینەوەی ڕووداوەکـانی نـاو ئـەنفال و کاریگەریـەکانی و جێکردنـەوەی لـەپرۆگرامی خوێنـدن وفێرکردنـدا، ئەنجامدانی توێکینەوەی زانستی لەسەر لایەنـە جیـاواز و پەیوەسـتەکان بەکارەسـاتی ئـەنفال، قەرەبووکردنـەوەی کەسوکاری ئـەنفالکراوەکان و نەتـەوەی ئـەنفالکراو، کـارکردن بـۆ دادگـایی کردنـی ئـەو کۆمپانیـا نێودەوڵەتیانـەی بەشـداریان لەکوشـتن و کیمیابـارانکردنی خـەڵکی کوردسـتاندا کـردووە، نوسـین و وەرگێڕانـی کتێـب بـەزمانی جیاجیاکـانی جیهـان ، کۆکردنـەوەو بـەدیکۆمێنتکردنی ئـەو بەڵگەنامانـەی پەیوەسـتن بەکارەسـاتی ئـەنفال و کۆکردنـەوەی ئـەو کەرەسـتە و پاشماوانـەی کـە لەکارەسـاتەکە بـەجێماوە بـۆ پاراسـتنیان لەفـەوتان، بەسـتنی کۆڕوکۆبوونەوەی تایبەت بە پرسەکە لەناوەوە ودەرەوەی کوردستان، دروستکردنی پەیوەنـدی لەگـەڵ ڕێکخـراوە هاوشێوەکانی ئەم سەنتەرە کەبایەخ بەجینۆساید دەدن لەجیهاندا.

ئـەم ئامانجـە وچـەندینی تـر سـەنتەری ئـەنفال لەپێناویـدا دامـەزراوە بـۆ بەرجەسـتەبوون و بەئـەنجام گەیانـدنی کاروچالاکیە تایبەتکانی هەوڵدەدات.

گۆڤـاری (هەشتاوهەشـت) یـش خـۆی بەبەشـێك لەهەوڵـەكانی ئـەم سـەنتەرە دەزانـێ، دوای ئـەوەی خـاوەنی ئیمتیازەكەی بەڕێز محمود سەنگاوی لەسەر داوای خۆی لەئیمتیازی گۆڤارەكە خۆشبوو بۆ (سەنتەری ئەنفال) لـەم ڕووەشەوە ستافی هەشتاوهەشت هەڵوێستەكانی بەرزدەنرخێنێت." [1]

– سەرنووسەری گۆڤاری ئەنفال سەروتارەكەی لەژێر نـاوی"دوای (٣٥) سـاڵ لـەئازار وئەشـكەنجە ئاینـدەی كـورد لـەعێراقی نوێـدا دەبـێ چـۆن بێـت؟" سەرنووسـەر ئامـاژە بـە چـەندین خـاڵی گرنگـی دوای ڕوخـانی سـەدام و دارودەستەكەی دەكات و پانۆرامایەك لە دەسەلأتی زوڵم و زۆری بەعس دەخاتە ڕوو. لە سەرووتارەكەیدا دەڵێت:
" سەرئەنجام لـە (٩–٤–٢٠٠٣) دوای (٣٥) سـاڵ پـەیڕەوكردنی زوڵـم و زۆرداری و تـاوانی دژی مرۆڤایـەتی ڕژێمـی بەعسی عەفلەقی بۆ هەتا هەتایە لـەعێراق ڕیشـەكێش كـراو گـەلانی عێـراق بـەكورد و عـەرەب و توركمـان و كلـدو ئاشورییەوە لەچنگی درەندەترین ڕژێمی دیكتاتۆری ڕزگاریان بوو.
بەعسیەكان كەلە (١٧) ی تەمووزی ساڵی (١٩٦٨) دا دەسەڵاتی سیاسیان پاش كودەتایەكی خوێناوی لـەعێراق گرتە دەسـت لـەماوەی دەسـەڵاتیاندا چـەندین تـاوانی دژ بەمرۆڤایـەتیان لـەدژی گـەلانی عێـراق بەتایبـەتی و ب ەشێویەكی ئاشكار دژ بەنەتەوەی كورد ئەنجام دا لێرەدا بەمەبەستی تێڕوانننێكی واقیعیانـە بـۆ عێراقـی ئاینـدە و ڕۆڵێكی لەو عێراقەی كە هەموومان تێدا بەمافەكانامن شادبینن بەپێویسـتی دەزانـین پانۆڕامایـەكی ئـەو تاوانەنـە بخەینە ڕوو كە ڕژێمی بەعس لەماوەی دەسەڵاتی دا دژی گەلی كورد ئەنجامی داوە......هتد. [2]

– لە گۆڤاری گیرفان دا سەرنووسەر بەناونیشانی ( پەیڤی گۆڤار) سەروتارێكی نوسیوەو باس لە دوو بۆنەی گرنگ دەكات كە لەسەروبەندی دەرچونی گۆڤارەكەدا دێنـە پێشـەوە، ئەوانـەش یەكـەمیان یـادی تـاوانی ئـەنفال و یـادی ڕۆژنامەگەری كوردیە. ئەو دەڵێت:
"مـانگی نیسـان لەبـەردەم دوو بۆنـەی گرنگداین،یەكـەمیان.. ڕۆژی ١٤–٤ كـەیادی گـەورەترین وپـڕ تراژیـدیاترین كارەساتە، ئەویش كارەساتی ئەنفالـە، ئـەو ئەنفالـەی كەتێیـدا ١٨٢ هـەزار مرۆڤـی كـورد لەگـەورەو بچـوك، لـەژن ومنـداڵ، گـەنج وپیروپەكەوتەو...هتـد كەوتنـە ژێـر چـەپۆكی ڕژێمـە گۆڕبەگۆڕەكـەی بەعسـەوە،ئەو بەعسـەی كەسەدامی دیكتاتۆر دەسەڵاتی ڕەهای هەبوو كوشت وبڕی خەڵكی عێراق وكوردستان بەتایبەتی، ئەگـەر چـی یـەك لەئاواتەكانی خەڵكی كوردستان ئەوە بوو خـودی سـەدام لەداگایـەكی ئاشـكراداو لەسـەر تـاوانی ئـەنفال لەسـێدارە بدرابایـە، بـەڵام مـەخابن، سـەدام بەهــەوڵی عـەرەبی شـیعە بەمەبەسـتی تۆڵەكردنـەوی خۆیـان توانیـان سـەدام لەسێدارەبدەن و لەناوی بدەن. بۆیە شیعە تـوانی بەبـەردێك دوو نیشـان بپێكێت. یەكـەم تۆڵـەی بـاوكی خۆیـان و

---

[1] - سەرنوسەر(سالار محمود)، سەنتەری ئەنفال لەبەردەم ئەركەكانیدا، گۆڤاری هەشتاوهەشت، ژمارە (٥و٦)ی ساڵی ٢٠٠٦، چاپخانەی قانع، لا ٤

[2] - سەروتار ( مەجید ساڵەح) ، دوای (٣٥) ساڵ لە ئازارو ئەشكەنجە، گۆڤاری ئەنفال، ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٣، چاپخانەی تیشك ، لا ١٦٥

کەمتر لە دوو سەدکوژراوی دوجەیل بکەنە کێشەیەکی سیاسی گەورە بۆخۆیان، دووەمیش نەیان هێشت سەدام لەسەر کێشەی ئەنفال وهەڵەبجە لەسێدارە بدرێت ".[1]

## ٤-١-٧: وتار:

پارچەیەك پەخشانی ئەدەبییە: بابەتێکی تایبەتی نووسەرەکەی چارەسەر دەکات، لەوەی کە ئەنجامیداوە یان هاتووەتە بیری یان وای بۆچووە یان دایهێناوە[2]

گوتار لە ژانرە گرنگەکانی ڕۆژنامەو گۆڤارە ، ڕۆژنامەنوس یان نوسەری گوتار ، بەتێری لەسەر بابەتێکی دیاریکراو دەنوسێت ، لە گوتار نوسیندا ڕۆژنامەنوس بە دورودرێژی کێشەو فاکتەکان دەخاتە ڕوو بەباشی شیان دەکاتەوە[3]

باشترین هونەر لەسەردەمی ئێستادا بتوانێت ئەرکی هەواڵدانەکەو هەم ڕاڤەکردنی خوێندنەوەی لایەنەکانی پشت هەواڵەکە لەخۆ بگرێت وتارە، کەئەویش وەڵامی هەردوو پرسیاری ( بۆچی، چۆن) دەداتەوە.

لەبارەی سەرهەڵدانی وتاری ڕۆژنامەنووسی هاوچەرخشەوە، دائیرەی مەعاریفی بەریتانی باس لەوەدەکات کەنووسەری فەرەنسی (میچێل دی مۆنتاین) داهێنەری ئەم جۆرە وتارەیەو لەکۆتایی سەردەی شازدەیەم هاتووەتە ئاراوە. یەکەم هەوڵی لەبورای وتارنووسیندا ئەو وتارانەبوو کەلەبارەی یادەوەرییەکانی خۆی لەقۆناغی منداڵیدا دەی نوسین [4]

لەپێناسەیەکی تری وتاردا هاتووە، کە ( هونەرێکی ڕۆژنامەنووسییە، باس لەبابەتێکی دیاریکراو دەکات، بۆ توێژینەوەو بەحس و لێکدانەوەو خستنەڕووی ئاکامەکانی کۆتایی پێدێت).

یان لەپێناسەیەکی تردا (بیرۆکەیەکە نووسەر لەئەنجامی ژیانی لەگەڵ هەوڵ و بۆچۆن و ئاکار و هەڵوێست و کێشە کاریگەرەکان لەسەر خوێنەر و جموجوڵی کۆمەڵ وەردەگیرێت و هەڵدەستێت بەشی کردنەوەو لایەنگریی خۆی یان دژایەتی کردنی بەزمانێکی ڕوون بەشێوازێ کە کەسێتی و بیرۆکەی دەخاتەڕوو، ئەمەش لەکاتییێکی گونجاودا بەتەکنیك و قەبارەیەك کەبگونجێت لەگەڵ جۆرو بایەخ و ئامانجەکەیدا) [5] کەلەگۆڤار یان ڕۆژنامەو هۆیەکانی بینین بڵاودەکرێتەوە.

---

[1] - سەرنووسەر ( مەلا تەحسین گەرمیانی ) ، پەیڤی گۆڤار ، گۆڤاری گیرفان ژمارە (٥)ی نیسانی ٢٠٠٧، چاپخانەی ڕەهەند– سلێمانی ، لا ٥

[2] - ئیدریس عەبدوڵا مستەفا ، لەبارەی ڕۆژنامەگەری کوردیەوە ، چاپی یەکەم ٢٠٠٨ ، چاپخانەی خانی –دهۆك ، لا ٥٧

[3] - د. مەغدید سەپان ، ژانرەکانی رۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە ١٤٥٠–١٥٠٠، چاپخانەی خانی – دهۆك ، چاپی یەکەم ٢٠٠٨ ، ل ٢٧

[4] - کاروان عەلی ، هونەری رۆژنامەنوسی ، چاپخانەو ئۆفسێتی بەدرخان ، چاپی یەکەم – سلێمانی ٢٠١٤ ، لا ١١٣

[5] - دانا حەسیب کەرکوکی ، هونەری رۆژنامەنوسی ، چاپخانەی خانی – دهۆك ، چاپی یەکەم ٢٠٠٨ ، لا ١٢٧

**– جۆرەگشتییەکانی وتار سێ جۆرە، بریتین لە(وتاریی زانستی، وتاری ئەدەبیی، وتاری ڕۆژنامەنووسی).**

لەوتاردا نووسەر بەشێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستێت بەتوانا و بەهرەو باگگراوەندی خۆی لەزانیاری لەسەر بابەتەکەدەنووسێت، وتار وەك هونەرەکانی دیکەی ڕۆژنامەنووسی نییە، ئەوەی دەیبینێت و ئەوەی دەیبیستێت بەشێوەیەکی ڕۆژنامەنووسیانەی گونجاو بیخاتەڕوو، بەڵکو وتار ئەو شتەشاراوانە دەخاتەڕوو، کەخوێنەرو خەڵکی ئاسایی بەلایدا ناچن و هیچ بیرۆکەیەکیان لەبارەوەنییە. وتار هەوڵ دەدات هۆکارو چۆنیەتی ڕوودان و باکگراوەندێکی ڕووداوەکەو زانیاری نوێ و ڕاوبۆچونی نوێ لەبارەی و هەروەها پیشبینی و ئەگەرەکانیشی لەیەك کاتدا لەبارەیەوە بخاتەڕوو، کەئەمەش جیای دەکاتەوە لەهونەرەکانی دیکەی ڕۆژنامەنووسی. هەر لەبەر ئەوەشە وتار بەقورسترین هونەرەکانی ڕۆژنامەنووسی دادەنرێت. [1]

لە باسی وتاردا پێویستە ئاماژە بە ئەوەش بکەین کە وتاری ڕۆژنامەنوسی و وتاری ئەدەبی جیاوازیان هەیە،(د. هیمدادی حسێن ) پێی وایە وتاری ڕۆژنامەنوسی ئەو وتارانەن کە لە دووتوێی ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاو دەبنەوەو نوسەر تیایدا بە شێوەیەکی بابەتیانە کێشەو گرفتی خەڵکی ڕون دەکاتەوە، بە پێچەوانەی وتاری ئەدەبی زادەی خۆخواردنەوەو ڕامان و هەست وروژاندنێکی لە مێژینەو لە ساتێکی دیاریکراودا لە دایك دەبێت، نوسەر (خودی) خۆی تێدا دەنوێنێ و جوانکاری لە ڕێگای وشەو دەستەواژەی خەیاڵی و وروژاندنی خوێنەر بەهەست و نەستێکی ناسك دەخاتە ڕوو، لەڕوی زمانەوە وتاری ڕۆژنامەنوسی بەزمانێکی سادەی زۆرینەی خەڵك دەردەبڕێ کە هەموو خەڵکی بەهەموو چین و توێژو ئاستی ڕۆشنبیری و جیاوازەوە لێی تێبگەن، خۆی لەبەکارهێنانی زۆر زاراوەی پسپۆڕی و دەستەواژەی ئەدەبی بەدوردەگرێ کە تەمومژ دروست بکات، لە ڕوی مێژوییەوە وتاری ڕۆژنامەنوسی تازەترو پەیوەندی بە مێژووی بڵاوبونەوەی ڕۆژنامەوە هەیە ، بەڵام وتاری ئەدەبی مێژوەکەی کۆنترە.[2]

**– جۆرەکانی وتار** ( مێژووی ، کۆمەڵایەتی ، خوێندەواری ، پەروەردەی منداڵ ، ئافرەت ، زمانەوانی ، رامیاری ، زانستی ، نیشتمانی ، وەسفی ) کە دەکرێت هەمویان بچنە ژێر چەتری ئەو سێ جۆرە گشتیەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردوە.

**ا) وتاری زانستی** : جۆرێکی تری وتارە ( کە ژیری — نەك سۆز دەستی گەورەی تێدا هەیە پتر دەربڕین و ئاشناکردنی ڕاستیە ، یان ئەو نوسینانە دەگرێتەوە کە لەبابەتێکی زانستی دەدوێن، زانیاری لەبارەی زانستێك یان بیردۆزێك یان هەر داهێنراوێکی زانستی بەدەستەوە دەدات ، بەتایبەتی ئەو بابەتە زانستیانەی کە لە گۆڕەپانی داهێناندا تازەن تاوەکو بەخوێنەرانی ئاشنا بکات. [3]

---

[1] - کاروان عەلی ، هونەری رۆژنامەنوسی ، چاپخانەو ئۆفسێتی بەدرخان ، چاپی یەکەم — سلێمانی ٢٠١٤ ، لا ١١٧

[2] — د. هیمدادی حسێن ، ڕۆژنامەنوسی کوردی سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان ١٩٤٢—١٩٤٧، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، ٢٥٦

[3] - مستەفا سالّخ مستەفا ، پەخشان لە گۆڤاری زاری کرمانجیدا (١٩٢٦—١٩٣٢) ، نامەی ماجستێر، بەشی کوردی ، کۆلێژی ئاداب—زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر ٢٠٠٨، لا ٩١

**ب) وتاری وەسفی :** ئەو وتارانە دەگرێتەوە (( کە ئەدیب وێنەی ئەکێشێ لە ڕێگەی ڕونی و ئاشکرایی بیرەوە کە بتوانێ بیخاتە ڕوو، وەسفیش لێرەدا هۆیە نەك ئامانج، هۆیەکە بیرەکە ئاشکرا دەکات)) لە بیروڕا دەربڕینەکەشدا ڕادەی کاریگەری شتەکە لەسەر دەرونی نوسەرەکە دەردەکەوێت، جا شتەکە گیاندار‌بێت یان بێ گیان ، هەروەها لە وەسفکردنەکەشدا زمانێکی پاراو ڕوون بەکاردەهێنرێت، چونکە مەبەست زوو تێگەیاندنی بەرامبەرە، ئەم جۆرەی وتار هەر لە ناونیشانەکەوە ناوەڕۆکەکەی دەردەکەوێت و پێویستی بەنوسەرێکی شارەزا هەیە تاکو وێنەی شتە وەسف کراوەکە بگوێزێتەوە مێشکی خوێنەر، هەروەها پێویستە ( لە وێنەکێشانی ڕوداوەکان ، یان لەدەربڕینی وێنەی جوان پسپۆڕبێت ) تاکو بە ئاسانی بتوانێت کۆنترۆڵی هۆش و بیری خوێنەر بکات و سەرنجی بەلای نوسراوەکە ڕابکێشێت.[1]

**پ) وتاری شیکاری:** کاریگەرییەکی گەورەی هەیە، چونکە ئەو بابەت و بڕیارانە دەخاتەبەر لێکۆڵینەوە کەبیر و هۆشی خەڵکی پێوەخەریکە. ئەم دیاردەو بابەتانەش ڕەنگە هەنوکەیی بن یان ڕوویاندابێت یاخود لەداهاتوودا ڕوو دەدەن، نووسەر ڕووداوەکانی ئایندەو ڕابردووش بەیەکەوەگرێ دەدات. ئەم جۆرەوتارە جیایە لەستوونی ڕۆژنامەنووسی و سەروتار، لەبەر ئەوەپێویستیی زیاتری زیاترو دیراسەکردن هەیە، بۆیە ئەستەمەنووسەر بتوانێ ڕۆژانەبینووسێت، بەڵکو ڕەنگە هەفتەی جارێك یان دوان بینووسێت، چونکە ئەگەر وا نەبێت دوور نییە بابەتەکە لاواز دەربچێت.

وتاری شیکاری بریتییە لەدەربڕینی هونەرەکانی وتاری ڕۆژنامەنووسی کەزۆرترین کاریگەریی هەیەلەسەر شیکردنەوەی قوڵی ڕووداو دیاری دەکات کەجێی بایەخی خەڵکن بنیات دەنرێت. وردەکاییی بابەتەکان لەخۆ دەگرێت و لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدەیان بەستێتەوەکەپەیوەندییان لەبەکترەوەهەیەو دواجاریش ڕاوبۆچوونەکانی لەسەری دەخاتەڕوو.

پێناسەیەکی دیکە بۆ وتاری شیکاری هەیە دەڵێت:

"ئەو وتارەیە کە نوسەرێکی بسپۆڕ لەبوارێکی دیاریکراو دەینووسێت و سەرجەم لایەنەکانی بابەتەکە تاوتوێ دەکات. هەر وەك هەموو ڕەگەزەکانی بابەتەکانی نووسین لەخۆدەگرێت: هەواڵ، گفتوگۆ، لێکۆڵینەوە، هەروەها سەرجەم زانیارییەکان کەپەیوەندییان بەبابەتەکەوە هەیە، دواجاریش نووسەرەکە لەبەر ڕۆشنایی ئەم لایەنە ڕاوبۆچوونی خۆی ڕادەگەیەنێت و تێڕوانینیی خۆی لەسەر بابەتەکە ئاشکرا دەکات. نووسەری وتاری شیکاری زۆر بواری لەبەردەمدا هەیە، وەك: سیاسی و سەربازی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئامار،.....هتد. [2]

---

[1] - مستەفا سالّح مستەفا ، پەخشان لە گۆڤاری زاری کرمانجیدا (١٩٢٦-١٩٣٢) ، نامەی ماجستێر، بەشی کوردی ، کۆلێژی ئاداب-زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر ٢٠٠٨، ل ٩٤

[2] - کاروان عەلی ، هونەری ڕۆژنامەنوسی ، چاپخانەو ئۆفسێتی بەدرخان ، چاپی یەکەم – سلێمانی ٢٠١٤ ، لا ١٢٨-١٤٧

**ت) ئەركی گوتاری ڕۆژنامەنووسی**

١–ڕاگەیاندن:گوتاری زانیاری و هێزی نوێ لەبارەی ڕووداوی هەنوكەیی و كێشە گەرماوگەرمەكانەوە دەخاتە بەرچاو.

٢–ڕاڤەكردن ولێكدانەوەی هەواڵی بڵاوكراوەی ڕۆژنامە.

٣–ڕۆشنبیركردن:بڵاوكردنەوەی زانیارییە مرۆڤایەتییەكان، ڕۆشنبیری خوێنەری پێ دەوڵەمەندتر دەبێ.

٤–هۆشیاری سیاسی:بەشیكردنەوەی سیاسەتی حكومەت وحزبەكان و هەڵوێستە جیاجیاكانیان لەسە ڕووداوەكانی ناوخۆو دەرەوە.

٥–هەڵخەڵەتاندنی جەماوە لەپێناو خزمەتكردنی سیستمی سیاسی یان كۆمەڵایەتی و بەشداربوونی لەگەشەسەندنی نیشتیمانیدا.

٦–پێكهێنانی ڕای گشتی لە كۆمەڵگاداو كاركردنە سەر ئاراستەكانی ڕای گشتی.

٧–سەركردایەتی كردنی جەماوەر لەكاتی قەیران و تێكچوونی ڕەوشی كۆمەڵگا و ڕێنوێنی كردنیان بەرەو سیستم و ئەمانە وچاندنی تۆوی هیوا و ئومێد لە دەروونیاندا.

٨–بەرگریكردنی لەبەهاو پرنسیپ و سیفەتە باشە وچاك وپیرۆزەكانی كۆمەڵ.

٩–گوتاری سەرگەرمی یان گاڵتەجاڕی یا كەیف و خۆشی هەر بەمەبەستی سەرگەرمی كردن وكەیف و خۆشییە...خوێنەر چێژ لە گوتارێك وەردەگرێ كە هێزێكی نوێی تێدا بێ یا هانی خوێنەران بدات بەشێوەیەكی جیاواز بیربكاتەوە.[1]

( وتار ) بەشی زۆری جەستەی ڕۆژنامەوانی داپۆشیوە، هیچ ڕۆژنامەیەك نیە بتوانێ دەسبەرداری وتار بێت، ڕۆژنامەنوسی كوردش هەرلەسەرەتاوە كەلەلایەن ئەدیب وشاعیرانەوە بەڕێوەچوە، بەهزری وردو وشەو دەستەواژەی نازك و ئەندێشەو خەیاڵئامێز چەندین وتاری ئەدەبییان لەهەموو بوارەكانی ژیانی سیاسی و ئابووری وكۆمەڵایەتی یاداشت كردووە، ( ئەنفال ) یش ویژدانی زۆرئەدیب و نوسەرو ڕۆژنامەنووسی هەژاندووە و بەقەڵەمی بە برشتی خۆیان ساتە سەرابییەكان بوونەتە هەوێن.[2] لە پرۆسەی ڕۆژنامەنوسی و گۆڤارەكانی ناوچەی گەرمیاندا چەندین وتار بلاوكراونەتەوە ، بەجۆرێك لە هەموو هونەرەكانی ئەدەبیاتی ڕۆژنامەنوسی زیاتر بایەخ بە وتار دراوە، واتە لە كۆی گۆڤارەكان (٤٣٧) وتار بلاوكراونەتەوەو لەو ڕێژەیەش (٩٦)ی تایبەت بە ئەنفال و جینۆساید نوسراوە. لێرەدا چەند نمونەیەكی وتاری ئەدەبی و ڕۆژنامەنوسی لەسەر ئەنفال و جینۆساید دەخەینە بەرچاو.

– لە ژمارە (٤) ی گۆڤاری هەشتاوهەشت دا گۆڤاردا ، نوسەر ( عەدنان سەید حسێن) وتارێكی بەناوی ( ئەنفال و بەعس) دا تیشك دەخاتە سەر فكرو زاڵمی ڕژێمی بەعس و پێی وایە كاتێك بەعس وشەی ئەنفال لە مەرگی هەزاران

---

[1] - فاروق عومەر عەلی ، كلیلی دەسەلاتی چوارەم ، چاپخانەی لیرە ، لا ١٥٢

[2] – د. هیمدادی حوسێن ، ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیاتی نوێی كوردی ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی ٢٠٠٨ ، لا ٢٥٦

ئینسان دا بەکاردەهێنێت ، ئەیەوێت پێمان بڵێت ئەمانە زیادەیەك بون لەسەر خەونەکانی بەعس، ئەوان زیادەیەك بوون لە جەستەی کۆمەڵگەی نمونەی بەعس و ئێراقی ئومەی عەرەبیدا، بۆیە نمونەیەکی ئەفلەق دەگێڕێتەوەو دەڵێت " کورد لە عێراق و سوریا و بەربەر لە خۆرئاوای نیشتمانی عەرەب کۆسپن بۆ دروست بوونی یەکێتی نیشتمانی عەرەب بۆیە دەبێت لەناو ببرێن".

– لە ژمارە (١)ی گۆڤاری ئەنفال دا ستران عەبدوڵا لە وتارێکیدا بەناوی ( کوردە ئەنفالکراوەکانمان دەوێتەوە ) لەبەشێکی وتارەکەیدا پەخشان ئاسا دەبێژێت" بۆچی ( خەم ) و ( پەژارە ) بۆ ئەنفال و ...بۆچی فرمێسك و باوکەڕۆو پاڕانەوە نا؟ ئایا ئەم خوردکردنەوە ئەدەبیەی لێرەدا دەیکەین مەشقێکی فیکرییە یان جۆرێکی دیکەی دیتنەوەی فەرق و جیاوازیە لە نێوان زمان و دەربڕینی کوردیدا هەروەکو ئەنفال و کردەوەکانی داگیرکەران فەرق و جیاوازیان خستە ریزی نەتەوەکەمانەوەو کردنی بەباشی ئەنفالکراو، جاشی ئەنفالچی" لە بەشێکی تری وتارەکەیدا نوسەر دەڵێت " با لەسەرەتاوە دان بەوەدا بنێین کە فرمێسك و باوکەڕۆو تەنانەت پاڕانەوەش لە زەمین و زەمانی خۆیان دا جۆرێکن لە هەڵوێستی جوامێری و دەگیرێت و باوەکەڕۆ دەکات و بۆ ئەنفالەکان دەپاڕێتەوە، ئەوە لە جوامێری و پەرۆشی خۆیەوە وا دەکات ، بەڵام گریان جۆش و خرۆشێکی کاتیەو فرمێسکەکانیش دەبڕێنەوەو سەرچاوەکانیان وشك دەکەن، ئەوەی دەمێنێتەوە خەم و پەژارەی دورخایەنە چونکە هەردوکیان خەسڵەتی گینگڵ خواردن و مانەوەیان هەیە. کەچی ڕێدەکەوێ مرۆڤی ئاسایی لە کۆستی ئازیزێکی تازە مردودا بەخوڕ مرمێسك دەبارێنێ تا قەهری کۆست لە دڵی خۆی دەربێنێ،کەچی ڕێکدەکەوێ مرۆڤی هۆشیار لە کۆستتدا فرمێسك لە چاوەکانیدا قەتیس ببێ و نەتوانێ شین و شەپۆڕ بکات، ئەمما دواتر دوای نیشتنەوەی شینی کۆستەکە خەم و پەژارەی قوڵ لە هێکرا دایدەگرێ و یەخەی بەرنادا ، خەم جگە لەمانای حوزن ، مانای تێڕامان لە کۆست و پەژارەو ئاهێکی قوڵە بۆ ئەو کۆستەی تا ئەسباب و باعیسەکانی چارەسەر نەکرێ هەروا لەدڵدا دەمێننەوە.لەبەر ئەوە خەم و پەژارە بۆ کۆستی ئەنفال واتای تێڕامانی قوڵ و حەسرەتی قوڵ دێت بۆ ڕەوشی نەتەوەیەك کە هەروا بەتاك و بەکۆمەڵ خەڵکی لێ دەکوژرێ و کەس نیە لێی بپێچێتەوە"

– لە ژمارە (٣) گۆڤاری ئەنفالیش دا م. شێرکۆ وتارێکی ( دکتۆر جەبار قادر )ی وەرگێڕاوەو لە ژێر ناوی ( ئەنفال ... بەرجەستە بونێکە لەسەروەری هزری گشتیری و توندوتیژی و زەبروزەنگ) بڵاوکردۆتەوە ، لەو وتارەدا باسێکی گشتی قۆناغەکانی ئەنجامدانی شاڵاوەکانی ئەنفال دەکات و بەتایبەت لەسەر قۆناغی سێ و ئەنفال و سوتماککردنی ناوچەی گەرمیان دەدوێ و دەڵێ" ئەنفالی سێ کە ناوچەکانی گەرمیان و پارێزگای کەرکوکی گرتەوەو لە (٧)ی نیسان دەستی پێکرد، واتە لە یادی دامەزراندنی حیزبی بەعس تاوەکو (٢٠)ی هەمان مانگ بەردەوام بوو، ئەم شاڵاوە بە فراوانترین و زەبرترین لاپەڕەکانی ئەنفالەو زۆرترین وێرانکاری بەدوای خۆی جێهێشت لە ڕوی ڕوبەری ناوچەکان یان ژمارەی ئەنفالکراوەکان، ئامانج لە ئەنفالی سێ یەم وێرانکردنی گشت گوندە کوردیەکان بوو لەو پارێزگایەو نەهێشتنی زۆرترین ژمارەی کورد بەمەبەستی تەواوکردنی پرۆسەی بەعەرەب کردن، کە حیزبی بەعس لە ساڵی ١٩٦٣ دەستی بەجێبەجێکردنی کرد کاتێك گەیشتە دەسەڵات، وا

پێشبینی دەکرێت زیاتر لە (١٥٠) هەزار کەس لە کۆی (١٨٢) هەزاری ئەنفالکراوەکان تەنها لە گۆڕەپانی کردەوەی ئەنفالی سێیەم ئەنجام درابێ.

– لە ژمارە (٥) ی هەمان گۆڤاردا ( لەتیف فاتیح فەرەج ) بابەتێکی دیکۆمێنتاری لە چوارچێوەری وتاردا و بەدیکۆمێنت باس لە ڕۆڵی جاش دەکات و ، وێنەی هەندێك لە جاش کوردی بلاوکردۆتەوە کە لەسەرو بەندی ئەنفال دا لەگەڵ سەدام گیراوە، لەو بابەتەی دا کە بەناو نیشانی ( جاش و جاشایەتی وەك بەشێك لە مێژوی کورد ) لەتیف دەڵێت" کورد بە درێژی مێوی خۆی لادەرو چەوت و هەڵگەڕاوەی هەبووە، ئەمە بەگشتی سەبارەت بەنەتەوەکانی دیکەش هەروابووە، بەلام هەمیشە ئەوەی کورد دیاردە بووە، ڕەنگە یەکێك لە هۆیەکانی لەسەر پێی خۆ نەوەستانی کورد لە مێودا دروست نەبونی دەولەتی کوردی ئەم لادەرو چەوت و هەڵگەڕاوانە بوون، بەشێك لە هۆیەکانی ڕوخانی دەولەت ماد خیانەتی ناوخۆبووە، هەروەك چۆن هۆیەکی گرنگی شکستی پاشای کۆرەی ڕەواندزیش هەر ئەو چەوت و لادەرنە بوون،بەو پێیەی مێژوی کورد بەگشتی پڕبوە لە نۆکەرو لادەرو چەوت....

– لە ژمارە (٣)ی گۆڤاری ناسنامە داو لە ژێرناوی " ئەنفال ناسنامەی ئێمەیە ..." ، ( ئاکۆ ئەحمەد ) لە وتارێکی دا دەڵێت" بە درێژی مێژووی مرۆڤایەتی کاتێك تاوانی دەسەلاتێکی ستەمکارو دیکتاتۆر گەیشتۆتە لوتکە، ئەوکات دەسەلاتەکەی بەرەو داتەپین و لەناوچون ڕۆیشتوە. وە لە بەرامبەریشدا گەلی ژێردەستەو ستەم لێکراو سەرکەوتووە.

بۆ ئێمەی گەلی کوردیش ئەمە زۆر ڕاستە چونکە دوای سەردەمێك زوڵم و ستەم، ڕژێم دەی ویست لە سالانی ١٩٨٧ و ١٩٨٨ دواین پلانی بنەبڕکردنی (جینۆساید)ی گەلی کورد کرداری بکات، بۆ ئەوەش بەشێوەیەکی دڕندەو دور لە هەر بنەمایەکی مرۆیی کەوتە کوشتن و زیندە بەچالکردن و لە سێدارەدان و تۆقاندن و ڕاونانی گەلی کورد وە بەمەش وازی نەهێناو دەستی کرد بە ڕوخاندن و سوتاندنی هەزاران لادێ ی کوردستان، بەعسیزمەکان بەوەش ڕازی نەبوون ، وە بەدەستی ستەم ڕەشی خۆیان دەیان ویست سروشتی کوردستان تێك بدەن بۆ ئەوەش هەزاران کانی و کارێزو بیریان پڕکردەوە، بۆیە لەو کاتەوە سەرکەوتنی گەلی کورد نزیك دەبویەوە، کە تاوانەکانی ئەو ڕژێمە تا دەهات زیاتر دەبوو بۆ شەرمیش بەبەرچاوی تەواوی ولاتە لاف لێدەرەکانی دیموکراسی و ماڤی مرۆڤ، کە بۆ بەرژەوەندی خۆیان وێنە تراژیدیەکانی ئازارەکانی ئەم کوردستانەش ساتێك ڕای نەچڵەکاندن، تاوانە لە بیر نەچوەکانی ڕژێمی بەعس ، ساڵی ١٩٨٨ ی کیمیاباران و ەنفال ئیدی ئەوانە بونە ناسنامەی ئێمە ..."

– لە ژمارە (٠)ی گۆڤاری گیرفان دا ( ئارام سدیق ) لە وتارێکدا لە ژێر ناونیشانی " ڕامانێك لە مەڕ کاریگەریەکانی ئەنفال لە سەر ژنی کورد " و بە کورتی باس لە پرۆسەی ئەنفالکردنی ژنانی کورد دەکات و وەکو توێژێکی سەرەکی کۆمەڵ و ڕەگەزێکی ڕەگەزێکی کاریگەر بەشی هەرەزۆری زیانەکانی بەرکەوت و بوەتە قۆچی قوربانی ئەو ئۆپراسیۆنە بەدناوە، نوسەر دەڵێت " ئاسەوارە نێگەتیڤیەکانی ئەنفال لەسەر ئافرەت تاکو ئەمڕۆ بەردەوامەو

بەڵكو ڕۆژ دوای ڕۆژ لە زیاد بوندایە، بەتایبەت ئەو ئافرەتانەی کە پیاوەکانیان تاکو ئێستا بێ سەرو شوێنن و ڕوبەڕوی کۆمەڵێك گیروگرفتی خێزانی بونەتەوەو چارەنوسیان نادیارە.

لە ژمارە (٢)ی گۆڤاری داستان دا (باشور ) وتارێکی نوسیوەو باس لە گەرمیان و ناوچەکانی کفری و دڕندەی بەعس دەکات و لە بەشێکی وتارکەیدا دەڵێت" دیکتاتۆر لاپەڕەی قورئانی هەڵدایەوە، خۆی دایە پاڵ ئاینی ئیسلام و بڕیاری ئەنفالی داو گرتن و کوشتن و وێرانکردنی لادێکانی کردە دەستوری سوپاکەی ، کەوتنە وێزەی هەموو خەڵکی ، ژن ومناڵ ، گەورەو بچوك، زاناو نەزان، چەکدارو بێ چەك، هەموو یەك تاوانیان هەبوو کە کورد بوون بۆیە ئەبێ بەدەستوری داگیرکەران لەناو ببرێن" [١]

لە ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٥ی گۆڤاری شێروانەدا ، ئەحمەد باجەلان وتارێکی نوسیوە لە ژێر ناوی ( ئەنفال و پارتیزان و سرك )، لەم وتارەدا نوسەر باسی زولم و زۆرەکانی ڕژێمی بەعس و چۆنێتی بەرەنگارە بونەوەی هێزە کوردیەکان و بەتایبەت یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکات ، دواتر باسی هێزی هاوکاری ناوشار پارتیزانەکان ئەکات و دەڵێت " سرك و پارتیزان شانبەشانی یەك کوردستانیان جێنەهێشت و بەشێوەیەکی تازە بەرگرییان لە ڕوی داگیرکەراندا ڕاگەیاندو ترس و دودڵیان لەناو ڕزی سوپای بەعسدا چاندو هیوایەکی گەرم و گوڕیان بەکۆمەلانی خەڵك بەخشی" [٢] لە بەشێکی تری وتارەکەیدا باسی ئەشکەوتی داری خلە ئەکات کە ڕوخا بەسەر کادرو پێشمەرگە مەلا ئەحمەدو هاوڕێکانی .

## ٤-١-٨: ڕیپۆرتاژ:

هونەرێکی ڕۆژنامەنووسییەکە زانیاری و ڕاوبۆچوون لەبارەی کێشەیەکی دیاریکراوەوە ڕوون دەکاتەوە بەمەبەستی دانانی چارەسەری گونجاو بۆی.

هەروەها پێناسەدەکرێت (هونەرێکی ڕۆژنامەنووییە، ڕۆژنامەنووسی شارەزا ئەنجامی دەدات بەمەبەستی ئاشکراکردنی لایەنەکانی یەکێك لەکێشەکان و سەرنجڕاکێشانی ڕای گشتی سەبارەت بەو کێشەیە.)

ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەنووسی تیشك دەخاتەسەر کێشەبڵاوەکانی ناو کۆمەڵگا و ئاشکراکردنی هۆیەکانی ئاراستەکانی هەتاکو گەیشتن لەچارەسەرکردنی، بەپێشنیازکردنی ئەو ڕاسپاردانەی کەڕۆژنامەنووس بۆ چارەسەرکدنی کێشەکان بەگونجاو دەزانێت، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کەزۆر لەدەزگاکانی کۆمەڵگا، پێشنیاز و ڕاسپاردەکانی ڕۆژنامەنووسان بەهەند وەردەگرن و چەمکی دەسەڵاتی چوارەم زۆر بەڕوونی لەگەڵ هونەری ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەنووسیدا دەردەکەوێت [٣]

---

[١] - باشور ، لە یادی ئەنفال دا گەرمیان دەدوێ ، گۆڤاری داستان — ژمارە (٢)ی ئایاری ٢٠٠٠ ، ل ١

[٢] - ئەحمەد باجەلان ، ئەنفال و پارتیزان و سرك ، گۆڤاری شێروانە ، ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٥ ، ل ٢٣

[٣] - دانا حەسیب کەرکوکی ، هونەری ڕۆژنامەنوسی ، چاپخانەی خانی — دهۆك ، چاپی یەکەم ٢٠٠٨ ، لا ١١٣

نووسـینی ڕێپۆرتـاژ لەچـیرۆك دەچـێت، ڕۆژنامـەنووس لەنووسـینی ڕێپۆرتـاژدا باسـێكی ورد سـەبارەت بـەهۆی دروستبوونی كێشەكەو دواتریش دەچێـەناو مەسەلەوردەكانییەوەوبەشێوەی چیرۆك دەیگێڕێتەوەو دواتـر پرسـیار و وەڵام و پرس و بیروڕا دەستپێدەكات و دەیخاتەڕوو. پێویستە ڕۆژنامەنووس زانیـاریی پێشـینەی هـەبێت لەسـەر كێشەكە.

**- جۆرەكانی ڕێپۆرتاژ:**

١- ڕێپۆرتاژی پێشینەی: ئەم جۆرە ڕێپۆرتاژە ڕوداوەكـان شـی دەكاتـەوەو لێكـی دەداتـەوە، هـەروەها ڕەهەنـدو دەلالەتەكانی ئاشكرا دەكات و هەر پشت بەهەواڵ دەبەستێت.

٢- ڕێپۆرتاژی پرسكردن و هەواڵپرسین و پشكنین: كە لە مەسەلەیەك دەدوێ بەلای ڕای گشتیەوە گرنگەو ڕونـاكی دەخاتە سەر لایەنە جیاجیاكانی هەر وردەكاریەكی پەیوەست بەو مەسەلەیەوە.

٣- ڕێپۆرتاژی لێكۆڵینەوەو ساغ كردنەوە: لەم جۆرەدا لایەنی نهێنی و پەنهانەكان بۆ خوێنەران ئاشكرا دەكرێن

٤- ڕێپۆرتاژی چاوەڕوان بـوون: ئـەم جـۆرە ڕێپۆرتـاژە یاریـدەی خوێنـەر دەدات، پێشـبینی ئـەنجامی ڕوداوەكـان بكات.

٥- ڕێپۆرتاژی هەلاتن: ئەم جۆرە زیاتر مەیلی بـەلای سـەرگەرمی و كەیفەوەیـە، بـەجۆرێك دور لەخـەم و جـەنجاڵی ڕۆژانە خوێنەر بەلای خۆیدا كێش دەكات، وەك چیرۆكی ئەوین داری و دڵداری... هتد . [1]

لە گۆڤارەكانی گەرمیان دا چەندین ڕێپۆرتاژ ئەنجام دراون و بلاَوكراونەتەوە. واتە لە كۆی هـەموو ژمارەكـان (٦٨) ڕێپۆرتاژ ئەنجام دراوە ، ئەمەش بەڵگەی سەركەوتوی كاری ڕۆژنامەنوسی دەڤەرەكـە پیشـان دەدات. وەك نموونـە بۆ ڕێپۆرتاژی ڕۆژنامەنووسی بەكورتی ئاماژە بە دوو ڕێپۆرتاژ دەدەین لە گۆڤارەكانی تایبەت بە لێكۆڵینەوەكە..

" لە گۆڤاری ورێزادا ڕێپۆرتاژێك لە سەر ئەنفال و جینۆساید كردنی كورد هاتوە، كە لەسـەرەتا دا بـەكورتی باسـی لــە ئــەنفال و ئامــانجی ڕێپۆرتاژەكــەی كــردوەو دواتــر چــەند كەســوكارێكی دوانــدوەو چــەند مــاڵێكی كەســوكار ئەنفالكراوی بەسەر كردۆتەوە،ناونیشانی ڕێپۆرتاژەكە بەم شێوەیە ( كەسـوكاری ئـەنفالكراوەكان ، داوادەكـەن كـە سەدام و دارو دەستەكەی لە كوردستان دادگای بكرێن) لـە ژێـر ئـەو ناونیشـانەداو لـە پێشـەكی ڕێپۆرتاژەكـەدا وا دەسپێەكات " ئاشكرایە كە سەدام حسەین ئەو تاونبارەیە كە خەڵكی كوردسـتانی ئـەنفال كـردو سـەدان وهـەزاران خەڵكی بێ تاوانی كوشت كە تائێستاش ئەنفالكراوەكان تەرمەكانیان لـە سـینگی بیابانـە گەرمـەكانی عەرەبسـتاندا ماوەو سەرانی بەعس و ئەو ڕژێمە فاشییە كارێكی وایان دەرحەق بەكورد كـردوە كـە بـۆ هـەتا هەتایـە لـە مێـژووی مرۆڤایـەتی دا بنوسـرێتەوەو ئێسـتاش دادگـای دەكـرێن ، پاشمـاوەی ئـەنفالكراوەكان و كیمیابـانی هەڵەبجـە بەخۆشیەوە چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە بوون ئەو دێوە زمەو عەلی حەسەن مەجید و هاوڕێكانیان لە بەردەم دادگا زەلیـل

[1] - - فاروق عومەر عەلی ، كلیلی دەسەلاَتی چوارەم ، چاپخانەی لیرە ، لا ٧١

بن. بۆیە ئێمە کەسوکاری ئەنفالکراوەکانمان دواند بە گشتی لێمان پرسین کە هەستیان چۆنە بەرابەر بە دادگای کردنی سەدام و تاقمەکەی ".[١]

هەر لەو ڕیپۆرتاژەدا حەوت کەس بەسەرکراوەتەوەو باسی خۆشحاڵی خۆیان دەکەن لە بۆ دادگای کردنی سەدام حسێن.

– لە نمونەیەکی تری ڕیپۆرتاژ دا کە ڕۆژنامەنوس ( جەمال ئەکبر) لە گۆڤاری ئەنفال دا بڵاوی کردۆتەوە بەناونیشانی ( ئەنفال پەڵەیەکی رەشی شەرمەزاری یە بەنێو چاوانی دوژمنەوە) لە پێشەکی ڕیپۆرتاژەکەدا دەڵێت" ئەنفال ئەو کارەساتە بەدناوە جەرگ بڕەبووە کە سیاسەتی جینۆسایدی ڕژێمی عێراق بەسەر گەلەکەمان دا پیادەی کرد، ئەنفال زامێکی قوڵ بوو لە جەستەی گەلی کورد کەوت، تراژیدیایەکی کۆمەڵکوژی و دێوەزمەی تاوانێکی گەورەبوو کە هەرگیزاو هەرگیز لە بیرناچێتەوە،ڕژێمی عێراق لەو شاڵاوەدا پەلاماری هەموو ناوچەکانی کوردستانی دا..."[٢] دواتر هەشت کەسی لە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بەسەر کردۆتەوەو ڕاوبۆچونیانی لەمەڕ چۆنێتی ئەنفالکردنیان وەرگرتوەو چوتە قوڵای تاوانەکەوە لە زاری خۆیانەوە.

## ٤–١–٩: هەڤپەیڤینی ڕۆژنامەنووسی:

هەڤپەیڤینی ڕۆژنامەنووسی، یەکێکە لە هونەرەکانی ڕۆژنامەنووسی کە بەپەخشان دەنووسرێن و بەردەوام لە لایەن ڕۆژنامەنووسانەوە پشتی پێ دەبەسترێت بۆ بەدەستهێنانی زانیاری کە زۆرجار دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ بیرۆکەی وتار و ڕیپۆرتاژ و بەشەکانی تری ڕۆژنامەنووسی.

لە سادەترین پێناسەیدا هونەری هەڤپەیڤین "هونەرێکە لەسەر وتووێژ لە نێوان ڕۆژنامەنووس و یەکێك لە کەسایەتییەکان بنیاتنراوە بە مەبەستی دەستکەوتنی زانیاریی تازە و هەواڵی گەرم، یان ئاشکراکردن و خستنەرووی تێڕوانینێکی دیاریکراو، هەروەها دەرخستنی چەند لایەنێکی سەیروسەمەری ئەو کەسە کە ئەوەشیان هەر دەستکەوتنی زانیاری نوێیە."

یەکێکی تر لە پێناسەکان "گفتوگۆی ڕۆژنامەنووسی یەکێکە لە هونەرەکانی ڕۆژنامەنووسی و تێیدا ڕۆژنامەنووس گفتوگۆ لەگەڵ کەسایەتییەك دەکات کە لە پشت ڕووداوێکەوە بێت یان زانیاریی لەبارەوە هەبێت کە شایەنی بڵاوکردنەوە بێت، ئەمەش لە ڕیگەی ئاراستەکردنی پرسیار و وەرگرتنی وەڵامەکانی دێنەدی." [٣]

---

[١] - کوردۆ عەزیز ، سەیوان زەماوەنگەیی، کەسوکاری ئەنفالکراوەکان داوادەکەن سەدام و ... ، گۆڤاری ورێزا–ژمارە(٢–٣) ،چاپخانەی حەمدی، ئەیلولی ٢٠٠٦، ل ٨٣

[٢] - جەمال ئەکبر ، ئەنفال پەڵەیەکی ڕەشی شەرمەزاریە بەنێو چاوانی دوژمنەوە، گۆڤاری ئەنفال – ژمارە (٣) چاپخانەی تیشك، ساڵی ٢٠٠٢، ل ١١٥

[٣] - کاروان عەلی ، هونەری رۆژنامەنوسی ، چاپخانەو ئۆفسێتی بەدرخان ، چاپی یەکەم – سلێمانی ٢٠١٤ ، لا ٨٠–٨١

سەرچاوەکان یەکەم گفتوگۆی ڕۆژنامەنووسی دەگەڕیننەوە بۆ ڕۆژنامەگەریی ئەمریکی و ئەو سەردانەی کە ڕۆژنامەنووس (هۆراس گیرلی) راسپێردراوی ڕۆژنامەی نیویۆرك تەربیون) بۆ بریگهام یۆنچ و ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووسی لەگەڵ سەرۆك خێلی (مۆرۆن)، چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووسی لە ساڵی (١٨٣٠) وەك هونەرێکی ڕۆژنامەنووسی دەرکەو. [١]

بەڵام بەشێك لە سەرچاوەکان سەرهەڵدانی گفتوگۆی ڕۆژنامەنووسی دەگەڕیننەوە بۆ (دیفۆ Defoe)ی ڕۆژنامەنووسی ئینگلیزیی سەدەی هەژدەیەم، کاتێك لە هەشتاکانی ئەو سەدەیەدا لەگەڵ (جاك شیفەردShepherd)ی ڕیگر لەبەردەم پەتی سێدارەدا بوو، کەوتە قسە و چەند پرسیارێکی لەبارەی هەست و خواستییەوە کرد و ئەم گفتوگۆیەی نێوان ڕۆژنامەنووسەکە و تاوانبارەکە بە کۆنترین هونەری گفتوگۆی ڕۆژنامەنووسیی هاوچەرخ دادەنرێت. [٢]

چاوپێکەوتن جۆرێکە لە هەواڵگیریی ڕاستەوخۆ کە بە هۆیەوە بیروڕای کەسایەتییە گرنگەکانی کۆمەڵگا، یان ئەندێشەی خەڵکی کوچە و بازاڕ لەبارەی بابەتە جیاجیاکانی ڕۆژەوە دەستدەکەوێت، لە زمانی کوردیدا گەلێکجار (دیمانە، دیدار، وتووێژ، هەڤپەیڤین،....)ی پێ دەوترێت و ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانیش هەرجارە و یەکێك لەو زاراوانەی بۆ بەکاردێت.[٣]

لە لای زۆربەی خەڵکی واژەی (هەڤپەیڤین) بە واتای تێکەوتن و بە ناچار وەڵامدانەوەی هەندێك پرسیاری تایبەتە، هەرچەندە بۆ هەندێك ﴿بۆ وێنە: نووسینی ڕۆژنامەوانی و لێکۆڵینەوە﴾ خستنەژێر پاڵەپەستۆی ئەو کەسەی کە وتوێژی لەگەڵ دەکرێت، لەوانەیە وابێت، بەڵام لە زۆربەی هەڤپەیڤینەکاندا کە بەهۆی نووسەرانەوە ڕیکدەخرێت، شێوەیەکی بەئەدەبە و ڕەچاو دەکرێت، کەسێکی پسپۆڕ و لێهاتوو ئامانجی ئەو کەسەی کە وتووێژکە دەکات، پتر فێربوون و وەرگرتنی زانیارییە.[٤]

گرنگترین لایەنی هەڤپەیڤینیش ناونیشان و پێشەکییە، ئەم دولایەنەش دەروازەن بۆ خوێندنەوەی هەڤپەیڤینەکە، گەر ناونیشانەکە ڕەگەزی یەکلایکردنەوەو وروژاندنی بایەخدان و چێژبەخشینی بەخۆوە بینی ، پاڵنەر دەبێت بۆ ئەوەی خوێنەر بیخوێنێتەوە، یەکەمین وێستگەی خوێندنەوەش پێشەکیە، دواتر دەبێت ناونیشانەکە ئاماژە بەوە بکات کە بابەتە بڵاوکراوەکە هەڤپەیڤین و قسەی تایبەت بە ڕۆژنامەکەیەو ئاماژەش بە خاوەنی هەڤپەیڤینەکەو بابەتەکەیشی دەکرێت، ئەوەش زانراوە کە ناونیشان دیارترین قسە یان وروژێنەرترین و چێژبەخشترین قسەی ئەو کەسە لەخۆ دەگرێت کە چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵدا کراوە، لە نوسینی ناونیشانیشدا ( هەروەك پێشەکی ) دەبێت ڕەچاوی بێلایەنی و لێدوان نەدان لەسەری بکرێت. چەندین جۆر پێشەکیش هەن کە

---

[١] - دانا حەسیب کەرکوکی ، هونەری رۆژنامەنوسی ، چاپخانەی خانی — دهۆك ، چاپی یەکەم ٢٠٠٨ ، لا ٧٢

[٢] - کاروان عەلی ، هونەری رۆژنامەنوسی ، چاپخانەو ئۆفسێتی بەدرخان ، چاپی یەکەم — سلێمانی ٢٠١٤ ، لا ٧٩

[٣] - د. کازمی موعتەمەد نەژاد ، بنەماکانی رای گشتی و ڕاگەیاندن ، وەرگێڕانی مەجید ساڵەح ،

[٤] - بەدرەدین صالح و فاتیمە حسێن پەناهی ، شێوازەکانی هەڤپەیڤینی رۆژنامەڤانی ، ٢٠٠١، لا ١٣

دەكرێت بۆ شەش جۆری كورت بكرێنەوە، وەك :( پێشەكی هەواڵی ، پێشەكی وەسفی ، پێشەكی ناساندن ، پێشەكی پرسیاركردن، پێشەكی گرێدان). كە دەكرێت دوو جۆر یان زیاتری ئەو جۆرە پێشەكیان پێكەوە گرێ بدرێن. [١]

**ا) جۆرەكانی هەڤپەیڤین**

١- هەڤپەیڤینی هەواڵی: مەبەست لە ئەنجامدانی ئەم چاوپێكەوتنە چڕكردنەوە و وەرگرتنی زانیاریە لەسەر یەكێك لە ڕووداوە گەرمەكان و وردودرشتی هەواڵەكە ڕوون دەكرێتەوە [٢]. باشترین جۆری ئەم دیدارانەش ئەوانەیە كە لەگەڵ شایەتی ڕووداوێك یان كەسێك كە خۆی بەشداری ڕووداوەكانی كردووە دەكرێ. [٣]

٢- چاوپێكەوتنی بیروڕا: لەم جۆرانەدا هێندەی بایەخ بە چۆنیەتی بۆچوونەكە دەدرێت، هێندە بایەخ بە ڕووداوەككە نادرێت، كە بۆچوونی لەبارەوە خراوەتەڕوو [٤]. زۆرجار ڕۆژنامەنووس ناچارە بۆ چیكردنەوە و ڕاڤەكردنی ڕووداوە گرنگەكان بیروڕای جیاوازی چەند كەسێك وەردەگرێت.

٣- هەڤپەیڤینی زانیاری: ئەم جۆرە دیدارانە لەگەڵ ئەو كەسانەدا دەكرێت، كە زانیاری فراوانیان لە زۆربەی بوارە جیاجیاكاندا هەیە.

٤- هەڤپەیڤینی كۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی: شێوەیەكە لە شێوەكانی دیاری ڕۆژنامە ڕۆژنامەنوسی كە لە نێو كەسایەتییە گرنگەكاندا ئەنجامدەدرێت كە كەسەكە (سیاسی بێت یان لێپرسراوی كارگێڕی یان هونەرمەند و نووسەرێكی گەورە)، بەڵام لەم جۆریەاندا بابەتی دیالۆگ و چاوپێكەوتنەكە لە لایەن ئەوكەسەوە دەستنیشان دەكرێت كە كۆنگرەكە دەبەستێت.

٥- چاوپێكوتنی ڕووبەڕوو (زارەكی یان نووسراو): یەكێكە لە شێوە سەركەوتووەكانی چاوپێكەوتن كە ڕۆژنامەنووس دەتوانێت هەموو ئەو شتانە بوروژێنێت كە مەبەستییەتی، لەم شێوەیەدا ڕۆژنامەنووس ڕووبەڕوو لەگەڵ كەسەكەدا قسە دەكات. [٥]

بەڵام چاوێكەوتنی نووسراو، ئەو چاوپێكەوتنە كە پرسیارنامە لە نێوان هەردوو لایەنەكەدا ئەنجام دەدرێت واتە پێكەوە دانانیشن. [٦]

---

[١] - د.عیماد بەشیر، چاوپێكەوتن و بەدوادا چوون ، و: مەم بورهان قانع ، چاپخانەی ڕەنج ٢٠٠٩ ، ل ١٨

[٢] - مەم بورهان قانع ، لەبارەی ڕاگەیاندنەوە ، چاپخانەی چوارچرا ، چاپی یەكەم ٢٠١٢ ، لا ٩٨

[٣] - د. كازمی موعتەمەد نەژاد ، بنەماكانی رای گشتی و ڕاگەیاندن ، وەرگێڕانی مەجید ساڵەح ،

[٤] - مەم بورهان قانع ، لەبارەی ڕاگەیاندنەوە ، چاپخانەی چوارچرا ، چاپی یەكەم ٢٠١٢ ، لا ٩٩

[٥] - هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٠٣

[٦] - د. كازمی موعتەمەد نەژاد ، بنەماكانی رای گشتی و ڕاگەیاندن ، وەرگێڕانی مەجید ساڵەح ،

٦- هەڤپەیڤینی داخراو: لە هەڤپەیڤینی داخراودا وەڵامەکان لە لایەن پەیڤدەرەوە تەنیا لە سنووری بەڵێ و نەخێردا دەبێت کە لە لایەن ڕۆژنامەنووسەکەوە کۆنترۆڵکراوە، یان لە جۆری دووەمدا واتە هەڤپەیڤینی کراوە، پرسیارەکان گشتییە و پەیڤدەر وەڵامەکان بە شێوە پێناس و شیکردنەوە دەیانخاتە ڕوو. [1]

٧- چاوپێکەوتنی زانستی و ئابووری: جۆری یەکەمیان خستنەڕوی زانیاری زانستییە لەسەر بابەتێکی دیاریکراو بۆ خوێنەران وەك بابەتێك لەسەر داهێنانێکی نوێ لە بواری ئامێر یان دەرمان یان ڕێگایەکی زانستیی نوێ. بەڵام لە چاوپێکەوتنی ئابووریدا ئامانج تیشکخستنەسەر لایەنێ:ی دیاریکراوی ئابووری و ژیانی ئابوورییە.

٨- چاوپێکەوتنی وەرزشی: خوێنەر بایەخ دەدات بە زانینی هەواڵ و بۆچوون لەبارەی وەرزشوانان. [2]

٩- گفتوگۆ لە ڕیگای تەلەفۆن یان ئیمەیڵ )چات) و جۆرەکانی تری ئەلیکترۆنی.

١٠- دیمانەی تایبەت : ئەو جۆرە چاوپێکەوتنەیە کە رۆژنامەنوس لەگەڵ کەسایەتی یەك یان چەند کەسایەتیەك ئەنجامی دەدات، دەربارەی بابەتێك یان ڕوداوێك یان کێشەیەك، ڕونکردنەوەو شیکردنەوەو خستنە ڕوی لایەنەکانی هەندێ جار ئەم دیمانە هەڵوێستی تایبەتی تێدایە .

١١- دیمانەی کەسایەتی: ئەو دیدارەیە کە لەگەڵ کەسایەتیەکی (ناودار – ڕاهێنەر – بەرپرس–پسپۆر...هتد ، ئەنجام ئەدرێ ، بەمەبەستی ئاشناکردنی جەماوەر بە هەڵوێست و ڕاوبۆچونەکانی بەرامبەر کێشەو ڕوداو دیاری دەکات، ئەم کەسایەتیە لایەنێکی گرنگی دیمانەکە پێك دێنێت، لێرەدا ڕوداو دیاریکردن گرنگ نین، بەڵکو ڕای کەسایەتیەکە بەرامبەر ڕوداوەکان و شیکردنەوەی دیاردەکان گرنگە.[3]

١٢- هەڤپەیڤینی دیکۆمێنتاری : دیالۆگ لەگەڵ پسپۆڕێك دا لە خۆ دەگرێت، بۆ نمونە لەبارەی کارێك یان داهێنانێك، یاخود بارێك ، وەك ئەوەی دیالۆگ لەگەڵ پزیشکێکدا بکەین تایبەت بێت بە دۆزینەوەیەکی نوێ لە بواری پزیشکیدا ، دۆزینەوەی دەرمانێك بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی شەکرە بۆ نموونە، یان داهێنانێکی تەکنیکی چاندنی جگەر.[4]

ب) ئەنفال و هەڤپەیڤین: لە گۆڤارەکانی گەرمیاندا هەڤپەیڤینی ڕۆژنامەوانی گرنگی زۆری پێدراوەو لە هەموویاندا ڕەنگی داوەتەوە.واتە لە پرۆسەی ڕۆژنامەنوسی دوای ڕاپەڕیندا زۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان هونەری ڕۆژنامەوانی هەڤپەیڤیان تێدا ئەنجام دراوە، چونکە پێداویستی کاری ڕۆژنامەنوسی سەرکەوتوو بێ هەڤپەیڤین بەرەو پێشەوە ناڕوات. ئەو گۆڤارانەی ئێمە وەك نمونە بۆ ئەدەبیاتی ئەنفال وەرمانگرتوە زۆرترین هەپەیڤینیان ئەنجام داوە، بۆ نموونە لە هەموو گۆڤارەکاندا (٨٧) هەڤپەیڤین سازدراوە، لەو ڕێژەیەش (٣١) ی تایبەتن بە ئەنفال. لەخوارەوەش چەند نمونەیەك لە هەڤپەیڤینەکان بە کورتی دەخەینەڕوو.

---

[1] – ڕەزا حاجی ئابادی ، دەروازەی ڕۆژنامەنوسی ، وەرگێڕانی کارزان محمد ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم – سلێمانی ٢٠٠٥ . لا ٧٧

[2] - دانا حەسیب کەرکوکی ، هونەری رۆژنامەنوسی ، چاپخانەی خانی – دهۆك ، چاپی یەکەم ٢٠٠٨ ، لا ٩١–٩٢

[3] - نەجات رۆستی ، دیمانی رۆژنامەنووسی ، چاپی یەکەم ٢٠٠٨ سلێمانی ، چاپخانەی بینایی، ل ١٦

[4] - د.عیماد بەشیر، چاوپێکەوتن و بەدوادا چوون ، و: مەم بورهان قانع ، چاپخانەی ڕەنج ٢٠٠٩ ، ل ١٦

– نمونە:

– لـە ژمـارە ( ٥ و ٦ )ی گۆڤـاری ئـەنفال دا  کـە لەیـەك بەرگـدا چـاپ و بڵاوبونەتـەوە ( عەبـدوڵا کـەریم محمـود) چاوپێکەوتنی لە گەڵ "سەربازێکی کوردی سریەی مغاویری لیوای ٧٢ ی مەشات"ی سەر بەحزبی بەعس و سـەدام ئەنجام داوە کە لەکاتی ئەنفالکردنەکەدا ڕۆڵی هـەبووە، سـەربازەکە دەڵێت هـەموو تراژیـدیاکانی ئـەنفالم بەچـاوی خۆم بینی ، ( کەمال عومەر حەمـە ) دەیگێڕێتـەوە کـە لـە ئـەنفالی هەشـتی دەڤـەری بادینـان لـە (١٩٨٨/٨/٢٥ – ١٩٨٨/٩/٦) ، ئێمە لەسەر بازگەکەماندا بوین، بەبەردەوامی گوێمان لە ئەفسەرو سەربازەکانمان دەبـوو دەیـانووت هێزەکانمان توانیان  لە زۆر ناوچەی جیاجیای کوردستاندا ( مخربین ) لەناوببـەن بـەهێزەکانی پیـادەی ( مغـاویر و قوات خاصە ) دەگوترا، نابێت دەست لەو شوێنانە بپارێزرێت کە  ( مخربین)ی تێدایـە، تەنانـەت ئـەو ژن و منـاڵ و پیاو گەنجانەش بەزمانی کوردی قسە دەکەن و لەناوچە قەدەغە کراوەکاندان ، ئەفسەرەکەمان گوتی ئەگـەر ئێـوە ئەوان نەکوژن ئەوا ئەوان ئێوە لەناو دەبەن....

– هـەر لـەمان ژمـارەداو هـەمان نوسـەر چـاوپێکەوتنێکی لەگـەڵ وینـەگری ڕوداوەکـانی ناوشـۆڕش ( عـەباس عەبدوالرزاق ناسراو بە عەباسی ڤیدیۆ ) کردوەو باسی دیمەنەکانی کاتی کیمیابارانکردنی شـاری هەڵەبجـە دەکـات، کاتێك عەباسی ڤیدۆ لە ساتە وەختی تاوانەکەدا بە کامیراکەی دەگاتە هەڵەبجە و دەڵێت: دایکـێکم بینـی سـاواکەی لە ناو پارچە قوماشێك دا لە سەر باڵی ڕاگرتبـوو، نەشـیری دەدایـە نـە هـیچ، وەك بڵـێ منداڵەکـەی دەگـری و ئـەم دەیەوێ بیلاوێنێتەوەو ژیری بکاتەوە،کەفێکی سپی لە دەمی دایکەکە هاتبوە خوارەوە، ژەهـر بـواری نـەدابوو لای لایەی منداڵەکەی تەواو بکات.

– لە ژمارە (١١) گۆڤاری هەشتاوهەشت دا ، مایکڵ لیزنبێرگ هەڤپەیڤینێکی ئەنجام داوە بەناونیشانی" ئـەنفال لـە کوردسـتانی عێـراق " کـە کـارزان محمـد وەریگێڕاوەتـە سـەر زمـانی کـوردی، پرسـیاری زۆرو وەڵامـی کـورت هەڤپەیڤینەکە پێکدەهێنێت. ئەوەی دەیخوێنیتەوە هەڤپەیڤینێکی ڕاچەڵەکێنەرە لەگەڵ (تەیمور عەبـدوڵڵا)کـەتوانی لەیەکێك لەمەیدانـە تەلبەنـدکراوەکانی لەسێدارەدان لەسـەر سنوری عەرەبسـتانی سـعودییە خـۆی دەربـاز بکـات. خێزانێکی شیعە لەبەغداد پەنای دەدەن و یارمەتیان دا بگەڕێتەوە بۆ کوردستان.

*کاتێك گەشتیتە زیندانی تۆپزاوا لەکەرکوك،چی روویدا؟

–ژنان و منداڵانیان لەپیاوان جیاکردەوە بۆ شوێنێکیتریان بردن.

*تۆ لەکام گرووپ بوویت؟

–منیان دەگەڵ خوشکەکەم و دایکمدا بۆ بەشێ ژنان برد.

*دوای ئەوە، جارێکیتر باوکتان بینیەوە؟

–تەنها یەك جار.

*ئەو جارەش چۆن بوو؟

–جل وبەرگیان لەجەستەی داماڵی .کەلەپچەیان کردە دەستی و لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری پیاویتردا سواری زیلیان کردن و بردیانیانن بۆ شوێنێکی نادیار.

*دوای ئەوە، ئیدی باوکتان بینییەوە؟

–نەخێر.

*ئێوەیان بۆ کوێ برد؟

–بەر لەگەیشتنمان بۆ شوێنی لەسێدارەدان، چاوەکانیان بەستینەوە و قومێ ئاویش بە هەریەکێکمان درا، پاشان ئێمە براینە مەیدانێکی تەلبەند کراوەوە، بەسیلەی چاو توانیم چەند شتێك ببینم، ئەو شوێنە پڕ لەسەرباز بوو.

*دەستەکانت بەستاربووەنەوە؟

–نەخێر.

*لەومەیدانە تەلبەندکرابوەدا ئەو شتەی بینیت چی بوو؟

–ژمارەیەکی زۆر گۆڕی بەکۆمەڵی ئامادەکراو .

*پێتوایە چەند بوون؟

–هەوا تاریك بوو، بەتەواوەتی نەمدەبینی بەڵام زۆر بوو.

*دواتر چی ڕوویدا؟

–ئێمەیان خستە ناو ئەم گۆڕە بەکۆمەڵانەوە .

*تۆیان ڕاستەوخۆ لەزیلەکانەوە بردە ناو گۆڕەکانەوە؟

–بەڵێ.

*قوڵیان چەند بوو؟

–زۆربوو.

*چەند بوو؟

–بەئەندازەی پیاوێکی باڵا بەرز.

*لەهەر گۆڕێکدا چەند کەسیان تێدەهاویشت؟

–هەر زیلێکیان بۆگۆڕێك دەبرد.

*لەهەر زیلێکدا چەند کەسی تێدابوو؟

–١٠٠ کەس

*گۆڕەکان بەچ شێوەیەك بوون؟

–بەشێوەی لاکێشەیی.

*ئەو ئۆتۆمبیەی کە ئەوێ هەڵکەندبوو، شوێنەواری کارکردنیشیان یەکێك بوو؟

–هەموویان بەبلدۆزەر چاڵ کردبوو.

*ڕوخساری سەربازەکانت بینی؟

–بەڵێ.

*چ شتێ لەڕووخسارياندا دەردەکەوت؟

–زۆربەيان دەموچاويان گرژ ببو دەگريان، يەکێکيان نەيدەويست من بخاتە گۆڕەکەوە بەڵام ئەويتريان ملی پێکەچ کرد و ناچاری کرد.

*ئەو کەسەی نەيدەويست تۆ بخاتە گۆڕەکەوە، هەمان ئەو کەسە نەبوو کەتەقەی لێکرديت؟

–بەڵێ هەمان کەس بوو، يەکێك لەگولەکانی ئەو بەر من کەوت ومنی بريندار کرد(لێرەدا شوێنی برينەکە نيشان دەدات).[1]

لە ژمارە (٤)ی گۆڤاری شێروانەدا تەنها يەك ديدار لە سەر پرسی ئەنفال بڵاوکراوەتەوە ، ئەوەش ڕۆژنامەنووس ڕێبين تەها ئەنجامی داوە لە گەڵ ڕۆناکبيرو ڕۆژنامەنووس ( سالار محمود ) ، لە ناوەڕۆکی هەڤپەيڤينەکەش دا و سالار محمود باسی يادگاريەکانی منالّی و ڕۆژانی ناو ئەنفال دەکات و دواتر باسی گۆڤاری هەستاوهەشت و چۆنێتی دەرکردنی ئەو گۆڤارە دەکات کە تايبەت بوو بە ئەنفال و جينۆسايدی گەلی کوردو لەگەرميان دەرچووە، لە بەشێکی تری هەڤپەيڤينەکەدا تيشك دەخاتە سەر گەنجانی بەجێماو لە پرۆسەی ئەنفال و دەڵێت" لە ناو کۆمەڵگەيەکی چەپێنراو دواکەوتوی وەك کوردەواريدا تاکەکانی تێيدا توشی چەندەها گرێی جەستەيی و کۆمەڵايەتی و دواجار کەلتوريش دەبن ، گەنجەکانی ئەمڕۆی پاشماوەی ئەنفال منالّەکانی دوێنێی ناو تەپوتۆزی ديوارو دێهاتە ڕوخاوەکانی زەمەنی ئەنفال و ساواکانی ناو قيژەو هاوارو تۆپبارانی و کەسوکار ڕاپێچکراوەکانن. ئەوانە کەسانێکن لەگەڵ چاوەڕوانی و حەسرەتی بەيەکگەيشتنەوەدا بەرە بەرە لەگەڵ کزبوونی هيواکان و لەگەڵ ديواری ئۆردوگاکاندا گەورەبوون، ئەمانە هێشتا بەشێکن لە گەنجەکانی کۆمەڵگای ئێمە. بەڵام بەشێکی بەشمەينەت و هەژارو سەردەرکردوی ناو ژان و خوێن و چاوەڕوانی،گەنجانێکی نەخوێندەوارو ڕاکردوو بە دوای پەيداکردنی پاروی ناندا ، بەشێکی زۆری ئەو گەنجانە لە ئۆردوگای شۆڕش و صمودو ئەو شوێنانەدا گيرساونەتەوە، کە قەرقن لە ڕەش و ڕووتی و بێبەری لە کەمترين ئاوڕدانەوە بەجۆرێك هيچ دەرفەتێکی کارو ژيان و خۆپێگەياندنی تێدا بەدی ناکرێ، هێشتا ئاوی خواردنەوە تيايأندا يەکێکە لە سەرەکيترين ئەو گرفتانەی چارەسەر نەکراوە، با ئێمە گەنجانی پاشماوەی ئەنفال بە کەمتەرخەم تۆمەتبار نەکەين ، دەکرێ بەجۆرێکی تر بڵێين لە وەختی خۆيداو بۆ ئێستاش بەڕای من هەمووومان لە مەڕ مەسەلەی ئەنفال کەمتەرخەمين و وەکو پێويست لە ئاست خۆيدا گرنگی پێ نەدراوە. بەڵگەش بۆ ئەوە هێشتا لەناو شارو گوندو لەناو کۆڵانەکان و ماڵەکانماندا ئەنفالچی و ئەنفالکراو پێکەوە دەژين[2].

---

[1] - مايکڵ ليزنبێرگ ، ئەنفال لە کوردستانی عێراق ، وەرگێڕانی کارزان محمد ، گۆڤاری هەشتاو هەشت ، ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٠٩، لا ٣٣

[2] - ڕێبين تەها ، لەناوماندا هێشتا ئەنفالچی و ئەنفالکراو پێکەوە دەژين ، گۆڤاری شێروانە ، ژمارە (٤)شوباتی ٢٠٠٥، ل ١٣

## ٤-١-١٠: گۆشەنوس یان ستوون:

بریتیە لە نوسراوێکی ڕۆژانە یان هەفتانە ، ناونیشانێکی دیاری کراو وئیمزایەکی دیاریکراو لەکات وشوێنێکی (شوێن ڕووبەری ڕۆژنامەکە) دیاریکراودا. لەڕووی مەبەست و بۆچوون وسروشت و تەقسی نوسین کەبێگومان جیایە لەگەڵ وتاری ئاسایی و سەروتاریش.

گۆشەی ڕۆژنامەنوسی زیاتر لەڕۆژنامە وبڵاوکراوە ناودارەکاندا دەبینرێت، ستوون لەڕۆژنامە وهەفتە نامە بەردەوامەکاندا هەمیشە دەنگی نووسەرن نەك دەنگی ڕۆژنامە.

گۆشەیان ستوونی ڕۆژنامەنووسی پێویستە بەزمانێکی شەفاف بنوسرێت و لەشێوەدا سادە و لەماناد‌ا قوڵ بێت و بەزمانی سەردەم بنوسرێت و گوزارشت لەناوەڕۆك و بۆچونێکی دیاریکراو بکات و ڕەئی تێدابێت.[1]

گۆشە ئەگەر لەلاپەڕەی یەکەم یان کۆتای ڕۆژنامە یان بڵاوکراوەیەك بێت بایەخی زیاترە ، چونکە ئەو دولاپەڕە بەبەرچاوترین لاپەڕە دەژمێردرێت. لە گۆڤارەکانی ناوچەی گەرمیان داو بەتایبەت لەو گۆڤارە دەستنیشانکراوانەی تایبەت بە توێژینەوەکەدا چەندین ستون هاتوە، لە کۆی هەموو ژمارەکان (٢٩) ستونی تیابوو، کە ئەوەش دەرخەری گرنگی دانی گۆڤارەکانە بە هونەرەکانی ئەدەبیات و کاری ڕۆژنامەنوسی و دیزانی هونەری. وەك نمونەیەك بۆ گۆشە یان ستونی ڕۆژنامەنوسی ، یەکێك لە ستونەکانمان لە گۆڤارەکان هەڵبژاردو لێرەدا خستمانە ڕوو.

– نمونە : میرگۆتۆ ، ستونێکی لە گۆڤاری داستان دا بڵاو کردۆتەوە بەناوی ( لەدەرگای شاعیروشاعیرایەتیدا ) کە بە کورت و پوخت و لە گۆشەیەکی ڕۆژنامەنوسی ئەدەبی و لە تەنیشتی لاپەڕە (٥)ی گۆڤارەکەدا بڵاوی کردۆتەوە بەم شێوەیە " شاعیر مرۆڤێکە دەروون پڕ سۆز وجیاواز لەهەموو مرۆڤەکانی دیکە، بێ گومان گەر کەسێ بوو بەشاعیر یان، ئارەزوویەکی کاریگەرە لەسەر ئاستی ژیانی ئەو کەسە، یان ئازار وئەشکەنجەیەکی ڕووبەڕوو بۆتەوە کەوای لێدەکات ڕازی مێشك و بیری لەگەڵ ئەو ئازار وئەشکەنجەیەدا بگونجێنێت تا بتوانێت ئەو دەرفەتە بروخینێت بۆ دەربڕینی ئەوەی لەناخی دایە هەڵدەقوڵێ ، خۆ لەوانەیە زۆربەی کەسان لەکۆمەڵگە جیا جیاکاندا ئازار وئەشکەنجەیان هەبێت لەژیاندا، ناتوانن دەریببڕن یان گوزارشی لێوە بکەن، ئەنجا ئەو نووسینەی کەشاعیر ئەینوسێ ئاواز وچێژێکی تایبەتی خۆی بەخوێنەر دەبەخشێ. بەم دوو کۆمەلە ووشەی سەرەوە دەتوانین جیاوازی مرۆڤێکی ئاسایی و مرۆڤێکی شاعیر دیاری بکەین.

کەواتە شاعیر لەشیعرەکانیدا هەڵوێستی تایبەتی خۆی هەیە،چونکە شاعیر لەگۆشەکانی ژیان دەکولێتەوە زیاتر هەتا یەکێکی تر. شاعیر لەوە نزارەیی کەتێیدا دەژێت هەردەم لەپەرپەچ دانەوەی ئەو کارانەدا کە ئەنجام دەدرێت (بەخراپی یان بەکەم وکوڕی) لەباری گشتی کۆمەڵگەوە.[2]

---

[1] - نەژاد عزیز سورمێ ، ڕۆژنامەگەری کوردی ، چاپجانەی وەزارەتی پەروەردە ، چاپی یەکەم ، هەولێر ، ٢٠٠٦، ل ١٢٦

[2] - میرگۆتۆ ، لە دەرگای شاعیرو شاعیریەتد، گۆڤاری داستان–ژمارە ٣ی ئابی ٢٠٠٠، ل ٥

## ٤-١-١١: ڕیکلام:

**ڕیکلام– اعلان:–** هەرچەندە لەسەر ئاستی کاری ڕۆژنامەنوسی بابەتێکی گرنگە لە ئاستی ئابووری و بازرگانیش بووەتە جێی بایەخ، چونکە بازرگانەکان بۆ مەبەستی پرِوپاگەندە بۆ کاڵاکانیان بەکاری دێنن یان بۆ کاری ئاسانی کڕین و فرۆشتن، کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیش وەك ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بە باشترین شێوازی دەزانن بۆ بڵاوکردنەوەی ڕیکلامەکانیان.

لە ڕێگەی ئەو کەناڵانەوە تایبەتمەندێتییەکانی کەل و پەل و کاڵاکانیان بڵاودەکەنەوە، ئەمەش بە جۆرە نمایشێك دادەنرێت و یارمەتی کڕیاریش دەدات بۆ ئەوەی پێشتر جۆرە زانیارییەکی لەسەر ئەو کاڵایانە هەبێت کە لە بازاڕدا دەست دەکەون یان نمایش کراون تا بەئارەزووی خۆی بیر لە کڕینیان بکاتەوە، لەلایەکی تریشەوە بڵاوکردنەوەی ڕیکلام تەنها لەلایەن بازرگانەکانەوە جێی بایەخ نیە، بەڵکو لەلایەن خودی دەزگا ڕۆژنامەنوسییەکانیشەوە گرنگی زۆری پێ دەدرێت، چونکە لەڕێگەی سود و قازانجی ڕیکلامەوە دەتوانرێت بەشێکی زۆری خەرجی ئەو دەزگایانە دابین بکرێت. لەبەر ئەمە دەبینین ڕیکلام بەشێکی گرنگی پرۆسەی ڕاگەیاندن پێك دەهێنێت و بووەتە جێی بایەخی کەرتێکی فراوانی کۆمەڵ بەتایبەت خوێندەواران، لە ئەنجامیشدا سود بە بەرژەوەندی گشتی دەگەیەنێت.[1]

مێژووی ڕیکلام دەگەڕێتەوە سەردەمەکانی پێش زاینی بە تێپەڕ بوونی کات و پەرەسەندنی شارستانیەت و پەیدابوونی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندی کردن بە هاوڵاتیانەوە بەرەوپێش چووە و پەرەی سەندووە.

لای کوردیش پێش پەیدابوونی ڕۆژنامەنوسی جۆرە ڕیکلامێکی زارەکی هەبووە لەشێوەی جاڕدان وەك دێوەرەکان لە لادێکاندا بۆ کاڵاکانیان دەیانکرد یان بانگەوازی مزگەوتەکان ئاگاداری و ورپاکردنەوەی خەڵك، ڕیکلامی ڕۆژنامەنوسی کوردی مێژووەکەی زۆر کۆن نیە و دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی پاش دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی. ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی عێراقە ڕیکلامی بڵاوکردووەتەوە، ئینگلیزەکان ئەم هونەرەیان هێناوەتە ناو ڕۆژنامەنوسی کوردییەوە لە عێراق دا.[2]

ڕیکلام لە گەڵ ڕۆژنامەگەری کوردیدا وردە وردە هەڵکشاوەوە لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگاو کرانەوەی کوردستان بە ڕوی دەرەوەی دا ڕیکلام زیاتر برەوی سەندو بوە هۆی بوژانەوەی هەم ڕۆژنامەو گۆڤارەکان و هەم بازرگانەکانیش ، هەم ئاسانکاری خەڵکیش لە هەڵبژاردنی ئەو بەرهەمەی کە پێویستی پێیەتی ، لە دوای ڕاپەڕین و لەسەر پێوەستانی کورد لە باشوری کوردستان و بوژاندنەوەی پرۆسەی ڕۆژنامەنوسی و هاتنەکایەی چەندین ڕۆژنامەو گۆڤار ، ئیتر ڕیکلامیش بوە بەشێکی سەرەکی لە بڵاوکراوەکاندا ، ناوچەی گەرمیانیش بە پێی بارودۆخی تایبەتی خۆی و بڵاوکراوەکانی ڕیکلامیان هەبوە ، ئەگەرچی کەمترین بەشی بڵاوکراوەی گۆڤارو

---

[1] – ئیسماعیل ابراهیم سەعید ، ئەدەبی ڕۆژنامەنوسی کوردی بەغدا ، نامەی دکتۆرا ٢٠٠٥ ، لا ٢٠٦

[2] - ئومێد ڕەحیم شەمسەدین تاڵەبانی ، کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی و ئەدەبیاتی ڕۆژنامەنوسی کوردی لە عێراقدا ( ١٩١٨– ١٩٥٨)، نامەی دکتۆرا ، بەشی کوردی ، زانکۆی سلێمانی ٢٠١٣ ، لا ٢٩٨

ڕۆژنامەکانە. ئەمەش پەیوەندی بە ئەوەوە هەیە کە ناوچەی گەرمیان لەچاو شارە گەورەکانی وەکو سلێمانی و هەولێر کەمترین بڵاوکراوەی ڕۆژنامەوانی لەخۆگرتوە لەگەڵ ئەوەشدا کەمتر لە شارەکانی تر جمەجوڵی بازرگانی هەبووە ، لەگەڵ ئەوشەدا گۆڤارەکانی گەرمیان کەمتر پابەند بوون بە کاتی دەرچوون و کوالێتی ڕیکلامەوە. بۆیە لەکاتی گەرانمان بەلاپەڕەکانی گۆڤارەکاندا کەمترین ڕیکلاممان بەرچاوکەوت ، کە گۆڤارەکانی داستان و ناسنامەو ئەنفال و هەشتاوهەشت گۆڤارو ورێزاش هیچ ڕیکلامێك بڵاونەکراوەتەوە،بەڵام لە گۆڤاری گیرفاندا ڕیکلام بەرچاو دەکەوێت، بۆنموونە لە ژمارە (١٩)دا و لە لاپەڕەی کۆتایدا ڕیکلام بۆ چاپخانەی (ڕەهەند)کراوەو باس لە ئاست بەرزی و جوان چاپکردنی ئەو چاپخانەیە بە ڕەنگاوڕەنگی دەکات.

## تەوەری دووەم: دیزاین و دەرهێنانی ڕۆژنامەنووسی لە گۆڤارەکانی گەرمیان دا

### ٤-٢-١: وێنە :

وێنە بە چاوی سێیەم دادەنرێت و زمانێکی جیهانی وەرگرتوە و پێویستی بە وەرگێڕان و وەرگێڕ نیەو هەموو میللەتان بە هەموو ئاستە جیاوازەکانیانەوە لێی تێدەگەن، چینیەکان هەر لەکۆنەوە وتویانە وێنەیەك کاریگەری لە هەزاروشە زیاترە، چونکە تایبەتمەندی و گرنگی وێنە ئەوەیە کە خێراو زوو دەگەیەنرێت و هەرس دەکرێت، زمانی وێنەش ئەو زمانەیە کە خوێندەوارو نەخوێندەوار، گەورەو بچوك لێی تێدەگەن، هەروەکو دەڵێن هیچ شتێك نیە بەقەدەر وێنە وشە دەوڵەمەند بکات.[1] ئەگەرچی وێنە لە ڕابردودا زیاتر هێماو ڕەمزبووە، یان ئەرکێکی ئاینی هەڵگرتوە ، ئەوا ئەمڕۆ وێنەی فۆتۆگرافی دەورێکی کاریگەر دەبینێت لە پۆستەرات وێنە دیواریەکان.

لە بواری ڕۆژنامەنوسی و لە مۆنتاژی ڕۆژنامەو گۆڤاردا وێنەی فۆتۆگرافی سیفەتێکی تۆپۆگرافی هەیەو دەرهێنەر سودی گەورەی لێ دەبینێت لەکاتی دەرهێنانی کاری ڕۆژنامەوانیدا ، دانانی وێنەش لەسەر ڕۆژنامەو گۆڤارەکان وایان لێدەکات لە شێوەی وەستاو نەجولاوەوە گیانێکی جولاو زیندوی بەبەردا بکات ، چونکە وێنەی فۆتۆگرافی تەنها وێنەگرتنی کەس و ڕوداوەکان نیە بەڵکو داهێنان و دۆزینەوەی ناوەڕۆکێکی جوانە.

لە بڵاوکراوەکاندا وێنە لەهەندێ جێگەدا تەواوکەری هەواڵەو لەهەندێك جێگاش جێی هەواڵ دەگرێتەوە، چونکە وێنە زۆر جار خوێنەر ئەباتە ناو ڕووداوەکەوەو هەولی بینینی ئەو کەس و شتانەی کەلەڕووداوەکەن بۆ دەڕەخسێنێت. چونکە وێنەخۆی لاپەڕەیەو لاپەڕەی بێ وێنەوەك چێشتی بێ خوێ وایە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گرنگی وێنەلەڕۆژنامە هاوچەرخەکاندا زیاتر دەردەکەوێت، لەساڵی (١٨٩١) وەڕۆژنامەی (دیلی گرافیك)ی چاپی لەندەن، چاپکردنی وێنەی لەڕۆژنامەدەستپێکرد. [2] یەکەم وێنەش لە ڕۆژنامەی ( ویکلی نیوز ) ی بەریتانیدا ساڵی (١٦٣٨) بڵاو بوەتەوە، لە مێژوی ڕۆژنامەگەری کوردیشدا وێنە گرنگی پێ نەدراوە هەتا ئەم دواییانە نەبێت تاك و تەرا وێنە هەبوو ، بۆنمونە ڕۆژنامەی کوردستان (١٨٩٨) بە درێژی ماوەی دەرچونی هیچ وێنەیەکی بڵاونەکردۆتەوە، دواتریش ڕۆژنامەی ( کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتاسێ ) ساڵی (١٩٠٨)، هیچ وێنەیەکی تێدا نەبووە، هەتا دەرچونی گۆڤاری ( ڕۆژی کورد) کە بۆیەکەم جار لە مێژووی ڕۆژنامەنوسی کوردیدا وێنەی بڵاوکردەوە ، وێنەکەش وێنەی سەلاحەدین ئەیوبی بوو کە لە ژمارە یەکی (١٩١٣) بوو.[3] لە دوای ڕۆژی کورد تاك و تەرا وێنە لە ڕۆژنامەنوسی قۆناغی دواتر دەستی پێکرد بەتایبەت لە کاتی جەنگی جیهانی دا ، بەڵام هێدی هێدی وێنە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان دا گرنگیان پێدراو ، تا وای لێهات وێنە لە پەڕەکانی چاپەمەنیەکان دا بوە

---

[1] - فوئاد عەلی ئەحمەد، گرتنی وێنەو مێژووی وێنە لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، گۆڤاری ڕۆژنامەنوسان :ژمارە ١ ی ٢٠٠٢ ، لا ٩٩

[2] - د. کازمی موعتەمەد نەژاد ، بنەماکانی رای گشتی و ڕاگەیاندن ، وەرگێڕانی مەجید ساڵەح ، چاپی دووەم ٢٠٠١

[3] - نەژاد عەزیز سورمێ ، ڕۆژنامەگەری کوردی ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان–هەولێر ، چاپی دووەم ٢٠٠٦، لا ٢٠–٢١

ژانرێکی سەرەکی، بۆ نموونە لە گۆڤارەکانی ساڵانی حەفتاکان دا و پاشتریش هەتا نەوەدەکان ڕۆژنامەو گۆڤاری بێ وێنە بەدەگمەن هەبوو.

لە پرۆسەی ڕۆژنامەنوسی دوای ڕاپەڕینیشدا وێنە وەك ڕەگەزێکی سەرەکی لەگەڵ بابەتەکانی نێو لاپەڕەکانی لە چاپدراوەکان دا دەبینرا ، لێرەدا وەك نموونە ئاماژە بە گۆڤارەکانی ناوچەی گەرمیان دەکەین. لە گۆڤاری داستاندا و لە کۆی (٥)ژمارە (٢٥) وێنە بلاو بوتەوە، لە گۆڤاری گیرفان دا لە کۆی (١٩) ژمارە (٣٣٨) وێنە بلاو بوەتەوە، لە گۆڤاری ناسنامەدا لە کۆی ( ٣)ژمارەدا (٢٢٨) وێنە بلاوبوەتەوە، لە گۆڤاری ئەنفال دا لە کۆی (٥)ژمارە ( ١٢٢) وێنە بلاوکراوەتەوە، لە گۆڤاری هەشتاوهەشت دا لە کۆی (١٠) ژمارە (١٩١) وێنە بلاوکراوەتەوە، لە گۆڤاری ورێزا دا لە کۆی (٦)ژمارە (٣٣٩) وێنە بلاوکراوەتەوە، لەگۆڤاری گۆڤاریش دا لە کۆی (٤) ژمارە(١٠٦) وێنە بلاوکراوەتەوە، لە گۆڤاری کەلار دا لە (٣) ژمارەدا (١٣١) وێنە بلاوکراوەتەوە ، لە گۆڤاری شێروانە یش دا لە کۆی (٤) ژمارە (٢٣٤) وێنە بلاوکراوەتەوە ، کە بەسەریەکەوە (١٧١٤) وێنە دەکات ، لە کۆی ئەو ژمارەیە نزیکی (٤٤٥) وێنەی تایبەتە بە ئەنفال و پرسەکانی کۆمەڵکوژی و جینۆسایدو نەهامەتیەکانی گەلی کورد، وێنەکانیش بریتین لە وێنەی ( ئەنفالکراوەکان ، کۆرەبەکۆمەڵەکان ، کەسوکاری ئەنفالکراوان ، نوسەران و شارەزایان و لێکۆڵەرانی بواری تاوانەکە، زەوی و ناوچەکانی ئەنفال و جینۆساید ، وێنەی تاوانبارانی ئەنفال ، کەسایەتیەکانی ناو ڕوداوەکانی ئەنفال ، ناسنامەو دیکۆمێنتی ئەنفال ، ئێسکوپروسکی ئەنفالکراوەکان ) کە تەواوی وێنەکان یان زۆربەی زۆری وێنەکان پێك دەهێنن.

کەواتە گۆڤارەکانی تایبەت بە ئەنفال توانیویانە لە ڕێگەی وێنەوە گوزارشت لە خەمەکانی ئەنفال بکەن و لە هزری تاکەکانی کۆمەڵگادا وێنەی ئەنفال بە هەمیشەی بهێڵنەوە، لە لایەکی ترەوە ئەو گۆڤارانە پەیڕەوی بەکارهێنانی هونەرەکانی کاری ڕۆژنامەنوسیان کردوەو  وێنەیان وەك بەشێکی گرنگی کاری ڕۆژنامەنوسی بەکار هێناوەو ، بۆ هەربابەتێك وێنەی خۆی لەگەڵ بووە ، بەجۆرێك بابەت هەبووە زیاتر لەیەك وێنەی لەگەڵدا بلاوبوەتەوە . کەواتە ڕۆژنامەنوسانی سنوری گەرمیان و ئەو گۆڤارانەی کە دەسنیشانمان کردوە لە بایەخ و گرنگی وێنە تێگەیشتوون و بە پێی پێویستی کارو پیشەی ڕۆژنامەنوسی و بلاوکردنەوەی بابەتەکان وێنەیان بلاوکردۆتەوە بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتەکاندا وێنە بە شێك بوە لە بلاوکردنەوەو گوزارشتی جۆراوجۆر.

## ٤-٢-٢: کاریکاتێر :

خەندەیە، بزەی لێوە، هەناسەیەکی تەنزە، ئامێزەهوڵچونی زمانی بیروڕای گشتی یە ، هێورکردنەوە وپشوی خوێنەرە دوای شەکەت بوونی لەگۆرەپانی وشەدا فرمێسکی پەنگ خواردو پێش پێکەنینە، ئازارێکە لەپێش گەشبینیەوە، هونەرێکە پەردە لەسەر حەقیقەتی ڕووداوەکان لائەدات، ڕاستیە لەناوچەواشەکردن دا، تێروانینێکی قوڵە بەسادەی ئاڵۆزیەکانی دەردەبرێت.

کاریکـاتێر:بریتیـە لەپیشـاندانی کەسـەکان بەشـێوەی وێنـە(ڕەسـم) کـە ڕوخسـارە ئاشـکراکانیان لـەخۆدەگرێت و زیادەڕۆی دەکات لە دەرخستنی ئەو سیفەتانەی کەپێی دەناسرێت.[1]، پێناسەیەکی تری کارکـاتێر دەڵێت:(بریتیـە لە کۆمەڵە هێڵکاریەکی سادە لەگەڵ هەندێك گاڵتەکردن بەکورتی) بەڵام لە هەمان کاتتدا خـاوەن مەبەسـتێکی قـوڵ و سەرنج ڕاکێشە بۆ بیرکردنەوەو پیاچونەوە بەخۆدا و دەستنیشـانکردنی هەڵـەکان و چارەسـەرکردنی گونجـاو بـۆ هەڵەکان.

ئەم هونەرە لەسەرەتای دەستپێکردنیەوە بە هونەرێکی ڕەخنەی ناسراوە، لە سەرەتادا لـە میسـریە کۆنەکانـەوە دەستی پێکردوەو بە داهێنەری ئەم هونەرە دەژمێردرێن، فیرعەونیەکان ئاژەڵ و نیشانەی سـادەیان لـە دەربڕینـی ڕاوبۆچـونەکانیاندا بـەکار دەهێنـا بەرامبـەر بـەخاوەن دەسـەڵاتەکان، لەسـەر یـەکێك لـە دیوارەکـانی سـەردەمی فیرعەونەکان هێڵکاریەك کراوە کە وێنەی ململانێیەکی نێوانپشیلەو مشکدا ڕویـداوە. نیگارکێشـە میسـریە کۆنـەکان هەوڵیان دەدا بە هۆی نیگارکێشانەوە بارودۆخی کۆمەڵگا بگۆڕن لـەدۆخێکی خراپـەوە بـۆ دۆخێکـی چـاك. یونانیـە کۆنـەکانیش گرنگـی تـەواویان بـەم شـێوازە هونەریـە داوە، بەتایبـەت کاتێـك (ئەرسـتۆ) و (ئەرسـتۆفانیس) باسـی پیاوێکی نیگارکێش دەکەن بـەناوی (پۆسـتن)باس لـەوە دەکـەن ئـەم نیگارکێشـە نیگارەکـانی بـۆ ڕەخنـەگرتن لـە شێوازی گاڵتەجاری تـەرخانکرابون لـە کۆتایـدا دەبێتـە قوربـانی ڕەخنـەو گاڵتەجاریـەکانی و لەلایـەن دەسـەڵاتەوە دەکوژرێت.

هونەری کارکاتێر لە سـەردەمی نوێدا لەسـەرەتادا لـە ئـەوروپاوە دەسـتی پێکـرد بەتایبـەت لەسـەرەتای سـەدەی حەڤدە لە ولاتی هۆڵەندا و پاشان لەسەرەتای سەدەی هەژدە بە شێوەیەکی فـراوانتر لـە ئینگلتەرالەسەردەسـتی ( جۆرج توتسهند) تەشەنەی کرد. لە ولاتی فەرەنساش لەسەدەی نۆزدەهەمەوە بلاوبوەوە، بـەلام لـە ولاتـی ئیتالیـا نوسـەری بـەناوبانگ(نیبال کاراتشـی)وەك هونەرمەنـدێکی بـەتوانا لـەبواری هونـەری کارکاتێریـدا شـوێن دەسـتی دیاربوو.[2]

هونەری کاریکاتێر بابەتێکە یان پەیامێکە لەلایەن نوسەرەوە بۆ بینەر لە چوارچێوەی ڕێڕەوی هاوبەش لە نـاو ئـەو ژینگەدا کە نوسەر تیایدا دەژێت، دەتوانین هونەری کاریکاتێر دابەش بکەینە سەر چـەند بەشـێکداو دواتـر بەنمونـە ئاماژەی پێبکەین لە گۆڤارەکانی ناوچەی گەرمیاندا.

کارکاتێر چەند جۆرێکی هەیە،کە بەشێکیان کاریکاتێری خۆمالین و بەشێکی تریان جیهانی. لەوانە

١- کارکاتێری کۆمەلایەتی کە کێشەو ناڕەزایەکانی ناو کۆمەڵگا دەستنیشان دەکات.

٢- کارکـاتێری رامیـاری: گرنگـی تـەواوی پـێ دەدرێـت لـە جیهـانی کاریکـاتێری و ڕەخنەیـەکی زۆر لـە پەیڕەوکەرانی ئەم بوارە دەگیرێت.

---

[1] - عادل شاسواری، هونەری کاریکاتێر وکاریکاتێری کوردی، سالّی ٢٠٠٦

[2] - ئیبراهیم عەبدوالرەحمان محمود، هونەری کاریکاتێر لە دوێنێ و ئەمڕۆدا، گۆڤاری گیرفان ژمارە (٦-٧)، ئابی ٢٠٠٧، ل ٢٦

له گۆڤاره دەستنیشانکراوەکانی ناوچەی گەرمیان دا لە کۆی ژمارەکانی (٧٣) کاریکاتێر بلاّوبوەتەوە لەسەر هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگا بە وەرزشیشەوە ، بەتایبەت کارکاتێری رامیاری زیاتر رەنگی داوەتەوە لە گۆڤارەکاندا، بۆنموونە لە لاپەرە (٣٧)ی ژمارە یەکی گۆڤاری ورێزا دا کاریکاتێرێك بلاّوبوەتەوە گوزارشت لە " گەندەڵی و گرفتەکانی گۆمەڵگا دەکات ، واتە حەوت دیمەن پیشاندراوەو هەردیمەنێك ئەرکی خۆی دەبینێت ، لەوانە چوار فەرمانبەر لەگەڵ بەرپرسی فەرمانگەو پرسکە ، رەخنەکەش لەوەدا دەردەکەوێت کە هاولاّتیەك سەردانی ئەو فەرمانگە دەکات ناهێڵن برواتە ژورەوە بۆ مامەڵەکەی ، بەلاّم کەسێکی تر بەبەرچاوی پرسگەوە خۆی دەکات بەژورداو یەك راست دەروات بۆلای بەرێوبەر بۆ واژۆکۆدنی مامەڵەکەی بەبێ سەردانکردنی فەرمانبەرەکانی تر" لێرەدا کاریکاتێریست (کامەران یاروەیس)کەدروستی کردوە ، مەبەستی خەوشی و ناعەدالەتیەکانی کۆمەڵگایە و رەخنە لە سیستەمی ئیداریو سیاسی دەگرێت.

گۆڤارەکانی گەرمیان گرنگی زۆریان بە هونەری کارکاتێریست داوەو لە بەشێکی بابەتەکاندا کاریکاتێر دەبینرێت بە جۆرێك کە گۆڤاری گێرفان بەتەنها لەیەك ژمارەدا (١٤) کاریکاتێری بلاّوکردۆتەوە، ئەمەش سەلمێنەری گرنگی و بەبایەخ گرتنی هونەرمەندان و نوسەران و رۆژنامەنوسانی نێوگۆڤارەکانی دەڤەری گەرمیان پیشان دەدات.

## ٤-٢-٣: چاپخانەو دەرکەوتنی چاپخانە:

دەرکەوتنی ئامێری چاپخانە هۆکارێکی گرنگە لەبەردەم دروست بوونی بزاڤی رۆشنبیری بەگشتی و بواری رۆژنامەگەری بەتایبەتی، هەروەها هۆکارێکی کاریگەری چەسپاندنی هۆشیاری نەتەوایەتییە. ئامێری چاپ لە ئەوروپا هەر لە زووەوە کاریگەری و شوێن دەستی خۆی لەسەر گەشەکردن و پێشکەوتنی ئەوروپا دیاری کردووە، لەئەنجامی دۆزینەوەی ئامێری چاپەوە بوو کە ئەوروپا لە سەدەکانی تاریکییەوە بۆ قۆناغێکی تری پێشکەوتنی فیکرییەوە چوو. یەکەم رۆژنامەی تورکی بەناوی تەقویمی وەقایع لە ساڵی (١٨٣٢) دا و یەکەم رۆژنامەی فارسی لە ئێران لە ساڵی (١٨٥١) دا و یەکەم رۆژنامەی عەرەبیش لە عێراقدا بەناوی (الزورا) لە ساڵی (١٨٦٩) دا هەرسێکیان سێ رۆژنامەی فەرمی سەر بە دەوڵەت بوون. [1] بەدەرکەوتنی ئەو چاپخانانەش ئەدەب بوژایەوەو چەمکی نوێی تر لە ئەدەب پەیدابوو، بەوجۆرەی کە ئەدەبیاتی ئەو ولاّتانە درەوشایەوە بەسەر ئەدەبیاتی گەلانی ترداو وای لە گەلانی تر کرد کە چاو ببڕن لەوان و گرنگی بە ئامێر چاپ بدەن ، ئەگەرچی لە روی زەمەنەوە چاپخانە درەنگتر گەیشتە کوردستان، بەلاّم ئەوەش ئەوەناگەیەنێ کە چاپخانە رۆڵی گرنگی خۆی نەبینیبێت .

دیارە دەرکەوتنی ئامێری چاپ لە کوردستاندا رۆڵێکی گرنگی لە پێشخستنی ئەدەبی کوردی بینیوە، چونکە وەك ئاشکرایە چاپخانە بە گۆرەپانی نەش و نما کردنی رۆژنامەگەری دادەنرێت (چاپ و چاپەمەنی بونەتە زانینگای رۆژنامەگەری و رۆژنامەگەریش لەپەرەکانی بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکان والاّ کردووە)، لەپێش چاپخانە هەر

[1] – د. هیمدادی حسێن ، رۆژنامەوانی کوردی، چاپی یەکەم ٢٠١٠، چاپخانەی ئاراس–هەولێر، ل

نوسراوێك بنوسرایە ئەوا دەبوو بە دەست بنوسرێت، دانەیەك یان چەند دانەیەكی لەبەر دەگیرایەوە، ئەمەش هەڵەی زۆری دەخستە ناو نوسراوەكەو بە زەحمەتیش دەگەیشتە دەست خەڵكی.

چاپخانەكانی كوردستانیش لە چاپكردنی ڕۆژنامەو گۆڤارەكانداو دواتریش كتێبی كوردیدا درێغییان نەكردووەو سامانێكی زۆری فیكری تاكی كوردیان لە قۆناغێكی دیاریكراوی مێژووییدا لە فەوتان ڕزگار كردووە.

چاپخانەكەی شارەوانی سلێمانی وەكو یەكەمین چاپخانەی كوردی لە كوردستانی باشووردا بەدرێژایی تەمەنی خۆی خزمەتێكی گەورەی بواری ڕۆژنامەگەری و ئەدەبیاتی كوردی كردووە، هەروەها چاپخانەكەی زاری كرمانجیش لەو ڕووەوە درێغی نەكردووە.[1]

هەروەها چاپخانەی میقداد مەدحەت بەدرخان كە لە ژمارە چواری ڕۆژنامەی كوردستاندا ئاماژە بە چاپخانەكەی كوردستان كراوە لە ساڵی ١٨٩٨ لە قاهیرە، دواتر چاپخانەی ئیجتیهاد ١٩٠٤ كە ڕووناكبیری كورد د. عبدوڵا جەودەت ١٨٦٩-١٩٣٢ یەكەم گۆڤاری (اجتیهاد)ی بەو چاپخانەیەی خۆی لە ژنێف لە سویسرا بڵاودەكاتەوە.

پاشتر چاپخانەی تعاون و ترقی (١٩٠٨) كە خلیل خەیاڵی لەگەڵ هەندێ هاوڕێی ڕووناكبیری خۆیدا لە گەڕەكی گیو و بەگ پاشا لە ئەستانبوڵ كۆمەڵەیەكیان دامەزراند بەناوی تعاون و تەرەقی، پاشان چاپخانەیەكیان بەناوی كۆمەڵەكەیان بۆ بڵاوكردنەوەی بڵاوكراوەكانی كۆمەڵەكە دامەزراند.

دواتر چاپخانەی كوردستان كە حوسێن حوزنی موكریانی لە ساڵی (١٩١٥) دا لە ئەڵمانیاوە گواستییەوە بۆ شاری حەلەب.

دواتر چاپخانەكەی میجەرسۆن (١٩١٨)، ئینگلیزەكان كاتێك هاتنە عێراق و كوردستانی عێراقیان داگیركرد، ژمارەیەك چاپخانەی كۆنیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو،یەكێك لەو چاپخانانەیان لە كەركوك دانا، یەكێكی دیكەشیان لەسەر پێشنیاری میجەرسۆن لە سلێمانی دانا، لە نیسانی (١٩٢٠) بەملاوە كەوتە سەر بەكارهێنانی ئەم چاپخانەیە و ڕۆژنامەی پێشكەوتنی تاكو ساڵی (١٩٢٢) پێ بڵاوكردەوە.[2]

لە ساڵی (١٩٢٣) ئینگلیزەكان چاپخانەكەیان لەگەڵ خۆیان گواستەوە بۆ ئەشكەوتی (جاسەنە) و ڕۆژنامەی (بانگی هەق)یان پێ دەركرد، لە ساڵی ١٩٢٣ دا چاپخانەكە كەوتە دەست شێخ محمود و (ئومێدی ...)یان پێ بڵاوكردەوە، لە ساڵی (١٩٢٤) دیسانەوە كەوتە دەست ئینگلیزەكان و ڕۆژنامەی ژیانەوەیان پێ بڵاوكردەوە.

لە ساڵی (١٩٢٦) ئینگلیزەكان چاپخانەكەیان سپاردەوە بە شارەوانی سلێمانی بەڵام لە ساڵی (١٩٣٢ هەتا ١٩٣٧) چاپخانەكە كەوتە دەست پیرەمێردی شاعیر و چەندین كتێب و (٥٣٨) ژمارەی ڕۆژنامەی (ژیان)ی بەم چاپخانەیەی (میجەرسۆن- بەلەدیە) چاپكرد.

---

[1] - مستەفا ساڵح مستەفا ، پەخشان لە گۆڤاری زاری كرمانجیدا (١٩٢٦-١٩٣٢) ، نامەی ماجستێر، بەشی كوردی ، كۆلێژی ئاداب-زانكۆی سەلاحەدین ، هەولێر ٢٠٠٨، لا ٣٥

[2] - فەرهاد پیرباڵ ، چەند باسێك لە بارەی مێژوی ڕۆژنامەنوسی كوردیەوە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، چاپی یەكەم ، سلێمانی ٢٠٠٧ ، لا ١٤

حاجی قادری کۆیی یەکەمین شاعیری کوردە کە تـا ئێسـتا زانرابـێ زاراوەی (جەریـدە) و (ڕۆژنامـە)ی لـە نوسـیندا بەکارهێنابێت، ئەوەش لە ساڵانی (١٨٧٠) دا بووە.

صەد قائیمە و قەصیدە کەس نایکڕێ بە پوولێ

ڕۆژنامە و جەریدە کەوتوونەتە قیمەت و شان [1]

کەواتە گرنگی دانی ڕۆشنیران و نوسەران و ڕۆژنامەنوسانی کورد بە چاپخانەو دواتر هێنانی چاپخانە بۆ کوردستان ئاسۆی بوژانەوەی ئەدەبی و چەشنە ڕۆژنامەنوسیەکان دەرکـەوت و بـوە مایـەی گەشـەکردن و داهێنـانی چـەندین بەرهەمی ئەدەبی و لە چاپ دانی چەندین ڕۆژنامەو گۆڤار و بڵاوکراوە، ئەگـەر لـە سـەدەی ڕابـردودا بـەهۆی ڕژێمـە داگیرکەرو زاڵمەکانەوە ئامێری چاپخانە درەنگ گەیشتە خاکی کوردستان، بـەڵام بەگەیشـتنی قۆنـاغێکی نـویی لـە پرۆسەی ڕۆژنامەوانی هێنایە کایەوە، ساڵانی دوای ڕاپەڕینیش بە هۆی کرانـەوەی خـەڵك و بوژانـەوەی تاڕادەیـەکی سەرچاوە داراییەکان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێم و کردنەوەی زانکۆی نوێ لە کوردستان دا ئامێری چاپخانە لـە چاو جارانیدا گرنگی زیاتری پەیداکردو بوە پێداویستیەکی سەرەکی ناوەندە ڕۆشنبیریەکان ، بەڵام ئـەو چـاپخانانە بـەزۆری لـە شـارەگەورەکانی وەك سـلێمانی و هـەولێردا دەسـتیان بەچـاپ کـرد، بـۆ ئـەوەش دەبـوو نوسـەران و ڕۆژنامەنوسـانی قـەزاو ناحیـەکان ڕوو لـەو شـارانە بکـەن بـۆ لـە چـاپ دانـی بەرهـەم و ڕۆژنامـەکانیان، ناوچـەی گەرمیانیش بەهۆی ئەو زوڵم و زۆرو داپلۆسینەی کە لە ڕژێمی بەعس بەسەریا کردی ، زەمینەی کرانەوەی تـەوژمی کاری ڕۆژنامەنوسی درەنگتر هاتە کایەوە، ئەمەش دەبوە ئەرکێکی قورستر لەسەریان بەهۆی دوری ڕێگاو نەبوونی ئالیەتەکانی گواستنەوە بەشێوەیەکی گونجاو، بۆیە بەهۆی نەبوونی ئـامێری چـاپخانەوە ئـەو ڕۆژنامـەو گۆڤارانـەی کە لە گەرمیان دەرچوون دەبران لە شاری سلێمانی و شارەکانی تر چـاپ دەکران،ئەگەرچـی لـە سـاڵی (٢٠٠٥ ) دا چاپخانەیەك بەدیاری لەلایەن (ی.ن.ك)ەوە هێنرایە گەرمیان بـۆ ئـەوەی ڕۆژنامـەوگۆڤارەکانی گـەرمیانی پـێ چاپ بکرێت ، بەڵام بەهۆی کۆنی چاپخانەکەو نەبوونی کادری پێویست نەتوانرا یەك ژمارەو یەك ڕۆژنامەوگۆڤاریشی پـێ چاپ بکرێت ، ئیتر لە پێش ئەو چاپخانەو دوای ئـەو چاپخانەش هـەتا نوسینی ئـەم لێکۆڵینەوەیـە چـاپخانەیەکی مۆدێرنی چاپی ڕۆژنامەوانی بۆ ڕۆژنامەوگۆڤار لە گەرمیان دا بونی نیەو ، بۆیە ئێستاش بۆچـاپ تـەواوی کارەکـانی چاپ دەبرێنە دەرەوەی گەرمیان بۆنموونە ، گۆڤاری ئەنفال لە ساڵی ٢٠٠٠ دا لە چاپخانەی ( تیشك ) لە سلێمانی لە چاپ دراوە ، گۆڤاری هەشتاو هەشت لە ساڵی ٢٠٠٤ دا لە چاپخانەی ( ژیر) دا چـاپکردوە لـە شـاری سـلێمانی، گۆڤاری گۆڤاریش لە ساڵی (١٩٩٨) دا لە چاپخانەی ( قەڵا ) چاپکراوە، گۆڤاری ورێزا لە ساڵی (٢٠٠٦) ژمـارە (١) ی لە دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی لە سلێمانی چاپ کـراوەو ژمـارە (٣)یشـی لـە چـاپخانەی (کـەمال)ی شـاری سلێمانی چاپکراوە، لە ژمـارە (٥-٦ )یشـی دا دیسـان چـاپخانەکەی گـۆڕاوە بـۆ چـاپخانەی ( چوارچـرا ) هـەر لـە شـاری سـلێمانی ، گۆڤـاری ناسـنامە لـە چـاپخانەی ( کوردسـتان) چـاپکراوە لـە سـلێمانی ، گۆڤـاری گیرفـانیش

[1] - فەرهاد پیرباڵ ، چەند باسێك لە بارەی مێژوی ڕۆژنامەنوسی کوردیەوە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ٢٠٠٧ ، ل ٢١

بەهەمان شێوە لە شاری سلێمانی چاپکراوە لە چاپخانەی (ڕەهەند)، لەبر ئەوەی شاری سلێمانی لە چاو شاری هەولێرەوە نزیکترە لەگەرمیان بۆیە رۆژنامەو گۆڤارەکان و بابەتە چاپەمەنیەکان ڕویان لە سلێمانی کردووە. بەبڕوای من نەبوونی ئامێری چاپخانە لە گەرمیان زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارو چاپەمەنیانەی گەرمیان پێداویستی چاپخانەی پڕنەکردۆتەوەو ژمارەیان بە پەنجەی دەست ئەژمارکراوەو دەکرێت ، چاپخانەش پێویستی بەوەیە زەخیرەی هەبێت بۆچاپ ئەگینا ناتوانرێت وەك بابەتێکی بازرگانی سودی لێ ببینرێت ، حکومەتیش هاوکاری ڕۆشنیرانی ناوچەکەی نەکردوە بۆ هێنانی چاپخانە بۆ سنوری گەرمیان ، بۆیە هەتا ئێستا گەرمیان بێ چاپخانەیە وەك چاپخانەیەکی مۆدێرن.

## ٤-٢-٤: تایپۆگرافیاو پۆلێنسازی ئەدەبیات و هونەرە رۆژنامەنوسیەکان لە گۆڤارەکان دا

### ا) گۆڤاری گۆڤار :

گۆڤارێکی سیاسی – ڕۆشنبیری گشتییە، بە قەربارەی (٢٠×٢٨)، ژمارە (١) ی لە کانوونی دووەمی (١٩٩٨) دەرچووە، گۆڤاری گۆڤار تەنیا چوار ژمارەی لێ دەرچوو ، لە گەرمیان و بەتایبەت لە کەلاردا بڵاوبووەتەوە. ژمارە (٣ و ٤) ی بەیەکەوە چاپ و بڵاو بووەتەوە سەرنووسەر: سەردار عەبدوڵا و دەستەی نوسەران: (لوقمان خەیاڵی – مەجید سالەح – تەها سلێمان – عەدالەت عەبدوڵا) دەرهێنانی هونەری (هەڵگورد عەبدولوەهاب)بوە، لە چاپ: چاپخانەی قەڵا چاپکراوە.

وەك سەرنووسەرەکە لە سەروتارەکەی و لە گۆشەی (قسە قسە دێنێ) دەڵێت: گۆڤارەکە دەنگێکە لە گەرمیانەوە هاتووە، تەنها دەنگێکەو دەیەوێت بەشێك بێت لەو پرۆژە شارستانییە مەزنە.

لە بەشێکی تری گۆڤارەکەدا دەڵێت: هیچ کەسێك لەو ململانێ مەزن و چارەنووس ساز و گەرم و گوڕەی نێوان هێزەکانی ڕووناکی وتاریکی پێشکەوتن و کۆنەپەرستی، ئازادی و ئیستیبداد و دوژمناندا ناتوانێ بێ لایەن بێت. هەر بۆیە گۆڤاریش هەر لە یەکەم هەنگاوی خۆیەوە لایەنگری و وەلائی بە ڕاشکاوی ڕادەگەیەنێت.ئەم گۆڤارە چەندین چاوپێکەوتنی سیاسی تێدا بڵا، کراوەتەوە.

لەم گۆڤارەدا چەندین بابەتی هەمەجۆربڵاوکراوەتەوەو بەشێکی زۆر لە چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنوسیەکان ڕەنگیان داوەتەوە. بەلاَم لە هەمولاپەڕەکانی هەر چوار ژمارەکەی دا تەنها ڕیپۆرتاژێك بەڕونی لەسەر ئەنفال کراوە و واتە بابەتێکی ترمان نەبینی لەسەر ئەنفال و جینۆسایدکردن. ئەوەش لە لاپەڕە (٢٩) دا بە ناوی (دەیەمین ساڵگەردی کارەساتی (ئەنفال) و بەدواداچونێکی تر) لە ئامادەکردنی تەها سلێمان کە دیدار و

چاوپێکەوتن لەگەڵ چەندین کەسی دەربازبووی تاوانی ئەنفالی کردووە و ئەوانیش ژیان و سەرگوزشتەی خۆیان دەگێرنەوە و باسی ڕۆژانی ئەنفالکردنی کەسوکارەکەیان دەکرد.

ئەم گۆڤارە بە قسەی( تەها سلێمان ) کە ئەندامی دەستەی نوسەرانی بوو تەنها ( ٥ ) ژمارەی لێ چاپ و بلاو بوەتەوە، بۆ ئەم لێکۆڵینەوەش ئێمە تەنها (٤) ژمارەمان بەردەست کەوت ، واتە تێڕوانین و هەڵسەنگاندنمان تەنها لەسەر ئەو چوار ژمارەیە.

ئەم گۆڤارە بەدیزاینێکی ڕێك و پێك و بەبەرگێکی ڕەنگاو ڕەنگ بۆ هەموو ژمارەکانی خۆی وێنا کردوە، بەلاّم لاپەڕەکانی ناوەوەی ڕەنگی ڕەش و سپی یە، کە هەر ژمارەکانی بە قەبارەیەکی مام ناوەند بلاّو بۆتەوە.لەم گۆڤارەدا تەواوی ژانرەکانی ڕۆژنامەنوسی و ئەدەبیات بەرچاو دەکەون وەك لەو لیستەی خوارەوەدا خستومەتە ڕوو، لە کاتی گەڕان و پشکنینی لاپەڕە بە لاپەڕەی ژمارەکانی دا تەنها " کۆمەڵە دیدارەکەی تەها سلێمان بەدیکرا لەسەر ئەنفال و جینۆساید" لە پێشەکەی دیدارەکەدا وا دەست پێ دەکات ( ئەنفالی مانگی ٤ ی ١٩٨٨ دەمامکی دیارترین تاوان و هێرشی نامرۆیی ڕژێمی بەعسی فاشی و دیکتاتۆریە کە تیایدا گەورەترین هێز بەکارهێنراو جگە لە ڕوخان و سوتانی ( ٤٥٠٠ ) گوندو سوتان و بەقەرەروت کردنی ڕەزو باخ و تالاّن و بڕۆکردنی سامان و ئاژەڵی هاولاّتیان و هتد ، (١٨٢٠٠٠) پیرو لاوو ئافرەت و منداڵ لە چوارچێوەی ئەو هێرشەڕەگەزپەرستیەدا سەرنگوم کران و تاهەنوکەش چارەنوسیان نادیارە....) واتە لێرەوە مەبەستەکەی بەتەوا ڕونکردۆتەوەو لەو ڕوانگەشەوە چاوپێکەوتنی لەگەڵ (٦) کەسی کەسوکار ئەنفالکراو ئەنجام داوەو زۆر لایەنی لەمەڕ ژیانیان خستۆتە ڕوو ، بۆ نموونە ( لە دەمی قادر مستەفا کە تەمەنی ٧٠ ساڵەو خاوەنی ٣٠ کەسی ئەنفالکراوە نەهامەتیەکانی ناو زیندانی نوگرەسەلمان دەگێڕێتەوە، حەیاد مراد وەیسیش دەڵێ " قامچیەك بەرچاوم کەوت و چاوێکم کوێربوو ... یاخوا دەستی برزێ" نەزیرە عەلی یش دەڵێت " دەیان منداڵ بە بەرچاومانەوە دەمرد و دەیانبردن و دەیانکردنە ژێر خۆڵەوە، لەو هەڤپەیڤینەدا کەسوکاری ئەنفالکراون گللەی لە حکومەت و دەسەلاّتی کوردی دەکەن کە لە دوای ڕاپەڕین و ئازادکردنی کوردستانەوە هیچیان بۆنەکردون بۆ باشکردنی گوزەرانیان، وەکو کێشەی نیشتەجێ بون و بڕینەوەی موچە بۆیان و چارەسەرکردنی کێشەکانی پەروەردەو خوێندنی مناڵەکانیان و هەروەها کێشەی بێناسنامەی و شوکردنی کچە بەجێماوەکانی دوای ئەنفال، تایبەت بە گفتوگۆکە (٥) وێنە لە لاپەڕەکاندا بە ڕەنگی ڕەش و سپی دانراوەو وێنەکان گوزارشت لە داماوی و بێ دەستی و هەژاری لە ئەنفال بەجێماوەکان دەکەن.

لە کۆتایی هەڤپەیڤینەکەدا ئامادەکاری چاوپێکەوتنەکە چەند خاڵێك وەك گللەی و هۆشیارکردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار دەخاتە ڕوو ، بەم شێوەیە دەڵێت " لە دوای ڕاپەڕینی (١٩٩١) ەوە کەم و زۆر یادی کارەساتی ئەنفالکراوەتەوە.. بەلاّم کێشەکە لەوەدایە ڕۆژانی ئەنفال و یادکردنەوەی نەبوەتە ئەو ڕۆژەی کە دەبێت بەو پەڕی توانا هەوڵی گرنگترین ئەو مەسەلانە بدەین کە لە پێش زۆر مەسەلەی لاوەکیەوەن وەکو ( ١- ئیمزا کۆکردنەوە لەسەرتاسەری کوردستان لە دژی ئەم کارەساتە ، ٢- پێکهێنانی لیژنەی تایبەت لەسەر ئاستێکی بەرز بۆ زیاتر

تەعریف کردنی ئەنفال، ٣- هەڵمەتی پشتگیری کۆکردنەوە، کۆکردنەوەی بەڵگەی پێویست ، ٥- کتێب و نامیلکە دەرکردن...هتد ).

واتە لەو چاو پێکەوتنە ڕۆژنامەوانیەی گۆڤاری ( گۆڤار )دا لەو ساڵانەی کە وەك پێویست خزمەت بەکەسوکاری ئەنفالکراوەکان نەکرابوو، زۆر لایەنی ژیانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و بارو گوزەرانی ژیانیان خراوەتە بەرچاوو ڕای گشتی و لایەنە پەیوەندیدارەکان وە ( حکومەت) ، بەو پێیەش پێت ئەم گۆڤارە لە دەرگای حکومەتی داوە بۆ خزمەتکردن، واتە بەو تەنیا چاوپێکەوتنە ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە لە دەرخست و بوژانەوەی بەجێماوانی ئەنفال کە ژیانی هەر یەکێکیان پڕە لە چیرۆکی هەمەجۆر، و لە زاری ئەو شەش کەسەوە چیرۆك ئاسا گێرانەوەیەکی پڕ تراژیدیا باس ئەکەن. لەبەر ئەوەی گۆڤارەکەش یەکەم گۆڤاری قەزای کەلارە ، ئەو چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانیشە بەیەکەم کاری ڕۆژنامەوانی تایبەت ئەژمار ئەکرێت لە سەر تاوانی ئەنفال.

گۆڤاری گۆڤار لەم بەروارانەدا چاپ و بلأوبوەتەوە

ژمارە (١) کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩٨ ، ٥١ لاپەڕە

ژمارە (٢) ئازاری ساڵی ١٩٩٨ ، ٦١ لاپەڕە

ژمارە (٣-٤) بەیەکەوە ، ئایارو حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٨، ٥٢ لاپەڕە

## ب) ورێزا:

گۆڤارێکی وەرزی ڕوناکبیری و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی گشتییە، کۆمەڵێك ڕۆژنامەنووس لە شاری خانەقین دەریان کردوە، یەکەم ژمارەی لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٦ بە (١١٨) لاپەرەوە چاپ و بڵاو بووەتەوە. ئەم گۆڤارە بە سایزی (٢٠×٢٩) تەنها (٦) ژمارەی لیْ چاپ بووە، ژمارە (٢ و ٣) ی لە ئەیلولی ساڵی (٢٠٠٦) بە (١٥٦) لاپەڕە دا چاپ و بڵاو بووتەوە ـ ژمارە چوار لە بەرهاری ٢٠٠٧ بە (١١٤) لاپەڕە بڵاو بووەتەوە، ژمارە (٥ و ٦) لە زستانی (٢٠٠٩) بە (١٤٨) لاپەڕە بڵاو بوونەتەوە، هەر شەش ژمارەکەی بەرگەکەی ڕەنگاوڕەنگ بوەو لاپەڕەکانی ناوەوەی ڕەش وسپی بوون، ستافەکەی بریتی بوون لە ( خاوەنی ئیمتیاز : فازیل کەریم ئەحمەد، سەرنوسەر: جەمال ئەکبەر ، ستاف بەڕێوەبردن : شەماڵ ئەحمەد ، ئەمین ساڵح، سەرحەد حسێن، جەلال الیاسی ، زانیار جەمال). گۆڤاری ورێزا دەستەیەك ڕاوێژکاری هەبوە کە لە لاپەڕە یەك دا ناویان هاتوە بەم شێوەیە ( د، عزەدین مستەفا ڕەسوڵ ، د، فەرهاد پیرباڵ، د. فوئاد حسێن، شەهاب شێخ تەیب، د. محمد زەهاوی ، د. ئیسماعیل ساڵەی ، سالار محمود، جاسم محمد عەلی ، ئومێد شێخ ڕەحیم )هەروەها دوکەس ناوی هاتوە وەك ستاف کارگێڕی ، ئەوانیش ( ئومێد سەعدولآ ، سالار فایەق)ە. نەخشەسازو دیزاینی ناوەوەی لە ژمارە (١)ی دا ( کاروان یاروەیس ، عەباس خانەقینی ) دروستیانکردوە، بەڵام ژمارە (٢-٣) لەیلا محمد نوری نەخشەسازی ناوەوەی بۆکردوە، دیزاینی بەرگیش ( ئەحمەد خۆشنوس) دروستی کردوە. لە دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی چاپ کراوە.

لە یەکەم ژمارەیدا بە ڕونی تیشکی خستووەتە سەر ئامانجەکانی گۆڤارەکەو مەودای بڵاوکردنەوەو چۆنیەتی ئەو بابەتانەی کە بڵاودەکرێتەوە تێیدا.

دواتر تیشك خراوەتەس سەر ناوی گۆڤارەکە و دەڵێت: "گۆڤاری ورێزا ناوێکی تازەیە لە بواری ڕۆژنامەگەریدا کە وشەیەکی کۆنی کوردەوارییە لەسەر شێوەی دیالێکتی (گۆران)ە کە چەندین مانای جیاجیا لە خۆ دەگرێت " بەمانای کردنەوەی دەرگا داخراوەکانە. بۆ لە ئامێزگرتنی هەموو خامە ڕەنگین و بە بڕشتەکانی لەسەر ڕێو ڕێچکەی دڵسۆزی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری و ڕاستگۆیی دەربڕین و بنیاتنان و ژیانێکی نوێ و سەرفرازی چەسپاندنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی و بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیانەی پێشکەوتوو بەرپیوەدەچێت کە ـێیدا بابەتەکانی (ئەدەبی، هونەری، ڕۆشنبیری، مێژوویی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، زانستی، لێکۆڵینەوە ، وەرزشی، بابەتی هەمەڕەنگ) بڵاودەکاتەوە.

کە دەکرێت بڵێین گۆڤارێکی وەرزی ڕوناکبیری، ئەدەبی ، کۆمەڵایەتی، گشتی ئازادەو لە شاری خانەقی لە لایەن کۆمەڵێ: ڕۆژنامەنووسەوە دەردەکرێت".

لە بەشێکی تری وتارەکەی سەرنووسەردا هاتووە کە دەڵێت: هەموو قەڵەمێك بەوپەڕی ئازادییەوە بابەتەکانی بنێرێت بۆ گۆڤارەکەمان و هەموو ڕەخنەیەکیش بڵاو دەکەینەوە.

کە بەدەرچوونی گۆڤارێك خۆی لە خۆیدا بە یەکەم پرۆژەی ڕوناکبیری وەك گۆڤار ناوزەند دەکرێت، کە پرۆژەی لەم جۆرەش بە ناوی ورێزا هەوڵێکی نوێی ڕووناکبیرییە لە ناوچەیەکی ڕەسەنی کوردستانی تازە ڕزگارکراودا، دیارە خەڵکی ئەم ناوچەیە زیاتر لە (٣٥) ساڵ بە دەستی ڕژێمی ڕوخاوەوە زوڵم و ستەمی نامرۆڤانەیان چەشتووەو هەموو دەنگێك کپ کراوەتەوە، جاران ڕژێمی بەعس هەناسەی لێ بڕی بوون و هیچ بیروڕاو گوزارشتێك نەدەبوو، خەڵکەکە بە ئاماژەیەکیش دەری بڕن.

دیارە ئامانج لە دەرکردنی گۆڤاری (ورێزا) گەلێك دەلالەت و تێڕوانین لە مانا و ناوەکەیدا دەخاتەڕوو کە کتومت لەسەر ڕەوشی ناوچەکە جێبەجێ دەکرێت. جگە لەوەی هەوڵێکی نوێیە لەسەردەمێکی نوێی ئەم ناوچەیە لە هەمان کاتدا دەرخستنی ڕووکەشی شارستانیەتی خانەقی و دەوروبەریەتی کە وەك دێرینترین ناوچەی کوردستان و خاوەن مێژووی پڕ سەروەری خۆیەتی و لە قۆناغ و سەردەمەکانیشدا خەڵکەکەی خاوەن هەڵوێستی جوامێرانە بوونەو توانیویانە بەرگری لە پاراستنی ناسنامەی نەتەوایەتی کوردبوونی خۆیان بکەن و گەلێك قوربانیش بدەن و نەهامەتی و دەردەسەرییەکی زۆریشیان چەشتووە بە دەست ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقەوە.

لە ئاکامدا خەڵکی خانەقیی سەربەرزو شارەکەش گەشاوەترو دوژمنانی کوردو کوردستانیش لە نێو تەلبەندی زیندانەدا لە پای تاوانەکانیان ڕووبەڕووی دادگا دەکرێنەوە. جا لە پێناوی بەرەوپێش بردنی بزاوتی ڕۆژنامەگەری لە دەڤەرەکە و خزمەتکردن لە بواری ڕوناکبیری و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی هەموو شوێنەوارێکی ڕژێمی بەعسی ڕوخاو و گیانی ڕەگەزپەرستی عەرەبە شۆێنییەکان کۆششمان بۆ دەرچوونی ئەم گۆڤارە هەوڵێکە بە شێوەی زمانی

کوردی و بوێرانە لە ڕەوتی ڕۆژنامەگەریدا. لە گۆڤارەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە یەکەم گۆڤارە لە ناوچەی خانەقیندا.

لە ڕوی ناوەڕۆکەوە وریزا زیاتر گۆڤارێکی کلتوری و دیکۆمێنتی وێژەییەو بایەخ بەخانەقین و دەوروبەری دەدات و زیاتر مۆرکی ڕەسەنی و ناوچەی پێوە دیارە. لە ڕوی دەرهێنانی هونەری و دیزاینەوە زۆر ڕێك و گونجاوەو بە کوالێتیەکی باش گونجاندنی ڕەنگی کراوە، ئەم گۆڤارە بەرگی دەرەوەی هەموو ژمارەکانی ڕەنگاوڕەنگەو لاپەڕەکانی ناوەوەی ڕەش و سپیە، لە ڕوکاری دەرەوەی واتە بەرگ ، بەشێوەیەکی ڕەنگاوڕەنگ چەندین مانشێت و وێنە دانراوە بە ئاماژە بۆ ناوەڕۆك ، لە لاپەڕەکانی ناوەوەدا لەسەرەوەی لاپەرەکەوە ئاماژە بۆ ساڵ و ژمارەو ناوی گۆڤار کراوە، لە خوارەوەی لاپەڕەش ئاماژە بە تەمەنی گوڤارو ژمارەی لاپەڕە کراوە. جگە لە ژمارە (٢ ، ٣ ) ، ژمارەکانی تری لە چوارچێوەی دیکۆمێنت دا ، هەر ژمارەی و لی لاپەڕەکانی کۆتای دا باسی مێژوی وەرزشی لە خانەقین کردوەو چەندین وێنەی ئەرشیفی خستۆتە ڕوو.

لەسەرتای هەرژمارەیەکیدا لیستی بابەتەکان ئەو ژمارەکراوە ، لەگەڵ ئەوەشدا دابەشکاری و بەشەکان جیاکراوەتەوە ، بۆ نمونە لە ژمارەیەك دا بەم شێوەیەیە ( ڕۆشنبیری گشتی ، مێژوو ، لێکۆڵینەوە ، دیدارو چاوپێکەوتن، زانکۆوو خوێندن ، ژن و خێزان ، زانست ،ماڵی شاعیرو ئەدیبان، وەرزش ، ئەلبوم ٬ کەلوێر) کە سەرجەم بابەتەکانی دابەشی ئەو تەوەرانە کراوە. ئەم گۆڤارە لەچاو بابەتەکانی تردا کەمتر کاری لەسەر ئەنفال و جینۆساید کردوە. بۆنمونە:

ئەم گۆڤارە لە ژمارە (١) سێ بابەتی لەسەر ئەنفال و هەڵبجە تێدایە. بەم شێوەیە : لەیلا مەحمود لە لاپەڕە ٣٥ دا پەخشانێکی لەسەر ئەنفال بڵاو کردووەتەوە و باسی (تەیمور) دەکات ئەو منداڵەی کە لە گۆڕەبەکۆمەڵەکان و لەکاتی زیندەبەچاڵکردندا ڕزگاری بوو. لە لاپەڕە ٩١ دا ئەحمەد عەبدولڕەحمان بە پارچە هۆنراوەیەك باس لە تاوانی کۆمەڵکوژی هەڵەبجە دەکات، لە هەمان ژمارەدا (گوڵزار) بۆ ساڵیادی هەڵەبجە پارچە هۆنراوەیەکی بڵاوکردووەتەوە.

لە لاپەڕە ٨٤ی ژمارە ٢، ٣ دا ڕیپۆرتاژێ لەسەر بابەتی ئەنفال بڵاوکراوەتەوەو گفتوگۆ لەگەڵ کەسوکاری ڕزگاربووی تاوانی ئەنفال دەکرێت و ئەوانیش باس لە ژیانی ناخۆش و تراژیدیایەکەی ژیانی دوای دەربازبوونیان دەکەن، ئەو ڕیپۆرتاژە هەردوو ڕۆژنامەنووس (کوردۆ عەزیز و سەیوان زەماوەنگەیی) ئامادەیان کردووە. لە لاپەڕە ١٣٦ و هەمان ژمارەدا (دیار ڕەشید) پارچە هۆنراوەیەکی بەناوی (ئەنفال) بڵاوکردوەتەوە.

لە ژمارە چواردا لە لاپەڕە (٨٧) عەلی بیروەندی قەسیدەیەکی لەسەر ئەنفال بڵاو کردوەتەوە لە ناونیشانی گەرمەشینێك بۆ ١٨٢ هەزار زیرۆح، لە ژمارە (٥ و ٦) دا هیچ جۆرە بابەتێك نەبینرا لەسەر ئەنفال و جینۆساید. بۆ زیاتر رونکردنەوە ئەو خشەیە ئەخەینە بەرچاو.

**پ) گۆڤاری هەشتاوهەشت :**

گۆڤاری هەشتاوهەشت ، وەرزە گۆڤارێکی ڕوناکبیریە ، تایبەتە بە جینۆسایدی گەلی کوردستان و ژمارە ( ١ )ی ساڵی یەکەمی لە بەهاری ٢٠٠٤ بە (٢٢٤) لاپەڕەوە چاپ و بڵاو بووەتەوە ، لە دەستپێك دا سەرنوسەرەکەی بەم شێوەیە دەستپێدەکات: "ساڵێك چوار وەرزە .. دوانزە مانگ ٣٦٥ ڕۆژی تاریکتر لە تاریکی،کوژراوتر لە مەرگ، بێباکتر لە هەموو بێباکییەکی سڕبوونی ویژدانی مرۆڤایەتی، ئەوساڵەی لێرە داسی مردن بە بێ وادە دروێنەی هەموو جوانییەکانی سروشتبوونی کرد. لەو ساڵەدا دەرکەوت بێ پشتوپەناترین مەخلوقی ئەم گۆی زەمینە کورد بوو، ونبووترین ئادەمی سەر ئەم ئەرزە گرگرتووەی وجود تەنیا کورد بوو. ئەوەی نەشێ، ئەوەی نەکرێ، ئەوەی هیچ پێناسەیەکی نابووتی نەیگرێتەخۆی دەرهەقی کرا.

هەشتاوهەشت بوو، تۆ بووی بەو کێڵگەیەی تەواوی گازە مۆدێرنەکانی سەدەی نوێیان لەسەر سەر و گیان و خاك و جەستەتە را تاقی کردەوە، ئەو ساڵە بوو کە لە چاوتروکانێکدا بێ ئیزنی خوداو بە ناوی ئەوەوە، بە بەرچاوەوە قەومێکتان ڕەوانەی تونی مەرگ و ژێرزەمینە تونەکان کرد...

هەشتاو هەشت بوو....

واتە، ناونانی گۆڤارەکە بە (هەشتاوهەشت) ، گوزارشت لە ساڵی هەشتاوهەشت دەکات کە گەلی کوردستانی عێراق بە دەستی ڕژێمی بەعس و سەدام ئەنفال کرا. گۆڤاری هەشتاوهەشت ١١ ژمارەی لێ چاپ و بڵاو بووەتەوە و بە هەر ژمارەیەکیدا کۆمەڵێك بابەتی فرە لایەنی لەسەر ئەنفال و جینۆساید بلاوکردوەتەوە. واتە تەواوی گۆڤارەکە تایبەتە بە پرسی جینۆساید و ئەنفال. لەژێر لۆگۆی هەر ژمارەیەکدا نووسراوە ( ئێمە و مێژوو، ئێمە و ئێستا، سبەی)

ژمارە یەکی بە سایزی (١٩×٢٥,٥) ، بەڵام لە ژمارە ( ٥+٦)ەوە سایزەکەی گەورە بوەو کراوە بە (٢٠,٥×٢٨,٥).

لە ژمارە یەکدا ستاف و دەستەی گۆڤارەکە بەم شێوەیەیە:

خاوەنی ئیمتیاز: مەحمود سەنگاوی، سەرنوسەر: سالار مەحمود، دەستەی نووسەران: ئەحمەد باوەڕ، تەها سلێمان، ڕزگار حاجی حەمید، سەلام عەلی.

ئەم گۆڤارە تەواوی ستاف و بەڕێوبەر و خاوەندارییەتییەکەی گەرمیانییەو لە گەرمیانەوە بڵاوبووەتەوە. لە ژمارە ( ٥ و ٦ )ی دا خاوەنداری گۆڤارەکە گۆڕاوەو ڕاسپێردراوە بە ( سەنتەری ئەنفال ) واتە لە ژمارە شەشەوە سەنتەری ئەنفال خاوەنی ئیمتیازی بووە.

ژمارەیەکی لە چاپخانەی ئۆفسێی ژیر چاپکراوە. وێنەی بەرگی ژمارە (١) بەشێك لە پێڵاوە بەجێماوەکانی قوربانیانی تراژیدیای هۆلۆکۆستە، کە ئۆفسێتی شڤان چاپیکردوە ، ژمارە (٢)ی لە هاوینی ٢٠٠٤ دا بە (٢٨٧) لاپەڕەوە دەرچوو، لە ژمارە چواری گۆڤاری هەشتاوهەشت دا کە لەبەهاری ٢٠٠٤ دا بە (٢٦٠) لاپەڕەو بە زمانی کوردی و ئینگلیزی و عەرەبی بڵاوبووەتەوە.

ژماره (٥ و ٦) ی بەیەکەوەو لە یەك بەرگ دا لە بەهارو هاوینی ساڵی (٢٠٠٦) دا و بە (٤٠٧) لاپەڕەوە چاپ و بڵاوبوەتەوەو لەگەڵ بابەتە کوردیەکاندا چەند بابەتێکی عەرەبی هاتوەو گرنگی بەسەرجەم لایەنەکانی پرسەکە دراوە ، واتە لێکۆڵینەوەو وتارو ڕیپۆرتاژو و چاپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی و بیرەوەری و خوێندنەوە بۆ کتێبی تایبەت بە ئەنفال خراوەتەڕوو .

دیسان ژمارە ٧ و ٨ لە ساڵی ٢٠٠٧دا پێکەوە بە (٢٦١) لاپەڕەوە بڵاوکراوەتەوەو چەند لاپەڕەیەکی تەرخانکراوە بۆ زمانی عەرەبی ، هەم دیسان لە هاوینی ٢٠٠٨ دا ژمارە ٩ و ١٠ ی پێکەوە بە (٣٢٤) لاپەڕە بڵاو کراوەتەوە جگە لە زمانی کوردی و عەرەبی بە زمانی ئینگلیزیش بابەتی بڵاوکردۆتەوە، ژمارە ( ١١ ) یش بەزمانی کوردی و عەرەبی لە بەهاری ٢٠٠٩ و بە (٢٨٥)لاپەڕەوە بڵاو کراوەتەوە.

گۆڤاری هەشتاوهەشت لە سەرجەم ژمارەکانیدا بە دیزاینێکی هونەری بەرز و بەکوالێتیەکی باش چاپکراوە، هەموو ژمارەکانی ڕەنگاو ڕەنگەو ناوەرۆکی ڕەش و سپیەو ، لە هەر لاپەڕەیەکیدا لەسەرەوە بەم شێوەیە نوسراوە ( Hashtawhasht ) و لە خوارەوەی لاپەڕەکەدا ئاماژە بەساڵ و ژمارەی گۆڤارەکەو ژمارەی لاپەڕەو جۆری بابەتەکە کراوە، لە تەواوی گۆڤارەکەدا وێنە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە ، کە لە ژمارە (١)داو لە بەرگی دەرەوەدا وێنەی " بەشێك لە پێڵاوە بەجێماوەکانی قوربانیانی تراژیدیای هۆلۆکۆست)ە، نوسەرانی گۆڤارەکە لە نوسەرە دیارو بەناوبانگەکانی گەرمیان و کوردستان و عێراق و ناوچەکە بەگشتین ، کە لە بەرگی هەموو ژمارەکانی(جگە لە ژمارەکانی ٥ و ٦ — ٧و٨ ) ناوی نوسەرەکانی لەبەرگی دەرەوەی گۆڤارەکەدا نوسیوە ، لەگەڵ چەندین کەس چاوپێکەوتنیان ئەنجام داوە وەکو ( کەسوکاری دەربازبوی ئەنفال ، نوسەری بواری ئەنفال و ، شۆڕشگێڕو شایەتحاڵی ناو ڕوداوەکانی ئەنفال و چاودێرو ڕۆژنامەنوسانی ناوەوەو دەرەوە ئەنجام داوە ، چەندین لێکۆڵینەوەی لە سەرجەم لایەنەکانی جینۆسایدو کۆمەڵکوژی بڵاو کردۆتەوە ، لە سەرجەم ژمارەکانیدا و لە لاپەڕەکانی سەرەتای دا پێڕستی بۆ بابەتەکانی دروست کردوەو ئاماژەی ناوی نوسەر یان ئامادەکارو لێکۆڵەر کردوەو ژمارەی لاپەڕەکانیشی دەستنیشان کردوەئەم گۆڤارە ژمارەکانی جگە لە کوردستان و عێراق دەگەیشتە دەرەوەی وڵاتیش.

لە کۆی ژمارەکانیدا چەندین بابەتی دیکۆمێنتاری هەیە، چەندین لێکۆڵینەوەو هەڤپەیڤینی گرنگی ئەنجام داوە لە ئاستی کوردستان و عێراق و دەرەوەی وڵات. ئەوەی جێگە سەرنجە هیچ هەواڵ و کاریکاتێرێك نەبینرا لەکۆی لاپەڕەکانی ژمارەکانی گۆڤارەکە. لە خوارەوە تەواوی بابەت و چۆنێتی و چەندێتی بابەتەکانمان بە لیست خستۆتە ڕوو، بەڵام ئەو بابەتانەی کە ئاماژەمان بۆکردوە تەنها بابەتە کوردیەکان بوون ، واتە ئەوانەی کە بە کوردی سۆرانی نوسراون ، واتە بەهیچ جۆرێك ئاماری بابەتە ئینگلیزی و عەرەبیەکانمان نەکردوەو ئاماژەمان بۆ هیچ لایەنێك نەکردوە وەك ( وێنە یان گۆشە یان هەواڵ ...) کە لە بەشە ئینگلیزی و عەرەبیەکەو لاپەڕەکانی گۆڤارەکەدا هاتوە.

زۆربەی زۆری ئەو بابەتانەی کەبلاوکراوەتەوە لەم گۆڤارەدا بابەتی دوورودرێژن و خوێنەر ناتوانێت بە سەرپێی بیخوێنێتەوە ، چونکە گۆڤارە بە گۆڤارێکی تایبەت بە ئەنفال و جینۆساید ئەژماردەکرێت، بۆیە زۆرترین قەڵەمەکانی بواری ئەنفال و کۆمەڵکوژی لە دەوری خۆی کۆکردبوەوەو زیاتر گرنگی بەلایەنی دیکۆمێنتی و لێکۆڵینەوەو وتار دەدا بۆیە لە کۆی ژمارەکانی (جگە لە ژمارە ٣ ) ، ( ٢٥ ) لێکۆڵینەو ( ٤٣ ) وتاری بلاوکردۆتەوە، لە هەمووی گرنگتر بایەخی بە وتار داوە بە هەموو جۆرەکانی وتارەوە.

ئەم گۆڤارە قەبارەکەی گەورەیەو هەر ژمارەیەکی نزیکی (٣٠٠) لاپەڕەیە، لایەنە هونەریەکانی وەك چاپ و دیزاین زۆر بە جوانی و ڕونی ئەنجام دراوەو بەرگی دەرەوەی ڕەنگاو ڕەنگەو لاپەڕەکانی ناوەوەی ڕەش و سپی یە ، کە رچاوی سەلیقەیەکی وردو هونەری کاری ڕۆژنامەنوسی کراوە ، لەم گۆڤارەدا لە هەموو گۆڤارەکانی دوای ڕاپەڕین هەتا ساڵی ٢٠١٢، زیاتر کاری لەسەر ئەنفالکردوەو وەك گۆڤارێکی تایبەتمەند بەردەوام بووەو هەموو چەمکەکانی ئەدەبی خستۆتە ڕوو، گرنگی بە زۆربەی لایەنەکان و ژانرەکانی هونەری ڕۆژنامەنوسی داوە، لە ڕێگەی ئەو هونەرانەوە خەم و تراژیدیاکانی کۆمەڵکوژی گەلان و بەتایبەت ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کوردی خستۆتە ڕوو..

### ت) گۆڤاری ئەنفال:

گۆڤاری ئەنفال تەنیا شەش ژمارەی لێ دەرچووە لە ساڵی ٢٠٠٠ ژمارە (١) چاپکراوە. لەلاپەڕە یەکی دا نوسراوە " گۆڤارێکی لێکۆڵینەوەو دیکۆمێنتییە و وەزارەتی ڕۆشنبیری دەریدەکات"

خاوەنی ئیمتیاز: وەزارەتی ڕۆشنبیری، سەرنوسەر: دڵشاد تاڵەبانی، جێگری سەرنووسەر: د.مارف عومەر گوڵ، سکرتیری نووسین: مجید ساڵەح، دەستەی نوسەران: لەتیف فاتیح فەرەج، عەدالەت عەبدوڵا، عارف قوربانی، تەها سلێمان. سەرپەرشیاری بەشی ئینگلیزی: محەمەد حەمەساڵەح، سەرپەرشتیاری بەشی عەرەبی: شەهاب قەرەلووسی. دەستەی ڕاوێژکارانی دەرەوەی وڵات: د. بەرهەم ساڵەح، د. عومەر شێخ موس، د. ئەمیری حەسەن پوور، دکتۆر شێرزاد تاڵەبانی، د.عەباس وەلی. ڕاوێژکارانی ناوەوەی وڵات: عادل موراد، مەلا بەختیار، مەحمود مەلا عزەت، عەباس بەدری، ستران عەبدوڵا. کاری هونەری و کۆمپیتەر: ئەندازیار سامان محەمەد ساڵەح مستەفا. ئۆفسێت: چاپخانەی تیشك، وێنەی بەرگی یەکەم و دووەم: هونەرمەند: غازی محەمەد.

لەسەر گۆڤار ناونیشانی گۆڤار نووسراوە: کوردستانی عێراق – سلێمانی – وەزارەتی ڕۆشنبیری. بەڵام بەشێك لە ستاف و بەشداربوونی ئەم گۆڤارە دەڵێن گۆڤارەکە گەرمیانییە و بۆ ئەو مەبەستە بەڵگەیان هەیە و دەیسەلمێنن. گۆڤارەکە بە سێ زمان بڵاوبووەتەوە (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی) بەڵام ئێمە تەنها کارمان لەسەر بەشە کوردیەکەی کردوە کە بە ئەلف و بێی عەرەبی و بە زاری سۆرانی نوسراوە.

لە بەشێکی سەروتاردا کە ناونیشانەکەی بەم شێوەیە (گۆڤاری ئەنفال بۆ؟) سەرنووسەر دەڵێت: لە جیهانێکی نوێی ئەم سەردەمەی هازارەی سێیەمدا، لای کەمی دەبوایە چارەنوسی ئەنفالکراوەکان ئاشکرابایە و سەرانی ئەو ڕژێمەی پێی هەستاون بە سزای خۆیان بگەشتبانایە و قەرەبووی پاشماوەکان بکرابایە.

بەڵام دیارە لەم کارانەدا گەر کورد خۆی دوای نەکەوێت و نەیجولێنێت و نەیگەیەنێت و هەوڵی مەزنی بۆ نەدات، بە ئەنجام ناگات، ئەمەش تەنیا بە تەمەننا و ئارەزوو و یادکردنەوەی ساڵانە ناکرێت ، بەڵکو کاری چڕوپڕ و گەورەی بەردەوامی هەمەلایەنەی دەوێت لە هەموو کەناڵەکان و لەسەر گشت ئاستەکان.

پێویستە کۆمەڵە خەڵکانێك خۆیان تەرخان بکەن بۆ ئەم مەبەستە و بەوپەڕی جدییەوە کاری بۆ بکە و بەدوای مەبەستەکاندا بچن بۆ هێشتنەوەی بە شێوەیەکی زیندوو.

لە کۆتا بەشی وتارەکەیدا، سەرنووسەر دەڵێت: دەرچوونی ئەم گۆوارە و دامەزراندنی سەنتەرێکی لێکۆڵینەوەی ئەنفال هەوڵدانێکە لەم پێناوەدا، بەڵام ئەو پرۆسەیە تەیا بە چەند کەسێك هەڵناسێت. پێویستی بە پشتگیری و هاوکاری هەموو لایەن و دەزگاو کەسێکە لەبواری خۆیدا، بۆ بەشدار بوون لەم کارە.

نووسەران و لێکۆڵەران و سیاسەتمەداران و هەموو ڕۆشنفکران ئەرکی گەورەیان دەکەوێتە ئەستۆ، بۆ بەردەوامبوونی ئەم پرۆسەیەو پێشحستن و سەرخستنی. بۆیە داوا لە هەموو مرۆڤێکی دڵسۆزی کوردو مرۆڤدۆست دەکەین کە قەڵەمی بخاتە کار لەم پێناوەداو هەموو بەڵگەو دیکۆمێنتێکی ئەو تاوانە گەورەیە ئاشکرا بکات.

بۆ ئەوەی بیسەلمێنێن کە گۆڤاری ( ئەنفال) لەگەرمیان دەرچووەو گۆڤارێکی ناوچەی گەرمیانە، لە چوارچێوەی گفتوگۆیەکی تایبەت بەم لێکۆڵینەوەیە سەردانی نوسەرو ڕۆژنامەنووس (تەها سلێمان) خاوەن بیرۆکەو دەستەی دامەزرێنەری گۆڤارەکەو ئەندامی دەستەی نوسەرانی گۆڤارەکەمان کردو بە وردی تیشکی خستە سەر چۆنێتی دەرکردنی گۆڤار ئەنفال.

لە چوارچێوەی گفتوگۆکەماندا ناوبراو بە ڕونی جەختی لەوە کردەوە کە " هەر سێ گۆڤاری ( گۆڤار ) و ( ئەنفال ) و( هەشتاوهەشت ) کە خۆی دەستەی دامەزرێنەرو ئەندامی دەستەی نوسەرانی بوە، لەگەرمیان دەرچون وبڵاوبونەتەوەو بە گۆڤارێکی ناوچەی گەرمیان ئەژمار دەکرێن، و لە سێ زەمەن و کاتی یەك لە دوای یەکدا دەرچون ، بەجۆرێك یەکیان وەستاوە، ئەوی تریان دەرچوە "، ئەم گۆڤارانە لە کاتی خۆیاندا خزمەتێکی باشیان بە پرۆسەی ڕۆژنامەگەری و پرسی جینۆساید و کۆمەڵکوژی و ئەنفال کردوەو لەو کاتەوە بۆ ئێستاو داهاتوش بوەتە جێگەی لێکۆڵینەوەو سەرچاوەکانی زانیاری بۆ بۆ قوتابیان لە گەرمیان و کوردستان بە گشتی.

لێرەدا تەوای گفتوگۆکە دەخەینە بەرچاو، بۆ تێگەیشت و بەرچاو ڕونی زیاتر...

**چۆن بیرتان لەوە کردەوە کە (گۆڤار) لەگەرمیان دەربکەن؟**

**تەها سلێمان** – لەساڵی ١٩٩٨ ئێمە کۆمەڵێك گەنج و ڕۆژنامەنووس بووین بەجیاوازیی ئینتیمای حیزبیشمانەوە کۆکبووین لەسەر ئەوەی ئەو گۆڤارەدەربکەین لەوانە سەردار عەبدوڵا، لوقمان خەیاڵی، عەدالەت عەبدوڵا ، من ( تەها سلێمان ) دواتر ڕەحمان خانی، بیرمان کردەوە گۆڤارێك دەربکەین، گۆڤارەکە هەم سیاسی ، هەم کۆمەڵایەتی و هەم ئەدەبی بێت. تەبعەن پاش گفتوگۆیەکی زۆر  و وەزعی مالیی ئەوکاتە کەخراپ بوو، گۆڤارەکەمان ناونا گۆڤاری (گۆڤار).

ئەم گۆڤارە تەبعەن کاك ڕەفعەت عەبدوڵا خاوەن ئیمتیازی بوو، کاك سەردار عەبدوڵا سەرنووسەری بوو. ئێمەدەستەی نووسەرانی بووین. هەر بۆ مێژوو کاك ڕەفعەت عەبدوڵا ئەوکاتەوەزیری دارایيی ئیدارەی سلێمانی بوو، بەڵام هەر بۆ مێژوو خۆشە بزانرێت یەك دیناریشی سەرف نەکرد بۆ گۆڤارەکە، گۆڤارەکەمان بەپیتاك دەردەکرد. بەتەبەروعی لێرەو لەوێ.

ئەم گۆڤارە پێنج ژمارەی لێ دەرچوو، دوای پێنج ژمارەکە گۆڤارەکە ڕاوەستا لەبەر نەبوونی ئیمکانیەتی ماددی. ئێمە کەوتینە گفتوگۆی ئەوە کە ناتوانین بەردەوامی بە گۆڤارەکە بدەین، تەبعەن ئەگەر ئێستاش بگەڕێیتەوەبۆ ژمارەکانی گۆڤارەکە کۆمەڵێك تێکستی ئەدەبی تێدایە، کۆمەڵێك وتارو ڕێپۆرتاژی تێدایە. بابەتی هەمە جۆر لەسەر هەموو لایەنەکان ، دوای ماوەیەك وەستان بیرم لە دەرچواندنی گۆڤارێکی تر کردەوە بەناوی ( ئەنفال) بەلأم بەناوەڕۆکی جیاوازتر.

**– دەکرێت زیاتر باسی گۆڤاری ( ئەنفال ) بکەن ، کە ئایە گۆڤارێکی گەرمیانی بوو، وە چۆن لەگەرمیان دەرچوو؟**

**تەها سلێمان :** لە ساڵی (١٩٩٩) ڕۆژێکیان ڕۆشتم بۆ بنکەی ڕوناکبیری و ئەدەبیی گەلاوێژ – لقی گەرمیان. کاك مەجید ساڵەح بەرپرسی بنکەکە بوو، سەردانێکم کرد، وتم کاك مەجید پرۆژەیەکم نووسیوە، وتی خێر؟ وتم بۆ دەرکردنی گۆڤارێکی تایبەت بە ئەنفال، بەڵام پرۆژەکە بە تەنیا گۆڤارەکەنییە. پرۆژەکە ئەوە بوو " ئێمە لیوا ڕەشەکەی کەلار ناسراوە بەشوێنی ئەنفال و تەعزیب و ئازار و ئەشکەنجەو وەهەروەها تەحویل کردنی کۆی ئەو ئەنفالکراوانەی کەلە ملەسوورە دەهاتنە خوارەوەو لەوێوەتەحویل دەکران، وەمن لەزاکیرەی منالیی خۆمدا بیرمە پێش ئەنفالی سێیەم یەکەم وەجبەی دەستگیرکراو لەئەنفالی دوو کەلەوکاتەی مەنتەقەی سێوسێنان و قەرەداغ هێنران لەوبەری شەقامی لیوا کەوە فەوجێکی عەسکەری بوو، سیمێکیان دابووەدەوریاندا و لەوێ کۆیانکردبووەوە". مەجید وتی: وەڵا تەها پرۆژەکەت پرۆژەیەکی باشە بەڵام ئەم پرۆژە بەتەنیا بە ئێمە ناکرێت. لەبەر ئەوەی پرۆژەیەکی قورسە ئێمە بەتەنیا مۆزەخانەدروست بکەین و لەناو مۆزەخانەبەشی ئەرشیف و بەشی دێکۆمێنت و دراسات و وە لەپاڵیشیا گۆڤارێك دەربکەین گۆڤارەکەبەزمانی کوردی بێت وەئەگەر بتوانین بەزمانی عەرەبی و دواتریش بەزمانی ئینگلیزی.

هەستاین بۆ ئەم ئامانجە، بۆ ئەوەی مۆزەخانەی تایبەت بەئەنفال و دەرکردنی گۆڤارێك لەچوارچێوەی ئەم مۆزەخانەیە، سەردانێکی کاك شێخ محەمەد شاکەلیمان کرد. کەوەزیری ڕۆشنبیری بوو، ئەوکاتە. واتە لەحکومەتی هەرێم – ئیدارەی سلێمانی. کاك شێخ محەمەد وتی من سەد لەسەد پشتگیریتان دەکەم بۆ ئەم پرۆژەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەئیمکانییەتی وەزارەتی ئێمەنییە ئەو پرۆژەگەورەیە جێبەجێ بکەین پێم خۆشە مەوعیدێکی کاك کۆسرەتتان بۆ وەر بگرم. ئەو کات کۆسرەت ڕەسوڵ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بوو،

هەفتەیەکی بەسەردا نەچوو، ئێمەمۆعیدەکەی کاک کۆسرەتمان بۆ وەرگیرا، من و  کاک سەردار عەبدوڵا و کاک مەجید ساڵەح و کاک عەدالەت عەبدوڵا و شێخ محەمەد شاکەلی چووینە لای کاک کۆسرەت، کاک کۆسرەت بشتگیری کردین، بەڵام وتی بەهۆی دۆخی داراییمان ئێستا ناتوانین مۆزەخانەیەك بەو گەورەییەوە بکەینەوە. بەڵام کاک شێخ محەمەد وەزیری ڕۆشنبیرییە ڕا سپارد کە گۆڤارەکە تەمویل بکەن و دەست بەئیشکردن بکەین. ئێمەدەستمان کرد بە ئیشکردنی ژمارەیەك و ژمارەدووی گۆڤارەکە، لەسەر ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیری چاپکرا. تەبعەن تەنیا تێچووی چاپی گۆڤارەکەیان دەدا، ئێمە ستافی گۆڤارەکە وەك خۆبەخش کارمان دەکرد. دواتر ئێمە هەستاین ستافی گۆڤارەکەمان فراوان کرد. کاک عارف قوربانیمان هێنایەناوەوە، کاك لەتیف فاتیح فەرەجمان هێنایەناوەوە، شەهاب قەرەلووسیمان هێنایەناوەوە. مامۆستا محەمەحەمەساڵەح تۆفیقمان هێنایەناوەوە. کاک دلشاد تاڵەبانیمان هێنایەناوەوە، کاک دڵشاد لەسویسرا دەژیا و تازەهاتبووەوە. کاک دکتۆر مارف عومەر گوڵیشمان هێنایەناوەوە.

**– بۆ ئەو کەسانەتان هێنایە ناو گۆڤارەکەوە؟**

**تەها سلێمان**: لەبەر ئەوەی ئێمە پێویستمان پێیان بوو، بۆ نموونە دکتۆر مارف عومەر گوڵ بەو ئیعتیبارەی کەدکتۆراکەی و ماستەرەکەشی لەسەر جینۆساید و تاوانەکانی کۆمەڵکوژی دژ بەگەلی کورد لەلەندەن تەواوکردبوو. کاک دڵشاد بەڕێکەوتنی خۆمان داوتر کردمان بەسەرنووسەر، دواتر کاك شەهاب قەرەلووسی، کە گۆڤارەکە زۆرپێویستمان پێی بوو. دواتر مامۆستا محەمەد بۆ بەشی ئینگلیزی گۆڤارەکەدانرا، دواتر لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری کەوتینە گفتوگۆ. مادام وەزارەتێك هەیە بەناوی وەزارەتی مافی مرۆڤ و ئاوارەو ئەنفال کەکاك سەلاح ڕەشید وەزیری بوو پێویستە ئەم گۆڤارە وەك کاری تایبەتمەند تەحویل بکرێت بۆ ئەو وەزارەتە، بەهەمان ستاف و بەهەمان پێکهاتە کە ئێمە هەموومان بووین.

پاش ئەوەی کە گۆڤارەکە تەحویل کرا سێ ژمارەی کوردیی ترمان دەرکرد. ژمارەیەکمان بەعەرەبی دەرکرد. ژمارەیەکی مولهەقیشمان دەرکرد بەزمانی ئینگلیزی. هەر بەناوی ئەنفالەوەکەسەد و پەنجا بۆ سەدوشەست لاپەڕەبوو.

بەهەموویەوە پێنج ژمارەبوو، ژمارەیکی عەرەبیش ئەمەشەش، ژمارەیەکی ئینگلیزیش ئەمە حەوت. واتە حەوت ژمارەمان لێ دەرکرد. تەبعەن دواتر، ئەمەش ئەبێت بۆ مێژوو بیڵم، کۆتا ژمارەکە لەگردی عەلی ناجی لەماڵەکەی کاك سەلاح ڕەشد دانیشتبووین. تەقریبەن بە سێ مانگ پێش ڕووخانی ڕژیم، سەرقاڵی ئامادەیی بووین بۆ ژمارەیەکی نوێی گۆڤارەکە، کاك سەلاح ڕەشید پێی وتین، کاکە ئیتر زۆر خۆتان ماندوو مەکەن. وتمان بۆ؟ وتی لەبەر ئەوەی سەدام دەڕوخێت و بەعس دەڕوخێت، ئیتر پێوستمان بەم گۆڤارەش نامێنێت. تەبعەن پێم وت بەداخەوەکاك سەلاح من قەناعەتم وابوو دەڵێی کاکەخۆتان چاپووك بکەن و خۆتان کۆبکەنەوە بەعس دەڕووخێت و پێویستمان بەوەیە ئەم گۆڤارەفراوان بکەین. بەهەرحاڵ تەبعەن لەو فەترەیەگۆڤاری ئەنفال ڕاوەستا، کۆمەڵێك تێبینی کەوتەناو ستافەکە ، یانی تێبینی لەسەر ئەدائی کارکرنی گۆڤارەکە ئیتر نەمانتوانی گۆڤارەکە دەربکەین.

**– له پێشوتردا باستان کرد که چەند کەسێکتان هێنایە ناو گۆڤارەکەوە، ڕۆڵی ئەوان چی بو له بەرەو پێش بردن و ئەرکەکانی گۆڤارەکە؟**

**تەها سلێمان:** ئەگەر ڕاست و ڕەوان قسەت بۆ بکەم، ئامانجەکەمان ئەوەبوو ئەوانە وەك ڕاوێژکار سود لەتواناو تاقەیان وەربگریت بەڵام دەتوانم بڵێم کەمترین خزمەتیان بەگۆڤارەکەکردووە. ئەوەی کەگۆڤارەکەی دەردەکرد، من بووم، کاك مەجید بوو، عەدالەت عەبدوڵا بوو، کاك سەردار بوو، دواتر کاك دڵشاد وەك سەرنووسەر وازی هێناو کاك مەجیدمان خشتە شوێنی.

**– له کوێی ئیشوکارەکانی گۆڤارەکەتان ئەنجام ئەدا، ئایە ئۆفیس یان بارەگایەکتان هەبوو؟**

**تەها سلێمان:** جاری وا هەبوو دەچووینە سلێمانی و لەوەزارەتی ئاوارەو ئەنفال کۆدەبووینەوە، جاری وا هەبوو لەماڵی کاك سەڵاح خۆیان هەر لەماڵەکەی خۆی کۆدەبووینەوەو جاری واش هەبوو له یەکێك له ماڵەکانی خۆمان یان له شوێنێکی کەلار، نووسینگەمان نەبوو. بۆ ئەوەی ڕونترو پوختتر پێت بڵێم : " یەکەم جار بیرۆکەی گۆڤارەکه (ئەنفال) لەگەرمیان گەڵاڵەبوو، دووەم شت ستافەکەی لەسەدا نەودوپێنجی ما عەدا مارف عومەر گوڵ نەبێت وەکو مامۆستایەکی زانکۆ کەکاری لەگەڵمان دەکرد. جگەلەئەو، هەموو ستافی گۆڤارەکە گەرمیانی بوون. وەبەڕاستیش پێت بلێم ئامانجمان لەدەرکردنی گۆڤاری ئەنفال تەوسیق و بەتەمەنکردنی تاوانەکانی ئەنفال بەشێوەیەکی گشتی وەگەرمیان بەشێوەیەکی تایبەت. یانی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی، وەگەرمیان بەشێوەیەکی تایبەتی.

لەگەرمیان نەچاپخانەی باش هەبوو. وە ئەگەر گۆڤارێکیشت دەرکردبا دەبوو هەر بچوبایتایە سلێمانی و ڕایکێشی، چونکە ئێمەپێش گۆڤاری ئەنفال، گۆڤاری (گۆڤار)یشمان هەر لەسلێمانی دەرکرد. واتە چاپەکەی سلێمانی و بلاوکردنەوەی له گەرمیانەوە وەك ناوەندی بلاوکردنەکەیان.

چاپخانەیەك دوای سەردەمی گۆڤاری ئەنفال، لەسەردەمی گۆڤاری (٨٨) دا نێردرایە گەرمیان، بەبڕوام هەم چاپخانەکە مۆدێلی نزم بوو، هەمیش نەتوانرا ئیستسمار بکرێ و سودی لێ وەربگیرێت. چونکە چاپخانەکەش تایبەت نەبوو تەنیا بەئەنفال ، بەڵکو تایبەت بوو بەوەی لەڕووی کلتووری و لەڕووی ڕۆشنبیری و لەڕووی بزاڤی ڕۆژنامەگەرییەوە،گەرمیان نەڕواتە سلێمانی و چاپخانەیەکی تیا بێت بۆ ئەوەی ئەو بڵاوکراوانە چاپ بکات. بەداخەوەنەکرا.

تەئکید دەکەمەوە که گۆڤاری ( ئەنفال ) و گۆڤاری ( گۆڤار ) لەکەلار دەرچووەو سەنتەرەکەشی لەگەرمیان بوو. دواتریش ئەمە عەیب نییە لەگەرمیان دەرچوو بێت و ستاقەکەی گەرمیانی بێت و سنوری گەرمیانی تێپەڕاندبێت و گەشتبێتە سەنتەرو شارو شارۆچکەکانی تر، بەئێستاشەوەئەو بابەتانەی لێی بڵاوکراوەتەوە باشترین نوسین و لێکۆڵینەوە بەشەکانی تربوون، دوای وەستای گۆڤاری ئەنفال گۆڤاری (٨٨) هاتە مەیدان که گۆڤاری هەشتاوهەشتیش هەر لەگەرمیان دەرچووە.

**– ئایە گۆڤاری هەشتاو هەشت درێژە پێدەری گۆڤاری گۆڤار بوو بەناوێکی ترەوە ؟**

**تەها سلێمان:** کاك سالار مەحمود جارێکیان دەعوەتی کردین، دەعوەتێکی گفتوگۆ بوو، من و ئەحمەد باوەڕ و سەلام عەلی و سالار، ئەم چوار کەسە. بیرۆکەکەی ئەوەبوو، کەگۆڤارێك دەر بکەین. پاش گفتوگۆ کردن و موناقەشەکردنێکی زۆر، بڕیارماندا گۆڤارەکە دەر بکەین، ناومان لێنا گۆڤاری (٨٨). ناتوانین بلێن گۆڤاری هەشتاو هەشت هەمان درێژەپێدەری گۆڤاری ئەنفال بوو. بەڵام بەدەمووچاوێکی تر و لەکارکردن و غیابی گۆڤاری ئەنفال هاتەبەرهەم. ئەوەی لەناو ستاڤ گۆڤاری ئەنفالدا بوو جگەلەمن و کاك لەتیف فاتیح فەرەج کەدواتر بوو بەسکرتێری نووسینی گۆڤاری هەشتاوهەشت، ماباقییەکەی تر، کاك عەدالەت و کاك محەمەد حەمەساڵەح و شەهاب قەرەلوسی و دکتۆر مارف عومەر گوڵ و دڵشاد تاڵەبانی و سەردار عەبدوڵا ، ئەمانە ناهاتنە ناو ستاڤ گۆڤاری هەشتاوهەشتەوە، دواتر تەنیا وەکو نووسرەبابەتیان نووسی و لێکۆڵینەوەیان کرد.

**– ئەوکاتانەی کە ئێوە دەستتان دایە کاری ڕۆژنامەنوسی و دەرکردنی گۆڤار ، ڕەوشی ڕۆژنامەنوسی دەڤەرەکە چۆن بوو؟**

**تەها سلێمان:** بەداخەوە ساڵانی دوای نەوەدەکان کە ئێمەجیلی دوای نەوەدەکان بووین ، لەتەمەنی ١٧ ساڵی و ١٨ ساڵی دەستمان بەکاری ڕۆژنامەوانی کرد، معاناتی زۆرمان هەبوو. گرفتی زۆرمان هەبوو. بۆ نموونە هۆکارەکانی گەیاندن وەك ئێستا پێشکەوتوو نەبوو. تۆ کەڕاپۆرتێکت دەکرد، تا دەگەشتەسەنتەری هەولێر، تا دەگەشتەسلێمانی. هەفتەیەکی پێ دەچوو تا بابەتەکەت بگات، هەفتەیەك تەئخیر ئەبوو. موعاناتێکی زۆرمان هەبوو، تەنانەت پەنابردن بۆ دەرکردنی گۆڤاری ( گۆڤار ) و پەنابردن بۆ دەرکردنی گۆڤاری( ئەنفال )و پەنابردن بۆ دەرکردنی گۆڤاری ( هەشتاوهەشت )، ئەو ستافەی ئێمەو خارجی ئێمەش گۆڤار و بڵاوکردنەوەی تریش دەرچووە، هەموو هۆکارەکەی نا، بەڵام هۆکاری سەرەکی دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە ئێمەبە ئاسانی دەستمان نەدەگەشت بەسەنتەر، بۆیە ناچار دەبووین. ئەمە بکەین بۆ ئەوەی خۆمان ببین بەسەنتەری خۆمان، وەلەو سەنتەرەی خۆمانەوە ئێمە دەنگمان بگەینینە ئەو شوێنانە.

من باوەڕم وایە گۆڤاری ئەنفال دوای گۆڤاری هاواری ئەنفال، چونکە گۆڤارێکی تر هەبوو لە هەولێر لەلایەن سەنتەری ئەنفالەوە بەناوی هاواری ئەنفال دەردەچوو. نزیکەی (٧ تا ٨) ژمارەی دەرچووە. یەکێك لە باشترین گۆڤارەکان بوو ، بەنیسبەت گەرمیانیشەوە دەتوانم بڵێم یەکێکە لە هەوڵە یەکەمەکان لەبورای کاری لێکۆڵینەوەو ڕەئی وە تەنانەت تەوسیق کردنی بەشێك لەدێکۆمێنتەکانی تاوانی ئەنفال.

گۆڤاری ئەنفال لە گەرمیانەوە دەگەیشتە هەولێر، لێی دەگەشتە دهۆك، وەسلێمانیش. عەرەبییەکەشی، بۆ نوونە میوانی عەرەب دەهات، کۆڕو کۆنفراسات دەکراو میوانی عەرەب دەهات سودمان لەوەوەردەگرت و ئەو ژمارە عەرەبییەمان دەدانێ. یان ئفودی بیانی کەدەهاتنە ئەم وڵاتە، ئیسفادە لەوە دەکرا ئەم گۆڤارەیان پێ بدرێت کەوەك مەخرەجێك بۆ ناسینی تاوانی ئەنفال. وەئەگەر تێبینی بکەی ئێستا لەژمارەعەرەبییەکەی مەلەفێکی

تایبەتمان هەبوو، کۆنفرانسێك کرا لەسلێمانی ، مەلەڤ مقابەلەکردنی بەشێکی زۆر لەو ڕوناکبیرەعەرەبانەی کەبۆ بەشداریکردن لەیەکێك لەفستیڤالەکانی دەزگای دارولمەدا هاتبوونە کوردستان.

ناوەڕۆکی گۆڤاری ( ئەنفال ) بەزۆری دیکۆمێنتی و لێکۆڵینەوەیە ، بەلاَم بەشێك لە هونەرەکانی ڕۆژنامەنوسی ڕەگەزە سەرەکیەکانیەتی، بەجۆرێك چەندین وتار لە کۆی ژمارەکانیدا هاتوە، ئەمە جگە لە ئەدەبیات و بەشەکانی کە لە ڕوپەڕەکانی بەرچاو دەکەوێت.

لە ڕوی هونەری و دیزاینەوە بە شێوەیەکی ڕێك و پێك و گونجاو دەرهێنانی بۆ کراوە ، وەك لە تەواوی ژمارەکانی دا ناو ناونیشان و ساڵ و ژمارەو پێڕست بۆ بابەتەکان کراوەو جۆری بابەتەکان لە یەکتر جیاکراوەتەوە ، لە هەر لاپەڕەیکی ژمارەکانیدا گونجاندنی ڕەنگ بەکار هاتوە . ئەم گۆڤارە بەرگەکەی ڕەنگاوڕەنگە بەلاَم پەڕەکانی ناوەوەی ڕەش و سپیە ، تەنها لە ژمارە یەکی دا (٨) وێنەی هونەرمەند ئیسماعیل خەیات ) بە ڕەنگاوڕەنگ هاتوە، ئەم گۆڤارە بەیەکەم گۆڤاری ناوچەی گەرمیان ئەژماردەکرێت کە تایبەت بە ئەنفال و جینۆسایدەو ژمارە(١)ی لە ساڵی (٢٠٠٠) دا بە (٣٠٠) لاپەڕەوەو بەزمانەکانی (کوردی ، عەرەبی ، ئینگلیزی ) چاپ و بلاَوبوەتەوە، کە وتارو لێکۆڵینەوەو هەڤپەیڤین زۆرترین ئەو ژانرانەن کە تێیدا بلاَوبوەتەوە،گۆڤارەکە لە ڕوی دەرهێنانی هونەریەوە جێگیرە، بەجۆرێك کە لەخوارەوە بەلیستێك بەوردی ژمارەو جۆری بابەتە ئەدەبی و ڕۆژنامەنوسیەکانم خستۆتە بەرچاو.

ژمارە (٢)ی لە ساڵی ٢٠٠١ ، دا بەزمانی کوردی و عەرەبی و (٢٤٩) لاپەڕە چاپ و بلاَوبوەتەوە.

ژمارە (٣)ی لە ساڵی ٢٠٠٢ دا ، بەزمانی کوردی و عەرەبی و بە (٢٨٩) لاپەڕە چاپ و بلاَوبوەتەوە.

ژمارە (٤)ی لە ساڵی٢٠٠٣ دا ، بەزمانی کوردی و عەرەبی و بە (٢٩٥) لاپەڕە چاپ و بلاَو بوەتەوە.

ژمارە (٥)ی لە ساڵی ٢٠٠٤ دا ، بە زمانی کوردی و عەرەبی و (٣٤٠) لاپەڕەوە چاپ و بلاَوبوەتەوە.

ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٦، بە (٢٣٤) لاپەڕەو تەنها بەزمانی عەرەبی دەرچوەو نەبوەتە کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە، چونکە تەنها لاپەڕە کوردیەکان کەرەستەی لێکۆڵینەوەکەن.

## ج) گۆڤاری ناسنامە:

گۆڤارێکی تایبەتە کەساڵانەو لەکاتی ساڵڕۆژی چواردەی چاواردا چاپ و بڵاو دەبێتەوە. ڕیکخراوی چواردەی دەریدەکات، کەڕیکخراوێکی تایبەت بەئەنفالە. سەرنووسەری ئەم بڵاوکراوەیە (فەتاح تەنیا)ە جگەلە ئەو ناوی هیچ کەس و ستافێك لەسەر ئەو بڵاوکراوەیەنییە.

هەتا ئێستا پێنج ژمارەی بە سایزی (٢١×٢٧) لێ دەرچووە ، واتە ئێمە تەنها زانیاریمان لەسەر ( ٥ ) ژمارە دەست کەوت، بابەتەکانی گوزارشت لەتاوانی دژ بەمرۆڤایەتی و ئەنفال دەکات.

لەژمارەیەکی بڵاوکراوەی گۆڤارەکەدا سەبارەت بەگۆڤارەکە سەرنووسەر لەبەشێکی نوسینێکی دا لە شێوەی سەروتار دا دەڵێت: ناسنامە هەوڵێکە بۆ کۆکردنەوەی ئەو دەنگانەی کەدەیانەوێت لەبورای ئەنفال و کیمیابارندا

بنووسن و خزمەت بەناساندنیان بکەن. بۆ ئـەوەی بەشـێوەیەکی شایسـتە دەنگـە ڕاسـتییەکان بگـات و واقعیـەتی مێژوو بنوسرێتەوە، تاکو بتوانین هەوڵەکانمان زیاتر بکەین.

لەبەشێکی تری وتارەکەیدا دەڵێت: ناسنامە دەنگی ڕاستەقینەی پاشماوەکانی ئەنفالە لە تـەواوی ئازارەکـانی ئـەم توێژە مەزلومەو پڕ کارەساتە دەکۆڵێتەوەو دەیخاتە پێش چاوی دەسەڵات و لایەنە پەیوەندیـدارەکان، بـۆ ئـەوەی بزانن کەسوکاری ئەنفال و هەڵەبجە لەخەم و مەینەتیدان.

ئەم گۆڤارە (٣) ژمـارەی دەچـێتە چـوار چـێوەی لێکۆڵینەوەکەمـەوە، ئـەوانیش ژمارەکـانی ( ١ ، ٢ ، ٣ ) یـە کـە هەرسـێ ژمارەکـە لـەم بەروارانـەدا دەرچـوون ( ١٤–٤–٢٠٠٩ ، ١٤–٤–٢٠١٠ ، ١٤–٤–٢٠١١ ) ، کـە کـۆی هـەموو ژمارەکانی ڕەنگاوڕەنگە ، واتە یەکەم گۆڤاری تایبەتمەندە لە گەرمیان کە ڕەنگاوڕەنگ بێـت، تـەواوی بابەتـەکانی گوزارشت لە ئەنفال و جینۆسایدی نەتەوەی کوردو بەتایبەت باشوری کوردستان دەکـات، و زۆر لایـەنی ئـەدەبیات و هونـەرەکانی پەخشـان تیایـدا ڕەنگـی داوەتـەوە، بـەڵام لـەڕوی دیـزاین و دەرهێنـانی هونەریـەوە لـە ئاسـتێکی لاوازدایە ، بەجۆرێك شێوەی نوسینەکانی لەلاپەڕەیەکـەوە بـۆ لاپەڕەیـەکی تـر گـۆڕانی بەسـەردا هـاتووەو قـەبارەو جۆری خەتەکەی گۆراوە، لەلایەکی ترەوە لاپـەڕەی هەیـە تـەوای ڕەشـەو بـەڕەنگی سـپی لەسـەری نوسـراوە، بـە پێچەوانەشەوە وایە ، لە زۆربەی ژمارەکانیدا وێنەی قوربانیانی ئەنفال یەکێکـە لـە بڵاوکـراوە سـەرەکیەکانی، واتـە وێنە لە زانیاری نوسراو زیاترە، ناونیشانی لاپەڕەکانی لەژمارەیەکەوە بۆ ژمارەیـەکی تـر جیـاوازە واتـە لـە ژمـارە یەکدا هیچ بەروارێك لە لاپەڕەکانیدا نابینرێت بەڵام لە ژمارە دوودا دیاریکراوە، واتە بەرەو باشتر ڕۆشـتوە، چـونکە ژمارەیەکی لیست و پێڕستی بۆ نەکراوە ، بەڵام ژمارە دووی بە لیستێك لە لاپەڕەی سـەرەتادا نـاوی نوسـەرەکانی ئەو ژمارەیەی ئاماژەپێکردوە، لە ژمارە (١)دا لە سەرەوەی لاپـەڕەکانی نـاوەوەدا نوسـراوە " ئـەنفال و هەڵەبجـە دوو ناسنامەی ناساندنی گەلی کوردن" لە کۆتای لاپەڕەکانیش دا نوسراوە " ناسنامە گۆڤاری پاشماوەی ئەنفالـە" ، ژمارەی لاپەڕەکانی کەمە ، لە هەرسێ ژمارەکەدا ناوی دیزاینەر یان چاپخانە نابینرێت.ئـەم گۆڤـارە لـە ژمـارە (٢)یدا دوو لاپەڕەی بەزمانی ئینگلیزی هاتوە لە سەر ئەنفال.

لە ناوەڕۆکیدا وتارو هەڵبەست و وێنە لە هەموو ژانرە ئەدەبی و ڕۆژنامەنوسیەکانی تر زیـاترن، بەشێك لـە وێنـەکان دیکۆمێنتیەو وێنەی قوربانیانی تاوانی ئەنفالـە. کـە لێرەدا وێنـای بەشـێك لـە بابەتـە ئەدەبیـەکانی ناوەڕۆکەکـەی پیشان دەدەین .

ژمارە (١) ی لە ساڵی ٢٠٠٩ بە (٢٠) لاپەڕەوە چاپ و بڵاو بوەتەوە

ژمارە (٢) ی لە ساڵی ٢٠١٠ بە (٣٣) لاپەڕەوە چاپ و بڵاو بوەتەوە

ژمارە (٣) ی لە ساڵی ٢٠١١ بە (٢٩) لاپەڕەوە چاپ و بڵاو بوەتەوە

**چ) گۆڤاری گیرفان :**

گۆڤاری گیرفان، وەرزەگۆڤارێکی ڕۆشنبیریی سەربەخۆیە، کۆمەڵێك ڕووناکبیر لەگەرمیان دەریدەکەن. لەیەکەم ژمارەی داو لە لاپەڕەی سەرەتادا نووسراوە: ژمارەسفری ساڵی یەکەم، واتە ئاماژە بەڕۆژ و مانگ و ساڵێکی دیاریکراو نەدراوە ، بەڵام لە دووەم ژمارەی دا کە ژمارە (١) ە نوسراوە ساڵی دووەم ٢٠٠٦ ، کە واتە ئەم گۆڤارە ساڵی ٢٠٠٥ دەرچووە. لە سەر بەرگی دەرەوەی گۆڤارەکەیش نوسراوە " وەرزە ۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی سەربەخۆیە"

خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەری ئەم گۆڤارە(مەلا تەحسین گەرمیانی)یە، بەڕێوبەری نووسین (ئومێد بەرزان برزۆ)یەدەستەی نووسەران (ئیبراهیم سدیق، سامان کەریم، شیلان مەجید ڕۆژبەیانی.) ناونیشانی سەرەکی(کەلار – کتێبخانەی بێدار) نوسراوە. لەچابخانەی ڕەهەند لەسلێمانی چاپکراوەو دیزاینی ناوەوەشی ئارام لوقمان کردوییەتی، سایزی گۆڤارەکەش (١١×١٥,٥). کە لە لاپەڕەی سەرتای گۆڤارەکەدا ئاماژە بەتەواوی زانیاریەکان دراوە وەکو" ناو ناونیشانی گۆڤارو ناوی سەرنوسەرو جێگری سەرنوسەر و بەڕێوەبەری نوسین و دەستەی نوسەران و ئیمەیلّ و جێگەی لە ئینتەرنێت دا، دوای لاپەڕەی سەرتا یەکەم لاپەڕە کە دێت پێرست و لیستی بابەتەکانی ناوەوەی گۆڤارەکەیە، کە بەشێوەیەکی هونەری ڕیزبەندو دەرهێنانی بۆ کراوە.

لەپێشەکی یەکەم ژمارەیدا سەرنووسەرەکەی دەڵێت "لەدنیای ڕۆژنامەگەری وڵاتانی پێشکوتوودا گۆڤار و ڕۆژنامەی گیرفان هەیە، بەرجەستەبوونی ئەم گۆڤارەش لەگەرمیان و شاری کەلار سەردەردێنێ، هەوڵێکی هەوەڵاتەکانی تری گەشەی بزوتنەوەی ڕۆژنامەگەری کوردی و هەروەها پڕکردنەوەی بۆشاییەکی گەورەشەلەڕۆژنامەگەری کوردیدا."

لەبەشێکی وتارەکەیدا دەڵێت: "چونکەکتێب و فەرنگی گیرفانیمان هەیەبەڵام ڕۆژنامەی گیرفانیمان نییە، بۆیەئەرکی یەکەممان ئەوەیەکەدینیای ڕۆژنامەگەری ئێمەببێتەخاوەنی داهێنانێکی تر لەپاڵ هەوڵەکاین ڕابردوو و ئێستادا و بەردێك بخەینەسەر بونیادی ڕۆژنامەگەریی کوردی. هەوڵی دووەمیشمان ئەوەیە: ئەمڕۆ کەهەموو دنیا پێشمەوتووە، بەبۆنەی کاریگەریی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە، واتا شەقەبەکان کەپێشتر زۆر کاریگەر نەبوون و زۆریش کاریگەر و جیهانی نەبوون لەگەیاندن، ئەمڕۆ بەقەربارەیەکی بچوکتر و کاریگەرتر هاتووەتەئاراوە. بۆیەلەم بۆچونەوەئەوەمان ب دەستەبەر بوو تا ئێمەش بەگۆڤارێکی قەربارەبچوك و بەناوڕۆك و هێزێکی کاریگەری بوارەکەمان خزمەت بەخوێنەر بکەین، چونکەئەم گۆڤارەلەگیرفاندا ، لەناو جانتا و زۆر شوێنی تردا هەڵگرتنی ئاسانە.

لەدرێژەی وتارەکەیدا دوو نمونەی باسکردووەو دەڵێت: "زێڕ چەند بچوکە، نرخەکەی گرانبەهاترە، خانەکانی مێشکی مرۆڤیش چەند بچووك بن، تەماشا دەکەی چەند تیژ و کاریگەر و بەهێزترن."

لەکۆتاییی و تارەکەیدا هیوای خواس ککەلەنێو گیرفان و جوانتای خوێندکاراندا ئەم گۆڤارەخۆی ببینێتەوەو گیرفانیش تەنیا جێگای پارەو پول نەبێت، بەڵکو خوێندنەوەش پێویستی و زەرورەتێك بێت بۆ مرۆڤەکانی ئەم کۆمەڵگایەمان.

ئەم گۆڤارە جگە لەوەی قەبارەکەی بچوکە، لە ڕوی دیزاین و هونەریەوە لە ئاستێکی باش و پڕ بایەخ دایە ، واتە بەجوانی و ڕێك و پێکی دیزاین کراوە،بەرگی دەرەوەی هەموو ژمارەکانی ڕەنگاو ڕەنگەو لە بەرگی دەرەوە (پێش و پاشە ) جگە لە ( لۆگۆ) و دەستنیشان کردنی ( ژمارە)ی گۆڤارەکە ، چەند ناونیشانێکی ناوەوەی خراوەتە ڕوو لە گەڵ چەند وێنەیەك ، کە گوزارشت بکات لە گرنگی بابەتەکە و خوێنەر ڕاکێشێتە ناوەوە، بەلاّم لە لاپەڕەکانی ناوەوەی دا هەموو لاپەڕەو وێنەکان و نوسین ڕەنگی ڕەش و سپیە ، کە لە خوارەوەی لاپەڕەکەش ئاماژە بە ژمارەی لاپەڕەو ناوی گۆڤارەکە دراوە،

گۆڤاری گیرفان بە پێی ریزبەندی ساڵەکانی دەرچونی دابڕانی تێکەوتوە ، بۆ بنوونە لە ژمارە (١٩) و (٢٠) دا یەك ساڵ گۆڤارەکە بلاّو نەبوەتەوە ، واتە لە ساڵی ٢٠١١ هیچ ژمارەیەکی بلاّو نەبوەتەوە. لێرەدا بە پێی ئاماژەو ناونیشانی سەر گۆڤارەکە ساڵ و وەرزی ژمارەکانی دەخەینە ڕوو ، ئەگەر چی لە هەندێ ژمارەیدا ئاماژەی بە وەرزی دەرچونی نەکردوە، ئێمە وەك خۆی دەیخەینەڕوو.

ژمارە (٠)ی کۆتای ساڵی ٢٠٠٥ دەرچووە.

لەژمارەیەکدا کەساڵی دووەمی گۆڤارەکەیەو لە٢٠٠٦ بلاّو بووەتەوە، هەر وەکو ژمارە سفر تەنیا لەدەستەی نووسەراندا(کەریم ئەحمەد تاسیشەیی) زیاد بووە.

ژمارە (٢) ساڵی دووەمی ساڵی ٢٠٠٦

لەژمارە (٣) دا، گۆڤار ناوی (شیلان مەجید رۆژبەیانی) لەدەستەی نووسەراندا نەهێشتووە لەم ژمارەو لەسەر بەرگی گۆڤارەکە ئاماژەبە بەرواری ژمارەسفر کراوەکە لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٥ دەرچوە.

لەلاپەرەپێنجدا و پەیڤی تایبەتی گۆڤاردا سەرنووسەر بابەتێکی تایبەتی لەسەر تاوانی ئەنفال نووسیوە، کە ئەم ژمارەیەی گۆڤار لەکاتێکدا چاپ و بلاّو بووەتەوەکەسەروبەدی کاتی دادگاییکردنی سەدام حسێن و دارودەستەکەیەتی.

ژمارە(٤)ی گۆڤاری گیرفان دا لەمانگی کانونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٧ دا دەرچووە.

ژمارە (٥) ساڵی دووەم ، مانگی نیسانی ٢٠٠٧ بلاّو بوەتەوە ، لەستافی نووسەراندا ئارام سدیق گۆڕاوەبۆ پەخشان محەمەد.

ژمارە ( ٦ و ٧ ) دا کە بەیەکەوە لە مانگی ئابی ٢٠٠٧ دا لە یەك بەرگ دا بلاّو بۆتەوە.

ژمارە (٨) کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ چاپ و بلاّوبووەتەوە.

ژمارە (٩) ی بەهاری ٢٠٠٨ دەرچووە.

ژمارە(١٠ )ی لە ساڵی سێیەم و حوزەیرانی ٢٠٠٨ دەرچووە.

ژماره (۱۱) کەدەکاتە ساڵی سێیەم و لە پایزی ۲۰۰۸ دەرچووە.

ژمارە (۱۲) لە زستانی ۲۰۰۹ دەرچووە

لە ژمارە۱۳ دا کەساڵی چوارەم و لەنیسانی ساڵی ۲۰۰۹ دا بڵاو بووەتەوە، جێگری سەرنووسەر کە(خەلەف غەفور)ە زیاد بوو لەگەل ستاف وەرگێران (رەحمان عەلی و عومەر عەبدولکەریم). لەگەل نوێنەری ئەوروپای گۆڤارەکە کەگەشبیر ئەحمەدە لەستاف گۆڤارەکەدا.

ژماره ( ١٤ ، ١٥ ) كە بەیەكەوە لە هاوین و پایزی ساڵی ۲۰۰۹ دەرچوون

ژمارە (١٦) لە زستانی ۲۰۱۰ دەرچووە.

ژماره ( ١٧ ، ١٨ ) لە ساڵی (۲۰۱۰)دا، پێکەوەو لە یەك بەرگ دا بلاّو بوەتەوە.

ژماره ( ١٩ ) لە ساڵی ۲۰۱۱ دا دەرچووە.

ژمارە۲۰ كە لەنیسانی ۲۰۱۳ بڵاو بووەتەوەو . لەگەڵ ژمارە ۲۱ ی ناچێتە چوارچێوەی توێژینەوەکەی ئێمەوە ، بۆیە باس و هەڵسەنگاندنی بۆ ناکەین.

## ح) گۆڤاری داستان :

بلاّوكراوەیەكی مانگانەی گشتی یە – لقی كفری ڕێکخراوی خوێندكاران و لاوانی دیموكراسیخوازان دەریدەكات كە ژمارە ( ١ ) ی لە ساڵی ۲۰۰۰ بلاّوبوتەوە.

ئەم بلاّو كراوەیە ( ) ژمارەی لێ بلاّوبوەتەوە بە قەبارەی (١٦×٢٠,٥) بە ڕەش و سپی و ژمارەی لاپەڕەكانی ژمارەكانی دیاری نەكراوەو هەر ژمارەوە بەجۆرێکە و زیادوکەم بووە. ، سەرنووسەرەکەی ناوی ( بەهادین ئەحمەد ) دەستەی نوسەران : ( فوئاد عەدنان ، زانا کەمال ، کارزان شهاب ، ئەژدەر محمد) ، ئەم بلاّوكراوەیە هەمەڕەنگە لە بلاّوکردنەوە و ناونیشانی بلاّوکردنەوەی لەسە لاپەڕەی کۆتایی نوسراوە ( كفری – بازاڕی گشتی ، كتێبخانەی شارستانی .

لە ژمارە ( ٢ ) ی بلاّوكراوەی داستان دا (٥) بابەت لەسەر ئەنفال هاتوە ، کە زیاتر بلاّوكراوەیەكی خوێندكاری بووەو بایەخی داوە بە کێشەو گرفتەکانی خوێندکاران.

## خ) گۆڤاری كەلار :

گۆڤارێکی وەرزییە، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی شارەوانی کەلار دەریدەکرد، تایبەت بوو بەکارە خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی و بابەتە هونەری و ئەدەبی و کەلتوریەکان ، کە ژمارە (۱)ی لە بەرواری (۱)ی کانونی یەکەمی ساڵی (۲۰۰۳) ، دەرچووەو بەسەر یەکەوە (۳) ژمارەی بە قەبارەی (۲۰×۳۰) دەرچووە.

ستافەکەی بەم شێوەیە نوسراوە لەسەر گۆڤارەکە ( خاوەنی ئیمتیاز : حەسەن جیهاد ئەمین ، سەرنووسەر : سەرکۆ محمد ڕۆستەم، هاوکاران : صاڵح هەلاج ، سروە جەوهەر ، سالار محمود ، ڕاوێژکاران : ئیبراهیم باجەلاّن ،

ئەحمەد باوەڕ ، سەرپەرشتیاری چاپ : بەرزان بەکر حەسەن ، نەرمین ڕەشید، بەرگ و جیاکردنەوەی ڕەنگ: ئەندازیار سامان محمد ، کاری کۆمپیوتەر : کۆمپیوتەری تەژنە ، چاپ : چاپخانەو ئۆفسێتی شڤان) ناونیشانی : کەلار ، سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار بووە. هەر سێ ژمارەکەی بە دیزاینێکی زۆر ڕێك و پێك دەرچوەو بەرگی دەرەوەی ڕەنگاوڕەنگە ، بەڵام لاپەڕەکانی ناوەوەی ڕەش و سپیە، لە لاپەڕەی سەرەتایدا پێڕستی بابەتەکان نوسراوە لەگەڵ ستاف و ناونیشانی گۆڤار ، لە هەر لاپەڕەیەکی ناوەوەیدا ئاماژە بە ژمارەی لاپەڕەو ناوی گۆڤارو ژمارەو تەمەنی گۆڤار کراوە، بە بە پێی تەکنیکەکانی کاری ڕۆژنامەنوسی لە ئاستێکی دیزاینی تەواوو بێ کەموکورتی دایە. نوسینی بە الفوبێی کوردی و بە خەتێکی مام ناوەندو زۆر ڕون بابەتەکانی نوسراوەتەوە، بەزۆری بابەتەکانی باسی ناوی کەلارو ئیشوکارەکانی شارەوانی کەلار دەکات، لەگەڵ چەندین بابەتی ئەدەبی تر ، لۆگۆکەشی بە قەبارەیەکی گەورە لەسەرەوەی بەرگەی دەرەوەیشدا نوسراوە (کەلار) ، واتە بەناوی شاری کەلارەوە ناونراوە، بەرگی دەرەوەی هەمیشە وێنەی پرۆژەکانی شاری کەلارە ، واتە باسی ئاوەدانی و خزمەتگوزاریەکان دەکات، بەلام وێنەی قەلای دێرینی شێروانەو شێخ مەحمودی مەلیك و چەندین وێنەی کەلەپوری وێنەی بەرگی هەرسێ ژمارەکە پێك دەهێنن. سایزی گۆڤارەکە () وە ئەم گۆڤارە بە فەرمی و بە ژمارە (٤٩٥) مۆڵەتی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبووە.

گۆڤاری کەلار لە هەر سێ ژمارەکەیدا تەنها شەش بابەت لەسەر ئەنفال بلاوکراوەتەوە بەم شێوەیە ( هەڵبەستێکی سەباح عەلی جاف ، بەناوی "وەرزی ئەنفال" ، لە لاپەڕە (٢٨)ی ژمارە دوودا ، پێنج هەواڵ لە لاپەڕە ( ٤٢،٤٤،٤٥)ی ژمارە سێ دا بلاوکراوەتەوە، کە هەواڵەکان گوزارشت لە چالاکیەکانی تایبەت بە ساڵیادی ئەنفال و کۆمەڵکوژی دەکات.

ژمارە (١) ی لە کانونی یەکەمی ٢٠٠٣ بە (٤٠) لاپەڕەوە دەرچووە.

ژمارە (٢)ی لە ئازاری ٢٠٠٤ بە (٥٢) لاپەڕەوە دەرچووە.

ژمارە (٣)ی لە تەموزی ٢٠٠٤ بە (٥٢) لاپەڕەوە دەرچووە.

**د) گۆڤاری شێروانە :**

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتیەو سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار دەری ئەکات ، شەش ژمارەی لێ چاپکراوە، خاوەنی ئیمتیازی سەلام عەلی محمد ، سەرنوسەری : کاروان یاروەیس ، دەستەی نوسەرانی ( سالار محمود ، عەبدولا حسێن ، گولاڵە عەزیز ، جەمال ئەکبەر ، ئەرکان محمد)ە

ژمارە (١ ، ٢ ) مان بەردەست نەکەوت ، بەلام لە ژمارەکانی (٣ ، ٤ ، ٥ ، ٥) بەردەستە ، واتە دوو ژمارە پێنجی لێ دەرچووە، ئەم گۆڤارە لە ڕوی دیزاینەوە بەشێوەیەکی باش و بە دیزاینێکی هونەری کراوە ، بەلام لۆگۆ و ناونیشانی ( شێروانە) لە هەر ژمارەیەکیدا گۆڕانکای بەسەر هاتوە لە ڕووی ڕەنگ و لە ڕوی فۆنتەوە، دیسان

سایزەکانی ژمارەکان گۆڕانیان بەسەرا هاتوە ، کە تاا ژمارە (٤) بە سایزی (٢٠×٢٧) دەرچووەو ، ژمارەکانی تری بە سایزی (٢٠×٣٠) دەرچووە، ئەم گۆڤارە تەنها گرنگی ئەدا بە شاری کەلارو لە چوار چێوەی شاری کەلاردا دەردەچوو ، تەواوی بابەتەکانی یان زۆربەی زۆری گوزارشت لە ناوچەی گەرمیان و کەلار دەکات و ئەو بابەتانەش کە پەیوەندیان بە دەڤەری گەرمیانەوە هەیە. وێنەی بەرگی هەموو ژمارەکانی وێنەی ناوچەی گەرمیان و پرۆژەکانی شارەوانیە. گۆڤارەکە بە ڕێنوسی کوردی سۆرانی نوسراوەو لە لاپەڕەکانیشدا تەواوی ژانرەکانی کارو پیشەی ڕۆژنامەنوسی پێکهاتوەو لە هەر لاپەڕەیەکیدا لەسەرەوە ئاماژە بە جۆری بابەت و زانیاری کراوەو لە خوارەوەیش دا ناوی گۆڤارو ژمارەو ساڵی دەرچون ئاماژەی بۆ کراوە. ئەمە جگە لەوەی کە لە لاپەڕەی سەرەتادا پێڕست و ناوی بابەتەکانی گۆڤارەکە دەستنیشان کراوە و هەر جارەو لە چاپخانەیەك چاپکراوە . بۆ نمونە لە (٣)دا لە چاپخانەی چوارچرا چاپکراوە ، لە ژمارە (٤)دا لە چاپخانەی شڤان چاپکراوە ، لە ژمارە (٥)دا ناوی چاپخانە نیە.

لەو ژمارانەی کە بەردەستە ، تەنها لە ژمارە (٥)ی دا دۆسیەیەك لەسەر ئەنفال کراوەتەوەو چوار بابەت بڵاوکراوەتەوە ، لە ژمارە (٤)یش دا یەك بابەت و لە ژمارە (٥)ەکەی تردا یەك بابەت بڵاوکراوەتەوە ، جگە لەوە هیچ بابەتێکی ترم نەبینی گوزارشت لە ئەنفال بکات .

ژمارە ( ٣ ) لە خەزانی ٢٠٠٥ بە (٦٢) لاپەڕەوە دەرچووەو بڵاوکراوەتەوە

ژمارە ( ٤ ) لە شوباتی ٢٠٠٥ بە (٤٨) لاپەڕەوە دەرچووەو بڵاوکراوەتەوە

ژمارە (٥) لە حوزەیرانی ٢٠٠٥ بە (٥٢) لاپەڕەوە دەرچووە.

ژمارە ( ٥ ) لە ٢٠٠٦ بە ( ٦٣) لاپەڕە دەرچووە

## تــەوەری ســێیەم : نەخشـــە پێویســـتەکان و لیســـت و داتـــا ئـــەدەبی و ڕۆژنامەنوسیەکان لە گۆڤارەکانی گەرمیان دا:

### ٤-٣-١: لیستی ئەو بابەتانەی کە تایبەت بە ئەنفال و جینۆساید نوسراون

ا) لیستی بابەتەکانی تایبەت بە کۆمەڵکوژی

| ١ | گۆڤاری ئەنفال | | | |
|---|---|---|---|---|
| ناونیشانی بابەت | ناوی نووسەر | ج. بابەت | لا | ژ |
| سەروتار | سەرنووسەر | سەروتار | ٣ — ٥ | ١ |
| کوردە ئەنفالکراوەکانمان دەوێتەوە | ستران عەبدوڵا | وتار | ٦ — ٩ | ١ |
| بەرەو تێگەیشتن و بەربەرەکانێ کردنی ئەنفال | ئەمیر حەسەن پوور | لێکۆڵینەوە | ١٠ — ٢٠ | ١ |
| ئەنفال و ئایدۆلۆجییەتی بەعس | مەلا بەختیار | لێکۆڵینەوە | ٢١ — ٢٨ | ١ |
| برۆسەی سڕینەوە | لەتیف فاتیح فەرەج | لێکۆڵینەوە | ٢٩ — ٤٢ | ١ |
| عێراق لە پێشێلکردنی بنەما ئیمپریتیڤییەکانی … | د. مارف عومەر گوڵ | لێکۆڵینەوە | ٤٣ — ٥٦ | ١ |
| شەهادەی دکتۆر کرستن م.گۆستین | و. کەمال حەسەن محەمەد | وەرگێران | ٥٧ — ٦٧ | ١ |
| بیرەوەرییەکانم لە ئەنفالی دوو | عەلاو نوری | بیرەوەری | ٦٨ — ١٠٥ | ١ |
| چەند پەرەیەك لە ڕۆژژمێری ئەنفال | محەمەد شاکەلی | بیرەوەری | ١٠٦ — ١١٣ | ١ |
| دواساتەکانی مەرگی پشیلەیەك | برایم محێدین | بیرەوەری | ١١٤ — ١١٦ | ١ |
| چاوپێکەوتنی تەیموور | کەنعان مەکیە | و/ چاوپێکەوتن | ١١٧ — ١٣١ | ١ |
| ئەوانەی لە سەفەری مەرگ گەڕانەوە | عارف قوربانی | چاوپێکەوتن | ١٣٣ — ١٤٠ | ١ |
| ئەنفال لە دیدی هونەرمەندانی شێوەکارەوە | | تابلۆ—وێنە | ١٤١ — ١٤٤ | ١ |

| ٢ | گۆڤاری ئەنفال | | | |
|---|---|---|---|---|
| ناونیشانی بابەت | ناوی نووسەر | ج. بابەت | لا | ژ |
| سەروتار | سەرنووسەر | سەروتار | ٢ — ٣ | ٢ |
| تاوانی ئەنفال و پاشماوەی ئەنفال | ئەیاد کەمال | وتار | ٤ — ٨ | ٢ |
| ئەنفال تاوانێکە نابێ لەبیر بکرێت | حەسەن جاف | وتار | ٩ — ١٠ | ٢ |
| ئەنفال وشەیەکی ئاسان بەکارهاتوو یان کەرەستەیەکی | کارا فاتیح | وتار | ١١ — ٢٤ | ٢ |
| ئەنفال و گرفتە دەرونییەکانی ژنان | ئەڵوەن عەبدولغەفور | لێکۆڵینەوە | ٢٥ — ٢٧ | ٢ |
| ئەوانەی لەسەفەری مەرگ گەڕانەوە | عارف قوربانی | دیدار | ٢٨ — ٣٦ | ٢ |
| زامی بەسۆی گوندی علیانی تازە لە کارەساتی ئەنفالدا | ساڵەح هەلاج | بیرەوەری | ٣٧ — ٣٩ | ٢ |
| زانای ئەتۆمی عێراق حسێن شەهرستانی | و. هێمن مەجید | وتارو دیدار | ٤٠ — ٤٤ | ٢ |
| ڕەشەبای مەرگ | و. محەمەد نوری تۆفیق | دیکۆمێنت | ٤٥ — ٥٠ | ٢ |
| فایلی پاکتاوکردنی رەگەزی قەزای مەخمورو دەشتی .. | محەمەد سەعید سۆفی | لێکۆڵینەوەو دیکۆمێنت | ٥١ — ٦٩ | ٢ |
| ئەنفال… پرۆسەی بەشتومەککردنی مرۆڤی کورد | ئەبوبەکر عەلی | لێکۆلینەوە | ٧٠ — ٨٧ | ٢ |
| پێکی تورەیی | لەتیف فاتیح فەرەج | دیکۆمێنت | ٨٨ — ٩٣ | ٢ |
| ڕێکەوتننامەی قەدەغەکردنی تاوانی لەناوبردنی بەکۆمەڵ | و. دلاوەر عوسمان | دیکۆمێنت | ٩٤ — ٩٦ | ٢ |

| ٤ | گۆڤاری ئەنفال | | | |
|---|---|---|---|---|
| ناونیشانی بابەت | ناوی نووسەر | ج. بابەت | لا | ژ |
| دوای (٣٥) ساڵ ئازارو ئەشکەنجە ... | سەرنووسەر | سەروتار | ١٦٥ | ٤ |
| ئەنفال لە بەعسدا | هۆشیار عەبدولعەزیز | لێکۆلینەوە | ١٦٧ | ٤ |
| خوێندنەوەیەك بۆ حزبی بەعس و ... | تەها سلێمان | لێکۆڵینەوە | ١٨٠ | ٤ |
| ئارەزووی بەعسیزم و فەرامۆشکردنی قوربانی | نیهاد جامی | لێکۆلینەوە | ١٩١ | ٤ |
| ئەنفال لە ڕوانگەی ئیسلامەوە | و/ عەلی بەندی | لێکۆڵینەوە | ٢١٩ | ٤ |
| نهێنی چیرۆکێکی تری هەڵەبجە | عەبدوڵا کەریم مەحمود | چاوپێکەوتن | ٢٣٢ | ٤ |
| پاکتاوکردنی دامەزراوەکانی تری دەولەت | ڤینۆس فایەق | وتارو وەرگێڕان | ٢٤٨ | ٤ |
| دیدارێك لەگەڵ مەلا بەختیار | ئەنفال | چاوپێکەوتن | ٢٥٢ | ٤ |
| بەڵگەنامەیەکی سەردەمی ئەنفال | بەکر شوانی | دۆکۆمێنت | ٢٥٦ | ٤ |
| سەفەری مەرگ | مەجید سالەح | چاوپێکەوتن | ٢٦٦ | ٤ |
| سەفەری نوگرەسەلمان | یەحیا بەرزنجی | بیرەوەری | ٢٧٣ | ٤ |
| عەلی کیمیازی لە سێ بەڵگەنامەدا | م. سالەح | دۆکۆمێنت | ٢٨١ | ٤ |
| ئاخۆ ئیسماعیل چۆن لە ئەنفال ڕزگاری بوو | ئەنفال | چاوپێکەوتن | ٢٨٩ | ٤ |
| بەرگی یەکەمی ڕەشەبای ژەهر و ئەنفال | لەتیف فاتیح | کتێب | ٢٩٣ | ٤ |

| ٣ | گۆڤاری ئەنفال | | | |
|---|---|---|---|---|
| ناونیشانی بابەت | ناوی نووسەر | ج. بابەت | لا | ژ |
| ژمارەیەکی ترو یەك دووقسە | ئەنفال | سەروتار | ٢ | ٣ |
| کاردانەوەی پەلاماری ئەنفال لەسەر ژنان | تەها سلێمان | لێکۆلینەوە | ٣– ١٨ | ٣ |
| جەنگی سارد و هەڵەی کورد.. ئەنفال و قەرەبوبوونەوە | مەلا بەختیار | وتار | ١٩ – ٢٨ | ٣ |
| هەڕەشەی ئەنفال | لەتیف فاتیح فەرەج | لێکۆلینەوە | ٢٩ – ٣٥ | ٣ |
| ناحییەی کاندیاوە، چۆن سەرەتا بەشێکی لێکرایە(القدس) | مەحمود سەعید سۆفی | لێکۆڵینەوە | ٣٦– ٥٢ | ٣ |
| ئەنفال.. بەرجەستەبوونێکە لەسەروو هزری گشتگیری و | جەبار قادر | وەرگێڕان | ٥٣– ٦١ | ٣ |
| فرەڕەگەزی لە شاری کەرکوك و مافی مرۆڤ | د.منذر فزل | وەرگێڕان | ٦٢– ٧١ | ٣ |
| قوربانییەکانی مین و مافەکانی مرۆڤ | د.احمد الموسوی | وەرگێڕان | ٧٢– ٧٨ | ٣ |
| خۆزگە نانێکم بخواردایە.. عەسر وەبانی ڕێی نەکردایە | ئەڵوەن عەبولغەفور | پەخشان و دیدا | ٧٩– ٨٧ | ٣ |
| دیوی ناوەوەی ئەنفال بە زمانی ئەنفال دیدەکانەوە | عارف قوربانی | چاوپێکەوتن | ٨٨ – ١١٤ | ٣ |
| ئەنفال پەڵەیەکی ڕەشی شەرمەزارییە بە نێوچاوانی دوژم | جەمال ئەکبەر | ڕێپۆرتاژ | ١١٥ – ١٢٠ | ٣ |
| دیدارێك لەگەڵ دکتۆر جەبار قادر | مەجید سالەح | چاوپێکەوتن | ١٢١ – ١٢٦ | ٣ |
| چۆن بە دل و بە گیان لەسەر ئەنفال قسە بکەین | ئەنفال | چاوپێکەوتن | ١٢٧– ١٣٧ | ٣ |
| خوێندنەوەیەك بۆ | محەمەد کوردۆ | | ١٣٨– ١٣٩ | ٣ |

| ٥ | گۆڤاری ئەنفال | | | |
|---|---|---|---|---|
| ناونیشانی بابەت | ناوی نووسەر | ج. بابەت | لا | ژ |
| ووتەی ژمارە | سەرنووسەر | سەروتار | ٢٠٨ | ٥ |
| کارەساتی ئەنفال کاریگەریە دەرونیەکانی | مهاباد قەرەداغی | لێکۆڵینەوە | ٢٠٩ | ٥ |
| ئەنفال دەرهاویشتەی رەگەزپەرستی | د. جەبار قادر | لێکۆڵینەوە | ٢٤١ | ٥ |
| حکومەتە دیکتاتۆرەکان و هەڵسوکەوتی | روئیا تەلوعی | وتار | ٢٥٨ | ٥ |
| جاش وەك بەشێك لە مێژوی کورد | لەتیف فاتیح | وتار | ٢٦٥ | ٥ |
| دەشتی کۆیەو حیکایەتەکانی ئەنفال | سیروان محمد | رێپۆرتاژ | ٢٧١ | ٥ |
| تاوانەکانی کۆری بەکۆمەڵ | مەجید ساڵەح | وەرگێران | ٢٨٦ | ٥ |
| بێسەرو شێنەکان پانۆراما | عەبدولا کەریم | دیکۆمێنت | ٢٩٢ | ٥ |
| بنەماڵەیەکی تری ئەنفالکراو | عەبدوالخالید سابیر | دیدار | ٣١٨ | ٥ |
| پرسی ئەنفال لە بازنەی گوتاری | سالار مەحمود | وتار | ٣٢٤ | ٥ |
| پەیمان نامەی قەدەغەو سزاکانی | کارزان محمد | وتار | ٣٢٨ | ٥ |
| هەڵەبجە گەورەترین کارەساتی سەدە | ئەنفال | وەرگێران | ٣٣٢ | ٥ |
| لیستی مافە بنەرەتیەکانی گەلی عێاق | مونزل الفەزڵ | واتارووەرگێران | ٣٣٤ | ٥ |

| هەشتاوهەشت ژمارە ١+٢ / ناونیشانی بابەت | ناوی نووسەر | ج. بابەت | لا | ژ |
|---|---|---|---|---|
| هەشتاو هەشت.. زەمەنی پراکتیزە کردنی جینۆساید | فازڵ فایەق | وتار | ٨٧ – ٩٤ | ١ |
| زەمینە یاساییەکانی دادگاییکردنی ئەنجامدەرانی تاوانی ئەنفال | چێنەر عەلی | وتار | ٩٥ – ٩٧ | ١ |
| زەنگێکی خەتەر لە بارەی ئەنفالەوە | فەرهاد حاتەم، حسێن | وتار | ٩٧ – ٩٨ | ١ |
| نازەنین وا لە عەرعەرە | سەلام مستەفا | پەخشان | ١٣٥–١٣٧ | ١ |
| مەرگی گەڵاکان یان فرمێسکەکانی تەیمور | رزگار حاجی حەمید | هەلبەست | ١٨١ – ١٨٤ | ١ |
| رسکانی بوون لە پەیکەرە ئێسکەکاندا | ساڵەح هەلاج | هەلبەست | ١٨٥ – ١٨٨ | ١ |
| نامەیەکی بەپەلە | شازین هێرشت | بیرەوەری | ٢١٤ – ٢٢٢ | ١ |
| ئەنفال لە رۆمانی کوردیدا | سەرمەد محمد رەشید | لێکۆڵینەوە | ٥ – ١٩ | ٢ |
| سەدام، ژیاننامە و کەسایەتیی | هاوکار کەریم سەعید | لێکۆڵینەوە | ٢٠ – ٦٠ | ٢ |
| ئەنفال، رەنگدانەوەی لە شیعری کوردیدا | دڵسۆز محەمەد رەشید | لێکۆڵینەوە | ٦١ – ٨٠ | ٢ |
| شیعری بەرگریی کوردی لە هەشتاکاندا | دیمەن عەلی سەعید | لێکۆڵینەوە | ٩٥ – ١١٠ | ٢ |
| ئەنفال لە مەیتخانەکانی هەستەوە بۆ ... | سەعدی ئەحمەد حسێن | وتار | ١١١ – ١٢٦ | ٢ |
| کارتی کورد لە دادگایی کردنی جەلاددا | سالار مەحمود | وتار | ١٢٧ – ١٣٢ | ٢ |
| بەعس و ئەنفال لە خەیاڵەوە بۆ جێبەجێکردن | لەتیف فاتیح فەرەج | وتار | ١٣٣ – ١٤٠ | ٢ |
| هەڵبجە،شانۆی کارەسات | مەحمود کەریم ئەحمەد | وتار | ١٤١ – ١٤٣ | ٢ |
| چارەنوسی ئەوانەی کە لە ئەنفال گەڕانەوە | تەلار نادر | وتار | ١٤٤ – ١٤٥ | ٢ |
| دەریاچەکانی دۆزەخ ئەگەر رێی لێ نەگیرایە | و: محمد نوری توفیق | وتار | ١٤٦ – ١٥٠ | ٢ |
| بیستویەك پرسیار لەبارەی هۆڵۆکۆست | و. پێشەوا عەبدولخالق | وتار | ١٦٧ – ١٧١ | ٢ |
| مێردمنداڵانی ئەنفال و سەرنجێك | بورهان ئیبراهیم رزگاری | ئامار | ١٩٧ – ٢٠٣ | ٢ |
| بۆنی ژێر پێی سوڵتان | تەها سلێمان | هەلبەست | ١٦٦–١٧٤ | ١ |
| بەهرۆز قەشقە ... سێ رۆژ بەرلە شەهیدبوونی | سەلام عەلی | دیدار | ٢٠٥–٢١٣ | ١ |
| کورد لەسەردەمی تەنیایدا | ئا : شازین هێرش | بەڵگەنامەیی | ٢٠١٤–٢٢٢ | ١ |
| نەوشیروان مستەفا : ئێمە لەبەرامبەرد چەکی کیمیاویدا.. | ئا: سەلام عەلی | دیدار | ٢٢٧–٢٣٣ | ٢ |
| بوردومانی چەکی کیمیاوی | شازین هێرش | بیروەری | ٢٣٤–٢٤٩ | ٢ |
| ژەهری سالیۆم و تراژیدیای مەرگەموش | ئا: عەبدولا کەریم محمود | دیدار | ٢٥٠–٢٦٣ | ٢ |
| خوێندنەوە بۆ پێنج کتێب | – | – | ٢٦٤–٢٨٧ | ٢ |

| هەشتاوهەشت ، ژمارە ٥+٦ | ناونیشانی بابەت | ناوی نووسەر | ج. بابەت | لا | ژ |
|---|---|---|---|---|---|
| چیمان بۆ ئەنفال کردوە | | سەلام کەریم | وتار | ١٥٣–١٥٧ | ٥–٦ |
| ئەنفال بالآترین قۆناغی لەناوبردنە | | محمود کەریم ئەحمەد | وتار | ١٥٨–١٦١ | ٥–٦ |
| ئەنفالی یەك ، دەسپێکی ڕاگەیاندنی حەلآلکردنی سەروماڵی کورد | | سالارمحمود | وتار | ١٩١–١٩٣ | ٥–٦ |
| ئەنفال یەك | | عارف قوربانی | وتار | ١٩٤–١٩٦ | ٥–٦ |
| ئەنفالی نۆ .. کێ دەیکات | | مەجید ساڵەح | وتار | ١٩٧–١٩٩ | ٥–٦ |
| وێنەکان سزایان لێ دەچۆڕێ | | هۆشیار عەبدوالعزیز | وتار | ٢٠٠–٢٠٧ | ٥–٦ |
| ژن لە تەنوری مەرگی ئەنفالدا | | سوعاد حاتەم | ڕێپۆرتاژ | ٣٢٠–٣٢٣ | ٥–٦ |
| هەموو تراژیدیاکانی ئەنفالم بە چاوی خۆم بینی … | | عەبدوڵلآ کەریم محمود | دیدار | ٣٢٤–٣٣٢ | ٥–٦ |
| ئەبوفەلاح | | سەلام عەلی | دیدار | ٣٣٣–٣٤٢ | ٥–٦ |
| ساتەکانی مەرگ و ژیان | | شازین هێرش | بیرەوەری | ٣٤٣–٣٩٩ | ٥–٦ |
| ئەنفال | | سەرکەوت حەمە شەریف | لیکۆڵینەوە | ٥–٢١ | ٥–٦ |
| هەڵەبجەو چرکەساتی کیمیاباران | | شەیدا محمد ئەمین | لێکۆڵینەوە | ٢٢–٣٨ | ٥–٦ |
| کوردو ئەنفال | | ڕێژین جەزا | لێکۆڵینەوە | ٣٩–٤٩ | ٥–٦ |
| کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە | | چنور فایەق تۆفیق | لێکۆڵینەوە | ٥٠–٦٦ | ٥–٦ |
| کورتە مێژویەکی هەڵەبجە | | مونیرە عەلی رەحیم | لێکۆڵینەوە | ٦٧–٨١ | ٥–٦ |
| خوێندنەوەیەك بۆ مێژوی هەڵەبجە | | هۆشمەند عەتا مەحمود | لێکۆڵینەوە | ٨٢–١٠٩ | ٥–٦ |
| تاوانەکان بەعس ڕسوا ئەکەن | | ڕزگار عەبدوالکریم محمد | لێکۆڵینەوە | ١١٠–١٥٢ | ٥–٦ |
| ڕەشەبای مەرگ و ئەنفال | | عەبدولآ کەریم محمود | لێکۆڵینەوە | ١٦٢–١٩٠ | ٥–٦ |
| دوبزو تێڕوانینی بەعس بۆی | | محمد ئەحمەد رەسوڵ | لێکۆڵینەوە | ٢٧٢–٢٨٨ | ٥–٦ |
| هەمیشە دلڕەق و بێدەنگین | | نەجات نوری | خوێندنەوە | ٤٠٠–٤٠٧ | ٥–٦ |

| هەشتاوهەشت ، ژمارە ٧+٨ | ناونیشانی بابەت | ناوی نووسەر | ج. بابەت | لا | ژ |
|---|---|---|---|---|---|
| لە پەڕاوێزی یادەوەری تاوانی ئەنفالدا | | تەها سلێمان | وتار | ٥–١٨ | ٧–٨ |
| گەرمیان و ئەنفال ، دوانەی کارەسات | | عەدالەت عەبدوڵلآ | وتار | ١٩–٢٣ | ٧–٨ |
| چی بکەین بۆ مۆنۆمێنتی ئەنفال | | عارف قوربانی | وتار | ٢٤–٢٧ | ٧–٨ |
| نزار خەزرەجی کەی ڕوبەڕوی دادگای ئەنفال و… | | سەنگەر عەبدولآ | وتار | ٢٨–٣٢ | ٧–٨ |
| لە ئەنفالدا سیخوریکردن لەوکاتەی نیشتمان بووە وێرانستان | | ئەکرەم محمد ئەمین | وتار | ٣٣–٣٩ | ٧–٨ |
| ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە ، سێیەمین تاوانی جینۆسایدە | | عەبدوڵلآ کەریم محمود | وتار | ٤٠–٤٨ | ٧–٨ |
| کچە ئەنفالکراوەکانمان لەمیسرن ناتوانن ببنە سەماکار | | عومەر محمد | وتار | ٤٩–٦٤ | ٧–٨ |
| لە ئەنفالی ئیسلامەوە بۆ ئەنفالی کورد | | وەهاب شا محمد | وتار | ٦٥–٧٠ | ٧–٨ |
| ئەنفال قڕکردن جینۆساید | | هێمن مەولود | وتار | ٧١–٧٤ | ٧–٨ |
| بەرپرسیارێتی قانونی لە تاوانەکانی ئەنفالدا | | و: ئیسماعیل نەجمەدین | وەرگێڕان | ٧٥–٨٤ | ٧–٨ |
| دادگاییەکانی ئەنفال لە ڕوانگەی هیومان رایتس ووتشەوە | | و:سامان شوکر | وەرگێران | ٨٥–٩٠ | ٧–٨ |
| ئافرەت لە ولآتی گۆڕە بەکۆمەڵەکان دا | | و: سەباح ، ا | وەرگێڕان | ٩١–٩٥ | ٧–٨ |
| فرانس ڤان ئەنرات بازرگانی مەرگ | | و: کامەران ئەحمەد | وەرگێڕان | ٩٦–١٠٥ | ٧–٨ |
| نازم کەرکوکی پارتیزان و پێشمەرگەی ناو ڕوداوەکانی ئەنفال | | سەلام عەلی | دیدار | ١٠٦–١٣٦ | ٧–٨ |
| پرۆفیسۆر گیرهارد ، پزیشکی بریندارانی چەکی کیمیاوی | | کەیوان هەڵەبجەی | دیدار | ١٣٧–١٤٩ | ٧–٨ |
| پورە زینئەت لە ناحیەی خان رۆستەم ئاغا | | لەتیف فاتیح فەرەج | دیدار | ١٥٠–١٥٧ | ٧–٨ |
| بارانی مەرگێگ لەخەون دەچوو | | عەبدولآ کەریم | بیرەوەری | ١٥٨–١٦٥ | ٧–٨ |

| هەشتاوهەشت، ژمارە ٩+١٠ ناونیشانی بابەت | ناوی نووسەر | ج. بابەت | لا | ژ |
|---|---|---|---|---|
| ئەنفال جینۆساید کردنی نەتەوەیەك لە بیدەنگیدا | هەڤاڵ ئەبوبکر | لێکۆڵینەوە | ٢٤–٥ | ١٠–٩ |
| بێهەڵوێستی دنیا لەبەرامبەر ئەنفال و هەڵەبجەدا | عەبدوڵا کەریم محمود | لێکۆڵینەوە | ٣٦–٢٥ | ١٠–٩ |
| ئەنفال و یادەوەری | د.بەختیار جەبار شاوەیس | وتار | ٦٦–٦٣ | ١٠–٩ |
| ئەنفال و ئینسان و هەوڵۆیست | یاسین لەتیف | وتار | ٧٦–٦٧ | ١٠–٩ |
| تراژیدیاکانی نەتەوە لەبیر ناکرێن | ئاریان کامیل | وتار | ٧٧–٧٤ | ١٠–٩ |
| پەیوەندی نێوان ئاین و ئەخلاق | دلاوەر عەبدوڵا | وتار | ٧٨–٧٧ | ١٠–٩ |
| سەدام و سیناریۆی دادگایکردنی | مەلا تەحسین گەرمیانی | وتار | ٩٧–٩٤ | ١٠–٩ |
| زامێکی لەژان نەبراوەی میلەتێك | هێمن مەحمود | وتار | ١٠٠–٩٨ | ١٠–٩ |
| کەی نزار خەزرەجی روبەروی دادگا دەکرێتەوە | سەنگەر عەبدوڵا | وتار | ١١٢–١٠٨ | ١٠–٩ |
| تەرمی شارێك... | عەبدوڵا کەریم محمود | وتار | ١٣٣–١١٣ | ١٠–٩ |
| خاتمە الانفال، لە دوتوێ چەند بەڵگەنامەیەك | عەدالەت عومەر | وتارو دیکۆمێنت | ١٤٦–١٣٤ | ١٠–٩ |
| گریگۆری سانت، ئەمریکا لەو ولاتانەبوو کە ئەنفال کرا | کاروان یاروەیس | دیدار | ٢١٢–٢٠٨ | ١٠–٩ |
| کوردۆ قاسم ، هاورێی ئەشکەوت و تەنیای گەرمیان | سەلام عەلی | دیدار | ٢٣٢–٢١٣ | ١٠–٩ |
| گەڕان بەدوای بەڵگەنامەکاندا | سەلام عەلی | دیدار | ٢٤٢–٢٣٣ | ١٠–٩ |
| خوێندنەوە بۆ چوار کتێب | – | خوێندنەوە | ٢٧٨–٢٤٣ | ١٠–٩ |
| ساتەکانی مەرگ و ژیان | شازین هێرش | بیرەوەری | ٣٠١–٢٧٩ | ١٠–٩ |
| سیمینارێك بۆپارت و ریکخراوەکان | – | هەواڵ | ٣٠٧ | ١٠–٩ |
| کۆبونەوە لەگل بنکەی زانیاری | – | هەواڵ | ٣٠٨ | ١٠–٩ |
| سەردانی بارەگای دژ بە ڕەگەز پەرەستی | – | هەواڵ | ٣١١ | ١٠–٩ |
| کۆبونەوە لەگەڵ هەڵسورێنەری کاروباری باڵوێزانەی ئێراق | – | هەواڵ | ٣١٤ | ١٠–٩ |
| کۆبونەوە لەگەڵ هەڵسورێنەری کاروباری باڵوێزانەی ئێراق | – | هەواڵ | ٣١٤ | ١٠–٩ |
| کۆبونەوە لەگەڵ ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی | – | هەواڵ | ٣٠٩ | ١٠–٩ |
| نەرویج لە بیست ساڵەی ئەنفال دا | – | راپۆرتاژ | ٣١٦–٣٠٢ | ١٠–٩ |

| هەشتاوهەشت ، ژمارە ١١ ناونیشانی بابەت | ناوی نووسەر | ج. بابەت | لا | ژ |
|---|---|---|---|---|
| ئەنفال وەك تاوانێکی نێو دەوڵەتی | عومەر محمد | لێکۆڵینەوە | ١ | ١١ |
| ئەنفال لە کوردستانی عێراق و ... | و: کارزان محمد | لێکۆڵینەوە | ١٦ | ١١ |
| ئەنفالی چوارو کاریگەری لەسەر گەنجی کەسوکاری ئەنفال | هێمن کامیل | لێکۆڵینەوە | ٣٥ | ١١ |
| دەستی کورد لە تاوانی ئەنفال دا | م، عەلی عەبدوڵا | وتار | ١٥٦ | ١١ |
| کارەسات لە کوێی پرۆژە سیاسی و فکری و ئاوەدانیەکاندان | سالار مەحمود | وتار | ١٦٠ | ١١ |
| پرۆسەی ئەنفالکردنی کورد | لەتیف فاتیح فەرەج | وتار | ١٦٥ | ١١ |
| پرۆژی کورد قرانیٚ دئایدۆلۆژیا ژبەعس دا | عەلی بەندی | وتار | ١٧١ | ١١ |
| رەمەزان ئۆزتورك: مەبەستم بوو بە وێنەی عومەری خاوەر | ئیبراهیم هەورامانی | دیدار | ٢١٣ | ١١ |
| مەرگەساتی هەڵەبجەیەکان بگەیەننە دنیا | ئیبراهیم هەورامانی | دیدار | ٢٢٠ | ١١ |
| مەلا بەهادین ، غەریب هەڵەدنی مامۆستام بوو | سەلام عەلی | دیدار | ٢٢٥ | ١١ |
| دادوەر فەرهاد حاتەم: لەبارەی کارەکەیەوە... | کاروان یاروەیس | دیدار | ٢٣٩ | ١١ |
| لە گەشتێکی مەیدانی گەرمیاندا | عەبدوڵا کەریم مەحمود | ڕێپۆرتاژ | ٢٤٧ | ١١ |
| گەرمیان بەرەو چواردەی چوار | لاوان ئەحمەد | ڕێپۆرتاژ | ٢٥٣ | ١١ |
| قەسیدەی لێکترازان | ساڵە هەلاج | هەڵبەست | ٢٥٨ | ١١ |
| کتێبی ئەمریکاو ئەنفال | دلشاد عەبدوڵا | خوێندنەوە | ٢٦٤ | ١١ |
| کورامانێك لەسەر ئەنفال | سەیوان عومەر | خوێندنەوە | ٢٦٧ | ١١ |

| گۆڤاری ناسنامە | | | | |
|---|---|---|---|---|
| **ناونیشانی بابەت** | **ناوی نووسەر** | **ج. بابەت** | **لا** | **ژ** |
| ناسنامەبۆ؟ | سەرنووسەر | سەروتار | ١ | ١ |
| ناخوازی کەوا حکومەتێك وەکو خێرخواز خێر بەتوێژێك .. | فەتاح تەنیا | وتار | ٣ | ١ |
| پێویستەحکومەتی هەرێمی کوردستان پەیکەری ئەنفال.. | سیروان سلێمان | وتار | ٦ | ١ |
| کەسوکاری ئەنفالکراوەکان فەرامۆشکراون لەرووی ... | ئاکۆ ئەحمەد | ڕێپۆرتاژ | ٨ | ١ |
| گەرمیانەکەم | فەتاح تەنیا | هەڵبەست | ١٠ | ١ |
| مەرگەساتی ئەنفالەکەم | محەمەد خورشید | هەڵبەست | ١٠ | ١ |
| ئەنفال | حسێن سەیدخەلیلی | هەڵبەست | ١١ | ١ |
| خەمەکانی ئەنفال | عوسمان کوڵەجۆیی | هەڵبەست | ١١ | ١ |
| ئەوەبیست ساڵەئێمەدەخەڵەتێنن واتان بۆ دەکەین و .. | بابەتێکی بێ ناو | ڕێپۆرتاژ | ١٢ | ١ |
| ئەوان هاتن | ئاکۆ ئەسکەندەر | هەڵبەست | ١٤ | ١ |
| بۆ ئەوەی بزانین ئەنفال چۆن کرا بەرامبەر بە نەتەوەکە | – | وتار | ١٦ | ١ |

| گۆڤاری ناسنامە | | | | |
|---|---|---|---|---|
| **ناونیشانی بابەت** | **ناوی نووسەر** | **ج. بابەت** | **لا** | **ژ** |
| ناسنامەو ناساندن | سەرنووسەر | سەروتار ستون | ١ | ٢ |
| بۆ ناسینی ئەنفال دوای ٢٢ ساڵ لەکوێوەدەست پێبکەن | فەتاح تەنیا | وتار | ٢ | ٢ |
| لەبیرەوەری بیستودووەمین ساڵیادی تاوانی ئەنفالا چۆن .. | تەها سلێمان | وتار | ٦ | ٢ |
| لەئەنفالەوەبۆ ئەنفال | شادییە | وتار | ٨ | ٢ |
| پێویستەحکومەت هەموو چوردەی چوارێك بکاتەپشوو.. | محەمەد عەشقی | وتار | ٩ | ٢ |
| تاوانی جینۆسایدکردنی کورد لەناوڕاستی هەشتاکاندا | پشکۆ محەمەد ڕۆستەم | وتار | ١٠ | ٢ |
| هێرشی ئەنفالی چوار | ناسنامە | وتار | ١٣ | ٢ |
| ئەنفال بۆ؟ | هەرێم مەحمود | وتار | ١٤ | ٢ |
| قەرەبوی ئەنفال و حکومەتی داهاتوی عێراق | شێرزاد داودی | وتار | ١٥ | ٢ |
| ئاهێك لەگەرمیانەوەبۆ ئەنفال | خالد ئەسکەندەر | پەخشان | ١٦ | ٢ |
| دەمەو ئێوارانێکی کۆتایی بەهار بوو | م.ئاکۆ | پەخشان | ١٦ | ٢ |
| هێرشەکانی بەناو ئەنفال بۆ سەر ناوچەکانی داودەو ... | مەلا هاوار | وتار | ١٧ | ٢ |
| یەکەم شەهیدی بەرگری لەکارەساتی ئەنفال | سیروان سلێمان | پەخشان | ٢٠ | ٢ |
| دەبێت کارێکی وابکرێت لە هەرچی قوتابخانەیە | – | وتار | ٢ | ٢ |

| گۆڤاری ناسنامه | | | | |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ناونیشانی بابەت | ناوی نووسەر | ج. بابەت | لا | ژ |
| دوای دروستبوونی حکومەتی هەرێم پێویستبوو چی بکرێت | فەتاح تەنیا | وتار | ٣ | ٣ |
| جینۆسایدی گەلی کوردستان لەتەرازووی دادگای ناوخۆیی | سالار مەحمود | وتار | ٤ | ٣ |
| ئەنفال ناسنامەی ئێمەیە | ئاکۆ ئەحمەد | وتار | ٦ | ٣ |
| ئەمجارەعەرعەر دەهێنینەوەبۆ کوردستان، مۆنۆمێنت .. | کازم جەباری | وتار | ٨ | ٣ |
| کوردستان و شالاوەکانی ئەنفال و قۆناغەکانی.. | داود محەمەد حسێن | لێکۆڵینەوە | ٩ | ٣ |
| ئەمجارەیان لەدۆزەخی نوگرەسەلمانەوە.... | ڕەحمان گەرمیانی | وتار | ١٢ | ٣ |
| برینی ئەنفالەکەم سارێژنابن | ڕەحمان گەرمیانی | هەڵبەست | ١٤ | ٣ |
| نوێنەری هەموو کەسوکاری ئەنفالەکان بن | دلێر عومەر | وتار | ١٥ | ٣ |
| با لەچوارەی چوار خوێن نەڕێژین | ناسنامە | | ١٦ | ٣ |
| لەساڵیادی کارەساتی ئەنفالدا، سەرەقەڵەمێك باسکردن | شەیما جەمال | وتار | ١٧ | ٣ |
| ئەنفال ، وشەیەك شکنابەم قەرەبووی زیانی مادی و .. | سیروان سلێمان | وتار | ١٨ | ٣ |
| تراژیدیای ئەنفال | محەمەد عەشقی | وتار | ٢١ | ٣ |
| نامەیەك لەعەرعەرەوەبۆ هەڵەبجە | ئاکۆ سەکەندەر | هەڵبەست | ٢٢ | ٣ |
| شورای گۆڕەکان | هیدایەت محەمەد ئەمین | چیرۆك | ٢٣ | ٣ |
| پاشماوەکانی ئەنفال دوای ... | شەیما جەمال | وتار | ٢٦ | ٣ |
| ئەنفال | کارزان عەلی لاوە | هەڵبەست | ٢٩ | ٣ |

| گۆڤاری داستان | | | | |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ناوی بابەت | نووسەر یان ئامادەکار | جۆری بابەت | ژ | لا |
| لە یادی ئەنفالدا گەرمیان دەوێ | باشور | وتار | ٢ | ١ |
| بەسەرهاتێك | فوئاد عدنان مجید | پەخشان | ٢ | ٢ |
| ئەنفال و داستان | سکالا | هەڵبەست | ٢ | ٧ |
| وتەی خوێناوی | سامان هیدایەت | هەڵبەست | ٢ | ١٢ |
| دەنگی من | ئەیاد-کفری | هەڵبەست | ٩ | ٣٢ |
| سۆراغ | حەسەن بارم | پەخشان | ٧ | ٢٧ |

| گۆڤاری گیرفان | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ناوی بابەت | ناوی نوسەر | جۆری بابەت | لا | ژ |
| ڕامانێك لەمەڕ كاریگەرییەكانی ئەنفال لە .. | ئارام سدیق | وتار | ٦٦ | سفر |
| پەیڤی گۆڤار | سەرنووسەر | وتار | ٥ | ٣ |
| رسواترین ئاڵای بەعسی ئەنفالچی و جینۆساید | مەلا تەحسین گەرمیانی | وتار | ١٣ | ٣ |
| پەیڤی گۆڤار | سەرنووسەر | وتار | ٥ | ٥ |
| قەتڵ و عامەكەی ئەرمەن، ئەو ڕەشەكوژییەی كە .. | فاتیح سەلام | وەرگێڕان | ٢٦ | ٩ |
| هەڵوێستەكانی ناو ئەنفال | عارف قوربانی | گێڕانەوەیە | ٢٨ | ١٢ |
| دوای بیست و یەك ساڵ.. كۆتایی قۆتاغی لاواندنەوە | جێگری سەرنووسەر | وتار | ٥ | ١٣ |
| مەملەكەتی وەكاشە لە كۆمەڵە شیعری سوتانی تەها سلێمان دا | ساڵح هەلاج | شیكردنەوەی هەڵبەست | | ١٩ |

| گۆڤاری شێروانە | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ناوی بابەت | ناوی نووسەر یان ئامادەكار | جۆری بابەت | ژمارە | لاپەڕە |
| لەناو ماندا هێشتا ئەنفالچی و ئەنفالكراو پێكەوە دەژین | ڕێبین تەها | دیدار | ٤ | ١٢ |
| ئەنفال و پارتیزان و سرك | ئەحمەد باجەلان | وتار | ٣ | ٢٣ |
| ئەنفالی سێی گەرمیان | سەلام عەلی | بیرەوەری | ٥ | ٤٢ |
| چیرۆكە بێ كۆتاییەكانی ئەنفال | ئەحمەد محمد | وتار | | ٤٤ |
| ئەنفال پرۆسەیەك بۆ قركردنی گەلێك | ئا: شێروانە | ڕیپۆرتاژ | ٥ | ٣٥ |
| ئەنفال لە دادگادا | ئا: شێروانە | ڕیپۆرتاژ | ٥ | ٣٩ |

## ب) لیستی بابەتە ئەدەبی و ڕۆژنامەنوسیەکان لە گۆڤارەکان دا

| گۆڤاری داستان | شیعر | | پەخشان | کورتە چیرۆک | چیرۆک | مانشێت | هەواڵ | سەروتار | وتار | | گۆشە | ڕیپۆرتاژ | هەڤپەیڤین | | فۆلکلۆر | منداڵان | | لێکۆڵینەوە | | وێنە | کاریکاتێر | بیرەوەری | دیکۆمێنت | خوێندنەوە | وەرگێڕان | | هی دیکە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژ | — | ن. | | | | | | | — | ن. | | | | | | — | ن. | — | ن. | | | | | | — | ن. | |
| ١ | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| ٢ | ٢ | ٤ | ١ | | | ١٤ | ٢ | | ١ | ٥ | ٥ | | | ١ | ٢ | | | | | | | | | | | | |
| ٣ | | ٣ | | | | ١٢ | | | | ٦ | ٢ | ١ | | | ١ | | | | | ٢ | ٢ | | | ١ | | | ١ |
| ٧ | | ٤ | ١ | ١ | ١ | ١١ | | | | ٣ | ٢ | ١ | | ١ | ٢ | | | | | ٢ | ١ | | | | | | ٣ |
| ٨ | | ٦ | | ٢ | | ١٥ | | | | ٩ | ١ | | | | ١ | | | | | ١٤ | ٤ | | | | | | ٥ |
| ٩ | ١ | ٥ | | ١ | ١ | ٢٠ | | | | ٤ | | | | ٣ | ٤ | | | | | ٧ | ٩ | | ١ | ١ | | ١ | ٤ |

| گۆڤاری ناسنامە | شیعر | | پەخشان | کورتە چیرۆک | چیرۆک | مانشێت | هەواڵ | سەروتار | وتار | | گۆشە | ڕیپۆرتاژ | هەڤپەیڤین | | فۆلکلۆر | منداڵان | | لێکۆڵینەوە | | وێنە | کاریکاتێر | بیرەوەری | دیکۆمێنت | خوێندنەوە | وەرگێڕان | | هی دیکە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژ | — | ن. | | | | | | | — | ن. | | | | | | — | ن. | — | ن. | | | | | | — | ن. | |
| ١ | ٥ | ٥ | | | | ١٧ | | ١ | ٣ | ٣ | | ٢ | | | | | | | | ٥٣ | ٣ | | | | | | |
| ٢ | | | ٣ | | | ١٤ | | | ١٠ | ١٠ | ١ | | | | | | | | | ١٢٢ | | | | | | | ١ |
| ٣ | ٣ | ٣ | | | ١ | ١٣ | | | ١٠ | ١٠ | | | | | | | | ١ | ١ | ٣٣ | ١ | | | | | | ١ |
| ٤ | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| ٥ | ٧ | ٧ | | | | ٣٧ | | | ٩ | ٩ | ٢ | ١ | | | | | | ٣ | ٣ | ٨٨ | ١ | ٢ | ١ | | | | ٥ |

| گۆڤاری ئەنفال | شیعر | | پەخشان | کورتە چیرۆک | چیرۆک | مانشێت | هەواڵ | سەروتار | وتار | | گۆشە | ڕیپۆرتاژ | هەڤپەیڤین | | فۆلکلۆر | منداڵان | | لێکۆڵینەوە | | وێنە | کاریکاتێر | بیرەوەری | دیکۆمێنت | خوێندنەوە | وەرگێڕان | | هی دیکە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژ | ـ | ژ. | | | | | | | ـ | ژ. | | | ـ | ژ. | | ـ | ژ. | ـ | ژ. | | | | | | ـ | ژ. | |
| ١ | | | | | | ١١ | | ١ | ١ | ١ | | | ٢ | ٢ | | | | ٤ | ٤ | ١٩ | | ٣ | | | ٢ | ٢ | |
| ٢ | | | | | | ١٣ | | ١ | ٥ | ٥ | | | ١ | ١ | | | | ٣ | ٣ | ١٦ | | ١ | ٤ | | ٣ | ٣ | ١ |
| ٣ | | | ١ | | | ١٩ | | ١ | ٢ | ٢ | | ١ | ٤ | ٤ | | | | ٣ | ٣ | ١٥ | | | ١ | ١ | ٣ | ٣ | |
| ٤ | | | | | | ١٥ | | ١ | ١ | ١ | | | ٤ | ٤ | | | | ٤ | ٤ | ٣٩ | | ١ | ٢ | ١ | ٢ | ٢ | |
| ٥ | | | | | | ١٢ | | ١ | ٥ | ٥ | | ١ | ١ | ١ | | | | ٢ | ٢ | ٣٣ | | | ١ | | ٣ | ٣ | |

| گۆڤاری گیرفان | شیعر | | پەخشان | کورتە چیرۆک | چیرۆک | مانشێت | هەواڵ | سەروتار | وتار | | گۆشە | ڕیپۆرتاژ | هەڤپەیڤین | | فۆلکلۆر | منداڵان | | لێکۆڵینەوە | | وێنە | کاریکاتێر | بیرەوەری | دیکۆمێنت | خوێندنەوە | وەرگێڕان | | هی دیکە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژ | ـ | ژ. | | | | | | | ـ | ژ. | | | | | | ـ | ژ. | ـ | ژ. | | | | | | ـ | ژ. | |
| ٠ | | | | | | ١٧ | | | ١ | ٦ | | | | ٢ | | | ١ | | | ٢٤ | | | | ١ | | ٣ | ٢ |
| ١ | | | | | | ٢١ | | | | ٦ | | ٢ | | ١ | | | | | ١ | ١٥ | | | | ٢ | | ٨ | ١ |
| ٢ | | | | | | ١٩ | ١ | ١ | | ٩ | | | | ١ | | | | | ١ | ١٤ | | | | | | ٦ | ١ |
| ٣ | | | | ١ | ١ | ١٦ | ١ | ١ | ١ | ٦ | | | | | | | ١ | | | ٩ | | | | ١ | | ٥ | |
| ٤ | | | | | | ١٦ | | ١ | | ١٠ | | ١ | | ٢ | | | | | | ١٧ | ١٤ | | | | | ٧ | |
| ٥ | | | | | ١ | ١٨ | | ١ | | ١١ | | | | ٢ | | | ١ | | | ١٦ | | | | | | ٦ | |
| ٦–٧ | | | | | ١ | ٢١ | | ١ | | ١١ | | | | | | | ١ | | | ١٧ | | | | ١ | | ٧ | |
| ٨ | | | | | ٢ | ١٨ | | ١ | | ٩ | | ١ | | | | | | | | ٢١ | | | | ٢ | | ٢ | ١ |
| ٩ | | | | ١ | ٢ | ١٦ | | | | ٦ | | | | | | | ١ | | | ١٨ | | | ١ | | ١ | ٦ | |

| گۆڤاری گۆڤار | شیعر | | پەخشان | کورتە چیرۆک | چیرۆک | مانشێت | هەواڵ | سەروتار | وتار | | گۆشە | ڕیپۆرتاژ | هەڤپەیڤین | | فۆلكلۆر | منداڵان | | لێكۆڵینەوە | | وێنە | كاریكاتێر | پەروەری | دیكۆمێنت | خوێندنەوە | وەرگێڕان | | هی دیكە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٠ | | | | | ١ | ٢١ | | | | ١٠ | | | | ١ | | | ١ | | | ٢٥ | | | | ١ | | ٤ | ١ |
| ١١ | | | | | | ١٨ | | | | ١٢ | | ١ | | ١ | | | ١ | | ١ | ١٨ | | | | ١ | | ٥ | |
| ١٢ | | | | | ١ | ١٨ | | ١ | ١ | ٧ | | ١ | | | | | | | ١ | ٢٣ | | | | ٢ | | ٣ | ١ |
| ١٣ | | | | | ١ | ١٩ | | ١ | | ١٣ | | | | ١ | | | | | | ١٦ | | | | ٣ | | ٢ | |
| ١٤–١٥ | | | | ٢ | | ٢٦ | ١ | ١ | | ١٦ | | | | ١ | | | ١ | | | ٢١ | | | | ٣ | | ٣ | ٣ |
| ١٦ | | | | | | ١٧ | | | | ١٣ | | | | | | | ٢ | | | ١٦ | | | | | | ٥ | |
| ١٧–١٨ | | | | | ١ | ١٨ | | ١ | | ١٠ | | | | | | | | | ٢ | ١٩ | | | | ٣ | | ٣ | |
| ١٩ | | | | | | ١٣ | ١ | | | ٤ | | ١ | | ١ | | | ١ | | ٢ | ١٦ | | | | | | | ١ |

| گۆڤاری گۆڤار | شیعر | | پەخشان | کورتە چیرۆک | چیرۆک | مانشێت | هەواڵ | سەروتار | وتار | | گۆشە | ڕیپۆرتاژ | هەڤپەیڤین | | فۆلكلۆر | منداڵان | | لێكۆڵینەوە | | وێنە | كاریكاتێر | پەروەری | دیكۆمێنت | خوێندنەوە | وەرگێڕان | | هی دیكە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژ | – | ژ | | | | | | | – | ژ | | | | | | – | ژ | – | ژ | | | | | | – | ژ | |
| ١ | | ٥ | ١ | | ٢ | ٣٩ | ١٠ | ١ | | ١٠ | ٤ | ٢ | | ٣ | | | | | | ٣٣ | ١ | ١ | | | | ٦ | ٣ |
| ٢ | | ٦ | ١ | | ٣ | ١٦ | ١٠ | ١ | | ٧ | ٥ | | | ١ | | | | | ٢ | ١٦ | ٢<br>٤ | | | | | ٤ | ٣ |
| ٣ – ٤ | | ٣ | | | ٢ | ٢٩ | ١٠ | ١ | | ٥ | ٣ | ١ | | ٢ | ١ | | | | ٢ | ٥٢ | ١ | | | | | ٣ | ١ |
| ٥ | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |

| گۆڤاری ۸۸ | شیعر | | پەخشان | کورتە چیرۆک | چیرۆک | مانشێت | هەواڵ | سەروتار | وتار | | گۆشە | ڕیپۆرتاژ | هەڤپەیڤین | | فۆلکلۆر | منداڵان | | لێکۆڵینەوە | | وێنە | کاریکاتێر | بیرەوەری | دیکۆمێنت | خوێندنەوە | وەرگێڕان | | هی دیکە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژ | — | ن. | | | | | | | — | ن. | | | | | | — | ن. | — | ن. | | | | | | — | ن. | |
| ١ | ٣ | ٤ | ١ | ١ | | ٣٤ | | ١ | ٣ | ١٧ | | | ١ | ١ | | ١ | ٣ | ٤ | ٦ | ٦٥ | ١ | ١ | ١ | | | ٥ | |
| ٢ | | | | | | ٣٤ | | ١ | ٧ | ٢٠ | | | ٢ | | | ١ | ١ | ٤ | ٥ | ٤٢ | | ١ | | ٥ | ٢ | ٨ | |
| ٣ | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| ٤ | ١ | ١ | | | | ١٦ | | ١ | ٥ | ٦ | | ١ | ١ | ٢ | | | | ٢ | ٣ | ٣ | | ١ | ١ | | ١ | ٢ | ١ |
| ٥–٦ | | | | | | ٢٧ | | ١ | ٦ | ١٠ | | ١ | ٢ | ٢ | | | | ١٠ | ١١ | ١٧ | | ١ | | ١ | | ١ | |
| ٧–٨ | | | | | | ٨ | | ١ | ٩ | ٩ | | | ٣ | ٣ | | | | ٢ | ٥ | ٤ | | ١ | | | ٤ | ٤ | |
| ٩–١٠ | | | | | | ٣٣ | ٦ | ١ | ٩ | ١٠ | | ١ | ٣ | ٣ | | | | | | ٣١ | | ١ | ١ | ٤ | | | |
| ١١ | ١ | ١ | | | | ١٧ | | | ٤ | ٤ | | ٢ | ٤ | ٤ | | | | ٣ | ٣ | ٢٩ | | | | ٢ | | | |

| گۆڤاری وریزا | شیعر | | پەخشان | کورتە چیرۆک | چیرۆک | مانشێت | هەواڵ | سەروتار | وتار | | گۆشە | ڕیپۆرتاژ | هەڤپەیڤین | | فۆلکلۆر | منداڵان | | لێکۆڵینەوە | | وێنە | کاریکاتێر | بیرەوەری | دیکۆمێنت | خوێندنەوە | وەرگێڕان | | هی دیکە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژ | — | ن. | | | | | | | — | ن. | | | — | ن. | | — | ن. | — | ن. | | | | | | — | ن. | |
| ١ | ٢ | ١٧ | ٣ | ١ | ١ | ٥٧ | | ١ | | ٢٥ | | | | ٥ | ١٥ | | ١ | | ١ | ٨٢ | ٦ | | ٢ | | | ٦ | ١ |
| ٢–٣ | ١ | ١٤ | ٢ | | | ٦٠ | ٦ | ١ | | ٢١ | | ٥ | | ٥ | ٣ | | ١ | | ١ | ٧٩ | | | ٢ | ٣ | | ٤ | ١ |
| ٤ | ٢ | ١١ | ١ | | | ٤٠ | | ١ | | ١٥ | | ١ | | | ٢ | | | | ٤ | ٦٩ | | | ١ | ١ | | ١ | ٢ |
| ٥–٦ | | ٩ | ٢ | | ١ | ٦٢ | ١ | ١ | | ٢٠ | | ٢ | | ٤ | ٣ | | ١ | | ١ | ٩٩ | | | ٥ | ٢ | | ١ | ٣ |

| گۆڤاری که‌لار | شیعر | | په‌خشان | کورته چیرۆک | چیرۆک | مانشێت | هه‌واڵ | سه‌روتار | وتار | | گۆشه | ڕیپۆرتاژ | هه‌ڤپه‌یڤین | | فۆلکلۆر | منداڵان | | لێکۆڵینه‌وه | | وێنه | کاریکاتێر | بیره‌وه‌ری | دیکۆمێنت | خوێندنه‌وه | وه‌رگێڕان | | هی دیکه |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژ | — | ج. | | | | | | | — | ج. | | | | | | — | ج. | — | ج. | | | | | | — | ج. | |
| ١ | | ٢ | | | | ٢٣ | | ١ | | ٩ | | ١١ | | | | | | | | ٥٨ | | | ١ | | | | |
| ٢ | ١ | ٢ | | | ٢ | ٢٠ | | ١ | | ٨ | ١ | ١ | | ٣ | | | | | ١ | ٣٠ | | | | | | ٢ | ٢ |
| ٣ | | ١ | ١ | | | ٢٢ | ٤ | ١ | | ٦ | ١ | ٧ | | ٢ | | | | | ١ | ٤٣ | ١ | ١ | | | | | |

| گۆڤاری شیروانه | شیعر | | په‌خشان | کورته چیرۆک | چیرۆک | مانشێت | هه‌واڵ | سه‌روتار | وتار | | گۆشه | ڕیپۆرتاژ | هه‌ڤپه‌یڤین | | فۆلکلۆر | منداڵان | | لێکۆڵینه‌وه | | وێنه | کاریکاتێر | بیره‌وه‌ری | دیکۆمێنت | خوێندنه‌وه | وه‌رگێڕان | | هی دیکه |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژ | — | ج. | | | | | | | — | ج. | | | — | ج. | | — | ج. | — | ج. | | | | | | — | ج. | |
| ٣ | | | | | | ٤٧ | ٦ | | ١ | ٢٤ | ١ | ٩ | | ١ | | | | | | ٦٢ | | | | ١ | | ٣ | ٢ |
| ٤ | | | ١ | | | ٣١ | ١ | ١ | | ١٤ | ١ | ٤ | ١ | ٤ | | | | | | ٢٦ | | | ٣ | ١ | | ٣ | ١ |
| ٥ | | ١ | ١ | | ٢ | ٤٣ | ٦ | | | ١٤ | | ٥ | | ٥ | | | | | | ٤٠ | | | | ١ | | ٢ | ٢ |
| ٥ | | ١ | ١ | | | ٣٨ | ٥ | | ٢ | ١٣ | ٢ | ١ | ٢ | ٧ | | | | | ١ | ١٠٦ | ٤ | | ١ | ٢ | | ٢ | ٢ |

## پ) نەخشە پێویستەکان

١- نەخشەی شاری کەلار




٢- نەخشەی شاری کفری



## ٣- نەخشەی سنوری ناوچەی گەرمیان



٤- نەخشەی کارگێڕی ئیدارەی گەرمیان



**٥- نەخشەی ئەنفالی سێی ناوچەی گەرمیان و هەر هەشت قۆناغەکە**



٦- نەخشەی پاکتاوی ڕەگەزی لە ناوچەکانی گەرمیان



**ئەنجام:**

لێکۆڵینەوە لەسەر ئـەم ناونیشـانە ( ئـەدەبیاتی ئـەنفال لـە گۆڤـارە کوردیـەکانی ناوچـەی گـەرمیان دا ) هـەروا کارێکی ئاسان نیە ، بەهۆی ئەوەی لە ڕابردودا کارێکی لەم جۆرە نەکراوەو کەس دەست و پەنجەی لەگەڵ نەرم نـەکردوە لەبـەر هەسـتیاری بابەتەکـە ، کەلەیەککاتـدا هـەر چـوار سوچـی " گـەرمیان –ئـەدەبیات– ئـەنفال – ڕۆژنامەنووسی" لەژێر یەك چەتردا بەگرێدراوی بخرێتەوە بەرباس و شیکردنەوە، بۆیە هەم کـاتی هەڵوەسـتەکردنی زۆر پێویستەو هەم کنەو پشکنینی زیاتر، بەڵام بە پێی وردبونەوە لە گـەرمیان و پرۆسـەی ڕۆژنامەنوسـی و گـەران بەنێو لاپەڕەکانی گۆڤارەکانی گەرمیان دا ، دەتوانین لە چەند خاڵێکدا بگەین بە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەمان.

١– هەڵکەوتەی ناوچەی گەرمیان کە هاوسنورە لەگەڵ بەشێك لـە ناوچـە عـەرەب نشـینەکان و وڵاتـی ئێـران، واتـە جوگرافیـای گـەرمیان لـە خـوارووەوە " زنجیـرە شـاخەکانی حـەمرین، هێڵێکـی جیاکـەرەوەیـە لـە نێـوان عێراقـی عەرەب و کوردستاندا. لە سەرەوە زنجیـرە شـاخەکانی (سـەگرمە و زەردیـاوا)یـە. دیسـان هێڵێکـی جیاکـەرەوەی گەرمیان و کوێستانە. کەشوهەوای ساردی و گەرمی دیاری دەکات. ئەم هەڵکەوتەیەش وای کردوە کـە گونجاوبێـت بۆ زۆر بوارو هەمیشە جێگەی چاوتێبڕینی نەتەوەکانی چواردەوری بێـت، لەبـەر ئەوشـە لـە مێـژوودا ئـەم ناوچـەیە ئۆقرەی نەگرتوەوە بەردەوام لە داگیرکردن و شەڕو ململانێ دا بووە.

دواتر ناوچەکە دەوڵەمەندە بەکانزاکانی نەوت و سەرچاوە سروشتیەکان ، هەمیشـە جێگـەی چـاوتێ بڕینـی وڵاتـە زلهێزەکان وحکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێڕاق بووەو هەمیشـە کـرداری شـەڕو داگیرکردنیـان تیـا ئـەنجام داوە، بۆیە ئەم ناوچەیە زەمەن بۆ زەمەن دەستیان لێهەڵنـەگرتوە لـە کـاولکردن، دەتـوانین بڵـێین کێشـە و ململانێکـانی ئەم ناوچە قوربانی و خەباتێکی سەختی مێـژووی کوردسـتانە. دەبیـنین هـەر لـە سـەردەمی عوسمانییەکانـەوە تـا دەگاتە ڕژێمە یەك لـەدوای یەکـەکانی عێـراق سیاسـەتی ڕاگواسـتن و بـە عـەرەب کـردن و سـوتماك و کیمیابـاران و ئەنفالکردن بەشی سەرەکی کارەساتی دڵتەزێنی ناوچەکە بوونە، بۆنموونە هۆزی (هەمەوەند) لـە نێـوان قاجـاری و عوسمانیدا توشی چەندین کارەسات هاتوون، کەم تـیرە و کـوردی گـەرمیان هـەن بـەر شـاڵاوی پاکتـاوی ڕەگـەزی نەکەوتبن لە لایەن داگیرکەرانەوە. هەروەها شۆڕشی ( ئیبراهیم خانی دەلۆ) لە ناوچەی کفری کە توانیـان شـارەکە لە ژێر دەستەڵاتی ئینگلیزەکان دەربهێنن. ، دواتر ڕژێمی عێراق نەی هێشتوە خەڵکی ئـەم دەڤـەرە وچـانێك بـدەن و هەر زەمەن و بەبیانویەکەوە سـوتماك کـراون ، کـە دواترینیـان پاکتـاوی ڕەگـەزی و ئـەنفال و جینۆسـاید کردنـی کورد بوو. لە ڕووی (جیۆپۆلۆتیك)ەوە ئەم دەڤـەرە ناوچـەیەکی چارەنووس سـاز بـووە بـۆ هـەر هێزێـك دەسـتی بەسەردا گردبێت وەکو(دڵی زەوی).

بۆیە لەبەر گرنگی ئەم ناوچەیە زوو گەشەی دانیشتوانی کردوەو توانیویانە لەگەڵ ڕەوتـی شارسـتانیەت و گەشـەی ژیـاری و قۆناغـەکانی پێشـکەوتی مرۆڤایـەتی هـەنگاو بنێـت ، بۆیـە لـە هـەر ڕویەکـەوە سـەیری گـەرمیان بکـەین دەوڵەمەندە.

٢- ئـەنفال زاراوەیـەکی عەرەبیـە بـە مانـای (غەنیمـە، تـالآنی کـردن، ڕوتکردنـەوە، ... هتـد) بـە هەشـت قۆنـاغی هەڵمەتی سەربازی و هێزی عێراق لـە سـاڵی ١٩٨٨ ئەنجامـدراو تێیـدا بـە ئەنقەسـت و بەشـێوەیەکی پـلان بـۆ دا ڕێژراو (١٠٠) هەزار بۆ (١٨٢) هەزار کەس کـوژران ، لـە کـاتی شـالآوەکانی ئەنفالـدا سـوپای عێـراق بـە بـەردەوامی چەکی کیمیاوی بەکار دەهێنا لە دژی کوردەکـان ، قوربانیـانی ئـەنفال بریتـی بـوون لـە ژن و منـاڵ و پـیرو گـەنج، ئەمانە بۆ ئەوە ئەنفال کـران چـونکە کـورد بـوون و لـە سـەر سـەروماڵی خۆیـان ئـەژیان ، ئـەنفال پراکتیزەکردنـی ئایدیای عروبەی بەعسی بو دژ بە کورد. لەبەر ئەوەش کە بەعسییەکان تیۆریزەی ئیسـلامیان وەکـو رۆحـی عروبـە دەکرد، دەبوا بۆ پاساوی قڕکردنی کورد پەنا بۆ ئیسلام بەرنەوە. ئەم گەڕانەوەیەی فاشیزمی بەعسـی بـۆ ئیسـلام لە ئەنفالدا هیچ نییە جگە لەهەوڵی گرێدانەوەی عروبە وەکو بزوتنەوەیەکی قـەومی فاشـی بـە ئیسـلامەوەو رەوایـی دانێکی ئایینی بە پرۆسەی قڕکردنەکە.

ئاخر بەرامبەر بە کورد، سەدام حسێن خۆی بە پێغەمبەر و حیزبی بەعس بە ئیسلام و جەیشەکەشـی بـە لەشـکری سەردەمی فتوحات دەچواند. هەر بۆیە بە گەڕانـەوە بـۆ یـەکێك لـە سـورەتەکانی قورئـان، بەعسـییەکان قڕکردنـی کوردیان لە ساڵی (١٩٨٨)دا، بە ئەنفال ناوزەد کرد و بەچڕی لەناو چەکانی کوردستانی باشوردا دەستیان پێکـرد. بەهۆی گرنگی ناچەی گەرمیان بەلای حکومەتی بەعسەوە لەهەموو ناوچەکانی تر زیاتر کاولکـاری و ئـەنفالی کـرد ، کە لە قۆناغی سێی شالآوەکەدا خاك و خەڵکەکەی ڕاماڵی و بەشێکی زۆریانی زیندەبەچاڵ کرد.

لە هەمووی خراپتر سەدام کوردی بەکارهێنا بۆ کوشتنی کورد ، چونکە بەعس گەیشتبوە ئەو بڕوایەی بۆ جێبەجێکردنی پەلاماری سڕینەوە پێویستی بەو تێکەلآوکردنە ناڕۆشنە هەیە کە کورد خۆی بۆخۆی ببێتە بەشێك لە تاوانی کۆکوژی خودی خۆی، هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانێت لەو ڕێگەیەوە بیسەلمێنێت کە ئەوە تەنها عەرەب نەبوو کردەی کۆکوژی ئەنجامدا بەڵکو خودی کوردیش بەشێکە لەو تاوانەو بەشداری چالاکی هەبووەو بەشێوەیەك لە شێوەکان تەواوکەری ئەو پرۆژەیە بوو کە لەدیدی بەعسدا پرژەیەکی پێویست و گرنگ بوو، نەدەکرا کاری لەسەر نەکرێ و پەراوێزبخرێ، ئەمەش بە پشت بەستن بەو دیاردە لەمێژینەی کە لەسەرەتای سەدەی ڕابردووەوە جاش و جاشایەتی بوەتە دیاردەو نەریتێك لە نێو کۆمەڵگای ئێمەداو دوژمنان سودی لێدەبینن و لەناو بونە گشتیەکاندا وەك بکەر بەردەوام بەدەستی دوژمانی خۆیەوە کاری لەسەر خودی ناکۆکیەکانی خۆی کردوەو گرنگیشی بەو کێشە سیاسی و ئەخلاقی و کلتوریانەش نەداوە کە لە داهاتوشدا یەخەی دەگرێ، ئەنفالیش کە دوا ترۆپکی تاوانەکانی بەعس بوو وەك پرۆژەیەك بۆ سڕینەوەی ڕەگەزێکی جیا لە ڕەگەزی عەرەبی، پرۆژەیەك نەبوو تەنها لەلایەن هێزێکی سەربازی عەرەبیەوە پیادە کرابێ ، بەڵکو لە تەوزیفکردنیدا خودی کورد بەشداربووەو لەداهاتوشدا کاریگەری دەبێت لەسەر لایەنی ئەخلاقی و کلتوری خودی کوردو بە فیعلیش ئەم حاڵەتە تا ئێستا کاریگەریەکانی لەسەر کۆی کایە جیاجیاکانی کۆمەڵگای ئێمە هەرماوە و بەئاسانی نەسڕاوەتەوە، چونکە ئەنفال ئەوکاتە مانای تەواوەتی خۆی وەرگرت کە لە لایەك بێدەنگی لێکراو لە لایەك تریشەوە کورد خۆی بەشداربوو لە ئەنفالکردنی خودی خۆی و دەبێ لە داهاتوشدا بێدەنگ بن لە تاوانەکانی

خۆیان که بەرامبەر بەهەندێك پارەو دەستکەوتی مادی چیتر نەبوو، دیکۆمێنتەکانی بەعسیش باشترین بەڵگەن لەسەر ئەوجاشانەی کە بەشداری ئەو کردەوەیان کردوەو ئەوە دەسەلمێنێت کە کوشتن و سەربرینەوەی کورد بەدەستی کورد چەند پرۆسەیەکی بێماناو کەم بەهابوە ، له دۆخی جاش و سخوڕو بەعسیە کوردەکاندا ، هەڵگەڕانەوەیەکی تەواو دژ بە خود هەست پێدەکرێت، کە وەك میکانیزمێکی بەرگری بەکار هێنراوە، ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی دۆخی دەرونیان بەتەواوی سەروبن بکاتەوەو خۆی لێ ببێت بە ئەویتر ، یان وەك گروپیش دەتوانین بڵێین(ئێمە) یان لێ ببێت بە ئەوان.

له کاتی هێرشەکانی سوپای بەعس بۆ سەر پێشمەرگەو ماڵە پێشمەرگە هەمیشە جاشەکان لە پێشەوە بوون و چاو ساغ و ڕێنیشاندەربوون، واتە ئەگەر جاش نەبوایە بەعس نەیدەزانی لە گوندێکی دورە دەستی ناوچەی گەرمیاندا کە ڕەنگە هەر جادەو ڕێگەی ئۆتۆمبێلی نەبێت بۆ هاتوچۆ پێشمەرگەی لێیە یان نەیارێکی بەعسی لێیە، جاشەکان هەمیشە پێیەکیان له گوندەکان بوو لە هەمان کاتتدا پێیەکەی تریان لە شارەکان بوو، لە زۆربەی شەڕو بەریەککەوتنەکانی نێوان پێشمەرگەو بەعس جاش پێشڕەوی بەعسی کردوە وەك دەلیل، لەکاتەتی شاڵاوەکانی ئەنفالدا جاش ڕۆڵی زۆر خراپی بینی لە کۆکردنەوە ناردنی ڕۆڵەکانی کورد بۆ چاڵە لمەکان.

لەدوای تاوانەکە بەشێکی کەم لەخەڵکی ناوچەکە توانیان خۆیان دەرباز بکەن و بەشێکی تریان بەهۆی زۆری تەمەنیان ئازاد کران ، لەوکاتەوە بۆ ساڵی (٢٠٠٣) چاوەڕێ کەسوکارە ئەنفالکراوەکانیان دەکردن ، بەڵام دوای ڕوخانی ڕژێم ئیتر چاوەڕوانی کۆتایی پێهات و ئێسك و پروسکەکانیان لەبیابانەکانی خوارو عێراق لەناو گۆڕی بەکۆمەڵدا دۆزرانەوە، ئەوەش بوە هۆی وروژاندنی ویژدانی زۆر لە ئەدیب و نوسەرو ڕۆژنامەنوسان بەگشتی و بەتایبەت ئەوانی لە سنوری گەرمیاندا دەژیان و بەشێك بوون لە خەم وژانی ئازارەکانی ئەنفال.

٣- ئەنفال و گەرمیان دوو دەستەواژەی هاوتەریبی یەکترن و لەیەکدی جیا نابنەوە، بەقەد یەك لە ڕاستەهێڵی تەمەن هەڵدەکشێن، هەرکاتێك باس لە گەرمیان و خەڵکی گەرمیان دەکرێت ئەوە ناسنامەیەك هەیە کە پێیان دەناسرێتەو ئەویش ئەنفالە، گەرمیان وەك چۆن لە سەرجەم بوارەکان دا مێژویەکی پڕ شانازیی هەیە ، بەو جۆرەش لە بواری نوسین و کاری ڕۆژنامەنوسیدا مێژووی ڕەنگینەو لە ساڵی چلەکانەوە بۆ شەستەکان و پاشتریش بڵاوکراوەی ڕۆژنامەوانی تاك تاك لەدەڤەرەکە دەرچوون و برەویان بە ڕەوتە ڕۆژنامەنوسیەکە داوە ، لە دوای ڕاپەڕینی خەڵکی باشوری کوردستانەوە پرۆسەی ڕۆژنامەنوسی چوە قۆناغێکی ترەوەو لە کەشی ئازادیدا چەندین گۆڤار لە دەڤەرەکە دەرچوون و بەشێك لە گۆڤارەکان تایبەتمەند بوون بە ئەنفال و جینۆسایدو سەدان بابەتیان لە سەر پرسەکە بڵاوکردۆتەوەو لە نێو بابەتەکانی گۆڤارەکاندا هەڵبەست و چیرۆك و بەشەکانی فۆلکلۆر گرنگی پێدراوە ، بەتایبەت گرنگی بەبڵاوکردنەوەی هەڵبەست و چیرۆکی ئەنفال دراوەو توانراوە لە ڕێی هەڵبەست و چیرۆکەکانەوە واقعی ئەنفال و ناوچەی گەرمیان بخەنە بەرچاوو لە فۆرمێکی هونەری و ئەدەبیدا درەندەی ڕژێمی بەعس وێنابکەن و لە زاکیرەی هەر کەسێکدا بەزیندوی بیهێڵنەوە. لە هەمان کاتتدا گرنگی بە چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنوسیەکان دراوەو چەندین بابەتی ئەدەبی و ڕۆژنامەنوسی لە سەر کەیسی ئەنفال

بلاْوكراوەتـەوە، لـە ڕێگـەی پەخشـانی ئەدەبیـەوە ڕوداوەكـانی نـاو ئـەنفال و كۆمـەڵكوژیان بەسـتایلێكی تـر نـەمر كردووە.

گۆڤارەكـان هەریەكـەو بـە قـەبارەی خـۆی و لـە ڕێگـەی ژانـرە ڕۆژنامەوانیەكانـەوە ئـەنفالیان وەك دەلاقەیـەك بـۆ بەعسناسی و زوڵم و ستەم ناساندوەو لە ڕێگەی " هـەواڵ ، وتـار ، سـەروتار، هەڤپـەیڤین ، ڕیپۆرتـاژ، وەرگێـڕان، لێكۆڵینەوە"ەوە كاولكردنی گوندەكان و چاوساغی كوردە هەڵگەڕاوەكان و گریـان و هـاواری منداڵێك و فرمێسـكی دایكێك و تراژیدیای ڕاماڵین و خستنە زینـدان و پاشـتر كۆڕەبەكۆمەڵەكانـەوە شـرۆڤەو ئەرشـیف كـردوەو بەنـەوەی نوێی ناساندووە.

دیار پێش ساڵی هەشتاو هەشت و پرۆسەی بەدناوی ئەنفال و جینۆساید لە ئەدەبیاتدا شتێك نەبوو بـەناوی ئـەنفال یان شیعرو قەسیدەو چیرۆك و وتاری ئەنفال، بەڵكو دوای كۆمەڵكوژیەكە وەك دیاردەیەكی نـوێی ئـەدەبی چـەندین بەرهـەم لـەدایك بـوون و زۆربـەی زۆری بەرهەمـەكان لـە ڕێگـەی گۆڤارەكانـەوەو بەتایبـەت گۆڤارەكـانی ناوچـەی گەرمیانەوە خۆیـان نمـایش كـرد و گۆڤارەكـانیش درێغیـان نـەكرد لـە ڕوماڵكردنیـان، و لـە ڕێگـەی بلاْوكردنـەوەوە دەنگی ئـەنفال دەگەشـتە زۆر شـوێن و ناوچـەی دورە دەسـت، هەمیشـە لـە بابەتـە تایبـەتكراوەكانی كۆمـەڵكوژی دەستەواژی قوربانی كوردو جەلادی سـەدام وێنـاكراوەو لـە ناوەڕۆكدا هەمیشـە " عـەلی حەسـەن مەجید، بـارق ، نوگرەسەلمان، سەگە ڕەشەكە ، زیلی عەسـكەری ، ملەسـورە ، قـەلای قۆرەتـوو ، جـاش و ...هتـد " ئامادەگیـان هەیەو دەلالەتن بۆ ڕوداوو گێڕانەوەكانی ناو پرسەكە، واتە تراژیدیاكانی ئەنفال لە ڕێگەی ئەدەبەوەو ئـەدەبیش لـە سەكۆی گۆڤارەكانەوە خزمەتێكی بەرچاویان بە پرسی ئـەنفال و كەسـوكارە بـەجێماوەكانی دوای ئـەنفال كـردوەو لاپەڕەكان هەمیشە شانۆیەك بووە بۆ خاڵی كردوەو گێرانەوەو وێنەو كاركاتێری تایبەت بە ئەدەب و لـەناو ئەدەبـدا ئەنفال.

بەڵام لەناو ئەدەبی كوردیدا بەگشتی و لەناو بابەتە ئەدەبیەكانی گۆڤارە كوردیەكانی تایبەت بە ئەنفال لە ناوچـەی گـەرمیان ئەوەنـدەی سـەرنجم دابێـت تـاوانی ئـەنفال وەك واقیعێـك مامەڵـەی لەگەڵـدا كـراوە، كـە ئەمـە بـۆ خـۆی كێشـەیەكی گەورەیـە و هێشـتا نـەنفال لای نووسـەری ئێمـە نەبووەتـە كێشـەیەكی فیكـری و بەرهـەمی خـەیاڵی هەمەجۆر، یان سەرچاوەیەك بێت بۆ داهێنان و نوێگەری ئەدەبی هاوچەرخ. بـە مانایـەكی تـر هێشـتا ئـەنفال لـەناو تێكستدا كەرەستەیەكە بۆ بەرهەمهێنانـەوەی واقیعێكـی هاوشـێوەی واقیعـی بەردەسـت و سـاڵی هەشتاوهەشـت ، ئەنفالی ناو تێكست، هەمان ئەنفالە، كە لە واقیعدا ڕووی داوە. بە تێگەیشتنی من چەمكی ئەنفال لەناو ئەدەبـدا تـا لە بەرگە مێژووییەكی دانەماڵرێت و نەكرێتە خەیاڵێك، دواتر ئەو خەیاڵە پارچە پارچـە نـەكرێت بـۆ چـەندین وێنـەی جیاواز و پاشان ئەم وێنە پارچە پارچانە واقیعێكی نـوێی پـێ دروسـت نـەكرێ، ئـەوە زۆر ئەسـتمە لـەناو ئـەدەبی كوردیدا لەسەر تاوانی ئەنفال چاوەڕێی بەرهەمهێنانی دەقێكی هاوچەرخ بین، كە بتوانێت شۆك دروست بكات و لـە دوبارەبونەوە دوربێت ، چونكە ئەگەر ئەمە نەكرێ ناتوانرێ مانای نوێ هەم لە تاوانەكە، هەم لە وشـەكەو هـەمیش لە مێژووەكەیدا بدۆزرێتەوە.

تەواوی هەڵبەست و بەرهەمە ئەدەبیەکانی گۆڤارەکان، پێوەندی خۆیان لەگەڵ مێژوو لەسەر بنەمای گێڕانەوەی ڕووداو لە کات و شوێنی تایبەت بە ڕووداوە مێژووییەکە دامەزراندوە ، لە کاتێکدا کات و شوێنی ڕووداوەکە وەك ئەوەی لە واقیعدا ڕووی داوە، سنووردارە، چونکە پێویستە نوسەری ئەدەبی لە گێڕانەوەی بابەتی مێژووی سنووری کات و شوێن ببەزێنیت و بە یارمەتی خەیاڵی بێسنووری دەستکاریی کات و شوێنەکەی بکات و بیانگۆڕێت ، چونکە ناکرێ لە هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی دا جوانی و ئێستاتیکا لەپێناو گەیاندنی بیرێکدا پشتگوێ بخرێ، کە ئەمە لەناو ئەدەبی کوردیدا نموونەی زۆرە و ئەنفال دیارترینیانە، واتە دەقاودەق ئەنفال وەك خۆی کراوەتە بەرهەمی ئەدەبی بێ ڕۆچون و قوڵبونەوەی خەیاڵ و لە ڕێگەی خەیاڵەوە بەش بەش کردنی بۆناو بەشەکانی ئەدەب و بەبەرگداکردنی دەیان و سەدان بەرهەمی فکری ناوازەی ئەدەبی. ئەگەریش خەیاڵ بەکارهاتبێت تەنها بۆ گەیاندنی تاوانەکە بووە. چونکە لای نووسەری کورد تاوەکو ئێستا چەمکی ئەنفال بیرکردنەوە نەبووە، بەڵکو گێڕانەوەی حیکایەتێك بووە، سرووشتی حیکایەتیش وایە بابەتێك وەك ڕووداوی مێژوویی لە سەرەتاوە بۆ ناوەڕاست و دواتریش بۆ کۆتایی، بێ گۆڕانکاری دەگێڕدرێتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە لە ئەدەبی کوردیدا وشە و واتای ئەنفال زیاتر لە شیعردا ڕەنگی داوەتەوە، کە دەنگی شیعر لەناو ئەدەبی ئێمەدا تا ڕادەیەك لە هەموو ژانرەکانی تری ئەدەب زاڵترە، کە لە بەشی زۆری شیعرەکانیشدا زیاتر گلەییکردن لە بەختی کورد، نیشاندانی ناشیرینیی ڕژێمی بەعس، قوربانی و جەلاد، فریشتە و ئەهریمەن هەست پێ دەکرێ، کە ئەم وێنانە هەمان وێنەی دووبارە و بینراوی ناو واقیعن و وێنەیەکی نوێیان لێ بەرهەم نەهێنراوە. لە ئەدەبی گێڕانەوەیشماندا (چیرۆك و ڕۆمان) کەمترین بابەتی ئەنفال دەبینینەوە، چونکە ئەم دوو ژانرە لەناو مۆدێرنەدا سەریان هەڵداوە و ئێمە کەمتر سوودمان لێیان وەرگرتووە بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو و مێژووی نەتەوەییمان ، لەناو گۆڤارەکانیشدا جیاوازترە ، پەخشان زیاتر ڕەنگی داوەتەوەو بەپەخشان زیاتر گوزارشت لە ئەنفال کراوە ، پەخشان وەك چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسیەکان، بەڵام لە ( چیرۆك و ڕۆمان ) هەمان واقعی ئەدەب بەگشتی دەبینرێت ، بە بژاردەکردنی لە ناو پەخشاندا بەرامبەر بەشەکانی تری پەخشان ، وەك: وتار یان هەڤپەیڤین ، کەمتر هاتووە.

لە کاتی وردبینی و چاوپیاخشانی لاپەڕەکانی (٩) گۆڤارو (٥٧) ژمارەی گۆڤارەکان و (٦٢٢٧)لاپەڕەی کوردی گۆڤارەکان و بەزنجیرەیی هەڵبژاردنی گۆڤارەکان و جیاکردنەوەی چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنوسیەکانی گۆڤارەکان و بارودۆخی زەمەنی دەرچونیان، گەلێك دەرئەنجامی فەرعی و دواجار گەیشت بە ئەنجامی تەواو کە بریتیە لە "گۆڤارەکانی گەرمیان ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە زیاتر ناساندنی کەیسی ئەنفال لە ڕێگەی ئەدەبیاتەوەو بەتایبەتی ئەدەبیاتی ڕۆژنامەنوسیەوە ، بە بەڵگەی ئەوەی سەدان بابەت لە گۆڤارەکاندا بڵاوبونەوەو کۆژانەکانی ئەنفالیان گێڕاوەتەوەو دیکۆمێنت کردوە ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکی بەزیندویی هێشتنەوەو بەهەنوکەیی کردن و کردنی ئەنفال بە یادەوەرییەکی دەستەجەمعی کە لە ئێستاوەو بۆ داهاتویەکی دورتر ببێتە پاڵپشتێکی بەهێزی وتاری نەتەوەیی کورد، جێبەجێکردوە". بۆیە لە ئەنفالدا ئازاری دەرونی و تینوو برسی

کردنیان و ، بە دەیان جۆری کوشتن و زیندە بەچاڵکردن و دەیان شێوازی دڕندانەی گۆڕغەریب کردن و لە ناوبردن، کە حیکایەتی هەرکامیان دەهێنێ دەیان لێکۆڵینەوەی لە بارەوە بکرێت.

# پێشنیارو ڕاسپاردە

دەکرێت لە زۆر لایەنەوە گوزارشتن لە ئەنفال و جینۆسایدو بەتایبەت ئەنفالی ناوچەی گەرمیان بکرێت ، چونکە کوشتنی بەناحەقی کەسێك دەکرێت چەندین شرۆڤەی بۆ بکرێت و بەدوای هۆکارو دواجار چارەسەری دوربارە نەکردنەوەیدا بگەڕێین ، چ جای کوشت و قڕکردنی ژمارەیەکی زۆر کە هەزاران چیرۆك و گێڕانەوە لە خۆ دەگرن، پێویستە چیتر ئەنفال تەنها وەك تاوانی کوشتنی مرۆڤایەتی سەیر نەکەین، بەڵکو بیکەن بە هەوێنی چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێستای بەرکەوتوانی ئەنفال و میلەتی کورد. لێرەدا چەند خاڵێك وەك پێشنیارو ڕاسپاردە دەخەمە ڕوو.

١- پێویستە ئەنفال و کوشتنی ئەو ژمارە زۆری کورد بکرێتە هۆکار بۆ بنیات نانەوەی ژێرخانی سیاسی و ئابوری نەتەوەی کورد و ئاشتی و پێکەوە ژیان.

٢- پێویستە کاربکرێ بۆ ئەوەی حکومەتی عێراقی دوای سەدام پابەند بێت بە ناوەڕۆکی بڕیارەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بکات، بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق بە فەرمی داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکات. وەك میراتگرەوەی حکومەتەکانی پێش خۆی قەرەبووی تەواوی زیانلێکەوتوانی تاوانەکانی جینۆساید لە هەرێمی کوردستان بکاتەوە. هاوکات لە سەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتوەکان بە فەرمی دان بەوەدا بنێ کە گەلی کوردو کوردستان لە لایەن حکومەتی عێراقیەوە روو بە ڕووی تاوانی جینۆساید بوەتەوە.

٣- پێویستە گفتوگۆو پەیماننامە ببەسترێت و بکرێت لەگەڵ ئەو گەلانەی کە لە مێژوودا جینۆساید کراون ، بۆ ئەوەی وەك ئەوان بتوانین مافە جۆربەجۆرەکانمان بەدەست بهێنین ، یان چاو لەوان بکەین.

٤- پێویستە ناوەندێکی توێژینەوەو ئەکادیمی لە کوردستان دابمەزرێت بۆ کار کردن لە سەر ئەنفال و جینۆساید کردنی کوردو لە ڕێگەی نوسین و توێژینەوەکانەوە هەمولایەنەکانی ئەنفال لە زاکیرەی نەوەکانی داهاتوودا بچێنێت و بەزیندوی بهێڵێتەوە.

٥- پێویستە بەشی ئەنفالناسی لە زانکۆی گەرمیان بکرێتەوە، بۆ ئەوەی بەردەوام ئەنفال لە هەژاندا بێت خوێنی بەبەردابکرێت و بیر بخرێتەوە ، و نەوە دوای نەوە ئەنفال بگوازرێتەوەو کاری لەسەر هەمو چەمکەکانی بکرێت.

٦- پێویستە سەنتەری ئەنفال و جینۆساید لە ناوچەی گەرمیان بکرێتەوە، بۆ ئەرشیف و جارێکی تر نوسینەوەی کۆ ژانەکانی ئەنفال، چونکە بەشێك لە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان هێشتا لە ژیاندان و بەشێکی زۆری چیرۆك و بەسەرهاتەکان دەکرێت بنوسرێتەوەو هەروەکو جل و بەرگ و پاشماوەکانی ئەنفالکراوەکان ئەرشیف بکرێت، واتە بکرێتە مۆزەخانەی ئەنفال.

٧- پێویسته بیرمەندان و ڕۆژنامەنوسان و نوسەرانی کوردستان کارکردنیان لە بواری ئەنفال و جینۆسایددا لە تاکەوە بگوازنەوە بۆ دەستەجەمعی ، واتە بەکۆمەڵ کارکردن لە کەیسی ئەنفال و کۆمەڵکوژی.

٨- پێویسته نوسەرانی بواری ئەدەب و بەتایبەت ئەوانەی لە بواری هەڵبەست و پەخشانی تایبەت بە کۆمەڵکوژی دەنوسن ، هەوڵ بدەن لە پاڵ واقع دا خەیاڵیش لەبیر نەکەن ، چونکە تاوانی ئەنفال لە ئەدەبدا وەك واقیعێك مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، کە ئەمە بۆ خۆی کێشەیەکی گەورەیە و هێشتا ئەنفال لای نووسەری ئێمە نەبووەتە کێشەیەکی فیکری و بەرهەمی خەیاڵی هەمەجۆر، یان سەرچاوەیەك بێت بۆ داهێنان و نوێگەری ئەدەبی هاوچەرخ. بە مانایەکی تر هێشتا ئەنفال لەناو تێکستدا کەرەستەیەکە بۆ بەرهەمهێنانەوەی واقیعێکی هاوشێوەی واقیعی بەردەست و ساڵی هەشتاوهەشت ، ئەوەتا ئەنفالی ناو تێکست، هەمان ئەنفالە، کە لە واقیعدا ڕووی داوە. بە تێگەیشتنی من پێویستە چەمکی ئەنفال لەناو ئەدەبدا لە بەرگە مێژووییەکی دابماڵرێت و بکرێتە خەیاڵێك، دواتر ئەو خەیاڵە پارچە پارچە بکرێت بۆ چەندین وێنەی جیاواز و پاشان ئەم وێنە پارچە پارچانە واقیعێکی نوێی پێ دروست بکرێ.

٩- ئەگەرچی لە ڕابردودا لە ناوچەی گەرمیان گۆڤارو بڵاوکراوەی تایبەت بە ئەنفال هەبووە ، بەڵام لە ماوەیەکی کورتتدا ڕاوەستاوە ، پێویستە گۆڤارێکی پشو درێژی ئەکادیمی تایبەت بە ئەنفال دەربچێت و بەچەند زمانی جیهانی یان دواتر وەربگێڕدرێت بۆ زمانە زیندەوەکانی جیهان.

١٠- پێویستە پەرلەمانی کوردستان ، بە یاسادەرکردن کار لەسەر باشکردنی گوزەرانی کەسوکاری بەجێماوی ئەنفالکراوەکان بکات و فشار بخاتە سەر بەغداد وەك دەوڵەتی میراتگری سەدام، قەرەبوی مادی و مەعنەوەی گەلی کوردو کەسوکاری ئەنفال بکرێتەوە.

١٠- وەك چۆن ئەدەب و هونەر ئاوێنەی ژیانەو ، فاکتەری هەرەگرنگی ناسینەوەی ناسنامەی گەلانە ، پێویستە نوسەران و هونەرمەندان ئەنفال بکەنە وەزیفەی کارکردنیان و هەموو ڕوداوەکانی تایبەت بە کۆمەڵکوژی وەك چۆنێتی ئازاری دەرونی و تینوو برسی کردنیان بە دەیان جۆری کوشتن و زیندە بەچاڵکردن و دەیان شێوازی دڕندانەی لە ناوبردن کە حیکایەتی هەرکامیان دەهێنێ دەیان شاکاری ئەدەبی ( شیعرو چیرۆك و ڕۆمان)ی لەسەر بنوسرێت یان لێکۆڵینەوەی لە بارەوە بکرێت و دواتر لە سینەماو فیلم دا دیسان کاری لەسەر بکرێتەوە.

١١- گرنگە لای نووسەری کورد چەمکی ئەنفال بیرکردنەوە بێت ، نەك گێڕانەوەی حیکایەتێك ، چونکە سرووشتی حیکایەت وایە بابەتێك وەك ڕووداوی مێژوویی لە سەرەتاوە بۆ ناوەڕاست و دواتریش بۆ کۆتایی، بێ گۆڕانکاری دەگێڕدرێتەوەو دواتر لەبیر دەچێتەوە.

١٢- پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ، یاسایەکی نوێ دەربکات بۆ دەستگیرکردن و بەدادگای کردنی ئەو جاش و مستەشارانەی کە دەستیان هەبوە لە تاوانی ئەنفالداو تا ئێستا لە کوردستاندا بە ئازادانە دەسوڕێنەوە.

١٣- پێویسته حکومەتی هەرێمی کوردستان بەجدی کار لەسەر هێنانەوەی ئێسك و پروسكی ئەنفالکراوەکان بکات بۆ زێدی خۆیان و لە بیابانەکانی خواروی عێراقدا نەمێننەوە، چونکە ئەوانە سەرمایەو ڕەمزی قوربانی گەلێکن.

١٤- پێویسته قۆناغی سۆزو گریان و لاوانەوە تێپەڕێنین و پێ بنێینە قۆناغی لۆبی کردن و توێژینەوەو لە دەرگادانی پەرلەمانی وڵاتان و هەوڵدان بۆ بەجینۆساید ناساندنی ، کە ئەوەش ئەرکی هەموو کەسێکە.

١٥- ئەنفال تەنها جەستەی مرۆڤی کوردی نەبرد، بەڵکو خاك و فۆلکلۆرو ئەدەبیاتی بەگشتی ڕامالی، پێویسته لە گشت لایەنەکانەوە دیسان کاری لەسەر بکرێت، بەتایبەت ئەدەبیات و پرۆسەی ڕۆژنامەنوسی و ڕاگەیاندن کە باشترین سەکۆیە.

# * سەرچاوەکان

## کتێبی کوردی


١- ئیسماعیل ابراهیم سەعید ، ئەدەبی ڕۆژنامەنوسی کوردی بەغدا ، نامەی دکتۆرا ٢٠٠٥

٢- ئەردەڵان شوکر سابیر ، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانە شیعرەکانی (شێرکۆ بێکەس)دا ، ساڵی ٢٠٠٩

٣- ئیدریس ئۆمەر گومبەتی، ئەنفالی زێی بچوك ، چاپی یەکەم ٢٠١٣

٤- ئەسعەد جەباری ، ئەنفال لە میدیاکانی بەعسدا ، چاپخانەی پیرەمێرد ٢٠١٥

٥- ئومێد مەسعودی ، بنەماکانی دارشتن لە مێدیاکاندا ، وەرگێڕانی: مەجید ساڵەح ، چاپخانەی تیشك ٢٠٠٢

٩- ئیدریس عەبدوڵا مستەفا ، لەبارەی ڕۆژنامەگەری کوردیەوە، چاپخانەی خانی -دهۆك ، چاپی یەکەم ٢٠٠٨

١٠- ئیدریس عەبدوڵا مستەفا، ڕۆڵی گۆڤاری ڕوناکی لەبەرەو پێشبردنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا، چاپی یەکەم- چاپخانەی خانی(دهۆك) ، ٢٠٠٨

١١- ئیبراهیم باجەلان ، هەردەوێڵ کاکەیی ، هەڵبژاردەیەك لە هۆنراوەی فۆلکلۆریی کوردی ناوچەی گەرمیان(بەرگی سێیەم)، چاپخانەی شڤان-سلێمانی، چاپی یەکەم ٢٠٠٤

١٢- د. ئەحمەد شەریف عەلی ، ئەنفال لە ڕۆمانی کوردیدا، لێکۆڵینەوە ٢٠١٠

١٣- ئەلبرت ل.هستر/ وای لان ج. تو ، رابەری ڕۆژنامەنووس لە جیهانی سێهەمدا ، وەرگێڕانی :حەسەن عەبدالکریم ، چاپخانەی دەزگای ئاراس(هەولێر، چاپی یەکەم ٢٠٠٧

١٤- بەرزان فەرەج ، لە ( ئەنفالەوە) بۆ خوێندنەوەیەکی ڕوویەکی تاریکی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، چاپخانەی پیرەمێرد ٢٠١٥

١٥- بەدرەدین صالح و فاتیمە حسێن پەناهی ، شێوازەکانی هەڤپەیڤینی رۆژنامەڤانی ، ٢٠٠١

١٦- بەختیار کەریمی ، بەرەو ڕۆژنامەوانی مۆدێرن ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەوەردە ، چاپی یەکەم ٢٠٠٦

١٧- تەها سلێمان ، سوتان بەبۆنی بارانی نامۆبوون ، چاپی یەکەم ٢٠٠٩

١٨- دادوەر تەها بابان، کۆستی شارێك، چابخانەی ئارۆ، سلێمانی ٢٠٠٤

١٩- تۆفیق کەریم ، کاریگەری ئیسلام لەسەر پەندی کوردی، چاپخانەی ڕامان ، چاپی یەکەم٢٠١٠

٢٠- جمال حبیب الله(بیدار) ، دەروازەی شیعر ناسین ، دەزگای نارین ، چاپی یەکەم ٢٠١٣

٢١- جەبار سابیر ، ژیان لە پێناو گێڕانەوەدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون - سلێمانی ٢٠٠٧

٢٢- حەمەسەعید حەسەن، هونەری نوسینی چیرۆك، دەزگای پاپ و بلاْوکردنەوەی ئاراس- چاپی یەکەم ٢٠١١

٢٣- حەسەن بارام ، فەرهەنگی ڕۆژنامەگەری کوردستان و عێراق ١٨١٦-٢٠٠٠ ، چاپخانەی ڕەهەند-چاپی یەکەم ٢٠١٢

٢٤- حسين اسماعيل خان دەلۆ، ناوچەی كفری لەنێوان ساڵانی ١٩١٤-١٩٤٥، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەددین ، چاپی دووەم هەولێر

٢٥- حەمەكەریم عارف ، دەربارەی شیعر وشاعیر، ٢٠٠٧

٢٦- حوسێن كەلاری ، شێواز لە هۆنراوەكانی فەرهاد شاكەلی دا ، چاپخانەی یاد-سلێمانی، چاپی یەكەم ٢٠١١

٢٧- خەڵەف غەفور: دانیشتن بەدیار ئەنفالەوە، چاپی یەكەم، كەركوك ٢٠٠٩

٢٨- دانا حەسیب كەركوكی ، هونەری رۆژنامەنوسی ، چاپخانەی خانی - دهۆك ، چاپی یەكەم ٢٠٠٨

٢٩- دێبرا پۆتەر ، ڕێنوێنی بۆ ڕۆژنامەوانی سەربەخۆ ، وەرگێڕانی: فاروق جەمیل كەریم ، چاپی یەكەم- سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا ٢٠١٢

٣٠- دیوید راندالْ ، رۆژنامەنووسی پیشەی ، و : بێبەش پیرۆتی ، چاپخانەی رۆژهەلآت ٢٠١٣

٣١- دلێر كەریم، خوێندنەوەیەكی تر بۆ ئەنفال، چاپخانەی هێڵ ساڵی ٢٠١٠

٣٢- رەزا حاجی ئابادی ، دەروازەی ڕۆژنامەنوسی ، وەرگێڕانی كارزان محمد ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم - سلێمانی ٢٠٠٥

٣٣- رزگار حاجی حمید ، كەلار مێژویەكی دێرین و جوگرافیای شارێكی زیندوو، چاپخانەی یاد ، چاپی یەكەم ٢٠١٥

٣٤- ڕێزان عەزیز پشتیوان، بەسەرهاتی خانەقین و ئەنفال،چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕۆژهەلآت-ساڵی ٢٠١٣

٣٥- ڕێبوار كەریم وەلی، بنەماكانی نوسینی هەواڵ، چاپخانەی خانی(دهۆك) ، چاپی یەكەم ٢٠٠٨

٣٦- زانا فەقێ محمد، جینۆساید لە باشوری كوردستان(ئەنفالی گەرمیان وەك نموونە) چابخانەی یاد ٢٠١٢

٣٧- سالح هەلاج ، چەردەیەكی مێژووی دەڤەری گەرمیان ، چاپخانەی گەنج، چاپی یەكەم ٢٠١١

٣٨- سوارە حەسەن باجەلآن ، مێژووی كەلار ، چاپخانەی چوارچرا ، چاپی یەكەم سلێمانی ٢٠١١

٣٩- سهیل خورشید عزیز ، مێژووی ناوچەی كفری لە كۆنەوە تا ساڵی ١٩٥٨ ، چاپخانەی یاد، چاپی یەكەم ٢٠١٣

٤٠- سەید هاشم سەید ئەحمەد سەید محمد ، یاداشتەكانم لە كفری دا ، چاپخانەی ئاسا-چاپی یەكەم ٢٠٠١

٤١- سۆران نەدار ، كفری و نویگەری ، چاپخانەی ڕەهەند-سلێمانی ، چاپی یەكەم ٢٠١١

٤٢- د. سالار باسیرە، جینۆساید، چاپخانەی كەمال، چاپی یەكەم ئازاری ٢٠١٣

٤٣- سەردار محمود ، ئەنفال و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبی كوردیدا، چاپخانەی یاد، چاپی یەكەم ٢٠١٤

٤٤- سۆزان كەریم مستەفا، بەعسیزم و كورد، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی ، چاپی یەكەم ٢٠٠٧

٤٥- سەرتیپ محمد جەبار ، ئەنفالی ناوچەی ئاوە سپی ، چاپخانەی كوردستان - چاپی یەكەم ٢٠١٥

٤٦- سەرەتاكانی ئەدەب - ئەدەبی گێتی تازە ، ١٣٢

٤٧- سەركۆ جاف ، سوتانی عشقی پەپوولە بێ كۆتایە ، چاپی یەكەم- چاپخانەی كەمال، سلێمانی ٢٠١٤

٤٨- سابیر ڕەشید، چیرۆکی کوردی- ڕەخنەو لێکۆڵینەوە،چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر ٢٠٠٥

٤٩- د. سامی زوبیان ، ڕۆژنامەنووسی ڕۆژانە و ڕاگەیاندن ، و: مەم بورهان قانع ،دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی ٢٠٠٨

٥٠- دکتۆر سەپان ، ئەگەر ڕۆژنامەنووس هات ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- سلێمانی ، چاپی یەکەم ٢٠٠٧

٥١- شۆرش احمد گەرمیانی ، ئەنفالی کوردان وکیمیابارانکردنی هەڵەبجە، چاپی یەکەم ٢٠١٣

٥٢- شۆڕش محمد حسێن، ئەنفال پرسی قوربانی،چاپخانەی پیرەمێرد ٢٠١٤

٥٣- شەریف فەلاح ، ئەدەبی زارەکی و چەند سەرنجێك ، یەکێتی نوسەرانی کورد، چاپی یەکەم ٢٠١٢

٥٤- صلاح الدین عبدالحمید عبداللە ، شاری کفری لە تەرازوی ڕەسەنایەتی و شارستانییەتیدا، چاپخانەی ڕەهەند- سلێمانی ، چاپی دووەم ٢٠١٢

٥٥- عادل شاسواری، هونەری کاریکاتێر وکاریکاتێری کوردی، ساڵی ٢٠٠٦

٥٦- عەبدوڵا کەریم مەحمود، ڕەشەبای ژەهرو ئەنفال، بەرگی دووەم- چاپی دووەم، چاپخانەی پیرەمێرد، ساڵی ٢٠٠٩

٥٧- عەبدوڵا کەریم محمود ، ڕەشەبای ژەهرو ئەنفال ، بەرگی یەکەم- چاپی یەکەم ، ساڵی ٢٠٠٢

٥٨- عەبدوڵا کەریم مەحمود، ڕەشەبای ژەهرو ئەنفال ، بەرگی یەکەم- چاپی دووەم، چاپخانەی پیرەمێرد، ساڵی ٢٠٠٩

٥٩- عارف قوربانی ، لەبارەی گۆڕی بە کۆمەڵی منداڵە ئەنفالکراوەکانەوە، چاپخانەی هێڵ ٢٠١٠

٦٠-عومەر محمد، ئەنفالی گەرمیان سیاسەتێك و دوو ئامانج ، چاپخانەی هێڵ ساڵی ٢٠١٠

٦١- عەلی محمود محمد، فرانس ڤان ئانرات بازرگانی مەرگ ، چاپی دووەم ، ساڵی ٢٠١١

٦٢- علاو نووری باباعلی، چمکێك لە بیرەوەریەکانی ئەنفالی دوو ، چاپخانەی کەمال ، ساڵی ٢٠١٣

٦٣- عبدلقادر محمد ئەمین، وێنەی شیعری لەڕێبازی ڕۆمانسی کوردی دا،دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم ٢٠٠٢

٦٤- عەزیز گەردی ، پەخشانی کوردی ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ١٩٨٧

٦٥- عەلادین سوجادی ، مێژوی پەخشانی کوردی ، چاپی یەکەم- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٠

٦٦- د.عیماد بەشیر، چاوپێکەوتن و بەدوادا چوون ، و: مەم بورهان قانع ، چاپخانەی ڕەنج ٢٠٠٩

٦٧- عزدین مستفی رسول ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ، چاپی سێیەم ٢٠١٠، دەزگای چاپ و بلاْوکردنەوەی ئاراس-٢٠١٠

٦٨- فەرهاد پیربالْ ، نویْ، نوێگەری، شیعری نویْ ، ل ٢٤

٦٩– فرمان عەبدولڕەحمان ، ستۆری و بنەما نێو دەوڵەتیەکانی کاری ڕۆژنامەگەری ، چاپخانەی دهۆك(خانی)، چاپی یەکەم ٢٠٠٩

٧٠– فاروق عومەر عەلی ، کلیلی دەسەلاتی چوارەم ، چاپخانەی لیرە ، لا ١٥٤

٧١– فەرهاد پیربال ، چەند باسێك لە بارەی مێژوی ڕۆژنامەنوسی کوردیەوە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ٢٠٠٧

٧٢– کەمال رەئوف محمد ، ئەدەبی نامەنوسینی کوردی ، بەشی یەکەم ، چاپی یەکەم– هەولێر ٢٠٠٤

٧٣– کاروان عەلی ، هونەری رۆژنامەنوسی ، چاپخانەو ئۆفسێتی بەدرخان ، چاپی یەکەم – سلێمانی ٢٠١٤

٧٤– د. کازمی موعتەمەد نەژاد ، بنەماکانی رای گشتی و ڕاگەیاندن ، وەرگێڕانی مەجید سالەح ، چاپی دووەم ٢٠٠١

٧٥– لاوان ئەحمەد ، شاری کفری لە مێژوودا ، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال ، سالی ٢٠١٣

٧٦– محمد کەریم ئەحمەد، ڕۆژنامەنووسی کوردی تایبەتمەند– لیکۆڵینەوە، سلێمانی ٢٠١٠، ل ٩٣

٧٧– محمد شاکەلی ، قەزای کفری.. شارەدێی کەلار لە پەنجاکانداو پاسەکەی حاجی ، چاپخانەی کارۆ–کەرکوك ٢٠١٢

٧٨– مومتاز حەیدەری ، جینۆسایدی کورد لە خەزێنەی (k 21) دا، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٣

٧٩– مەریوان وریا قانع ، کۆنگرەی بەجینۆساید ناساندنی جینۆسایدی کورد، بەرگی یەکەم،چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، سالی ٢٠٠٨

٨٠– مەحمود سەنگاوی ، جاش و جینۆساید ، چاپی یەکەم– سلێمانی ٢٠٠٧

٨١– محمد ڕەئوف عەزیز: ئەنفال و ڕەهەندە سۆسیۆلۆجیەکان، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٥

٨٢– د.محمد بەکر، پەخشانە شیعری کوردی، چاپی یەکەم،چاپخانەی ، وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر٢٠٠٤

٨٣– د. مارف عومەر گول، جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسایی تازەی نێو دەولەتی دا،چاپی پێنجەم– هەولێر ٢٠١٠

٨٤– میران جەلال محمد ، بنیادی ڕوداو لە ڕۆمانی کوردی باشوری کوردستاندا، چاپخانەی ڕەنج–سلێمانی ٢٠٠٩ ، ل ١٥٥

سلێمانی ٢٠١٣

٨٥– محمد مێرگەسوری ، مانشێت و کاریگەریەکانی لە ڕۆژنامەی کوردیدا ، چاپخانەی کەمال ٢٠١١

٨٦– مەنسور سدقی ، هەوال–ڕاپۆرت–وتوێژ ، چاپخانەی خانی – دهۆك ، چاپی یەکەم ٢٠٠٨

٨٧– د. محمد شوانی ، سەرەتایەك بۆ توێژینەوە لە کۆمەلناسیدا، چاپخانەی هێڤی–چاپی یەکەم ، هەولێر٢٠١٥

٨٨– مەنسور مەنمی ، هەوال–ڕاپۆرت و وتوێژ، چاپخانەی خانی ( دهۆك) ، چاپی یەکەم ٢٠٠٨

٨٩- دكتۆر مارف خەزنەدار ، مێژووی ئەدەبی کوردی - بەرگی پێنجەم ، چاپخانەی ئاراس-هەولێر، چاپی دووەم ٢٠١٠

٩٠- دكتۆر مارف خەزنەدار ، مێژووی ئەدەبی کوردی (بەرگی شەشەم)، چاپخانەی ئاراس-هەولێر ، چاپی دووەم ٢٠١٠

٩١- مایکڵ لیزنبێرگ ، و. کارزان محمد ، ئەنفال لە کوردستانی عێراق ، چاپخانەی یاد ، سلێمانی ٢٠١٣

٩٢- د. مەغدید سەپان ، ژانرەکانی رۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە ١٤٥٠-١٥٠٠، چاپخانەی خانی - دهۆك ، چاپی یەکەم ٢٠٠٨

٩٣- مەم بورهان قانع ، لەبارەی ڕاگەیاندنەوە ، چاپخانەی چوارچرا ، چاپی یەکەم ٢٠١٢

٩٤- نەجمەدین فەقی عەبدولاّ ، تاوانێکی لەبیرکراو- دەربارەی ئەنفال و تاوانەکانی جینۆساید لە کوردستان، و. عادل عەلی، چاپخاەی پیرەمێرد، ساڵی ٢٠١٥

٩٥- نەجات رۆستی ، دیمانەی رۆژنامەنووسی ، چاپخانەی بینایی ، چاپی یەکەم- سلێمانی ٢٠٠٨

٩٦- نەژاد عزیز سورمێ ، ڕۆژنامەگەری کوردی ، چاپچانەی وەزارەتی پەروەردە ، چاپی یەکەم ، هەولێر ، ٢٠٠٦

٩٧- نەژاد عەزیز سورمێ ، رۆژنامەگەری کوردی ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان-هەولێر ، چاپی دووەم ٢٠٠٦

٩٨- د. هیمدادی حوسێن ، ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیاتی نوێی کوردی ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی ٢٠٠٨

٩٩- هیوا ئەنوەر زەندی ، گۆران نەصرالدین، هۆکارەکانی قوربانیانی ئەنفال لە گەرمیان، چاپخانەی یاد، چاپی یەکەم ٢٠١٤

١٠٠- هۆشیار عەبدوالعزیز ، کۆمەڵگاو ترس- پەلاماری ئەنفال وەك نمونە، چاپخانەی کەمال ٢٠١٣

١٠١- هیوا ڕەحیم ، تاوان لەژێر ڕوپۆشی ئاییندا، چاپخانەی کەمال ، چاپی یەکەم- ئازاری ٢٠١٣

١٠٢- هۆشیار عەبدوالعزیز ، ئەنفال لە گوتاری مەرگ و غەریزەی خنکاندندا ، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڵ ، ساڵی ٢٠١٠

١٠٣- هێمن باقر عەبدول ، بەرهەم عومەر عەبدولاّ، ئەنفالی سێ و کاریگەریە کۆمەلأیەتیەکانی لەسەر ژنی پاشماوەی ئەنفال، چاپخانەی تەواو، چاپی یەکەم ٢٠٠٤

١٠٤- هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین، چەشنە ئەدەبی و رۆژنامەنوسیەکان و ڕەنگدانەوەیان لە "ژین و ژیان"دا ١٩٣٢-١٩٥٠ ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی ٢٠٠٧

١٠٥- د. هیمدادی حسێن ، رۆژنامەوانی کوردی، چاپخانەی ئاراس ،چاپی یەکەم-هەولێر ٢٠١٠

١٠٦- د. هیمدادی حوسێن ، ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیاتی نوێی کوردی ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی ٢٠٠٨

١٠٧- د. هیمدادی حسێن ، رۆژنامەوانی کوردی-گۆڤاری هیوا ١٩٥٧-١٩٦٣، بەرگی یەکەم-دەزگای ئاراس

١٠٨- هەژار عەزیز سورمێ، کوردو جینۆسایدو ئیبادەکردن-هەڵوێستی یاسای نێو دەوڵەتی، دەزگای چاپ و پەخشی موکریانی، چاپی دووەم- سلێمانی ٢٠٠٦

١٠٩- د. هیمدادی حسێن ، ڕۆژنامەنوسی کوردی سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان ١٩٤٢-١٩٤٧، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

١١٠- یوسف دزەیی ، ئەنفال- کارەسات_ ئەنجام و ڕەهەندەکانی، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١١

١١١- گۆران شێخ مستەفا، کاریگەرە ئابوریەکانی جینۆساید لە گەرمیان،چاپخانەی هێڵ ، ساڵی ٢٠١٠

١١٢- د. پشکۆ حمە تاهیر عبدالرحمن، م. حسیب محمود مجید، هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال لە باشوری کوردستانی عێراق، دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان ٢٠١٤

١١٣- فەرهاد شاکەلی ، ئەم چرایە دلم ڕوناك دەکاتەوەو تەمەنم دەسوتێنێ، چاپی یەکەم- هەولێر ٢٠٠٦، ل ٣١

١١٤- لوقمان رەوف ، ئەدەبی کوردی ، ل ٨٨

١١٥- قادر فەتاح ئوحمەد( قادر وریا )، وەرگێران ( پێناسە ، بنەما ، جۆرو مێژوو)،چاپی یەکەم - چاپخانەی کوردستان ٢٠١١

١١٦ - تەها سلێمان ، تاوانی ئەنفال ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ئازادی ٢٠١٥ ، ل ٥

## کتێبی عەرەبی

١- فاتح محمد سلیمان ، عملیات الانفال فی کوردستان العراق، کرکوك ٢٠١٠، ل ٨٩-١٢٢

## کتێب بە ئینگلیزی

1 - Amiddle East Watch Report ، Genocide in Iraq ، Human Riahts Watch ، 1993 ، NewYork ، P 25،26

2- Human Rights Watch، Genocide in Iraq، Human Rigjts Watch، US، July 1993، Introduction P3-7

Berlin ، EVRA VERLAG Druck & Vertrieb GmbH، The Kurds over History ،3- Dr. Haval Sulaiman Miro Septembet 2014،/Duetschland

## گۆڤار

١- عارف قوربانی ، ئەوانەی لەسەفەری مەرگ گەڕانەوە، گۆڤاری ئەنفال - ژمارە (١) ، چاپخانەی تیشك ، ساڵی ٢٠٠٠

٢- لەتیف فاتیح فەرەج، گۆڤاری ئەنفال، هەمان سەرچاوەی پێشوو

٣- د. حەسەن پوور ، گۆڤاری ئەنفال، ژمارە (١) ، هەمان سەرچاوەی پێشوو

٤- ئەبوبەکر عەلی ، گۆڤاری ئەنفال ، ژمارە(٢) ، چاپ و ئۆفیسی تیشك، ساڵی دووەم ٢٠٠١

٥- ئەیاد کەمال، تاوانی ئەنفال و پاشماوەی ئەنفال لە نێوان ژیان و...، ، هەمان سەرچاوەی پێشوو

٦- محمد کوردۆ، خوێندنەوەیەك بۆ کتێبی شایەت حاڵەکانی ئەنفال، ، هەمان سەرچاوەی پێشوو

٧- ئەڵوەن عەبدول غەفور ، خۆزگە نانێکم بخواردایە، عەسر وەبانی ڕێی نەکردایە، گۆڤاری ئـەنفال ، ژمـارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٢

٨- جەمال ئەکبر ، ئەنفال پەڵەیەکی ڕەشی شەرمەزاریە بەنێو چاوانی دوژمنەوە، ، هەمان سەرچاوەی پێشوو

٩- گفتوگۆی گۆڤاری (ئەنفال) ، ئێمە هێشتا وەك پێویست ئەنفالمان نەخوێندۆتەوە، گۆڤـاری ئـەنفال، ژمـارە (٤) ، چاپخانەی تیشك، ساڵی ٢٠٠٣

١٠- سەروتار ( مەجید ساڵەح) ، دوای (٣٥) ساڵ لـە ئـازارو ئەشـکەنجە، گۆڤـاری ئـەنفال، ، هـەمان سەرچـاوەی پێشوو

١١- پـارێزەر: فـەرهاد حاتـەم ، سـەبارەت بەئەنفالـەکان ، زەنگێکـی خەتـەر وگرفتێکـی هەڵپەسـێردراو، گۆڤـاری هەشتاوهەشت ، ژمارە (١) ، چاپخانەی تیشك، ساڵی٢٠٠٤

١٢- سەلام مستەفا ، نازەنین والەعەرعەرە ، هەمان سەرچاوەی پێشوو

١٣- فەرهاد کەریم ، باڵای وێنە لەشێعری شێرکۆبێکەسدا ، هەمان سەرچاوەی پێشوو

١٤- دڵسۆز حەمە ڕەشید ، ئەنفال و ڕەنگدانەوەی لە شیعری کوردیدا ، ژمارە ٢ی هاوینی ٢٠٠٤

١٥- سۆزان عوسمان عارف ، ڕاگواستن و بەعەرەبکردنی کەرکوك ، ژمارە ( ٤ ) ی هاوینی ٢٠٠٥

١٦- سەباح عەلی جاف ، گەرمیانیەکان ئاوا مەرگەساتی ( ئەنفال ) یان بۆ گێڕاینەوە، هەمان سەرچاوەی پێشوو

١٧- سالار محمود، گۆڤاری هەشتاوهەشت، ژمارە ٥ و ٦ ، بەهارو هاوینی ٢٠٠٦ چابخانەی قانع

١٨- سەرنوسەر(سالار محمود)، سەنتەری ئەنفال لەبەردەم ئەرکەکانیدا، هەمان سەرچاوەی پێشوو

١٩- سەرکەوت شەریف ئیسماعیل ، ئەنفال ، هەمان سەرچاوەی پێشوو

٢٠- تەها سلێمان ، گۆڤاری هەشتاوهەشت، ژمارە (٧ و ٨) ، چاپخانەو ئۆفیسی دیلان ٢٠٠٧

٢١- هەڤاڵ ئەبوبکر، ئەنفال جینۆسایدکردنی نەتەوەیەك لە بێدەنگیدا، گۆڤاری هەشتاوهەشت، ژمارە٩-١٠

٢٢- گۆڤاری هەشتاو هەشت ،سیمینارێك لەناو تەلاری پەرلەمانی نەرویژ، هەمان سەرچاوەی پێشوو

٢٣- ساڵح هەلاج ، پرسە گێڕ، بەشی دووەمـی قەسـیدەی لێـك تـرازان، گۆڤـاری هەشتاوهەشـت،- ژمـارە (١١) ، چاپخانەی کوردستان- بەهاری ٢٠٠٩

٢٤- مایکڵ لیزنبێرگ ، ئەنفال لە کوردستانی عێراق ، وەرگێڕانی کارزان محمد ، هەمان سەرچاوەی پێشوو

٢٥- ئەحمەد باوەڕ ، کورتەیەك سەبارەت بەگەشەکردن و سـەرهەڵدانی ڕۆژنامـەوانی کـوردی لەگەرمیانـدا (١٩٤٠-١٩٧٠) ، گۆڤاری گیرفان ، ژمارە ٢ ، ساڵی ٢٠٠٦

٢٦- گۆڤاری گیرفان ، گفتوگۆی ماستەرنامە، ژمارە (٣) ، چاپخانەی ڕەهەند، ساڵی ٢٠٠٦

٢٧- سەرنووسەر ( مەلا تەحسین گەرمیانی ) ، پەیڤی گۆڤار ، گۆڤاری گیرفان ژمارە (٥) ، چاپخانەی ڕەهەند-سلێمانی، نیسانی ٢٠٠٧

٢٨- ئیبراهیم عەبدولرەحمان محمود، هونەری کاریکاتێر لە دوێنێ و ئەمڕۆدا، گۆڤاری گیرفان ژمارە (٦-٧)، ئابی ٢٠٠٧

٢٩- عیسا چیایی ، سێبەر ، گۆڤاری گیرفان ، ژمار ( ٩ ) ، چاپخانەی ڕەهەند، ساڵی ٢٠٠٨

٣٠- عومەر شەریف ، فڕین بۆ نەگەڕانەوە ، هەمان سەرچاوەی پێشوو

٣١- د. عادل گەرمیانی- گرووپی کفری لە نێوان داهێنان و بەردەوامی مانەوەدا- هەمان سەرچاوەی پێشوو

٣٢- د. عادل گەرمانی- ڕۆڵی گرووپی ڕوانگە لە نوێکردنەوەی ئەدەبی کوردیدا- گۆڤاری گیرفان- ژمارە(١٠ )، چاپخانەی ڕەهەند- سلێمانی ، حوزەیرانی ٢٠٠٨

٣٣- عارف قوربانی ، هەڵوێستەکانی ناو ئەنفال ، گۆڤاری گیرفان – ژمارە (١٢) ،چاپخانەی ڕەهەند، زستانی ٢٠٠٩

٣٤- د. عادل گەرمیانی- گرووپەکانی هەولێر و ئەدەبی هاوچەرخی کوردی ( ١٩٨٢-١٩٨٧) ، گۆڤاری گیرفان، ژمارە ١٣ ساڵی ٢٠٠٩

٣٥- ساڵەح هەلاج ، مەملەکەتی وەکاشە لە کۆمەڵە شیعری (سوتان)ی تەها سلێمان دا ، گۆڤاری گیرفان، ژمارە (١٩)، ساڵی ٢٠١١

٣٦- ئەحمەدی شاملۆ ، ناوبانگی خراپ، وەرگێڕانی: مستەفا سەعید، گۆڤاری وریزا-ژمارە (١) ، چاپخانەی حەمدی، بەهاری ٢٠٠٦

٣٧- ئومێد شێخ ڕەحیم ، کاری ڕۆژنامەنوسی لە خانەقین ، گۆڤاری وریزار -ژمارە (٢-٣)، ساڵی ٢٠٠٦

٣٨- کوردۆ عەزیز ، سەیوان زەماوەنگەیی، کەسوکاری ئەنفالکراوەکان داوادەکەن سەدام و ... ، هەمان سەرچاوەی پێشوو

٣٩- وریزا ، سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی خانەقی ، هەمان سەرچاوەی پێشوو

٤٠- دەڤەر عوسمان باجەلان، داودەرمانی کوردەواری لەناوچەی بنکویرە ، گۆڤاری وریزا -ژمارە (٤)، چاپخانەی کەمال، ساڵی٢٠٠٧

٤١- عەلی بیروەندی ، گەرمەشینێك بۆ ١٨٢ هەزار زیرۆح ، هەمان سەرچاوەی پێشوو

٤٢- هێڤار خانەقینی ، پەندی پێشینان و قسەی نەستەق ، هەمان سەرچاوەی پێشوو

٤٣- عادل مەحمود ، خانەقی و مێژونوسەکانی عەرەب، گۆڤاری وریزا ، ژمارە ٥و٦،زستانی ٢٠٠٩

٤٤- سکالآ ، ئەنفال و داستان ، گۆڤاری داستان – ژمارە (٢)ی ئایاری ٢٠٠٠

٤٥- فوئاد عەدنان مەجید ، بەسەرهاتێك ، هەمان سەرچاوەی پێشوو

٤٦- میرگۆتۆ ، لە دەرگای شاعیرو شاعیریەتدا، گۆڤاری داستان-ژمارە ٣ی ئابی ٢٠٠٠

٤٧- حەسەن بارام ، سۆراغ ، گۆڤاری داستان ، ژمارە (٧) ی ئازاری ٢٠٠٢

٤٨- خالد ئەسکەندەر، ئاهێك لە گەرمیانەوە بۆ ئەنفال ، گۆڤاری ناسنامە–ژمارە (٢)،ساڵی ٢٠١٠

٤٩- هیدایەت محمد ئەمین(ڕێبوار)، شورای گۆڕەکان، گۆڤاری ناسنامە، ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١

٥٠- فەتاح تەنیا ، تاقانەکانی دوای ئەنفال ، گۆڤاری ناسنامە، ژمارە (٥)ی ٢٠١٣

٥١– کاروان محمد تەیب، گۆڤاری عەرعەر،ژمارە ( ٤ ) ، چاپخانەی کوردستان، ساڵی چوارەم ٢٠٠٩

٥٢– د. بەهرۆز جاف ، گۆڤاری کۆچ– ژمارە ٣ ،هاوینی ٢٠١٥، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی

٥٣– بەهادین ئەحمەد محمد ، شاکر فەتاح ڕۆژنامەنوسی کورد، گۆڤاری کەرکوك ٣٠ – ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٠٦

٥٤– سەنار شێرکۆی، گۆڤاری ئاشتی ژمارە(٨) ٢٠١٣

٥٥– سیامەند کەریم محمد، وێنەی شیعری، گۆڤاری هەڵمەت ،ژمارە (٤)،چاپخانەی ڕەهەند، ساڵی ٢٠١٥

٥٦– فوئاد عەلی ئەحمەد، گرتنی وێنەو مێژووی وێنە لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، گۆڤاری ڕۆژنامەنوسان – ژمارە ١ ی ٢٠٠٢

٥٧– لەتیف هەڵمەت ، تیۆرەکانی ڕاگەیاندن ، گۆڤاری گۆڤار – ژمارە ١ ی ١٩٩٨

٥٨– سالم سعید بێستانی . ئەنفال وەك چەمکێکی قورئانی ، گۆڤاری کۆچ– ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٨

٥٩– ڕێبوار ئەحمەد ، موستەشارەکان لە عەلی حەسەن مەجیدو سەدام تاوانبارترن، گۆڤاری ئەنفالستان – ژمارە (٧) ، ساڵی ٢٠١٠

٦٠– حەسەن عەبدولخالق ، لە بیرەوەری بیست و دوساڵەی ئەنفال دا ، گۆڤاری داکۆکی–ژمارە (١) چاپخانەی ڕەهەند ، ساڵی ٢٠١٠

٦١– باشور ، لە یادی ئەنفال دا گەرمیان دەدوێ ، گۆڤاری داستان – ژمارە (٢)ی ئایاری ٢٠٠٠

٦٢– ڕێبین تەها ، لەناوماندا هێشتا ئەنفالچی و ئەنفالکراو پێکەوە دەژین ، گۆڤاری شێروانە ، ژمارە (٤)شوباتی ٢٠٠٥

٦٣– ئەحمەد باجەلان ، ئەنفال و پارتیزان و سرك ، گۆڤاری شێروانە ، ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٥

٦٤– زەنوێر گەرمیانی ، گۆڕی بەکۆمەڵ لە عێراق دا، بەڵگەی سەلماندنی تاوانی جینۆساید، گۆڤاری جینۆساید– ژمارە(١)ی ٢٠١٥

٦٥– ئەحمەد باوەڕ ، کاریگەری ئەنفال لەسەر سامان و کەلەپوری نەتەوایەتیمان، گۆڤاری هەشتاوهەشت ، ساڵی ٢٠٠٥

٦٦– زەنوێر گەرمیانی ، گۆڕی بەکۆمەڵ لە عێراق دا، بەڵگەی سەلماندنی تاوانی جینۆساید، گۆڤاری جینۆساید– ژمارە(١)ی ٢٠١٥

٦٧– لوقمان محمد رەشید ، سکاڵای زیندە بەچاڵێ ، گۆڤاری هەشتاو هەشت ، ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٤

٦٨– ساڵەح هەلاج ، پرسەگێڕ ، گۆڤاری هەشتاوهەشت ، ساڵی سێیەم– بەهاری ٢٠٠٩

٦٩- ئەحمەد باوەڕ ، گۆڤاری خەباتی قوتابیان لە خانەقین ١٩٥٨، گۆڤاری ڕامان-ژمارە (٢٠٤)، چاپخانەی خانی - دهۆك ٢٠١٤

٧٠- ئەحمەد محمد ناسر (ئەحمەد باوەر) ، مێژوی ڕۆژنامەوانیی کوردی لە ڕۆژهەلاتی گەرمیان (١٩٣٩-١٩٧٢)، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی- ژمارە (٢٧)،چاپخانەی حاجی هاشم

٧١- حەسەن عەبدولخالق ، لە بیرەوەری بیست و دوساڵەی ئەنفال دا ، گۆڤاری داکۆکی-ژمارە (١) چاپخانەی ڕەهەند ، ساڵی ٢٠١٠

٧٢- فوئاد عەلی ئەحمەد، گرتنی وێنەو مێژووی وێنە لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، گۆڤاری ڕۆژنامەنوسان :ژمارە ١ ی ٢٠٠٢

٧٣- سەباح عەلی جاف ، ببیلیۆگرافیای ڕۆژنامەنوسی کوردی لە کەلار ١٩٩١-٢٠١١ ، گۆڤاری شیکار -ژمارە (١٣) ، ساڵی چوارەم - بەهاری ٢٠١٦

## ڕۆژنامە

١- عەلی عەبدولا، ڕۆژنامەی گەرمیان پۆست، ساڵی سێ یەم، نیسانی ٢٠١١ ژمارە ٢٨- ل ٩

٢- عەبدولا کەریم مەحمود، ڕۆژنامەی گەرمیان پۆست ، ژمارە ١٠٠، چاپخانەی کمال، ساڵی ٢٠١٤ ، ل ١١

## نامەی زانکۆیی

١- مستەفا ساڵح مستەفا ، پەخشان لە گۆڤاری زاری کرمانجیدا (١٩٢٦-١٩٣٢) ، نامەی ماجستێر، بەشی کوردی ، کۆلێژی ئاداب-زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر ٢٠٠٨

٢- یاسین ڕەشید حەسەن، ڕۆڵی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لەبایەخدان بەهۆکارەکانی ئەدەبی کوردی، نامەی دکتۆرا، ٢٠١٠

٣- ئیسماعیل ابراهیم سەعید ، ئەدەبی ڕۆژنامەنوسی کوردی بەغدا ، نامەی دکتۆرا ٢٠٠٥

٤- ئومێد ڕەحیم شەمسەدین تاڵەبانی ، کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی و ئەدەبیاتی ڕۆژنامەنوسی کوردی لە عێراقدا ( ١٩١٨- ١٩٥٨)، نامەی دکتۆرا ، بەشی کوردی ، زانکۆی سلێمانی ٢٠١٣

٥- بنیادی ریتم لە شیعرە کوردیەکانی عبداللە بەگی مصباح الدیوان( ئەدەب) دا ، هیوا نورالدین عزیز، نامەی ماستەر ، ٢٠٠٥-٢٠٠٦

## ئینتەرنێت


١- شێرکۆ بێکەس ،

http://knwe.org/Direje.aspx?Jimare=13110&Cor=9&Besh=Araste

٢- دانا عەسکەر ،

http://knwe.org/Direje.aspx?Jimare=13133&Cor=9&Besh=Araste

٣- شێرکۆ بێکەس ، سایتی کوردستانی نوێ،

http://webcache.googleusercontent.com/search?q=cache:FdjdW3XZSqkJ:knwe.org

٤- لەتیف هەڵمەت ، سایتی وشە ، http://wishe.net/dreja.aspx?Jmare=21211&Jor=8

٥- ئەحمەدی مەلا ، ماڵپەڕی دەنگەکان http://www.dengekan.info/dengekan/genoside/9809.html

٦ – خالد سلێمان ، مێژووی زارەکی ئەنفال، سایتی جینۆساید کورد ، http://genocidekurd.com/ku/babati/5687

٧- چاوپێکەوتن بۆ کتێبی بێدەنگی و کۆکوژیی، سازدانی حەمە کەکەرەش ، http://www.chomanhardi.com/interiew06.html

٨- کاروان محەمەد فەتاح ، ئەنــفال" خەیاڵێك لەناو واقیع، واقیعێك لەناو ئەدەبی کوردی ، ماڵپەری دەنگەکان ، http://www.dengekan.info/dengekan/liteature/20238.html

٩- میهرداد رەحیمیان ، لێکۆڵینەوەیەك لەسەر مێژووی ژینۆساید لە کوردستان ، http://genocidekurd.com/ku/babati/4022


## گفتوگۆی تایبەت


١- گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی و ئەدەبی تایبەت بەم توێژینەوەیە لەگەڵ نوسەرو شاعیرو ڕۆژنامەنووس ( تەنها سلێمان ) دا، لە بەرواری ١٥- ١١-٢٠١٥، گەرمیان- کەلار

جمهورية تركيا - جامعة ماردين ئورتوكلو
معهد اللغات الحية في تركيا
قسم اللغة و الثقافة الكردية

# ادبيات الانفال في مجلات الكردية لمنطقة كرميان
# ١٩٩٢- ٢٠١٢

هذه الرسالة مقدمة إلى جامعة ماردين ئورتوكلو- معهد اللغات الحية في تركيا- قسم اللغة الكوردية وآدابها كجزء من متطلبات نيل درجة الماجستير في آدابى الكوردية

قبل الطالبة:
سەيوان عمر أحمد
- بكالوريوس- جامعة السليمانية / السليمانية – إقليم كوردستان العراق ٢٠١٣

باشراف
أ. د. رفيق سليمان

ماردين، ٢٠١٦

# ملخص البحث

تعد هذه الدراسة (ادبيات الانفال في المجلات الكردية لمنطقة كرميان) فريدة من نوعها، لأنها دراسة وصفية تحليلية ، وقد تألفت هيكلية البحث من تمهيد وأربعة فصول وخاتمة (نتائج البحث) ، وخلال الدراسة تطرقت الى خمسة وسبعين عددا من أعداد ثمانية مجلات لمنطقة كرميان وما تناولوه حول قضية الانفال خلال السنوات (١٩٩٢-٢٠١٢) انموذجا، وفي المقدمة تناولت تاريخ الصحافة وأدبياتها في منطقة كرميان والظروف والاوضاع التي احاطت وأنتجت الصحافة الكردية والعمل الصحفي بعد انتفاضة ١٩٩١.

أما الفصل الاول فاستهللته بنبذة تاريخية وجغرافية عن منطقة كرميان وجوانب من تراثه العريق، بعد ذلك تطرقت الى قضية الإبادة الجماعية (الجينوسايد- عمليات القتل العام والفتك للابرياء من الشعب الكردي وما رافقها من النهب السلب لممتلكات المواطنين العزل)، التي أرتكبها النظام البعثي(الصدامي) البائد بحق الشعب الكردي بهدف اقتلاع الامة كردية من جذورها وابادتها.

وخصصت الفصل الثاني لدراسة أشعار شعراء منطقة كرميان، وألقيت الضوء على القصائد المعنية بقضية الانفال وقمت بتحليل بعض من قصائدهم وما اتسمت بها من سمات خاصة اللغة الشعرية والصورة الشعرية والموسيقى وما استجد لديهم من جديد فيما يتعلق بالمضامين الشعرية الجديدة النابعة من هذه القضية المتمثلة بالانفال.

الفصل الثالث تضمن أنواع الفنون النثرية المختلفة من القصة والقصة القصيرة ما تعلق منها بقضية الانفال والمنشورة في الاعداد المذكورة من هذه المجلات واهميتها وما أسهمت به في ايصال معاناة المؤنفلين ووقائع ودقائق هذه المعاناة ، مع ايراد بعض النماذج القصصية لهذا الحدث الواقعي.

وفي الفصل الرابع بحثت انواع الفنون الادبية المستخدمة في العمل الصحفي وجذورها الفنية مع إجراء وانشاء قائمة واحصاء بأسماء الادباء والمثقفين والكُتاب والصحفيين الذين تناولوا ويتناولون هذه القضية في مجلاتهم.

وفي النتيجة فقد توصلت من خلال دراستي الى ان قضية عمليات الانفال(جينوسايد) تعد من المنظور الانساني العالمي من قضايا الابادة الجماعية المحرمة دوليا ، وكان النموذج العراقي من أسوأها وحشية لأنها ارتكبت بحق مواطني الشعب من قبل السلطة الدكتاتورية الحاكمة لها، وبالتحديد عام ١٩٨٨ وعلى ثمان مراحل، فقد نفذها النظام البعثي الدكتاتوري لقتل وابادة ونهب شعب الكردي، ما أثار الشعراء والادباء والصحفيين الى الكتابة عنها في مجلاتهم وتسجيل وتجسيد وقائعها ومعاناة ضحاياها من خلال قصائدهم الشعرية أو قصصهم ورواياتهم تجسيدا واقعيا حقيقيا تدمى لها القلوب، وذلك بالاستعانة بروات حقيقيين نجوا من هذه المجازر وبطريقة ادبية وعلمية وموضوعية.



وختاما لايسعني الا ان أتوجه بجزيل الشكر والعرفان الى رئاسة جامعة ماردين واساتذة قسم اللغة الكردية لما قدموه لي من العون والتسهيل ، كما واتوجه بالشكر الخاص والخالص من قلبي الى استاذي ومشرفي الاستاذ البروفيسور(رفيق سليمان) لما قدمه لي توجيه سديد وتقويم وتصحيح ما أخرج وأوصل البحث الى البروز والتمام، فجزاكم الله عني خير جزاء.

**Tc**

**Mardin artuklu ünversitesi Yaşayan diller Enstitüsü Kürt dili ve kültürü Anabilim Dalı**

**Seywan 'Mr Ehmd**

# Garmyan Topraklarının Kürt Dergilerde Enfal Edebiyatı (1992-2012)

**Yüksek Lisans Tezı**

**Tez yöneticisi**

**Doç . Dr. Refik Sulaiman**

**Mardın – 2016**

# Araştırma Çıkarma

Bu araştırma (garmyan topraklarının kürt dergilerde Enfal edebiyatı) denir.

Bu analiz ve tanımlayıcı araştırma ekleyen, giriş, dört bölüm ve sonuç oluşmaktadır, buna geçen yirmi yılın, demeki (1992-2012) arasında, 9 dergiler ve 57 numara dergiler örnektır.

bu girişteki, kürt gazetecilik süreci, gazetecilik tarihi, Germyanın bölgesinin gazetecilik tarihi, gazetecilik durumu ve gazetecilik mesleği ayaklanmasından sonrası açıklanır.

Birinci bölümde araştırmanın temel olarak, bir açıklama var Germyan bölgesının tarihi ve dığer güzel yanleri hakında.

Aynı bölümünde enfal ve soykırım genellikle açıklanır, sonrası kürt enfalı, enfal formları, fazları, tarihi, soykırım zamanı, ekonomik ve sosyal sonuçu cinayet sonrasından bahsedilir.

Enfal kelimesi ile nasıl yapılır kürtlarla bahsedilir, başka bir mihverde genosit hakkında bahsediyoruz, sonar genosit ve enfal arasındaki bağlantı açıklıyoruz.

Ikinci bölümünde Enfal için yazılmış olan şiirleri Germyan dergilerde bahsediyoruz, sonra şiirlerin kavram, dili, ve görüntüsü örnekle açıklıyoruz, Şiirleri yeni fazlarda ve modern edebiyatla yazılmışlar, oyüzden şiirler yenilenmesi hakkında bahsediyoruz. Ücüncü bölümünde nesir ve nesir formların hakkında açıklanır. Sonar hikaye, kısa hikaye, sanat hikayesinin anlamı, hikaye gazetecilik sürecide ve Germyanin dergilerde hikaye örneklerile bahsedilir.

Dördüncü bölümünde edebi ve gazetecilik formların hakkında bahsettim ve bütün gazeteciliğin esas senatları gostereyim, mihverlerde gazetecilik senatının temellerı açıklarim, aynı bölümünde iki türlü liste ve İstatistiklere yaptırdım bu araştırmanın hakkında, birinci liste edebi konular, senir ve gazetecilik senatı oluşur, konuların türü ve dergilerin numaraları belirlemek, ikinci liste genosit ve enfal konuların adısı hakkındadır, sonar yazarlar, dergilerın numaralar ve konuların kağıtları belirtilir.

Araştırmamde bence enfal insanlığa karşı ve kürt millete amaçlı cinayetdır, bu geçmiş yüzyılda 1988 yılında sekiz çağla birer birer Ba'ath rejim ve Sadam kürtlara karışı arap Irak güneyindeki yapıldılar, buyüzden binlerce insanlar öldürülmüş.

Bu katliam ve toplu cinayet yazarların ve gazetecıların vicdanı tahrık edildi ve Germyanın dergileri ile birkaç görüşme, masal, hikaye ve trajedi enfal hakkında balgesel yapıldılar ve edebiyat formunde gosterdılar, oyüzden Germyanın gazetecılar ve dergiler görevlerini gerçekleştirebilirdir enfal sesini ulaşmaya için ve enfal olayları canlı kalmaya için. Son olarak bu araştırma Türkçe , Arapça ve İngilizce dillerde özetlenmiştir.

*Reepublic of Turkey - Mardin Ortuklu University*
*Institute of Living Languages in Turkey*
*Department of Kurdish Language* **& Culture**

# Anfal Literature in the Kurdish Journals in Garmian Province *(1992-2012)*

***A THESIS***

**SUBMITTED TO THE COUNCIL OF THE DEPARTMENT OF KURDISH LANGUAGE AND LITERATURE, INSTITUTE OF LIVING LANGUAGES IN TURKEY,MARDIN ORTUKLU UNIVERSITY IN PARTIAL FULFILMENT OF THE REQUIREMENT FOR THE DEGREE OF MASTERS IN KURDISH LANGUAGE AND LITERATURE**

***BY:***
***SAIWAN OMAR AHMED***
***B.A. IN KURDISH LANGUAGE AND LITERATURE,COLLEGE OF Arts ,SULAIMANI UNIVERSITY, SULAIMANI,IRAQI KURDISTAN REGION 2013***

***SUPERTVISED BY:***
***PROF. Dr . RAFIQ SLEIMAN MIRO***

***MARDIN,2016***

# Abstract

This thesis, entitled “Anfal Literature in the Kurdish Journals in Garmian Province”, is an analytic and descriptive research which consists of an introduction, four Chapters, and conclusion. Nine Journals and fifty-seven Journal Issues have been selected as research samples from the last twenty years (1992-2012).

Chapter One tackles the literature and history of journalism in Garmian Province, including the status of journalism and the profession of journalism after the 1991 apprising. It also touches upon the research background and literature review regarding the historical and geographical dimensions of Garmian Province, shedding special light on the aftermath and the bright side of this area. The chapter also discusses Anfal and The Genocide against Kurds; with special focus on the process and the successive Anfal campaigns, their dates as well as their social and economic tragic consequences on the victims. The roots and terminology of the word ‘Anfal’ has been analysed, especially the way that wrongly legalized the process and applied it on Kurdish people. Finally, we have discussed Genocide and clarified the differences between Anfal and genocide.

Chapter Two analyses the bulk of poetry that has been written on Anfal and published in the Garmian journals, shedding light on the content of the poems which all have been written in a modern and contemporary literary milieu; therefore, we have focused on the novelty of the poems.

Chapter Three illustrates prose and its genre including short stories and their themes and contexts that can be found in the journalism and the journals in Garmian Province. Also, the artistic fundamentals and notable quotes have been discussed.

Chapter Four is devoted to the literary and journalistic genres, displaying all the necessary artistic tools of journalism such as analyzing the roots of journalism; creating two types of lists and statistics for the research undertaken: the first list comprises literary an artistic pieces, including prose and journalistic works. While the second list is about indicating the titles of the topics written on Genocide and Anfal; citing them in an annotated bibliography of authors, titles and pages.

In my research, I have come to the conclusion that Anfal is a heinous crime committed intentionally against humanity, particularly against the Kurds during the 1980s, and Anfal was committed in eight subsequent campaigns by the Ba’ath Regime during Saddam’s rule against the people of southern Kurdistan living in the Arabic Iraqi part; the crimes include mass killings, burying thousands of Kurds alive. This genocide and extermination has been brought to light and provoked and inspire great writers; artists and journalists in Garmian Province to hold seminars and

meetings on such tragic stories and untold crimes of the most brutal crime of Anafal against Kurds; hoping that all these would be documented and presented through literature. Thus, both the journalists and the journals from Garmian have all fulfilled their duties and accomplished a lot in conveying the message of Anfal and its victims to the world so that this voice will always be heard and remembered through ages.

The thesis closes with a conclusion and a bibliography. The Abstract of the thesis is written Arabic, English, and Turkey.